
هونەری ئەوروپی
سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس
وەهبی ڕەسوڵ

هونەری ئەوروپی
سەدەکانی ناوەڕاستو ڕێنیسانس

وەهبی ڕەسوڵ

سلێمانی / ٢٠٠٢

ناوی کتێب: هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست و ریێنیسانس

ناوی نووسەر: وەهبی رەسوڵ

بابەت: هونەری شێوەکاری

مۆنتاژ: سەیران عەبدولڕەحمان

هەڵەچن: نیشتمان محەمەد فاضل

تیراژ: ٣٥٠ دانە

ژمارەی سپاردن :١٦٠ی ٢٠٠٢

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٢٠٠)

www.sardam.net

بە

کەژاڵی خۆشەویست و هاوسەرم

پێشکەشە

کە وێڕای ئەرك و ماندبوونی،

بەشێکی زۆری بەخشی بەم هەوڵە لە کاتی خۆی لە ژیانی مندا.

بە

هێمای ئەمەك و وەفاو پێزانین

عەدالەت ڕەزا، کامەران ئیبراهیم، شاهۆ عبدالرحمن

بەرهەم طیب، ئاشنا عبدالله، ساکار فاروق

بەهجەت جەعفەر (مەرگی جوانیی)

پێشکەشە

کە بە ڕێبوواریی قوتابێتی بە ژیانی مامۆستایی مندا ڕاگوزەر بوون.

وەهبی رەسوڵ

گەلاوێژی ٢٧٠٢

سەرەتا :

سەرەتای خواستی بەدیهێنانی سەرچاوەیەکی وەها دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی قوتابێتی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، ئەو دەمەی ئاشنای زۆرێك لە سەرچاوە هونەرییە مێژووییەکان بووم، کە هەر جۆرێکیان لە دیدنیگایەك و لە بابەتێکی جیاوازەوە لە ئەزمونی هونەری ئەوروپی دەدوان، هەر لە نواڵەکانی شارستانی گریکەوە تا کۆتایی سایە دورە دەستەکانی مۆدێرنیزم. هەر ئەو ڕۆژانە خولیای بەدیهێنانی سەرچاوەیەك شلوێ کردم کە تەنها گێڕانەوەیەکی چیرۆك ئامێزی ژیانی هونەرمەندەکان و تۆمارکردنی ژمارەی تابلۆو ساڵی ئەنجامدانی پێشانگەو کارە هونەرییەکان نەبێت. بەڵکو پەیجوریەك بێت کارا، دەروازەی تان و پۆی گشت ڕەهەندەکان هێندەی بتوانێت والآکات.

هەڵبەت ئەم هەوڵە بە هەنجەتی ئەرێتی بەخشین نییە بە ئاراستەو بزاڤی هونەری ڕۆژئاوا لە دوتوێ بێئۆرت خەملاندنی هونەر لە ڕۆژهەلات (بە دوور و نزیکی زەمەنیەوە). بەڵکو ڕووانینە بۆ هونەری ئەوروپی وەك ئەزمونێکی خاوەن ئەرێتی تایبەت بە خۆی و جێ ئاماژە (بە تایبەت ئەو گۆڕانکاریە یەکلاکەرەوانەی سەدەی شانزە "ڕێنیسانسی زێڕین" لە خۆی گرتووە لە میانی ئازادی و بەهاو کەسایەتی بەخشین بە هونەرمەند وەك تاکێکی مرۆڤ، تا دەگاتە بژوانی سەربەخۆیی تابلۆو بۆیەی زەیتی و ڕابوونی ڕۆحانی هونەر لە ساوێری ئاین و ئەفرانی بلیمەتەکان و هاتنەکایەی هەڤۆت و تیۆریەکان وەك گوردێری پراکتیزەکردن و ڕەنگ ڕشتن بۆ ویستگەکانی ڕەخنەو ڕۆچونی ڕۆمەت و بەهەند وەرگرتنی هونەر بەنێو زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵدا). لە لایەك و لە لایەکی تر وەك ئاشنابوون بە زێدو سەرەتاگە بەراییەکانی هونەری ئەکادیمی، هونەری ئەکادیمی وەك (پەیرەو، قۆناغ، توێژینەوە، ڕێچکە، شێواز). کە تا ئێستا ڕابەستەبوونی کارایە لەسەر ئەکادیمیا و پەیمانگەکانی ئێمە. ئەمە بێ لە سەنگینی پێگەو بینگەی ئیستاتیکی هەردوو هونەری ڕۆمانسك و غووتی (تەنانەت لای هربرت رید) لەسەر پانتاییە بەیارەکانی مۆدێرنیزم.

لەپێناو هەرچی زیاتر کامڵبوونیپێودانگکردنی داڤنشیو پێکانی گشت هەوێڵەکانی ژیانو کەسایەتیو کارکردنی ئەو بلیمەتە، بینگەو لێکدانەوەی فرۆیدم بە پێویست زانی، تاگشت زانیاریەکان ساتە وەختی یەکتر یەکانگیربن لەزەینی خوێنەردا. چون لێکدانەوەکانی فرۆید

هەڵگری گرنگی و شارەزاییەکی بەرفراوانە سەرباری شیکاریە دەرونیەکەی کەسەرکەتووترین توێژینەوەکان و پراکتیزەکردنی تیۆریەکانی هەژماردەکرێت.

لە پێناو بەرهەڤ بوونی ئەم هەوڵە نکوڵی ناکرێت لە ڕۆڵی ئەزمونی سێ ساڵەم لە میانی وتنەوەی مێژووی هونەری ئەم سەردەمانە (لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان- سلێمانی) و نەبوون و کەموکورتی ئەو سەرچاوانەی بە زوبانی کوردین بۆ زۆرێك لە خوێندکارانمان کە جگە لە زوبانی دایك بە زوبانێکی تر ئاشنایەتییان نییە. هەرچەندە ئەم هەوڵە وەك شەقڵە گشتگیریەکەی و تاوتوێ کردنی وەك سەرچاوەیەك جیاو سەربەخۆیە بەڵام ئەم سیمایەی ڕێگر نییە لە بەردەم بە بەرنامەکردنیدا بۆ ئەکادیمیاو پەیمانگەکان بە هەردوو ئاستی مامۆستاو قوتابی. هەرچۆن دەبوو ڕووبەری ئەم بەرگە بزاڤی مانێریزمی لەخۆبگرتایە بەڵام هۆکاری نەمانی کات و بارودۆخی تایبەت دەرفەت بەخش نەبوو.

بنەمای خواست و نەخشەی سەرەتایی ئەم هەوڵە لێرەدا کۆتا پێ نەدەهات بەڵکو ویستی سەراپاگیری کردنی هونەری ئەوروپی بوو هەر لە بەرەبەیانی شارستانی گریکەوە تا دامێنی مۆدێرنیزم (گەر لە چەند بەرگێکیشدا بووایە) بەڵام باری تایبەتی ژیان و هەلومەرجی خەمخۆری زوو بە چاپ گەیاندنی، جارێکی تر داواکاری ئەو دەرفەتەی بەخشیەوە بە یەزدانی ڕووناکی و جوانی.

وەهبی ڕەسوڵ
٢٠٠٢/٨/٢٧



نەخشەی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست

هونەری ڕۆمانسك
(١٠٠٠-١١٥٠ز)

هونـەری ڕۆمانسکی ئـەو هونەرەیـە کـە لـە دوا هونــەری بـێزەنتی ئـەوروپای کاسـۆلیکی سەراپاگیر دەکات، ئەم هونەرە گوزارشتێکە لە تێرکردنی لایەنی هونەری ئایینی کە ئەو لایەنـە بەو گوڕە بە پێزەوە نەیتوانی لە سەردەمی هونەری بێزەنتیدا ئامادەیی خۆی هەبێت.

زێدی ئەم هونەرە هـەرێمی لۆمباردیـای ئیتاڵییـە، هـەر لەوێشـەوە سـەرچاوەی گـرت بـەرەو ئەوروپا بە گشتی و فەرەنسا و ئیسپانیاو ئەڵمانیا و بەریتانیا بە تایبەتی.

یەکێك لە بەهرەمەندەکانی هونەر بە ناوی گریڤل لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئـەم نـاوەی (واتـە نـاوی ڕۆمانسـك)ی بـڕی بەسـەر ئـەم مـاوە هونەرییـەدا. ئەمـەش بـە هەنجـەتی ئـەو کاریگەرییەی هونەری ڕۆمانی لەسـەر ئـەم هونـەرەی بـەجێ هێشـتبوو، لـە بـەکارهێنانی هێڵی کەوانەیی و پایەو دالآنی تایبەت بە هونەری ڕۆمانی کۆن.

کاریگەریی ئەم هونەرە لەسەر ئەوروپای کاسۆلیکی دەق لە کاریگـەری ئـەو زمانانـە دەچـوو کە پێی دەوترا (Romanes) و بەشێك بوو لە زمانی لاتینی کە باڵی بەسەر هەمان ئەو وڵاتانەدا کێشابوو وەك فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ڕۆمانیا و تا ڕاددەیـەکیش بـەریتانیا، ئـەم نـاوەش کە دابڕا بەسەر ئەم تەرزە هونەرەدا، مێژوونووسەکانی هونەر بەکاریان هێناو بە بـەکارهێنانی جەختیان لەسـەر کـردەوە تـەنیا لەبـەر جیاکردنـەوەی بـوو (بـە تایبـەت لـە میـانی هونـەری بیناسازی کەنیسەکاندا) لە تەرزی هونەری غووتی کە پاش خۆی ئەوروپای گرتەوەو دامەزرا.

هونەری ڕۆمانسکی لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیـەمدا بـژوا، لـە سـەدەی یـازدەدا زبـر و سـادە بوو، دواتر بە خێرایی پێشکەوت و بە چەندین شێوازی جیـاواز لـە سـەدەی دوازدەدا بڵاوبـۆوە، چون ئەم تەرزە بە پێی هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەبوو، هەر ئەم گۆڕانکاری و هەوڵانـە بوو کە بیناسازە ڕۆمانسکییەکان دایان، بووە مایەی ئەفراندنی هونەری غووتی لە دواتردا.

هونـەری ڕۆمانسك لـە ساڵی (١١٢٠)دا گەیشتە چڵەپۆپـەی لـە گشـت وڵاتـەکاندا بـە پێـی جیـاوازی شـێواز و بینینیـان بـۆ ئـەم هونـەرە تەنانـەت لە تـەنیا وڵاتێکدا لـە شـارو هەرێمـە جیاجیاکانیدا چەندان سیمای جیاوازی وەردەگرت و ئەم جیاییە تەنیا بیناسازی نەدەگرتەوە و

بەس، بەڵکو خۆی دەگەیاندە پەیکەرسازی و دیواربەند و ئایکۆنیات و دەستنووسەکان و بە پێی ئەوەش کاریگەری ئاراستەی وڵاتانی دراوسێی لە هەمان ئەو بوارانەدا دەکرد.

وەك پێشتر ئاماژەی پێ درا بواری سەرەکی بۆ ئەم تەرزە هونەرییە بیناسازی کەنیسەکان بوو، کەنیسە گەورەکانیش لەم سەردەمەدا بەشێك و سەر بە دێرەکانی بندیکتین[١] بوون، بە تایبەتیش دێری کلۆنی کە ناوو ناوبانگێکی بێ سنووری هەبوو بە دەوڵەمەندی و کەشخەیی و زیرەکی و وریایی قەشەکانی و ساغی و ڕێکوپێکی ئارەزوویان بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە لە هەموو شارەکانی فەرەنسا خانووبەرە گەلێکی وەها دەبینین کە گەواهی ئەو ڕەخاوەتەن دێرەکانی کلۆنی، تێیدا ژیاون و هەرچۆن ئاماژەیەکە بە ئاستی ڕۆشنبیری قەشەکانی.

دەسەڵاتی ئایینی هێندە کاریگەر بوو کە جیاواز نەبوو لە دەسەڵاتی دنیایی، پاشاو مەلیکەکان لە کەنیسەکاندا بە خەڵکی کۆدەبوونەوە و فەرمانڕەوایی خۆیان بەجێ دەهێنا، هەرچەندە ئەو دوو دەسەڵاتە بە ڕووکەش جیاواز بوون، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەسەڵاتی ئایینی هیچی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی کەمتر نەبوو.

ڕاستە گۆڕەپانی سەرەکی بۆ هونەری ئەو سەردەمە هونەری بیناسازی کەنیسەکان بوو، بەڵام هونەری پەیکەرسازی وەك تەواوکەرێك و ڕازێندەرەوەیەکی هونەری بیناسازی هەڵدەسووڕا. هەرچۆن بوونی هونەرەکانی تری وەك پیشەسازی عاجی و کانزاگەری و هونەری نیگارکێشان (کە هونەری دیواربەند و دەستنووسەکان بوو) بەدەر نەبوون لە خزمەت کردنی مەبەستە ئایینییەکان، بەڵام بە تەرزێ کاریان تێدا دەکرا جیاواز لە تەرزی مەسیحی پێشتر.

بیناسازی

شێوەو پێکهاتەکان:

بە توخمی سەرەکی دادەنرێت لە بیناسازی کەنیسەی ڕۆمانسکیدا، بە شێوەیەکی سادە بنیات دەنرا لە چاو ئەو ڕێگەیەی لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا پەیڕەو دەکرا، چون ئەم شتێك لە نەرمی تێدا بەدی دەکرا، بە بەردی پێکەوە پەیوەست کراو بونیات دەنرا کە ئەو پەیوەستەی نێوانیان پتەو و ئەستوور بووە، پایەکانیشی چوار لایەو بە کۆڵەکە دەورە دراوە یاخود هەندێ شان کە شێوە کۆڵەکەیەك لە سەری ڕادەگیرا، ئەم جۆرە چارەسەرە زیاد و لاوەکییانەش لە پێناو ئەوەدا بوو ئەو قورساییەی لەسەر پایەکانە دابەش ببێت.

زۆرترینی ئەم پایانەی کە بەکاردەهات لە بیناسازی ڕۆمانسکیدا ئەوانە بوون کە لەسەر شێوەی خاچی گریکی[٢] بوون.

کۆڵەکە:

کۆڵەکەی بیناسازی ڕۆمانسکی خاوەنی تاجی جۆراوجۆرە کە هەمە شێوەن، سادەترینیان تاجێکە لەسەر شێوەی سەبەتە لە شەش پاڵوویەك پێکهاتووە و گۆشەکانی لای خوارەوەی شێوەیەکی لاریان هەیە. تاجی کۆرنثی کلاسیکی و تاجی بیزەنتی سروشی چەندان شێوەیان دەدا لە نێوان لاساییەکی پەیت و گۆڕانکاری و داهێناندا کە تێیدا شێوەکانی گەڵای ڕووەکی (ئاکانت) هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ هەندێ شێوەی گیانداری بچووك لە نێوەندیدا. هەرچۆن هونەرمەندان لەم سەردەمەدا ئارەزوویەکی زۆری پەیکەرتاشینی هەندێ گیانداریان دەکرد بە شێوەیەکی سادە کراوە لەسەر تاجی کۆڵەکەکان بە تایبەت لە ڕوویەکی بەرامبەرەوە دروستیان دەکردن. ئەم بابەتانەش لەسەر قوماش یاخود ئەو سندووقانەوە وەردەگیران کە لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییەوە مابۆوە یاخود لە وڵاتی فارسەوە دەهێنرا.

هەندێ لە هونەرمەندانیش تاجی مێژوویان بەکاردەهێنا بە پەیکەری ڕیلیف دەیان نەخشاند کە هەندێ بابەتی مێژوویی و ئەفسانەیی دەنواند.

تاوەر:

تاوەر بە شێوەیەکی سەرەکی و لە سەرەتادا لەسەر خاڵی یەکگرتنی یاخود لە یەکدانی دووباڵی خاچی نەخشەی کەنیسەکان بنیات دەنرا، دواتر تاوەرەکان زۆرتر بوون و هەندێکیان لەسەر دەروازەکانی ڕووی کەنیسەکانیشدا بنیات دەنران. زۆری تاوەر بە تایبەتی لە قوتابخانەی ڕووباری ڕاین-دا بەدی دەکەین کە لە کاتیدراڵی تۆرنیە یاخود تۆرنای نزیکەی پێنج تاوەر دەبینین، هەرچۆن زۆربەی کەنیسە گەورەکان لە دوو تاوەر کەمتری تێدا نییە. ئەم تاوەرانەش دەکرێنە دوو جۆر:جۆری یەکەم پێی دەوترێت (Tours- Ianterne) کە لە بنەچەدا فەرەنسییە و بە تایبەت لە قوتابخانەکانی ڕوون و هەرێمی نۆرماندی و لانجدۆك بڵاوە.

جۆری دووەمیش تاوەرێکە زەنگۆڵەی پێوەیە پێی دەوترێت (Clocher)، ئەم جۆرە تاوەرانە هەمیشە لە نێوانی گومەزی کەنیسەکە و قوربانگەکە دادەنرێت، لەتی چوارگۆشە یاخود هەشت گۆشەیە جاری زۆر دەگمەنیش هەیە کە خڕە.

ئەمانە بە شێوەیەکی سەرەکی پێکهاتەو شێوەی بیناسازی ڕۆمانسکی بوون، سەرباری بەکارهێنانی هاوبەشی وڵاتانی کاسۆلیکی بۆ ئەم پێکهاتانە لە کەنیسەکانیاندا، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین مامەڵەی هەر یەکێکیان بەرامبەر بەم پێکهاتانە یەکانگیرە لەگەڵ چەند ڕێسایەکی ناوخۆی جیاجیا بەخۆیان.

کەنیسەی ڕۆمانسکی بە شێوەیەکی گشتی وەها دەناسرێت کە خاوەن بنیاتنانێکی بەهێز و پتەوە، ئەمەش خۆی لە حوێدا کاریگەریی پیاوانی ئاینی دەردەخات لەسەر هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە، تا لە ڕێی پتەوی و بەهێزی شکۆمەندی ئەم بینایانەوە لە پتەوی و خۆڕاگری بیروباوەڕی مەسیحی گوزارشت بکەن، کە سەرکەوتن و دەسەڵاتی ئەم بیروباوەڕە سەراپای وڵاتانی ئەوروپای تازە بە تازە گرتبۆوە.

ئەگەر لە پێکهاتەکانی بیناسازی کەنیسەی ڕۆمانسکی بترازێین و بچینە سەر نەخشە و هێڵکاری سەرەکی کەنیسەی ڕۆمانسکی، ئەوا ئەم هێڵکارییە پشت بەستە بە دیزاینێك لەسەر شێوەی خاچ[٣]، کە باڵە درێژەکەی تێیدا بە نوێژگەیەکی نیوە بازنەیی کۆتایی دێت، هەمیشە خاڵی لێکدانی دووباڵی خاچەکەش بە تاوەرێکی باڵابەرز دەکرێتەوە.

ڕووی کەنیسەی ڕۆمانسکی بە ژمارەیەك داڵانی کەوانەیی دەڕازێنرێتەوە و دەنەخشێنرێت کە لە ناوەڕاستیاندا داڵانێکی چوونە ژوورەوەی گەورەی تێدایە بە پێوانە لەوانی تر گەورەترە. ئەم هاتنە ژوورگەیە دەمانخاتە سەر داڵانێکی سەرەکی کە بە هەردوو دیویدا پایە و داڵانی ئەستوور هەیە، ئەم کۆڵەکە و پایە ئەستوورانە قورسایی لەسەر داڵانە لاوەکییەکان کەم دەکەنەوە کە بە تەنیشتی داڵانە سەرەکییەکەدا لە هەردوولاوە درێژبوونەتەوە، بەڵام لە داڵانە سەرەکییەکە لە بنمیچدا نزمترن.

پایەو کۆڵەکە کەوانەییەکان لەنێو داڵانە سەرەکییەکەدا هەتا بنمیچ هەڵکشاون هەر لە هاتنە ژوورگەکەوە تا نوێژگەکە، ئەم دووبارە بوونەوە ڕێکە کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر ئەو کەسانە دادەنێت کە دەچنە ژوورەوە، بارستایی ئەو بنمیچە کەوانەییانە دەکەوێتە سەر پایەو کۆڵەکەی لاتەنیشتەکان، لەبەر ئەستووری دیواری دەرەوەی بیناکان دەروازە و پەنجەرەی زۆری تێدا نییە، ئەمەش بووەتە هۆی کەمی ڕووناکی لە کەنیسەی ڕۆمانسکیدا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، تەرزی هونەری ڕۆمانسك تەرزێکی ئیتاڵییە، بەڵام لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا تێکەڵی شێوازی جیاجیای ناوخۆیی بوو، یەکێ لەو وڵاتانەش فەرەنسا بوو کە چەندان تەرزی ناوخۆیی جیاوازی بۆ ئەم هونەرە تێدا بەرهەم هات.

بیناسازی ڕۆمانسکی لە فەرەنسادا

کەنیسەی سان سرنان لە شاری تۆلۆز:

ئەم کەنیسەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی یازدەدا لە نێوان ساڵانی (١٠٨٠-١٠٩٦) بنیات نراوە، دیزاینی گشتی لەسەر شێوەی خاچی لاتینییە، حەوشەی کەنیسەکە (مەبەست پانتایی ناوەوەی کەنیسەکەیە) لە دوازدە بەش پێکهاتووە لە هەردوو لای حەوشە سەرەکییەکەوە دوو داڵانی یەکانگیر هەیە، کە سەقفەکانیان لارە، هەرچۆن قوربانگەی کەنیسەکە کەمێ بەلای سەرەوودا درێژ دەبێتەوە.

ئەم کەنیسەیە بە جوانترین کەنیسەکانی فەرەنسا لە تەرزی ڕۆمانسکدا دادەنرێت. درێژییەکەی سەد و پازدە مەترو پانییەکەی سی و دوو مەترەیە، ئەو پانتاییەی ناوەڕاستی کەنیسەکەی بە سەقفێکی کەوانەیی داپۆشراوە (واتە سەری گیراوە) لەسەر تەنیشتەکانیشی بەرهەیوانی سەر بە گومەزی نیو بازنەیی هەیە کە بووەتە یارمەتی دەر لە هەڵگرتنی سەقفە گەورە سەرەکییەکەدا. مێژووی بنیاتنانی تاوەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی غووتی کە لەسەر خاڵی یەکتر بڕینی هەردوو باڵی خاچەکە دروست کراوە، هەشت لایە لە شێوەیداو تیرێك بە سەرەکەوەیەتی.

کەنیسەی سان فرۆن لە پریجو:

ئەم کەنیسەیە ساڵی (١٠٢٠) دروست کراوە، دیزاینی سەرەکی لە شێوەی خاچی گریکی دایە، بە تاقە نموونە دادەنرێت لە بیناسازی مەسیحیدا لە ڕۆژئاوای ئەوروپا کە لەسەر ئەم تەرزە دروست کرابێت. کاریگەری دیزاینی کەنیسەی (سان مارك)ی ڤینیسیای ئیتاڵی لە سەرە، سەری کەنیسەکە بە گومەزی شێوە تۆپی گیراوە یاخود داپۆشراوە کە تۆزێك درێژکۆلەن لەسەری تۆپەکەیاندا ئەمەش دیاردەیەکە کەوتنە ژێر کاریگەریی هونەری بێزەنتی دەنوێنێت، بە هۆی ئەو هێڵە بازرگانییە توند و تۆڵەی نێوان خوارووی فەرەنسا لەگەڵ شارەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت قوستەنتەنیە.

کاتیدراڵی ئەنجولیم:

دیزاینی ئەم کەنیسەیە کە لە ساڵی (١٠٨٠)دا دەست کراوە بە بنیاتنانی لەسەر شێوەی خاچی لاتینییە، تەنیشتەکانی بۆ نەکراوەو یاخود بێ تەنیشتە، بەڵام (ترانسپت)[٤]ی هەیە و چوار هەیکەلی ئەم لاولا کە بە گومەز دابەش کراوە، نێوەندیان جووتەیە لەسەر شان هەڵگیراوە، کەنیسەکە شازدە دەروازەی تێدایە.

کەنیسەی نۆتردام لە شاری پواتیە:

ئەم کەنیسەیە لە سەدەی یازدەدا دروست کراوە، ڕوویەکی سەیر و ڕێك و جوانی هەیە. هەرچۆن گومەزێکی قوچەکی شێوەی هەیە لەسەر یەکتر بڕینی نێوان ترانسیپت و حەوشی کەنیسەکە ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە بیناکە سەری گیراوە بە گومەزی کەوانەیی. لە سەرووی فەرەنسا لە شاری کان دوو نموونە لە جوانترین کەنیسەکانی ڕۆمانسکی فەرەنسی هەیە کە بە تەرزەکەیان دەوترێت تەرزی ڕۆمانسکی نۆرمەندی، ئەو دووانەش:

کەنیسەی دێری پیاوان

ساڵی (١٠٦٦) (ولیەم)ی فاتح دەستی کردووە بە بنیاتنانی، هەرچۆن ناوزەد دەکرێت بە کەنیسەی سان ئاستفان ئایتن، لەسەر تەرزی بازیلیکی(*) بنیات نراوە، یەکێکە لە کەنیسەکانی هەرێمی نۆرماندیا کە خاوەنی چەندان کەنیسەی جوانە، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر مەزنی و زەنگینی ئەم هەرێمە هونەرییە لەژێر دەسەڵاتی دیوکی نۆرمەندیدا.

گومەزێکی کەوانەیی ئەم کەنیسەیەی داپۆشیوە، لە ڕووی خۆرئاوایەوە دوو تاوەری شێوە چوارگۆشە لەسەر هەردوو لاکەیەتی، تیری هەشت لا ئاراستەی کردوون، بە ڕوونترین نموونە لە بەکارهێنانی تیردا لە هونەری بیناسازیدا دادەنرێت، چون لە نۆ تیر کەمتر لەخۆ ناگرێ کەوا دەکات هەست بە ئاراستەی ستوونی بکرێت کە ئاراستەیەکی تایبەتە لە هونەری بیناسازی ڕۆمانسکدا.

کەنیسەی دێری ژنان:

ئەمیش هەر لە شاری کان دروست کراوە، نازناوی کەنیسەی سێ لانەشی هەیە، ساڵی (١٠٦٢) خاتو (ماتێڵدا) ژنی (ولیەم)ی فاتح دروستی کردووە. ڕووی خۆرئاوای خاوەن تایبەتمەندێتییەکی ناوازەیە و دوو تاوەری لەخۆ گرتووە کە شێوە چوارگۆشەن، چەند نهۆمێکی خاوەن تاقی کەوانەی تێدایە. دیوارەکانی ئەستوورن و دیواری پاڵپشتی کەمێ دەرپەڕیو یارمەتی دەریەتی، تاوەرێکی شێوە چوارگۆشە بە ئاسماندا چووە لە خاڵی لێکدانی حەوشی کەنیسەکە و ترانسیپت‌دا.

بیناسازی ڕۆمانسکی لە ئیتاڵیادا

بە بیناسازی ڕۆمانسکی لە ئیتاڵیا دەوترا بیناسازی لۆمباردی، ئەمەش زیاتر بە بۆنەی ئەوەوە بوو سەرەتا ئەم جۆرە بیناسازییە لە هەرێمی لۆمباردیاوە سەرچاوەی گرت، بە شێوەیەکی تایبەت ئەم هەرێمە لە بیناسازییاندا لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی ڕووباری ڕاین دا بوو لەگەڵ هەندێ کاریگەریی هونەری بێزەنتی، دیزاینی سەرەکی ئەم بینایانە زۆربەی کات لەسەر تەرزی بازیلیکی بوو.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە جۆرەکانی یاخود شێوازەکانی بیناسازی کەنیسەی ڕۆمانسکی لە ئیتاڵیادا بدوێین، دەکرێن بە سێ شێوازەوە:

١-شێوازی لۆمباردی لە سەرووی ئیتاڵیا لە میلانۆ.

٢-شێوازی تۆسکانی لە نێوەندی ئیتاڵیا.

٣-شێوازی سقلی لە خوارووی ئیتاڵیا.

بەدەر لە شێوازەکان و لە خودی کەنیسەکان ئیتاڵییەکان تایبەتمەنێتییەکیان لە دروست کردنی بینایەکی تایبەت بە شۆردنگە واتە (تەعمید) هێنابوو. کە ئەمەش بینایەکی سەربەخۆیە لە بەردەم کەنیسەدا دروست دەکرێت. زۆربەی جار لەسەر شێوەی هەشت لایە یاخود کەوانەیی دەبێت، هەمیشە بەناوی یوحەنانای مەعمەدانەوە ناوزەد دەکرێت. ئەگەر لە شۆردنگە بترازێین لە تاوەر دەدوێین کە بە پێچەوانەی پەیڕەوی فەرەنسا و بەریتانیاو ئەڵمانیا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، هەمیشە تاك و تەنیا دروست کراوە و هەندێ جاریش لە ڕێگەی دێرێکی بچووکەوە پەیوەست بە کەنیسە دەبۆوە، شێوەی ئاسایی ئەم تاوەرانە چوارگۆشەو خاوەن دیزاینێکی سادە بووە.

کۆمەڵەی بینای شاری بیزا بێگومان لە بەناوبانگترین کۆمەڵە بینای ڕۆمانسکییە لە ئیتاڵیا کە پێك هاتووە لە کاتیدراڵ و شۆردنگەو تاوەر و مەرقەد.

پێش ئەوەی بچینە سەر خودی هەر کامێك لەو بینایانە وەك تێبینییەکی خێرا دەبێت ئاماژە بەدەرکەوتنی ناوی هونەرمەند یاخود دیزاینەکان بکەین لە ئیتاڵیادا کە ئەمە بەو شێوەیە لە وڵاتانی تردا بەدەرناکەوێت.

کاتیدراڵی بیزا:

ساڵی (١٠٦٣) دروست کراوە، لە جوانترین کەنیسەکانی ئەم سەردەمەیە، وەك هەموو کەنیسەکانی ترە لە دیزاینی گشتیدا، کۆڵەکەی پەیوەستی بە تاقی کەوانەیی تێدایە کە

دالآنەکان پێك دەهێنێت. پانتایی ناوەڕاستی سەری گیراوە بە بنمیچێکی تەختەیی ئاسایی لاتەنیشتی دووانەیی هەیە. ڕووەکەی بە چوارچێوەیەکی مەرمەڕی سوور و سپی ڕووپۆش کراوە. بەهای ئەم کەنیسەیە وەك ئاسەوارێکی هونەریی بە تایبەت لە ڕێژە گشتییەکەیداو لە بۆشناخی و نەخشە هەڵکەنراوەکانییەتی.

تاوەری بیزا:

کە ئێستا پێی دەوترێت بورجی بیزای لار ساڵی (١١٧٤) دروست کراوە. شێوە کەوانەییەو هەشت نهۆمە، لە هەموو نهۆمەکاندا بە تاق دەوردراوە، ئەم تاوەرە لارە لە جیهاندا ناسراوە و بە سەیرترین پێکهاتەی ئەم کۆمەڵە بیناجوانە دادەنرێت، لارێتییەکەی گفتوگۆ و دەمەتەقێی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە ئەم لارییە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەك لە بنەواچەدا، بەشە بەرزەکەی ئەم تاوەرە کە بەرزییەکەی دەگاتە (٥٥) مەتر لە بەشە نزمەکەی چوار مەتر و نیو بەرزترە، هەر ئەمەشە وای لێ کردووە بێ هاوسەنگییەك بە ڕووکەشی دەرەوەیدا دیاربێت.

بینای شۆردنگەکە:

ساڵی (١١٥٣) بەردی بناغەی بۆ دانراوە، ئەم بینایە بە پێی دیزاینی بیناساز (دیۆتۆسالڤی) نەخشەی بۆ کێشراوە کە دیزاینێکی کەوانەیی هەیە. حەوشی یاخود پانتایی ناوەوەی تیرەکەی (٢٠) مەتر دەبێت، ئەم پانتاییەی ناوەوەی چوار شان و هەشت کۆڵەکە لە بەشی دەرەکی جیادەکاتەوە، بەشە دەرەکییەکەی تیرەکەی (٤٠) مەتر دەبێت و لە دوو نهۆم پێکهاتووە، نهۆمی زەمینیەکەی لە دەرەوە بە چەندین کۆڵەکەی پابەند بە یەکترەوە بە تاقی نیوە بازنەیی ڕازێنراوەتەوە.

هەروەها لەو کەنیسە شەنگانەی لە نێوەندی ئیتاڵیادا بەرچاومان دەکەوێت کەنیسەی سان منیاتۆیە لە شاری فلۆرەنسا، لە دەرەوە و ناوەوەیدا چێوەی مەرمەڕی ڕەنگاوڕەنگ بەکارهاتووە، ئەم ڕێگایە لە بەکارهێنانی مەرمەڕ تا سەردەمی غووتی بەردەوام بوو.

هەرچی شاری ڕۆماشە لە دوو دێر بەولاوە نموونەی ڕۆمانسکی تێدا بەدی ناکرێ، ئەوانیش دێری سان جیوڤانی لە لاتێرانۆ و دێری سان پاولۆیە لە دەرەوەی شورای شارەکە.

لە ئیتاڵیای سەرووش لە شاری ڤێرۆنا چاومان بە نموونەیەکی جوانی بیناسازی ڕۆمانسکی دەکەوێت بە ناوی (سان زینۆ ماچیۆری) کە ساڵی (١١٣٨) بنیات نراوە، ڕوویەکی ساکاری شەنگی هەیە، تاوەری ئەم کەنیسەیە جیایە لە بینا سەرەکییەکە هەروەك پەیڕەوکراوە لە ئیتاڵیا.

بیناسازی ڕۆمانسکی لە ئیسپانیادا

لە بەشی ژووروو خۆرئاوای نەبێت ئاسەواری ڕۆمانسکی لـە ئیسپانیادا نییـە، ئەمـەش ئـەو هەرێمانە بوون کە پێش سەدەی سێزدە مەسیحی بوون، بیناکان لەژێر کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی فەرەنسـیدان، بـە تایبـەت هـەرێمی لانجـدۆك و گەسـكۆنیا، چـون قەشـەکانی دێـری کلۆنـی کاریگەریی قووڵیان لەسەر ئیسپانیای مەسیحی هەردوو سەدەی یازدە و دوازدە هەبوو، تەنانەت وای لێ کردبوون قەشە ئیسپانیەکان فەرەنسی بـەکاربێنن لـە نووسـینیاندا. لـە نێـوان ئـەو کەنیسانەدا کەنیسەی (سان ئایزیدۆر)ە لە شاری لیۆن ساڵی (١٠٦٣). زۆرێك لە بەشەکانی لەسەر کەنیسەی (سان بنـوا)ی فەرەنسی دروست کـراوە. نموونـەی تریـش زۆرن، بـەڵام لـە جوانـترین ئەفرێنراوەکانی مێژووی ئەو دەمەی ئیسپانیا کەنیسەی (سـان جـاك دی کومبوسـتیل)ە کـە بـە لووتکەی هونەری ڕۆمانسکی دەژمـێردرێت. لـە نێـوان سـاڵانی (١٠٧٨-١١٢٨)دا کـاری تێـدا کـراوە. ڕووە سەرەکییەکەی ئەندازیار ماثیو نەخشەی کێشاوە و هەر خۆیشی ئەو چوونـە ژوورگەیـەی کە بەناوبانگە بـە "دەروازەی سـەروەری" سـاڵی (١١٨٨) بنیـات نـاوە. دیزاینـە گشتییەکەشی بـە هەموو بەشەکانییەوە لە کەنیسەی (سان سرنان)ی تۆلۆزی وەرگیراوە.

بیناسازی ڕۆمانسکی لە ئینگلتەرادا

بە بیناسازی ڕۆمانسکی لە ئینگلتـەرا دەوتـرا بیناسـازی (ئـەنجلۆ نۆرمـاندی)، ئـەم بینایانـە لەوێ گەورە و شکۆمەندە، بەڵام دروست کـراون وەك بیناکـانی هـەرێمی نۆرمانـدیـا، بـۆ یەکـەم جار (ئەدواردی کۆنفیسۆر) ئەم تەرزەی گواستەوە بەریتانیا دوای ئەو ولیەم فاتح. لە نموونەی بیناسـازی ڕۆمانسـك لـە لـەندەن کەنیسـەی بورجی لەندەنــە، نموونــە لـەم وڵاتــەدا زۆرن، لـە دیاریـترینیان کاتیدراڵی (دورهام)ە ساڵی (١٠٩٣) دروست کـراوە، بـە هـەمان ڕێسای لـەوەو پێشی ڕۆمانسکییە لە حەوش و ترانسپت-دا، بەڵام تەنیشتی تاکی هەیـەو بورجـی سـەر یـەکتر بڕینـی قوڵەکان لە سەردەمی غووتیدا کراوە.

بیناسازی ڕۆمانسکی لە ئەڵمانیادا

لـە دوای مردنــی شــارلمان ســاڵی (٨١٤) دابــەش کردنــی ئیمپراتۆریەتەکـەی لـە نێوەنــدی ئەورووپادا، ئیمپراتۆریەتێك دروست بوو کە بـە (ڕۆمـانی جێرمـەنی) نـاوزەد دەکـرا. ئـەڵمانیای ئـەمڕۆ و بـەلجیکا و هۆڵنـدە و سـەرووی ئیتاڵیـای دەگرتـەوە، لـە دیـارترین سـەرکردەکانیان

(ئاتۆ)ی مەزن بوو کە لەسەر دەستی ئەودا ساڵی (٩١٦) لە شاری ڕۆما ئیمپراتۆریەتەکەی گەشەی سەند و بەهاو گرنگییەکی تایبەتی دا بە هونەری ڕۆمانسکی لە ئەڵمانیادا. بیناسازی ڕۆمانسکی کە بە شێوەیەکی تایبەت لە هەردوو هەرێمی (ڕاین و ساکسۆنیا) برەوی سەند لە دیزایندا خاوەنی دوو هەیکەلی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بوو، ئەوی بەشی خۆرئاوای هەروا دەزانرێت کە لە شۆردنگەی کەنیسەوە بەهرەی وەرگیرابێت کە پێشتر لەو لایەوە بەجیا لە کەنیسەکە دروست دەکرا.

لە نموونەی جوانی کەنیسەی ڕۆمانسکی ئەڵمانی، کەنیسەی پەیامبەرانە لە شاری کۆلۆنیا لە ساڵانی (١٠٣٥-١٢٢٠) کاری تێدا کراوە، سێ هەیکەلی بەناویەکداچووی لەخۆگرتووە لە بەشی خۆرهەڵاتییەوە و دەروازەی لە ڕووی سەرووەوە، ڕووی خۆرئاوای دەرگای تێدا نییە وەك تەرزی فەرەنسی، بەڵکو تەنیا دوو تاوەری لەخۆ گرتووە. کاتیدراڵی ڤۆرمس کە ساڵی (١١١٠) دروست کراوە لە کەنیسە دیارەکانی تری ئەڵمانیایەو بە هەمان ڕێسای باوی ئەوێ بونیات نراوە، هەر هێندە هەیە لە تەنیشت هەردوو هەیکەلەکەیدا دوو بورجی کەوانەیی هەیە، لە پێکگەیشتنی حەوش و ترانسپت-دا بورجێکی هەشت لا هەڵچووە.

پەیکەرسازی

ئەو شکست و لاوازییەی تووشی هونەری پەیکەرسازی هات، لە سەرەتای ئەم سەردەمەدا بە تایبەتی پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هونەری بێزەنتی، ئەو دەمەی خێزانی (ئیزۆری)[**] یەکان "لە بەشی یەکەمی ئەو سەردەمەدا کە فەرمانڕەواییان کردووە" لە ساڵی (٧١٧)ی زایینیدا هاتنە سەر تەخت بە پێشەوایەتی سەرکردەیەکی جەنگی بە توانا کە ناوی (لیو) بوو، لە ساڵی (٧٢٦)دا بڕیاری قەدەغەکردنی وێنەی ئایینی دەرکرد و شکاندنی هەر وێنەیەکیش کە هەیە.

ئەو بڕیارەی ئەو سەردەمە دەرکرا لە ترسی بەرگرتن لە خەڵکی بۆ نەگەڕانەوەیان بەرەو پەرستن و بە پیرۆز ڕاگرتنی خودی وێنە ئایینی و پەیکەرە بچووکە ئایینییەکان (ئایکۆنیات) نەك گرنگی دانیان بە لایەنی ڕۆحانی ئەم وێنانە.

کاریگەریی ئەو سەردەمە تا سەرەتاکانی سەردەمی ڕۆمانسکی بە تایبەتی و سەراپای سەردەمی ڕۆمانسکی بە گشتی پەل دەهاوێژێت، هەر بۆیە دەبینین هونەری پەیکەرسازی ئەم سەردەمە لە هونەرەکانی بیناسازی و نیگارکێشان (مۆزائیك، فسیفساء، دەستنووسەکان و تەنانەت هەندێ نیگاری بچووکی زەیتی دەگرێتەوە) دواکەوت لە ڕزاندنەوەی و بەکارهێنانی لەنێو کەنیسەکاندا و مۆڵەتی دەرەنگتر بۆ هەڵکەوت تا بوونی خۆی و کاریگەریی و بەهای خۆی

بسەلمێنێت، بۆیە دەبینین ئاسەواری پەیکەرسازی لە چاو ئەو هونەرانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا لە جێی نەبوونە هەر لە سەردەمەکانی پێش ئەم سەردەمەشەوە لە جیهانی مەسیحییەتدا.

کزبوون و بەرەو لەناوچوونی پەیکەرسازی لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپای خۆرئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، هۆکاری یەکەم جێنشین بوونی گەلانی سەرووی ئەورووپای خۆرئاوایە کە لەژێر قەڵەمڕەوی شارستانیەتی ڕۆمادا بوون، ئەم گەلانەش نەزان و بێئاگا بوون لە هونەرەکانی بیناسازی و پەیکەرسازی، ڤینیان لەوە دەبۆوە خودا لە شێوەی پەیکەردا بنوێنرێت.

هۆکاری دووەمیش ئەو هەست کردنەی ئەکلیرۆسی مەسیحی بوو لە بارەی هونەرێك کە ماوەیەکی درێژ تەنیاو تەنیا لە خزمەتی ئایینە نائاسمانییەکاندا بووە، لەم ڕووەشەوە سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا.

ئەگەر لە فەرەنسا بدوێین ئەوا سەرەتای دەرکەوتنی ئەم هونەرە لەوێ دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی دەیەم، ئاسەوارەکانی لە شێوەیەکدا دەرکەوت کە لەماناد‌ا قووڵ بوون و لە کارگە سەرەتاییەکاندا هەوڵ و تەقەللایەکی درێژ درا تا کۆتایی هات بە گوزارشت کردن لەو بیرۆکانەی سروشی ئاسەوارێکی گرنگی گەورەیان دەدا.

لە سەدەکانی نێوەندا هونەرمەندەکان ڕێنومایيان لە قەشەکان وەردەگرت بۆ وەرگرتن و دانانی بابەتە هونەرییەکانیان لە کتێبە پیرۆزەکان و بەسەرهاتی پیرۆزمەندەکان.

ئەرکی پەیکەرساز گوزارشت کردن بوو لە ڕێی بەردەوە لەوەی پیاوێکی ئایینی وەك ڕێسایەکی ئایینی کار بۆ بڵاوکردنەوە دەکات، ئەم ئەرکەی خۆی دەبوایە لە ڕێی وێنەو شێوەوە وەربگێڕایە کە پەیوەستییەکی توند و تۆڵی بە بیناسازییەوە هەبوو یەکانگیر بوو لەگەڵیدا. ئەو هونەرمەندانە نە پیاوی ئایینی بوون نە زانای ئەو بوارە، بەڵکو بۆ زمانێك دەگەڕان تا لە ڕێیەوە لەم بیروباوەڕە نوێیە گوزارشت بکەن، هەڵبەتە دەبوو ئەمەش زۆر بە پتەوی بونیات بنێن، بۆ ئەم مەبەستە وردە وردە دەستیان کردە خۆ بەستنەوە بە سروشت و ژیانەوە، ئەمەش هەروا لە ساناو لە زوویی بەرەنجام نەهات و کاری یەك دوو ڕۆژێ نەبوو، هەرچەندە هەوڵەکانی سەرەتا ئاڵۆز و قورس بوون، بەڵام بە شێوەیەکی هەست پێکراو دەرکەوت ئەم هونەرەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەوە ئامانجیەتی هاوڕێکی بکات لە نێوانی نەخشسازی مێژوویی و شێوەکانی بیناسازیدا، سەرەتاکانی خۆی زیندوێتییەکی بێ هاوتای لە خۆیدا هەڵگرتووە کە دواتر پەرەسەندنێکی پڕ لە بەهای بەخۆوە دی.

بەمەش شتێکی نوێ لە هونەری پەیکەرسازی مەسیحیدا سەرەتا گەلێکی وەرگرت کە بە ڕێبازێکی هونەریی نوێ دانانرێت یاخود ناتوانین بڵێین ڕێبازێکە نوێ، بەڵکو هونەرمەندەکان دەستیان کردە زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی هونەرە ون بووەکان، لەژێر کاریگەریی ئەم بارەدا چەندان فێرگەو پیشەگە بەدەرکەوتن کە هەریەکێکیان خاوەن کۆمەڵێ نموونە بوون. ئەم نموونانە کە کاریان لەسەر دەکراو بە شێوەی جیاواز نوێ دەکرانەوە لەبن دەستی پیاوانی ئایینییەوە دەخرانە ڕوو، هەر ئەوانیش دەستنیشانی پەیڕەو و پرۆگرامی کارکردنەکانیان دەکرد بۆ بەدی هێنانی بەرنامەیەکی بەرجەستەیی ئایکۆنۆگرافی پشت بەو گەنجینە هونەرییە دێرینانەی لە دێرەکاندا هەبوون. ئەم گەنجینانە کە موڵکی کەنیسەکان بوون گەلێ جۆری هونەری لەخۆ گرتبوو وەك دەستنووسەکان، بەرهەمی چنراو، کاری سەر عاج و چەندان پارچەی پەیکەری ڕۆمانی. هەر ئەم سوود لێوەرگرتنە هونەرییە جیاجیایە بووە مایەی جیاوازی لە شێوازی کارکردنی هونەری ئەو سەردەمەدا، هەر قوتابخانە و فێرگەیەك بە پێی ئەو نموونانەی لەبەردەستیاندا بوو، مامەڵە و ئەنجام دانی هونەریان دەکرد، ئەمەش وای کرد بەرەنجامەکان لە یەکتر نەچن و لێك جیاواز بن هەر لە شێوازی بینینی گشتییەوە تا جۆری مامەڵەوبەرجەستەکردنی تایبەتی جل و بەرگ و زوڵف و لەشی مرۆڤ و تا دەگاتە بەرجەستەکردن و نەکردنی سیماو حاڵەتە دەروونییەکان.

ئەم جۆراوجۆری مامەڵەکردنە بووە هۆی پەیدابوونی چەندان شێوازی کارکردن لەم بوارەدا، پێگەیشتن و پەرەسەندنیان لە سەدەی دوازدەیەمدا، ئەمەش بەرەنجامی سوودوەرگرتن بوو لەو نموونە سەرەتاییانە. بێگومان لەگەڵ ئەم پێکهاتن و کامڵ بوونە هونەرییەدا هاوکات هونەری بیناسازی لە گەشەسەندندا بوو، هەرچۆن دەست و پەنجەی پەیکەرسازەکانیش کارامەیی و پێشکەوتنی بەخۆوە دەدی، وا دەخواسترا هونەری پەیکەرسازی هاوشانی ئەو چوونە پێشەوەیەی بیناسازی بێت و بەشداربێت لە بنیاتنانی کەنیسە و دێرو کاتیدراڵەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە گۆڕانکاری لە پێوانەی بەرجەستە کردنەکەدا بکرایە، ئەمەش وای کرد پەیکەری گەورەو مەزن دروست بکرێت تا هاوشان بێت لەگەڵ دیوار و پایەو کۆڵەکە و تاقی کەنیسەکان تا لەم ڕێگەیەوە هونەری پەیکەرسازی بگاتەوە بە هونەری بیناسازیدا.

هەڵبەتە ئەم خواستە نوێیە ماددەی کارکردنەکانیشی گۆڕی. هونەرمەندەکان هیچ گرنگییەکیان نەدا بە تەواوی ڕێژەیی لەشی فیگەرەکان و ڕێسا سروشتییەکان و پابەندبوون بە توێکاری (التشريح) لەشی مرۆڤەکان، بەڵکو تەنیا مەبەستیان ئەوەبوو لەشی مرۆڤ وا لێ بکەن گونجاو بێت لەگەڵ دیزاینە نەخشسازییە بیناسازییەکاندا، ئەگەر حاڵەتەکە وەها داوا بکات

ڕێژەی لەشەکە بشێوێنن. ئەمەش لەگەڵ لێکدانەوەیەکی تردا جیاوازە و یەك ناگرێتەوە کە ئەو لێکدانەوەیە بەرجەستە کردنی لایەنە ڕۆحانیەکە دەکاتە پاڵنەرێك بۆ ئەم دەست تێوەردانە فۆرمییە (ئەگەر بتوانین وەها بڵێین) ئەگەر لە ڕوانگەی دووەمەوە بڕوانین ئەوا دەبینین هونەری پەیکەرسازی ڕۆمانسکی خاوەنی چەند سیماو جیاکەرەوەیەکی خۆیەتی ئەوانیش ئەگەر بکرێ ڕیزبەندیان بکەین لەم چەند خاڵەدا کۆدەبنەوە:

أ-خاوەن هێڵی ئاڵۆزە لە دیزایندا.

ب-شێوەکانی ئەبستراکتێکی سادەکراوەیە.

ج-زێدەڕۆییەك لە پێوانەو ڕێژەدا کراوە لە پێناو هەرچی زیاتر ڕوون و ئاشکرانواندنی هەڵچوونەکاندا.

د-گرنگی دان بە هەست کردن و دەربڕینی لایەنی ڕۆحی فیگەری مرۆڤەکان نەك لایەنی فۆرمی فیگەرەکان. هەر ئەم خاڵەشە بووەتە هۆی دروست بوونی خاڵی (هـ).

هـ-دیارنەبوون و نەنووسرانی ناوی هونەرمەندەکان لەسەر کارە هونەرییەکانیان ئەویش بەو هەنجەتەی ئەو کارە هونەرییانە فۆرمێك نین و بەس، بەڵکو هێما و نوێنەری ڕۆحانی ئەو کەسایەتییە پیرۆزمەندانەن.

د-بەرجەستەکردنی بوونەوەری سەیر و نامۆ لە شێوەو سیمایاندا، کە ئەو دیاردەیە لە هونەرەکانی پاش ڕۆمانسکدا بەم ڕێژەیە بەرچاو ناکەوێت. نموونەیەکی خێرا بۆ ئەم خاڵە ڕیلیفی ئەو بوونەوەرە سەیرانەیە کە هەستانەوە و ڕۆژی دوایین دەنوێنن لەسەر مردوویەك لە کەنیسەی ئاتون لە فەرەنسا.

گرنگی چوار خاڵی یەکەمە وای کردووە ڕەخنەگری جیهانی (هربرت ڕید) هونەری ڕۆمانسکی بە تایبەت دەستنیشان بکات لە میانی هونەری سەرەتای مەسیحییەتدا بە یەکێك لە حەوت شێوازە سەیرەکەی هونەری پەیکەرسازی مۆدێرنیزم پشتی پێ دەبەستێ و سروشی لێ وەردەگرێت. ئەو دەربارەی ئەم هونەرە وەها دەدوێت:

ساتێ دەڕوانینە هونەری شارستانیەتی سەرەتای مەسیحییەت یا هونەری ڕۆمانسکی و غووتی (کە ئەم هونەرانە کاریگەریی جەوهەریی کردۆتە سەر کارە هونەرییەکانی پیکاسۆ و هنری. مۆر)، خۆمان لە بەردەم چەندان تایبەتمەندی ڕۆحانی وەهادا دەبینین کە گرنگی و بەهای میتافیزیکی تەواو جیاوازی هەیە.

هەڵبەتە نکۆڵی لە هۆکارەکانی لێکدانەوەی ڕوانگەی یەکەم ناکرێت لە بە گەیشتنی بەو بەرەنجامە ئیستێتیکییانە، بەڵام تۆمارنەکردن و دیارنەبوونی ناوی هونەرمەندەکان لەسەر

بەرهەمە پەیکەرییەکان بە پێزییەکی هەرچی بالاتر دەبەخشێتە ڕوانگەی دووەم. لە بەرەنجامدا دەکرێت بلێین هەردوو هۆکارەکە ڕەنگە ڕۆڵی خۆیان دیبێت هەریەك بە جیا لە ئاست خۆیان و لە بەدی هێنانی ئەو ئامانجە ئیستێتیکییە نوێیەدا.

قوتابخانەکانی هونەری پەیکەرسازی لە فەرەنسا

قوتابخانەی هەرێمی لانجدۆك:

شاری تۆلۆز لە سەدەی یازدەدا بە سەنتەرێکی بە پیتی هونەر و ئەدەب دادەنرێت، هەردوو کەنیسەی سان سرنان و کەنیسەی سانت ئاتین لەخۆ دەگرێت، بە هەموو ئەو ئاسەوارە هونەرییە ناوازانەوە کە لە دووتوێی خۆی گرتووە تا ئێستاش زۆرێکیان هەر ماون و لە مۆزەخانەی ئەو شارەدا پارێزراون. لە بەناوبانگترین کەنیسەکانی تەرزی ڕۆمانسکی ئەم هەرێمە کە پەیکەری ڕۆمانسکی لەخۆ گرتبێت کەنیسەی (سان پیر)ە لە شاری مواساك، بە تایبەت ئەو دەروازە بەناوبانگەی کە یەکێ لە قەشەنگترین پەیکەری ڕۆمانسکی لەخۆ گرتووە دەربارەی ڕۆژی دوایین و هەستانەوەیە، مەسیح لە ناوەڕاستداو بە پێوانەیەکی گەورەتر لە هەموویان لەسەر عەرش دانیشتووە لە نێوان چەندان فریشتەی شێوە لەش لاکێشەییدا. لە دەوری ئەوانیش هێمای شێوەیی هەیە بۆ پەیامبەرو نێردراوەکان. لاکانی دەروازەکە بە شەش شێری بەرامبەر بە یەك ڕازێنراوەتەوە، هەردووانیان ڕوویان لە یەکترە. ئەم دەروازەیە دیمەنێك نەخشەسازیی بێ وێنە لە هونەری پەیکەرسازی ڕۆمانسکی بەدی دێنێت. ڕێژەکان گرنگییەکی تایبەتیان پێ دراوە و بە شێوەیەکی تایبەتیش بایەخ پێدان ئاراستەی بەدیهێنانی کۆمەڵێکی نەخشەسازی گونجاو لەم دەرگایەدا کراوە کە دواتر کاریگەری پۆزەتیڤی ئاراستەی کارکردنی پەیکەرسازی لە کەنیسەکانی تردا کردووە لە هەرێمەکانی لیمۆزان و خوارووی ڕۆژئاواو هەرێمەکانی ئیسپانیا بە تایبەتی کاتیدراڵی سان جاك دی کۆمبۆستیل.

قوتابخانەی هەرێمی ئۆڤێرنی:

زیاتر ئەم قوتابخانەیە لەژێر ڕێسا پەیڕەوکراوەکانی ڕۆمانیدا گرنگی بە تاج داوە، ئەمەش بە زیاتر لە کەنیسەکانی (نۆتردام دوپۆی) و کەنیسەی (سان جولیای دی بریود)دا دەبینین کە پارێزگاری لە شێوەی تاجی کۆرنثی و هێڵەکانی کردووە، تەنیا گۆڕانکاری لەپێکهاتەکانیدا کردووە بە پێکهاتەی زیندوو.

هونەری پەیکەری بیناسازی لە هەرێمی ئۆڤیرنیدا لە چەند پارچەیەکی بچووك زیاتر دەرنەکەوت، دەروازەی کەنیسەکانی بێ پەیکەرن و بە شێوەیەکی گشتی پەیکەری سەر

دیوارەکانیشی لاوازن لە وەیدامە هونەرییەکەیدا. لەسەر تاجی کەنیسەی (سانت فوادی کونك) نەبێت هەندێ ئاسەواری پەیکەرسازی دەبینین یاخود لەسەر دەروازە گەورەکەی پەیکەری ڕۆژی دوایین کە لە تەرزێکی باڵای پەیکەرسازی ئەنجامی داوە، خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆو واقیعی پتەوە.

قوتابخانەی هەرێمی بۆرجۆنیاو دۆڵی ڕووباری ڕۆن:

هاوکات ئەم هەرێمە لەگەڵ هەرێمی لانجدۆکدا هونەری پەیکەرسازی تێدا بەدەرکەوت لە هەندێ دەرگاو تاجی کۆڵەکەدا کە سەرەتایی خاوەن تەرزێکی خەیاڵی بوون، بەڵام لە ساڵی (١٠٢٥) بەدواوە هونەرێکی هەرچی زیاتر بە پێزو باڵا سەری هەڵدا، هونەرمەند تیایدا توانایەکی زیاتری خستەگەڕ بۆ ئامادەکردنەوەی ڕابردووی هونەریی لە دوو توێی بابەتی نوێدا. لە کاتیدراڵەکانی ئۆتان و دێرەکانی کلۆنی و ڤیزلییە چەندان پێگەی هونەری پەیکەرسازی دامەزران، پەیڕەوی تەرزێکی تایبەت بە هەرێمی (بۆرجۆنیا) یان دەکرد کە لێوان لێوی ژیان و شۆخ و شەنگی بوو.

ئەمەش لە هەندێ دەروازەدا دەبینین کە وێنەیەکە لە ڕۆژی هەستانەوە، لە نموونە جوانەکانی پەیکەری (حەوا)یە کە یەکێ لە دەروازەی دەرگاکانی تەنیشتی ڕازاندۆتەوە، ئەمە جگە لە کۆمەڵێ کاری هونەریی لەسەر هەشت کۆڵەکە ڕووداوەکانی ژیانی حەزرەتی عیسای لەسەر هەڵکۆڵراوە، بەڵام لە تەختی دەرگا گەورەکەی کەنیسەی ڤیزلیە دیزاینێکی گەورە هەیە لە هونەرێکی بەرزو لە بیرۆکەیەکی ئاینی تیایدا گوزارشت لە گیانی قدس کراوە کە دابەزیوەتە نێو نێردراوەکان دەستنیشانی ئەو دەوڵەتانەیان بۆ دەکات کە پێویستە تیایدا ئاینی مەسیحی بڵاوکەنەوە.

لە باری کەنیسەی (لیون)ی مەزن کە ساڵی (١٠٨٨) بنیات نراوە تەنیا هەشت تاج لە تاجی کۆڵەکەکانی هەیکەلەکەی ماوەتەوە، ئەمانەش بە ئاسەوارێك ناوزەد دەکرێن بێ وێنە لە بەرزی و شۆخیاندا بە باڵاترین کاری پەیکەرسازی مەزندە دەکرێت لە هەرێمی بۆرجۆنیا ئەم هەشت کۆڵەکەیە هێمای هەشت پلەی ئاوازەکانی مۆسیقای جریجۆریانییە و چوار وەرزەکە و چاکێتی و کێڵانی زەوی و هونەرەکان.

قوتابخانەی خوارووی ڕۆژئاوا:

هەتا ئەمڕۆش خوارووی خۆرئاوای فەرەنسا ژمارەیەکی زۆر لە کەنیسەی لەخۆ گرتووە کە تیایدا هونەری پەیکەرسازی سەردەمی ڕۆمانسکی چووەتە ئاستێکی بەرز و پەرەسەندنێکی گەورەوە ئەم قوتابخانەیە بە جوانی شێوەو مەزنی هەستی ئاینی جیادەکرێتەوە، ئەمانە گشت

لەژێر کاریگەریی ئوستاد و قەشەکاندا بابەتەکانیان بە مۆرکێکی هێماگەری ئایینی بەڕێوە دەچوو. دەروازەی ئەم کەنیسانە خاوەن تەخت نەبوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە زنجیری کەوانەیی لەخۆ گرتووە کە بە نەخشەسازییەکی گوڵ و درەخت ڕازێنراوەتەوە، هەرچۆن چەندان شێوەی لەشی مرۆڤی لەخۆ گرتووە بە لاوازی و لاکێشەیی بە دوای هێڵی زنجیرەکاندا کشاون. بە هاوڕێکی ڕووەو کلیلی تاقەکان ئەم شێوانە درێژبوونەتەوە. ڕووی کاتیدراڵی (نوتردام دی لاگراند) لە شاری پواتیە بە ئاسەوارێکی تاشراو والایە، بەشێکی ئەم ڕووە بابەتێکی ئایینی بەرجەستە کردووە کە ئازاری پەیامبەرەکانی پێ دەوترێت.

هونەری پەیکەرسازی ڕۆمانسکی لە ئیتاڵیادا

قوتابخانەی هەرێمی لۆمباردیا:

لە سەدەی دوازدەدا لە سەرووی ئیتاڵیا قوتابخانەیەکی پەیکەرسازی سەری هەڵدا بە پێز لە بەخشینیدا خاوەن ئاسەوارێکی ناوازە، هەردوو پەیکەرساز نیکۆلاس و غلیوم نەخشەسازی کەنیسەکانی ڤیرۆناو کریمۆنا و مۆدنای کردووە. ئەم ئاسەوارانە لە دیمەنێك پێکهاتبوون خاوەن شێوەی جۆراوجۆر و کەسایەتی بەرجەستەکراو بە پێوانەی گەورە دروست کراو بە پەیکەری ڕیلیفی بەرز دیزاینی ئەم ئاسەوارە نەخشەسازییانە لە دەروازەی هەموو کەنیسەکاندا بە شێوازێکی سادەو ڕێکخراو بە دەردەکەوێت، لە حاڵەتێکی هێمندا لەشی کەسایەتییەکان پڕاوپڕن لە گورجوگۆڵی، هەست کردنێك بە ویقاری ئایینی لە ڕوویاندا دیارە. ئەم کارانە بە نزیکی ساڵی (١١٢٥) جێبەجێ کراون. لە نیوەی سەدەی دوازدەیەمەوە ساتەوەختی دەرکەوتنی هونەرمەندێکی بلیمەت بوو کە بیندتۆ ئەنتێلانی ناوبوو، ئەم هونەرمەندە کارکردنی لەژێر کاریگەریی هونەری پەیکەرسازی فەرەنسیدا بوو، یەکەمین کاری ئەو کە تیایدا پارێزگاری و پەیڕەو لە ڕێسا سەرەتاییەکان کراوە بینای کاتیدراڵی پارما بوو کە لە ساڵی (١١٧٨)دا جێبەجێی کردووە، ئەمێستا شتێك لەو ئاسەوارە بەنرخە نەماوەتەوە تەنیا تاجێك و پارچە پەیکەرێکی ڕیلیفی نەبێت کە تیایدا هاتنە خوارەوەی مەسیح لەسەر خاچەکەوە بەرجەستە کراوە، لە وردەکاری کارکردنیدا لە گشت بەشەکانی ئەم پەیکەرەدا لە کاری زەرەنگەری دەکات. هەروەها ساڵی (١١٩٦) ئەنتێلانی بونیاتنانی شۆردنگەی بەردەم کاتیدراڵەکەی کرد و لەسەر ڕووی دیوارەکانی ئاسەوارێکی بۆ جێ هێشتووین لە پەیکەری ڕیلیفی ناوازە، کە تیایدا هەمان ڕێگەی نەخشەسازی گرتۆتە بەر کە لە جێبەجێ کردنی کاتیدراڵی (بۆرجۆسان دۆنینۆ)دا گرتبوویە بەر لە نزیك شاری مۆدینا. پەیکەرێ لەسەر دەرگا

سەرەكییە گەورەكەیەو هەندێ پەیكەری فریشتەو ڕووداوی هەڵبژاردە لە ڕووداوی ژیانی مەسیح لە تەكیدا بەرجەستە كراوە. لەسەر هەردوو شانی دەرگاكە دوو پەیكەری گەورە بۆ پەیامبەران داود و حزقیال دانراوە. لەسەر قەراغی سەروو ئەمانەش بەسەرهاتی پیرۆزمەند (دۆمنیۆس) شەهیدی كەنیسەكە. لە شاری ڤینیسیاش هەندێ جێدەستی هونەری ڕۆمانسكی بەدی دەكرێت لە كاتیدراڵی (سان مارك)ی بێزەنتی.

قوتابخانەكانی خواروی ئیتاڵیاو سقلیە:

هونەرمەندانی خواروی ئیتاڵیا بیریان لە ڕازاندنەوەی پێداویستی و شتومەكی نێو كەنیسەكان كردەوە، بە تایبەت پێگەی بانگدان و كورسی قەشەكان بە نەخشەكاری مەڕمەڕی، بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لە تەرزی نەخشەسازی ڕۆژهەڵاتی وەرگرت لە سەدەی دوازدەوە ئالوودەی هەڵكۆڵینی ئەم نەخشەسازییە بوون. ئەو دەمەی دوورگەی سقلیە كەوتە ژێر فەرمانڕەوایی نۆرمەندییەكان لە سەدەی دوازدەدا، بووە پێگەیەك فراوانتر لە گشت جێیەك بۆ خەملاندنی هونەرێكی پتەو، كارێكی سەركەوتوو ڕەچاو دەكەین كە نەخشەسازو هونەرمەندە بێزەنتی و عەرەبە موسڵمانەكان هاوشانی یەك ئەنجامیان داوە.

لە تەك هونەرمەندانێك كە لە پێگەی جیاوازی ئیتاڵیاو فەرەنساوە هاتبوونە ئەوێ. مەلیك غلیومی دووەم ساڵی (١١٨٢) كاتیدراڵی مونریالی دروست كرد كە دواتر دێرێكی بۆ قەشەكان خستە سەر، تاق و كۆڵەكەكانی هەندێ بە مۆزائیك ڕووپۆش كراون و هەندێكی تر وێنەی زۆر ورد و بە سەلیقەی لەسەر كێشراوە، تاجەكانی بە باڵندەو گیانەوەری سەیرو نامۆ ڕازێنراوەتەوە، ئەمە جگە لە وێنەی وەرگیراو لە ئینجیل. لەسەر یەكێ لەم تاجانە مەلیك غلیوم خۆی دەبینێ كە ئەم كەنیسەیە پێشكەش بە مریەمی پاكیزە دەكات، ئەم كۆمەڵەش تاقە ئاسەواری ساغە كە مابێتەوە لە بارێكی باشدا هەتا ئێستا و بە جوانترین ئاسەواری هونەری ڕۆمانسكی لە ئیتاڵیادا دادەنرێت.

هونەری نیگاركێشان و وێنەی دەسنووسە مینیاتۆرییەكان

هونەری نیگاركێشانی سەردەمی ڕۆمانسكی بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت:

جۆری یەكەمیان خاوەن پشتینەیەكی (باك گراوند) تاریكن و جۆرەكەی تر پشتینەكەیان ڕووناك و كراوەیە، لە جوانترین كاری دیواربەندی فریسكۆیی ئەو كارانەن كە دیواری كەنیسەكانی سان ساڤان و لیجیت و مۆنتواری گرتۆتەوە. هەندێ كاریگەری بێزەنتی تێدا بەدی دەكرێت، هەر ئەم كاریگەرییە ڕۆژهەڵاتییە لە هەندێ دیواربەندی فریسكۆیی هەرێمی

کەتالۆنیا بەدی دەکەین لەسەر دیوارەکانی کەنیسەی نۆتردام دی بوهی، تەنانەت هەندێ دەقی بە پیتی یۆنانی نووسراو بەرچاو دەکەوێت.

لە ئیتالیاو لە هەرێمی لۆمباردیا هەندێ فریسکۆی ڕۆمانسکی پارێزگاری کراوە، بە تایبەت لە کەنیسەی سان فنشنزود دی جالینۆ، بەڵام لە شاری ڤینیسیا زۆربەی نیگارەکان دیواربەندی مۆزائیکییە، شاری ڕۆماش بەو فریسکۆیانە دەناسرێت کە کەنیسەی سان کلمنتی ڕازاندۆتەوە.

کاریگەریی بێزەنتی لە ڕێی هاتوچۆی گەورە قەشەکانەوە خۆی گەیاندە خوارووی ئیتاڵیا کە ئەم هاتوچۆیانە بە مەبەستی هێنانی هونەرمەندان بوو بۆ نەخشەسازی کردن لە دێرو کەنیسەکاندا، هەرچۆن زۆر پارچەی ئاسەواری هونەریان هەر لەوێ دەکڕی.

لە ئەڵمانیاش بە تایبەت هونەری مینیاتۆری لەسەر دەستی ئیمپراتۆر ئۆتۆنی دووەمدا پەرەی سەند و چەندان فێرگەی بۆ کرایەوە لەوانە قوتابخانەی ڕیچناو، قوتابخانەی ڕاتسبون و هی تریش. لە جوانترینی ئەم دەستنووسانە ئەو یەکەیانە کە ناسراوە بە ڕیجستروم گریگۆری کە قەشە ئیگبیر بەخشییە کاتیدراڵی تریڤز، لەم دەستنووسە بەناوبانگە تەنیا دوو کاری مینیاتۆری لێ ماوەتەوە کە یەکەمیان وێنەی پیرۆزمەند گریگۆرە لە کتێبخانەی تریڤزدایە ئێستا. دووەمیان ئیمپراتۆر ئۆتۆنی دووەمە لەسەر تەختی دەسەڵاتەکەی دانیشتووە کە ئەویش ئێستا لە مۆزەخانەی کۆندیەیە نزیك پاریس.

لە بەناوبانگترین قوتابخانەکانی هونەری دەستنووسەکانی فەرەنسا ئەو قوتابخانەیەیە کە لە بەشی خوارووی فەرەنسادایەو کاریگەریی ئیسپانی لە سەرەو پابەندییەتی لە بەنرخترین بەرهەمیان بەناو (سان سیڤیر)ە کە لە کتێبخانەی ئەهلییە لە پاریس.

لە سەدەی ناوەڕاستدا ساتێ نیگارکێش و پەیکەرسازەکان بابەتە پیرۆز و کەسایەتییە ئایینییەکانیان بەرجەستە دەکرد، لەسەر ڕێسا و ڕێڕەوێك دەڕۆیشتن لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە بۆیان دەستنیشان دەکرا، ئەم ڕێسا ئایکۆنۆگرافیانە ڕێزی تایبەتی لێدەگیراو دەبوایە هونەرمەندەکان پەیڕەوییان بکردایە بەبێ گۆڕان و دەسکاری، ئەمەش وەنەبێت تەنیا لە شوێنێك یا وڵاتێکدا وا بووبێت، بەڵکو سەرانسەری ئەوروپا وەها مامەڵەی ئەو ڕێسا بنچینەییانەیان دەکرد. بەشێکی باشی ئەو ڕێسا هونەرییانە لە هونەری بێزەنتییەوە مابۆوە بۆ ئەو وڵاتانەی ئەوروپا، هەندێکی کەمیشی ئەفرێنراوی ئەوروپا خۆیان بوو. لە نموونەی ئەو ڕێسا هونەرییانە ئە و ڕووناکییە کەوانەییەیە (الهالة) کە لە دەوری سەری کەسایەتییەکان دادەنرا، ئەمەش هێمایەك بوو بۆ پیرۆزی، بۆیە دەبینین هەموو پیرۆزمەندەکان بەبێ ئەو کەوانە ڕووناکییە دەرنەکەوتن. ئەو کەوانە ڕووناکییە خاچی لەنێودا بێت بۆ حەزرەتی عیسا

تەرخان کراوە، پێی ڕووتیش لە سیمای یەزدان و حەزرەتی عیسا و فریشتە و پاکیزەیە، بەڵام لەو وێنانەدا کە پشت (بە ئینجیل) دەبەسترا بۆ وەرگرتنی، پێگەو دانانی کەسایەتییەکانیش بە پێی بنەمایەك بوو کە جێگیر بوو، لەو دیمەنانەدا کە دوا شێوی دەنواند بۆ نموونە دەبوایە عیسا و نێردراوەکانی لە لایەك دەرکەوتنایەو یەهوزا لە لاکەی تر، لە دیمەنی لە خاچدانی مەسیحدا هەمیشە مریەمی پاکیزە لەلای ڕاستی بوەستێ و پیرۆزمەند یوحەننا لەلای چەپی. هەندێ لەم ڕێسایانە کە نەوەکانی مەسیحییەت پشتاوپشت بۆیان مابۆوە سەرەتای سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە هونەری قیبتی نموونەی ئەمە ئەو شێوانەن کە بوونەتە هێما(***) بۆ پیرۆزمەندان یوحەننا و مەتی و لۆقاو مەرقەس کە چوار دانەری (ئینجیل)ن، ئەم شێوە هێماییانە بڵاو و پەخش بوون بەسەر هەموو بەرهەم هێنراوێکی هونەریدا، بە تایبەت لەسەر دەرگای کەنیسەکانی ڕۆمانسکی و غووتی، ئەگەر لە بنەچەی ئەم هێمایانەش بکۆڵینەوە هەر دەچێتەوە سەر هونەری قیبتی کە لە دیمەنێکدا دەبینین مریەم شیر بە مەسیح دەدات لە پەیکەری ڕیلیفی فیرعەونی وەرگیراوە (بە زۆری بۆچوونەکان) ساتێ زۆر لە شێوەکان دەبینین خواوەندی ئیزیس دەنوێنێت شیر بە کوڕەکەی (هورس) دەدات.

هەرچۆنێك بێ هونەری قیبتی کاریگەرییەکی ئاشکرای لەسەر دەستنووسە ئیرلەندییەکان داناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەشە میسرییانەی ئایینی مەسیحیان لە ئیرلەندە بڵاوکردەوە.

پەراوێزەکان:

١-ئەمەش بە ناوی پیرۆزمەند بندکت (سان بنوا)، دامەزرێنەری قەشەگەرێتی بندیکتی.

٢-خاچی گریکی ئەو جۆرە خاچەیە باڵە درێژ و پانەکەی یەکسانە.

٣-مەبەست لەم خاچە خاچی لاتینییە کە باڵە درێژەکەی بەناو باڵە کورتەکەیدا گوزەر دەکات و درێژترە.

٤-ترانسیپت (Transept): ئەو ڕێڕەوەیە بە پانایی حەوشی کەنیسەکە دەبڕێت لە هەردوو لاوە لێی دەردەچێت، باڵە کورتەکەی خاچەکە دەنوێنێت، یاخود بریتییە لە باڵە کورتەکەی خاچەکە.

*تەرزی بازیلیکی لە شێوەی لاکێشیدایە، هۆڵێکی گەورە پێك دەهێنێت گومەزێ سەری گرتووە، پەنجەرەکانی لە بن بنمیچدایە، بۆ کۆبوونەوەی گشتی خەڵکی ئەو هۆڵە گەورەیە بەکارهاتووە. لە نموونەکانی ئەم کەنیسەیە: کەنیسەی (قدیس بطرس)ی کۆن لە ڕۆما، کەنیسەی سان صوفیا لە ئەستەنبوڵ کە ئێستا مزگەوتە.

**ئەم ناولێنانە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی بنەڕەتییان لە هەرێمی ئیزۆریا لە ئاسیای بچووك، فەرمانڕەوایی ئەم خێزانە تا ساڵی (٨٤٣) زاینی خایاند.

***شێوە هێماییەکان ئەمانەن: هەڵۆ هێمایە بۆ یوحەننا، فریشتە بۆ مەتی، گا بۆ لۆقا، شێر بۆ مەرقەس.

سەرچاوەکان:

١-محيط الفنون: مجموعة من الاساتذة/ الفن الرمانسكي، الاستاذ حنا سميكة، درالمعارف بمصر، التأريخ بلا.

٢-معنى الفن: هربرت ريد، ترجمة سامي خشبة، دار الشئوون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، ١٩٨٦، بغداد.

٣-فنون الغرب: في العصور الوسطى و النهضة و الباروك، نعمت اسماعيل علام، دار المعارف بمصر ١٩٧٦.

٤-الفنون القديمة: موسوعة تأريخ الفن و العمارة، الدكتور عفيف البهنسي، المجلد الأول، دار الرائد العربي، دار الرائد اللبناني، الطبعة الأولى ١٩٨٢.

٥-النحت الحديث: هربرت ريد، ترجمة فخري خليل، مراجعة جبرا إبراهيم جبرا، دار المأمون بغداد ١٩٩٤.

هونەری غووتی
(١١٥٠-١٤٠٠)

پێشەکی:

یەکەمین جار کە وشەی غووتی یاخود گووتی (Goth) بەکارهات لە سەردەمی ڕێنیسانس-دا بوو لەسەر دەستی هونەرمەند و مێژوونووس "ڤازاری" کە لە نووسین و دانراوەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە و هونەری ئەو ماوە مێژووییەی بێ ناوزەد کردووە، ئەم ناولێنانەش لە شتێك بە کەم زانینەوە هاتووە، چونکە هونەرمەندانی ڕێنیسانس بە چاوێکی سووك و بێ بایەخەوە دەیان ڕوانییە ئەم هونەرە، هەر لەبەر ئەمەشە گەر بۆ مانای بنەڕەتی وشەکە بگەڕێین واتە وشەی گووتی دەبینین بە مانای هەمەجی دێت، هەر بۆیە وەهاشیان ناو لێناوە، چونکە ئەم هونەرە بە دوور بووە لە بنەما کلاسیکییەکانی یۆنان و ڕۆمان لە هونەردا هەرچۆن هەندێ لە مێژوونووسانی هونەر ناویان لێناوە هونەری فەرەنسی، چۆن زێدی یەکەمی ئەم هونەرە فەرەنسا بووە لە سەدەی دوازدەیەمدا. هەر لەو مێژووەشەوە لەم هونەرە هەموو ئەوروپای ژێر دەسەڵاتی ڕۆمای گرتەوە تا سەدەی شازدە.

هونەری غووتی هونەرێکی بیناسازی و ئایینیە و هەموو هونەرەکانی تری وەك پەیکەرسازی و نیگارکێشان و نەخشەسازی خستۆتە ژێر باڵ و خزمەتی خۆیەوە تا لە پێداویستییە بنیات نەرەکانی کەنیسەدا بەکاریان بهێنێ. ڕاستە هونەری غووتی دوو جۆری جیاوازی لە یەکتر هەبووە، بەڵام زۆرێك لە سەرچاوەکان تەنیا لە بارەی هونەری غووتی ئایینی دەدوێن، تەنیا ڕەخنەگری جیهانی "هربەرت ڕید" نەبێت کە ئاماژە بە هونەری غوتی میللی دەکات لە پاڵ هونەری غووتی ئایینیدا.

گەر لەم شارەزاییە بترازێ کە ئاسەوارێکی ئەوتۆی لە جۆرە ئایینیەکە نەماوە و لە بارەی جۆرە میللییەکەشی ئەوا دەڵێت هیچ ئاسەوارێکی نەماوە، ئەوا دەتوانین لەسەر هەردوو هونەری ڕۆمانسك و غووتی بدوێین کە یەك بە دوای یەکدا لەچاو هونەری بێزەنتیدا هەنگاونانی هەرچی زیاترە بەرەو بە واقیعی بوون بە تایبەت هونەری غووتی لە ڕۆمانسك زیاتر لە واقیع نزیك دەبێتەوە و لە بەرجەستەکردنی لایەنە ڕوحانییەکە دوورتر

دەکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە هربەرت ڕید بە دەست خستنە سەر و جەخت کردنێکی زۆرەوە دەستنیشانی هونەری ڕۆمانسك دەکات لەنێو هونەری سەردەمی مەسیحیی سەرەتادا بۆ پشت پێبەستنی کاروانی هونەری نوێ لەو حەوت شێوازە هونەرییە نامۆو سەیرانەی کە وەك بنەمایەك بۆ ئەو کاروانە ئاماژەی بۆ کردون.

لە دوا وتەی ئەم پێشەکییەدا ئەوە ماوە بوترێت هونەری غووتی گەیشتنە بە لوتکەی هونەری ئایینی، هونەرێکی ئایینی کە تەبا بێت لەگەڵ بەدنیایی کردنی ئاییندا، چون ئیتر لە دوا ئەم هونەرەو ئەم سەردەمە هونەر هەنگاوی خێراو گەورە دەنێت بەرەو دنیای بوون.

ئەمە دوا سەردەمێکی هونەرە کە تێیدا هونەر بە یەکپارچەیی و شێوەیەکی ڕەها تەرخان بێت بۆ ئایین. چون لە دوای ئەم ماوەیە سپێدەکان بەرەو بەیانی ڕێنیسانس لە ئەورووپا بەدەردەکەون.

دوای پێشەکی:

ساتێ باس لە هونەرێکی وەك هونەری غووتی دەکەین دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت لە یەکێك لە هونەرە خاوەن تایبەتمەندییە جیهانییەکان دەدوێین، لە دوای هونەرەکانی: سەرەتایی، کلاسیکی، ڕۆژهەڵاتی. ئەمانە ئەو هونەرانەن کە بە نموونە جیهانییەکانی هونەر ناوزەد دەکرێ. هونەرەکانی تر جگە لەمانە هەرچییەك بن، بە بەشێك و پارچەیەك و درێژکراوەی ئەو چوار هونەرەی پێشوو دادەنرێن.

ڕاستە هونەری غووتی لە هونەری ڕۆمانییەوە سەرچاوەی گرت، خودی هونەری ڕۆمانیش خۆگونجانێکی رووکەشی بوو کە هەستیاریی سەرووی ئەورووپا پشت بە توخمە بنەڕەتییەکانی هونەری کۆنی ڕۆژهەڵاتی دەیبرد بەڕێوە، وەختێ هونەری ڕۆمانی هەرچی زیاتر بەرەو هونەری غووتی دەچوو. هونەری غووتیش ڕووەو لوتکە هەنگاوی دەنا. لە بڕینی ئەم ڕێڕەوەدا ڕۆژ بە ڕۆژ هونەری غووتی زیاتر بەرەو هونەرێکی ئەفرێنراوی سەرووی ئەورووپا دەچوو، تا لە کۆتاییدا بە تەواوەتی خۆی لە سەرەتاکانی جیاکردەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. لە بەدیهاتنی ئەم بەرەنجامەدا بیری مەسیحی ڕۆڵی خۆی هەبوو کە ئەودەمە ببووە بیرێکی جیهانی، قەشەو پیاوە دینییەکانیان لە هەر کوێیەکی جیهان بوونایە بە زمانێك دەدوان. کەنیسە و پێگە ئاینییەکان ببوونە مەڵبەندی سەرەکی بۆبە بە دیارکەوتن و جێبەجێ کردنی ئەم تەرزە نوێیەی هونەر، چون هەر ئەم جێگانە بووبوونە مایەی کۆبوونەوە کۆمەڵگەی ئەوکاتە بەبێ جیاوازی توێژو چینەکان.

پەرەسەندنێکی گەورە لە فەلسەفەی ئایینی مەسیحیدا لە نیوەی سەدەی دوازدەیەمەوە بەدەرکەوت. پێشڕەوایەتیی ئەم پەرەسەندن و گۆڕانکارییانە لە لایەن قەشە ڕۆشنبیرەکانەوە بوو کە ئاگاداری چوونە پێشەوە و پێشکەوتنە زانستییەکان بوون لە ئەوروپادا بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری. هەردوو زانکۆی فەرەنساو ئۆکسفۆرد دوو پێگەی سەرەکی تیشکی ئەم زانستە بوون.

بەرەنجامی ئەم بووژانەوە زانستییە گرنگی زیاتر درا بە باوەڕهێنان لە ڕێگەی قەناعەت پێ کردنەوە لە بری سەپاندنی ئایین لە ڕێی زۆر و ترسەوە، ئەم خواستە ئاینییە نوێیە کاریگەریی کردە سەر هونەری ئەو سەردەمە و لە پێش هەموویانەوە کاریگەریی کردە سەر هونەری بیناسازی کە سەرەکیترین و گرنگترین گۆڕەپانی پیادەکردنی ئەم بارە نوێیە بوو. لێرەدا بوو هونەری بیناسازیی غووتی سەری هەڵدا بە گۆڕانکاری لە دیزاینی گشتیدا و لە شێوازی پایەو دالان و کۆڵەکەیدا. کە دواتر دێینە سەر باسکردنی ئەوەی جێی ئاماژەیە هونەری غووتی لە دوو بەش پێکهاتووە هونەری غووتی پیرۆز (المقدس) و هونەری غووتی میللی. دووەمیان بەوە دەناسرێت زیاتر مۆرکی خۆماڵی پێوە دیاربێت و هەموو شێوەیەکی دەرەکیشی گونجاندووە بە پێی پێداویستی ناوخۆیی، هەرچەندە شتێکی کەم لە هونەری کەنیسەی غووتی ماوەتەوە، بەڵام لە بارەی هونەری میللی غووتی هیچ شتێ جێ نەماوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چون هیچ کەسێك وەك هونەر تێی نەڕوانیوە و پێودانگی بۆ نەکردووە و بەهای پێ نەبەخشیوە تا پارێزگاریی لێ بکات.

گەر سەرنجێکی خێرامان ئاراستەی هونەری سیرامیك و گۆزەگەری ئەو سەردەمە بکەین لە دوای بە میللی بووندا بگەڕێین تێیدا، ئەوا چ لە ماددەی بەکارهێنان و دوادەست تێوەردانیدا (اللمسة الأخيرة) هیچ سیمایەکی ئاسایی بەدی ناکەیت کە لە کاری هونەریدا هەیە. بەڵام لە بارەی ئەو قاپانەی لە خەزەفی سەدەی ناوەڕاستدا هەیە لە لایەنی توانای ڕیتمی هێڵەکانی و سرووش بەخشینی ڕاستەوخۆی بارستایی و پێوانەی بە پێودانگێکی شێوەکاری لە ئاستێکی بەرجەستەیی جوانی وادایە کە هاوشان دەکرێت بە قاپە برۆنزییەکانی سەردەمی خێزانی تشاو لە چین، یاخود بە هەندێ پارچەی دیاری کراوی پەیکەری زنجی.

ڕاستە هونەری سیرامیکی ئەم سەردەمە لە ئاست هونەری پەیکەرسازیدا نییە (گەر سەرنجێك خێرا بدەینە پەیکەری بێ سەروقۆڵی بەردینی ئینگلیزی کۆتاییەکانی سەدەی سێزدە لە کەنیسەی ونستر دەتوانین هەموو ناسکییەکی شاراوە لە یەکێ لە ئایینە مەزنەکان و باڵایی ڕۆحانی بەرجەستەکراو لە بەردێکدا ببینین).

لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین بەبێ بوونی توانا لە پیشەسازیی سیرامیکدا ئەم سەردەمە نەیدەتوانی پەیکەرسازی بەدەست بهێنێت. یەکەمیان سادەو سەرەتاییەو دووەمیان ڕۆحانی و ئاڵۆزە، بەڵام پێکەوە یەکەیەکی شێوەکاری بەدی دێنن کە هونەر بێ ئەو یەکەیە بوونی نییە.

بیناسازی

گۆڕانکاری لە بیناسازیدا لە فەرەنساوە سەرچاوەی گرت، ئەویش بە ناڕەزایی هەندێ لە قەشە فەرەنسییە دڵ گەرمەکان بۆ بیروباوەڕی نوێ و بەرامبەر بەکارهێنانی شێوازەکانی بیناسازی کە لە تەرزی ڕۆمانی پێش مەسیحیەتەوە وەرگیرابوو. وەك بەکارهێنانی داڵانە کەوانەییەکان. هونەرمەندان لەم پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەدا گەیشتنە بەدی هێنان و ئەفراندنی تەرزێکی نوێی هونەری مەسیحی کە هەرچی زیاتر ناسك و ڕووناکتر بێت، هەرچۆن تەرزی غووتی دادەنرێت بە یەکەمین تەرزێکی بیناسازی لە ئەوروپادا کە خۆی دەرباز کردبێت لە کاریگەریی هەردوو هونەری ڕۆمانی و بێزەنتی لە شێوازی هونەری و چ لە ناوەڕۆکدا. بنەمای ئەم گۆڕانکارییانەی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە هزر و بیرکردنەوەی ئایینی مەسیحیدا ڕوویان دا ئەویش بە گەیشتن بە (دوانەیی ڕاستی) (ثنائية الحقيقة) کە پێشتر هەموو گرنگی دانێ بە سیمای دنیایی دوورکەوتنەوە بوو لە سیما ڕوحانییەکان، بەڵام گۆڕانی ئەم بیرکردنەوە و لێکدانەوەیە بۆ ئەوەی لە هەموو سیمایەکی دنیاییدا سیمای ڕۆحی هەیە خۆی لە خۆیدا باوەڕهێنان بوو بەوەی دوو سەرچاوەی جیاواز هەن بۆ ڕاستی: باوەڕ و زانست، دەسەڵات و ئاوەز، لاهووت و فەلسەفە کە هاوڕێك نین لەگەڵ یەکتر، بەڵام هەر کامێکیان دەتوانن گوزارشت بکەن بە شێوازی تایبەتی خۆیان لە جۆرێك لە ڕاستی. ئەم بیرکردنەوە نوێیە تاکە ڕێگەی چارەسەر بوو بۆ سەردەمێك کە دەست بەرداری ئیمان نابێت لە پێناو زانستدا هەرچۆن دەست لە زانستیش هەڵناگرێ بۆ ئیمان.

گەر بێینەوە سەر گۆڕانکارییەکانی ڕوویان دا لە بیناسازیی غووتی-دا دەتوانین لە چەند خاڵێکدا چڕیان بکەینەوە:

یەکەم: دەرکەوتنی داڵانە یەکتر بڕەکان و دروست کردنی داڵانی تر لە سەری، بەم داڵانە یەکتر بڕانە (کە بۆ یەکەمین جار لە فەرەنسا بەدەرکەوت) دەوترا ئۆجیف (Ogive) لە سەدەی دوازدەهەمدا لە سەدەی سیازدەهەمدا بیناسازەکان تایبەتمەندێتی ئەم قۆڵە یەکتر بڕیوانەیان تا ئەوپەڕی توانای بەکارهێنا، بەمەش بیناسازیی غووتی ڕزگاری بوو لە دوا کاریگەرییەکانی بیناسازیی ڕۆمانسکی.

دووەم: بەکارهێنانی دالآنی هەڵتۆقیو لە بری دالآنی کەوانەیی و نیمچە کەوانەیی ئەمەش لە خزمەت ئەو گۆڕانکارییەدا بوو کە لە دالآنە لاکانەوە بووە دالآنە یەکتر بڕەکان.

سێیەم: دروست بوونی پایە فڕیوەکان بەرەنجامی بالآبوون و بەرزبوونی کەنیسەی غووتی ڕانەگرتنی ئەو بەرزییەش لە لایەن پایەو دالآنەکانی ناوەوەی. ئەم پایانە لە دەرەوە بنیات نران.

چوارەم: دەرکەوتنی پەنجەرەی گەورەو ڕەنگاوڕەنگ لەسەر دەروازە و دیواری بەرزی کەنیسەکان کە پێیان دەوترا پەنجەرە گوڵینەکان. لەبەرئەوەی فەرەنسا لەو سەردەمانەدا خاوەن دەسەلآتێکی (شاهانە) مەلەکی بەهێز بوو، شارەکانی سەربەخۆو دەوڵەمەند بوون، دەبینین ئەم شارانە سەرگەرمی پێشبڕکێ کردن بوون لەگەڵ یەکتردا لە بنیاتنانی کەنیسەو پێگە ئایینیەکاندا، هونەری بیناسازی غووتی گەیشتە چلەپۆپەی سەردەمی خۆی لە سەرووی فەرەنسا، هەرچۆن دواتر گوێزرایەوە ڕووەو وڵاتانی تری ئەوروپاو لە پێش هەمووشیانەوە ئینگلتەرا، دەبێت تێبینی ئەوە بکەین ئەم هونەرە چ وەك پەیڕەو چ وەك شێوازی کارکردن تێیداو بەخشینی بەرەنجامی، هاوتا نەبوو بە فەرەنسا، چون لە هەر وڵاتێك تێکەڵ بە کولتوورو پێشینەی ئەو میللەت و وڵاتە دەبوو، بۆ نموونە هەرگیز بەرەنجامەکان لە ئیتاڵیا وەك فەرەنسا لە لایەك و وەك هیچ وڵاتێکی تری ئەوروپا نەبوو لە لایەکی ترەوە. ئەویش بە هۆی کاریگەریی هەردوو هونەری بێزەنتی و ڕۆمانییەوە لەسەر جووڵەی هونەری لە ئیتالیادا.

هێڵکاریی سەرەکیی بیناسازی کەنیسەی غووتی لەسەر شێوەی خاچە، کە ئەو دەروازەیەی لەسەر باڵە کورتەکەی خاچەکەیە دەمانباتە سەر دالآنێکی سەرەکی بە قوربانگەیەك کۆتایی دێت و ئەویش چەندان نوێژگەی لێ دەبێتەوە، دالآنی هەڵتۆقیو کە ئەوانیش یەکتر دەبڕن، ئەم دالآنەش لەسەر پایەو کۆڵەکە وەستاون لە هەردوو قاتەکەدا نموونەی ئەمە لە کەنیسەی نۆتردام-دا بە ڕوونی دەردەکەوێت لە شاری پاریس کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١١٦٣-١٢٠٠).

گەر لە دەروازەی کەنیسەی غووتی بڕوانین دەبینین چەندان دەرگای هەیەو دوو تاوەری گەورە لەسەر هەردوو لایەنی، لەسەر دەرگا سەرەکییەکەوە پەنجەرەیەکی بازنەیی گەورە هەیە کە ڕووپۆشە بە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ، هەرچۆن لە چەقی پێگەیشتنی هەردوو باڵی خاچەکەدا گومەزێك هەیە کە سەری گیراوە بە تاوەرێکی هەڵتۆقیو کە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بەرەو ئاسمان.

پشت بە پتەوبوون و بەرزبوونی کەنیسەی غووتی پەنجەرەی گەورەی تێدا بنیات نرا کە ئەم پەنجەرانە بوونە یارمەتیدەرێکی چاك لە ڕووناك کردنەوەی ناو کەنیسەی غووتی لە

لایەك و لە لایەکی تریش پێچەوانە بوونەوەی ئەو ڕووناکییە ڕەنگاوڕەنگەی پەنجەرە شووشە ڕەنگاو ڕەنگەکان بۆ خۆی کەشێکی تایبەت و ڕۆحانی دەبەخشییە ناوەوەی. لە جوانترین نموونەکانی تەرزی غووتی کەنیسەی (شارتەر و ڕیمز)ە لە فەرەنسا و هەردوو کەنیسەی (سالیزبوری و گلۆستەر)ە لە ئینگلتەرا. لە بارەی ئیتالیاشەوە وەك وتمان کاریگەریی ئەم هونەرە لەوێ کەم بوو، هەرچۆن گۆڕانکاریی تایبەتیشیان بەسەردا هێنابوو، وەك نەمانی تاوەر لەسەر دەروازەی کەنیسە و کەم کردنەوە و بچووك کردنەوەی پەنجەرەکان ئەمەش لە کەنیسەی فلۆرەنسادا بەدەردەکەوێت، بەلام لە ژوورووی ئیتالیا زیاتر تەرزی غووتی ڕەچاو کراوە لە کەنیسەکاندا وەك کەنیسەی میلانۆ کە لە ساڵی (١٣٨٦)دا دروست کراوە.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بدەین بە هەرچی زیاتر بوونی بۆشایی نێوان دەسەلاتی ئایینی و دەسەلاتی دنیایی کە پێشتر هێند لێك نزیك بوون کە دەتوانرا بلێین یەك بوون، پاشاو پیاوانی دەوڵەت هەر لە بینای کەنیسەدا بە خەڵکی کۆدەبوونەوە و کاروباری دەوڵەتیان تێدا باس دەکرد، بەلام بە زیادبوونی ماوەی نێوانیان، پیاوانی دەوڵەت بە تایبەت لە ئیتالیا دەستیان کرد بە بنیات نانی پێگەیەك تایبەت بە خۆیان و کاروباری خۆیان، ئەویش لە بنیاتنانی کۆشکەکاندا ڕەنگی دایەوە کە بە شێوازێکی فەنتازی و لەژێر کاریگەریی تەرزی غووتی-دا بنیاتیان دەنا، (ڕەنگە بۆ ئیتالیا ئەمە سەرەتایەکی سادەو سانا بێت لە دەست پێکردنی جیابوونەوەی دەسەلاتی دنیایی لە دەسەلاتی ئایینی).

لە جوانترین نموونەی تەرزی غووتی-ی دنیایی لە ئیتالیا (کۆشکی سەرۆکایەتی)یە لە فلۆرەنسا (١٢٩٨) هەروەها کۆشکی (کادئۆرۆ)یە لە ڤینیسیا ساڵانی (١٤٢٢-١٤٤٠) بنیات نراوە کاریگەریی ڕۆژهەلاتی بە ئاشکرا پێوە دیارە لە ڕووی پێشەوەی کە خاوەنی دەرگاو پەنجەرەی زۆرە.

پەیکەرسازی

پێش ئەوەی بێینە سەر چۆنیەتی ڕازاندنەوەی ڕووی دەروازەی کەنیسەکان دەبێت باس لە وازهێنانی پەیکەرسازە غووتییەکان بکەین بۆ ڕێسا نەخشەسازییە کۆنەکان کە پشت بەستوو بوو بە ئەتێلەکان، ڕووکردنیان لە قۆناغی نوێدا بەرەو سروشت و وەرگرتنی یەکەی نەخشەسازی لێی وەك هێشووی ترێ و گەلای مێوو گەلای (ئاکانتس) ئەمانەش یەکەی نوێ بوون لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەهەمدا بە دەرکەوتن لەسەر ڕووی کەنیسە گەورەکان. ئەم خۆ دەرباز کردنەش بەرەنجامی ڕۆژو دووان نەبوو بەلکو بەردەوامیی نیو سەدەی خایاند تا

هونەرمەند بتوانێ لاسایی هەر شتێ بکاتەوە لە سروشتدا کە سەرنجی ڕابکێشێ. چون چیتر سروشت ئەو (جیهانە ماددییە لاڵە بێ گیانە) نەما کە پێشتر وەها تەماشای دەکرا

لە بارەی بابەتە ئایکۆنۆ گرافییەکان تەرخان کرا بۆ ناوەوە و ڕووی کەنیسەکان و دەرگاو دەروازەکان. تا گوزارشت لە بیرۆکە ئایینییەکان بکات. ئەو پەیکەرانەی لە سەرەتادا هەست دەکرا شێوەهایەك بوون و نووسابوون بە دیوارەکاندا دواتر بوونە بەشێکی جیانەکراوە لە خودی بیناکەو یەکانگیر لەگەڵیدا، بۆ نموونە هەندێ پەیکەر درێژ دەکرایەوە بە درێژیی پایەکانی و کۆڵەکەکانی لەسەری بەرجەستە کرابوون، هەر دروست بوونی ئەم حاڵەتە بووە مایەی پەیدابوونی مشت و مڕێکی تایبەت کە هەندێ لە لێکۆڵەرەوان درێژبوونەوەی فیگەری سەر ئەم کۆڵەکەو پایانە دەگێڕنەوە بۆ گوزارشت کردن لە هەڵکشان و بەرجەستەکردنێکی ڕۆحانی و خودی ئەو فیگەرانە، بەڵام هەندێکی تریان ئەم درێژکردنەوانە پابەند دەکەن بە ڕێککەوتن و هارمۆنی شێوەی پەیکەرەکان لەگەڵ ڕیتمی بیناکاندا.

هونەرمەندەکان وەك سەردەمی ڕۆمانسك ڕێنوماییان لە پیاوانی ئایینی وەردەگرت، کە ئەوان وایان بڕیاردابوو کە بابەتەکانیان سادەو ساکار بێت لەچاو سەردەمی پێشوودا، ئەو بابەتانەی پەیکەریان بۆ کراوە یاخود بە شووشەی ڕەنگین بەرجەستەکراون لە پەنجەرەکاندا دەڵێی بۆ خەڵکێکی نەخوێندەوار دانراون هێند سانان. بابەتەکانیش بە پێی دەروازە و پێگەی جیاواز بنیات نراون و بەرجەستە کراون، ڕووی هەر کەنیسەیەك لە سێ دەرگای گەورە پێك هاتووە: دەرگای ناوەند هەمیشە تەرخانە بۆ حەزرەتی عیسا کە لە شانی ناوەندداییەو شانەکانی ئەم دیواودیویش بۆ پەیامبەرەکانی تر، بەشی سەرەوەی ئەم دەروازەیە بۆ عیسایە لە ڕۆژی دواییدا.

یەکێ لە دەرگای لاکان تایبەتە بە حەزرەتی مریەم و مردنی و بردنی بۆ ئاسمان. هاتنی فریشتە و پەیامبەرەکان بۆ لای. دەرگای لاکەی تری تایبەت و تەرخانە بە پیرۆزمەندێکی ئەو شارەی کەنیسەکەی تێدا بنیات نراوە لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ژیانی.

لە بەشە بەرزەکانی ڕووی ئەم دەروازانە پەیکەری گەورەی پەیامبەرەکان و فریشتەکان دادەنرێت. ئەم بەش بەشکردن و دانانە وەك ڕێسایەك بە وردی پەیڕەو کراوە لە ژمارەیەکی زۆری کەنیسەکاندا. مەگەر لەو کەنیسانەدا نەبێت کە چاکراونەتەوە لە دوای ڕوخانیان یاخود سووتانیان یا لەو کەنیسانەدا نەبێت کە بچووکن.

هونەری پەیکەرسازیی غووتی لە فەرەنساو ئیتالیا ڕەنگدانەوەی بەپێز و قووڵی لەخۆ گرتووە بۆیە زیاتر بایەخ پێدانمان ئاراستەی ئەو دوو وڵاتە دەکەین.

لە فەرەنسا باس لە سێ قوتابخانەی سەرەکی دەکرێت بۆ پەیکەرسازی، بەڵام زیاتر جیاوازیی ئەم قوتابخانانە لە چۆنیەتی بەرجەستەکردن و مامەڵە لەگەڵ بابەتە دینییەکاندا بەرچاو دەکەوێت نەك جیاوازی لە شێوازی کارکردن و تەکنیکدا، واتە کەمتر هەست بە جیاوازیی لایەنی ئیستاتیکی دەکرێت.

١-قوتابخانەی پاریس

ئەم قوتابخانەیە لە کەنیسەی (نۆتردام)دا بەرجەستە دەبێت، پەیکەرەکان لە سادەییەکی فراواندا بەرجەستە کراون، جۆری جلوبەرگەکان وەك هونەری یۆنانی مامەڵەی تێدا کراوە بە نزیکی، هەندێك کاراکتەر پەیکەری تا نیوەیان بۆ دروست کراوە واتە نیوەی لەشیان دیارە کە ئەمەش دیاردەیەکە لە هیچ کەنیسەیەکی تری فەرەنسادا نییە، پەیکەری حەزرەتی عیسا زۆر بە گەورەیی بەرجەستەکراوە لەسەر دەروازەی ناوەند، بابەت و ڕووداوەکانیش هەر بەو ڕێسایە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دابەش کراوە.

٢-قوتابخانەی شارتر

لەم قوتابخانەیەدا نەخش زۆر بەکارهاتووە هاوشانی بابەتەکان، ئەوی جێی سەرنجە دروست کردنی پەیکەری زەبەلاحە لەسەر شانی ئەم لولاکان بە ڕێژەیەکی زۆر کە بۆ یەکەمین جارە بەم ڕێژەیە کار بکرێ لە سەدەی سێزدەدا.

پەیکەرەکان جۆرە درێژکردنەوەیەکیان پێوە دیارە کە بەرجەستەی هەڵکشانێکی ڕۆحانی دەکات.

٣-قوتابخانەی ئامیان

کەنیسەی ئامیان بە نموونەیەکی کامڵ بۆ هونەری بیناسازی غووتی فەڕەنسی دادەنرێت، هەرچەندە ئەم قوتابخانەیە لەژێر کاریگەریی دوو قوتابخانەکەی پێشوودا دەرنەچوو، بەڵام بە سێ پەیکەری زەبەلاح لەوان جیایەو ناوبانگێکی جیهانی پێ بە دەست هێناوە کە بە ترۆپکی جوانیی پەیکەرسازیی غووتی دادەنرێن لە ئەوروپادا بە گشتی.

لە ئیتالیا هونەری پەیکەرسازیی غووتی بەرەو تەرزێکی هەرچی زیاتر واقعی چوو لەسەر دەستی خێزانی پیزانۆ (Pizano) کە چوار پەیکەرسازی لەسەر ئاستێکی هونەری بەخشییە پەیکەرسازیی غووتی، تا بە ئاسەوارە هونەرییەکانیان لە شارەکانی ئیتالیادا کە ئاوێنەی باڵانومای بلیمەتیی ئەوانە ئەم هونەرە زیندوو بکەنەوە.

*نیکۆلا پیزانۆ

نیکۆلا بە ڕێخۆشکەری تازەکردنەوە دادەنرێت لە مەیدانی هونەری پەیکەرسازی ریلیفدا ئەمەش لە کورسیی شۆردنگەی شاری بیزادا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بە بابەتی ئایینی نەخشاندوویەتی. کاریگەریی هونەری کلاسیکی بە شێوازیدا دیارە.

جیوفانی پیزانۆ

کوڕێ نیکۆلایە هەندێ کاری باوکی تەواو کردووە و لە هەندێکیشیدا هاوبەش بووە وەك بانگەی کەنیسەی سینا، زۆر پەیکەری بچووکی لەسەر عاج دروست کردووە.

ئەندریا پیزانۆ

کوڕی جیۆفانییە، یەکەم کاری هونەری کە کردبێتی دەرگای شۆردنگەی بەردەم کەنیسەی فلۆڕەنسایە لە برۆنزەو لە بیست و هەشت پارچە پێکهاتووە، یاریدەدەری هونەرمەند و بلیمەت (جیۆتۆ) بووە لە دانانی تاوەری ئەم کەنیسەیەدا.

نینۆ پیزانۆ

کوڕی ئەندریایەو دواکەسی خێزانەکەیەتی، بە هاوبەشی باوکی زۆر کاری ئەنجام داوە، دواتر چووەتە شاری بیزاو چەندان کاری پێ سپێردراوە لەوانە دەروازەی کەنیسەی سان مارتینۆ. زۆر کاری هونەری ئەو لە مۆزەخانەکانی ئیتالیاو فەڕەنسادایە.

لێرەدا ئەوەی شایەنی ئاماژە پێ کردنە ئەوەیە کارە پەیکەرسازییەکانی ئەم سەردەمەو سەردەمی ڕۆمانسکی بریتی بوون لە کاری پەیکەری ڕیلیفی، ئەوە بێ لە پەیدابوونی جۆرێك لە ڕێگەی کارکردن بۆ بەرجەستەکردنی بابەتەکان.

ئەوەی دەمێنێتەوە لێرەداو شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ئەویش بڵاوبوونەوە و پەیوەست بوونە بە شێوازی وێنەکردنی پێوەندیدارەوە، واتە گێڕانەوەی بەسەرهاتێك یاخود بابەتێك و ڕووداوێك بە وێنەی یەك لە دوایەکی پێوەندیدار بە یەکترەوە، هەڵبەتە لێرەدا مەبەستمان لە وشەی وێنەکردن و وشەی نیگارکێشان نییە، بەڵکو مەبەست بەرجەستە کردنە.

نیگارکێشانی غووتی

گەر بە فەڕەنسا دەست پێ بکەین ئەوا دەبێت پێش وەخت ئاماژە بەو کاری هونەری دیواربەندە (فریسکۆ) ناوازانە بکەین کە دەرکەوتوون هەندێ جار وەك ئەو کارکردنانەی لە هەردوو کەنیسەی سیان ساڤان و بزرلاڤیل دەبینین، بەڵام سەرباری ئەم جۆرە کارانەش هونەری فریسکۆ هەر کەمتر بەدەر دەکەون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. بابەتە ئایکۆنۆ

گرافییەكان بە شێوەیەكی نموونەییتر بە دەركەوتن لە هەردوو هونەری شووشە ڕەنگینەكان و قاڵی چنیندا.

هونەری كاركردن لە شووشە ڕەنگینەكاندا لە فەرەنسا لە سەدەی دەوە سەرچاوەی گرت، شاری پاریس لە سەدەی دوازدەیەمدا بە گەورەترین مەڵبەندی ئەم پیشەسازییە دانراوە. هەرچەندە بە داخەوە زۆرێك لەو كاری هونەری شووشە بەندە ڕەنگینانە نەماون كە دەروازەكانی كەنیسەی نۆتردامی ڕازاندبۆوە چەند پارچەیەكی بچووك نەبێت، بەڵام كۆمەڵێ كاری جوان و بێژۆك لە كەنیسەی (سانت شابل) دەبینینەوە.

هەموو كەنیسەكانی فەرەنسا بەم جۆرە شووشە بەندییە ڕازێنرابۆوە، بەڵام بە بۆنەی جەنگەوە (بە تایبەت لە كاتی جەنگی سەد ساڵەو شۆڕشی فەرەنسی)دا تێكشكان و نەمان. جوانترین كۆمەڵە لەم كاركردنانە كە گەیشتبێتە دەستمان بە شێوەیەكی باش ئەو كۆمەڵە قەشەنگەیە كە پەنجەرەو دەروازەكانی كەنیسەی (شارتر)ی ڕازاندۆتەوە.

قاڵی و فەرش چنین لە ڕازاندنەوەی دیواردا بەكاردەهات لە كەنیسەو كۆشكەكاندا، لە بەنرخترینو جوانترینیان كارگەكانی پاریس دروستی دەركردن و تایبەت بوو بۆ مەلیك و پیاوانی دەوڵەت. جۆری تریشی بابەتی دنیایی و وێنەی ئەسپ سوار و ڕووداوە وەرگێراوەكانی مێژووی كۆنی تێدا بەرجەستە دەكرا.

گەر لە بارەی هونەری نیگاركێشانی غووتی لە ئیتالیا بدوێین پێش هەموو شتێ دەبێت ئاماژە بەوە بدەین كە نیگاركێشان دوا هونەر بوو لە ئیتالیادا كە خۆی لە كاریگەریی بێزەنتی دەرباز كرد لە چاو هونەرەكانی تردا، بیناسازی و پەیكەرسازی لە سەدەی یازدەوە چوونە نێو هونەری رۆمانسك و غووتییەوە، بەڵام نیگاركێشان تا سەدەی سێزدەش هونەرمەندەكانی بیریان لە گۆڕانكاری نەكردبۆوە. مەیلی ئەوان زیاتر بەلای دەوڵەمەندكردنی ڕەنگەوە بوو وەك گرنگی دان بە هێڵ ئەمەش بۆ خۆی كاریگەریی سیمای هونەری بێزەنتی بوو لە سەریان كە لە سەدەی شەشەمەوە تا سەدەی نۆیەم هەموو ئەورووپای گرتبۆوە، بەڵام لە شاری ڤینیسیا ئەم كاریگەرییە تا سەدەی سێزدە درێژبۆوە.

دەكرێت هەندێ هۆكاری تر هەبووبن سەرباری كاریگەریی بێزەنتی بۆ ئەفراندنی هونەری ڕۆمانسك، بەڵام دەستنیشان كردنی سەرجەم ئەو هۆكارانە شتێكی قورس و گرانە لەناو هونەری نیگاركێشانی ئیتالی‌ی سەدەی سێزدەدا، لەبەرئەوە هونەری نیگاركێشانی ئیتالی لەم سەردەمەدا بە دیاردەیەكی هونەریی بێزەنتی تایبەت دادەنرێت بە هاوكاریی هەندێ كاریگەریی ناوخۆیی كە ورد ورد لە زیادبووندا بووە تا گەیشتۆتە چڕبوونەوە لە هەندێ

پارچەی هونەریدا کە دیارن و دەتوانرێ بە ئیتالی مەزەندە بکرێ. هونەری نیگارکێشان پەنای بۆ هەندێ شێوازی جیا بردووە کە لە سەدەی ناوەڕاستەوە بۆی ماوەتەوە وەك مۆزاییك و دەستنووسەکان و فریسکۆو نیگاری سەر تەختە، کە لە پێش زایینەوە بۆی مابۆوە تادوا زایین، بەڵام بە پێگەو گرنگییەکی باڵاترەوە ، هونەری مۆزاییك زیاتر سیمای سەردەمی بێزەنتی بوو، بەڵام، فریسکۆ ئیتالیای کردە نیشتمانی خۆی تا دوا سەردەمی ڕێنیسانس.

فریسکۆ لە گیراوەیەکی پێکهاتوو لە قسڵی مردوو و خۆڵ پێکدێت کە دیواری پێ سواغ دەدرێت دواتر بە ڕەنگ کاری لەسەر دەکرێت، لە تایبەتمەندێتی قسڵ ئەوەیە لەگەڵ خۆڵ و ئاودا تێکەڵ بکرێت ڕوویەکی ڕەق پێك دێنێت کە ڕەنگ بە باشی هەڵدەمژێت و وشك دەبێتەوە لەسەری، گەر هونەرمەند بیەوێت کارەکەی سەرکەوتووبێت لەسەر ئەم ڕووە دەبێت ئاگای لەوە بێت ڕەنگەکانی زوو وشك بێتەوە لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی بۆدرە یاخود تۆزی مەڕ مەڕ، لە جێبەجێ کردنی کارەکەشیدا دەبێت خێرابێت و بەبێ گۆڕانکاری هەرچۆن دەبێت بزانێ کە کارەکەی وشك بۆوە ڕەنگەکانی چ ئەنجامێکیان دەبێت واتە وێناکردنی کارەکەی بە وشکی پێش وشك بوونەوە.

هونەرمەندەکان

*نیگارکێش: چیمابۆی (١٢٤٠-١٣٠٢)

چیمابۆی ساڵی (١٢٤٠) لە دایك بووە، لە شاری فلۆرەنسە لەوێش فێری نیگارکێشان بووە. لە بەناوبانگترین کارەکانی وێنەی حەزرەتی مریەمە لە مۆزەخانەی ئۆفیتسی لە شاری فلۆڕەنسا کە ڕووبەرەکەی (٢،٢٣) م بە (٣،٨٥) م. هونەری نیگارکێشان لەم سەردەمەدا لەژێر کاریگەریی بیناسازیدا بوو ئەمەش ببووە هۆی دواکەوتنی هەر بەم هەنجەتەش گرنگییەکی زۆری داوە بەو تەختەی مریەم لە سەری دانیشتووە، ئەو نەخشەی لەسەری کردووە هەمان نەخشی سەردیواری شۆردنگەی فلۆڕەنسایە، هەر ئەمەشە تاکە پێکهاتەی بیناسازی لە کارەکەیدا.

ئەم هونەرمەندە لە سەرەتادا بەکارە مۆزائیکی و شووشە بەندەکانی بەناوبانگ بووە کە لەژێر کاریگەریی هونەری بێزەنتیدا کاری تێدا کردوون، بەڵام دواتر وازی لەم ڕێسای کارکردنە هێناوە و ڕووی کردۆتە نیگارکێشانی تابلۆی گەورە بۆ کەنیسەکان بە ڕەنگی تێکەڵ بە زەردێنەی هێلکە کە پێی دەوترا (تێمپرا)[٢] ئەم جۆرە کارکردنە لەم پێوانە گەورانەدا لەوەوپێش بەکارنەهاتبوو. داهێنانەکانی ئەم هونەرمەندە کاری کردە هونەرمەندانی دوای خۆی لە فلۆڕەنسا لە سەروو هەمووشیانەوە هونەرمەندی هەڵکەوتوو جیۆتۆ.

*نیگارکێش: جیۆتۆ دی بۆندۆنی (١٢٦٦-١٣٣٧)

ناوی جیۆتۆ لە مێژووی نیگارکێشاندا بە کەوانەیەکی ئەفسووناوی دەوردراوە، هاوسەردەمانی لە بارەی بلیمەتی بۆ هاوتای ئەو دەدوێن بە شێوەیەك چەندان ئەفسانە لە هەڵکەوتوویی ئەو لەم هونەرەدا دەگێڕنەوە، ئەو بێ هیچ گومانێك بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی هونەری نیگارکێشانی ڕێنیسانس دادەنرێت.

ئەو لە شاری فلۆرەنسە لە دایك بووەو ژیانی هونەریی خۆی لە شاری ئاسیزی دەست پێ کردووە، کاتێ منداڵ بووەو شوانی مەڕ بووە چیمابۆی هونەرمەندی ناسیوە، ئەو دەمەی لەسەر دەستی ئەو دەبێتە قوتابی مامۆستاکەی بە زوویی ئاشنای توانای بێ وێنەی ئەو دەبێت تا لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ نەخشاندنی دیواری کەنیسەی (پیرۆزمەند فرەنسیس) لە شاری ئاسیزی کە لە بارەی ئەفسانەکانی ئەم پیرۆزمەندە کاریان کردووە، کاتێ مامۆستاکەی لە چوارەم کاردا کۆچی دوایی دەکات، جیۆتۆ بیست و چوار کارەکەی تر تەواو دەکات، ئەم نیگارانە بەرزیی هەر یەکێکیان سێ مەترە. لەلای چەپی دەروازەی گشتییەوە دیمەنێکی بەناوبانگ و تایبەت بەو پیرۆزمەندە هەیە کە تێیدا قسە لەگەڵ چۆلەکەکاندا دەکات. تەرزی ئەم کارە باڵایە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە نێوان هونەری ڕۆمانسکی و غووتی-دا. هەرچۆن هەندێ کاریگەریی مامۆستاکەی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام کارامەیی جیۆتۆ دەگاتە باڵاتر لە مامۆستاکەی ئەمەش لە دیزاینی گشتی کارەکەو پشتینەکانیدا دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی داهێنەرانە دروستی کردووە جیاواز لە شێوازی مامۆستاکەی. واتە گۆڕینی باکگراوندی ئاڵتوونی بێزەنتی بە دیمەنێکی سروشتی. ئەم گۆڕانکارییەش بۆ یەکەمین جار بووە لە تابلۆدا بکرێت. نموونەی ئەم کارە تابلۆی (پیرۆزمەند واز لە سامانەکەی دێنێت، فریسکۆ، ١٢٨٨-١٢٩٦) لە کەنیسەی شاری ئاسیزی.

گەر لە قۆناغی دووەمی کاری هونەری ئەم هونەرمەندە بدوێین ئەوا دەبێت بچینە شاری پادوا (Padua) لە کەنیسەی سکۆرڤنی کە لەوێ (٣٨) دیمەنی بە سێ بەش دروست کردووە بەشی یەکەم مێژووی ژیانی مریەم و باوکییەتی، بەشی ناوەڕاست ژیانی حەزرەتی عیسایە، بەشی خوارووبۆ ڕووداوی ئازاردان و مردنەکەیەتی، هەرچۆن لەسەر هاتنە ژوورگەکەیەوە نیگارێکی گەورەی ڕۆژی دوایین کێشراوە، وا دەگێڕنەوە شاعیری گەورەی بلیمەت دانتی سەردانی جیۆتۆی کردووە[٣] کاتێ خەریکی ئەم کارانە بووە هەرچۆن لەبەر سەرسامی ڕۆبرت پاشا بە جیۆتۆ کە حاکمی ناپۆلی و فلۆرەنسا بووە ساڵی (١٣٣٤) دەیکاتە سەرپەرشتیاری کارە

ئەندازەییەکانی فلۆڕەنسا لە بیناسازیدا. ئەویش هەڵدەستێ بە بنیاتنانی تاوەری زەنگۆڵەکان لە کەنیسەی فلۆڕەنسا کە دواتر پەیکەرساز ئەندریا پیزانۆ نەخشاندوویەتی.

جیۆتۆ بە یەکەمین هونەرمەندێ دادەنرێت کە مرۆڤی بە جووڵەی ئاسایی خۆی دروست کردبێت هەرچۆن لە کێشانی جلوبەرگدا هەوڵی دروست کردنی ساوی ماددەکانی داوە و دەربڕینی واقیعییانەی سیمای دەموچاویانی مەبەست بووە. هەرچۆن گرنگیدانی بە درەخت و بەرد لە دیمەنی سروشتی پشتی فیگەرەکانیدا کەمتر نەبووە. لە کارکردنی لە کەسایەتییەکاندا.

جیۆتۆ لە شاری ئاسیزی ڕەنگەکانی بێزەنتی بوون، بەڵام لە شارەکانی فلۆڕەنسەو بادوا ئەم ڕەنگانە بوونە ڕەنگی غووتی، واتە زیاتر هەمەجۆر و گەش بوون، هونەرەکەی دەستی کرد بە قوتار بوون لە هونەری بێزەنتی و هەنگاونان بەرەو شێوازی سەردەمی ڕێنیسانس. هونەری ئەو کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر هونەری نیگارکێشان، لە دوای خۆی چەندان قوتابی بەجێهێشت کە هونەرەکەی لێوە فێربوون.

قوتابخانەی سینا

لە ساتێکدا کە ناووناوبانگی جیۆتۆ پلەی یەکەمینی بۆ شاری فلۆڕەنسە سەندبوو لە نیگارکێشانی ئیتالی-ی سەدەی چواردەدا، لە شاری سینا قوتابخانەیەکی نیگارکێشان پەیدابوو کە ناوبانگی کەم نەبوو، هونەرمەندەکانی گەیشتنە پلەیەکی گەورە لە کەماڵ لە ڕێگەی کارهایەکەوە کە لێوان لێو بوو لە سۆز و خواناسی. ئەمەش لەژێر دەستی هونەرمەند دۆچیۆ-دا بەڕێوە دەچوو.

نیگارکێش: دۆچیۆ (١٢٥٥-١٣١٩)

لە شاری سینا لە دایك بوو، سەر بە سەردەمێکی گۆڕان خوازە، لەژێر کاریگەریی بێزەنتیدا بووە، کارە بەناوبانگەکەی (گەورەیی یاخود باڵایی Maesta) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٠٨)، شاری سینا داوایان لێکرد ئەم تابلۆیە دروست بکا بۆ دانانی لە کەنیسەی شاردا.

دۆچیۆ ئەم کارەی بە سێ ساڵ تەواو کرد کە لە ڕێیەوە نەمریی بە دەست هێنا، کاتێ تەواو بوو میللەت بە دڵ گەرمییەکی بەرزەوە لەڕێ پێوانێکی مەزندا ساڵی (١٣١١) گواستیانەوە لە ئەتێلەکەی هونەرمەندەوە بۆ کەنیسەکە، تابلۆیەکی گەورەیە لە پێوانەدا، ئەم ئاسەوارە هونەرییە تا سەدەی هەژدە فەرامۆش کرابوو، بەڵام ئێستا لە مۆزەخانەی کەنیسەی سینایە[٤].

کارەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە لە لایەکەوە وێنەی حەزرەتی مریەمە بە گەورەیی کە فریشتەو پیرۆزمەندەکان دەوریان داوە، لەلای تریەوەی دیمەنەکان لە ژیانی مەسیح وەرگیراون

ئازاردانی و هاتنە دەرەوەی لە گۆڕ، لە بەناوبانگترینی ئەم پارچانەو ناوازەترینیان لە خاچدانی مەسیحە کە هێندە وردەکاریی تێدا کراوە تا ڕاددەیەکی زۆر لە مینیاتۆر دەکات، بە جوانترین کارێك دادەنرێت کە هونەرمەند تێیدا بلیمەتیی خۆی وەك نوێگەرێك پیشان داوە.

پەراوێزەکان:

١-ناوی هونەرمەندەکان. نەزانراوە وەك لە سەردەمی ڕۆمانسك تەنیا لە ئیتالیادا نەبێت کە دواتر ئاماژە بە ناوەکان دەکرێت.

٢-تێمپرا (Tempra) گوزارشتێکە بەو کارانە دەوترێت کە بە ڕەنگی تێکەڵاو بە ڕێژەیەك لە زەردێنەی هێلکە جێبەجێ دەکرێت.

٣-نووسەر و ئەدیبی گەورە بۆکاشیۆ ساڵی (١٤٥٠) لە سەری نووسیوە و دەڵێت: (جیۆتۆ ئەو هونەرەی گێڕایەوە نێو ڕووناکی کە بۆ چەندان نەوە خرابووە ژێر گڵ) هەرچۆن بەترارك بە سەرسامییەوە لەسەر بەرهەمەکانی نیگارکێشانی نووسیوە.

٤-بەشەکانی ئەم تابلۆیە ئێستا دابەش بووە بەسەر کەنیسەی سیناو مۆزەی میللی لە لەندەن و مۆزەی نیۆیۆرك و مۆزەی میللی لە واشنتن.

سەرچاوەکان:

١-محيط الفنون/ مجموعة من الاساتذة- الفن القوطي، الاستاذ حنا سميكه، دار المعارف بمصر.

٢-معنى الفن/ هربرت ريد- ترجمة سامي خشبة، مراجعة مصطفى حبيب. دار الشؤون الثقافية العامة- ط٢-١٩٨٦.

٣-فنون الغرب في العصور الوسطى و النهضة و الباروك، نعمت إسماعيل علام- دار المعارف بمصر ١٩٧٦.

٤-النحت الحديث/ هربرت ريد. ترجمة فخري خليل- مراجعة جبرا إبراهيم جبرا- دار المأمون بغداد ١٩٩٤.

هونەری سەرەتای ڕێنیسانس (کوانترۆشینتۆ) سەدەی پانزەهەم ١٤٠٠-١٥٠٠

(خوداتان خۆشبوێت لە ڕێی خۆشویستنی ئافەریدەکراوەکانی کە هەرچی زیاتر نزیکن لە واقعەوە).
پیرۆزمەند فرانسوا ئاسیزی

ئەمە بانگەوازی سەرەتای سەردەمێکە کە مێژوونووسەکان کۆك نین دەربارەی سەرەتاو سەرهەڵدانی کە ئەویش سەردەمی بوژانەوە یاخود ژیانەوە یا لە دایك بوونەوەی نوێیە. گەر بێتوو زاراوە بنەڕەتییەکەی بەکاربهێنین (Renaissance) ڕێنیسانس دیاریکراوتر دەبێت[1]. مەبەست لەم زاراوەیە گەڕانەوە نییە بۆ شارستانیەتی ڕابوردوی کلاسیکی، بە شێوەیەکی نوێ، بەڵکو مەبەست دۆزینەوەی مرۆڤە بۆ مەدەنیەتی جیهانی کۆن و سودلێوەرگرتنیەتی بەپێی گونجاندن لەگەڵ پێداویستی ژیانی نوێ. لێرەدا مەبەست لە شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانییەو بیروباوەڕی ئەوانە دەربارەی مرۆڤ وەك بەهاو پێگەی ئەو لە ژیان و کۆمەڵ دا.

هەندێ لە مێژوونووسەکان ساڵی ١٤٥٣ –واتە ساڵی کەوتنی قوستەنتەنیە، و ساڵی کۆتایی جەنگی سەدساڵە- بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست[2] و سەردەمی نوێ دادەنێن. هەڵبەتە گۆڕانکارییەکان بەبێ پێشینەو ڕەگ و ڕیشەنین کە سەرەتایان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەهەم، هەرچۆن دەبینین سەدەکانی ناوەڕاست لە هەندێ وڵاتی ئەوروپیدا درێژ دەبێتەوە تا سەدەی حەڤدەهەم. ئەمە بێ‌لەوەی هەندێ لە بیرمەندان سەرەتای ڕێنیسانس لە ئەوروپادا دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەهەم ئەو ساتەی هونەری غوتی لە فەڕەنسادا سەری هەڵدا. بە پێچەوانەی ئەمەوە هەندێکی تر خاڵی وەرچەرخانی ڕاستەقینە بۆ سەردەمی نوێ بەو ساتەوەختە دەزانن کە سەرەتای بزافی ڕۆشنگەرایی و پیشەسازی و دەرکەوتنی بیرۆکەی پێشکەوتنە، واتە لە دەستپێکی سەدەی هەژدەدا.

ئەوروپای سەدەی یانزە بە بۆنەی پتەوی ڕژێمی دەرەبەگایەتی لە لایەك بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە لایەکی تریش بە هۆی هاوسەنگی و هاوئاهەنگی نێوان دەسەڵاتی ئاینی لە ڕۆما و دەسەڵاتی کاتی لە سەروو ببوە یەکەیەکی شارستانی یەکگرتوو. ئەم

شارستانیەتەش بە لوتکەی گەیشت لە دوو سەدەی دواتردا، زانکۆ ئەوروپییەکانی وەك -شارتر و پاریس و ئۆکسفۆرد- کاریان هاوڕێکی کردن بوو (پشت بە فەلسەفەی قوتابخانەگەرایی) لە نێوان ئاوەزو باوەڕدا. لەم میانەدا بوو پیرۆزمەند برنار لە سەرەتای سەدەی دوانزەو پیرۆزمەند فرانسوا ئاسیزی لە سەرەتای سەدەی سیانزە کاریان کرد بۆ هەرچی توندوتۆڵ کردنەوەی خۆشەویستی ئاسمانی و پەیوەستی زیاتری نێوان یەزدان و گەردون و مرۆڤ.

بەڵام یەکگرتویی و پتەوی ڕژێمی دەرەبەگایەتی تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بڕی کرد بەرەنجامی تێك چونی میانی دەسەڵاتی دنیایی و ئاینی واتە کێشەی نێوان ئیمپراتۆرو پاپا. تەنانەت دوبەرەکی نێوان کەنیسەی کاسۆلیکی خۆیان و نەش و نما کردنی پەیوەندی سەرمایەداری نوێ، کە بووە هۆی بنچینەیی بۆ لاواز و گەندەڵ بوونی بنکە ئابورییەکەی. کۆمەڵێکیش هەروەك تامەزرۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێکان بوون، ڤێزیشیان لە پەیوەندییە کۆنەکان دەهاتەوە. هەرچەندە سەرەتای پرۆسێسی ئەم گۆڕان و گەشەکردنە بە سستی دەستی پێکرد، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ تا دەهات هەنگاوی گورج تری دەنا.

کەڵەکەبوونی سەرمایە بە خێراییەکی ئەوتۆ کە نە مێژوو تا ئەو کاتە بە خۆیەوە دی بوو نە هیچ بستێکی تری سەر ڕووی زەمین دەیتوانی شان لە شانی بدات. ڕاستەوخۆ بووە هۆی پێشکەوتنی سامانی مادی لە وڵاتانی ئەوروپادا. هەر ئەم پێشکەوتنە مادییە و ژیان هاتنەوە بە بەر ئابوری داراییدا لە کۆتایی سەدەی دوانزەدا بووە هۆی بە دەرکەوتنی شاری نوێ وەك سەنتەری شارستانی. ئەمە دانانی هێڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان نیوەی یەکەم و دووەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا. پەرەسەندنی ئەم شارانە لە سەدەکانی چواردەهەمدا بە یەکجارەکی جێی خۆیان گرت و پاریس کە تا ئەوکاتە تاکە پێگەی سەرەکی شارستانیەتی ئەوروپی و غوتی بوو ئەو توانا و پلەیەی لە دەست دا بەرەنجامی هیلاکی شەڕی سەدساڵە لە لایەك و پەیدابوونی زانکۆکانی تر لە ئەوروپادا لە لایەکی تر وەك زانکۆی -براج و کراکوفیا و ڤیینا- لەو شارانەش کە توانییان دەرکەوتنی شارستانی بۆ خۆیان بە دەست بێنن وەك شارە بازرگانییەکانی ئیتالیا بە تایبەت بیزا و فلۆڕەنسا و سینا، ئەمە بێ لە شارە فلمنکییەکان بە تایبەت بروج و جان.

پێش ئەوەی بێینە سەر هۆکاری گۆڕانکاریەکان چ ئەو هۆکارانە بێت کە بە ئاشکرا کاریگەریان کردووە یاخود ئەو هۆکارانەی بە نهێنی و نادیاری (کە ڕەنگە لە هۆکارە دیار و ئاشکراکانی زیاتر ڕۆڵیان هەبێت) کاریان کردووە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین بەرەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە ئەوروپاییەکان جڵەوی شارستانیەتیان لە دەست گەلانی ڕۆژهەڵات وەرگرت و

کەوتە دەست خۆیان. هەرچەندە هۆکاری ئەو گۆڕانکاریە شارستانیيە گەورانەی نێو مێژوو زۆرجار ئاڵۆز و بگرە هەندێ جاریش دژ بە یەکن، بەڵام گەر سەیری رێنیسانس بکەین و ئەو نزیك بوونەوەیە لە سروشت و جیهانی مرۆڤ هەست پێ دەکەین. ئەوکات دەتوانین بە لایەنی کەمەوە ئاماژە بە چوار هۆکار بدەین کە هاوکاریی ئەم پەرەسەندنەیان کردووە:

یەکەم- دەگەڕێتەوە بۆ خودی هونەر خۆی: تێبینی ئەو نزیك بوونەوەیە دەکەین کە هونەری ئەوروپی لە دو سەدەی پێشتردا بە دەستی هێنا لە هەردوو بواری پەیکەرسازی غوتیو نیگارکێشانی ئیتالی لە سەردەمی جیۆتۆوە بەرەو شێوەی سروشتی. بە جۆرێك سەرسام دەبین کە هونەرمەندانی سەدەی پانزە دەبینین نازانین بەرهەمەکانیان سەر بە شارستانیەتی سەدەکانی ناوەڕاست بدەین لە قەڵەم یاخود سەر بە رێنیسانس کە هێشتا لە لانکەدا بووە؟ جیاوازیيەکان هێند کەمە ستەمە جیاکردنەوەی.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە هونەری (کورتوازی)[٢] (Courtois) بدەین لە میانی ساڵانی ١٣٧٥ و ١٤٢٥دا کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا شێوازی ئەم کارکردنە بڵاوبوو (بە تایبەتی باکووری ئیتالیا) پێی دەوترا شێوازی کورتوازی یاخود هونەری تەختی پاشایەتی (فن البلاط) یا هونەری نێوکۆشکەکان، ئەم شێوازە هەر لە بریتانیاوە تاسقلیەو لە ئیسپانیاوە تابوهیمیای گرتبۆوە، سەرەڕای نزیکی لە وێنەی سروشتەوە بابەتە ئاینی و نائاینیيەکانیشی لەخۆ گرتبوو وەك دیمەنی ڕاوشکار و سەما و ژیانی کۆشکەکان، بە ڕازاوەیی و ناسکی ڕەنگەکانی و نەرمی هێڵەکانی کە ڕێك و چەماوە بوون زیاتر هونەری فارسیمان بیردەهێنێتەوە، ئەم شێوازە کە زیاتر بۆ کاری مینیاتۆری و دەست نووسەکان و قەراغی دیوارەکان بەکاردەهات کاریگەریی خۆی لە هونەرمەندانی سەدەی پانزە کردبوو.

دووەم- دەگەڕێتەوە بۆ بیری ڕۆحانی نوێ کە هەردوو پیرۆزمەند برنار و فرانسوا ئاسیزی بڵاویان دەکردەوە، بە تایبەت دوهەمیان لە سەدەی سیانزەدا کە پیرۆزمەندێکی شاعیر بوو، بەسەر هەموو شتێکی سروشتدا دەیگووت هەر لە ئاسمان و ئەستێرە و باڵندە و گیانەوەر و گوڵ و گیاوە، بەو هەنجەتەی ئەمانە گشت نیعمەتێکی خودایە بۆ مرۆڤ، ئەمەش چاوی هونەرمەندەکانی لە بەرامبەر سروشتدا کردەوە کە پێشتر لەژێر دروشمی (سروشت جیهانێکی بێگیانە) هونەرمەند بێ ئاگابوو لەو جوانیيە دەوڵەمەندە و تەنها بە هێما لاهوتیيەکانەوە خەریك بوو، لەو ساتەوە کە دەروازەی سروشت بۆ هونەرمەند ئاوەڵا بوو ئاسمانی شین جێی ئەو پشتێنە ئاڵتونیيەی گرتەوە کە هێمایەك بوو بۆ ڕووناکی خودایی.

بەرەنجامی دەرکەوتنی چیاو درەخت و ئاوو گیانەوەر و باڵندە بە شێوە ئاساییەکەی خۆیان لە بەرهەمی هونەریدا شێوازێکی سەیر لە هونەردا هاتەکایەوە، کە هەندێ لە ڕەخنەگران ناوی دەنێن (سروشت گەرای ڕۆحانی) (الناتورالية الروحانية). کە بە ڕوونی لە کارەکانی ستیڤانۆ دازیفیۆ و لۆرنزیتۆ و فرائەنجلیکۆی ئیتالیدا دەرئەکەوێت و هەرچۆن لە کارەکانی قوتابخانەی فەڕەنسی فلمنکیدا کە لە بۆرجۆنیا سەری هەڵدا بەدەرکەوت.

بەم شێوەیە هونەرمەندی ڕۆژئاوایی -لە ڕێگەی ڕوحانیەتەوە- گەڕایەوە سەر ئەو لاسایی سروشتەی شارستانیەتە بێئاینەکانی پێشوو. بەڵام ئەمان بە ئاسانتر و لە ڕێی ئامێر و شمەکی تازەترەوە -وەك بۆیەی زەیتی- کە سروشت بەخشینەکە ساناترو خێراتر دەکات. بەڵام ئەم خاڵە واتە خاڵی دووەم هەندێ لە مێژوونووسان و بیریاران ئەو هێز و کاریگەرییەی پێ نابەخشن و بە بیانویەکی دەزانن بۆ بێهێزکردنی کاریگەری شارستانیەتی کلاسیکی[٤].

سێهەم- لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی بەسەر فەلسەفەی قوتابخانەگەرایدا هات -کە ڕۆڵی خۆرهەلات بە ڕوونی تیا دەرئەکەوێت- ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێی دەوترا واقعیەت -خۆی لە ئایدیالیەت نزیك بوو- نزیك بوونەوەیەکی ڕاستەقینە لە واقعیەت نزیك بۆوە بە بانگەوازی هەندێ لە فەیلەسوفەکان بە تایبەت ڕۆجیر بیکۆن و ولیەم ئاکامی بۆ پشت بەستن بە هەست و ئەزموون کە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە زانین، ئەمەش بووە هۆی جۆرێك لە دابڕانی ئاوەز و ئیمان، ئاوەز گۆڕەپانی خۆی هەبوو، باوەڕ یاخود ئیمانیش گۆڕەپانی خۆی. بەمەش ئاوەز لە دەسەڵاتی کهنوتی دەرباز بوو. بەڵام تێبینی دەکەین ئەفلاتونیزم لە ناو نەچوو بەڵکو گۆڕرا لە ڕێنیسانسدا. هەربۆیە کۆتاییەکانی سەدەی پانزە سەرکەوتنی ئەفلاتونیزمی نوێی بەخۆوە دی.

چوارهەم- کە لای هەندێ بە گرنگترین هۆکار دەژمێررێت دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و چونە سەرەوەی چینی بۆرجوازی، کە لە گەورە بازرگان و خاوەن بانك و کارگەکاندا خۆی دەنوێنێت. بۆرجوازیەت هەر بە سروشتی کارەکەی و سەرقاڵی مادی خواستی واقعییە و حەز بە خۆشی هەستی دەکات (واتە خۆشییە دنیاییەکان). هزری لەسەر ئاوەزو ئەزموون بنیات دەنێت. بەڵام ئەم چینە بە هەوڵ و سەرسامی بۆ توێژی ئۆرستۆکراتی، کۆمەڵێ ڕێسای لەخۆ دەگرت کە شتێك لە ڕۆحی سوارچاکی و نمونەیی بوونی تیا بەرجەستە دەبوو، ئەم تێکەڵە سەیرە لە واقعیەت و ئایدیالیەت، لە مادیی و ڕۆحانی، لە سیما هەرە دیارەکانی ئەو سەردەمە بوو. ئەم خاڵەو خاڵی یەکەم زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت دواتر بە درێژی دێینە سەر ڕەهەندەکانی کاریگەریی ئەم دوولایەنە. چون کاریگەری جیۆتۆ لەسەر

هونەرمەندانی ئیتالی سەرجەم کاریگەرییەك بووە کەس نەیتوانیوە لە سنوری دەرچێت، دیارە خواستی نزیك بوونەوە لە سروشت لەلای جیۆتۆ بەرەنجامی ڕۆڵی هونەری یۆنانی و ڕۆمانییەو کاریگەرییانە لەسەر ئیتالیا تا سەدەی پانزە و لاوازی دەسەڵاتی غوتی بووە لەو وڵاتەدا، ئەمە بێ لەوەی کاریگەری هونەری بێزەنتی بە گشتی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات زیاتر بەدەرئەکەوێت و کاریگەری هونەری غووتی لە ئەوروپای خۆرئاوا. ئیتالیاش سەرەتای سەدەی پانزە کە بە ئیتالی پێی دەوترێت کوانترۆشنتۆ Quatrocento یاخود چوار سەدەکان (بە تایبەت فلۆڕەنسا) ئازادبوو لە زاڵی تەرزی بێزەنتی واتە تا ئەوکاتە کاریگەری هونەری بێزەنتی لە ئیتالیادا بەرچاو بووە. ئەو ماوەیەش ماوەی کارکردنی جیۆتۆ بووە، لە دوا ئەم ماوەیەوە کاریگەری هونەری غوتی دەست پێدەکات، بەڵام بە درێژایی ئەم ماوانە پەرەسەندنی ڕۆشنبیری کلاسیکی بەردەوام بووە، کاریگەری هەردوو هونەری بێزەنتی و غوتی بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوام بووە. هەرچەندە هێندەی تەرزی هونەری بێزەنتی بە هونەرێکی مەسیحی دادەنرێت هێندە تەرزی غوتی ناچێتە ئەو ئاستەوە بگرە تا ئێستا هەندێ مێژوونووس سەیریان لێ دێت کە مەسیحیەت بە تایبەت لە ئیتالیا کە بنکەی پاپایە هونەری غوتی گرتە خۆی چونکە ئەم تەرزە مەسیحی نییە بەڵکو تەرزێکی بیناسازییە زیاتر خێڵە بێباوەڕە بەربەرییەکانی نێوەندو سەروی ئەوروپا لەگەڵ خۆیاندا هێنایان ئەو دەمەی هێرشیان دەهێنایە سەر نێوەند و ژوروی ئیتالیا.

هەمیشە بڕیار بۆ پیاوانی ئاینی بوو لە جێبەجێکردنی تەرزی بیناسازی کەنیسەکاندا و ئەندازیارەکانیش نەیان دەتوانی لەژێر یاساو ڕێساکانی ئەوان دەرچن هەر بەم شێوەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هونەر دیلی دەستی پیاوانی کەنیسە بوو.

لە لایەکی تریش دەرەبەگ و خاوەن زەوی و زارەکانیش کۆشکەکانیان سەخت بنیات ئەنا هەروەك قەڵایەك تا بیان پارێزێت لە ڕق و توڕەیی جوتیاران و هەژاران، زۆرێك لە جوتیاران بەرەنجامی زوڵم و زۆری فەرمانڕەوا و دەرەبەگەکان هەڵهاتن و ڕوویان لە شارەکان کرد کە لەوێ بەکاری پیشەسازی دەستی و بازرگانییەوە خەریك بوون زوو بە زوو گوزەرانیان گۆڕڕاو ڕوو لە باش بوون بوو، هێزێکی نوێی خاوەن کاریگەریان لەسەر ژیان پێك هێناو حەزیان بە هەموو شتێکی نوێ دەکرد چون خۆیان زۆریان چەشتبوو بەرەنجامی ڕێسا باوو کۆنەکان، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم چینە نوێیە جۆرێك هەوڵدان و خواستی گۆڕان و دەرچوون لە چوارچێوە کۆنەکەی ژیان بەدەرکەوت. بۆ ئەم مەبەستە بانگەواز بۆ گەڕانەوە بۆ کلتوری کۆن

لە سەرچاوە بنەڕەتی‌یەکەیەوە دەست بەکار بوو ئەویش لەو ئاسەوارە هزریی و شیعریی و هونەریەدا کە یۆنان و ڕۆمانەکان بەجێیان هێشتبوو، واتە ڕۆشنبیری کلاسیکی.

بەڵام ئەم ئاسەوارانە لە کوێ بوون؟

بەشی زۆریان لە دێرو کەنیسەکاندا دەستیان بەسەرا گیرابوو، تا دواتر کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرو شاعیری گەورەی وەك بترارك و بۆکاشیۆ.. هتد پشت بە خێزان و بنەماڵە[٥] پێشکەوتن خوازەکانی چینی ناوەند (وەك خێزانی میدتشی) ئەم ئاسەوارانەیان دەرهێناو لێیان توێژینەوە و ئەو دەستنووسانەش کە بە لاتینی نووسرابوون وەریانگێڕانە سەر زمانی نەتەوەیی. کارەکە بەوەندەوە نەوەستا بەڵکو نێرراوی تایبەت دەنێررا بۆ هێنانی دەستنووس لە یۆنان و جێگەی تر، وەرگێڕی تایبەتی بۆ دانرابوو تا وەریان گێڕنە سەر ئیتالی. سنوری ئەم جوڵەیە ئاسەواری ڕۆمانیشی گرتەوە لە هونەر و ئەدەب دا. فلۆرەنسا پێگەی یەکەم بروسکەی دەستپێکی سەردەمی ڕێنیسانس بوو بەو پەرەسەندنە گشت گیریەی لە زانست و هونەردا ڕوویدا تیایدا بە تایبەت لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی (کۆزیمو) و (لورینزۆ) کە لە دوو مەزنترین پیاوانی خێزانی میدتشی بوون.

ئەم دوو پیاوە پارەیەکی باشیان خەرج دەکرد لە پێناو کڕینی دەستنووسە یۆنانی و عەرەبی‌یەکاندا، هەرچۆن بەردەوام لە پێشوازی گەرمی ئەو هونەرمەند و ئەدیب و زانایانەدا بوون کە دەهاتنە فلۆرەنسا لە قوستەنتەنیەو ئەندەلوسەوە و زیاترین پێشوازی و خزمەتیان دەکردن. ئەمە سەرباری ئەو کتێبخانەو زانکۆیانەی دایان مەزراندن. بەم شێوەیە لە سەدەی چواردەهەم و پانزەهەمدا شاری فلۆرەنسا بووە مەڵبەندی هەموو جموجوڵێك و ناودارترین پیشەواکانیشی خەڵکی ئەو شارە بوون و جێی خۆی بووە کە ناوی پایتەختی ڕێنیسانسی لێ بنرێ و فلۆرەنسا لە سایەی ئەو دوو پیاوەدا بە ئەسینا ئەچوێندرا لە سەردەمی زێڕینیدا[٦].

لە دوای ئەوەش کە کڵێسا هەستی بە تواناو هێزی ئەو گۆڕانکاریانە کرد، چیتر نەیتوانی ئەم ئاڕاستە نوێیە کە سەراپا خەڵکی ئیتالیای بە تایبەتی و ئەوروپای ڕۆژئاوای بە گشتی گرتبۆوە فەرامۆش بکات، چونکە لەوە دەترسا نەبا وردە وردە کۆمەڵ لە کەنیسەو ڕۆما بتەکێتەوە و چیتر ڕۆڵی خۆیان بدۆڕێنن بۆ ئەم مەبەستە چەند پاپایەك دەستیان کردە خۆ نزیك کردنەوە لە بیروباوەڕی نوێ کە بە (هیومانیزم)[٧] ناسراو بوو. لە نزیکەوە پەیوەندییان بە هیومانیستەکانەوە پەیدا کرد. نیکۆلای پێنجەم یەکێك بوو لەو پاپایانە کە هەرگیز هیچ دژایەتی‌یەکی لەوەدا نەدەبینی بایەخ بە کەلتوری بەر لە زاین بدرێت و لە هەمان کاتیشدا دڵسۆزی ئاینی مەسیحی بن. بە پێچەوانەوە ئەو دەیویست بە هۆی ئاین و لایەنە چاکەکانی

شارستانیەتی کۆنەوە سەرلەنوێ ڕۆما بکاتەوە بە پایتەختی جیهانی مەسیحی. بۆیە ناکرێت هەوڵەکانی ئەم پاپایە (نیکۆلای پێنجەم) بۆ گەڕان بە دوای دەستنووسە کۆنەکاندا فەراهەم بکەین کە بوونە هۆی هێندەی تر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی ڤاتیکان، کە دەستنووسی فەیلەسوفە عەرەب و ئیسلامیەکان لە پاڵ دانراوەکانی هیرۆدۆت و دەستنووسە یۆنانی و ڕۆمانە کۆنەکاندا دانرابوون تیایدا.

بەدیارکەوتنی ڕوحی نوێ و گۆڕانکاریەکانی لەسەر کەنیسەو پیاوانی ئاینی لە سەردەمی پاپا (لیۆی دەهەم)دا کە لە بنەماڵەی میدتشی بوو چووبوە سەر عەرشی پاپویەت لە ڕۆما زیاتر هەست پێدەکرێت، گرنگی دانی دنیایی ئەم پیاوە لە دروست کردنی هەزاران خانوو بۆ نیشتەجێ بوونی دانیشتوان و دامەزراندنی زانکۆ و خەرج کردنی پارەیەکی زۆر تێداو دامەزراندنی کتێبخانەی ڤاتیکان بە پەیداکردنی هەموو دەستنووس و دانراوە بە بەهاکانیەوە لە ڕۆما دەردەکەوێت.

جارجارێك لە ڕیزی پیاوانی ئاینیەوە[٨] نارەزایی بەرز دەبووەوە کە سۆزی هەندێ کەسیان لەناو جەماوەردا بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا بەڵام تەوژمی ڕێنیسانس و گۆڕانکاریەکانی هێند بە گوڕ بوو کەسانێکی وەها کەم هیچیان پێ نەکرێت لە بەرامبەریدا. فراوان بوون و تەوژمی ڕێنیسانس لە ئیتالیاوە بە زوویی پەڕیەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا (بە تایبەت ئەوروپای ڕۆژئاوا). دەکرێت بڵێین سەرەتای ڕێنیسانس ئیتالیەو پێگەیشتن و کامڵ بوونیشی ئەوروپیە، ئەمە گەر بە شێوەیەکی تایبەتی لێی بڕوانین بەڵام گەر بە شێوەیەکی گشتی تەماشابکەین و ڕۆڵی شارستانیەتەکانی تری جیهان (بە تایبەت ڕۆژهەڵات) فەرامۆش نەکەین ئەوا دەکرێت بڵێین ڕێنیسانس دەسکەوتی ڕەنج و کۆششی ئەوروپایە لە چوارچێوە تەسکەکەیدا و هی هەموو جیهانە لە چوارچێوە فراوانەکەیدا. لێرەدا ئەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە بە هاتنی ڕێنیسانس کۆتایی هات بە سەردەمی شارستانیەتەکان، چیتر میللەتێ نەما خۆی بە تەنها خاوەنی شارستانیەتێك بێت وەك شارستانیەتی مسیۆپۆتامیا، دۆڵی نیل یاخود یۆنانی و ڕۆمانی، بە شارستانیەتی ئیسلامی کە باڵی بەسەر سەدەکانی ناوەڕاستدا کێشابوو دوایی هێنرا بە سەردەمی شارستانیەتەکان. چیتر سەنتەری شارستانیەتەکان زیادیان کرد و هەمەجۆر بوون و هاوسەردەم، کاریان تێدەکراو کاریگەریشیان دەکرد لە هەمان کاتدا، ڕاستە وەك وتمان ڕێنیسانس سەراتاکانی لە ئیتالیاوە سەرچاوەیان گرت بەڵام هەموو ئەوروپا پێکەوە لە پێگەیاندنیا ڕۆڵی تایبەت و جیاوازی خۆیان گێڕا بەدەر لەوەی ڕەگەزێکی هاوبەش هەموو دیاردەکانی ڕێنیسانسی لەسەر پاکی وڵاتە ئەوروپیە جیاجیاکاندا بە یەکترەوە

گرێدابوو، بەڵام هەر وڵاتە بە هۆی باری خودی خۆیەوە پێویستی بەوە دەکرد پێ لەسەر دیاردەیەکی تایبەتی دابگرێ و سیما و تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێ بۆ نموونە ڕێنیسانس لە ئەڵمانیادا چووە قاڵبێکی قووڵی فیکرییەوەو ڕاستەوخۆ لە مەسەلەکانی کڵێسەی کاتۆلیکییان دەکۆڵییەوە تا کاری لە بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینیش کرد لە کۆتاییدا[٩]. بەڵام فەڕەنسییەکان بە تایبەتی ڕوویان کردە لێکۆڵینەوەی یاسای ڕۆمانی کۆن، ئەمەش بۆ ئەوکاتە دەست پێشخەرییەکی گرنگ بوو. ئەنجامیش زەمینەیەکی لە باری بۆ گەشەکردنی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە فەڕەنسادا ڕەخساند[١٠]. کەچی بیروباوەڕی ڕێنیسانس لە ئینگلستاندا لە زەمینەی فەلسەفەو ئیستاتیکادا ڕەگی داکوتاو بە ئاشکرا لە بواری ئەدەب و سۆسیۆلۆژیاو شانۆدا گوزارشتی لەخۆی کرد.

لە سایەی ئەم گورجوگۆڵی و چالاکی و بایەخ پێدانەدا بە سەرچاوە بنەڕەتی و هەمەجۆرەکان خواستی مرۆڤایەتی نوێ سەری هەڵداو هاتەپێش، کە هەر ئەم هۆکارەش بووە مایەی گۆڕینی ڕێڕەوی ژیان و هونەر بۆ چەندان سەدەی تر. لە چونە پێشەوەی ئەم بزاڤەدا لایەنگیری جۆرە بیروباوەڕێك یاخود هزرێکی دیاریکراو نەدەکرا، بەڵکو هەموو بیروباوەڕ و هزرێك بە گیانێکی کراوە پێشوازی لێدەکرا. تەنها تەرازوویەك کە پشتی پێ ببەسترێ بۆ بە چاك زانین و بە خراپ زانین و هەڵسەنگاندن تەنها ئاوەز بوو، هەموو ئەو سامانە ڕۆحانییەی زیندو کرایەوە و هێنرایەوە نێو ژیان دەدرا لە سەنگی ئاوەز. ڕەتکردنەوەوپەسەندکردنیش هەر لەم ڕێگەیەوە بوو. چیتر شتێکی (پیرۆز) نەما، هەرچۆن هیچ ڕێسایەك نەبوو بسەپێنرێت بەسەر ئاوەز و ڕۆحی مرۆڤدا. مرۆڤ خۆی بووە هەموو شتێ، بووە بنەما و خولگە. ئەمانە گشت لە بەدواداچونی ئەو زانستانەدا ڕەنگی دایەوە کە دەرباری مرۆڤە. هەرچۆن ماناکانی ئەم بزاڤە لە ئەفراندنە هونەرییەکانی مرۆڤی ئەو ساتەدا پێچەوانە بۆوە و بە شێوەیەکی بەرچاو و دیار کاری تێکرد.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە هاتنی سەردەمی ڕێنیسانس کۆتایی هات بە سەردەمی شارستانیەتەکان ئەمەش زەنگی گۆڕانکارییەکی گشتی بوو کە تیایدا میللەتێ دوا ئەکەوێت و میللەتێ پێشئەکەوێت. بەڵام لە ماوەیەکی کورتی دواترا لە ڕێڕەوێکی گشتیدا یەکدەگرنەوە. کە دەڵێین سەردەمی شارستانیەتەکان ئاوابوو دەتوانین بڵێین مرۆڤایەتی پێی نایە چوارچێوەیەکی نوێوە کە دەکرێت بە چوارچێوەی ڕێبازەکان ناوزەدی بکەین. یاخود سەردەمی ڕێبازەکان. واتە چیتر دەرباری شارستانیەتی میسری و چینی و هندی و نمونەی ئەمانە لە سارشتانیەتەکانی میللەتان نابیستین، بەڵکو (بارۆك) و (ڕۆکۆکۆ) و (کلاسیك) و

(ڕۆمانتیك) دەبیستین. كە ئەمانەو هی تریش ڕێبازگەلێكن تایبەتمەندنین بە میللەتێكەوە، گەر لە سەرەتاشدا لای میللەتێك لە میللەتان گەشەی سەندبێت.

پۆلاندنێك لە بەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانكاریەدا:

لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانكاری‌یەی ئاماژەمان پێدا مانایەكی تایبەتی هەیە بۆ مێژووی مرۆڤ لە پەیوەندیدا بە بیركردنەوەی ئاینی و بە كۆمەڵگەوە، لە واقعدا ئێمە دەتوانین لەم وێناكردنەوە سێ قۆناغی گەورەی سەرەكی لە ژیانی مرۆڤدا بدۆزینەوە، كە زادەی پێچەوانەكردنەوەی بەرهەمی ڕۆحانی و هزری‌یەتی لە سەردەمی شارستانیەتەكان و ئەو سەردەمانەدا كە دواتر دێن.

قۆناغی یەكەم: قۆناغی كۆمەڵیی

قۆناغی كۆمەڵی بەو كاتانە دەژمێررێت كە مرۆڤ تیایدا زۆر پابەندی كۆمەڵ و بیروباوەڕە ڕۆحانی و بەها كۆمەلایەتی‌یەكانی بووە. هەموو چالاكی‌یەكانی خستۆتە گەڕ لە پێناو كۆمەڵەكەیدا، هەمیشە جەختی لە باوەڕبوونی خۆی بەو بیروباوەڕوو بەهایانە كردۆتەوە پێی. هونەر لەم سەردەمانەدا ئەو ئەركانەی بەجێهێناوە كە هاوبەش بوونی ئەو لە ژیانی كۆمەڵدا سەپاندویەتی بەسەریدا. لێرەوە هونەرمەند دەستبەرداری خودی خۆی بووە، بەكارە هونەری‌یەكانی ئامانجی بەدی‌هێنانی پێگەیەك و نەمریی نەبووە بۆ خودی خۆی وەك تاكێك، بەڵكو بە سیفەتی كارەكەرێك و خزمەتكارێكی كۆمەڵەكەی لەكاردا بووە. زۆرجار هونەرمەند لەم سەردەمەدا ناوی خۆی تۆمار نەكردووە لەسەر ئەو بەرهەم و كارانەی دروستی كردوون، واتە ئیمزای لە كارە هونەری‌یەكانی نەداوە، چون ئەو كارە هونەری‌یەی ئەنجامی داوە هێندەی بە ئەركێكی ئاینی و كۆمەلایەتی سەرشانی خۆی زانیوە هێندە بە كارێكی هونەریی خاوەن بەهای جوانی تێی نەگەیشتووە. وەك بە ڕوونی بەدەرئەكەوێت لەلای هونەرمەندە میسری‌یە كۆنەكان. هەستی كردووە بە ئەركێكی خۆی هەڵدەستێت لە ژیاندا وەك هەر كەسێكی تر. دیسان وەك لە بەسەرهات و شیعرە میللی‌یەكاندا دەیبینین، تەنانەت شاكارە مەزنەكانی ئەم سەردەمانە هەمان شتیان بەسەردا پیادە دەبێت. بۆ نمونە وا لێكدراوەتەوە كە (هۆمیرۆس) نووسەرو دانەری ئەلیادە نی‌یە بە ڕاستی و بە مانای نووسەر و دانەری بەڵكو كۆكەرەوەی بووە لەو سرودانەوە كە میللەت خاوەنی بووە و هەمیشە وتویانەتەوە. هەمان شێوە لە ئەدەبی میللی هەموو گەلێكدا هەیە هەر لە گۆرانی و شیعر و بەسەرهات و كاری شێوەكاریی سنعەتی و میللی‌و.. هتد.

بەم شێوەیە دەبینین مرۆڤ لە سایەی ئەم کۆمەڵیە کۆنەدا یەکەم جار و دواجار هونەرەکەی لە پێناو کۆمەڵدا بنیات دەنێت. ئەم قۆناغە لە دوای یۆنان و ڕۆمان لە ئەوروپادا تا سەرەتای ڕێنیسانس بەردەوام بووە.

قۆناغی دوهەم: قۆناغی مرۆڤ

لەم قۆناغەدا بیرۆکەی کۆمەڵی لادەچێت و تا بیروباوەڕێکی تر جێی بگرێتەوە کە ئەویش "بیروباوەڕی مرۆڤە" ساتێ دەڵێین بیروباوەڕی مرۆڤ مەبەست لە باوەڕهێنان بە تاک نییە بەڵکو باوەڕبوونە بە مرۆڤ. جیاوازیش لە نێوانیاندا گرنگە، لەبەرئەوەی ئەم جیاوازییەیە کە قۆناغی دوهەم لە قۆناغی سێهەم جیادەکاتەوە.

چەمکی مرۆڤ لەم قۆناغەدا چەمکێکی ڕەهای مرۆڤە یاخود مرۆڤی ڕەها. مەبەست لە مرۆڤی ڕەهاش ئەو مرۆڤەیە یاخود مرۆڤ وەك نوێنەری ڕەگەزی مرۆڤ نەك کەسێکی دەست نیشان کراو. لە قۆناغی یەکەمدا خەڵکی خواوەندیان دەپەرست، بەو سیفەتانەیەوە کە لە سنوری مرۆڤ و تواناکانیدا تێدەپەڕێت. هەرچۆن خوداوەند لەو قۆناغەدا سەنتەری گەردون و خولگەی ژیانی بۆ دەنواندن، هەر لەسەر ئەم وێناکردنەشەوە بیروباوەڕ و ئاینەکان ئەفرا. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا خەڵکی ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ تواناکانی لە بن نایەت و بێکۆتایە، گەر جڵەوی بۆ شل بکرێت پەرجوو دەخولقێنێت. لەمەوە بیرۆکەی خواوەندیان داگرتە سەر زەوی و بیرۆکەی مرۆڤیان خستە جێگەی، مرۆڤ چیتر بووە چەقی گەردون و خولگەی ژیان. هەموو شتێك کەوتە پێناوییەوە هەر ئەو ڕاستی دیارو بەرچاوو کاریگەر و کارتێکەرە. لەبەرئەوە شتێکی سەیر نابێت گەر هەموو وزەکان ئاراستەی بە پیرۆزکردنی مرۆڤ بکرێت لەسەر زەوی.

ڕووانینی خەڵکی لە سەردەمی شارستانیەتەکاندا بە ئاراستەی دەرەوە بوو. پێوەی خەریك بوون و گرنگییان بە دیاردەکانی دەدا، بە دوای هۆکارێکدا دەگەڕان لە ڕێگەیەوە بەسەر ترس و دڵەڕاوکێیاندا سەرکەون و بگەنە دڵنیایی و ئاسودە بوون.

بەڵام لە قۆناغی دواتردا خەڵکی لە جیهانی دەرەوە بوونەوەو، شتێکی تیا نەما بۆ یان جێی ترس و دڵەڕاوکێ بێت، ڕوویان کردە خودی خۆیان و لێی ڕامان، جیهانێکی نامۆ و سەیریان تیا بەدی کرد بەڵام لە هەمان کاتدا جیهانێك بوو فراوان و نادیار. چیتر سەرنج و گرنگی پێدانی خۆیان بەم جیهانەوە سەرقاڵ کرد لە هەوڵی دەرخستنی ڕازەکانی و تێگەیشتنی نادیارەکانی. لە چوارچێوەی ئەم قۆناغەدا "مرۆڤی بلیمەت" بەدەرکەوت، بیروباوەڕی "بلیمەتی مرۆڤایەتی" دەرکەوت و سەری هەڵدا. ڕێنیسانسی ئەوروپی بانگهێشتکەر و دۆزەرەوەی زیندوی ئەم بیروباوەڕە نوێیەیە.

جا بۆچی سەردەمی ڕێنیسانس ئەوا دواتر بە درێژی دێینە سەری. بەڵام گەر ئەم دەستنیشانە وەك خودی خۆی جێی سەرنجە ئەوا هەموو دەستنیشانکردنە مێژوویەکان کە پەیوەستە بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ و هزری مرۆڤەوە -هەمیشە دەستنیشانکردنێکی ورد نابێت، چونکە لە پرۆسێسێکی نەرم و لەسەرخۆوە سەرچاوە دەگرێت، بنەما سەرەتاییەکانی زۆر جار شاراوە دەبێت و دەرناکەوێت تا وێناکردنەکە نەبێتە دیاردەیەکی گشتی.

ئەمەش ئەوە بوو کە لە ڕێنیسانسدا ڕووی دا، خواستی مرۆڤایەتی بووە دیاردەیەکی گشتی کە لە هەموو جۆرە چالاکییەکی مرۆڤدا خۆی دەنواند. گەر ڕێنیسانس بیروباوەڕی (مرۆڤ)ی هێنابێتە بوون؛ ئەوا ئەم بیروباوەڕە بەردەوام چالاکی مرۆڤی هەژاندووە بە شێوەیەك بێت یان زیاتر، بە درێژایی پێنج سەدە، کە نزیك کۆتایی سەدەی نۆزدە کۆتایی پێ هاتووە.

قۆناغی سێ هەم: قۆناغی تاك

دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی مرۆڤدا، کە هەموو بیروباوەڕی خۆی لە (تاك)دا چڕکردبۆوە. ئەمەش دەرەنجامی باوەڕنەمانی خەڵکی ڕوویدا لەبەرامبەر ئاوەزی مرۆڤدا کە لە قۆناغی پێشودا بە بەرزو پیرۆزی ڕاگرتبوو. هەرچۆن هەندێ لە زانستە نوێیەکان، بە تایبەت دەرونزانی کاریان کرد لە تێکشکاندنی بتی بلیمەتیدا، ساتێ بڕیاری دا کە بلیمەت جیاوازییەکی چۆنایەتی لەگەڵ هیچ مرۆڤێکی تردا نییە، جیاوازییەکە تەنها لە چەندایەتی زیرەکیدایە بە بڕێك کە لە مرۆڤی ئاسایی زیاترە. کەواتە جیاوازی لە نێوان بلیمەت و کەسێکی ئاساییدا جیاوازییەکی چەندایەتییە نەك چۆنایەتی، واتە جیاوازی لە پلەدا نەك لە جۆردا لەو دەمەوە بیروباوەڕی تاکگەرایی سەرچاوەی گرت، واتە باوەڕهێنان بە تاك (نە ڕەگەز و نە کۆمەڵ) کە بنەمایەو ڕاستییە. وەك چۆن ئەفراندنەکانی مرۆڤ لەوەوپێش لە هونەر و بوارەکانی تردا لە لایەن بیروباوەڕی ئاینی و دواتر بیروباوەڕی مرۆڤگەرایی کاریتێکرابوو، هەرواش کەوتە ژێر کارتێکردنی بیروباوەڕی تاکگەراییەوە لەم دەمەی دواییدا. کەواتە دەتوانین بڵێین: هونەر کۆمەڵگەرایی شکۆفەی کرد، مرۆڤگەرایی پەروەردە بوو، تاکگەرایانەش کۆتایی پێهات.

کاریگەریی کەسایەتییەکانی ڕێنیسانس

هەمیشە سەرباری گۆڕانکارییە گەورەکان و ڕۆڵی گشتی میللەتان و دیاردەکان ڕۆڵی تایبەتی شان بە شانی ئەوان دەبێتە هۆکاری کاریگەرو شان بە شانی ڕووداوەکان جێ دەستی خۆی دیاری دەکات. لێرەدا ڕۆڵی تایبەتی چەند کەسایەتیەکمان مەبەستە لەم سەردەمەدا ئەرکی خۆیان لە بەرامبەر سەردەمە مێژووییەکەیان و گۆڕانکاری و ڕووداوەکان ئەنجام دراوە، هەڵبەتە کەسایەتییەکانی ڕێنیسانس زۆرن کە پێشەوایەتی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمە هەستیارەیان کردووە، بەڵام لێرەدا دەکرێت بە شێوەیەکی پوخت و خێرا ئاماژە بە هەندێکیان و ڕۆڵیان بدەین لە هاتنەکایەی ئەم ڕۆژگارە نوێیەدا:

(دانتی) ١٢٦٥- ١٣٢١ ز

ناوی تەواوی دانتی ئەلگیرییە شاعیرێکی ناسراوی ئیتالی و یەکەمین مژدەبەخشی سەردەمی ڕێنیسانسە. دژی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی خۆی بووە، لەسەر ئەم هەڵوێستەشی هەتا مردن توشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە.

ڕۆڵی گرنگی دانتی لە هاندانی خەڵکیدا بووە بۆ بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لە بری زمانی لاتینی، خۆیشی بە ڕاستەوخۆ شاکارەکانی بە زمانی نەتەوەیی نووسی، کە ئەمەش لە دوو سەرەوە کاریگەریی خۆی نواند. یەکەم لە بە میللی کردنی ڕۆشنبیری و تەرخان نەبوونی بۆ نوخبەی تایبەتی ئەرستۆکراتی و پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتی و یەکپارچەیی خاکی نەتەوە. دووەم: ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ئاینی و پیاوانی ئاینی. خاڵی یەکەم بووە مایەی زیاتر گرنگی دان بە چاپکردن و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری چون خەڵکانێکی زۆر بە پەرۆشەوە بە زمانی نەتەوەیی بەرهەمەکانیان دەخوێندەوە. لە دیارترین بەرهەمەکانی (کۆمیدیای یەزدانی)یە کە بریتییە لە ١٠٠ سرود و نزیکەی ١٤ هەزار بەیت. لە سێ بەش پێك هاتووە یاخود سێ شوێن: دۆزەخ و خاوێنگە و بەهەشت. دانتی گەشتێ دەکات بۆ ئەو دونیاو بەم سێ بەشەدا تێپەڕ دەبێت بە دوا (باتریس)ی خۆشەویستیدا، لەم گەشتەدا (ڤێرجیل)ی شاعیری بت پەرستی ڕۆمانی دەکاتە ڕێ نیشاندەری خۆی. هەڵبژاردنی ئەم شاعیرە کە دڵسۆزی سەردەمەکەی خۆی بوو، سەرسامی و سۆزی دانتی پیشان دەدات بۆ داب و نەریت و یاساکانی ڕۆمای کۆن. لە لایەکی تریشەوە ڕەوشتی بەرزو بێ هەوایی و دڵسۆزی "ڤێرجیل" لای ناودارانی ڕێنیسانس باشترین نمونەی ئادەمیزادی سەردەمەکەیان بووە.

دانتی لە دۆزەخدا پیاوانی کەنیسە لە قەشەو پاپاکان دەبینێت کە لەگەڵ تاوانباران و چەتەو ڕێگر و ساختەبازان و دوزمان و تەڕنی (خائن)یەکاندا دەسوتێنرێن.

لە پاکژگەدا فەرمانڕەوا بت پەرستەکان دەبینێت چونکە دڵسۆزبوون و خزمەتی وڵاتیان بە پاکی کردووە. بێگومان باوەڕی پتەوی دانتی بە ئاینی عیسایی وای کردووە لە خاوێنگە زیاتر بەوانە ڕەوا نەبینێ[11]. کۆمێدیا خەوبینینە بە یەکگرتنی ئیتالیاوە و بانگەوازە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی دنیایی لە دەست پاپاکان. بۆ ئەم ئامانجەش گەشبینە هەر لەبەرئەمەشە ناوی شاکارەکەی ناوناوە (کۆمیدیا)[12]. لە سەدەی چواردەهەمەوە بەرهەمەکانی ڕاستەوخۆ بوونە هێزی پاڵپێوەنەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەو نیشتمانیی گەلی ئیتالیا. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: "هۆی هاتنە دونیای مرۆڤ بۆ ئەوەیە تا بەرز بفڕێ" بەڵگەی پەیبردنی ئەوە بە بەهای مرۆڤ و هەرچی زوتر هەستکردنیەتی بەو بیروباوەڕانەی دواتر هومانیستەکان بانگەوازیان بۆ کرد و جەختیان لەسەر کردەوە.

پەترارك ١٣٠٤-١٣٧٤ز:

فرانچیسکۆ پەترارك شاعیر و نووسەر و داهێنەری ئیتالی، لە دوای دانتی بە کەسایەتی دوهەم دادەنرێت لە کاریگەری و خاوەن توانای بیرکردنەوە و هەڵوێست لە سەردەمەکەی خۆیدا، زۆری هەوڵ و چالاکی ئەم کەسایەتییە گرنگە دەکرێت لە گرنگی دانی دا کۆبکرێتەوە بە دەستنووسە کۆنەکان، چونکە ئەم پێشڕەوە خاوەن توانایەکی کەم وێنە بووە لە زمانی لاتینیدا، کە هاوسەردەمانی خۆی و بە تایبەت لە دەرەوەی ئیتالیاوە هێجگار زۆر پێی سەرسام بوون، ئەو دەستنووسانەی ئەم خاوەنی بووە تەنانەت لە کتێبخانەی ڤاتیکانیشدا چنگ نەکەوتون و زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ ساغ کردنەوە و وەرگێڕانی ئەم دەستنووسانە تەرخان کردبوو، ئەمیش هەروەکو دانتی نمونەی باڵای فەرمانڕەوایی لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا دەبینیەوە و لە خەونی گێڕانەوەی مەزنی ڕۆمای جاراندا بووە. یەکپارچەیی و یەکگرتنی خاکی ئیتالیا ئاواتی بەرزی ئەو بوو. لە شاکاری "ئیتالیای نیشتمانم" (Italia mia)دا بە ڕوونی ئەم خواستەی دەرئەکەوێت. پەترارك یەکەمین کەس بوو زانستی مرۆڤایەتی بەرامبەر لاهووت دانا، لە بیروباوەڕەکانیدا دژ بە بیرباوەڕی سەدەی ناوەڕاست بوو، تاکە ڕێگەی سەرفرازی و خزمەت کردنی کۆمەڵ و فیکر ئەو ڕێگەیە بوو کە لە ڕابردوودا (واتە پێش سەدەکانی ناوەڕاست) گرتبویانەبەر. بۆیە وشەی Humanitasی لاتینی لە نووسەرانی پێشوو خواست، نووسەرانی دوای خۆی ئەم وشەیە کاری تێکردبوون و بە شێوەیەکی بەربلاو بەکاریان دەهێنا. هەرچەندە خۆی لە چینی ئۆرۆستۆکرات بوو بەڵام ئاراستەی هەمیشەیی دژ

بەم چینە بوو[١٣] هەرچۆن لە ساڵی ١٣٤٧دا پشتگیریی ئەو ڕاپەڕینەی کرد کە لە ڕۆما دژ بە دەربەگایەتی سازدرا.

جگە لە شیعر زۆر بەرهەمی مێژوویی و ڕامیاری و ئاکاریی و فەلسەفی نووسیوەو، (بەشێکی باشی تیاچووە) لە چەند بەرهەمێکیدا بە توندی ڕەخنە لە لایەنە خراپەکانی کەنیسە دەگرێت بە تایبەتی لەو شیعرانەیدا کە ناوی (نامە بێ ناونیشانەکان)ی لێناون. وەك دانتی ئەمیش سودی لە ڤێرجیل وەرگرتووە بۆ گوزارشت کردن لە هەندێ مەسەلەی دنیایی نزیك بەخۆی.

زۆربەی هومانیستانی سەردەمەکەی یان هاوەڵی نزیکی بوون یاخود قوتابی خۆی بوون. شێوازی هێند کاریگەر بووە لە نووسیندا زۆربەی هاوسەردەمەکانی لاسایییان کردۆتەوە هەربۆیە دەکرێت قسە لە قوتابخانەیەکی (پەترارك)ی تایبەتی بکەین لە ئیتالیاو دەرەوەی.

هەرچەندە پەترارك بە پچڕانی تەواوی لە دونیای دەرەوە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا توشی گۆشەگیری هات، بەڵام ڕۆڵی ئەو لە دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە بە وەرگێڕان و ساغ کردنەوەی دەستنووسەکانی و هەڵوێستی نەتەوایەتی و ڕەت کردنەوەی بیروباوەڕەکانی سەدەی ناوەڕاست و ڕەخنەی لە کەنیسەو پشتگیریی لە گیانی شۆڕشگێڕی دژ بە چینی دەرەبەگ و ئۆرستۆکرات. پێویستە پێگەیەکی شیاوی لە قۆناغی یەکەمی ڕێنیسانسدا بۆ دابنرێ.

(پۆکاشیۆ) ١٣١٣- ١٣٧٥ز:

نووسەری ناوداری ئیتالی (جیوڤانی پۆکاشیۆ) لە خێزانێکی فلۆرەنسایی لە پاریس لە دایك بووە. لە گەڕانەوەیدا بۆ ئیتالیا لە شاری ناپۆلییەوە دەستی بە جموجوڵ و چالاکی ئەدەبی کرد. ئەو کاتەش کە گەڕایەوە بۆ فلۆرەنسا لە هەرەتی لاوێتی و لوتکەی چالاکی ئەدەبیدا بوو، پێشوازی گەرمی لێکراو هەر ئەوکاتە چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتووی ئەو شارە بەسەر چینی ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتداردا سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنابوو. ئەم هەل و مەرجە دەرفەتێکی گەورەی ڕەخساند بۆ ئەم نووسەرە کە پەرە بە وزە و توانای خۆی بداو ڕۆڵی تایبەتی لە ژیانی سیاسیدا بە کردەوە بگێڕێ. چەند ئەرکێکی دیپلۆماسی گەورەی لە دەزگا کۆمارییەکاندا وەرگرت و بەوپەڕی سەرکەوتوییەوە بەجێی هێنان.

پۆکاشیۆ خاوەن بیرکردنەوەیەکی دیموکراسی و نیشتمانی قووڵ بوو، خواستی جێگیرکردنی زمانی نەتەوەیی بوو هەر بەو زمانەش دەینووسی. لە شاکارەکانی (دیکامیرۆن)[١٤] ە لەسەد چیرۆکی کورت پێك هاتووەو بە سێ ساڵ نووسیویەتی نووسەر لەم چیرۆکانەدا سەرەڕای بەخشینی ڕۆڵی پاڵەوانێتی بە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی ئیتالی لە هەموو چین و توێژەکان واتە لە

میر و سەرۆکەوە تا جوتیار و دەست و پێوەندەکان، بە شێوازێکی گاڵتەجارِی پەردە لەسەر هەڵس و کەوتی رِەبەن و قەشەو تێکرای پیاوانی کڵێسە هەڵدەماڵێ و ئاشکرای دەکا، کە ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی مشەخۆر و ساختەباز و داوێن پیس و دوزمان و مەرایی کەرن.

هەرچەندە پۆکاشیۆ رِاستەوخۆ توخنی مەسەلە ئاینییەکان نەکەوتووە بەڵام هەنگاوێکی چاونەترسانەی نا بۆ ئاشکراکردنی رِووی رِاستەقینەی پیاوانی کەنیسە. لە هاوشانی ئەمانەوە باس لە سەرکەوتن و رِاستی ئەو یاسایانە دەکات لە ژیاندا کە لە تەك عەقڵی ئادەمیزاد و بەرژەوەندییەکانی سەردەمی نوێدا دەگونجێن. بە جۆرێك دەرِووانێتە ئادەمیزاد کە داهێنەرێکی گەورەی ژیانەو پێویستە لە شوێن و جێگەی شیاوی خۆیدا دابنرێ. پۆکاشیۆ جەختی لەسەر ئەو بیروباوەرِە کردەوە کە دەوترا: نابێ پلەوپایەی تاکەکەس بەو چاوەوە تەماشا بکرێ لە چ خێزان و بنەماڵەیەکە، بەڵکو دەبێ کاروکردار بکرێتە محەکی چاکەو پیاوەتی تاکەکەس.

پۆکاشیۆ وەك دانتی و (پەترارك)ی هاوچەرخی لە گێژاوی ئەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییانەدا کە شارەکانی ئیتالیا تێیدا دەژیان و هەموو لایەنێکی هزریشی گرتبووەوە، دوچاری تەنگوچەڵەمەیەکی سایکۆلۆژی بووبوو. لە بیرورِا دونیاییەکانی پاشگەز بووەوە. گەر بترارك نەبوایە بە تەواوەتی دەست بەرداری هەموو جموجۆڵێکی ئەدەبیش دەبوو. ساڵانی دوایی تەمەنی بۆ کاری زانستی تەرخان کرد و دەستی دایە کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی دەستنووس و نووسینەوەی مێژوو لە لایەك، لە لایەکی تریش شیکردنەوەی نووسینەکانی (دانتی) و لەسەر حەڤدە سرودی (کۆمیدیای یەزدانی)ی نووسی و یەکەم کەسیشە مێژووی ژیانی نووسەرەکەی خستە دووتوێی کتێبەکەوە.

لە کاتێکدا کۆتایی بە باسی ئەم سێ پێشەوایە دەهێنین، سەرەرِای هەموو کەم و کورتییەك لە بەرهەم و بیری ئەواندا، رِۆڵێکی دیار و ئاشکرایان لە بوژاندنەوەی ئەوروپادا هەبووە و بۆچونەکانی ئەوان بۆ رِۆژگاری خۆیان سیمایەکی پێشکەوتن خوازی پێوە دیارە و بووەتە بەردی بناغە بۆ هاتنەکایەوەی دنیایەکی نوێ، پاشان لەگەڵ رِەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵدا گەشەیان پێکراو لە جاران زیاتر نەش و نمایان کرد و کاریان کردە سەر هەموو رِێبازە فیکرییە نوێکانی دوای خۆیان(١٥).

پێگەی ئیتالیا وەك زێدی رِێنیسانس:

لە ئەنجامی چەند هۆیەکی دیاریکراودا کە هەریەکەیان بەم یان بەو شێوە کاریان لەوی تر دەکرد، بیروباوەرِی رِێنیسانس لە وڵاتی ئیتالیادا بەر لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا خۆی نواند. سەرباری ئەو هۆیانەی فلۆرەنسایان کردە پایتەختی رِێنیسانس و ئاماژەمان پێدا لە پەراوێزدا،

ئاماژە بە چەند هۆکارێکی تر دەکەین کە ڕۆڵی خۆیان گێڕا بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە نوێیە لەم وڵاتەدا کە تا ئەمڕۆ دەستنیشانکردنی مەودای مێژوویی ڕۆژگاری ڕێنیسانس و ئەو وڵاتەی سەری تیاهەڵدا، یەکێکە لەو مەسەلە ئاڵۆزانەی مشت و مڕی زانستیانەی لەسەر دەکرێ. بەڵام سەرەڕای جیاوازیش مێژوونووس و لێکۆڵەران باوەڕیان وایە کە ئیتاڵیا لانکەی ڕێنیسانس و بزوتنەوەی مرۆڤایەتییە.

ئەم وڵاتە لە کۆتایی سەدەی ناوەڕاستدا زۆر بە خێرایی بەرەو پێش چوو. لە سەدەی یانزەهەم بە دواوە ئابوری ئیتاڵیا پشتی بە بازرگانی دەرەوە بەست. گورجوگۆڵی بازرگانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا لە برەودا بوو تا توانی هەموو ئاڵ و گۆڕێکی نێوان ئەوروپاو ڕۆژهەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات. ئەمەش بە قازانجێکی گەورە و دەوڵەمەندییەکی زۆر بۆ ئیتاڵییەکان شکایەوە. لە میانی سەدەی سیانزەهەمدا ئیتاڵیا ڕیزی پێشەوەی بە هۆی خواستی ئاوەزی و ڕێنومایی کارانەوە لە ئابوریدا و پەرەسەندنی سەرمایەداریدا بۆ خۆی داگیرکرد هەرچۆن بەرەنجامی ئەم خواستەش بوو توانی پەرەسەندنی سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی لە ئیتاڵیادا بهێڵێتەوە. شارەکانیش لە شاری وڵاتانی تر زیاتر پێشکەوتوتر بوون[١٦]. جوڵەی بازرگانی لە شاری ڤینیسیادا هێند بە گوڕ بوو هەموو بوارێکی گرتبۆوە بە دوا قازانجدا. تا گەیشتبووە بازرگانی بە کۆیلەی سپییەوە. (واتە کڕین و فرۆشتنی ئافرەتی بولکانی بە میر و خەلیفەکانی ڕۆژهەڵات چونکە ئەم بازرگانییە قازانجێکی زۆری لە دوا بوو) ئەمە سەرباری پێشکەوتنی پیشەسازیی کە بە هاوشانی بازرگانیی ئیتاڵیای خستە پێگەیەکەوە کاری کردە ئابوری تێکڕای وڵاتانی ئەوروپا. لەبەرئەوەی ئەم وڵاتە پێش ڕۆژئاوا کەوتبوو لە لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، نوێ بوونەوەی ئابوریی دەست پێ‌کرد بووە مایەی ئەو ئاسانکاریانەی لە مەیدانی دارایی و مەیدانی گواستنەوەدا کە جەنگی خاچ پەرستی پێویستی پێ بوو لە ئیتاڵیاوە ڕێکبخرێت. پێشبڕکێ‌ی سەربەست بۆ یەکەمین جار لەوێوە سەری هەڵدا و یەکەم ڕژێمی بانکی ئەوروپی تیا بەدەرکەوت. هەرچۆن نابێت ئەوە لە یاد بکەین لە ئیتاڵیادا پێش هەموو وڵاتێکی ئەوروپی ئازادبوونی چینی ناوەند ڕاگەیەنرا، بە هۆی لاوازیی هەردوو ڕژێمی دەرەبەگی و سوارچاکی (الفروسیە) هەر لە سەرەتاوە لەچاو ئەوروپای سەرودا. ئۆرستۆکراتیەتی لادێیی ئیتاڵی جێ پێ‌ی هەبوو لە شارەکانداو توانای خۆ گونجاندنیشی هەبوو لەگەڵ ئۆرستۆکراتی دارایی لە شارەکاندا. ئەم بارودۆخە پڕ لە گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە کە لە سروشتی سیستمی شارەکانی ئیتاڵیادا ڕەنگیان دابۆوە، کاری کردە سەر خێزانە دەسەڵاتدارەکان کە لە کشتوکاڵ زیاتر بایەخ بە کاروباری پیشەسازی و بازرگانی بدەن. کارایی و بە توانایی ئەم

خێزان و بنەماڵە فەرمانڕەوایانــە هۆکارێکی تـرن کـە نـاکرێت فـەرامۆش بکرێـن لـە پێشڕەوی کردنی ئیتالیدا. هێزی دەزگای ئابوری ئەم خێزان و بنەماڵانە کە خۆیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون لەناو دەوڵەتدا هەرەس هێنانی پەیوەندیـیە دەرەبەگایەتـیـیەکانی ئیتالیـای پێش هـەموو وڵاتانی تر خست.

بە هۆی ئەو جموجۆڵە بازرگانییەی باسمان کرد بـیروڕاو دیـاردە گرنگـەکانی شارسـتانیەتی ڕۆژهەڵات دەگەیشتە ئەوروپا لە ڕێی ئیتالیاوە. ئەمەش کـاری خـۆی کـردە سـەر بوژانـدنـەوەی ئەوروپی بە گشتی و ئیتالیا بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی خاچ پەرستاندا. کە بە هۆی شکست و پاشەکشەیان زۆر دیاردەی شارستانی بۆ ڕۆژئاوا پەڕاندەوە.

هۆیەکی تری گرنگ کە وای کرد ئیتالیا بەر لە هەموو وڵاتانی تر ببێتە پێگەی ڕێنیسانس. بوونـی ئـەم وڵاتەیـە بـە مەڵبـەندی کڵێسـەو جیـهانی مەسـیحی بـە چـەند سـەدەیەك بـەر لـە ڕۆژگاری ڕێنیسانس. ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتن و پەرەسەندنی دیاردەکانی ڕێنیسانس تێیدا لە دوو جەمسەری ناکۆکەوە. چونکە پێشتر ئاماژەمان بە ڕۆڵی پیـاوە ئاینیـیـەکاندا بـە تایبـەت لـە ڕۆمـادا بـۆ بـەدواچون و دەوڵەمـەندکردنی هۆکاری دەستنووسـەکان. لـە لایـەکی تریشـەوە ئیتاڵیا ناوبانگی بەوە دەرکردووە کە سروشتێکی ڕازاوەی هەیـە، ئەمـەیش وای کـردووە زمـان و ئـەدەبیاتی بـەپێزتر بکاو سـەرچاوەی داهێنـان لـە بوارەکـانی هونـەرو ئـەدەبدا بتەقێتـەوەو بنچینەیەکی نوێ بۆ چێژ لێوەرگرتنی ئەم بەرهەمە جۆربەجۆرانە دابمـەزرێنێ. ئیتالیا پشت بـە بیروبـاوەڕی یەکـەیی کـە سروشـی بـە هونەرەکـەی دەبەخشـی توانـی خواسـتی کلاسـیکی لـە ڕێنیسانسدا بهێڵێتـەوە. ڕۆشـنبیریی هونـەریی بـۆ یەکـەمین جـار لەسـەر تەختـەی شـانۆی ئیتالییەوە دەرکەوت و دواترینیان لەبەرئەوەی کەلتوری سەردەمی کلاسیکی کۆن بە هێجگاریی لە ئیتالیادا نەفەوتابوو و لە هەموو فۆژبنێکدا ڕێکەوتی ئاسەواری کلاسیکیت دەکرد.

ئەوەی زانراوە زۆرێك لەو تیۆریانەی لە بنەچەی ڕێنیسـانس دەکۆڵنـەوە هۆکـاری سـەرەکی بەمـەی دواترینیـان دەزانـن کـە ئەمـەش شـتێکی ئاسـانە یـاخود لێی ئاسـانتر نـیـە هـۆی پـەیدابوونی ئـەم شـێوازە نوێیـە بـۆ هۆکارێکی دەرەکی ڕاسـتەوخۆ بگێڕیتـەوە. بـە هـەرحاڵ ئەنجامی کارکردنی ئەم هۆیانە ئیتالیا پێشڕەوی وەرگرت بۆ سەردەمێکی نوێ، هـەل و مـەرجی بۆ ڕەخسا بۆ گەشەکردن و توانی خزمەتێکی ئەوتۆی بکا، ڕەگـەزە بنچینەییـیەکانی نەشـو نما کردنی بە جۆرێك پێببەخشێ کە لە وزە و توانای هیچ وولاتێکی تری ئەوروپاییدا نەبوو. ئەم واقیع بۆ ڕەخساندنە وای لە هەندێ مێژوونووس کردووە بگەنـە ئـەو بـاوەڕەی کـە بوژاندنـەوە تەنها ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە.

زنجیرەی گۆڕانکارییە مێژووییەکان لە ئیتالیای ڕێنیسانسدا

گەر بمانەوێت هەرچی ووردتر و قووڵتر بڕووانینە گۆڕانکارییە مێژووییەکان و سەرەتاکانی دەست نیشانکراوتر بن لە ئیتالیادا ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەدەی پانزە ئەو دەمەی کۆمارە دەریاییە بچوکەکان وەك ڤینیسیاو پیزاو جێنوا سەربەخۆ لە ڕژێمی دەرەبەگایەتی بەدەرکەوتن. پاشان هەر ئەم کۆمارە بچوکانە بوو کۆمەڵگە ناوخۆییە ئازادەکانی لێ دروست بوو وەك میلانۆ و لۆکاو فلۆڕەنسا و ڤیرونا کە ئەمانە دەوڵەتۆکە بوون و بە گشتی لە بازرگانیدا کاریان دەکرد. بە دروست بوونی ئەم کۆمەڵگە ناوخۆییانە، هەر زوو بە زوو کێشە کەوتە نێوان ئەمان و گەورە خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکانی دەوروپشتیانەوە، بە شێوەیەکی کاتی کێشەکە بە سەرکەوتنی چینی ناوەند کۆتایی هات. بەمەش ئەرستۆکراتیەتی لادێ گواستیەوە ناو شارەکان و هەوڵی خۆگونجاندنی دا لە دوتوێی ئەم بارە نوێیەدا.

لە هەمان کاتدا کێشەیەکی تر سەری هەڵدا لە نێوان چینی بەرز و چینی ناوەند بە گشتی لە لایەك و لە نێوان چینی ناوەندی گەورەو بچووك لە لایەکی تر، دوو بەرەکی کەوتە نێوان دانیشتوانی شارەکانەوە کە پێشتر دژی دوژمنێکی هاوبەش یەکگرتوو بوون. بوونە چەندان بەش و کەوتنە کێشەیەکی تاڵەوە تا دورترین ئاست. ئەو گۆڕانکاریانەی کە کلتوری یۆنانی و ڕۆمانی لە فەلسەفەو ئەدەب و هونەردا گوڕیان پێ دەبەخشی هاوکات بوو لەگەڵ دەنگدانەوەی هات و هاواری ئەو شەڕانەی کە لە شەقام و کۆڵانەکانی فلۆڕەنساو دەوڵەتۆکەکانی تری ئیتالیادا بەرپابوو؛ لە نێوان دەستە سەربازییە بەکرێ گیراوەکانی لە پێناو سەرکردە سەرکێشەکانیاندا دەجەنگان و کاریان دەکرد، لە هەوڵی دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات و دەوڵەمەندی دا، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە هەموو جۆرە چەکێکیان بەکاردەهێنا، تەنها لە پێناو ئەوەی ئەیانەوێت تەنانەت گەر ئەو چەکە غەدر و ژەهر و خیانەتیش بێت. هەرکامێك دەستی بە جڵەوی فەرمانڕەوایەتیدا دەگەیشت هێندەی نەدەبرد دەبووە زۆردار و بەردەوام دەبوو لە زۆرداری کردندا تا سەرکێشێکی تر دەهات و جێگەکەی دەگرتەوە. ئەمانە هەمووی سیمای کلپەسەندنی ئاگری کێشەی نێوان بۆرژوازیەتی بچووك و گەورە لە لایەك و لە نێوان بۆرژوازیەت و بازرگانە بچووك و پیشەگەرەکان لە لایەکی ترەوە بوو.

لە کۆتایی سەدەی دوانزەدا دیموکراتییە سەرەتاییەکان بوونە ئۆتۆکراتیەتی سەربازیی، هۆکاری ئەمەش نەزانراوە. ئایا دانانی فەرمانڕەوا ڕەهاکان بەرەنجامی کێشەی خوێناوی نێوان چینە ئەرستۆکراتییەکانە یاخود کێشەی نێو چینی ناوەند؟ یا هەردوو دیاردەکە پێکەوە؟!.

بەهەرحاڵ هەمیشه دابەدوای کێشەی ناوخۆی بەره جیاوازەکان دوورو نزیك بە پەیدابوونی رژێمی فەرمانڕەوایەتیەکی رەها کۆتایی دێت[١٧].

لە سەدەی سیانزەهەمەوە فەرمانڕەوایی رەها بووە بۆ ماوەو پشتاوپشت لە زۆر شوێندا، تەنها لە هەندێ شوێنی کەمی وەك فلۆرەنسا و ڤینیسیا نەبێت کە دەستوری کۆماری کۆن مابۆوە وەك چوارچێوە و ئەو ئازادیەی پێشوو لە کەم بوونەوەدا بوو. چیتر کۆمەڵگەی رامیاریی ئازاد شتێك بوو بەسەرچوو بەپێی زەمان.

قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداریی لە فلۆرەنسادا لە هەموو شارێکی تری ئیتالی روونتر و دیارتر بەدەرکەوت، لەم شارەدا وردتر چونە سەرەوەی چینی ناوەندی بالا دەرئەکەوێت، لە رێی دەستەی پیشەیەکانەوە بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا. چون ئەم شارانەو فلۆرنسا لە سەرویانەوە نەیانتوانی لەگەڵ رژێمی خێزانە فەرمانڕەواکاندا بگونجێن.

دەستە پیشەیەکان توانییان دوای مردنی فریدریکی دوهەم دەست بەسەر دەسەڵاتی خۆجێیەتیدا بگرن و لە دەست فەرمانڕەوای رەهای دەرکەن، (یەکەمین دەسەڵاتی میللی) بنیات بنێن و سەرکردەی بۆ هەڵبژێرن. بەم شێوەیە لوتی خێزانە سەربازیەکان شکاو ئەرستۆکراتیەتی دەرەبەگی وەدەرنرا لە حکومەتی کۆماریی. ئەمەش یەکەمین سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی چینی ناوەند بوو لە مێژووی نوێدا، رووداوێك بوو یادی سەرکەوتنی دیموکراتی یۆنانیمان دەخاتەوە بەسەر حکومەتە خوێن رێژەکاندا.

بەڵام دوای دە ساڵ (بە یەکگرتنی ئەرستۆکراتیەتی دارایی و ئەرستۆکراتیەتی بۆماوەیی) ئەرستۆکراتیەت توانی دەست بگرێتەوە بەسەر دەسەڵاتی مێژوویی دواتری فلۆرەنسادا.

سەدەی چواردەهەم لێوان لێوبوو لە کێشەی نێوان چینی ناوەند کە پێشرەوایەتی دەستە پیشەیەکانی دەکرد و ئەو کرێکارانەی کەناچار دەکران بچنە دەرەوە لێیان. لەم دەوڵەتەدا سەرمایە دەسەڵات داریەکی دەکرد هێند توند و تیژ و هێند دوور لە ویژدانێکی ئاکاریەوە کە نە لەوەو پێش و نە لەوەو دوای مێژووی ئەوروپای رۆژئاوا بە خۆوەی نەدیبوو. گەشەسەندنی ئابوریی بەرەنجامی چەوساندنەوەی بێ راددەی هەژارەکان[١٨] خۆی دا لە لوتکەی.

لە ساڵانی ١٣٢٨-١٣٣٨ چەندان خێزانی گەورە نابوت بوون، دەسەڵات چووە دەستی حکومەتێکی میللی کە لە بۆرجوازیەتی بچوك پێك هاتبوو (یەکەمین حکومەتی لەو جۆرە بوو لە فلۆرەنسا). چل ساڵی دوای ئەوە[١٩] تاکە ماوەی دیموکراتی راستەقینە بوو لە مێژووی فلۆرەنسادا. لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی پیشەگەراکان و دروست بوونی حکومەتێکی میللی کە

تیایدا چەند دەسکەوتێ بۆ چینی کرێکاران بەرهەڤ بوو، چەند ساڵێکی نەبرد حکومەتی میللەت لەناوبراو دەسەڵات گەڕایەوە لای چینی باڵا بە هاوبەشی چەند خێزانێك[٢٠].

لەسەرەتای سەدەی پانزەوە ماوەیەکی نوێ لە گەشەسەندنی ئابوری و هێمنی باڵی کێشا بەسەر فلۆڕەنسادا (کە بە درێژایی فەرمانڕەوایی کۆزیمۆ میدتشی بەردەوام بوو) فلۆڕەنسا گەیشتە چڵەپۆپەی توانای ئابوریی. چینی دەسەڵاتدار حەزیان بە دەرخستنی هێزو تواناو سامانیان دەکرد هەر لە ساڵی (١٤٢١)ەوە (جیبرتی) دەستیکرد بە کارکردن لە دەرگای ڕۆژهەڵاتی بێوێنەی شۆردنگەی کەنیسەی فلۆڕەنس، برۆنیللسکی گومەزی سەر کاتیدراڵیەکەی دروست کرد.

بیرۆکەکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کردنی فلۆڕەنسا بوو بە ئەسینایەکی تر.

لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەوە بەرەنجامی هەرچی زیاتر دەوڵەمەندبوونی چینی بۆرجوازی، بیروباوەڕ و هەڤۆت و سەرەتاگەی ڕەفتارە ئاوەزیەکانی خۆی لە دەست دا و نمونە باڵاکانی مەللاکە گەروەکان جێیانی گرتەوە، بەمەش کەسایەتی بۆرژوازی وردە وردە سیما ڕۆمانتیکیەکانی لە دەست دا. لێرەدا هەردوو بازنەی کۆشك و چینی ناوەند لێکیان دا لە نێوەندی ڕێدا، دەسەڵاتدارەکان بە شێنەیی پێشکەوتن خوازبوون و چینی ناوەندیش زیاتر مەیلی بەلای ڕێبازی پارێزگاردا چوو. حەزیان بە هونەرێك دەکرد نمونەی باڵای ڕۆژگاری تەخت و سوارچاکی و ڕوحانیەتی غوتی سەدەی ناوەڕاستی تیابێت.

هۆکارە ئایدیۆلۆژی و ئابوریەکان لەسەر هونەری ڕێنیسانسی ئیتالی

کۆتایی سەدەی دوانزە بە گەشانەوەی ئابوری و چونە پێشەوەی گوزەرانی و نیشتەجێ بوونی شارەکان دەزانرێت هەر ئەم هۆیەشە وا دەکات سەرەتای دووری ڕێنیسانس بۆ ئەو ساڵانە ببرێتەوە، لە گرنگترین دیاردەیەك کە لەم ڕۆژگارانەوە سەری هەڵدا لە هونەردا خواستی لێکچوون بوو لەگەڵ سروشتدا، ئەم خواستەش ئەو دەمە ئەفرا کە چیتر نیگارو کارە پەیکەریەکانی سەردەمی غوتی هێماگەرایەکی پەیت نەما. هەڵبەتە ئەمە ناکاتە ئەوەی بڵێین سەردەمی ڕێنیسانس دۆزەرەوەی سروشتە، گەر وامان ووت هاوڕا دەبین لەگەڵ خواستی لیبراڵیەت لە سەدەی نۆزدەدا، چون لیبراڵیەتی سەدەی نۆزدە بانگهێشتکەری بیروڕایەکی لەوجۆرەیە. وەختێ (بورکارت) دەڵێت: "دۆزینەوەی جیهان و مرۆڤ" پێشتر لە ڕێنیسانسدا کراوە، ئەم وتەیە بە مەبەستی پشت گیریە لە بیرکردنەوەیەك کە سەراپا هێرشە بۆ سەر گیانی دواکەوتویی ڕۆمانتیکی و پەیوەست کردنەوەیەکی ڕێنیسانس و ئایدیولوجیەتی لیبراڵیە کە لە نووسینەکانی (میشیلیە)دا دەردەکەوێت. ئەو وێناکردنێکی هەیە بۆ ڕێنیسانس

بە ڕوویەکی گشتی کە سەرەتای پەرەسەندنێکە دواجار دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بیرۆکەی ئازادی و ئاوەز. ئەمانە گشت ئاماژەیەکن بۆ گرنگی پێدانی سەرەکی ئەو لە شیکردنەوەکانیدا لەسەر دەست نیشانکردنی ئەو بنەمایانەی کە بزاڤی لیبرالیەت بۆی دەگەڕێتەوە، ئەوەی جێی گرنگی پێدان و سەرنجی ئەوە هەمان کێشەیە دژ بە خواستی کەهنوتی و گیانی دەسەلاتگەرایی لە میانی ئاوەزییدا. سەرکەوتنی ئازادی و ئاوەز هەڵبەتە دەمان گەیەنێتە وێناکردنی سەردەمی ڕێنیسانس بە سەردەمێکی دژە ئاینی یاخود بە دوور لە ئاین، (ئەمەش وەك خاڵێك لە سەرەتای باسەکەمانەوە ئاماژەمان بە پێچەوانەکەی دا) هۆکاری ئەمەش تەنها لای بورکارت و میشیلیە نییە بەڵکو بینینی بیل Bayle لە (فەرهەنگی مێژوویی و ڕەخنەیی) بەشی چوارهەم، ڤۆڵتێر لە (گەڕان لە نێو ڕێساو ڕۆحانی میللەتان) وەرزی دوانزە. مۆرکی نائاینی ڕێنیسانس شتێکە سەلمێنراو. ڕێنیسانس هەتا ئەمڕۆ لەژێر قورسایی ئەم وەسف کردنەدا دەناڵێنێ. هەرچەندە لە واقعدا تەنها سەردەمێك بوو دژ بە کەهنوتیەت و گیانی قوتابخانەگەراو زاهیدی بەڵام لە پاڵ ئەمانەدا بە هیچ شێوەیەك و مانایەك سەردەمێکی گومان گەرا نەبوو، هەرچۆن ناکرێت وا بزانرێت و بوترێت کە هەستی ئاینی هەستکردنێکی سەراپا بزر بووە. بەڵکو ڕێنیسانس تەنانەت بەو شێوەیەش دژایەتی دەسەلاتی نەکردووە کە لایەنگرانی ڕۆشنگەرایی و لیبرالیەت جەختی لەسەر دەکەنەوە، لەلای مێژوونووسە لیبراڵی و ئیشتراکی‌یەکان دەردەکەوێت.

بەڵێ لەم سەردەمەدا توانرا گۆڕانکاری سەرەکی بهێنرێت بەسەر کاریگەریی بیرۆکە ئاینی‌یەکانی دەرباری ئەو دنیاو ڕزگاربوون و گوناهی یەکەم‌و.. هتد، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی سەردەمێکی دژ بە ئاین بووبێت. هەتا ئەمڕۆش ئەو دووبەرەیەی ئاماژەمان پێدا ڕێنیسانس بە جەنگێکی ڕزگاریی ئاوەزو سەرکەوتنی گیانی تاکڕەوی دەزانن. گیانی تێکۆشان لە پێناو ئازادی لە نێوەندی سەدەی هەژدەهەمدا کاری لەسەر بەهێزکردن و پتەوکردنی ڕێڕەوی ڕادیکاڵی کرد لە تێڕوانینی ئاوەزیدا بۆ ڕێنیسانس، لەبەرئەوەی تێکۆشان دژ بە کۆنەپەرستی یادی کۆمارە ئیتالی‌یەکانی هێنایەوە بیر لە ڕێنیسانسدا و سروشی پەیوەست کردنەوەیەکی هەردو حاڵەتەکەی ئامادەکردەوە ئەمە جگە لە هۆکارێك کە تەواوکەر بوو بۆ تێگەیشتنێکی لیبراڵیانە لە سەردەمی ڕێنیسانس و بڵاوکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە ئەویش ڕۆژنامەگەریی دژ بە ناپولیون بوو لە فەڕەنسا و بەرەی دژ بە پیاوانی ئاینی بوو لە ئیتالیا.

بورکارت خواستی تاکگەرایی تێکەڵ بە خواستی هەستی‌و شەهوانی کرد، هەرچۆن بیرۆکەی ڕەهابوونی خودی لە دەست خواستی زاهیدیی تێکەڵ بە بەهاخوازی سروشت و بانگەواز بۆ

چێژوەرگرتن بە ژیانەوە (ڕزگارکردنی جەستە) کردووە. ئەمەش لەژێر کاریگەریی ئاکاریی ڕۆمانتیکی لای (هینە) لە لایەك و بە پیرۆز ڕاگرتنی پاڵەوانی لە ئاکار بەدەری لای نیتشە.

لیبراڵیەت و ڕەوتی تاکگەرایی لە سەدەی نۆزدەدا بەرەنجامی ڤین هەڵگرتنیان لە جیهانی ئاکاریی چینی ناوەند و شۆڕش بە سەریا، بووە مایەی دەرکەوتنی ڕەوتێکی بێ ئاینی زیادەڕەو، هەوڵی ئەوەی دا لە بری ئەو لەززەتانەی کە دەستەوسانە لە پێگەیشتنیاندا وێنای ڕێنیسانس بە زیادەڕۆیترین شێوە بکات[٢١]، ئەم وێناکردنەش بەرەنجامی دەروونی سەدەی نۆزدەیە زیاد لەوەی بەرەنجامی دەرونی خودی ڕێنیسانس بێت. ڕەوتی ئیستاتیکی بزاڤی ڕۆمانتیکی زۆر زیاتر بوو لەوەی تەنها پەرستنی هونەرمەند و هونەر بێت. ئەم فەلسەفە جوانیە ئەو کەسە گوناهکارو زۆردارو توندوتیژانەی نێو ڕێنیسانسی بە کەسایەتی گەورە دەزانی کە چاو لە سەیرکردنیان تێر نابێت.

تایبەتمەندێتی چەمکی تاکگەرایی لیبراڵی و هەستی شەهوانی چەندێ بەسەر سەدەکانی ناوەڕاستی دوایندا پیادە ئەبێت هێندە بەسەر ڕێنیسانسیشدا. لێرەوە سنورەکان زیاتر جوگراڤی و نەتەوەیی بەدەردەکەون. زیاد لەوەی مێژوویەکی پەیت بن، بۆ نمونە مرۆڤ هەمیشە ئەو دیاردانەی لە خواروی ئەورووپا ڕوودەدەن دەگێڕێتەوە بۆ ڕێنیسانس، ئەو دیاردانەش کە لە سەرویدا ڕوودەدەن بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. نیگارکێشانی فراوان لە هونەری ئیتالیدا، بە شێوەکانیەوە کە بە ئازادی دەجوڵێنەوە و بە یەکەی جێگەیەوە بۆ دیمەنەکانی، وا دەرئەکەوێت لە مۆرکی ڕێنیسانسەوە وەرگیرابێت، بەڵام جێگەی دیاریکراو و داخراو لە نیگارکێشانی کۆنی زەویە نزمەکاندا، بەو شێوە مرۆڤیانەوە کە گەورەیی و مەزنیان تیایە تا ڕاددەیەك و هەموو ئەو توخمە وردەکاریە زیادانەی کە بە وریاییەوە کۆکراونەتەوە لە شێوازێکی مینیاتۆری ناسکدا، ئەمانە گشت مۆرکێکمان تیا بەجێ دێڵێ کە بە هەموو شێوەیەك سەر بە سەدەی ناوەڕاستە. بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا جێپێکانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی لەرزین کە سەراپای ڕۆژئاوای گرتبۆوە لە دوتوێی یاسای سوارچاکی نێودەوڵەتی و کەنیسەی جیهانی بە کلتورە جیهانیەکەیەوە، چینی ناوەند جێی گرتەوە بە ڕەوتی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانیەوە.

لە دیارترین سیماکانی هونەر لە سەدەی پانزەدا لە بەرامبەر هونەری سەدەکانی ناوەڕاست و ئەورووپای سەرودا ئەو ئازادی و خۆڕسکیە نەزانراوەیە کە لە گوزارشت کردندایەو ڕێك پۆشی و کەشخەیی و قورسیە لە هێڵە مەزنە دەرپەڕیوەکانیدا بەرەو قاڵبەکانی. هەموو شتێك تیایدا ساف و بریسکەدارە، ڕیتمی ئاوازیە. تیایدا ئەو ویقارە ڕەق

هەڵاتووە سەپێنراوە وون دەبێت کە لە هونەری سەدەکانی ناوەڕاستدایە، گوزارشتێکی شێوەیی زیندوو ڕوون جێی دەگرێتەوە.

یەکگرتنی توخمە کلاسیکی‌یەکان بە هونەری سەدەی پانزە کە پێش هونەری سەردەمی کلاسیکی کەوتووە، هەر مانەوەی ئەم توخمانە لە شێوازەکانی ڕێنیسانسدا تا لوتکەی پەرەسەندنی وای کرد لە هونەرەکانی سەردەمی نێوەند و هونەری هاوسەردەمی خۆی لە ئەوروپای سەروو جیابێتەوە ئەو شێوازە ئایدیالی‌یەی جیۆتۆ پەیوەست دەکات بە (رافاییل)ەوە دواتریش ڕافاییل دەیگەیەنێتە لوتکەی هونەریی لە سەدەی شانزەدا وەك تەوژمێکی هونەریی کە بە باڵای جوانی نمونەیی‌دا هەڵدەدا بە مانا فیساگۆری‌یەکەی دژ بەو تەوژمەی بەهاتنی مایکل ئەنجیلۆ گەیشتە ترۆپك لە هەوڵی گوزارشت کردندا لە مەینەتی‌یەکانی مرۆڤ بە هەموو ئەو تاڵی چەشتن و دڵەڕاوکێ و تێکۆشانەوە، ئەم کێشەیە بە پلەهای جیاواز لای زۆرێك لە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە دەبینین -کە لە نێوان ناوەڕۆکی درامی و قاڵبێکی جوانی ڕێککەوتودایە- هەر ئەم کێشەیەش بوو هەناسەی کرد بە بەر ژیانی هونەری ئیتاڵی‌دا سەرباری هەموو ڕەوتێکی ئاوەزیی خاوەنەکانی.

هەرهەمان ئەو شێوازە ئایدیالی‌یەی جیۆتۆیە لە هونەری مازاتشۆ و دۆناتێللۆو ئاندریا دل کاستانێو و پیرودیلا فرانشسکا و سنیوریلی و پیروجینۆدایە. تەنها هونەرمەندێکی ئیتالی لە سەردەمی ڕێنیسانسی پێشکەوتودا نی‌یە ئازادبووبێ لەم کاریگەریە.

توخمی سەرەکی لەم تێگەیشتنەی هونەردا ڕێبیری ڕێککەوتن و هێزی کاریگەری هەمەکی‌یە، یان بە لایەنی کەمەوە ڕێگرتنەبەرە یاخود بەرەو ڕێککەوتن چون و هەوڵدانە بۆ بەخشینی ئینتباعێکی گشتی، سەرباری هەموو پڕکردنەوەیەکی وردەکاری و ڕەنگەکان، بەم شێوەیە کاری هونەریی سەر بە ڕێنیسانس هەمیشە وەك یەکەیەکی تەواو بە دەردەکەوێت گەر بەراوردی کاری هونەریی دواینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بکرێت، هەرچی چەندێ لە ناوەڕۆکدا دەوڵەمەند بێت سادەو هاوڕێکە لە بنەمادا.

بەڵام قاڵبی سەرەکی بۆ هونەری غوتی (لەپاڵ یەکدا) بوونە "التجاور Juxtaposition" جا مەسەلەیەك نی‌یە گەر کارە هونەری‌یەکە لە چەندان بەش پێك هاتبوو سەربەخۆ یان شایەنی شیکردنەوە نەبێت بۆ بەشهایەکی وا، گەر وێنەیی بێت یا شێوەکاری، داستان بێت یا نواندنێکی درامی، گرنگ ئەوەیە ڕێبیرێکی فراوان بوونەوەیە نەك چڕبوونەوە، ڕێککەوتنە نەك جیایی لە پلەدا، بە دواهاتنێکی کراوەیە نەك چوارچێوەیەکی ئەندازەیی داخراو، وێنەیەکی نمایشکاری پانۆرامی‌یە بۆ واقع. لە نیگارکێشاندا شێوازی پەسەندکراو یان ڕێگای (پەیوەست) بوونە "الطریقة المتصلة". هونەری غوتی بەم شێوازەی وا لە بینەر دەکات لە یەکێك لە

وردەکارییەکانەوە بچێ بۆ یەکێکی تر، بەمەش وای لێدەکات بەشە بەدوا یەکدا هاتووەکان یەك لە دوا یەکتر هەڵوەشێنێ، بەڵام هونەری ڕێنیسانس دەرفەتی وەستان بە بینەر نادات لە هیچ بەشێکدا، یاخود جیاکردنەوەی هیچ توخمێکی تاك لە پێکهاتە کاملەکە، بەڵکو پاڵی پێوە دەنێت بۆ پەی بردن بە هەموو بەشەکان لە یەك کاتدا. کە ئەمەش دەکرێت بە هاوکات بوون (التزامن) لە بینگەدا ناوزەد بکرێت. لە هەمان کاتدا بەدیارکەوتنی گوزارشت کردن لەو گۆڕانکارییەی ڕوویداوە لە چەمکی جێگەدا (المکان). ئەم گۆڕانکارییەش خۆی لە خۆیدا گۆڕانکارییە لە چەمکی هونەردا سەراپا. چون سەدەکانی ناوەڕاست، جێگەیان بە شتێکی ئاوێتەی شایەنی شیکردنەوە دادەنا، ڕێیان دەدا لە درامادا چەند دیمەنێکی جیاواز دابنرێت لە پاڵ یەکتردا، بەڵکو واز لە ئەکتەرەکان دەهێنرا لەسەر شانۆ بمێننەوە گەر ڕۆڵیشیان لە ڕووداوەکاندا نەمابێت. بینەرانیش بەو شێوەیە ڕاهاتبوون هیچ گرنگییەکیان نە بەم دیمەنانە دەدا کە نواندنی تیا نەمابوو نە بەو ئەکتەرانەش کە ڕۆڵیان نەمابوو، ئەم دابەشکردنی گرنگی پێدانە پاساو بۆ هێنانەوەی شتێکی مەحاڵ بوو. کاری هونەریی لە بینینی تێگەیشتنی نوێی هونەرەوە لە یەکەیەکی دابەش نەبوو پێك هاتووە، بینەر دەبێت بە سەیرکردنێك پەی بە ڕووبەری تەواوی وێنەکە بەرێت لەسەر بنچینەی ڕێبیری بەربینەی چەقی[٢٢]. دەکرێت ئەو گرنگیدانە وردەکارییەی سەدەکانی ناوەڕاست وەسف بکەین بە ڕووکەشێك بۆ هەرچی زیاتر بوونی خواستێ بۆ هاوشێوە بوون لەگەڵ سروشتدا. بەڵام ڕێنیسانس ئەو ڕەسەنایەتییەی لە وەسف کردنی واقعدا بە دەستی هێنا لەسەر لۆژیکێکی ناوەکی بۆ شێوازی بینین و هاویەك بوونی بەرامبەر لە نێوان توخمەکانی کارکردندا وەستابوو. کە لەسەر هاویەك بوونی ئەو توخمانە بوەستێ لەگەڵ واقعی دەرەکیدا.

ئەمە هۆکارێکی جیایی ڕێنیسانسە لە سەدەکانی ناوەڕاست، دیاردەکانی ئەم جیاییە لە هێنانەوە بەرکایەی سەردەمی کلاسیکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەکرێت وەك هۆکارێك ئاماژەی پێ بدەین، چونکە ئەو هەستە لە سەدەی چواردەهەمەوە هەبوو، دوژمنانی تیۆری کلاسیکی پەیوەستییەك لە نێوان هەستیاریی غنائی و هەست کردن بە سروشت و خواستی تاك گەرایی لای دانتی و جیۆتۆ بە ڕوویەکی تایبەت دادەنێن. هەرچۆن هەندێکی تر باس لە کاریگەریی کەلتوری مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەکەن لەسەر ڕێنیسانس.

جەماوەری هونەر لە ڕێنیسانسدا لە دوو بەرە پێك هاتبوون: چینی ناوەند لە شار و کۆمەڵگەی تەخت لە کۆشکەکاندا، هەرچەندە لە ڕێ و ڕێسایاندا جیاواز بوون بەڵام خاڵی هاوبەشییان هەبوو.

شێوازەکانی سوارچاکی و توخمەکانی هونەری کورتوازی لـە هونـەری غوتـیدا کاریگـەرییان کـردە سـەر هونـەری چینـی نـاوەند، هـەرچۆن کۆمەڵگەی کۆشك بۆیـان دەرکـەوت نـاکرێت بـێ خواسـتی واقعیەت و ئاوەزگەرای چینی ناوەند بمێننـەوە. بـەم شـێوەیە یـەکگرتنێك لـە نێـوان ڕێبـازی چینـی ناوەند لە دانیشتوانی شارو ڕێبازی سوارچاکی ڕۆمانتیکی لە هونەردا بەدەست هات.

لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا هونەرێك کە خاوەن سیمای چینی ناوەند بێت وەك هونەری فلۆرەنسی، مۆرکێکی وەرگـرت کـە بـە پلـەی جیـاواز شـێوازی کورتـوازی لـەخۆگرتبوو، ئەمـەش شـتێك نـیـە تەنـها ئاماژەیـەك نـەبێت بـەو ڕێگەیـەی دیموکراتیـەتی شـاری گـەیاند بـە فەرمانڕەوایەتی ڕەهای میرەکان.

ئەودەمـەی چینـی نـاوەند گەیشـتە بـارێکی ئـابووری دەوڵەمـەند، پەرەسـەندنێکی هاوشـانی کلتوریشی بە دەست هێنـا کـە بـە مـاوەی مـەزنی یەکـەمی کلتـوری چینـی نـاوەند نـاودەبرێت. هونـەری جیۆتۆش زادەی ئەو دەمەیە، جیۆتـۆ بـە یەکـەم هونەرمـەندی گـەورە دادەنرێـت کـە خواسـتی هاوتـابوونی سروشـت بنوێنێـت لـە ئیتالیـا، ڕێـزی لـە مۆرکـی کلاسـیکی دەگـرت، هونەرەکەی هونـەرێکی ئـاوەزی سادەکراوەیە. لـە دوای ئـەم هونەرمـەندەوە شـێوازی هونـەری فلۆرەنسی زیاتر لە سروشت نزیك بۆوە، هەرچەندە ڕێنیسانس هونەرمەندێکی بـەخۆوە نـەدی هێنـدەی ئـەو هـەوڵی دڵسـۆزانەی دابێـت تـا لـە وەسـف کردنـی واقعـدا سـادەو ڕاسـتەوخۆو ڕاستگۆبێت.

ئـەم شێوازەی جیۆتـۆ کـە لێکچووە لەگـەڵ سروشـتدا بـاڵی کێشا بەسـەر هـەموو سـەدەی چواردەدا، یەکـەم گۆڕانکاری گرنـگ کـە بەسـەر شـێوازی پێشکەوتوی جیۆتـۆدا هـات لـە شـاری (سیینا)وە سەرچاوەی گرت. لە دوای ئەمبرۆجیۆ لۆرینزیتی کـە دوابـەدوای جیۆتـۆ لـە دیمـەنی سروشتیدا داهێنانی کرد، هونەرمەند سیمۆن مارتینی بەکارە فریسکۆکانی کە لـە کۆشـکی پاپـا لـە ئـەڤینۆن ئـەنجامی دا کاریگـەریی ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـە سـەروو ڕۆژئـاوادا بەدەرخسـت: (گرنگی دانیان بە قوڵی "ڕەهـەندی سێهەم" لەسـەر تـەرزی جیۆتـۆ بـووە، بـەڵام لۆریـنزیتی گرنگی داوە بە سروش بەخشین لە شوێندا کە ئەمەش پێچەوانەی جیۆتۆ بووە).

لە دوا ساڵی ١٣٣٧[٢٣] ، بە ساڵانی شکستی هونەری شێوەکاری دادەنرێت لە فلۆرەنسادا بـەڵام شاری سیینا لەبەر کاریگەریی چینی ناوەند و بـەهێزی ڕێسا کۆمەڵایـەتی و ئاینیـەکان کـەمتر کاریگەری ڕێچکەی گۆڕانکاریە ئاوەزییەکانی لەسەر بوو.

لـە فلۆرەنسادا گۆڕانکاریـەکان و پێشکەوتنەکان هێـواش تـر و گونجاو تـر بـوون لـە چـاو سییندا لە پاڵ ئەو ڕێڕەوانەی کاریگەری جیۆتۆیان لەسەر بوو لە فلۆرەنسادا ڕێرەوێـك بـاوبوو

لە لایەن ئەندریا ئۆرکانیا (Andrea Orcagna) و ناردو دی چیونی (Nardo di Cione) و قوتابیەکانیانەوە، بە پێچەوانەی خواستی خۆبەخۆی ڕاستگۆیانەی نێو هونەری لۆرینزیتی (AmbrogioLorenzetti)، پابەندی شێوازی کهنوتی شکۆداری سەدەکانی ناوەڕاست بوو، لە هاویەك بوونی توندوتۆڵ و لە بیروباوەڕی (بەدوایەکداهاتن و کەڵەکەبوون). بە پێشنیهادی هەندێك ئەمە ڕەوتێك بوو دژ بە خواستی لێکچوونی سروشت[٢٤].

لە سەدەی پانزەدا سیینا وازی لە پێشڕەوایەتی هونەر هێنا بۆ فلۆڕەنسا کە ئەودەمە گەیشتبووە لوتکەی هێزی ئابووریی خۆی. بەڵام تەنها ئەم گەشەسەندنە ئابورییە هۆکاری ئەم پێشڕەوایەتی کردنە نەبوو. بەڵکو داواکاری بەردەوام لەسەر کاری هونەری کە چوبووە دوتوێی پێشبڕکێوە لەسەری، کەشێکی تایبەتی بۆ ئەفراندنی هونەرمەندانی فلۆڕەنسا ڕەخساند و فلۆڕەنساش (سەرباری ڤینیسیا) بووە پێشەنگی هەموو چالاکیەکی پێشکەوتنی گرنگ لە جیهانی هونەردا. بە جیاو سەربەخۆ لە شێوازی کورتوازی کە هونەری دوا سەدەکانی ناوەڕاست بوو لە ئەورووپای ڕۆژئاوا باوبوو. ئەوەی جێی تێبینییە فلۆڕەنسا کە چینی ناوەند تیا دەست ڕۆیشتوو بوو زانیاری و تێگەیشتنی بۆ هونەری کورتوازی خواستراو لە فەڕەنسا دیاری کراو بوو، ئەم هونەرە کە لە کۆشکی میرەکانی سەروی ئیتالیا بڵاوبوو بە بۆنەی نزیکی سەروی ئیتالیا لە ناوچەکانی ڕۆژئاواو پەیوەندی ڕاستەوخۆشی بەو ناوچانەوە کە بە فەڕەنسی دەدوان. وەك شارەکانی میلانۆ و ڤێرونا و بادوا و ڕاڤینا کە لە کۆشکەکانیاندا ئەدەبی سوراچاکی فەڕەنسی دەخوێندرایەوە و دیوارەکانیان و دەستنووسەکانیان بەو نیگارانە دەڕازاندەوە کە لە خودی شێوازە بنەڕەتییەکەی وەرگیرابوو، دەگەڕایەوە بۆ شێوازی نیگارە چنراوەکان (tapestry).

هونەرمەند پیزانیللۆ[٢٥] (Pisanello) نمونەی دیاری ڕاددەی کاریگەری ئەم نیگارە دیواربەندانەیە لەسەر هونەری ڕێنیسانس بە تایبەت لە پشتینە (باك گراوند)کانیاندا کە ڕازاوەیە بە دیمەنی سروشتی لە گیاو گوڵ و گیانەوەر بە شێوازێکی وردەکاریی تەواو زیندوو. ئەوەی لێرەدا گرنگە بیزانین ئەوەیە کۆنترین ئاسەواری ئەم هونەری کارکردنە لە ئیتالیادا ناگەڕێتەوە بۆ کۆنتر لە سەرەتای سەدەی پانزە. چون ئەوەی بۆ کۆنتر بگەڕێتەوە گەر شتێکی کەمیش بێت ئەوا جیاوازی هەر هەیە. پێگەی سەرەکی ئەم شێوازی نیگارکێشانە زەخرەفەیە قەڵاو کۆشکەکان بوو زیاتریش کۆشکی میرەکانی سەروی ئیتالیا کە زەخرەفەی دیواربەندی دەوڵەمەندی ڕازاوەی تیا بەرجەستەکراوە. بە تایبەت قەڵای کانجراندی Cangrande لە ڤیرونا و قەڵای کارارا Carara لە پادوا.

بە پێچەوانەی هونەری ئەم قەڵاو کۆشکانە سیمای هونەری کۆماری شارەکان کەنیسەیی بوو بە درێژایی سەدەی چواردە، ئەمەش لە سەدەی پانزەدا گۆڕراو سیمایەکی دنیای وەرگرت پشت بە داواکاری تایبەتی نوێ لە هونەردا و خواستی ئاوزەیی گشتگیری سەردەمەکە، وای کرد وێنە ئاینییەکان لێوان لێوبن لە بابەتی دنیایی جگە لە بەدەرکەوتنی جۆرەها هونەری دنیایی وەك نیگارکێشانی نۆڤلێتی و نیگاری کەسایەتی. لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەوە بە یەکجارەکی هونەری کۆشك لە هونەری چینی ناوەندا دەرکەوت بە تایبەتی لە فلۆڕەنسادا، تا بە شێوەیەکی سادە ئەدەبی کۆشك بووە هونەرێکی میللی و گەیشتە دەست هەموو کەسێك[٢٦]. بەڵام ناکرێ ئەوەش لە یادکەین کە ئەم ئەدەبە لە سادەبوونەوەیی و میللی بوونیدا سیما نمونەیە ڕەسەنەکەی خۆی وون کرد و بووە تەنها خوێندنەوەیەکی سەرپێیی.

بەڵام هونەرمەندانی وەك مازاتشۆ (Masatccio) و دۆناتێللۆ (Donatello) کە گەورە هونەرمەندانی نەوەی یەکەمی سەدەی پانزە بوون، هەر لە هونەری پتەوی جیۆتۆوە نزیك بوون و کاریگەریی هونەری کۆشکیان کەمتر لێ دەرکەوت، ئەمەش بە گەڕانەوەی چینی ناوەند بۆ سەرەتاو تێکشکانی بوو (بەرەنجامی شکستی دارایی و شۆڕشی پیشەگەراکان). ئەم گەڕانەوەیە بۆ واقعیەت و دەست بەرداربوونی هەڵچون و شێوازی ڕازاندنەوەیە تاکە سیمای هونەری سەدەی پانزە نەبوو بەڵکو هاوشانی هونەری شێوە پەیکەری مازاتشۆ و دۆناتێللۆ (کە دەچووە سەر هونەری ڕێنیسانس)، کلتوری غوتی ڕۆحانی هەر بەردەوام بوو[٢٧].

ئەم ڕێبازە سەربەخۆیانە کۆمەڵێك نەبوو گوزارشتێکی ڕەهایانەی لێبکات بەڵکو لە یەك نەوەدا یاخود کۆمەڵێك هونەرمەندی هاوتەمەن دا جیاوازی هەبوو، تەنانەت ڕێدەکەوت زەینی هونەرمەندێك شێوازی دژ بەیەکی لەخۆ دەگرت، بۆ نمونە هونەرمەندێکی وەك فرا ئەنجلیکۆ تیایدا توخمەکانی کەنیسی و دنیایی سەردەمی غوتی و ڕێنیسانس تێکەڵ بوون، بە ڕادەیەکی پتەوی وەها کە هیچی کەمتر نییە لە پلەی تێکەڵ بوونی ئاوەزگەرایی و ڕۆمانتیکی و توخمی چینی ناوەند و کۆشك لە هونەری هەریەك لە کاستیانۆ و ئۆتشیللۆ و پیزانیللۆ و گۆزۆلی (Go zzoil).

بەم شێوەیە سنوری جیاکەرەوە لە نێوان دواکەوتوان لە سەردەمی غوتی و ڕێخۆشکەران بۆ ڕۆمانتیکیەتی چینی ناوەند (کە پەیوەستی شێوازی غوتییە) لە زۆر لایەنەوە سنورێکە توانای دیاریکردنی بنەبڕی نییە.

خواستی (لێکچون لەگەڵ سروشتدا) کە ڕێبازی هونەریی سەرەکی بوو بۆ هەموو ئەو سەدەیە بە پێی گۆڕانکاری و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕرا لە ڕێڕەویدا، سێ شێوازی بەخۆوە دی.

١)خواستی لێكچونی سروشت لای مازاتشۆ كە سیمای شێوازی باڵاو سادەیی دژ بە شێوازی غوتی بوو.

٢)گرنگیدان بە ڕوونكردنەوەی پەیوەندییەكان و ڕێژەی جێگەیی ئەو دەوڵەمەندییەی سیمای ژیانی ڕۆژانە بوو لە هونەری گۆزۆلیدا.

٣)هەستیاری و دەرون خوازی لای بۆتشیللی.

ئەم سێ شێوازە نمونەی سێ قۆناغی جیاوازن لە پێشكەوتنی مێژوویی بۆ چینی ناوەند. چینی ناوەند هەموو شتێكی بە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەچواند تەنانەت بابەتە ئاینییەكانیش. دیمەن لەسەر شەقامەكان و ناوماڵەكان و ژوری نووستن و دیمەنی ئاهەنگ گێڕان و مزگێنی و لە دایك بوون و مریەم هەموو وەك دیمەنێكی كۆمەڵایەتی نمایش دەكران.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هونەر لە فلۆرەنسادا (سەربارى ئەمانە گشت) بەدەربوو لە ڕێساكان تا كۆتایی ئەم سەدەیە. جەماوەری هونەرمەندانی وەك بۆتشیللی فیركۆ هەرگیز هاوبەش نەبوون لە هیچ شتێكدا، لەگەڵ ئەو چینە ناوەندەی كە ڕۆژگارێك مازاتشۆ و دۆناتێللۆ كاریان بۆ دەكردن.

بەرەنجامی ئەم ڕێبازانە لێكدانێكی كۆكەرەوە ڕوویدا لە نێوان خواستی لێكچونی سروشت و خواستی پەیڕەوكردنی ڕێساكان، واتە لە نێوان ئاوەزگەرایی و ڕۆمانتیكیەت. كە لە هەمان ساتدا بووە مایەی دروست بوونی هونەرێك كە سیمای مۆركێكی ڕێزگرتنی خودی بۆ چینی ناوەند فەراهەم بكات. ئەو چینە ناوەندەی تا ئەودەمە ئەیویست گوزارشت لە خۆی بكات بە شێوەیەكی كۆمەڵی نەك خودی، كە دواتر كردیە مۆركی خۆی.

ئەنجومەنە خۆجێیە ئیتالیەكان داراییەكی باشی خەرج دەكرد لەسەر ئەم گورجوگۆڵیە هونەریانە دەق وەكو ئەوەی شارە یۆنانیەكان دەیان كرد لە كاتی خۆیدا. تەنانەت ئەم خواستە شارە بچوكەكانی پیزا و لۆكاشی گرتبۆوە دوابەدوای فلۆرنسەو سیینا.

پارەیەكی زۆر بە زیادەڕۆیی خەرج دەكرا لە پێناو داواكاری كاری هونەریدا، كارەكە دەگەیشتە ئاستی پێشبڕكێ سازدان بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە، دیارترین نمونە ئەو پێشبڕكێیە بوو ساڵی ١٤٠١ بۆ دەرگا برۆنزییەكانی هەیكەلی شۆردنگەیان سازدا لە نێوان شەش هونەرمەندندا[٢٨]. سێو چوار هونەرمەند دەست نیشان كرا بۆ بڕیاری كۆتایی كە ساڵێك مۆڵەتیان درابوێ بۆ كاركردن.

لە سەرەتادا ئەو كارە هونەرییانەی چینی ناوەند لە هونەرمەندی داوا دەكرد بە بەرهەمی بێنێت لە پێناو بەخشینی بوو وەك دیارییەك بە كلێسەو دێرەكان، بەڵام لە نیوەی ئەم

سەدەیەوە ئەم چینە فێربوون کاری دنیایی و تایبەت بە ژمارەی زۆر داوا بکەن ماڵ و کۆشك و قەڵاکانیان پێ برازێننەوە. تا وای لێهات زۆر زیاتر لە کەنیسە تایبەتەکانیان گرنگییان بە ماڵەکانیان دەدا و پارەیەکی زۆر لەم پێناوەدا خەرج دەکرا[٢٩].

بە هاتنی سەردەمی کۆکەرەوەی تابلۆکان هونەر چووە قۆناغێکی تری پێشکەوتنی کارکردنەوە، چون پەیوەستییەکی مێژوویی پتەو لە نێوان هونەرمەندو کۆکەرەوەی کاری هونەریدا هەیە. هاتنی ئەم سەردەمە هونەرمەندی سەربەخۆو ئازاد کرد، بازاڕی لە دەسەڵاتی داواکردنەوە گواستەوە بۆ دەسەڵاتی خستنەڕوو. پەیدابوونی ئەم جۆرە کڕیارە مانای کۆتایی هاتنی ئەو سەردەمەی کڕیار تیا بڕیاردەر بوو لە هونەردا.

ئەمە خۆی بۆ خۆی جیابوونەوەی هونەر بوو لە پیشەو جۆرێك لە سەرەتای سەرهەڵدانی خواستی (هونەر لە پێناو هونەردا)ی لە مناڵدانیدا هەڵگرتبوو.

جوڵەی کۆکەرەوە و کڕیارانی تابلۆو کاری هونەریی لە کۆتایی سەدەی پانزە و سەرەتای سەدەی شانزە دەستی پێکرد[٣٠].

مەلیك لۆرینزۆ خۆی لە کۆکەرەوەکانی بەرهەمی هونەریی بووە و شاعیر و فەیلەسوف و دامەزرێنەری یەکەم ئەکادیمیا بووە بۆ هونەر لە جیهاندا، کە هونەرمەندی پەیکەرساز برتۆڵدۆی کردۆتە بەڕێوەبەری ئەو ئەکادیمیایە. هونەرمەندانێکی زۆری لە خۆی کۆکردۆتەوە سەر بە ئەفلاتۆنیزمی نوێ بووە و دیدگای تێڕامانی پەتی بووە بۆ جیهان. سەردەمی ئەو بەراورد کراوە بە سەدەی مەزن[٣١].

جگە لە فلۆرەنسا بنکەی تر سەریهەڵدا لە سەدەی پانزەدا بۆ چاودێری هونەر کە گرنگی خۆیان لە دەست نەدا هەتا کۆتایی ئەو سەدەیە وەك: تەختی فیرارا، مانتواو ئۆربینۆ کە بە شێوازی سەروی ئیتالیا کاریان دەکرد لە سەدەی چواردەدا و کاریگەریی شێوازی چینی ناوەندیشیان فەرامۆش نەکرد. لە فیرارا سۆزی کارکردن بەلای هونەری غوتی فەرەنسیدا زیاتر دەچوو. بەڵام لە مانتوا پەیوەست بوون بە هونەری لێکچوی سروشتی سەر بە خواستی ئیتالی زیاتر بوو. جیاوازی لە هونەری چینی ناوەند لە هەردوو بارەکەدا جیاوازی بابەت بوو نەك شێوە.

هونەرمەندان لەنێو کۆشك دادەنیشتن بە هەمان شێوە ی ئەدیبە هیومانیزمەکان، ئەمەش گۆڕانکارییەك بوو لە خودی تەختی کۆشکەکاندا. میرەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لە پێناو هەڵخەڵەتاندنی میللەتدا مەبەستیان بوو لەگەڵ چەندانی توێژ و چیندا هەڵسوکەوت بکەن و بە دەستێ لەگەڵ چینی پاوماقوڵان و بە دەستێ لەگەڵ دەوڵەمەند و بازرگانی سەرکەوتوو کەسانێکی سەرکێش بەبێ گوێدانە بنەچەو بنەماڵەیان. ئەمەش بە پێچەوانەی داب و نەریتی

باوی کۆشکەکانی سەردەمی سوارچاکی بوو، لە کۆشکی ئەم میرانەدا جۆرێك لە ئازادی ڕێژەیی لە ژیانی سالۆنەکان هەبوو کە لەسەر بنەمایەکی ئاوەزی دەچوو بەڕێوە. ئەم شێوازە لە ژیانی کۆشکدا بەردەوامی‌یەکی کلتوری کۆمەڵی بوو بۆ نێوەندەکانی چینی ناوەند لە لایەك و لە لایەکی تریش قۆناغێکی ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندنی ئەو سالۆنە ئەدەبیانەی کە ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا لە ژیانی ئاوەزگەرایی ئەوروپای هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم. هەرچەندە ئافرەتان هاوبەش بوون لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەدەبی‌دا هەر لە سەرەتاوە بەڵام لە ڕێنیسانسدا نەبوونە خولگەی ئەم سالۆنانە تا هاتنی چینی ناوەند و پتەوبوونی پێگەی ئافرەتان ئەوجار بوونە سەنتەر بەڵام جیاواز لەو مانایەی لە سەردەمی سوارچاکی‌دا هەیان بوو. ئەم گرنگی پێدانەی ئافرەت و ئەو ڕۆڵەی بینی گوزارشتێکی ترە لە خواستی ئاوەزی ڕێنیسانس. ئەم هاوبەشی کردن و هاتنە ناوەوەی ئافرەتە بە ئاستێك بووە کە سەرپەرشتیاری هەندێ کۆشکیان کردووە[٣٢]. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێنیسانس سەردەمێکی نێرینە بوو. گەر لە چێژوەرگرتن و هوشیاری هونەری بدوێین دەرئەنجامی ئەوەی لە پێشتر زانیمان دەربارەی ئەم سەردەمە، ئەوا ناکرێ میرەکان و بنەماڵەکان بە ئاستێکی پێودانگ دابنێین بۆ هونەرێکی ڕاستەقینە، چونکە ڕێکەوتی ڕووداوی سەیر دەکەین لە جۆری مامەڵەکردنی هونەریاندا بۆ نمونە سیجسمند و مالاتستا (SigismondoMalatesta) لە میرە زۆردارەکان بووەو کەچی بۆ کارە هونەری‌یەکانی بە مەزنترین هونەرمەندی سەردەمەکەی خۆی پیرۆردیلافرنشکا پشتی بەستووە، لە هەمان کاتدا دەبینین هونەرمەندێکی گەورە و گرنگی (نەوەی دوای ئەو) وەك مانتێنا Mantegna کاری بۆ لورینزۆ میدتشی مەزن نەکردووە بەڵکو بۆ ئەمیرێکی بچوکی ئاسایی بەناوی لودفیکو جونزاجا کردووە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی چێژوەرگرتن و هەڵسەنگاندنی باش لەلای میرەکان و تەختی کۆشکەکانیش نەبووە، ئەمە بێ لەوەی چەندان کاری هونەریی پلەدوو پلە سێ لە کۆشکی ئەم میرانەدا هەبووە، ئەم حاڵەتە لەلای چینی ناوەندی شارەکانیش لەمە باشتر نەبووە. بۆیە ئەو بیروباوەڕەی وا دەزانێت کە چێژوەرگرتنی هونەریی لە سەردەمی ڕێنیسانس دا گشت گیربووە، هەر بە هێندایی ئەو بیروباوەڕە ڕاستە کە هەموو بەرهەمە هونەری‌یەکانی ڕێنیسانس بە ئاستێکی باڵا بزانێت.

خۆ ئەگەر بارەکە لەلای چینە باڵاکان بەو شێوەیە بوبێت ئەوا لە چینە نزمەکاندا باشتر نەبووە[٣٣]. کەواتە دەبێت ئەو توێژەی گرنگی داوە بە هونەر کێ بوبێت؟ هەڵبەتە توێژی هەژار و کرێکاری برسی نەبووە، بەڵام ڕەنگە بەشێکی باشی ئەو توێژە لە بۆرجوازی‌یە بچوکەکان بوبێت. لێرەدا گرنگ ئەوەیە گرنگی دانی جەماوەری و گشتی بە هونەر لە پاڵپشتێکی ئاینی و

ناوچەییەوە سەرچاوە دەگرێت وەك ئەوەی زیاتر لە خودی هونەرەکە خۆیەوە بێت. زۆر ئیشی کۆمەڵی لەسەر شەقامەکان دەکرا بە ڕاددەیەکی زۆر، ئاهەنگێکی گشتی یاخود کەژاوەیەکی کەرنەڤاڵ یاخود پرسەی گشتی هیچی زیاتر نەبوو لە پیشاندانی تابلۆیەك لە لایەن لیۆناردۆوە کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خەڵکی سەرەیان گرتووە بۆ تەماشاکردنی یاخود دوکان و بازاڕ داخستنی خەڵکی و چونیان بۆ گوێ گرتن لە شاعیرێك کە شیعری خوێندۆتەوە بۆیان. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە زۆربەی ئەو خەڵکە جیاوازی نێوان هونەری لیۆناردۆ و هاوسەردەمێکی تریان نەزانیوە. هەرچەندە ئەو بۆشاییەی کەوتۆتە نێوان ئاستی کارە هونەرییەکەو میللی بوونی بە ڕاددەی ئەمڕۆ فراوان نەبووە. بگرە ئەو بۆشاییە ئەو ڕۆژگارە سەری هەڵدا. هەندێ جاریش بووە ئەو بۆشاییە تێپەڕێنراوە واتە ئەوەی بە بەها بووە لە هونەردا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تەنها خاوەن وشیارییەکانی هونەر بە بەهاکەی بزانن.

گومانی تیانییە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە خاوەنی جۆرێك لەناو و ناوبانگ بوون. بەڵگەی ئەمەش ئەو هەموو چیرۆك و بەسەرهاتانەیە کە لەسەر هونەرمەندان بلاّو بوون لەو سەردەمەدا. بەڵام ئەم ناوناوبانگە لەبەر خاتری تواناو لێهاتویی هونەریی نەدراوە پێیان، بەڵکو لەبەر بەڕێوەبردنی ئەرکێکی گشتی و بەشداری پێشبڕکێ و پیشاندانی کارەکانیان بووە.. هتد لەگەڵ ئەمانەشدا هونەری شێوەکاری بە گشتی نەچۆتە ئاستێکی میللییەوە، هەرچەندە کاری هونەریی باڵا لە نرخیاندا بە پێی ئەو سەردەمە گران نەبووە و داواکارییەکی زۆر هەبووە لەسەر هونەر لە هەردوو شاری فلۆڕەنسا و سیینا بەڵام هێندەی میللی بوونی شیعر یاخود سرودە ئاینییەکان و چیرۆکە جەماوەرییەکان هونەر نەیتوانیوە جەماوەریی بە دەست بێنێت. بەرهەمێکی فراوان و بلاّو لە هونەرێکی ڕووکەشی ئاست نزم لە بەکارهێنانێکی میللیدا هەبووە بەڵام کارە جیدییەکان هەر دورە دەست ماوەتەوە لە خەڵکی گشتی. بگرە لە گەلێك لەو ماڵانەدا کە باری ئابورییان باش بووە کاری هونەریی شیاو بەرچاو ناکەوێت. ئەمانە گشت لە کاتێکدا گەر بمانەوێت وێنای ئەو خەرجییە زۆرەی بۆ هونەر کراوە لەو سەردەمەدا بکەین دەبینین لە فلۆڕەنسا لە نێوان ساڵانی ١٤٠٩ بۆ ١٤٩٩ لە لیستی دەستەی پیشەگەراکاندا ناوی چل و یەك هونەرمەند هاتووە و هەشتاوچوار نەخش سازی تەختە ئەمە لە کاتێکدا حەفتا قەساب هەبووە لەو شارەدا، لە لایەکی ترەوە هەموو ئەو هونەرمەندانەی دەناسرێن ناویان لە لیستی ئەو دەستەیەدا نەهاتووە ئەوانەش کە ناویان هاتووە هەمویان ناناسرێن[٣٤].

شارستانیەتی ڕێنیسانس شارستانیەتی پیشەگەر و چینی ناوەندی نیمچە خوێندەوار نەبووە بەڵکو شارستانیەتی "هەڵبژاردەیەکی ڕووناکبیری خاوەن ڕۆشنبیری لاتینی" بووە کە ئەم دەستەیە پەیوەست بوون بە بزاڤی هیومانیزم و ئەفلاتونیزمی نوێوە. مەبەست لێرەدا چینێکە لە ڕۆشنبیران کە ڕێك کەوتن و هاوشێوەیەکی ئاوەزی کۆی کردونەتەوە بە شێوەیەك کە هەرگیز لە پیاوانی ئاینیدا نەبووە. خەڵکیش بە گشتی یا هیچ زانیاریەکیان دەربارەی ئەم کارانە نەبووە، یاخود گەر زانیبێتیشیان هێند گرنگیان پێ نەداوە. ئەمەش بنەڕەتی ئەو دوریەیە کە لە نێوان کەمایەتیەکی هوشیار و زۆربەیەکی ناهوشیاردایە. کە لەوەوپێش هەرگیز لەسەر ئەم ئاستە نەبووە و ئەمەش بووە هۆکاری یەکلاکەرەوەی هەموو پەرەسەندنێکی دواتری هونەر. لێرەدایە گۆڕانکاری سەرەکی کە ڕوویدا لە ڕێنیساندا. هیومانیزمەکان بە لاتینی دەیانووسی چۆن ئەیانویست جیاببنەوە لە ڕێبازە جەماوەریەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و زمانە نەتەوایەتیە جیاوازەکان. ڕۆشنبیریی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، لەمەدا لە چینێکی قەشەیی داخراوی نوێ دەچون، هونەرمەندەکانیش خۆیان خستە ژێر باڵ و چاودێری ڕۆحانی ئەم کۆمەڵەوە. بە وتەیەکی تر خۆیان لە دەست کڵێسەو دەستە پیشەییەکان ڕزگار کرد و پشتیان بەست بە چاکی نیازی کۆمەڵێك بانگهێشتی هەردوو دەسەڵاتی کڵێسەو دەستە پیشەییەکانی بۆ خۆی دەکرد، بەو هۆکارەی ڕۆشنبیرانی هیومانیزم ببوونە دەسەڵاتێکی ڕەها لە گشت مەسەلە هونەریە خاوەن بەها مێژوویی و ئەفسانەییەکاندا، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەستیان کردبوو بە تایبەتمەندێتی وەرگرتن لە چەندان مەسەلەدا خاوەن سیمای شێوە و تەکنیکی. ئەمەش ئەو نرخە بوو کە دەبوو هونەرمەندەکان بیدەن تا بەرزبوونەوە لە پلەی کۆمەڵایەتیداو ناوبانگ و سەرکەوتن بە دەست بێنن لە ڕێی بڕیاری ئەرێتی ڕۆشنبیرێکی هیومانیزمەوە لە سەریان کە لە بنەماکانی هونەر شارەزا بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو هیومانیزمێك ڕەخنەگرو لێزان نەبوو لە ڕێساکانی هونەر، بەڵام بیرۆکەیان دەرباری پێودانگە ڕاستەقینەکانی نێو هونەر بە شێوەیەك بوو کە توانای بڕیاردانیان لەسەر کاری هونەری هەبوو بە پێی بنەما ئیستاتیکیەکان. هەر لەبەر ئەم توانایەیان ئەوان بە سەرەتای جەماوەری هونەر ناوزەد دەکرێن بەو مانا نوێیەی ئەمڕۆ لەو چەمکە تێدەگەین.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پێش ڕێنیسانس هەست و چێژوەرگرتن بەلایەنی جوانی کاری هونەریی نەبووە، بەڵکو ئەم هەست کردن و چێژوەرگرتنە بە ئاگاوە نەبووە، واتە (نەستی)

بووە. هەموو گرنگیەك لە سەدەكانی ناوەڕاستدا دراوەتە لایەنی بابەتی كاری هونەریی. بەڵام ئەو گۆڕانكارییەی بەسەر هەڵوێستی ڕێنیسانسدا هات دەرباری هونەر و ئەدەبی كلاسیكی گۆڕانێك بوو لە گرنگی دان بە ناوەڕۆكی مادی بۆ توخمەكانی شێوە لە پرۆسێسی كاری هونەریدا. لە ڕێی ئەم گۆڕانكارییەوە جەماوەر لە گۆشەنیگای تایبەتی خودی هونەرمەندەكانەوە دەیان ڕووانییە هونەر (واتە لە دیدگای هونەر خۆیەوە) نەك بڕیار لەسەر كاری هونەری لە دیدگای ژیان و ئاینەوە بدات. هونەری سەدەی ناوەڕاست لە پێناو لێكدانەوەی ژیان و بەرزكردنەوەی مرۆڤ دا بوو، بەڵام هونەری ڕێنیسانس لە پێناو دەوڵەمەندكردنی ژیان و خۆشی بەخشین بە مرۆڤ دابوو. لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم مەبەستەشدا بوونی هونەری سەربەخۆ یاخود هاتنەكایەی بیرۆكەی هونەری سەربەخۆ پێویستە بە دور لە كەڵك یاخود بە دوور لە بوونی مەبەستێك یا خزمەت كردنی مەبەستێك، بوونی ئەم هونەرەش كە بەدوربێت لە كەڵك پێشتر زانراوە هەر لە سەردەمی كلاسیكیەوە، بەڵام ئەوەی تەنها ڕوویدا ڕێنیسانس سەرلەنوێ تیشكی خستەوە سەر كە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا لەبیرچوبۆوە. تا ڕێنیسانس بە بیر كەسدا نەدەهات ئەو ژیانەی بۆ چێژوەرگرتن لە هونەر تەرخان دەكرێت لە بەرزترین شێوەكانی ژیانەو باڵاترینیانە. ڕاستە ئەفلاتون و ئەفلاتۆنیزمی نوێ مەبەستێكی باڵایان دەبەخشیە هونەر، بەڵام لە هەمان كاتدا سەربەخۆییان لێ زەوت دەكرد و دەیان كردە تەنها كەرەسەیەك بۆ زانینی ئاوەزی.

بیرۆكەی ئەو هونەرەی پارێزگاری بە سەربەخۆیی سروشتی ئیستاتیكی خۆیەوە دەكات و دەبێتە هێزێكی فێركاری سەرەڕای جیایی لە جیهانی ڕۆحانی، ئەمەش تەنها بە هۆی جوانی ڕەهاوە -ئەمە بیرۆكەیەكە بتزارك پێشتر ئاماژەی پێداوە- بیرۆكەیەكە بە دوور لە گیانی سەدەكانی ناوەڕاست بە هێندایی دوری لە گیانی سەردەمی كلاسیكیەوە.

لە ڕاستیدا خواستی ئیستاتیكی ڕێنیسانس سەراپا بە دوور بووە لە هەردوو سەردەمی ناوەڕاست و كلاسیكی. ئەمە سەرباری جێبەجێكردنی پێوەری هونەر و دیدە نیگا لەسەر خودی ژیان كە زۆر نامۆ نییە بە سەردەمی كلاسیكی كۆن، بەڵام ئەستەمە لە هیچ سەردەمێكدا نمونەی ئەو بەسەرهاتەمان چنگ كەوێت دەرباری ئیماندارێك لە سەردەمی ڕێنیسانسدا دەگێڕێتەوە كە لەسەر پێخەفی مەرگ ڕەتی كردۆتەوە خاچێك ماچ بكات لەبەرئەوەی ناشیرین بووە و داوای خاچێكی جوانی كردووە.

دەبێت ئەوە بزانین چەمكی سەربەخۆی ئیستاتیكی لە ڕێنیسانسدا بیرۆكەیەك نەبوو بگەڕێتەوە بۆ خواستی هونەرێكی پەیت. هەرچۆن سەربەخۆیی هونەریان نەكردۆتە مەسەلەی

مەبدەء. بەڵام هەر لەم سەدەیەدا هونەر یەکەمین شارەزایی زانستییەکانی خۆی پەیدا کرد ئەمڕۆ -تا ڕاددەیەکی باش- لەسەر ئەو سەرمایەیە دەژی کە لەو ڕۆژگارەدا بە دەستی هێنا.

دەربارەی ڕۆڵی هیومانیستەکان

ڕۆڵی گرنگی هیومانیستەکان لە ڕێنیسانسدا جێی مشت و مڕێکی زۆرە بە ڕاددەیەك هەندێ جار لێکدانەوەی هەڵوێستەکانی بەرامبەریان کەوتۆتە باری دژ بە یەك و جۆراو جۆرەوە. لە دوای ئەوەی ئاماژەی ئەوەیان پێ دەدرێت کە هەوڵی لەخۆگرتنی ڕۆشنبیری دەدەن لە ڕێگەی بە لاتینی نووسینیانەوە، لە هەمان کاتدا بەوە ناوزەد دەکرێن کە خاوەن خواستە هومانیستەکان یەکەمین نووسەرێك بوون ئاڕاستەی ووتاریان لە فراوانترین جەماوەر بووە. نووسین و کتێب و وتارەکانیان بە یەکەم شێوەی ڕۆژنامەگەری نوێ دادەنرێت. هەرچی نامەکانیان کە لە نێوان جەماوەرێکی پان و پۆڕدا هێنراوەو براوە لە بری ڕۆژنامەی ئەو سەردەمانە بووە.

پلەو پایەو موچەو خەلاتیان لە دەوڵەت وەرگرتووە لە بری شێوازە کۆنەکەی خانوو خواردن بەخشیش دەدرا بە نووسەر و ئەدیب و شاعیرەکانی کۆشك. خەرجییەکی زۆریان بۆ دەکرا لە لایەن دەوڵەتەوە، چون چینە باڵاکان وەك پێویستی پارێزگاری کردن لە ڕووکەشێکی خێزانی باڵا تەماشایان دەکرد. هەر خاوەن سامانێکی گەورە ئەدیبێك لە نووسەرەکانی خواستی هیومانیزمی لە خۆ گرتبوو لە ماڵەکەیدا. بەمە بۆرجوازیەتی گەورە ئەیویست هاوپەیمانیەکەی لەگەڵ ئەرستۆکراتیەتدا هەر هاوپەیمانیەکی ئابوریی نەبێت بەڵکو دەیویست بچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەرستوکراتیەتی ئاوەزی. هاوپەیمانی یەکەم بنەچەی باڵای پێ دەبەخشێ، بەڵام هاوپەیمانی دووەم پێگەی ئاوەزیی باڵا دەکات.

خاوەن بیروباوەڕی هیومانیستی، ئەوانەیان کە کاریان لەژێر سێبەری ئەو بیروباوەڕەدا دەکرد کە ئەوان ئازادن وەك ئاوەز، وەها بیریان دەکردەوە کە پشت بەستنیان بە چینی دەسەڵاتدار سەرشۆڕی دەبێت بۆیان. چاودێری و پاراستن (Patronage) ئەو یاسا کۆنەی کە شاعیر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەك مەسەلەیەکی باوەڕپێکراو گرتبوی، مایەی کێشە و مەترسی بوو بۆ هیومانیستەکان. پەیوەندی نێوان چینی ڕۆشنبیران و خاوەن موڵك و دارایی شێوەیەکی هێجگار ئاڵۆزی لەخۆ گرتبوو.

ئەوان لە سەرەتاوە دیدگایەکی ئورفییان هەبوو، وەهاش دەیانڕووانیە خودی سامان و دارایی کە شتێکە بێ بەها. هیچ شتێکیش نەبوو ئەم بیروباوەڕەیان پێ بگۆڕێت تا قوتابی و

مامۆستا و ئەدیب بوون، بەڵام وەختێ تێکەڵاویان دروست بوو لەگەڵ چینی دەسەڵاتداردا بە ڕێگەیەکی پتەوتر، دژایەتی‌یەك دروست بوو لە نێوان بیرکردنەوە کۆنەکانیان و شێوازی ژیانی نوێیان کە بەسەریدا زاڵ نەدەبوون.

گەر بگەڕێینەوە سەر سوفستائی‌یەکی یۆنانیو وتاربێژێکی ڕۆمانی و قەشەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە بنەڕەتدا هەڵوێستیان لە ژیان تێڕامانی بووە، جگە لە کاری فێرکردن و بەرامبەر وەستانەوەی چینە دەسەڵاتدارەکان ئەرکێکی تریان مەبەست نەبووە. بەڵام هیومانیستەکان یەکەمین ڕۆشنبیرانێك بوون داوای پلەو پایەیان بۆ خۆیان کردووە. ئەو لە خۆباییە ئاوەزیەیان (کە دیاردەیەکی وا پێشتر نەبووە)، ئەو چەکە سایکۆلۆژیەیە کە بەرگری لەخۆ پێ دەکەن و وەك پەرچە کردارێك بەکاری دێنن بەرامبەر هەر کەوتنێك توشی ببن.

چینە دەسەڵاتدارەکان وەك سەردەمی ئەفلاتون چۆن هەستیان بە ترسناکی شێوازی بیرکردنەوەی سوفستائی‌یەکان دەکرد، هەستیان بە گومانێك دەکرد کە ناشارێتەوە سەرباری هەموو هاوسۆزی‌یەکیان لەگەڵ بزاڤی هیومانیستەکان.

هیومانیستەکان بەم هەڵوێستەیان خزمەتی بەرژەوەندی‌یەکی پارێزکاریان دەکرد بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا بگونجێن، ئەو هەڵوێستە نەرێتی‌یەیان دەبووە مایەی هەرچی زیاتر بە تواناکردنی ئەوانەی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو.

خاوەن خواستی هیومانیستی پابەندی خۆی بە واقعەوە وون دەکات و دەبێتە ڕۆمانتیکی، ناموبوونی خۆی لە جیهان ناودەنێت گۆشەگیریی و گوێ نەدانی کۆمەڵایەتی بە ئازادی ئاوەز ناودەبات.

هەروەك نووسەرێك لە ڕێنیسانسدا دەرباریان نووسیویەتی:

گرنگترین شتێك لای ئەوان ئەوە نی‌یە دەسەڵاتداران بڕووخێنن، بەڵکو باسێك دەرباری دۆڕاندنیان بنووسرێ.. جوانی کردەوە جێی خۆی بۆ جوانی شێواز چۆڵ کرد.

هونەرمەندەکان هێندی ئەوان لە هاوسەردەمەکانی خۆیان نامۆ نەبوون، بەڵام گونجاندنیان بۆ نەدەکرا لە نێوان دورِیانی خواستی ئەرێتی‌یەکی کارا (activism) و خواستی ئیستاتیکی (aestheticism). ئەو پەیوەستی‌یەی سەدەکانی ناوەڕاستیان ون کرد کە لە نێوان شێوە هونەری‌یەکان و مەبەستەکانی دەرەوەی بواری هونەری‌دایە.

گرنگی‌دانی هیومانیستەکان بە لایەنی ئیستاتیکی و کاریگەریشیان لەم میانەوە لەسەر هونەرمەندەکان ئەوە ناگەیەنێت کە هیومانیستەکان تەنها بیریاری ئیستاتیکی بن و ڕامیاریی نەبن، قسەزانی تەوەزەل یان هەڵاتوی ڕۆمانتیکی بن، بەڵکو چاکسازێکی دڵگەرم بوون بۆ

جیهان، پێشڕەوانێکی سەرسەختی پێشکەوتن، سەرباری ئەمانەش مامۆستای ماندونەناس و گەشبین بە دوارۆژ. نیگارکێشان و پەیکەرسازانی ڕێنیسانس قەرزارباری ئەوانن، نەك هەر بە خواستە جوانی‌یە ڕووتەکانیان و بەس بەڵکو بەو بیروباوەڕەیان کە هونەرمەند دەکاتە پاڵەوانێکی ڕۆحانی و هونەریش دەکاتە مامۆستای مرۆڤایەتی. ئەوان یەکەم کەسانێك بوون وایان لە هونەر کرد ببێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە ڕۆشنبیری ئاوەزی و ئاکاریدا.

چەمکی هونەری ڕێنیسانس

هونەر بە چەمکە ئەوروپی‌یەکەی لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم سەردەمەدا بوو مۆرکی کاری هونەریی و ئەفراندن لە پیناسازیی جیابۆوە.

نیگارکێشان و پەیکەرسازی چیتر لە خزمەتی تەلارسازی‌دا نەمان وەك هونەرێك. بەڵکو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت. بەم شێوەیە تابلۆ و پەیکەر دەرکەوتن وەك خودی خۆیان، هەرچۆن هونەری نیگارکێشانی ڕۆنی (زەیتی) هاتە نێو کە پێشتر لە هونەری مەسیحی‌دا نەبوو کە هونەری نیگارکێشانی زەیتی توانایەکی فراوانتر و زیاتری بەخشی بە کاری هونەریی لە دەوڵەمەندی ڕەنگدا. هەر لەم سەردەمەدا پەیکەری گوزارشت کەر لە خودی بابەت دەرکەوت وەك بابەتەکانی مەلیك و پاڵەوان و ئافرەت. ئەمانە گشت لە میانی سنوری واقعیەتێك لە شێوازدا و لە میانی سنوری ڕووداوە مێژوویی و واقعی و ئەفسانەیەکاندا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ساتێ دێیتە سەر توێژینەوە دەربارەی هونەری ڕێنیسانس یەکەمین شتێك کە سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە ئەم هونەرە میراتگری بە ئەمەکی هونەری یۆنانی کۆنە کە مرۆڤ سەرەکیترین بابەت بووە تیایدا. هەرچۆن جەختی لەسەر لاسایی سیمای مرۆڤ دەکردەوە لە نمایشکردنی نیگارکێشان و پەیکەرسازی‌دا..

بەڵام تەوژمی هونەری بیزەنتی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هات و لەسەر بینگەی زەین ڕوونی دامەزرابوو بۆ گەڕان بە شوێن ناوەڕۆکێکی جەوهەریی نەمردا و لەسەر هێڵکاریی کورت و پوخت و هێماگەرایی و لەسەر پەیوەستی‌یە ئەندازەیی‌یە پەیبەرەکان بێ ڕێزگرتنێکی ئەوتۆ بۆ شێوە واقعیەکان، ئەمانە گشت لە هونەری بیزەنتی‌دا ڕۆڵیان بینی لە دواکەوتنی دەرکەوتنی هونەری واقعی لە ڕۆژئاوادا. هەرچۆن پەلهاویشتنی ئیمپراتۆریەتی ئەسکەندەر لە ڕۆژهەڵاتدا و کارتێکردنی ڕۆژهەڵات لەسەر هونەری هلنیستی و درێژبوونەوەی ئاسەواری هونەری ئیسلامی تا هەندێ بەشی ئەوروپا، بووە مایەی ئاڕاستەکردنی هونەر بەرەو ئەبستراکت و گۆڕان.

بەم شێوەیە هونەری ڕۆمانسیکی دەرکەوت کە بنەچەیەکی ڕۆژهەڵاتیانەی هەیەو لەسەر نەخش (زەخرەفە) و سادەکاریی و ئەندێشە دامەزرابوو، هەروەها هونەری کورتوازیش. لەم کاریگەریانەی ڕۆژهەڵات بێبەش نەبوو. ئەوەی لە دەست ئەم کاریگەریانە قوتار بوو تەنها هونەری غوتی بوو کە پێ دزکێی کردە نێو هونەری ڕێنیسانسەوە لەسەر دەستی هونەرمەندانی پیزانۆدا[٣٥] مۆرکی جێرمانی سەرویان بە تابلۆکانی جیوفانینۆ و بیزانیللۆ و بۆتشیللی بەخشی.

واقعیەتی نێو هونەری ڕێنیسانس شۆڕشێك بوو بەسەر خودی هونەری بێزەنتیدا کە تا سەدەی سیانزەش لە ئیتالیادا تاکە هونەری باو بوو، هەموو ڕووخسارەکان تەخت (فلات) بوون بەبێ پێوانە و بە هێڵی خێرا کێشرابوون، وەك لە تابلۆکانی برایانی برلینگیریدا دەیبینین. (Berlinghieri).

لە سەدەی چواردەدا جیۆتۆ لە فلۆرەنسادا نزیك بۆوە لە سیما واقعییەکانی ڕووخسارەکان، دواتر لە هەوڵدانیدا بۆ بەرجەستەکردنێکی پەیکەریانەی پێوانەکان گەیشتە ترۆپك، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ بوژاندنەوەی چەمکەکانی هونەری ئەغریقی. نیگارکێشانی سێ ڕەهەند (واتە گرنگی دان بە قووڵی) بە هێزێکی خێرا بڵاوبۆوە تەنانەت لە پەیکەری ریلیفیدا، بەڵام لە مەسینا نیگارکێشانی بەرجەستەیی چووە پێشەوە و ڕووناکی هاتە نێو تابلۆوە تا پشتی واقعی بوونی کاری نیگارکێشان بکرێت تا دورترین ئاست.

هونەری شێوەکاری هەنگاوێکی تر چووە پێشەوە بەرەو واقعی بوون لە قۆناغێکی نوێدا ساتێ هونەرمەند گرنگی دا بە چۆنیەتی جووڵە و وەستانی کەسایەتییەکانی و بە ماددە، دەبوو لە پەیکەر و نیگارکێشاندا چۆنیەتی جوڵەو وەستانێکی گونجاو هەڵبژێررایە تا گوزارشت لە حاڵەتە دیاریکراوەکانی پەرستن و پاڕانەوە و هاوسۆزی بکات یاخود گوزارشت لە بەرجەستەکردنی ماددەکان بکات وەك قوماش یا کاغەز یاخود کانزا.

هەڵبەتە ئاشکرایە ڕێنیسانس هاوشانی پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی کلاسیکی دەڕۆیشت، و هەموو بوارەکانی گرتبۆوە، هەر بۆیە هونەر زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی لێ خڕبۆوە لەوانەی خۆیان تەرخان کرد بۆ دانانی بنەماکان بۆ جوانی و هزر. بیناساز ئەلبێرتی لە مەزنترین تیۆریستەکانی ڕێنیسانس ناوزەد دەکرێت لە پاڵ فیلیلفۆ (Filelfo)دا کە لە قوستەنتەنیە گەڕابۆوە لە سەردەمی (محمد الفاتح)دا و تۆقیبوو لەو وێرانکارییەی عوسمانییەکان بەسەر ئاسەواری خۆرئاوایدا هێنابویان. ناچار دەستی دایە نووسینەوە دەربارەی ئیستاتیکای دامەزراو لەسەر ڕێساکانی ئەغریقی کۆن، بە توندی دژ بە ڕێسا ڕۆژهەڵاتییەکانی پێشبینی

سەرکەوتنیان لێدەکرا لە ڕێگەی ئەو زاڵبوونە ڕامیارییەوە کە عوسمانییەکان خۆیان بۆ ئامادەکردبوو. بەم شێوەیە ئەم هونەرمەندە هاوبەشی کرد لەگەڵ ئەلبێرتی لە دانانی بنەما بیرکاری و ئەندازەییەکان بۆ هونەری بیناسازی و نیگارکێشان و پەیکەرسازی، ئەو بنەمایانەی لەسەر بیروباوەڕی ئەفلاتون دامەزرابو و لە ئیستاتیکادا. هەر لەمانیشەوە یاساکانی زانستی بەربینە (علم المنظور) و هێڵکاری و ڕێژەی زێڕین بەدەرکەوتن. لەگەڵ ئەوەشدا هونەری ڕێنیسانس ئاڕاستەیەکی ئایدیالیانەی گرتبووە بەر، بیرکاری دژ بەم ئاڕاستەیە نەبوو، بەڵکو پێشکەوتن و پەرەسەندنی بە قازانجی هونەر دەگەڕایەوە تەنانەت دیللا فرانشیسکا سروشتی ئەوە پێیان دەوت (گونجاندنی خودایی) کە یاسایەکی ئەفسوونی بوو بۆ جوانی لەم پێشکەوتنەوە وەرگرت، هەرچۆن پاولۆئۆشیللۆ Uecello هەمیشە دەیوت (چەند پیرۆزە ئەم زانستی بەربینەیە) و بەردەوام ئەم وتەیەی دوبارە دەکردەوە.

جوانی ئایدیالی یاخود نمونەیی گەیشتە ئەوپەڕی لای لیۆناردۆ و رافائیلۆ ئەودەمەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون باڵایی خودایی بەرجەستە بکەن لە میانی هونەرێکی باڵاوە کە دامەزراوە لەسەر یەکێتی شێوە و گونجاندن و ڕێککەوتنی بابەت. ئەم بناغانە بوونە یاساگەلێك کە خودی پاپا خۆی بڕیاری سەپاندن و پەیڕەوکردنی دا لە هەموو کارێکی هونەریدا لە بیناسازی و نیگارگێشان و پەیکەرسازی.

هەر لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە (کواترۆشنتۆ) Quatrocento، فلۆڕەنسا بە یەکجارەکی لە دەست تەرزی بێزەنتی ڕزگاری بوو، ڕێساگەلێکی نوێی کراوەی بە ڕووی هونەرێکی نوێدا کردەوە. گشت هونەرمەندان لە نیگارکێشکان و پەیکەرسازەکان و تەلارسازەکان لەگەڵ ئەدیبەکاندا یەکیان گرت بۆ ئەفراندنی ڕێبازهایەکی نوێ دژ بە بێزەنتی. لە نیگارکێشاندا لە تابلۆی سیمون مارتینی Martini و پیزانیللۆدا چیدی تایبەتمەندی نوێ دەبینین وەك بە سەلیقەیی لە جێبەجێ کردندا، و هەستی ناسك بە سروشت و هەڵوەدابوون بە شێوەی مرۆڤی و یەزدانی و پابەندبوون بە وردەکارییەوە ئەمانە گشت لە پێناو ئەفراندنی کەشێکی جوانی پڕ سۆزدا. شاعیرەکانی نمونەی ئەندریا کاپیلانۆ Cappellano هاوسۆز بوون لەگەڵ ئەم ڕێبازە نوێیەدا.

گەر سەیری کارەکانی پەیکەرسازان دۆناتێللۆ (Donatello)، و مازاشیۆ (Massacio) بکەین، دەبینین ئازادبوون لە ڕازاندنەوە بە شێوەیەکی ڕەگ و ڕیشەیی لە تەرزی غوتی قوتاربوون. بەڵام هونەر زیاتر ئاڵۆز بوو. تەنها وێنەو لاسایی کردنەوە نەما. جیبریتی Ghiberti داوای ئەوەی دەکرد کە هونەرمەند دەبێت لە بنەماکان و ئەندازە و فەلسەفە و پزیشکی و فەلەك و

بەربینە و مێژوو و توێکـاری (التشـریح) و تیۆریـەکان و نیگارکێشـان و بیرکـاری بزانێـت، واتـە نیگارکێشان و پەیکەرسازی بوون دوو زانستی پێك هاتوو لە زۆرێك لە زانینەکان.

چیدی جوانی لە سەرەتای ڕێنیسانسەوە جۆرێك لە ڕازاندنەوەی خۆشـی نـەما، بـەڵکو بـووە دیاردەیەك لە دیاردەکانی پەرەسەندن و باڵابوونی هونەریی و هزریی بەو مانایەی هونەرمـەند مەجبور بوو ئاوەز و ڕۆشنبیری خۆی بەکاربهێنێ، تا بنەما جێگیرەکان لە دانـان و گونجانـدن و ڕێککەوتن ببنە لەمپەرێك لە هونەرەکەیدا.

گەر فلۆڕەنسا لەو سەدەیەدا بە ئاڕاستەی ڕۆشنبیری و زانست چوبێـت، ئـەوا ئـەم ڕێچکەیـە شێوەیەکی ئاینی لاهوتی لە هەمان کاتدا پەیوەست بە شێوازی کلاسیکی لەخۆگرتبوو.

لە تەلارسازیشدا بڕۆنیللیسکی (Brunnellesche) پـەیڕەوی هونەرمـەندانی سـەردەمی خـۆی کرد، کە بیناسازی نوێ خۆی لە دو خاسیەتی سەرەکیدا دیەوە:

١)ڕیتمێکی ووردی دامەزراو لەسەر ڕێسا ئەندازەییە توێژراوەکان.

٢)گونجاندن Proportion لە بەشەکانی تەلارە توێژراوەکەدا بە ووردەکارییەکی بیرکارییەوە، بەربینەو لێکچون و گونجاندن بوونە یاساکانی بینگە.

لەپاڵ ئەمانەدا شتێك لـە سۆفیگەرایی دەبینـین لـە سـەراپای بیناسـازیدا کـە لـە کەنیسـەی پازی (Pazzi)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت. (پیرۆزیـەکی یـەزدانی تیـا بەرجەسـتەیە). سـەرباری ئەمانـە گـەر تەلارسـازیی لای بڕۆنیللیسـکی گۆڕانکاریـەکی گشـت گیرانـە بێـت لـەچاو تـەرزی غوتـیدا. پارێزگـاریی دوو سـیفەتی سـەرەکی کـردووە تیـایدا یەکـەمیان سـادەیی لـە هێڵکـاریدا. دووەمیان یەکگرتویی توخمەکان.

بەڵام لە پەیکەرسازیدا دۆناتێللۆ Donatello ڕێچکەیەکی نێوەندی پـەیڕەوکرد بـۆ خـۆی لـە نێـوان هونـەری غوتـی و کلاسـیکیدا. تەنانـەت ئـەلبێرتی دەربـارەی وتویـەتی: (دۆنـاتێللۆ بـە پارسەنگی هەر پەیکەرسازێکی کۆنە).

لە ڕاستیدا دۆناتێللۆ ئەو هونەرمەندە سادە و غەمبارەی هەڵکوڕماوی خودی خۆی بـوو، لـە چـەمکی ڕێنیسـانس لای نـەدا لـە بەخشـینی پلـەی یەکـەم بـە زانسـت، تەنانـەت هـەندێ وای لێکدەدەنەوە کە ڕۆڵی دۆناتێللۆ گرنگ بـووە لـە دووبـارە ئەفراندنـەوەی شـێوازی غوتـیدا دوای پیاچونەوەیەکی توێژراوە. لەبەرئەمە هەمیشە نەخشە بۆ دانان لای ئەو پێـش جێبـەجێکردن کەوتووە. دەق وەك بڕۆنیللیسکی، ئەو هەمیشە توانیویەتی کە پەیوەسـتیـەك بکـات لـە نێـوان ماددەی بابەتەکەی و ماددەی کارکردنەکەی، لـە پەیکـەری (سـان میشـیل)دا دەبینـین پێکهاتـەی کەللە سـەرەکە جیـاوازە لـە پێکهاتـەو سـاوی جلـەکانی. لـەم شـێوازە کارکردنەیـەوە کـە خـۆی

پابەندی شێوازێکی یاخود مامەڵەیەکی یەکپارچەیی نەدەکرد توانی خۆی بسەپێنێ بەسەر ماددەی پەیکەرسازیدا. جارێك زۆر بە وردەکاریی و ئالۆزی چرچەکانی بەرجەستە دەکرد جارێکیش زۆر سادە، هەندێ ڕووبەر ساف و لووس هەندێکی تر فەرامۆش کراوو تەواو نەکراو و.. بەم جۆرە.

لە سەرەتای سەدەی شانزەدا کە ئەو سەردەمەیە پێی دەڵێن پێنج سەدەکان شنکۆشینتۆ (Cinqucento). چیتر ڕاستی ئامانجی هونەرمەند نەما بەڵکو جوانی جێی گرتەوەو بۆوە ئامانجی ئەم سەردەمە لە هونەردا، ئەو جوانی‌یەی ملکەچی هیچ جۆرە دەست نیشانکردنێك لە شێوەو بنەمایەکی تیۆریی نابێت، ئەوەش ئەو پەیڕەوەیە کە ئیتالی‌یەکان پێی دەڵێن (Aliquid incorporeum). لە سایەی ئەم پەیڕەوەدا هەر شتێ ببوایەتە مایەی چونە پێشەوەی تەکنیکی یاخود بالابوونی لێزانی جێبەجێکردن جێی گرنگی پێدان و ستایش بوو. هەر ئەمە وای کرد ڕازاندنەوە لە شێوازی بۆتشیللیدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت و ببێتە بەشێکی باش لە لایەنی هونەریی کارەکانی. ئیتر جوانی‌یەکی شاعیریانەی دوور لە ماددی زاڵ بوو بەسەر جوانی‌یەکی دامەزراو لەسەر زانینێکی بابەتی‌یانە بۆ سروشت بۆ مێژوو، ئەمەش لە تەلارسازی داسان گالوو و پەیکەرسازیی ڕۆسیللینۆ دا دەردەکەوێت. بەلام هەردوو بلیمەت لە بلیمەتەکانی مێژووی هونەر لیۆناردۆ داڤنشی بەو توێژینەوە زانستی و لێکۆڵینەوە تیۆریانەی پێشکەشی کردن. مایکل ئەنجیلۆش بەو پەیڕەوکردنە ئاکاری‌یە توندوتۆڵەی هەیبووە. بە ڕاستی ئەم دوو مەزنە ڕاستگۆیانە چارەسەری ئەو قەیرانە ناوخۆیی‌یەیان کرد کە خواستی هیومانیزم پێوەی گرفتار بوو؛ بەلام لە ڕێی دانانی کێشەی جوانی و هونەرەوە لە قالبێکی نوێدا بەدەر لە مانا سواو و لاسایی کەرەوەکەی بلاوبوو لە شێوازی کۆندا.

ئەودەمەی مانێریزمەکان بانگەوازی ئازادیەکی داهێنانیان دەکرد، کاراڤاجیۆ پایەکانی جوانی‌یەکی گوزارشتی و فوتابخانەیەکی ڕیالیزمی ڕاپۆرتی بوونیات دەنا. دوای ئەوەی هانیبال کاراشی بە ئاگا هێنا لە لادانەکانی ڕێبازی مانێریزم Manierisme کە یەکەم بەڵگە بوو لەسەر لاواز بوونی ڕێنیسانس، دواتر پەیوەندی کرد بە هونەری بارۆکەوە کە پەیکەرساز برنێنی و تەلارساز بورو مینی پێشڕەوایەتیان دەکرد، و دواتر بە هونەری ڕۆکۆکۆ کۆتایی هات.

هەڵبەتە ڕێبازی مانێریزم شتێك نەبوو نوێ، بەڵکو ئەم ڕێبازە شان بە شانی هەمووو چونە پێشەوەیەك و سەرکەوتنێکی چەمکی جوانی ئاوەزیی ڕێنیسانس تا ڕاددەیەکی بێ سنوور (کە وەها دەزانرا و لێك دەدرایەوە) هەندێ سەرچاوەی سروش بەخشی دژ بە چەمکی ڕێنیسانس کارا بوون لە بلاوبوونەوەیەکی خێرادا، ئەم دیاردەیە هەر هێندە نەبوو بەس بەڵکو هەندێ

کات کاریگەریی ئەم سەرچاوانە خودی بلیمەتەکانی ڕێنیسانسیشیان دەگرتەوە، ئەمەش لەو کاریگەرییە پڕ دڵەڕاوکێ و نامۆیانەدا خۆیمان پیشان دەدات کە لە کارەکانیاندا ناوبەناوێك دەردەکەوتن. خودی داڤنشی هۆکارێك بووە بۆ گەڕانەوە بەرەو عەدەم، سروشی ئەمەشی لە میانی ئەو گوزارشتانەوە داوە کە دەربارەی سەرچاوەی سروشتن و دەربارەی توانا و هێزە شارراوەکانن وەك لە تابلۆی (لافاو)دا دیارە، بەڵام مایکل ئەنجیلۆ ئەم دڵەڕاوکێیەی هەموو جارێك لەو کاتانەدا دەرئەکەوت کە تیایدا هەوڵی داوە نیگاری مرۆڤ بکێشێ کە یەزدان دەستبەرداری بووە. هەتا رافائیل کە خۆی تەرخانی خواوەندایەتی کردبوو زۆر نزیك بووەوە لە جیهانی جیرۆم بوش (Bosch) کە لێوان لێوە لە هەڵچوون و کوڵان و سوتان و خودی دەوروبەرەکەیەوە، لە هەندێ نیگاری هەڵکەنراوی پارێزراو لە لۆڤەردا ئەمە بە ڕوونی دەرئەکەوێت لە کارەکانیدا.

ڕێچکەی ریفۆرمی ئاینی پرۆتستانی لە لایەکی ترەوە کاری خۆی کردە سەر هونەر، هەر لەو کاتەوە کە هەوڵە دەمارگیرییەکەی ساڤۆنارولا[٣٦] لە فلۆرەنسادا بەدەرکەوت و ڕەنگیدایەوە لە تابلۆی (ڕۆژی قیامەت)ی مایکل ئەنجیلۆ لە نوێژگەی سیکستین دا، مۆرکی سك هەڵگوشین (التقشف) لە ئایندا ڕاستبۆوە لەبەردەم کاسۆلیکیەتی ڕێنیسانسدا، لە ئەڵمانیا دواتر زاڵ دەبێت لەسەر دەستی لۆسەردا کە بانگەوازی دەکرد بۆ ئاسودەیی دەروون دوای دەرکردنی شەیتان لە گشت لایەکی. ئەمەش لە هونەردا بەدەرکەوتەوە بە دیاردەی جیاواز. لەوانە تەمومژاوی بوونی شێوە و زیادەڕۆیی لە بابەتە مۆسیقیەکاندا وەك لە کارەکانی جیۆرجیونی و فیرۆنێزەدا. خودی ڤینیسیا دەستپێشخەر بوو بۆ ئەم ڕێچکەیە کە دژ بە ڕێساکانی هونەری ڕێنیسانسە.

دەتوانین ئەم ڕێچکەیە زیاتر ڕوون بکەینەوە بە جیاوازی کردن لە نێوان شێوازی تەلارسازی لای برامانتی (Bramante) لەگەڵ شێوازی تەلارسازی لای پالادیۆ (Palladio).

لە میانی نیگارکێشانیشدا تیسیانۆ نمونەی ئەم ڕێچکە نوێیەیە. دواتریش تۆنتۆریتۆ دێت کە لە پێکهاتە ڕەقەکان تێکەڵەیەکی لە ئاویی بوونی ئینتباعی و دەستنیشانە کردنی تەعبیریی دروست کرد. ئەلگریکۆش لە ئیسپانیا جڵەوی بۆ ئەم ڕێچکەیە شل کرد، بەمەش بووە پردێك لە نێوان (تیسیانۆ)ی مامۆستای و (ڤیلاسکیوز)دا، لەبەرئەوەی ریفۆرمی ئاینی ئامانجی نەهێشتنی ڕابواردن و سرووتە نامۆکان بوو تا دەگات بە دوورخستنەوەی ئاین لە زەوتکردنی ڕامیاریی، هونەرێك هاتە کایەوە لە بابەتیا بە دور بوو لە مۆرکی ڕەسمی بڵاو لە سەردەمی ڕێنیسانسدا، کە بابەتەکانی تەرخانی ڕووداوە ئاینی و پیاوەکانی بوو یاخود بۆ سەرۆك و میرەکان.

کاریگەری‌یەکی تریش لە سەروی ئەڵمانی‌یەوە بوو، لە برۆگل (Brueghel) و قوتابی‌یەکانی‌یەوە ئەوانەی گرنگی‌یان بە ژیانی میللی ئەداو بەرجەستەیان دەکرد لە هونەرەکەیاندا، ئەم تەوژمە میللی‌یە پەڕییەوە بەرەو ئیتالیا، دەرکەوتنی کاراڤاجیۆو کاراشی بەرەنجامی ئەم پەڕینەوەیە بوو، هەرچۆن لەلای ڤیلاسکیوز لە ئیسپانیاو لەلای ڕامبرانت لە هۆڵندە بە دەرکەوت کە ئەم هونەرە بە ناوی (بارۆک)ەوە ناوزەدکرا.

لە ڕاستیدا سەردەمی ڕێنیسانس خاوەن ڕێچکەیەکی زەینی بوو، مرۆڤگەرایی بوو زیاد لە ئاینی و ئایدیالی بوو زیاد لە سۆفی و ئاوەزیی بوو زیاد لە سۆزیی. بەڵام ئەو مۆرکە ڕۆحانی‌یەی کە بڵاوبوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیسان گەڕایەوە تا سەرلەنوێ دەرکەوێتەوە دوای بانگەوازیی ڕیفۆرمی. بابەتی پەرستنکاری و سۆفیگەرایی سەرلەنوێ بەدەرکەوتنەوە لە ئیسپانیا. لە کارەکانی (زۆرباران و ئەلگریکۆ). لە فەڕەنساش لە کارەکانی جۆفنیەو لینارد و دیلاتۆردا.

بەرەبەیانی ڕێنیسانس لە زەوی‌یە نزمای‌یەکان[٣٧]

لەبەر گرنگی ڕۆڵی وڵاتی زەوی‌یە نزمای‌یەکان لەسەر ڕێنیسانس بە تایبەت لە میانی نیگارکێشان دا زۆرێك لە سەرچاوەکان پێش ئاماژەدان بە دەستپێکردنی کارکردنی هونەریی نوێ لە ئیتالیادا، سەرنجی خۆیان ئاڕاستەی هونەرمەندانی ئەم هەرێمە دەکەن لەم سەردەمەدا چونکە بەهاوشانی هەوڵ و داهێنانەکانی ئیتالیای هاوسەردەمی خۆیانیان بە زیاتر نەزانن ئەوا یەکسان دەیان بینن لەو میانەدا. بە تایبەت پێشینەی هەرکامێکیان جیاوازی دیار و بەرچاویان هەیە ئەمە بۆ لەو دۆزینەوە زانستی و واقعی‌یانەی کە نیگارکێشەکانی ژووروی ئەوروپا خاوەنی بوون و دواتریش کاریگەریی گەورەی کردە سەر پەرەسەندنی ڕێنیسانس.

گەر وەك پێشەکی‌یەکی مێژوویی نیگامان ئاڕاستەی ئەو سەردەمەی ئەم هەرێمە بکەین دەبینین هەر لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە تا ناوەڕاستی ئەو سەدەیە بەرەنجامی پاشکۆیی فەرمانڕەوایی ئەم هەرێمە بۆ فەڕەنسا و نەمسا و ئیسپانیا توشی دواکەوتویی هات لە بزاڤی ڕۆشنبیریی و هزریی‌دا، بەڵام لە دوا نیوەی ئەم سەدەیەوە ئەم ڕەق هەڵاتنە ڕۆشنبیری‌یە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات لە دوای دەوڵەمەندبوون و ناوبانگ وەرگرتنی هەندێ شاری بازرگانی‌یەوە وەك بروج Bruge و ئەنتورپ Antwerp.[٣٨]

هەرچەندە کازیوەی ڕێنیسانس لە ئیتالیادا بوو، بەڵام لە سەدەی پانزەهەمەوە لە دوای ڕزگاربوونی لە دەست فەڕەنسا شارەکانی ئەم هەرێمە بوژاندنەوەو چونە پێشەوەیەکی زانستی‌و ڕۆشنبیریی بەخۆوە دی، زانکۆی "لۆڤین Luvin" دامەزراو هونەری چاپەمەنی لە هارلم

بڵاوبۆوە ساڵی ١٤٢٣ و لە (ئەنتۆرب) ساڵی ١٤٧٢ و لە (ئەترخت Utrecht) ساڵی ١٤٧٣ لە بروج ساڵی ١٤٧٥. بێگومان هاوشانی ئەم پێشکەوتنە کلتورییە پەرەسەندنێکی دیار هونەریشی گرتەوە.

هونەری ڕێنیسانسی زوو لە فیلمنك (سەدەی پانزەهەم)

وەك ئاشکرایە تەرزی هونەری غوتی لە سەرانسەری ئەوروپای ڕۆژئاوادا زاڵ بوو، کە لە فەڕەنساوە دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد تا سەدەی چواردەهەم هیچ کاریگەرییەکی هونەری فلۆڕەنسی پێوە نەبوو، هونەری تەلارسازی کە لە ڕێگەی بوونیاتنانی کڵێسەو کاتیدراڵەکانەوە بڵاوبۆوە پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدی لە وڵاتی زەوییە نزمەکاندا، چون ڕووحی خواستی غوتی ئەم هەرێمە لە تەلارسازیدا تا سەدەی شانزەهەمی خایاند. ئەوەش بە ڕوویەکی تایبەت لە بینا و خانووبەرەو کۆشکە دنیاییەکاندا بەدەردەکەوێت، گەر لە هونەری پەیکەرسازیش بدوێین ئەوا ئەو گۆڕانکاری و چونە پێشەوەیەی هونەری پەیکەرسازی لە سەرەتای ڕێنیسانسی ئیتالیادا بە خۆیەوە دی لە پەیکەری دانراوی نێو قوربانگەی کڵێسەکان و نەخشی گۆڕستان و جێ نزرگەو مەزارەکاندا لە هەرێمی فیلمنك بەرچاو نەدەکەوت. بەڵام لە بەرامبەر ئەمانەدا تێبینی پێشکەوتنێکی ڕوون و ئاشکرا دەکەین لە گۆڕەپانی هونەری نیگارکێشاندا[٣٩] کە هەڵقوڵاوی هونەری دەستنووسەکان و کاریگەریی تیژ تێپەڕی هونەری کورتوازییە و پشت بەستە بە سەرنجی وورد لە واقعی ژیانی ئاساییەوە.

تا ڕۆڵ و تایبەتمەندێتی هەر کامێك لە هەردوو هونەری فیلمنکی و فلۆڕەنسی ڕوونتر بنوێنن ئەم بەراورد کاریە پێویستە.

١-بنەمای هونەری فیلمنکی هونەری غوتییە، بەڵام هونەری فلۆڕەنسی دەگەڕێتەوە بۆ هونەری بێزەنتی و پاشان کلاسیکی، هەر بۆیە دەبینین هونەرمەندی فلۆڕەنسی پابەندی بابەتە ئاینییەکان و زۆرترینی بەرهەمەکانیشی لەسەر دیواری پەرستگەو کڵێساکان. بەڵام فیلمنکییەکان دنیایی تر بوون و ئاڕاستەیان زانستیانە، نیگاری بابەتە ئاساییەکانیان دەکێشا وەك نیگاری پیاوو کەسایەتییە دەوڵەمەندەکان جل و بەرگ و کەرەسەیان و ناوماڵیان.

٢-کەشی هەتاویی و ڕووناکی فلۆڕەنسا هاندەر بوو بۆ نیگارکێشانی نێو کڵێسا ڕووناکەکان، بەڵام کەشی ژووروی تاریك لە هۆڵەندەو ئەڵمانیا وای کردبوو هونەرمەندەکان بایەخ بە ڕازاندنەوەو کارتیاکردنی شوشەی پەنجەرەکان بدەن لە جێی دیوارەکان.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە پێشکەوتویەتی هونەری چنین و ڕستن بدەین لەم ماوەیەی هونەری فیلمنکیدا، بە تایبەتی هونەری چنین (Tapisserie) لە شاری تۆرنای پێشبڕکێی شاری

ئاراسی فەڕەنسی دەکرد لە ساڵی ١٣٩٠ەوە. بابەتی بەرهەمە چنراوەکانیان لە تابلۆکانی هونەرمەندانی وەك دیروایدان وەردەگرت. لە ساڵی ١٤٧٥ەوە بروکسل پێگەیەکی شیاوی وەرگرت لەم پیشەسازی‌یەدا کە کارمەندەکانی دەزوی حەریر و ئاڵتون و زیویان لە چنراوەکانیاندا بەکاردەهێنا.

لەو هونەرە نوێیانەی گەشەی سەند لەم وڵاتانەدا هونەری هەڵکۆڵین بوو لەسەر قاڵبی تەختە کە بەکاردەهێنرا لە چاپکردنی تابلۆی کێشراودا ئەمە بێ لە چاپکردنی کتێب. کە ئەم شێوازە نوێیە لە ڕوونکردنەوەی زانیاری نێو کتێب لە ڕێی وێنەی چاپکراوەوە لەوێوە دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد بۆ هەموو وڵاتانی ئەورووپی.

ئێمە وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا هونەری نیگارکێشان بە تایبەتی لەنێو هونەرەکانی تردا هەرچی زووتر ڕووی لە واقعی بوون کرد لەم هەرێمەدا، لەم پێناوەشدا گرنگی تایبەت درا بە دەرخستنی قوڵیی (ڕەهەندی سێهەم) لە کارکردنی تابلۆدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە مانای گرنگی دانە بە زانستی بەربینە (علم المنظور). هونەرمەندانی ئیتالی و فلاندەر پێکەوە لەم گرنگی دان و بەدواچوونەدا هاوبەش بوون. هەرچی ئیتالی‌یەکانە لە ڕێی زەینەوە گەیشتن بەم زانستە، بە هێڵە ڕێکەکانی‌یەوە کە لە پنتێکدا لە یەك دەدەن یاخود یەکدەگرنەوە، ئەم زانستە لای ئەوان تۆڕێك بوو بەکاریان دەهێنا بۆ ڕاوکردنی واقع و دانانی هەر شتێ لە جێگەی شیاوی خۆیدا بە پێوانەی ئەو دووری‌یە درۆینەی لەسەر ڕووی تابلۆکەوە هەیەتی، بەڵام هونەرمەندی فلاندەر، پشتیان بە هەست بەست بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵی کۆپی کردنێکی پڕ ئەمانەتی ئەوەیان دا کە بە چاو دەیبینن، بۆ سروش بەخشین بە ڕەهەندی سێ یاخود بە قووڵی پشتیان بە جیاوازی ڕەنگی بەست وەك لە پەنابردن بۆ زانستی بەربینە.

لە پەیکەرسازیشدا ئەمان وەك ئیتالی‌یەکان لە بیرۆکەی کارەکەوە دەستیان پێ نەکرد (پشت بە زانستی توێکاریی) تا بگەنە بەرجەستەبوونی بیرۆکەکە لە گەیشتن بە جوانی باڵای پەیکەرەکە، بەڵکو بە پەیکەرەکە دەستیان پێکرد و بەرەنجامی دەسکاریکردن دەیان گەیاندە جوانی‌یەکی زیندوی واقیعیانە.

جیاوازیش لە نێوان واقعیەتی ئیتالی زەینی و واقعیەتی فلاندەری هەستی، لە شێوازی جۆری مامەڵەکردنیاندا دەرئەکەوێت لە بەرجەسەتەکردنی سێبەردا، لە هونەری ئیتالی سەدەی پانزە هەمدا سێبەرەکان لە کاری هونەریدا سنوریان ئاشکراو دیارەو هەر دەڵێیت بەو جەستانەوە نووساوە کە دەریان دەخات، بە شێوەیەك لە نێوان جەستەکاندا هەست دەکەین دەڵێی بۆشایی‌یەك هەیە لە ڕووبەری تابلۆکەدا، بەڵام لای هونەرمەندانی فلاندەر سێبەرو

ڕووناکی زیاتر لە پلەی خەستی و ڕوونی پێك هاتووە، دێن و دەچن و شەپۆل دەدەن لـە میـانی بۆشاییەکدا کـەوا دەرئەکـەوێت بـێ سنوورە. ڤـان ئـایك بـە هەسـتی ناسکی خـۆی پـەی بـەوە بردووە سێبەر تەنانەت لەو جێگەیانەشدا هەیە کە ڕووناکی تیا پرشنگ دەداتەوە و ڕووناکیش تەنانەت لە پڕبوونەوەی سێبەرەکاندا هەیە.

هونەرمەندەکان:

جان ڤان ئایك ١٣٨٥-١٤٤١ (Jan Van Eyck)

ئەم هونەرمەندەو بـرا گەورەکـەی لـە بـەناوبانگترین هونەرمـەندانی فلانـدەری دەژمـێرێن، هۆبرت ڤان ئایك کە برا گەورەی جانە لە ساڵی (١٣٦٥ تا ١٤٢٦) ژیاوە. لە نزیك شاری ماسـترخت لە دایك بوون لە هەندێ پرۆژەی هونەریدا پێکەوە کاریان کردووە، هەرزوو بە زوو ناوو توانای بـرای بچووك زیاتر دەرکـەوتووەو ناسـراوە لـە وردەکـاری و تۆمـارکردنی هـەموو بچـووك و گەورەیەك لە کاردا ئەمە سەرباری فراوانی ئەندێشەی.

جان ڤـان ئـایك لـە بەهرەمـەندی و پێشـڕەوایەتی دا بـۆ هونـەری سـەدەی پانزەهـەم بـە هاوشانی هونەرمەند (مازاتشیۆ)ی فلۆرەنسی دادەنرێت کە هەر هاوڕۆژگاری خۆی بووە. ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم هونەرمەندە بڵاوە و ناوبـانگی پـێدەرکردووە داهێنانیـەتی بـۆ بۆیـەی زەیتـی یاخود کارکردن بە بۆیەی زەیتی. (هەرچەندە بۆیەی زەیتی پێـش ئـەم هونەرمـەندەش زانـراو بووە) ئەم هونەرمەندە توانی شێوازێکی نوێ بگرێتە بەر لە بەکارهێنانیدا، وەك کەرەسـەیەکی گونجاو و خۆش دەست بۆ بەرجەستەکردنی هەر جۆرێك لە ئەندێشە و ڕووکەشی هەر شتێك. ئـەوەی جـێی سەرسـامییە وەك ئـەوەی پێشـڕەوی ئـەم شـێوازەیە، لەگـەڵ ئەوەشـدا توانـی بـە یەکجار بگاتە لوتکەی ئوستادی تیایدا.

شاری جـان جـێی دەرکـەوتنی ڤـان ئـایك بـوو، بـەڵام ئـەو لـەم شـارەدا نەوەسـتاو لـە نێـوان وڵاتانی هەرێمی فیلمنك دا کەوتە گەڕان بۆ جێبەجێکردنی چەندان پـرۆژە لـە نێـوان سـاڵانی ١٤٢٢ بۆ ١٤٢٤ لەسەر داوای دیوکی باڤاریا کەوتە کارکردن لە لاهای، دواتر لە شاری (لیل- Lille)ی فەرەنسی گیرسایەوە سـاڵی ١٤٢٥ وەك نیگارکێشی تـەختی پاشایەتی مـەلیك فیلیـپ، سـاڵێ دوای ئەوەی لە هاتوچۆی لیشبوونەی پرتوغالی و ئەراگۆنی ئیسپانیدا بردەسەر بۆ ئـەنجام دانـی ئـەو کارە هونەرییانـەی گرتبویـە ئەسـتۆ، لـەوە دواتـر ناوبـانگ و خـۆش گوزەرانـی شـاری بـروج سەرنجی ڕاکێشاو بەلای خۆیدا برد لە ساڵی ١٤٣٠دا بووە مایەی جێگیربوونی لەوێدا.

هەرچەندە ئەو ئوستادێکی لێهاتوو بوو لە پیشەکەیدا، بەڵام کەسایەتی ئەو لە کەسایەتی پیشەگەرێك بە دوور بوو. کار و بەرهەمەکانی بەڵگەی ڕاستەقینەن بۆ شارەزایی و زانیاری‌یەکی کەم هاوتا لە زانستەکانی لاهوت و فەلەك و بەربینە و توێکاری. لە سەرنجماندا بۆ کارەکانی دەمان گەیەنێتە ئەو بەرەنجامەی بڵێین هیچ شتێك لە تابلۆکانی ئەودا نی‌یە بێ بەهاو بێ‌مانای تایبەت و قوڵی خۆی، ئەو گۆزەو پەرداخە بلوری‌یەی تیشك سەمای تیا دەکات بەبێ هیچ پەڵەو لەکەیەك، ئەوە هێمایە بۆ پاکێتی مەریەم، مۆمە داگیرساوەکەش هێمای مەسیحە، ئەو میوەیەی لەسەر قەراغی پەنجەرەکەشە مژدەی بەهەشتی بەڵێن پێدراوە، ئەو ڕووناکی‌یەش کە لە دەروازەکەوە دابەزیوەتە خوار نیشانەی نیعمەتی یەزدانی‌یە، ئاوێنەی کەوانەیی سافیش بێ‌گوناهیمان پیشان دەدات، سەگی بەردەمی هەردوو ژن و مێرد بە ئەمەکی و وەفامان بیردەخاتەوە، تەلارسازی ڕۆمانی هێمایە بۆ بەڵێنی کۆن واتە تەورات، تەلارسازیی غوتیش هاتنی بەڵێنی نوێیە بە مانای ئینجیل.. لەگەڵ هەموو ئەو زانیاری و هێما و ڕازانەدا، تابلۆکانی وەك یەکەیەکی کامڵ و تەواو دێتە بەرچاو لە وەستایی ڕێکخستن و لێکدانی جۆرەها توخم لە بوونیاتێکی پتەودا.

یەکێك لە بەناوبانگترین کارەکانی تابلۆی قوربانگەی پیرۆزمەند (باڤون Bavon)ە لە شاری (جنت Ghent) کە نمایشی بابەتی "پەرستنی بەران" دەکات. هەردوو برا پێکەوە کاریان تیاکردووە، وا دەزانرێت کە نەخشەی گشتی کارەکە لەلایەن (هۆبرت)ەوە دانرابێت و کارکردنی سەرەتایی تیا لە ساڵی ١٤٢٥وە دەست پێکردووە، جان لە جێبەجێکردنیدا هاوبەش بووە، بەڵام ساڵێ تێ نەپەڕیوەو دوای مردنی برا گەورەکەی خۆی بە تەنیا لە کارتیاکردنیدا ماوەتەوە، ساڵی ١٤٣٢ ئیمزای خۆی لێداوە دوای تەواوکردنی. ئەم بەرهەمە پێوانەکەی (٦٠) مەتر چوارگۆشەیە.

قوربانگەی جنت لە سێ بەش پێك هاتووە لە دولاوە نیگار تیاکێشراوە کە ژمارەیان ١٦ وێنەیە، لە خواروی بەشی ناوەڕاستدا بابەتی (پەرستنی بەران)ەکە دەردەکەوێت، سێ کەسایەتی لە سەروی ئەم دیمەنەوەن کە ئەوانیش (المسنح)[٤٠]، مریەم و یوحەننایە، وا دەزانرێت کە ئەم سێ‌کەسایەتی‌یە لە دروست کردنی برا گەورەکەیە، برای بچوکیش تابلۆی تەنیشتەکانی نەخشاندووە کە بابەتی ئادەم و حەوا لەمبەر و لەوبەر دەنوێنن، واقعیەتی کارکردنی برای بچووك لە شێوازی کارکردنی ئەم دوو کەسایەتی‌یەدا دەرئەکەوێت، کە ئەمە یەکەمین جار بووە جەستەی مرۆڤ بە ڕووتی تیا بەرجەستە بکرێت. بە بۆیەی زەیتی کارەکە

ئەنجام دراوە و دیمەنی سروشتی پشتەوەی تابلۆکانی خوارەوە زۆر بە وردیی و ناسکی دروست کراون کە بە بۆیەی تیمپرا نەدەتوانرا بەو ئەنجامە بگەیەنرێت.

جان ڤان ئایك بە یەکەم دامەزرێنەری نیگاری کەسایەتی بە بۆیەی زەیتی دادەنرێت لەم هەرێمەدا، بەم کارەش پێش وڵاتی ئیتالیا کەوت لەم بوارەدا، کە دواتر لە رێی هەندێ هونەرمەندی ئیتالییەوە ئەم تەرزی کارکردنە گواسترایەوە ئیتالیا، کە هاتبوون بۆ سودوەرگرتن لە شارەزایی هونەرمەندانی ئەم هەرێمە.

لە نمونەی زیندوی کاری وێنەی کەسایەتیدا تابلۆی (پیاوە سەرو پێچ سورەکە)یە ساڵی ١٤٣٣ و وێنەی ژنەکەیەتی ساڵی ١٤٣٩.

گەر بمانەوێت توانا و لێهاتویی ئەم هونەرمەندە ببینین لە ووردەکاریی کاری هونەریدا ئەوا بەهرەمەندی ئەو لە تابلۆی "جیوفانی ئارنۆ لیڤینی و ژنەکەی C. Arnolfini"دا بەدەردەکەوێت بە ڕوونی، کە ئەم پیاوە یەکێکە لە پیاوانی دارایی ئیتالی لەگەڵ ژنەکەیدا، هەردو کەسایەتییەکە وەستاون لە ژوری نووستنەکەیاندا، بە سەلیقەیی هونەرمەند لە بەرجەستە کردنی وردی کەل و پەلی ماڵەکەدا دەردەکەوێت، هەرچۆن وردەکارییەکی بێهاوتای لە سەگی بەردەمی ژن و مێردەکەدا کردووە، لە ئاوێنەی سەرد دیواری پشتەوەی ئەم دو هاوسەردا لە کۆتایی ژورەکەدا، بە وریاییەوە هەموو شتێکی ناو ژورەکەی تیا پێچەوانە کردۆتەوە، و لە بەردەم دو هاوسەرەکەدا دو کەسایەتی وەستاون و وا پێدەچێت یەکێکیان خودی هونەرمەند بێت.

ڤان ئایك زۆرجار نیگاری مریەمی کێشاوە بەڵام بە جل و بەرگێکی ناسك و جوانی سەردەمەکەی خۆیەوە، هەر جارێکیش کاردینالێك یاخود ڕاوێژکارێکی میریی لە بەردەمیا لەسەر چۆکن کە خودی ئەو تابلۆیانەیان پێشکەشی کڵێسە کردووە. پەنجەرەی پشتەوەی مریەم ئەڕووانێتە سەر دیمەنێکی سروشتی دیاری کراو، زۆربەی جار دیمەنێکی نێو شاری بروجی هەڵبژاردووە، باخچەکان بە درەختەکانیانەوە دیارن، لە دوای ئەمانیشەوە شارەکەیە بە بیناو شەقام خەڵکەکەیەوە، پشت شارەکەش چیایەو بەفر دایپۆشیوە، لە پشت چیاکانیشەوە ئاسمانێکی درێژبۆوە بۆ بێکۆتایی. بەڵام ئەم دژایەتییە ئاشکرایە لە نێوان هێما ئایینییە هەتاهەتاییەکان و واقعیەتی وەسف کردنێك کە پەیڕەوی سنوری شوێن و کات دەکات. ئەفسونی هونەر بێ ئاگامان دەکات لێی و چی دی هەست بە کات و شوێن ناکەین.

ڕەنگەکانی ڤان ئایك گەش و ڕوونن، توانای ئەفراندنی هەرچییەکی هەیە پێی کە خۆی بیەوێ: نەرمی قژ یاخود زبری ڕیش یاخود ساوی مەخمەڵی و بریسکەی کانزا گران بەهاو ئەڵماس و مت و موروەکان.

هونەرمەند زۆر تابلۆی بابەتی دنیایی هەبووە، کە بابەتی هەندێکیان دیمەنی ڕاوشکارو (گەرماوی ئافرەتان)ن، بەڵام زۆرێك لەم تابلۆیانە فەوتاون و وون بوون، لە ئاسەوارەکانی لەپاڵ بەرهەمە ئاینییەکانیدا هەندێ وێنەی کەسایەتی (پۆرترێت) ماونەتەوە. لە کارەکانیدا هەست بە لێوەشاوەیی ئەو دەکەین بۆ کۆکردنەوەی نێوان دژەکان، وەختێ گرنگی تەواوی داوە بە وردەکارییە ڕووکەشییەکان تا دەگاتە نیگارکێشانی قژ موو بەموو، لە پاڵیدا هەست بە گرنگییەکی گەورە دەکەین کە ئاڕاستەی گوزارشت کردن لە کەسایەتی دانیشتوو کراوە هەتا دەرخستنی ڕووخساری سایکۆلۆجی یاخود باری دەروونی کەسایەتییەکە.

ئەم شێوازە ڕیالیزمییەی ڤان ئایك کاری کردە سەر هاوسەردەمانی سەرسامی کردن بە هونەرەکەی، پێگەی ئەو ئاسۆکانی بڕی و کێبڕکێ بووە لەسەر کڕین و پەیداکردن و گرتنەخۆی ئاسەوارەکانی لە لایەن میر و پاشا و دەوڵەمەندەکانی تەنانەت ئیتالیاشەوە، هەتا دیوك فیلیپی بەوەج کە دیوکی بۆرجۆنیا بوو لە خۆی نزیکیکردەوە و کردیە هاوڕێیەکی تایبەتی خۆی و وەك نێرراو نمایشکارێکی کەسایەتی خۆی دەینارد بۆ ئیسپانیاو ئینگلستان و پورتوگال.

ئەم گیانە بەخشندەیە زۆر نەژیاو لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ژیانی بۆ تابلۆکانی بەجێهێشت.

ڕۆبرت کامپن (Robert Campin) ١٣٨٠-١٤٤٤

ئەم هونەرمەندە لە شاری تۆرنای پەروەردە بووە و لە ساڵی ١٤٠٦وە کاری ئیمزاکراوی هەیە دەربارەی بابەتە ئاینییەکان کە بۆ هەیکەلی کڵێساکانی کردووە. هەندێ لە مێژوونووسانی هونەر ڕۆڵی ئەم لە پێشتر دەزانن وەك لە برایانی ڤان ئایك بۆ بەرەو واقعی چوون و بەکارهێنانی بۆیەی زەیتی. بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی هونەری نیگارکێشانی فلمنکی دادەنێن و ئاماژە بەوە دەدەن ئەوان سودیان لەم وەرگرتبێت لە سەرەتاوە، هەرچی چۆنێك بێت، تێبینی ئەوە دەکەین کە کامپن زیاتر کاریگەریی پەیکەری لەسەرە، هێڵەکان لە تابلۆکانیدا دیارترو یەکلاکەرەوەن و سنوردار، هەتا هەندێ جار نیگاری مینیاتۆریمان یاد دەهێنێتەوە، بەڵام ڕەنگ و پلەکانی ڕۆڵی گرنگ لای ڤان ئایك دەگێڕن.

لە سیماکانی کامپن بەکارهێنان و دارشتنەوەی هێما پیرۆزەکانە لە وێنەیەکی واقعیدا، بۆ نمونە ئەو رووناکیەی لە گری زۆپایەکەوە دێتە دەر بەکاری دێنێ بۆ دروست کردنی رووناکی هالەی سەر سەری پیرۆزمەندەکان، رووخساری پیرۆزمەندەکان بە شێوەیەکی ئایدیالی بەرجەستە دەکات، بەڵام لە تەنیشتیانەوە کەسانی تر دروست دەکات بە شێوازێکی واقعیانە، بۆ نمونە شوان و جوتیارەکان بە رووی هیلاك و چڵکنیانەوە و دیمەنی زبریانەوە لە تابلۆی (لەدایك بوونی مەسیح)دا بەدەردەکەون، کە لە جوانترین ئاسەوارەکانیەتی، پشتەوەی تابلۆکەشی بە هەمان شێوە پرکردنەوەیە کە لای ڤان ئایك ئاماژەمان پێدا.

نمونەیەکی تری زیندوو لە بەرهەمەکانی کە وێنای ئەو شێوازە بکات، کە ئاماژەمان بۆ کرد تابلۆی (هەیکەلی میرۆد)ە کە لە میانی سالآنی ١٤٢٥ بۆ ١٤٢٨دا دروستی کردووە و داهێنانێکی جوانی بەسەر بابەتی مزگێنیدا هێناوە و لە ئاستە سواوەکەیدا نەهێشتۆتەوە، تابلۆکە سێ بەشەو لە ناوەراستدا مریەم فریشتەیەك بەدیاریەوەیەتی و لەلای چەپ لەبەردەم دەرگای کراوەی ژوری مریەم دا چەند کەسێك لەسەر چۆکن و چاوەرێی مزگێنی دەکەن، لەلای راستی تابلۆکەش یوسفی دارتاش وەك دارتاشێکی ئاسایی نێو بازاری ئەوکاتە سەرقاڵی کاری خۆیەتی و پەنجەرەکەی پشتی کراوەتەوە و ناوبازار و گۆرەپانێك دیارەو خەڵکی لە ژیانی ئاسایی خۆیان سەرقاڵن، هونەرمەند ئەم بابەتەی بە بیرۆکەیەکی میللیانە بەرجەستە کردووە بە دوور لە تەرزی ئاینی یان ئۆرستۆکراتی. لەم کارەیدا بۆیەی تێمپراو زەیتی تێکەڵ کردووە.

چەردەیەك لە ناوازەترین تابلۆ تا کاتێکی نزیك بێخاوەن بوون و هونەرمەندەکەیان نادیاربوو، بە ئوستاد فلیمال ناوزەد دەکرا (Maitre de Flemalle) بەڵام ئەمرۆ رای زۆربەی نێوان مێژوونووسەکانی هونەر لەگەڵ ئەوەدایە کە ئاسەواری (رۆبێر کامپن)بن بەرەنجامی هێندایی لێکچونی زۆر لە نێوان شێوازی کارکردنی ئەو تابلۆیانە و شێوازی کارە ناسراوەکانی ئەم هونەرمەندە.

رۆجەر ڤان دیرودین "R. Van Der Way den" ١٤٠٠-١٤٦٤

ئەمە سێ هەم ئوستادی گەورەی هونەری نیگارکێشانی فلمنکیە، قوتابی کامبان بووەو لەسەر دەستی ئەودا پەروەردە بووە، لە کەسایەتیە گەورەکانی مێژووی هونەری ئەوروپیە. ئەم وەك ڤان ئایك و کامپن سەوداسەری دیمەنی سروشتی سەرنج راکێش نەبووە، جیهانی ئەم جیهانی درامای مرۆڤایەتی و سۆزێکی ئاینی قووڵ بووە، هەرگیز هیچ شتێکی لە پێناوی خودی ئەو شتەدا بەرجەستە نەکردووە و زیادەرۆیی لە کەشی تابلۆکانیدا نەخەملاندووە وەك ئەو

کەشە شانۆگەریانەی ئەودەمە بۆ تابلۆیان دەفراند. نە هێڵێك و نە ڕەنگ و نە شێوە بوونی نەبووە لەلای بەبێ ڕۆڵێکی درامی پتەو.

هەر لەبەر ئەم وردبینی‌یە درامی‌یەیە دەبینین بە دیوارێکی ساف ڕازی‌یە لە جیێ دیمەنێکی سروشتی زانراو و ناسراو لە تابلۆی لە خاچ دانی مەسیح دا، تەنانەت لەسەر شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست ئاسمانی تابلۆکەی بە ڕەنگێکی ئاڵتونی کردووە. تابلۆکە بەو ڕەنگە سپیانەی کە فیگەرە پەیکەری‌یەکانی گرتۆتەوە و دەربازبوونی لە هەموو هەستێکی شوێن و کاتی، لە گوزارشتێکی ئەبستراکتی دەچێت، نە چیرۆکێ دەگێڕێتەوە و نە دەربارەی دیمەنێ دەدوێت، تەنها بە زمانی ئازار و ئەشکەنجەیەکی قووڵ دێتەگۆ.

ئەم شێوە پەیکەریی فیگەرانەی لە مامۆستاکەیەوە وەرگرتووە و وەك ئەو شێوازی بێهاوتای لە تیژی و دەست نیشانکراوی هێڵدا هەیە.

جیاوازی‌یەکی سەرەکی هەیە لە نێوان ڤان ئایك و ڤان در ڤیدن دا، یەکەمیان بینگەی نیگارکێشی هەیە بۆ شتەکان بەو ئۆرتە (اعتبار)ی بەهایەکی ڕەنگی‌یەو جیاوازە لە ڕوونی و خەستی‌دا، بەڵام دوهەم هونەرەکەی بە هێڵ و سێبەرە دیاری کراوەکانی هەر لە پەیکەری ریلیفی دەچێت، بەمەش لە هونەری غوتی نزکیترە، و هەرچۆن لە بینگە ئایدیالی‌یەکەشی‌یەوە لە ڕۆحانی سەردەمی ناوەڕاست.

تابلۆی (داگرتنی مەسیح) لە جوانترین ئاسەوارە هونەری‌یەکانی ئەم هونەرمەندەیە. کە تیایدا سێ پیاو لاشەی مەسیح دادەگرن لە ساتێکدا پیاوێك و ئافرەتێك دەستیان بە مریەمەوە گرتووە کە لە تاوا کەوتۆتە سەر زەوی، ئەو ئاڵتونی‌یەی لەسەر زەوی تابلۆکەیە دیسانەوە بەخشینی باڵایی و پیرۆزی‌یەکە بە تابلۆکە، جوڵەکان لە جوڵەیەکی بالیەوە نزیکن، بە دانانی جوڵەی کەللەسەری کەسایەتی‌یەکان هێڵێکی ئارابیسکیانەی بەرجەستەکردووە. ئەم تابلۆیە ساڵی ١٤٣٥ دروست کراوە. سەرباری ئەم کارانە ڤاندرڤیدن لە کاری وێنەی کەسایەتی‌دا باڵادەست بووە و لەپاڵ گرنگی‌دان بە ڕووخساری کەسایەتی‌یەکە گوزارشتی لە کەسێتی بەرامبەری کردووە لە پاڵ فەرامۆش نەکردنی ئەندازەی هێڵ و جوانی کۆمپۆزشن دا.

جیرۆم بوش (J Bosch) ١٤٥٠-١٥١٦

ژیانی ئەم نیگارکێش و گرافیکی‌یە هێند ڕوون و ئاشکرا نی‌یە و بەشێکی باشی وونە، لەوە ئەچێ شاری (هارتوگن بوش Hertogenboch)ی بەجێ نەهێشتبێ کە مانای (دارستانی دیوك)ە. کڵێسای ئەم شارە هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندەی لەخۆگرتووە، کە بە بەرهەمە

سەرەتاییەکانی مەزەندە دەکرێت. لە کارەکانی شتێکی ئەوتۆ نەماوەتەوە و بەشێکی باشی وون بووە، سی و شتێ نەبێت، بەڵام هەندێ کۆپی کارەکانی دۆزراونەتەوە.

کارەکانی گوزارشت کردنە لە جیهانێکی ئەفسوونی یاخود بابەتی میللی ئاست نزم بە شێوازێکی تەعبیریانە، ئەم هونەرمەندەش یەکێکە لەوانەی پێ بەپێی شێوازی ڕێنیسانسی باو نەڕۆیشت بەڵکو تایبەتمەندی کارکردنی خۆی هەیە، کارەکانی بەڵگەن بۆ توانای پتەوی ئەو لە نیگارکێشاندا سەرباری داچونی بەرەو گۆڕانکارییەکی ڕەخنەیی و تێکدانی ئافەریدەکراوەکان لە پێناو بابەتە گاڵتەجاڕییەکانی تەنانەت ئەوانەش کە بابەتی ئاینین، زیاتر کەشی تابلۆکانی لە خەونی سەیر و نامۆ دەچێت، هەربۆیە هونەرەکەی بە پێشەنگی ڕێبازی سوریالیزم لە سەدەی بیستەم دا دادەنرێت.. لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی "دوا دادگایی"، کە لە مۆزەی ڤیەننایە، تابلۆی (بەهەشتی لەزەتەکان) مۆزەی برادۆ.

لە هونەرمەندانی تری هەرێمی فلاندەر:

گەر بە شێوەیەکی خێراش بێت ئاماژە بە چەند هونەرمەندێکی تری ئەم هەرێمە بدەین لە دووتوێی ئەم سەردەمەدا لە دوای ئەو چوار هونەرمەندە دیار و پێشەنگ و خاوەن کاریگەریانە. دەکرێت باسی هونەرمەند پترۆس کرستۆس (Petrus Christus) بکەین کە ساڵی لە دایك بوونی نەزانراوە و لە ساڵی ١٤٧٢ یاخود ١٤٧٣دا کۆچی دوایی کردووە، لای هونەرمەند ڤان ئایك قوتابی بووە لە ئەتێلەکەیدا لە بروج، کۆمەڵێ تابلۆی ئەنجام داوە گرنگترینیان "هێنانە خوارەوە لە خاچ" و "ڕۆژی دواین" و "لە دایك بوونی مەسیح" و "مزگێنی" زیاتر گرنگی بە لایەنی گوزارشتی داوە، هەرچۆن لە کاری پۆرترێت دا جێی سەرنجە کارەکانی لەوانە "پۆرترێتی ئیزابیل بۆربۆنی" و "قەشەیەك".

ئەوەی جێی ئاماژەیە هیچ هونەرمەندێکی نیوەی دوهەمی سەدەی پانزە لەم هەرێمەدا نەیانتوانی لە داهێنانەکانی (ڤان ئایك و ڤان درڤیدن و کامپن)ی تێپەڕێنن.

هونەرمەند دیریك بوتس (Dieric Bouts) ١٤١٥/ ١٤٢٠-١٤٧٥.

لە بنەچەدا هۆڵەندییەو لەژێر کاریگەریی ڤاندرڤیدن دا کاری کردووە بە ڕاددەیەك هەندێ جار جیاکردنەوەیان ئاسان نییە بەڵام لە پێگەیشتنی کارکردنیا بەرەو شێوازێکی جیاو دەرکەوتوو چووە تابلۆکانی (دابەزین لە خاچ) و (دواشێو) لە کەشێکی درامی تایبەتدا بەرجەستە کراون، لایەنی دەروونی کەسایەتی ناو تابلۆکانی ئامانجێکی سەرەکی بووە لە کارکردنیا.

هوجۆڤانمدر جوز (Hugo Van der Goes) ١٤٤٠-١٤٨٢

لە دوای مردنی دێریك بوتس هونەرمـەندانی قوتابخانـەی جـان ڕێڕەوەكـەیان گرتۆتـە بـەر لەوانـە (جوسـت دی جانـدی) Justede Gand و هوجۆڤـاندر جـوز بـوون. ئـەم دوانـە پێكـەوە پەروەردە بوون و یەكەمیان چووە ئیتالیا و لەوێ تابلۆی (دواشێو)ی دروست كرد كە سـودی لـە فرائەنجیلیكۆ وەرگرت و كاریگەریی هونـەری ئیتـالی لەسـەر بـزر نـەبوو بـەڵام بـە ئەمـەكی بـۆ ڕۆحانی هونەری فیلمنكی ون نەكردبوو. لە دوا ئەم گەشتەیەوە هیـچ شـتێك دەربـاری جوسـت نازانرێت. بەڵام ڤاندر جوز تابلۆی زۆر دەدرێتە پـاڵی بـەڵام ئـەوەی دڵنیایـە تـابلۆی (پەرسـتنی شوانەكان)ە كە ئەم تابلۆ گەورەیە كێشەیەكی زەقـە لـە نێـوان ڕیالیزمی و ئایدیـالیزمی یـاخود تێبینی و ئەندێشە، جوتیارەكان زۆر بـە كەشـێكی ڕیـالیزمی بـەدیار مریـەم و لـە دایـك بوونـی عیساو یوسـف و فریشـتەوەن، سەرسـەریان هـەموو فریشـتەیە، هونەرمـەند هاوسـەنگییەكی سەیری لە نێوان ڕاددەی ئایدیالیەت و ئەندێشەی نیگاركێشانی مریەم و فریشـتەكانی بـە جلـی شۆڕوو درێژەوە كردووە لەگەڵ كێشانی نیگاری شوان و جوتیارەكان بـە شـێوەیەكی ڕیـالیزمی و وردی تێبینـی بەجلـە سـادەو ڕووخسارە میللییەكانیانـەوە، سـەری تاشـراو یـاخود قـژی زۆر، دەستی چڵكن و ئاوساو ڕیشی نەتاشراو. پشتینەی تابلۆكە لەسەر شـێوازی ئیتـالی بـە دیمـەنێكی سروشتی پڕكراوەتەوە. كاریگەریی جدیەت و زیندوێتی و توانـای دەربڕینـی ئـەم هونەرمـەندە سنوری فلاندەری بڕی بۆ فەڕەنسا و ئەڵمانیا بە كاریگەرییەكی توند و بەهێزەوە.

هانس مملنك (Hans Memlinc) ١٤٣٣-١٤٩٤

بە یـەكێك لـە هونەرمـەندە مەزنـەكانی فلانـدەر دانـراوە لـە لایـەن ڕەخنـەگرانی سـەدەی نۆزدەهەمەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە دوا دەركەوتنی كاری پێشینەكانی واتە هونەرمەندانی پێش ئەم ئەو پێگەو بایەخەی نادەنێ. لە بنەڕەتدا ئەڵمانیـیـە و هـەر بـە گـەنجێتی هاتۆتـە بـروج لـەوێ نیشـتەجێ بـوو، هـانس مملنـك كـاری هونـەریی زۆرە بـەڵام لـە دیارترینیـان تـابلۆی (ئاهـەنگی ڕۆحانی سانت كاترین)ە كە لە ئاسەوارە دەگمەنەكانیەتی، تابلۆكە لە سێ بەش پێك هاتووە كـە دولای بۆ یوحەننا معمدان و یوحەننای خاوەن بینگەیە، ناوەڕاستیش بۆ پاكیزە تەرخان كراوە بـە پاڵتۆیـەكی ئیرجوانییـەوە و پشـتی هـەمووی كۆڵەكەیـەو فریشـتەو پیرۆزمـەندەكانی تیـا وەستاوە. ئەم هونەرمەندە تازەگەر بـووە لـە دیمـەنی سروشـتیدا و كردویەتیـە پشـتێنەی كـارە (پۆرترێت)ەكانی بە شێوەیەكی ناسك و هێمن بەرجەستەی سروشتی كردووە.

سپێدەکانی ڕێنیسانس لە فەڕەنسا

فەڕەنسا بەپێی ئەو پێگەیەی هەیەتی نێوەندێکی وەرگرتووە لە کاریگەریی هونەری سەروو واتە لە فلاندەرەوە بە لایەك، لە لایەکی تریشەوە لەو کاریگەریانەوە کەلە خواروی (ئەلب)ەوە دێن، واتە لە هونەری ڕێنیسانسی ئیتالیەوە، ئەمە بێ لەو کاریگەرییە ناوخۆیانەی کە لە هونەری غوتییەوە ئامانجی خۆیان دەپێکا، گەر هەردوو ناوچەی ڕۆژهەلات و سەروی فەڕەنسا بە زەبری لەژێر تیکل (تاج) بوونی دیوکی بۆرجونیا هونەرمەندەکانی هەر کارێکیان کردبێت و هەر ئاسەوارێکیان بەرهەم هێنابێت شتێك نەبووە تەنها کۆپییەکی بێئاستی ئەو هونەرە مەزنە نەبێت کە دەسەڵاتی هونەری فلمنکی پیادەی کردووە لەو دوو ناوچەیەدا، بەڵام دوو ناوچەکەی تری فەڕەنسا واتە نێوەند و ڕۆژئاوای سەر بە مەلیکی ڕەند و پەروەردگاری هونەر و ئەدەب "رینیە دانجو" بوو، هەروەها ناوچەی خواروی فەڕەنسا لەژێر فەرمانڕەوای پاپادا بوو، هەردوو ناوچەکە هونەرێکیان ئەفراند فەڕەنسی ڕەسەن خاوەن بنەمایەکی تایبەتی وا کە چەندێ کاریگەریی هەردوو هونەری ئیتالی و فلاندەری لەسەر بێت نەگاتە ئەوەی ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی خۆی لە دەست بدات.

وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا جەنگی سەد ساڵە بووە مایەی ڕمانی قوتابخانەی پاریس، هونەرمەندەکانی دەستیان بە کۆچ و ڕەو کرد بەرەو خوارو بەرەو ناوچەی ڕووباری ئەللوار، بەم شێوەیە بوو بنکەی نوێ بۆ هونەری فەڕەنسی دامەزرا لە بورج (Bourges) و تۆرس (Tours) و ئەنجیە (Angers) و مۆلان (Moulins)، لە پاڵ ئەفینیۆنی پایتەختی بروفانس بەرامبەر تۆرنیە و دیجۆن کە پایتەختەکانی هونەر بوون لە فلاندەری ئەو سەردەمە.

هونەری فەڕەنسی ئەم سەردەمە بە مەبەستگەرا و یەکسانی دەناسرێتەوە، زیاتر ئاڕاستەی ساتە دەرونییەکانە وەك لە گوزارشت کردن لەو هەڵچونانەی جووڵە دیارەکان نمایشی دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین هونەرێکە نزیك لە ژیان، بەڵام کام ژیان پەسەندە لای ئەو ژیانەی مەبەستەو بەرجەستەی دەکات کە داڕێژراوەتەوە پشت بە بنەمایەکی ڕوون لە شێوازێکی کەشخەدا. بەرەنجامی نزیکی لە ژیان واقعیەتییەکی هەستی تیا بەرهەڤ بوو، لەبەرئەمە لەم لایەنەوە دەتوانین پێوانەی بکەین بە هونەری فلاندەر. بەڵام بە زەبری پابەندبوونی بە بنەماوە و بێگەردیی شێوازەوە زیاتر نزیکی داڕشتنەوەی هونەری ئیتالی بوو.

هونەرمەندە فەڕەنسییەکان چەندان تابلۆی ئاینی و دنیاییان بەجێ هێشتووە، دوانیان لە شاکارەکانی هونەری ئەوروپی ناوزەد دەکرێن لە سەدەی پانزەدا، کە ئەوانیش (کیلیلەی

پاکیزە) و (بیتای ئەڤینۆن). بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ناوی زۆرێك لە هونەرمەندانی ژیاو لەم سەردەمەدا نازانین، لەبەرئەوە خاوەنی ئاسەوارەکە بە ناوی گرنگترین لە ئاسەوارەکانی بانگ دەکرێت، یاخود بە ناوی ئەو شارەی تیا دەرکەوتووە، بۆ نمونە ئەوترێت "نیگارکێشی بەختی ڕووهان" بە بۆنەی دەستنووسی "بەخت گرەوەی مەزنی دیوك ڕۆهان" کە هونەرمەند ئەم بەخت نامەیەی بە تابلۆکانی ڕازاندۆتەوە ، یان هەروەك چۆن ئەوترێت "نیگارکێشی مۆلان" بە هۆی شاری مۆلانەوە کە هونەرمەندەکە لەو شارە ئاسەوارە هونەرییەکانی بەجێهێشتووە. یاخود "نیگارکێشی مزگێنی ئێکس" بە هۆی تابلۆی مزگێنییەوە کە لە شاری ئیکس دۆزراوەتەوە.

نیگارکێشی بەختەکانی ڕووهان (Le Maitre des Heures de Rohan)

تا ئێستا بنەچەی ئەم دەستنووسە کە بە یەکێك لە دەستنووسە مەزنە جیهانییەکان ناوزەد ئەکرێت و هونەرمەند بە شەست و پێنج کاری مینیاتۆری ڕازاندویەتییەوە -کە یانزەیان گەورەن- ڕازێکی نادیار و وون مێژوونووسانی سەراسیما کردووە. ئەوەی دیارە ئەم هونەرمەندە پەیوەستی بە مەلیك ڕینیە دانجۆوە هەبووە کە خودی ئەم مەلیکە هونەرمەند و ئەدیب بووە. وەنەبێت لە فەرەنسادا پێش ئەم دەستنووسە دەستنووسی تر نەبوبێت و ڕازاوە بێت بە مینیاتۆر و دەرباری بەختەکان نەبوبێت بەڵکو کارە مینیاتۆرەکانی ئەم دەستنووسە جیایە لەوانەی بەر لە خۆی بە شێوازی داهێنەرانەی و مۆرکی مەبەستگەراییانەی هەر ئەمەشە هەندێ کەسی وا لێکردووە پێوانەی بکەن بە شێوازی جرونڤاڵد هونەرمەندی ئەڵمانی کە لە سەدەی شانزەهەمدا دەرکەوت.

هەمو کارە مینیاتۆرەکان خاوەن یەکەیەکی پێکهاتەیی پتەوو بەهێزن، تۆخمە تەلارسازی و دیمەنە سروشتییەکان تەنها وەك دیکۆرێکی هێمایی بۆ جەخت کردنەوە لە گوزارشت بەکارهاتون، هەروەك مەبەستی بەکارهێنانی جوڵەی قاچ و جوڵەی دەستەکان. کەشە گشتییەکەی لێوان لێوە لە جوڵەی توندوتیژ، لەشەکان پێچیان خواردووە جلەکان کەوتووە و چوەتە سەریەك وەك بڵێی بەکاریگەریی خولە فەلەکییەکانەوە بێت. هەست بە هیچ بۆشاییەك ناکەین لە پانتایی تابلۆدا، ئاسمان باڵی فریشتەکان تەنیویانە و زەویش سەوزەگیا ڕووپۆشی کردووە.

نیگارکێشی موژدەی ئێکس (Le Maitre de l'Annonciation dAix)

ناوی مەلیك ڕینیە دانجو پابەندە بە ڕازێك لە ڕازەکانی مێژووی هونەری سەدەی پانزەهەم، مەبەست لێرەدا سیانەیی (موژدەی ئێکس)ە. ئەم سیانەیە لێك جیاکراونەتەوە،

تابلۆی ناوەندیان لە کاتیدراڵی مریەمی مەجدەلیە لە شاری ئیکس، ئەمە لە ساتێکدا بەشی ڕاستی لە مۆزەی (برۆکسل)ە، بەشی چەپی لە مۆزەی ئەمستەردامە. دیمەنی نێوەند هێنانی موژدەیە لەناو کەنیسەیەکی غوتیدا، ڕیزی کۆڵەکەکانی لەسەر بنەمای زانستی بەربینە دروست کراوە. سیمای پاکیزە سەراسیمەیە و ڕووخساری فریشتەش هەڵگری موژدەیە، دەستەکانیان ناسك، ڕووناکییەکی هێواش دەشەکێتەوە لە سەرانسەری تابلۆکەدا، ئەمانە گشت وامان لێ دەکات بکەوینە بەراوردکاری ئەم تابلۆیە بە ئاسەوارەکانی ڤان ئایك کە پێ دەچێ خاوەن ئەم سیانییەیە سەرسام بوبێ پێی.

ئەنجیراند شارونتون (Enguerrand Charonton) ١٤١٠-١٤٦٦

لەبەر ناوناوبانگی تایبەتی ئەم هونەرمەندە لەم قۆناغەدا باسی دەکەین چون نازناوی بەناوبانگترین هونەرمەندی ئەڤینۆنی ئەو دەمەی خۆی پێ بەخشراوە، شێوازی کارکردنی جیاواز بووە لەگەڵ ئەو کار و هونەرمەندانەی لە سەردەم و پێشتر لەودا کاریان کردووە، زۆرێك لە هونەرمەندانی هاو سەردەمی ئەم یاخود پێش ئەم شێوازی فلاندەری زاڵ بووە بەسەریاندا بەڵام شارنتۆن نزیکی خۆی لە هونەری غوتی و بەرجەستەکردنێکی مینیاتۆریانەدا بەدی کردووە. لە بەناوبانگترین کارەکانی تابلۆی "تاجە گوڵ خستنە سەر مریەم"ە، سیمایەکی گشتی نەخشاندنی هەیەو لە کۆمپۆزشنی گشتیدا کارە پەیکەرە ریلیفییەکانی کەنیسەی غوتی دێنێتەوە یاد. ناوەڕاستی تابلۆکە تایبەتە بە مریەم و سێکوچکەی پیرۆزیش لە دانانی تاجە گوڵی زێڕین لەسەر سەری بەشداران، ئەویش پاڵتۆیەکی شینی لەبەردایە کە ئاماژەیە بۆ پاکێتی مریەم، لە هەردوو لاکانی ئەم دیمەنەش کۆمەڵێکی زۆر لە فریشتەو پیرۆزمەند و قەشە و جۆرەها لە چینەکانی کۆمەڵ بە پێشڕەوایەتی پاپا دەبینرێن، پشتێنەی کارەکەی کردۆتە دیمەنێکی سروشتی ڕەنگە ئەوە تەنها خاڵ بێت کە سودمەند بوبێت تیا لە هونەری فلاندەریی، دەنا شارنتۆن گوێی نەداوەتە گەورە و بچوکی کەسایەتییەکانی بەپێی دورو نزیکیان یاخود بەپێی زانستی بەربینە، ئەو لایەنە مانەوی یەکەی مەبەست بووە و بەپێی ئەوەش پێکەوە پێوانەی داوەتە کەسایەتییەکانی.

جان فوکیە (Jean Fouquet) ١٤٢٠-١٤٨٠

ئەودەمەی هونەرمەند شارونتون لە هەرێمی بروفانس بەدەرکەوت، لە شاری (تور) لە حەوزی ئەللوار هونەرمەندێکی تری بەناوبانگ کە ڕۆحی سەردەمی ڕێنیسانس تیا ئەژیا زیاتر لەهەر هونەرمەندێکی تری فەرەنسی هاتە نێوەندی کارکردنی هونەرەوە. پێدەچێت بچێتەوە سەر هەمان بنەماڵەی ئەو میرانەی هاوسۆز بوون بەرامبەر هیومانیزم، ئەو بنەماڵەیەی جان

ڤان ئایك و دیلا فرانشسکای تیا بەدەرکەوت، ئەم هونەرمەندە جان ڤوکیەیە کە دەرکەوتنی ڕێکەوتی کۆتایی شەڕی سەد ساڵەی دەکرد. وەك ئەوەی ئەو لە دوای هەموو کارەساتەکان نێررابێت تا بە هونەرەکەی گوزارشت لە ڕووناکی نێو ڕۆحی مرۆڤ و ئاشتی بکات کە لە سەرانسەری وڵاتدا دەشەکایەوە.

فۆکیە سەردانی ئیتالیای کردو چەند ساڵێ لە ڕۆما مایەوە، ئەم سەردانە خاوەن کاریگەرییەك بوو لەسەر هونەرەکەی کە فەرامۆش ناکرێت ئەمەش بە ڕوونی لە تابلۆی "جوتەی میلان"دا خۆی دەنوێنێت وەك لەو تابلۆیەی بۆ مەلیك شارلی حەوتەمی کێشا لە پاش گەڕانەوەی دەمودەستی لە ئیتالیا. جیاوازییەکی بەمەبەست هەیە لە نێوان هەردوو کارەکەدا، تابلۆی میلان وا دەرئەکەوێت کە لە ژیانێکی تردا بێت و لە جیهانێکی تر، بەو فریشتە ڕەنگاوڕەنگە خەیاڵاویانەوە و ئەو ڕووناکییە سپییە بێگەردەی لە سیمای مریەمدا لێوان لێوە لە گەورەیی ئاسمانی، بەڵام تابلۆی شارلی حەوتەم کە بە مۆرکێکی فەرەنسی سوا و بەرجەستە کراوە نزیکترە لە شێوازێکی واقعی چ وەك مامەڵەی لەتەك ڕووناکیداو چ وەك سیمای دوو ڕووخسارەکە.

بەڵام گەر لە کاریگەری ڕێنیسانس بە شێوەیەکی دیارتر بگەڕێین ئەوا لەو سەدان کاری مینیاتۆرەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە هونەرمەند بۆ دەستنووسی "بەختەکانی ئیتین شیفالیە" و دەستنووسی "لە کلتوری سەردەمی کۆنەوە[٤١] "ی دروست کردووە، ئەمە بێ لە چەندان دەستنووسی تر.

نیگارەکانی دەستنووسی دووەم لە هەموویان بە بەهاترن چون خاوەن باڵاییەکی کۆمپۆزشن و یەکگرتویەکی شێوازی و بەتواناییەکی پیاهەڵدانن بەدەر لەهەر نەخش کاریەك کە سەرنجی چاو بەلای خۆیدا بەکێش بکات و بەر لە ڕامانی ئاوازە سەرەکییەکەی بگرێت.

کاریگەریی هونەری ڕێنیسانس لە میانی بەکارهێنانی زانستی بەربینەو گرنگیدان بە دانانی دیمەنی سروشتی بۆ پشتێنەی تابلۆکە بەدەردەکەوێت. بەڵام هەرچی چۆنێك بێت فوکیە هەر فەڕەنسییە لە ڕەڤان و پاکێتی و هێمنی و هاوسەنگی و کەشخەیی و کۆششی بۆ وتنێکی زۆر لە چەمکێکی پوخت و کورتدا.

لە دوای ئەم هونەرمەندانە دوو هونەرمەندی نەناسراو دێن کە بە نیگارکێشی پیەتای ئەڤینۆن و نیگارکێشی مۆلان بەناوبانگن، ئەمەی دواییان وا دەزانرێت چالاکی هونەریی لە نێوان ساڵانی ١٤٨٠ بۆ ١٥٠٠دا بووە، بەڵام دەربارەی دانانی مێژوویەك بۆ یەکەمیان شتێك نازانرێت و ناوەکەشی لەو تابلۆیەی حەزرەتی مریەمەوە هاتووە کە لە شاری ئەڤینۆن سەرە

ڕێگای ئیتالیاو ئیسپانیا و بورجونیا و فلاندەر دا دروستی کردووە. ئەم بەرهەمە بە ئایەتێکی تراجیدیای هونەری نیگارکێشان ناوزەد دەکرێت. زۆر کەس دەیانەوێت خاوەنی ئەم تابلۆیە بە ئەنجیران شارنتون دابنێن یاخود یاریدەدەرەکەی کە لە خۆی بچوکترە پییر ڤیات (Pierre Villate). بەڵام هەموو هەوڵەکان نەگەیشتۆتە ئەنجام و تا ئێستا ئەم نیگارکێشە نادیارەو بەم ناوبانگە دەناسرێت.

دووەمیشیان بەناوی شاری مۆلانەوە ناوبانگی دەرکردووە و تا ئێستا ناوی نازانرێت کارکردنی لە قوتابخانەی فلاندەری نزیکە بە تایبەت ڤاندەرجوز، کە تا ماوەیەکی زۆریش کاری ئەم هونەرمەندەش بەهی ئەو دەزانرا، بەڵام ڕەڤانیەتی فەرەنسی بە ڕوونی لە کارەکانیدا دیارە، ئەو بنەما تەلارسازیە پتەوەی لە تابلۆی (سیانەی مۆلان) دایە کە بێگومان هونەرمەند لە وێنەی ئەو شوشە ڕەنگینانەوە هێناویەتی یا وەریگرتووە کە لە پەنجەرە گوڵێنەکانی کاتیدراڵە غوتی‌یەکاندایە، شتێکی وەك ئەمە لە هونەری فلاندەردا بێ نمونەیە. تەنانەت ئەو تابلۆیەی بە ناوی (لە دایك بوونی عیسا)وەیە گەر بەراورد بکەین بە تابلۆیەکی ڤاندەر جوز کە بە هەمان ناونیشان، تێبینی ڕووتبوونەوە دەکەین لە هەمو زیادەڕۆییەکی پیاهەڵدان و نزیك بوونەوە لە سادەیی سروشتی لە بەرجەستەکردنی شوان و فریشتەو بەخشەری تابلۆکەدا، لەگەڵ پەیت کردنەوەی گوزارشت لەسەر کەسایەتی مریەم کە ڕووی سپی بێ‌گەردی لە نێوەندی تابلۆکەدا بەدیارخستووە.

سەرەتاکانی ڕێنیسانس لە ئەڵمانیا و نەمسا و ئیسپانیا و بورتوگاڵ

هونەرمەندە ئەڵمانیەکان یەکەم کەسانێك بوون سودیان لەو نوێکردنەوانە وەرگرتبێت کە کامپن و ڤان ئایك بە دەستیان هێنا، بۆ یەکەمین جار ئەم سوودلێوەرگرتنە لە تابلۆی ژیانی مریەمی مەجدەلیدا بەدەرکەوت کە لوکاس موزیر (Lucas Moser) نیگاری کێشا ساڵی ١٤٣١. هەر لەوکاتەدا هونەری مینیاتۆریی شێوە تەخت ڕوو لەناوچون بوو، پێشوازی لە هونەرێکی خاوەن توانای بەرجەستەکردنی واقعی لە زیادبووندا بوو. بەڵام ئەم واقعیەتە لکابوو بە خواستی تەعبیریی‌یەکی تیژەوە لای ئەڵمانی‌یەکان، بەرەنجامی ئەمەش شێوازێ ئەفرا کە بەدەر نەبوو لە جیدیەت و خۆشی، سەرەڕای هەموو قەرزار باریەکی بۆ هونەرمەندانی فلاندەر و هونەرمەندە ئیتالی‌یەکان.

کاریگەریی ئیتالی‌یەکان بەهێزتر بوو لە ناوچەی تیرۆل و خوارووەدا، بەڵام لە سەروو و خۆرئاوادا هونەرمەندانی ئەڵمانی وابەستەی قوتابخانەی تۆرینە بوون، واتەبە هونەری کامپن

و ڤاندەر ڤیدن و بوتس سەرسام بوون، لەبەر نزیکی شێوازیان لە خواستی تەعبیریەتەوە. سەرباری ئەمانە گشت ناتوانین بڵێین گۆڕانکاری گەورە لە هونەری ئەڵمانیدا ڕوویدا لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەهەمەوە نەبێت، لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا هونەرمەندهایەکی کەم بەدەرکەوتن- گرنگترینیان کۆنراد ڤیتز و ستیڤان لوخنەر- کە پێشەنگی ئەم ڕێڕەوە نوێیە بوون.

کۆنراد ڤیتز (Conrad Witz) نزیکەی ١٤٠٠ بۆ ١٤٤٧ ژیاوە.

هیچ هونەرمەندێك بە هێندایی ئەم بەو نوێگەرایەتی‌یە سەرسام نەبوو کە کلاس سلوتر (Class Sluter) بە دەستی هێنا لە هونەری پەیکەرسازیدا. لە تابلۆکانیدا نیگاری لەشەکانی بە شێوەی پەیکەری تاشراو دەکێشا و هێندەی سەرقاڵی دەرخستنی بوو هێندە گرنگی بە نیگاری کەسایەتی‌یەکان نەدەدا. سەرباری ئەمەش لە هەموو هونەرمەندانی ئەڵمانی زیاتر تێگەیشتنی بۆ بەهای ئەو نوێکردنەوانە هەبوو کە هونەرمەندانی فلاندەریی هێنایانە نێو هونەری نیگارکێشانەوە.

کەسایەتی بەهێزی ئەم هونەرمەندە وای کرد هونەرەکەی خاوەن مۆرکێکی سەربەخۆ بێت. تابلۆکان لە هەموو توخمێکی بی ئەرك ڕووت دەکردەوە، لەبەرئەوە لە بەرهەمەکانیدا ئەو کەشانە نابینین کە لە تابلۆی هونەرمەندانی فلاندەریدا پێی ڕاهاتوین.

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆنراد ڤیتز تابلۆیەکی هەیە کە بە یەکەمین دیمەنی سروشتی لە هونەری ئەوروپیدا (بە مانا نوێیەکەی) دادەنرێت، ئەویش تابلۆی "ڕاوی سەیر"ە لە میانی ئەم تابلۆیەدا نیگاری دەریاچەی لیمان و شاری جنێڤی کێشاوە بە شێوەیەکی ڕیالیزمی وردەکارانە، گردەکان و دارودرەخت و ماڵەکان بەرجەستەکراون هەرچۆن ئەو ئافرەتانە دەبینین کە لە ڕۆخی ئەوبەری ڕووبارەکە خەریکی جل شتنن، هەست دەکەیت بە شلی ئاوەکە و ڕوونی‌یەکەی، یاری کرنی شەپۆلەکان و سەختی بەردەکان و جوڵەی هەور لە ئاسمان. دیمەنە سروشتی‌یەکە زیاترین پانتایی تابلۆکەی گرتووە، هەتا بابەتە ئاینی‌یەکەیمان وەختە لەبیر بچێت کە مەسیح بۆ هەندێ لە ڕاوچی‌یەکانی نێو بەلەمێك لەسەر ئاوەکە دەرکەوتووە و وەستاوە. ئەم جۆرە کارکردنە و مەزنی دان بە دیمەنە سروشتی‌یەکە شتێکی نوێ بووە بەلای هونەری ئەڵمانیەوە نەك هێندە و بەس بەڵکو بۆ خودی (کۆنراد ڤیتز)یش کە هەموو کارێکی لەوەوپێش دژ بە هەموو هێمادانێك بە سروشت بووە، تەنها لە یەك تابلۆدا نەبێت -کە تابلۆی پیرۆزمەند کریستۆفە- وێنەی دیمەنێکی سروشتی تیاکێشاوە، بەڵام دیمەنێك بوە زیاتر نزیك لە نەخشاندنێکی زاراوەیی‌یەوە وەك نزیکی لە واقعێکی سروشتی.

مارتن شونجاور (Martin Schongauer)[٤٢].

(ساڵی لە دایك بوونی ئەم هونەرمەندە نەزانراوە بەڵام لە ساڵی ١٤٩١دا كۆچی دوایی كردووە). كاریگەریی هونەری فلاندەری لە زیادبووندا بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەهەمەوە، چەندان قوتابخانەی هونەریی چونە ژێر باڵی ئەم هونەرەوە، بەڵكو ببووە ئەركێكی پێویست و پیرۆزی قوتابی كە سەردانێكی فلاندەر بكات بۆ كامڵ كردنی فێربوونی. لەم میانەدا ڤاندەر ڤیدن بەرزترین پێگەی هەبوو لایان، بە شێوازەكەی -كە خاوەن بوونیات نانەوەیەكی ئارابیسكی چنراو بوو- نمونەی باڵا بوو، بەڵام لەگەڵ هەوڵی یەكسان ڕاگرتنی نێوان شێوازی ئەم هونەرەو شێوازە نەتەوەییەكەیاندا كە تا ئەوكاتە لێوان لێوی ڕەڤانیەتی سەردەمی غوتی بوو.

یەكەم تەوژمی نوێ بە مارتن شونجاوەر دەستی پێكرد كە لە كۆڵماری نزیك و پەیوەست بە فلاندەر پەروەردە بوو، بەڵام ئەم چارەسەرهایەكی تری نوێی لە بابەتەكاندا دۆزیەوە كە هونەرمەندانی پێش خۆی بەو شێوەیە نەیان كردبوو، هەمان كات توانی هێوری هەڵچوونی خواستی جێرمانی بكاتەوە، لەم نێوانەدا توانی بە شێوازێكی نێوەندیانەوە بێتە دەرێ، نە بەدەرە لە ڕەڤانیەت بەڵام وەختە ببێتە هونەرێكی لاتینی لە مەبەست و هێمنیدا و لە گرنگی دانیدا بە جوانی و ڕێككەوتن زیاد لە گرنگیدانی بە توانای گوزارشت.

شانزە تابلۆی بۆ شەهیدبوونی مەسیح و ژیانی پاكیزە دروست كرد، هەرچۆن هەندێ كاری كرد كە "پەرستنی مەجوسی" و "خێزانی پیرۆز"ی دەنواند. سەرباری ئەمانەش زۆر نیگاری هەڵكەنراوی هەیە (Gravures) كە تیایدا لە وردەكاریەكانی لەشی مرۆڤ و توخم و شێوەهای ڕووەكی دەتوێژێتەوە بە شێوەیەك كە لە كۆتاییدا لە تابلۆكانیدا تەنها جەوهەری شتەكان دەهێڵێتەوە. ئەم وردەكاریەشە مۆركێك لە باڵایی دەبەخشێتە كارەكانی هەچەندە بچوكن لە پێوانەشدا. شێوازی شونجاوەر خاوەن دەنگدانەوەی خۆی بووە لە سەراپای ئەڵمانیاو نەمسا و بگرە هەتا ئیتالیا و ئیسپانیاش.

لە هونەرمەندانی تری ئەڵمانیا و نەمسا

ستیڤان لۆخنەر (Stephan Lochner)

لە میانی ساڵی ١٤٠٥ بۆ ساڵی ١٤٥١ ژیاوە لە كۆلۆنیا و لە قوتابخانەی بروج نزیك بووە كارەكانی سەرەتای نەخشەسازیەكی بڵاوبووە و دواتر بەرەو بەرجەستەی كەسایەتیەكانی چووە لە ڕێی پەنابردن بۆ ڕووناكی و پارێزگاری كردن لە مۆركی نەخشاندنی ناسك و

زەمینی ئاڵتونی بە چڵ و گوڵەوە. لە تابلۆ دیارەکانی "ڕۆژی دوایـن" کە دوو پـۆل لـە خـەڵکی تیا بەرجەستە کردووە، مرۆڤە چاکەکان کە فریشـتەکان ڕێنمـایی کـەریانن لەگـەڵ پیاوخراپـان کە نـەفرەت لێکراوەکان پێشڕەوایەتیان دەکەن. هونـەری لۆخنـەر پـڕ لـە ئەندێشـەی بیژۆکی سـەمەرەیە بـەم شێوازەشی ڕێخۆشـکەریی دەرکـەوتنی ئـەو تەعبیریەتـە ناواقعییەیـە کـە لـە سەدەی شانزەهەمدا بووە تایبەتمەندترین سیمای هونەری ئەڵمانی. هونەرمەند میخائیل پاخر (Michael Pacher) (١٤٣٥-١٤٩٨) لەو هونەرمەندە نەمساویانەیە کە پەیوەسـتییەکی توندوتۆڵی بـە هونـەری مانتێنـاو بیللینییـەوە هـەبووە ئەمـەش لـە میـانی کـارە هونەرییەکانـەوە بەدیارکەوتووە، لە گرنگی دانیدا بـە زانستی بەربینـەو توێکاری کە پێشتر لـە هونـەری ئـەم ناوچەیەدا نەزانراو بووە، زەمینەی ئاڵتونی نەماو گۆڕرا بە هەیکەلی بیناسازیی. چرچ و لۆچی پێچ خواردوی نێو جل و بەرگەکان جوڵەیەکی کارەبا ئاسا بەناو تابلۆکـەدا دەگێڕێ، نـاوی ئـەم هونەرمەندە بۆتە قوتابخانە و چەندان هونەرمەندی وەك ڕوویلاند فرولوف (باوك) (Rueland Frueauf) و فوڵجمۆت (Wolgemut) و هـانز هۆڵبنـی بـاوك. (کـە ڕێخۆشـکەری هـاتنی دیـورەر (Durer)ی مـەزن بـوون و بـەو مەزنـە ڕێنیسانسـی ئـەڵمانی دەسـت پێدەکـات) لـە دەوری کۆبوونەوە.

دەرباری هونەر لە ئیسپانیاو پورتوگال لە سەرەتاکانی ڕێنیسانسـدا، بـەرەنجامی پەیوەسـتی پتەوی ئیسپانیا بە ئیتالیاوە و درێژبوونەوەی دەسەڵاتی هونـەری فلانـدەری تـا ئـەم دوو وڵاتـە وەك وڵاتانی ئەڵمانیا و نەمسا. چون شارەکانی ناپۆلی و سقلیە سەر بە مەلیکی ئەراگۆن بوون. ئەم مەلیکە لە دوای سەردانی ڤان ئایك وەك نێرراوی دیوکی بۆرجوانیا بۆ وڵاتەکەی بڕیـاریدا ژمارەیـەك پیشەسـاز و هونەرمـەند بنـێرێت بـۆ وڵاتـی فلانـدەر بـۆ توێژینـەوەی هونـەر و پیشەسازی لە نێوان ئەوانەدا هونەرمەندی نیگارکێشـا (لویـس دالمـاو) (Luis Dalmau) بـوو کـە ماوەیەك لە ئەتێلەکەی ڤان ئایك دا کاری کرد، لەو تابلۆیانەشدا کـە بـۆ مریـەمی دروسـت کـرد پاشان هەست بە کاریگەری ئەم هونەرمەندە دەکەین لەسەری.

کاریگەری هونەری فلاندەری باش دەرنەکەوت لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی پـانزەوە نـەبێت کە تێکەڵ بە میزاجی ئیسپانی ئەندەلوسی بوو کە پشت بەستە بە کلتورێکی مـەزن لـە بـاق و بریق و دەوڵەمەندی نەخشاندن.

بەڵام لە پورتوگال، بزاڤی نوێخوازی لە کۆتایی سەدەی پانزەدا بەدەرکەوت بەرەنجامی ئەو دۆزینەوە مەزنانەی لە دەریاوە کراو وڵاتی لە پڕێکدا بردە بارێکی نوێوە.

لە هونەرمەندە ئیسپانی‌یە دیارەکان خایم هوجیە (Jaim,e Huguet) یە بە باشترین هونەرمەندیٚ ناوزەد دەکرێت کە بەرشلۆنە بەخۆیەوە دیبیٚ لەودەمەدا. بە ناسکی دەستی پیٚکرد و هونەرەکەی دواتر گۆڕڕاو چووە پێشەوە، پشتی بە هێڵ ئەبەست هێند وابەستەی ڕەنگ نەبوو، خاوەن بەرهەمێکی زۆر بوو لە بەناوبانگترین تابلۆکانی ئەوانەن کە بەرجەستەی ژیانی پیرۆزمەندان ئۆغستین و فنسان و برناردان دەکات. تەنها ساڵی مردنی زانراوە کە ساڵی ١٤٩٢.

بارتولومیو برمیخو (Bartolomeo Bermejo) ١٤٧٠-١٤٩٨

دەرباری ژیانی ئەم هونەرمەندە شتێکی ئەوتۆ نەزانراوە کە لە هونەرمەندە مەزنەکانی ئەو سەردەمە بووە، هەمیشە وابەستەی سەفەر بووە و تابلۆکانی لە ئیتالیاو خۆرهەلاتی ئیسپانیا و هەرێمی ئەراگۆن دۆزراوەتەوە. کارەکانی سەرەتای لەژێر کاریگەری (ڤاندرڤیدن)دا بووە و دەرباری پیرۆزمەندەکان، بەلام تابلۆکانی دوایی وەك (ڕۆژی دواین، بیتیا، مریەم)ە خاوەن دیمەنی سروشتی باڵایە بە سیمایەکی درامیانەوە. لەم دیمەنە سروشتیانەدا کاریگەریی هونەری ئیتالی لەسەرە، بە تایبەتی هونەری مانتینا، لە دوا ئەم هونەرمەندە فرناندو گالیجۆ (Fernando Gallego) دێت لە میانی ساڵانی ١٤٦٧ بۆ ١٥٠٧ ژیاوە و چالاکی نواندووە.

بەرەنجامی تێکەڵی زیاتری ئەم وڵاتەو وڵاتی فلاندەر لە ڕێگەی دەریایەوە و سەربەخۆبوونی وڵات لە یەکگرتنی قەشتالەو ئەراگۆن و لێکدانی ئەم دوو تەختی فەرمانڕەوایەتی‌یە. قوتابخانەیەکی نویٚ لە هونەردا دروست بوو کە بە ناوی قوتابخانەی ئسپانی فلاندەری ناوی پەیدا کرد، لە دیارترین هەڵکەوتوانی فرناند و جالیجۆیە کە چەندان تابلۆی ئاینی لە کاتیدراڵە ئیسپانیەکاندا بەجیٚهێشتووە. لە شێوازیدا دەچێتەوە سەر کۆنراد ڤیتز، هەندیٚ جاریش لە پیٚچ خواردنی جوڵە و خواستی تەعبیریدا لە شونجاوەر نزیك دەبێتەوە. بەلام بۆ خۆی نوێخوازی لە دیمەنە سروشتی‌یە پڕ تاوێرە بەردی‌یە کەوانەیی و شیٚ دارەکاندا کردووە. لە دوای ئەم هونەرمەندە لە ئیسپانیادا تەنها بەس لە هونەرمەند پیدرۆ بیرۆجویت دەکرێت (Pedro Berruguete) کەلە چەمکەکانی سەدەی ناوەڕاست یاخی بوو و هونەری لەسەر شێوازی فلاندەری خوێند و بەلام سەفەری کرد بۆ ئیتالیا لە دوا کارەکانی‌دا کە ئۆربینۆی شاری رافایل کردی مەیلی بەلای شێوازی جیرلاندایۆدا چوو.

لە پورتوگالیش هونەرمەند نونیو جونسالفیز (Nuno Goncalves) لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەوە وەك نیگارکێشێکی بە توانا بەدەرکەوت و بە جارێك ئاستی هونەری وڵاتەکەی گەیاندە ئاستی هونەری فلاندەری. بلیمەتی ئەو لە چوار تابلۆی گەورەدا خۆیمان پیشان دەدات

بە تایبەتی کە تیایدا پیاهەڵدانی خێزانی فەرمانڕەوای مەلیکی و پیاهەڵدانی میللەت بۆ پیرۆزمەند فنسان شوانی ووڵات بەرجەستە دەکات، هێند بەسە کە لە باڵایی کۆمپۆزشنەکانی ڕامێنین و وریایی وەسفکردنی و زەنگینی ڕەنگی تا ئەم هونەرمەندە لەنێو هەڵکەوتواندا هەژماربکەین، سەرباری ئەمانە گشت نیگارکێشی بووە لە کاراترین نیگارکێشانی هونەری پۆرترێت، ئەو چوار تابلۆیەشی لە ڕاستیدا لە دەیان وێنەی پۆرترێتی پێك هاتووە کە هەرکامێکیان بۆ خۆی کارێکی هونەریی باڵایە.

هونەری ڕێنیسانسی ئیتالی سەدەی پانزەهەم
یاخود هونەری چوارسەدەکان "کوانترۆ شنتۆ"

ئیتالیای بەرەبەیانی سەدەی پانزە، ئیتالیایەك بوو دەوڵەمەندترین وڵاتی ئەوروپا. لە شەش دەوڵەتۆکەی بچوك پێك هاتبوو، ئەو خێزانانە فەرمانڕەوایەتییان دەکردن کە پێشتر ئاماژەمان پێدان.

دەوڵەتەکان کۆماری ڤینیسیا و کۆماری فلۆرەنسا، کە لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی میدتشیدا بوو (١٤٣٤-١٤٩٤). دیوکی میلانۆ کە خێزانی سفورتزا لە ١٤٥٠ وە گرتبوویانە دەست. دیوکی فیراراو سافویا و شانشینی ناپۆلی بوون. ئەمە جگە لە چەند میرنشینێکی بچووك. لە نزیکی ساڵی ١٤٠٠دا زۆربەیان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی دیوکی میلانۆوە بەرەنجامی تواناو بەهێزی دەسەڵاتی، تەنها فلۆرەنسا نەبێت کە لێهاتوی سەرۆکەکانی بووە لەمپەر لەبەردەم ئەو دەسەڵاتەدا. هەر ئەم سەرۆکە لێهاتوانەش کردیانە پێگەی ڕووناکی شارستانیەتی ڕێنیسانس بە تایبەت ڕۆشنبیری و هونەریان گەیاندە چلەپۆپەی سەردەمەکەی خۆی.

ئەم چالاکی و چونە پێشەوەی ڕۆشنبیری بە گشتی و هونەر بە تایبەتی لە فلۆرەنسادا نەوەستا و بەرەو بیزاو جنواو ڤینیسیا بۆوە. هەرچۆن لە سایەی ئەو پاپایانەوە کە دەسەڵاتی ڤاتیکانیان دەبرد بەرێوە بزاڤی هونەریی پەرەی سەند لە سەرو هەموویانەوە نیکۆلای پێنجەم و جولیوسی دووەم و سکتوسی شەشەم و لیۆی دەهەم کە سەر بە خێزانی میدتشی بوو. ڤاتیکان بۆ خۆی بووە سەنتەرێك بۆ توێژینەوە کۆنەکان، کتێبخانەکەشی ڕۆڵی ئەکادیمیایەکی دەگێڕا لە پێناو ئەو مەبەستەدا.

بڵاوبوونەوەی چاپ و چاپەمەنی ڕۆڵی بەرچاوی خۆی گێڕا لەو سەردەمەدا لە پتەوکردنی بزاڤی ئەدەب و نووسین و دانانی تیۆری لە میانی هونەردا. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هونەردا ئەندازیاری ئیتالی لیوباتیستا ئەلبێرتی (Leo Battista Alberti) (١٤٠٤-١٤٧٢) نامەیەکی لەسەر هونەری

بیناسازی دانا و کتێبەکانی دەرباری نیگارکێشان و پەیکەرسازی و تەلارسازی نووسی، بەڵام بۆ خۆی چێژی لەبیرکردنەوە و هەوڵی زەینی وەردەگرت بۆیە ئەم بیریارە ناوازەیە بنەماکانی ئایدیالیەتی نوێی بۆ ڕێنیسانس داڕشت، جێبەجێکردنی زۆربەی پرۆژەکانی بۆ کەسانی تر بەجێهێشت بە تایبەت برامانت لە سەدەی شانزەدا. هەرچۆن جیبرتی کتێبێکی دەرکرد و دیلافرانشیسکاش توێژینەوەیەکی دەرباری بەربینە (المنظور) نووسی.

هەندێ لە مێژوونووسان دەستپێکی ڕێنیسانس لە ئیتالیادا بۆ پەیکەرسازی دەگێڕنەوە بە پێچەوانەی هونەری ڕۆمانسك و غوتی کە دەستپێکیان بە هونەری تەلارسازی بوو. هەرچی چۆنێك بێت گەر هونەری ڕێنیسانسی ئیتالی سەدەی پانزە بە پەیکەرسازی دەستی پێ کردبێت ئەوا بە تەلارسازیدا گوزەری کردووە و بالآیی خۆی لە دواجاردا بە نیگارکێشان بەخشیوە.

ناکرێت گەر باسی هونەری سەدەی پانزەی ڕێنیسانس بکەین و لە فلۆڕەنساوە سەرچاوە نەگرین چون ئەم شارە پێشڕەوایەتی ئەم بزاڤە نوێیەی دەکرد کە وشیاری بەرامبەر مێژوو پەیداکرد وەك بەسەرهاتێکی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، نەك تەماشای مێژوو بکات تەنها وەك چیرۆکێکی گوناهکردن و چیرۆکێکی ڕزگار بوون. بەڵکو پەی بەوە برد کە ئەم بوونە مرۆڤییە بریتییە لە کێشەی نێوان چەندان هێز نەك کێشەیەك بێت لە نێوان چاکەو خراپەدا. ئەم کێشەیە لەناو مرۆڤ خۆیدا ڕوودەدات نەك لە نێوان مرۆڤ و هێزێکی دەرەکی ئەودا، هەر بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەم کێشەو جەنگە بگێڕێ تەنها پشت بە زیرەکی و لێهاتویی و توانای کەسایەتی خۆی نەك تەنها پشت بەهێزی ئیمان.

بەرەبەیانی هونەری ڕێنیسانس لە فلۆڕەنسا و نێوەندی ئیتالیا

فلۆڕەنسا لە مەزنترین هونەرمەندەکانی ئەم سەدەیەی بەرهەم هێنا کە لە شارەکانی ترەوە داوایان لێدەکرا تا پرۆژەی هونەریان بۆ ئەنجام بدەن، شێوازێکی نوێیان ئافەریدە کرد کە هەڵقوڵاوی شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانی بوو، ئەم دەستپێشخەریەی فلۆڕەنسا لە هونەری پەیکەرسازییەوە سەرچاوەی گرت، هەر بۆیە دەکرێت دەستپێکردنمان لە پەیکەرسازی و پەیکەرسازەکانەوە بێت ئەویش یەکەم لەبەر ئەو پێگە تایبەتەی لە مێژوودا هەیانە. دوهەم لەبەرئەوەی بە چارەکە سەدەیەك پێش نیگارکێشەکان کەوتن لە بەرجەستەکردنی ئەو ڕۆحە نوێیەی بزاڤی هیومانیست داوای دەکرد.

لە دیارترین و گرنگترینیان جیبرتی و دیلاکویرشیاو دۆناتێللۆ بوون.

پەیکەرسازی:

ئەو پێشبڕکێیانەی سەرکردەکانی فلۆڕەنسا سازیان دەکرد لە میانی ساڵانی ١٤٠١ بۆ ١٤٠٢ ڕۆڵی خۆی گێڕا لە چونە پێشەوەی میانی کارکردن و توێژینەوەی لە پەیکەرسازیدا، هەرچەندە سیمای گشتی کارکردنەکانی ئەم ماوەیە لە دیزاینێکی غوتی تێپەڕی نەدەکرد بەڵام کاریگەریی هونەرە کلاسیکییەکان لە گرنگی دانیاندا بە جەستەی مرۆڤ و جوانکاری تیایدا ناشارێتەوە. یەکێك لەو پێشبڕکێیانە دروست کردنی دیزاینێکی تایبەت بوو بە کۆمەڵی تابلۆی برۆنزی تا دەرگاکانی شۆردنگەی فلۆڕەنسای پێ برازێننەوە، هونەرمەندە لاوەکانی ئەوکاتەی فلۆڕەنسا پێشبڕکێیان بوو لەگەڵ یەکتردا بۆ دیزاینێکی گونجاو سەبارەت بە بابەتی هەڵبژێرراو کە دەربارەی چیرۆکی پەیامبەر ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕیەتی ئەو ساتەوەختەی یەزدانی مەزن جبرائیلی فریشتە دەنێرێت تا بەرانێك بکاتە قوربانی لەجێی کوڕەکەی. لە دیارترینی ئەو هونەرمەندە گەنجانەی بەشداری ئەم پێشبڕکێیە بوون (لۆرنز و جیرتی) و (فیلیبو برۆنیلسکی) و (دۆناتێللۆ) بوون. پرۆژەکەی جیبرتی هەڵبژێررا بەرەنجامی بەپێزی دیزاینەکەی و جوانی هێڵەکانی. بەڵام دۆناتێللۆ و برۆنیلسکی سەفەریان کرد بەرەو ڕۆما. یەکەمیان سەرقاڵی توێژینەوەی شاکارەکانی هونەری پەیکەرسازی کلاسیکی بوو لەوێ و دووەمیان گرنگی دا بە توێژینەوەی تەلارسازی ڕۆمانی کۆن.

لۆرینزۆ جیبرتی (Lorenzo Ghiberti) ١٣٧٨-١٤٥٥

جیبرتی بە بازنەی گەیەنەر یاخود پەیوەستی نێوان هونەری غوتی و هونەری ڕێنیسانس دادەنرێت. چونکە ئەو چڕییە فۆرمییەی لە دیزاینی گشتی هونەری غوتیدایە هەمیشە وەك هێڵێکی گشتی لە کارەکانیدا بەردەوام لە درێژبوونەوەدا بوو هەرچۆن بۆ چارەسەری جوڵەی فیگەرەکانی و بەرجەستەکردنی چرچ و لۆچی جل و بەرگەکانیان و چارەسەری بۆ پشتینەی کارەکانی بە تەلاری ڕۆمانی و بەکارهێنانی زانستی بەربینە لە بچوکردنەوەی پێوانەی کەسایەتییەکانی دواوەی تابلۆکانی لە چاو کەسایەتییەکانی پێشەوەدا ئەمانە گشت بە ڕوونی کاریگەریی هونەری کلاسیکی کۆن و ڕێخۆشکەری هاتنی هونەری ڕێنیسانس بوون.

ئەودەمەی برونیلسکی و دۆناتێللۆ لە فلۆڕەنسا نەمابوون جیبرتی لە کۆمەڵە تابلۆی دەرگای دوەمدا کاری دەکرد کە لە بیست و هەشت پارچە پێك هاتبوو لە کارکردنیدا بیست ساڵی خایاند، ئەم دەرگایە خرایە جێگەی دەرگاکەی ئەندریا پیزانۆ نەخشاندبوی بۆ ئەو شۆردنگەیە کاتی خۆی پێش سەدەیەك. دواتر گوێزرایەوە ڕووی خوارووی. تێبینی جیاکاری و

پەرەسەندنێکی هونەریی دیاردەکرێت لە دیزاینەکان و شێوازی چارەسەرکردنی هونەریدا لەچاو ئەو دەرگایانەدا کە ئەندریا پیزانۆ نەخشاندبوونی. نزیک تەواوبوون و کارکردنی دەرگای دووەم، دۆناتێللۆ گەڕایەوە فلۆڕەنسا بەڵام ببووە خاوەنی شێوازێکی پەرەسەندوی کلاسیکی ناوناوبانگی خێرای پێ دەرکرد، کاریگەریی ئەم شێوازە نوێیە زوو بە زوو بڵاوبۆوە. بە ڕوونی ئەم کاریگەرییە لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی هونەریی دەرگای سێهەم دەبینین لای جیبرتی کە لە میانی ساڵی ١٤٢٥دا نەخشاندویەتی و مایکل ئەنجیلۆ ساڵی ١٤٥٢ بینیویەتی و هێند پێی سەرسام بووە وتویەتی "ئەم دەرگایە هەر بۆ ئەوە باشە بکرێتە یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشت" هەر لەسەر ئەم وتەیەشەوە ناوی دەروازەکانی بەهەشتی لێنراوە.

دەرگاکان بە ماددەی برۆنزکراوەو دەرگای سێهەم لە دە پارچە پێك هاتووە لە پەیکەری ریلیفی هەندێ بەسەرهات و چیرۆکی ئاینی دەگێڕێتەوە هەر لە ئەفراندنی ئادەم و حەواوە. ئەم دەروازەیە خاوەن زیندوێتییەکی ڕازاوە و ناسکییەکی هێڵەکانی و نەرمیو نیانیەك لە کەوانەو چەمانەوەکانی و وریایی و وردبینییەك لە دیزاینەکانیدایە، ماددە برۆنزیەکەشی لە لایەکی ترەوە سروشێکی ئاڵتونی دەبەخشێ بە ڕاددەیەك هێندەی وا هەست دەکەین لە دەستکردی زەڕەنگەرێکی داهێنەرو هونەرمەندو لێزانە، هێند هەست ناکەین لە دەستکردی پەیکەرسازێك بێت. جیبرتی سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە لە سروش دان بە ڕەهەندی سێهەم لەم تابلۆیانەدا کە زۆربەی پشتی کارەکانی بە بیناو تەلاری ڕۆمانی کۆن ڕازاندۆتەوە، ساوی جەستەو فۆرمە دوورەکانی زۆر نەرم کردۆتەوە ئەمەش بۆ خۆی شێوازێکی نوێ بوو لە پەیکەری ریلیفیدا بەدی هێنا و پێی دەوترا "سکیا تشاتۆ" (Schiacciato).

جاکوپۆ دیلاکویرشیا (Jacopo della Quercia) ١٣٧٤-١٤٣٨

دیلاکویرشیا لە نێوان پەیکەرسازە هاوسەردەمەکانیدا تاکە هونەرمەندە کە خەڵکی شاری فلۆڕەنسا نەبێت، لە شاری سینا (Sienna) لە دایك بووە و هونەرمەندێکی گەورەی بە توانایە، وریایە لە گوزارشت دا، هونەرەکەی بەپێزی و پوختەیی تیا دیارە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە گەر بە مەزنترین هونەرمەندێ بزانرێ کە هەرێمی تۆسکانیا بەخۆوەی دیوە لە سەدەی پانزەهەمدا.

جەستەی پەیکەرەکانی بەخۆو گەورەن بە پێچەوانەی جیبرتییەوە نزیك لە شێوازی مایکل ئەنجیلۆ، هەڵچونی گەرم و سیمای پڕ لە حاڵەتی دەرونی و چاوی کراوە کە هەموو توانایەکی تیا دیارە، لە پەیکەرە ریلیفییەکەیدا بەناوی "دەرکردن لە بەهەشت" کە لە شاکارەکانیەتی، هەست بە گیانی یاخی بوون دەکرێت لە دەموچاوی ئادەمدا، بەڵکو هەست بەو

یاخیبوونە دەکرێت لە گەشت بەشێکی لەشیدا بەرامبەر بەو هێزەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ دەرکردنی لە باخچەکانی بەهەشت.

دۆناتێللۆ (Donatello) ١٣٨٦-١٤٦٦

دۆناتێللۆ بەدیارترین و بە تواناترین هونەرمەندی پەیکەرسازی ئەم قۆناغەی ڕێنیسانس ناوزەد دەکرێت، پێگەی گرنگی ئەم هونەرمەندە و بەرهەمەکانی ڕۆڵێکی وایان گێڕاوە مێژوونووس و توێژەرەوەکان ناتەبابن لە پۆلاندنی بەپێی پاشکۆیەتی بۆ هونەری غوتی یاخود پەرەپێدەرێکی هونەری کلاسیکی. لێکدانەوەیەك دەڵێت هاتنی دۆناتێللۆ واتە جیابوونەوەی یەکجارەکی لە هونەری غوتی، و پاش گەڕانەوەی دۆناتێللۆ لە سەفەرەکەی شەیدایی پێوە دیاربوو بەوەی کە دیبوی لە ئاسەوارە ڕۆمانییە کۆنەکان، تا ماوەیەکی باش لە پەیکەرەکانیدا بە باڵاو جەستەی جوانی مرۆڤدا هەڵیدەدا، ئەو ساتەی پەیکەرسازی لە سەرودا (مەبەست سەروی ئیتالیاو ئەوروپایە) لەگەڵ شێوازی فلامبۆیاندا یەکانگیر بوو کە قوتابخانەی کلاس سلوتر نمایندەی دەکرد. (فلامبۆیان و ئیزابیلی و مانویلی سێ شێوازی دوا دوایی هونەری تەلارسازی غوتین) پەیکەرسازی خرابووە خزمەت دروست کردنی سروتە ئاینییەکانەوە بۆ گوزارشت کردن لە سۆزێکی ئاینی هەڵچوو و بەتین. ئەو ساتانە دۆناتێللۆ لە ئیتالیادا بە برۆنیللسکی هاوڕێیدا نووسابوو وەك سێبەرەکەی و لێی نەئەبۆوە لە توێژینەوەی ئاسەوارە ڕۆمانییە کۆنەکان دا، هەرچۆن هاوهەڵوێستی بوو لە شۆڕشکردن بەسەر ڕێسا غوتییەکاندا، بەسەر جوانی کلاسیکیدا هەڵیدەداو، سروشی لە سروشت وەردەگرت و جەختی لەسەر وێنەی مرۆڤ دەکردەوە لە پەیکەر و ریلیفەکانیدا.

لێکدانەوەکەی تر دەڵێت دۆناتێللۆ نمونەیەکی باڵایە بۆ هونەرمەندێکی سروشتیی کەم هاوتا لە پەیکەرسازی پیرۆزمەندەکاندا کە لە پۆرتریت و وێنە ریلیفییەکاندا پێشکەشی کردون. سروشتی دۆناتێللۆ لە هەوڵدانیدا دەرئەکەوێت بۆ ژیان کردنەوە بە بەری نمونە ئایدیالییە فلۆرەنسییەکاندا، بە دەرخستنی ماسولکەکان و گوزارشت کردن لە هێز هەر لە بەری پێوە تا تەوقی سەر، ئەم ئایدیالیەتە گوزارشتییە نزیکە لە هونەری مۆدێرنەوە، لەبەر ئەمەشە (ڕۆدان Rodin) و (قوستەنتین مۆنیە Meunier) بە میراتگری دۆناتێللۆ دادەنرێن کە زیاتر پەیوەستە بە ڕێساکانی غوتییەوە وەك لە پەیوەستی بە هونەری ڕۆمانی و گریکییەوە.

لێرەدا بە سانایی هەست بە جیاوازی هەردوو لێکدانەوەکە دەکەین ئەمەش شتێکە ئاسایی هونەرمەندێکی گەورە چەند لێکدانەوەیەك هەڵگری بەرهەمەکانی، هەمیشە هونەرمەندە مەزنەکان کە خاوەن ڕۆڵی مێژووین لە پێودانگ کردنیاندا دڵەڕاوکێیەك هەیە. گەر بێینە

سەر بەرهەمەکانی ئـەم پەیکەرسازە، داوای لێکراوە بـە دروست کردنـی چـەند پەیکـەرێك بـۆ هـەندێك لـە پیـاوانی پیرۆزمـەندی ئـاینی تـا لـە کەنیسـەی پیرۆزمـەند میخـائیل لـە فلۆڕەنسـا دابنرێت، هەرچۆن شاری بادوا لە ساڵی ١٤٤٣دا پەیکـەری پاڵـەوانی شـارەکەیان پـێ سـپارد (جاتـا میلاتا Gatlamelata) تا لە مەیدانی سەرەکی شارەکەدا دابـنرێت. ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت لـەم پەیکـەرەدا بیرۆکەکـەی لـە بیرۆکـەی پەیکـەری ئیمـپراتۆری ڕۆمـانی (مـارکۆس ئۆلیبـۆس) وەرگیرابێت کە لە ڕۆما دانراوە.

لە بەناوبانگترین کارەکانی پەیکەری برۆنـزی (داود بەسـەر جولیات دا سـەردەکەوێت) ئـەم پەیکەرە ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە دەنوێنێت کە بەسـەر هونـەری پەیکەرسازی سـەرەتای ڕێنیسانسـدا هـاتووە، ئـەم کـارە یەکـەمین هەوڵێکە بـۆ پەیکـەری ڕووتـی جەسـتەی مـرۆڤ لــە سـەردەمە کۆنەکانـــەوە. هــەرچۆن یــادی ئـــەو لارکردنەوەیـــەی نێـــو جەســـتەی پەیکـــەرە گریکیيەکانمان دەخاتەوە. لەبەرئەوەی ئەم پەیکەرە بە مەبەسـتی دانـانی کـراوە لـە گۆڕەپـانی کۆشکی خێزانی میدتشی، دەبینین وەها دیزاینی کراوە و دروست کراوە تا لە هـەموو لایەکـەوە ببینرێت.

دۆناتێللۆ خاوەن بەهرە و داهێنان و سەلیقەیەکی ورد بووە بۆ هەست کردن بە واقعیەت و وردەکاری لە لاسایی کردنەوەدا، ئەم توانایەی وای کردووە لە کۆزیمۆمیدتشیيەوە نزیـك بێـت. کاری پیشەسازی کانزای لای هونەرمەند جیبرتی فێربووە، بەڵام لە مامۆستاکەی باڵاتر بووە لـە نەخشی سەر کانزادا ئەمەش لەو کارانەیدا دەرئەکـەوێت کـە لـە سـاڵی ١٤٢٠دا ئـەنجامی داون و گرنگی داوە بە تۆمارکردنی قووڵی. ڕەنگە جیـبرتی کاریگـەریی قوتابیيەکـەی لەسـەر بوبـێ لـە گرنگیدانیدا بە توێژینەوەی مرۆڤ لە تابلۆکانی دەرگای سێهەمدا.

سـەرباری پەیکـەری (داود) کـە نمونـەی سەرسامی ئـەوە بـە جوانـی جەسـتەی مـرۆڤ لـە هەرەتی لاویدا، پەیکەرەکانی (خۆشەویستی و یوحنا مەعمەدان) بە هەمان خواست بەرجەستە کراون، بەڵام خواستی درامی ئەو لەو کارە ریلیفیيانـەدا دەردەکـەوێت لـە کەنیسـەی سـانتۆ لـە بادۆڤایـە. هـەمان ئـەو شـارەی پەیکـەری پاڵـەوان جاتامیلانـای تیـا بەرجەسـتە کـردوە وەك هێمایەك بۆ گەورەیی و سەرکەشی مرۆڤ و سەرکەوتنی ئاوەز بەسەر هێزی دواکەوتویدا. ئـەم هەستکردنە بە باڵایی لە پەیکەرەکانی "پیرۆزمـەند جـۆرج" و (مـارجرجیس)دا دەرئەکـەوێت، بەڵام لە پشت ئەم هەموو سەرکەشی و بـاوەڕ بەخۆبوونـەوە، هـەموو ئـەو ووزە و توانـا لـە بـن نەهاتووەوە کە ئاسەوارەکان دەکاتە خاوەن سیمایەکی زیندوی بێڕادده، هەسـت بـە جۆرێـك لـە دڵەڕاوکێ و ناجێگیریەکی قووڵ دەکەین شاراوە. هەندێ جاریش ئەم دڵەڕاوکێیە دێتە سـەرەوە

و خۆیمان پیشان دەدات وەك لە پەیکەری (لوزوکونی)دا لە سیمای دێوەزمەیەکی زلی ترسناك دا دەردەکەوێت.

دۆناتێللۆ گەلێ جار پابەندی ئەو جوانی‌یە ئایدیالی‌یە نەبووە کە لە سەردەمەکەیدا باوبووە جا بەهەر هەنجەتێك بوبێت، لە نمونەی ئەو کارانەی پەیکەری واقعی (مریەمی مەجدەلی)یە کە وەك نمونەیەکی پەیکەری ڕیالیزمی لەم ڕۆژەوە سەیر دەکرێت. هەرچۆن شارەزایی ئەو لە زانستی بەربینە داوای کردووە لە پەیکەرە ریلیفی‌یەکانیدا پشتێنەی کارەکانی بە دیمەنی بیناسازی بڕازێنێتەوە، بەمەش جیهانێکی سێ ڕەهەندی دەخوڵقاند نزیك بە دنیای نیگارکێشان.

ئەم داگیرکردنە هونەری‌یەی دۆناتێللۆ کاریگەری‌یەکی قوڵی نەك هەر لەسەر پەیکەرسازەکانی دوای خۆی بەجێهێشت لە فلۆڕەنسادا بەڵکو کاریگەرییەك بوو سەراپا لەسەر هونەری ئیتالی.

ڤیرۆکیو (Verro Chio) ١٤٣٥-١٤٨٨

ڤیرۆکیۆ نیگارکێش و پەیکەرساز بووە و سەرباری ئەم دوو بەهرەیەشی لە هونەری کانزای برۆنزی‌یدا دەستی هەبووە. گرنگی ڤیرۆکیۆ سەرباری کارو بەرهەمەکانی لەوەدا لە لایەك قوتابی دۆناتێللۆ بووە و لە لایەکی تریش مامۆستای لیۆناردۆ داڤنشی بووە. هونەرمەندانێکی وەکو لۆرانزودی کریدی پێگەیاندووە.

زیاتر کارامەیی ئەم پەیکەرسازە لە کارکردنی‌دا لەسەر بەرد ڕەنگی داوەتەوە، جگە لە پەیکەری برۆنزی و قوڕی برژاو (کاشی). لە جوانترین کارەکانی پەیکەری برۆنزی کیوبیدە ماسی‌یەکی بە دەستەوەیە کە لە گۆڕەپانی کۆشکی سەرکردە دانراوە.

لە پەیکەری (داود لەسەر سەری جالوتی دوژمنی دەوەستێت) بە ڕوونی کاریگەری دۆناتێللۆی مامۆستای پێوە دیارە. لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانیشی کە لە برۆنزە پەیکەری پاڵەوان (بارتلیمۆ کولیونی Colleone)یە لە گۆڕەپانی شاری ڤینیسیا، ئازایەتی و مەزنی تیا بەرجەستە کراوە.

بیناسازی:

دوابەدوای هاتنی شێوازی غوتی لە بیناسازی‌دا ماوەیەکی باش تێپەڕی و هیچ گۆڕانکاری و نوێکردنەوەیەك لە هونەری بیناسازی ئەوروپی‌دا ڕووی نەدا. بیناسازی غوتی تاکە شێوازی باو بوو لە فەڕەنساو فلاندەر و ئەڵمانیاو ئیسپانیاو پورتوگال تەنانەت لە هەرێمی لۆمباردی ژووری ئیتالیاش، ئەم شێوازە لە ڕۆژەکانی دوایندا زیاتر ئاڵۆز بوو بە هەرسێ شێوازەکەیەوە

کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، وای لێهات لە ناوەوە هەر لە دارستانێکی چڕی تەنگەبەر و باریك دەچوو، خاوەن چەندان ئێسکی درێژبۆوە بەرەو ئاسمان کە ئەو لقانەی لێ دەبۆوە هێند زۆر و بە یەکدا چوو بوون، چاو وون دەبوو لە چڕیاندا، لە دەریشەوە لە تۆڕێکی ناسکی پێك هاتوو لە سێگۆشەی هەڵتۆقیو دەچوو. بازنە و نەخشی سەرەو هەڵگێڕراوی هەڵچوو وەك هەڵچونێکی گڕ یاخود کلپەکردنێکی ئاگر، هەر لە سروش بەخشینی ئەم کلپەو گڕەوە بوو نازناوی (فلامبویان)یان بڕی بەسەریدا.

دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوایی بۆ یەکەمین جار، هونەری بیناسازی مۆرکێکی نائاینی وەرگرت ئەویش لە بنیات نان و دروست کردنی کۆشکە فلۆرەنسی‌یەکان کە پێك هاتبوو لە بینایەکی سەنتەری دەوری گۆڕەپانێکی خڕی داوە بە دالآنی کۆڵکەو پایەدار، بەڵام ڕووکەشی بیناکە هەر لەسەر تەرزی سیفاتی هونەری سەدەکانی ناوەڕاست بوو، بە پێچەوانەی ناوەوەی کە بە لێکچووی لەگەڵ هونەری کلاسیکی‌دا مایەوە. هەندێك لەم ڕازاندنەوەیە فۆرمێکی سروشتی پەتییان لەخۆ نەگرتبوو، بەڵکو گۆڕانکاری و دەسکاری‌یەکی زۆری فۆرم و هێماکان کراوە. کە لە گۆڕانکاری ڕۆمانی‌یەوە وەرگیراوە Grottes وەك ناولێنانیش لە خودی ئەو پرۆسێسە پێی دەوترێت گرۆتسك Grotesque. لە هونەردا ئەم زاراوەیە وا ناسراوە بە مانای هەندێ ڕازاندنەوە دێت کە ئەفرێندەرەکەی هەڵدەستێ بە جولاندن و دەسکاری کردنی فۆرمەکان و شێواندنیان.

شێوازی تەلارسازی نوێ بەرامبەر بە تەرزی غوتی ڕاوەستا پشت بە دەرکەوتنی شێوازێکی زانستی بنیات نراو لەسەر جوانیەکی جەستەیی کە ئەفلاتون دایناوە. ئەوانەش کە خاوەن بیروڕای جوانکاری بوون لە تەلارسازی‌دا دەستیان کردە پێشکەش کردنی تیۆرە نوێیەکانیان، سانزۆفینۆ و باللادیۆ و فینۆلا و ئەلبێرتی نووسینەکانی خۆیان نووسی پشت بە کاریگەریی بیروڕاکانی تەلارسازی ڕۆمانی فیترۆفیۆس. لە گرنگترین خەسڵەتەکانی تەلارسازی نوێ، ئەو دیوارانە بوون کە لە زۆربەی جاردا بە خشت دروست دەکرا و هەندێ مەرمەڕی ڕازاوەی بەبەرد بۆ زیاد دەکرا. ئەو بنمیچانەش کە بە (قرمید)[٤٢] داپۆشرابوون، هەرچۆن تەرزە کۆنەکان هەندێ جار بۆ نەخشاندن و ڕازاندنەوەی ڕووی بیناکان بەکاردەهات، هەرچی پەنجەرەکانیشە کەوانەیی بوون بە کۆڵەکەی بچووك. پاشان ڕووی بیناکان بە هەندێ کۆڕنیش‌و تەناف دەرازێنرایەوە.

لە بینا ئاینی‌یەکاندا ڕووی بیناکان یاخود ناوچەوانی بیناکە (فرونتون) هەر گرنگی تایبەتی پێدەدرا تا جوڵە و زیندویەتی ببەخشێتە بیناکە بە گشت. بە شێوەیەکی گشتی بینا

مەدەنی و ئاینی‌یەکان چیتر بە تێکەڵەیەك لە نیگاری دیواربەندی چوارچێوە بۆ کراو بە مەڕمەڕ و بەرد دادەپۆشرا.

فیلیبو برونیلسکی (FilippoBrunelleschi) ١٣٧٧-١٤٤٦

تەرزی قۆناغی سەرەتایی ڕێنیسانس لە تەلارسازی‌دا پەیوەستە بە ئەندازیار و پەیکەرسازو زەڕەنگەر (برۆنیلسکی)یەوە، ئەم پیاوە بەهرەمەندە توانی لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە لە هەموو ئەو ئاڵۆزکاریانە دەرچێت کە سیمای ڕاستەوخۆی تەلارسازی غوتی بوو، ئەویش بە سروش وەرگرتن لە ئاسەواری ڕۆمانی بۆ ئەفراندنی شێوازێکی نوێ لە بیناسازی‌دا کە بە هاوسەنگی و پتەوی و جێگیریی و گونجاندن و ڕوونی ئەندازەیی و تەختی و هاویەکی ڕووەکانی و کراوەیی و فراوانی بۆشایی ناوەوەی و جێگیریی بوونیاتی بەناوبانگ بوو، تیایدا هێڵە ئاسۆی‌یەکان بە هێندایی هێڵە ستونی‌یەکانی نێو تەلارسازی غوتی‌یە. بەرەنجامی ئەم ئەفراندنە نوێیانە ڤازاری دەرباری وتویەتی (زەمان، هەر لە سەردەمی یۆنان و ڕۆماوە هەتا ئەمڕۆمان ئەندازیارێکی مەزنی وەهای بەخۆوە نەدیوە).

بلیمەتی برونیلسکی لە ئەفراندنی شێوازە نوێیەکەیدا پەیوەستە بەو گومەزە گەورەیەی کە ساڵی ١٤٢٠ دروستی کرد و بنیاتی نا لەسەر بنەواچەیەکی هەشت لا لە کاتیدراڵی فلۆڕەسا (سانتا ریادیل فیوری) ئەودەمە لەمێژ بوو گومەزە گەورە و زەبەلاحەکان دیارنەمابوون لە سەردەمە نائاینی‌یەکانەوە. خودی ئەم کاتیدراڵە لە دیزاینی دی کامبیو بوو تاوەرەکەشی جیۆتۆ دیزاینی کێشابوو. تێکەڵێك لە شێوازی ڕۆمانی کلاسی و شێوازی ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتی لەخۆگرتووە.

لە ڕاستیدا برونیلسکی پەرجوی سەردەمەکەی خۆی بووە، ژیانی هونەری خۆی وەك زەڕەنگەرێك دەست پێ‌کرد، پاشان دەستی دایە کارکردن لە پەیکەرسازی‌دا، هێندەی نەبرد وازی لەم هونەرەش هێنا ئەوکاتەی جیبرتی پێشبڕکێی دەروازەکانی شۆردنگەی فلۆڕەنسای بردەوە. چوو بۆ ڕۆما بۆ توێژینەوەی تەلارسازی ڕۆمانی کۆن. دوای ئەوەی توێژینەوەی زۆر وردی دەربارەی دیزاینەکانی کرد، لەسەر کاغەز نیگاری کێشان دوای توێژینەوەی بۆ یاسا زانستی‌یەکانی بەربینە.

دوای ئەوەی گەڕایەوە فلۆڕەنسا دەستی دایە نەخشاندنی دیزاینی پرۆژەی گومەزی کاتیدراڵەکەو سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە پرۆژەکەیدا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم کاتیدراڵە کە قۆناغی یەکەمی سەردەمی ڕێنیسانس دەنوێنێت چەندان تەرزی جیاواز دەگرێتەخۆی: بینای کڵێسەکە کە (دی کامبیو) کردویەتی سیمای

هونەری ڕۆمانسکی تیا بەدەردەکەویت، تاوەری کڵێسەکە کە کاری جیۆتۆیە خواستی غوتی تیا بەرجەستەیە و گومەزە زەبەلاحەکەشی کە برۆنیلسکی بوونیاتی ناوە ئاماژەیەکە بە سەردەمی ڕێنیسانس.

ئەو ساتەوەختەی برۆنیلسکی دوا کارەکانی لە دیزاینی گومەزەکەدا دەکرد، دەرفەتێکی بۆ لوا بۆ کێشانی دیزاینی کارێکی کامڵ ئەوەش ئەو کارە بوو کە خێزانی میدتشی پێیان بەخشی بۆ دوبارە بوونیات نانەوەی کڵێسای لورینزۆی ڕۆمانسکی لە ساڵی ١٤٢١دا.

لە ناوەوەی ئەم کڵێسایەدا کۆڵەکەی کۆرنثی کلاسیکی بەکارهێناوە، هەرچۆن گومەزێك لەسەر خاڵی لێکدانی دوباڵی خاچەکەیەتی کە بلیمەتی و توانای برۆنیلسکی پیشان دەدات لە کۆکردنەوەی هێز و جوانی و ناسکی لە یەکەیەکدا. لەو پەرستگایەشدا کە بۆ خێزانی (باتس)ی دروست کرد لە کڵێسەی (سانتا گروش) Sant Groce لە میانی ساڵانی ١٤٣٠-١٤٣٣، ئەم پەرستگەیە نمونەی گرنگترین سیماکانی تەلارسازی ڕێنیسانسە.

بلیمەتی ئەم هونەرمەندە تەنها بواری بیناسازی ئاینی نەگرتەوە، بەڵکو لێهاتویی ئەو بەدی دەکەین لە بیناسازیە دنیایەکانیشیدا کە داوای لێکراوە دیزاینی بۆ بکێشێ. لە بەناوبانگترینیان کۆشکی پیاوی سەرمایەدار "بیتی"یە ساڵی ١٤٤٠ کە هەردوو ئەندازیار فانشیلی‌و ئامانتی جێبەجێیان کردووە و ئەمڕۆ بۆتە مۆزەخانە. تەلارساز میکیلۆزۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم دیزاینەوە لە دروست کردنی دیزاینی کۆشکی میدتشی ڕیکاردی کە ساڵی ١٤٤٤ دروست کراوە.

نیگارکێشان:

ساتێ لە جوڵەی نیگارکێشان دەدوێین، گەر بە خێراییش بووە ناکرێت باسی هەردوو مامۆستای لێهاتوی ئەم بوارە بەبیر خۆماندا نەهێنینەوە کە بوونە بنەمایەکی پتەو بۆ بنیات نان و خستنە سەری هونەری نیگارکێشان لە قۆناغەکانی پاش خۆیان ئەوانیش کە چیمابۆی و جیۆتۆی مەزنن.

پێش ئەوەی ڤازاری لە پەرتوکی (ژیانی بەناوبانگترین نیگارکێشەکان)دا ناوی چیمابۆی بێنێت، گومان چووبوە دڵی زۆرێك لە خەڵکەوە دەرباری بوونی ئەم هونەرمەندە. ئەو مناڵی ئەم هونەرمەندە وەك سواڵکەرێکی کۆڵانەکان باس دەکات و دواتریش کە گەورە دەبێت و سەرنجی کاری هونەرمەندەکان دەدات لە کڵێساکاندا هەمیشە دەیپرسی (هونەر کارێکی مەزنە بەڵام بۆچی ئەم خەمۆکیە لەسەر سیمای مەسیح و دایکی، بۆچی دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانە؟). لە دوای فێربوونی سەرەتایی لە هونەردا و کاری مۆزایکی. چیمابۆی فێری شێوازێکی

نویێ بوو لە نیگاركێشان دا كە تیایدا گرنگی بە دەرخستنی سێبەرو ڕووناكی و بەربینـەدا. ئـەو دەمەش كە تابلۆی (مریـەم و كوڕەكـەی) تـەواوكرد، حـاكمی هـەرێمی ئـانجۆ هـاتبووە سـەردانی فلۆرەنسا و چاوی بەم كارەكەوت گەلێك سەرسام بوو پێی وەك پێكهاتەو ڕەنگ لەچاو كارەكانی پێشتردا، دانیشتوان ئاهەنگیان گێڕا لە خۆشی ئەم تابلۆیەو ئەم سەركەوتنە، زیاترین شتێك كە سەرنجی خەڵكی ڕاكێشاو دڵیان پێی خۆش بوو لێكچونی دەموچاوی مریەم و كوڕەكەی بوو بـە دەموچاوی ژن و منداڵەكانی خۆیان و بە شێوەیەكی سروشتی بەرجەسـتە كرابـوون. هەرچـەندە گەر لە ئەمڕۆوە بڕووانینە ئەم كارە هەڵەی زۆری تیا بەدی دەكـەین بـەڵام دەبێت وێنـای ئـەو ڕۆژە بكەین كە ئەو كـارەی تیـا دروست كـراوە كـە بـە كرانـەوە و سـەركەوتنێكی بـێ هاوتـا لـە هونـەردا دادەنرێـت. سـاتێ چیمـابۆی مـرد، لەسـەر گۆڕەكـەی وەهـا نووسـرابوو: چیمـابۆی لـە ژیانیدا گەورەی هونەرمەندان بوو لە مردنیشیدا جـێی خـۆی لـە نـاو ئەسـتێرەكاندا دەگرێـت. ئەودەمەش چیمابۆی جیۆتۆی مەزنی ناسی جیۆتۆ شوانێك بـوو یـاری بـە نیگاركێشـان دەكـرد، بانگی كردە ئەتێلەكەی خۆیەوە و لە نێوان هونەر و ئەرسـتۆكراتیەتدا پـیربوو، شـاعیری مـەزن دانتی ناسی و بوون بە دوو هاوڕێ، لە نوێژگەی بودستای فلۆرەنسی نیگارێكی دانتـی هەیـە كـە جیۆتۆ دروستی كردووە لەگەڵ چەند كارێكی تردا.

مامۆستای سەرەكی و ڕاستەقینەی جیۆتۆ سروشت بـوو. دەگێڕنـەوە ئەوكاتـەی جیۆتـۆ لای چیمـابۆی مامۆسـتای قوتـابی بـووە لـە ئامـادە نـەبوونی مامۆسـتاكەیدا جیۆتـۆ نیگـاری هـەندێ مێشی لەسەر تابلۆكـانی چیمـابۆی دروسـت كـردووە، سـاتێ مامۆسـتاكەی هاتۆتـەوە لێی بووەتـە ڕاسـتی، وەختـێ دواتـر پـێی زانیـوە مێشـی ڕاسـتەقینە نـین زۆر بـە جیۆتـۆیدا هـەڵداوە و ستایشی كردووە.

ئەوكاتەش كە لە دیواربـەندی كڵێسـەی سـان فرنشیسكۆدا كاریـان دەكـرد پێكـەوە بلیمـەتی قوتابی لە ئاستی مامۆسـتاكەی ڕەتـی كـرد. وەك باسـی لێوە دەكرێـت پاپـا بوونیفیـس هەشـتەم وەختـێ دەیـەوێت كڵێسـەی سـان بـیر (پیرۆزمـەند بطـرس) بڕازێنێتـەوە، جـۆرە پێشـبڕكێیەكی سازدا بـەو مەبەسـتە لـە نێوان هونەرمـەندەكاندا، بـەڵام جیۆتـۆ هیچـی نـەكرد تـەنیا دروسـت كردنـی بازنەیـەك نـەبێت بـە قەڵەمەكـەی زۆر بـە خـێرایی و لـە هـەمان كـاتدا زۆر بـە وردەكاریـیەوە، لیژنـەی هەڵسـەنگاندنەكە ئەمـەیان بـە سوكایەتی پێكردنێك زانـی لـە لایـەن جیۆتۆوە بەوان، بەڵام ساتێ ئەم كارە بەرزكرایەوە بۆ پێش چاوی پاپا. ئـەم وردەكاریو توانـا خێرایە سەرسامی كرد و داوای لە جیۆتۆ كرد تا كڵێساكەی بۆ بڕازێنێتەوە.

ئـەم هونەرمـەندە لـە بادۆڤا بیسـت سـاڵ مایـەوە و دانتـی لـەوێ ناسـی و پەیوەسـتییان توندوتـۆڵ تـر بـوو، زیاتر بـەکاری دیواربـەندی فریسکۆ بـەناوبانگ بـووە بـەڵام بـە داخـەوە زۆربەی کارەکانی لە نەزانییەوە داپۆشراون.

شارەزایی و توانای ئەو وای نەکردووە زۆر کەموکورتی لە لایەنی بەربینـەو ڕێـژەوە نـەبێت بـەڵام کاریگەریـیەکی باشی کردۆتـە سـەر هونەرمـەندانی دوای خـۆی، پـاڵی پێـوە نـاون. بـۆ توێژینەوە و گەڕان بـە شـوێن بنـەما و ڕێساکانی زانستی بەربینـەو توێکاریدا. ساڵی ١٣٣٤ لـە دوای ڕێزلێنـانی گـەورەی مـیرو خانەدانـەکان کرایـە گـەورەی ئـەندازیارانی بیناسازی دەوڵـەت، ئەرکی بوونیات نانی تاوەری زەنگۆڵەکانی کاتیدراڵی فلۆڕەنسی پێ سپێردرا، خەڵکی ئاهەنگێکی جوانیان بۆ گێڕاو ئەندریە پیزانۆ یاریدەدەری بوو.

لە ساڵی ١٣٣٧ دوای نەخۆشییەکی کورت خایەن مەرگ ئامادە بوو لەسەری و بە ئاهەنگێکی پڕشکۆ نێژرا. دوای سەد ساڵ لەسـەر گۆڕەکەی پەیکـەرێکی نیوەیـیان بـۆ کـرد کـە لـە سـەری نووسرابوو (بوەستە و هەڵوێسـتەیەك بکـە لـە بـەردەم گۆڕەکـەمدا. مـن ئـەو کەسـە بـوم گیـانم کردەوە بە بەری هونەردا سەرلەنوێ و دەستی ڕاستم توانای هەموو شتێکی هەبوو، هونەری بە سروشت ئاوێتەکرد، کەسێك نییە بە بارتـەقای مـن لـە بـە پـێزی و زۆری بەرهـەمیدا، تـاوەری زەنگۆڵەکان سەراسیمەی نەکردویت؟، ئـەوە مـن بـووم بـەرەو ئاسمـان هەڵمکێشا، مـن جیۆتـۆم، ناوەکـەم بەسـە تـا کـارو بەرهەمـەکانم لـە یادەوەریتـا بـن، ئـەو کـارو بەرهەمانـەی بـە نـەمری دەمێننەوە هەتا هەتایە).

لە دوای دوا ماڵئاوایی جیۆتۆی هونەرمـەند و بلیمـەت ماوەیـەکی زۆر تێپـەڕی، نیگارکێشی ئەوتۆ دەرنەکەوت بەشداری بکەن لە بردنە پێشەوەی هونەری نیگارکێشـاندا، سـەرەڕای ئـەوەی نیگارکێشان لە قۆناغی زوی سەردەمی ڕێنیساندا سەرەتاکانی لە ساڵی ١٤٢٠وە سەرچاوە دەگرێت واتە دوای دەرکەوتنی هەردوو بلیمـەت دۆنـاتێللۆی پەیکەرسـاز و برۆنیلسکی ئـەندازیار، بـەڵام ئـەو دەسکەوتە پێشکەوتنانەی لـە بـواری نیگارکێشـاندا بەدەرکـەوت خـاوەن پەرەسـەندنێکی خێراو گورجوگۆڵی وابوو شتێك بوو نائاسایی بە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو پەرەسـەندنانەدا کـە لـە هـەردوو بـواری هونـەری پەیکەرسـازی و تەلارسـازیدا ڕوویـدا. هەڵبەتـە سـەروەری ئـەم پەرەسـەندنە لـە ڕێنیسانسدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو داهێنانانـەی جیۆتـۆی بلیمـەتی فلۆڕەنسا پێشکەشی کـردن لـە سـەدەی چواردەدا، ئـەو یەکـەمین کەسـێ بـوو دەرگـای لەسـەر شـێوازی کـارکردنی نـوێ والاکـرد، کـە تیـایدا گرنگـی درا بـە تـابلۆ وەك ڕوو وەك قوڵـی، هــەرچۆن ڕێخۆشکەری یەکەمە بۆ شێوازی واقعیەت کە لە نیگارکێشانی نوێدا سەری هەڵدا.

گەر جیۆتۆمان بە پێشڕەوی سەرەکی هونەری ڕێنیسانس دانا، ئەوا ڕۆڵی مەزن بۆ دامەزراندنی فوتابخانەی نیگارکێشانی ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە بۆ نیگارکێشێکی لێهاتوو لە فلۆڕەنسا بە ناوی ماساتشۆ.

ماساتشۆ Massacio (١٤٠١-١٤٢٨)

ئەم هونەرمەندە سەرباری کورتی تەمەنی کە بیست و حەوت ساڵ ژیاوە بەڵام بە داهێنەرێکی بە توانای شێوازی نوێ دەزانرێت لە هونەری نیگارکێشاندا، هەرچەندە سودمەند بووە لە تازەکاری‌یەکانی جیۆتۆ و تیۆری‌یەکانی برۆنیلسکی و ڕۆشنبیری هیومانیستەکان، بەڵام توانی لەوانە گشت شێوازێکی نوێ بئەفرێنێ. کە تیایدا جەستەی مرۆڤ جێی شیاوی خۆی وەرگرێ لە تابلۆدا و زیندویەتی بنوێنێ. چون ئەو پشتی بە پەیبردنی تایبەتی خۆی دەبەست بۆ مێژوو هەرچۆن تێگەیشتنی تایبەتی هەبوو بۆ هێما پیرۆزەکان و گوناهکردن و بەرپرسیارێتی مرۆڤ و ڕزگاربوون. ئەمانە گشت لای ئەو بەشێك نەبوون لە مێژوو و شتێك نەبوون پابەند بە جیهانی ئەفسانەیی و باڵایی، بەڵکو چنراوی بوون و گەوهەری کەسایەتی مرۆڤن. هەر لەبەر ئەم بیرکردنەوەیەش بوو داوای چونە دەرەوەی نیگارکێشانی دەکرد لە ڕێسا ئاینی‌یەکان.

بۆ ئەم مەبەستەشی سودێکی باشی بینی لە ئەزمونەکانی پێش خۆی لە پەیکەرسازی و تەلارسازی‌دا، ئەو هەموو کاتێك وای بیردەکردەوە کە نیگارکێشان بواری نمونەی‌یە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانە ی دۆناتێللۆ لە پەیکەرسازی‌دا هەوڵی بۆ دەدا. لە کارەکانیدا ڕووناکی‌یەکی بەهێزی دەدا لە فیگەرەکانی تا هەرچی زیاتر وەك پەیکەرێ دەردەکەون، سیمای پیرۆزی لە ڕووخساری مەسیح و ئادەم و حەوای سەندۆتەوە، وەك مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵەی لەتەك سیمایاندا کردووە. یەکەمین کەس بووە لە ئیتالیادا. جەستەی حەوای بە ڕووتی دروست کردووە. لە دیارترین کارەکانی کۆمەڵێ دیواربەندی نیگارکێشانە لە نوێژگەی برنکاتش لە کلێسەی سانتا ماریادیل کارمن لە فلۆڕەنسا ساڵی ١٤٢٧. بابەتەکانی لە (ئینجیل)ەوە وەرگرتووە کە دەرباری مەسیح و بەخشینی سەرانەیە. لە دیارترینیان تابلۆی ئادەم حەوایە و دەرکردنیان لە بەهەشت. کە تیایدا بە گەورەیی هەردوو فیگەرەکەی بەرجەستە کردووە و جوڵەیەکی جوانی پێبەحشیون لە دەست و قاچیاندا. پشتێنەی تابلۆکانی بە دیمەنی سروشتی پڕکردۆتەوە.

ئاسەواری مازاتشیۆ لەو کۆمەڵە تابلۆ فریسکۆیانە تێپەڕ ناکات کە کلێسەی برانکاشی فلۆڕەنسی ڕازاندۆتەوە، بەڵام ئەم تابلۆیانە بوونە فوتابخانەیەك و هەموو هونەرمەندە

ئیتالی‌یەکان تیا فێر بوون لە دوای خۆی تەنانەت داڤنشی و رافائیل. مەرگی زووی ئەم هونەرمەندە بۆشاییەکی بەجێهێشت لە نێوەندەکەدا تا ماوەیەك، دوای ئەو ماوەیە هونەرمەندانێك پەیدابوون کە نیگاریان بۆ بابەتە ئاینی‌یەکان بە شێوازێکی پیرۆز دروست دەکرد.

قەشە ئەنجیلیکۆ "Fra Angelico ١٣٨٧-١٤٥٥

ناوی بنەڕەتی قەشە جیوفانی دافیتسولی "C. Daflesole"یە بە ئەنجیلیکۆ ناوبانگی هەیە، ژیانی بە قەشەیەتی دەست پێکردووە و وەختێ قەشەکانی هاوڕێی هەستیان بە توانا و بەهرەی کردووە لە دێری کرتونا ساڵی ١٤٣٠ ڕازاندنەوەی دیواری دێرەکەیان پێ سپاردووە بە تابلۆهای ئاینی و لە جوانترینیان تابلۆیەکە بۆ مریەم.

ئەو دەمەی پاپا دێری پیرۆزمەند مەرقەسی لە فلۆرەنسا بەخشی‌یە پەیرەو کەرانی پیرۆزمەند دۆمونیك، نەخشاندنی دیوارەکانی دوای چاکردنەوە بەخشرا بە ئەنجیلیکۆ، ژمارەیەکی زۆر بابەتی ئاینی مەسیحی تیا بەرجەستە کردووە لە جوانترین و دیارترینیان تابلۆی هەڵاتن لە میسر و مزگێنی‌یە. تابلۆکان و شێوازی کارکردنی سیمایەکی ئاینی ڕۆحانی پێوە دیارە هەست بە ئامادەبوونەوەی هونەری غوتی دەکرێت تیایدا، کەمتر پابەندی خۆی بۆ زانستەکانی بەربینەو توێکاری تیا بەرجەستە کردووە، کەشی گشتی کارەکانی زیاتر ڕۆحانی‌یە وەك واقعی. لە تێکەڵ کردنی ڕەنگەکاندا توانایەکی گەورەی هەبووە تا چەندان پلەی ڕەنگی دەست کەوێت لە تەنها ڕەنگێك.

هەرچەندە سەرسام بووە بە کارەکانی مازاتشۆ بەڵام لە کەشی گشتی کارەکانیدا هەرگیز ئەو خۆشەویستی‌یەی مازاتشۆی تیا بەدی ناکرێت بۆ بە واقعی کردنەوەی بابەتەکانی. بەڵکو زیاتر بەلای هونەرێکی شاعیری و ڕۆحانی‌دا شکاندویەتەوە چون خۆی پابەندی واقعێك بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوادوایەکانی هونەری غوتی و "سروشتگەرای ڕۆحانی" زیاتر لەوەی پابەندی واقعی ڕێنیسانس بووبێت.

هونەر لای ئەنجیلیکۆ جۆرێك لە بڵاوکردنەوەی ئاینی بووە. هەرچەندە ئەو دەیزانی گەر بچێتە فلۆرەنسا ئەوا بە هۆی توانایی هونەری‌یەوە ژیانێکی پڕ ناوبانگ و سەروەریی بەدەست دێنێت، بەڵام سەرباری ئەو خاڵەش هەر لە کۆرتونا مایەوە و ژیانێکی سك هەڵگوشینی دەبردە سەر و هەمیشە دەیوت (ئەوەی دەیەوێت وەك مەسیح بێت دەبێت وەك ژیانی ئەو بژی). هەر لەبەر ئەمەش بوو لە نێوان خەڵکیدا پێگەیەکی ئاینی مەزنی هەبوو، تەنانەت هەمان نازناوی (تۆما ئەکوینی)یان داوەتێ کە نازناوی ئەنجیلیکۆیە. لە دوا ساڵانی ژیانیدا پاپا ئۆجینی چوارەم

بانگهێشتی دەکات بۆ ڕۆما لەوێ چەند تابلۆیەك دەكێشێت. لە كێشانی نیگاری درەخت و گوڵ و سروشتدا کارامە بووە چون زیاتر لە پەنجا ساڵ ژیاوە لە نێوان سروشتی دێ کۆرتونادا. بە ئاراستەی بەرجەستەکردن و نیگارکێشانی دەروون کاری کردووە، هەتا پێی وتراوە تابلۆکانی بەهێندەی نوێژی بێ دەنگی منداڵ کاریگەریی هەیە. لە گرنگترین کارە دیواربەندەکانی لە دێری سان مارکۆیە لە فلۆڕنسا کە دەربارەی داگرتن لە خاچ و خاتوو مریەمە.

فیلیپۆلیپی (FilippoLippi) ١٤٠٦-١٤٦٩

فیلیپۆلیپی کە بە فیلیپۆلیپی برا بەناوبانگیشە هاوسەردەمی ئەنجیلیکۆ بووە و هەروەك ئەو قەشە بووە بەڵام بە قەشە بوونی ئەم نەگەیشتۆتە ئەوەی وەك ئەنجیلیکۆ ببێتە لاهوتی، ئەم سەرکەوتوانە تیۆریی زەینی تیکەڵ بە ئەزمونی هەستی کردووە. زیاتر ناو و پێگەی هونەریی لە لایەنی بەرجەستەکردنی لەشی مرۆڤەوە بووە بۆ ئەم مەبەستەش ویستویەتی لێکدانێك لە نێوان شێوازی نیگارکێشانی ماساتشۆو شێوازی پەیکەرسازی دۆناتێللۆدا بکات. لەبەر ئەمە ئەو مامەڵەیەی ئەم لەگەڵ جوانی لەشی ئافرەتدا کردویەتی پێشتر لای هیچ هونەرمەندێك نەبووە. ئەوکاتەش کە داوایان لێکرد وێنەی مریەم بکێشێت، پەنای بۆ ئەندێشەی خۆی نەبرد، بەڵکو سروشی ڕووخساری مریەمی لە دەموچاوی کچە ڕاهیبەیەکی جوانی دێرەکەیانەوە وەرگرت.

لە گرنگی دانیدا بە پشتێنەی تابلۆکانی کە زیاتر بە دیمەنی سروشتی و تەلاری جوان چارەسەر دەکرد وا پێ دەچێت لەژێر کاریگەریی هونەری هەرێمی فلاندەردا بوبێت، چونکە سەردانی ئەو هەرێمەی کردووە ساڵی ١٤٣٠. لە دیارترین کارەکانی تابلۆ فریسکۆکانی سەر دیواری پیرۆزمەند (ستیڤن)ە لە فلۆڕەنسا. یەکەم تابلۆ لەسەر جەنگ لە مێژووی ڕێنیسانسدا لە دەستکردی ئەم هونەرمەندەیە، دوای خۆی کوڕەکەی (فیلیپینۆلیبی) لەسەر دەستی باوکی و ئۆتشێلۆ کاری کردووە و بەرهەمی هەبووە[٤٤].

پاولۆ ئۆتشێلۆ (Paolo Uccello) ١٣٩٧-١٤٧٥

هاوسەردەمی (ماساتشۆ) بووە و هیچ هونەرمەندێك هێندەی ئەم ئارەزومەندی زانستی بەربینە نەبووە و گرنگی پێ نەداوە لە کارەکانیدا، چەندان هەفتەی بەسەربردووە لە ژوورەکەیدا بێ ئەوەی بێتە دەرەوە و چاوی بە کەس بکەوێت تەنانەت خێزانەکەشی، لە دوای گەڕاندا بە شوێن ڕازەکانی ئەم زانستەدا. زانستی بەربینە لای ئەو کلیلی ئاوەزە بۆ پەی بردن بە وێنەی گەردوون، گرنگی بە بەها ئاینییەکان و مرۆڤی و مێژووییەکان نەداوە. بەڵکو هونەرەکەی تەرخانی جۆرە جێبەجێکردنێکی ئەبستراکتی کردووە بۆ تیۆریە زەینیەکانی تا دەستبەرداری ڕەهەندی

سێهەم بووە. سێ تابلۆ مێژوویەکەی کە بۆ کۆشکی میدتشی دروست کردووە لە میانی ساڵانی (١٤٥٤-١٤٥٧)دا کە "جەنگی پیرۆزمەند ڕۆمانۆ" نمایش دەکات ئێستا بە سێ پارچە دابەش بووە بەسەر مۆزەی لۆڤەر و ئاوفتزی فلۆرەنسی و مۆزەی ئەهلی لە لەندەن. بە هیچ سۆزێکی مرۆڤی پابەندی بۆ واقع نییە، هەرچۆن پەیوەست نییە بە هیچ ماددەیەکی مێژوویەوە، بەڵکو نمایشی جیهانێکی ئەندێشەیی دەکات لە داهێنانی زەین، سەرباری ئەو توخمانەی سروشتین ئەوەی ئەم بەرهەمە دەخاتە ڕیزی هونەرەوە، جوانی ئەندازەیی و دیزاینیی و، کارایی لە ڕەنگ بەکارهێنان دا تا ئاستی پرشنگ دانەوەیەك بە تیشکی ناوەکی.

پیرۆ دیلا فرانشسکا (Piero della Francesca) ١٤١٦-١٤٩٢

دیلافرانشسکا وەك لە سەرەتای ڕێنیسانسی ئیتالیدا ئاماژەمان پێدا لە تیۆریستەکانی زانستی بەربینە بووە و بە گەورەترین فەیلەسوفی نێو هونەرمەندانی سەدەی پانزە هەژمار دەکرێت. سەرقاڵی هاوڕێکی کردن و هاوسەنگکردنی نێوان بەها مرۆڤایەتییەکانی نێو هونەری مازاتشیۆ و هزری ئەلبێرتی و نێوان بەها ڕۆحانییە گوزارشت لێکراوەکانی فرا ئەنجیلیکۆ بووە. ئەمەش نە بە گۆڕینی مرۆڤگەرایی بۆ ڕۆحانی، نە بە ڕوحانیەت بۆ مرۆڤگەرایی، بەڵکو بە پشکنین و هەڵوەدا بوون بە دوای ڕاستی" باڵادا، کە هەردوکیانن پێکەوە.

ئەم (ڕاستی)یە باڵایە ئاماژەی بە کاملی ئەو قاڵبە پتەوانە پێ کردووە کە تابلۆکانی تیا داڕشتووە، کەسایەتییەکان هەر لە کۆڵەکەیەك دەچن کە لەبەرد داڕێژرابن، وەك بڵێی لە دەرەوەی سنووری زەمەن بژین و دەستی گۆڕانکارییە مێژوویی و ڕووداوەکانی نەگەیشتبێتێ. کەشێکی بێگەردو بێ دەنگییەکی نامۆ دەستی بەسەرا گرتوون، وەك ئەوەی لە جیهانێکی وشیاریی ڕەهادا بین. ڕەنگ و ڕووناکی لە یەك ماددەن.

بۆشایی چواردەور بەشێکە لە چنینی تابلۆکە، نە چوارچێوەیەو نە دیکۆری شانۆگەری. لە هونەری ئەم هونەرمەندەدا بۆ یەکەمین جار دوو تەوژمی فەلسەفی بە یەك گەیشتن کە لە زەینی هاوسەردەمانیدا لە بیرمەندەکان لە کێشمەکێشمدا بوون، تەوژمی ئەرستۆتالیسی کە بە زانینی هەمەکی ڕەهادا هەڵدەدات لە دوتوێی زانینی تایبەتی دەست لێدراوەوە و تەوژمی ئەفلاتونیزمی نوێ کە بە زانینی تایبەتدا هەڵدەدات لە دوتوێی زانینە هەمەکییەکانەوە. ئەو ئەزمونە هەستییەکان ڕەت ناکاتەوە چون لەهەر سوچێك لە سوچەکانی تابلۆکانییەوە ئەوەمان پیشان دەدات. بەڵام ئەم ئەزمونە هەستییە پوخت دەکاتەوە لە پێوەلکانە هەستییە جێگەیی و کاتیەکانی، تا بیگۆڕێتە سەر ڕێسایەکی ئەندازەیی گشتگیرو وشیاری پەیت، ئەو وشیارییەی کە پەی بە هەموو شتێك دەبات، گەر لە ڕووداوێك لە ڕووداوەکاندا هاوبەشی

نەکات، ئەمە ئەو بەها باڵایەیە کە لەلای ئەم جێ دراما مرۆڤایەتییە گوزارشت لێکراوەکانی مازاتشیوی گرتۆتەوە و هەرچۆن جێ بەها لاهوتییە گوزارشت لێکراوەکانی فرائەنجیلیکۆی گرتەوە. دیلافرانشسکا لە ناسراوەکانی هونەرە لە نێوەندی ئیتالیادا و قوتابی مازاتشیۆ بووە، لە فلۆرەنسا و نێوەندی ئیتالیادا گەشتی کردووەو کاری کردووە. زۆرێك لە کارەکانی کە بە جێی هێشتون لە کاری دیواربەندن لە گرنگترینیان مریەم و مەیسح لەگەڵ فریشتەکاندا، هێڵەکانی بە وردبینیەوەو ڕەنگەکانی بە ڕوونی بەکارهێناوە لە شێوازی کارکردنیدا.

ساندرۆ بۆتشللی (Sandro Botticelli)

ئەم هونەرمەندە بە زەرەنگەریی دەستی پێکردووە لە فلۆرەنسا، دواتر چووەتە ئەتێلەی قەشە (لیبی) کە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر کارە سەرەتاییەکانی، هەرچۆن کەوتۆتە ژێر کاریگەری (پۆلایولۆ)وە، خۆی و ئوستادەکەی لیبی) لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری لۆرینۆز میدتشیدا کاریان کردووە، ئەوساتەش کە لیبی فلۆرەنسای بەجێهێشت بۆ تشللی بووە دیارترین کەسایەتی هونەریی ئەو سەردەمەو ئەتێلەیەکی تایبەتی بە خۆی کردەوە. بۆ تشللی بووە نیگارکێشی تایبەتی خێزانی میدتشی و کۆمەڵێك لەو ئەدیب و رۆشنبیرانەی کە لە دەوری لۆرینزۆ بوون. لۆرینزۆ ئەو دەمە سەرۆکی خێزانەکەی واتە بنەماڵەکەی و فەرمانڕەوای شاری فلۆرەنسا بوو، لەو تابلۆیانەی بۆ ئەم بنەماڵەیەی دروست کردووە کە لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانیەتی ساڵی ١٤٨٠ تابلۆی "لە دایك بوونی ڤینۆس"ە، کە سروشی بیرۆکەکەی لە ئەفسانەکانی یۆنانەوە وەرگرتووە. چون گەڕان و بەدواداچون لە هونەری کلاسیکیدا لە گرنگترین دیاردەکانی هونەری زووی ڕێنیسانسە. ئەمەش دیارە لەژێر کاریگەری هزری ئەفلاتونیزمی نوێدا بووە کە سەرەتاکانی قۆناغی هونەریی ئەم هونەرمەندە کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە، لە دوای بەرجەستەکردنی تابلۆی (بەهار) بۆ بنەماڵەی میدتشی کە لە کەشێکی زۆر شاعیریدا ئەفراندویەتی چەند کەسایەتییەکی ئەفسانەکانی یۆنانی تیایە وەك کیوبید و پەرییەکانی جوانی کە ژمارەیان سێ پەرییە. جوڵەی کەسایەتییەکان وەك لە هەوادا بێت وایە و سەما بکەن. ناوناوبانگێکی گەورەی بە دەست هێنا و بووە مایەی ئەوەی پاپا بانگهێشتی بکات بۆ ڕۆما تا بابەتە ئایینییەکانی بۆ دروست بکات بۆ ڤاتیکان. بەڵام ساڵی ١٤٨٥ وەختێ گەڕایەوە فلۆرەنسا بەسەر شۆڕشی (ساڤۆنارولا)دا هاتەوە بەرامبەر بە بابەتە کلاسیکیە بێباوەڕەکان و بزاڤی هیومانیزم. بۆ تشیللی کەوتە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی ئەم قەشەیەوە و هەندێ لە تابلۆکانی و کتێبەکانی سوتان و کارەکانی دواتری بە دوورە لە

ئەفسانەکان و هێڵەکانی تیژو یەکلاکەرەوەن بەرجەستەی ئازار دەکەن وەك ئەوەی تەنها ڕێگەی ڕزگاربوون بێت.

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کاریگەریی هەرچی زیاتر بوونی زەبردەستی بنەماڵەی میدتشی لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەدا بووە مایەی تێك شکانی هیوای دیموکراتیو، کەم بوونەوەی باوەڕی مرۆڤ بە بەها مرۆڤایەتیەکان کە بیریار و هونەرمەندان لە نیوەی یەکەمی ئەو سەردەمەدا بانگهێشتیان بۆ دەکرد. ئازاردانی قەشە ساڤۆنارولاو سوتاندنی لەبەردەم خەڵکیدا ئاگاداری کردنەوەیان بوو بۆ کۆتایی ئازادیە مەدەنییەکان، بەڵکو ئاگاداری کردنەوەیەك بوو بۆ کۆتایی پێهاتنی فلۆڕەنسا. لە کۆتاییدا بۆتشیللی بە هونەرە ڕیتمییەکەی ڕیخۆشکەری پەیدابوونی هونەرمەندو بلیمەت داڤنشی بوو.

بەرەبەیانی هونەری ڕێنیسانس لە ڤینیسیا و سەرووی ئیتالیا

لە چەند خاڵێکی پێشودا لە باسەکەماندا ئاماژەمان بەوە دا کە هەرگیز سەرووی ئیتالیا هاوشانی نێوەند و (فلۆڕەنسا) خواروی ئیتالیا نەڕۆیشتووەتە پێشەوە. لە بواری هونەریدا. چون وەك ئاماژەمان پێداوە سەرووی ئیتالیا هاوکات لەگەڵ وڵاتانی سەرووی ئەوروپا لەژێر یەك جۆر کاریگەریدا بوون، ئەم کاریگەریەش کە لە تەرزی غوتی و بە تایبەت قوتابخانەی فەڕەنسی فیلمنکی و شێوازی کورتوازیدا خۆی دەدیەوە بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەم.

گۆڕان بەرەو شێوازی نوێ سەرەتای نەگرت لەم ناوچەیەدا تا دوای گەشتی هەندێ لە هونەرمەندانی فلۆڕەنسە- لەوانەش دۆناتێللۆ و ئۆتشێلۆ و ئەندریا دیل کاستانیۆ و میلیبولیبی- بۆ هەندێ شاری هەرێمی ڤینیسیا. کاریگەریی ئەم گەشتانە هاوزەمانە لەگەڵ دەنگدانەوەی توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان کە فەیلەسوفە ئەرستۆتالیسیەکان گرنگییان پێدەدا لە زانکۆی بادۆڤا، ئەمەش بووە مایەی دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی هونەریی نوێ لەم شارەدا، بە پێشڕەوایەتی فرانشسکو سکوار تشیونی، لە دیارترین ناسراوەکانی ئەندریا مانتێنایە لە بواری نیگارکێشاندا.

تەلارسازی:

لە دوای مردنی برۆنیلسکی لە ساڵی ١٤٤٦دا هونەرمەند و ئەندازیار "ئەلبێرتی" پێشڕەوی هونەری تەلارسازیی لەخۆگرت.

لیۆن باتیستا ئەلبێرتی (L. B. Alberti) (١٤٠٤-١٤٧٢)

ڕێسا نوێکانی ئەم ئەندازیارە لە نێوان کۆمەڵی لە ئەندازیارە لێهاتووەکاندا بڵاوبوو وەك سان جالو و ڕۆسیللینۆ. ئەم ئەندازیارە توێژینەوەی دەرباری ئاسەوارەکانی ڕۆمای کۆن کردووە و چەندان توێژینەوەی زانستی دەربارەی هونەرمەندانی سەردەمی زووی ڕێنیسانس نووسیوە وەك برۆنیلسکی و دۆناتێللۆ. ئەستێرەی ئەو وەك ئەندازیارێك لە نیوەی سەدەی پانزەهەمەوە بەدەرکەوت، دیزاینی جیاجیای بۆ تەلاری هەرێمە جیاوازەکان دەکێشاو ئەندازیار ڕۆسیللینۆ زۆربانی جێبەجێ دەکرد. لە بەناوبانگترین کارەکانی لە فلۆڕەنسادا کۆشکی خێزانی ڕۆتشیلایە کە ڕۆسیللینۆ دواتر جێبەجێی کردووە، لە جوانترین نموونەی سەردەمی ڕێنیسانس لە ئیتالیادا هەژمار دەکرێت. ئەم کۆشکە لە سێ نهۆم پێك هاتووە، ئەلبێرتی ڕووی کۆشکەکەی دابەشکردوە بە دابەشکردنێکی ڕێککەوتو و گونجاو لە ڕێی کۆڵەکەی پەیوەست بە دیوارەکانەوە لە هەموو نهۆمەکاندا، ئەم کۆڵەکانە دەوری دەروازەی پەنجەرەکان دەدات، لە نێوەندی هەر پەنجەرەیەکیشدا کۆڵەکەیەکی بچوك دەیکات بە دوو بەشەوە، سەر پەنجەرەکانیش کەوانەیەکی چەماوە هەیە. لە توێژینەوەماندا بۆ ئەم دیزاینانە زۆر بەوە دەچێت کە (ئەلبێرتی) بیرۆکەی ئەم ڕووەی لە پەرستگەی (کولوسیدم)ەوە وەرگرتبێت کە لە ڕۆما دیویەتی.

سەرباری ئەم کارە ناوازەیەی چەند کارێکی ئەنجام داوە لەوانە ڕووی بالاتێستا لە ڕمینی. هەرچۆن لەسەر داوای پاپا بیۆسی دووەم دیزاینی گۆڕەپانی پینزای کێشاوە کە بە وێنەیەکی زیندوی تەرزی تەلارسازی ڕێنیسانس دادەنرێت. هەروەها دیزاینی کۆشکی ڤینیسیا بۆ ئەم دەگەڕێتەوە.

کاریگەریی تەلارسازی ڕۆمانی کۆن تەنیا لە دیزاینی تەلارسازییە دنیاییەکانیدا ڕەنگی نەدایەوە بەڵکو پەلی کوتی بۆ دیزاینی تەلاری کڵێساکانیش. لە ڕووی کڵێسەی پیرۆزمەند ئەندریادا کە لە شاری مانتوا ساڵی ١٤٧٣ تەرزێك لە بیناسازی دەبینرێت کە لە پەرستگەکانی سەردەمە نائاینییەکانەوە وەرگیراوە. لەو بیناسازیانەش کە هێمای تەرزی بیناسازی سەرەتایی ئەوە، ڕووی کڵێسەی پیرۆزمەند فرانشسکۆیە کە لە شار ڕیمینییە و ڕووی کڵێسای پیرۆزمەند ماریا نۆفیلایە کە سەرلەنوێ بنیات نرایەوە لە نێوان ساڵانی (١٤٥٦-١٤٧٠). لە ڕووەکەیدا کۆڵەکەی پەیوەست بە دیوارەوە دەردەکەوێت کە سیمای کۆڵەکەی یۆنانییە و دیوارە ناوخۆییەکانیشی بە نیگاری هونەرمەندان ماساتشۆ و جیرلندا یولیبی نەخشێنراوە.

تیۆرییەکانی ئەلبێرتی بۆ تەرزی تەلارسازی نوێ لە شارەکانی ئیتالیادا بڵاوبۆوە لەسەر دەستی ئەندازیاران جۆلیا نۆسان جاللۆ لە شاری براتۆ لە کڵێسەی ماریادا ساڵی (١٤٨٥)، ئەندازیار لۆمباردۆ لە شاری ڤینیسیا کە چەندان کۆشکی خاوەن ڕووی سەرنج ڕاکێشی بنیات ناوە.

برناردۆ ڕۆسیللینۆ P. Rosselleno (١٤٠٩-١٤٦٤)

ژیانی خۆی وەك پەیکەرسازێك و ئەندازیارێك لە ئەریزۆ دەست پێ کرد و دواتر لە ساڵی ١٤٣٦دا لە فلۆڕەنسا جێگیر بوو. بووە یەکێك لە دیارترین ئەندازیارەکانی ئیتالیا لە نیوەی سەدەی پانزەداو، دەستی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی تەرزێکی نوێدا. پاپا نیکۆلای پێنجەم بانگهێشتی کرد بۆ یارمەتی دان لە کڵێسای پیرۆزمەند پترۆس لە ڕۆما، هەرچۆن دیزاینی کۆشکی ڤینیسیا لە ڕۆما لە دەستکردی ئەم ئەندازیارەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ساڵی ١٤٥٥.

لە بواری پەیکەرسازیشدا دوای چۆڵ بوونی نێوەندەکە بە گەشت کردنی (دۆناتێللۆ) بۆ بادوا ساڵی ١٤٤٣ چەند پەیکەرسازێ کاریان کرد و ماوەیان بۆ ڕەخسا تا دەرکەون یەکێ لەم پەیکەرسازانە ڕۆسیللینۆ بوو کە زیاتر ناووناوبانگی تایبەتی لە بواری نەخشاندن و ڕازاندنەوەی تابوتی گەورە پیاوانی فلۆڕەنسادا هەبوو، لە ناوازەترین کارکردنی لەم بوارەدا نەخشی سەرگۆڕی "لیوناردو بروتی" و "کاردینالی ئەمیری پورتوگاله".

پەیکەرسازی

وەك وتمان جگە لە ڕۆسیللینۆ چەندان توانای تر لە بواری پەیکەرسازیدا لەنا ئامادەیی دۆناتێللۆدا هاتنەکایەوە، کە توێژینەوەو کاری بەردەوامیان لەم بوارەدا دەکرد لە نێوان ساڵانی ١٤٤٣ بۆ ١٤٥٣ بەرهەمەکانیان لە دوای نیوەی سەدەی پانزەهەمەوە شکۆفەیان کرد، لە ناسراوترینیان دیلارۆبیا، دیل بولایولو، دیل ئارکا.

لوکا دیلاڕووبیا "LvcceDellceRobice" ١٤٠٠-١٤٨٢

ناوبانگی ئەم هونەرمەندە دوای دروستکردنی پەیکەرێکی ریلیفی مەڕمەڕیی بوو بۆ کورسییەکی کاتیدراڵی فلۆڕەنسی لە ساڵی ١٤٣٠دا. بابەتەکەی چەند منداڵێکن سوردی ئاینی دەخوێنن، هەرچەندە ئەم بابەتە پێشتر لە لایەن دۆناتێللۆوە بەرجەستەکرابوو، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین شێوازی کارکردنی دیلاروبیا جیاوازە لە شێوازی دۆناتێللۆ و نزیکە لە کاریگەریی شێوازی (جیبرتی)یەوە.

هەرچەندە دیلارۆبیا بەهرەمەندی و کارامەیی لە پەیکەرسازیدا نکوڵی ناکرێت بەڵام خۆی گرنگی ئەوتۆی نەداوە بە پەیکەری کامڵ و گەورە. زیاتر لێوەشاوەیی خۆی لە کاری ریلیفی

ناوەخن بۆشدا بەکارهێناوە و زۆریانی بە گڵی بـرژاو (کاشـی) دروست کـردووە و لەسـەر ڕووی دیوار دایناوە وەك تابلۆی "مریەم و منالەکەی".

ئەنتۆنیۆ پۆلا یۆلۆ (Autonio Del Pollaiuolo) ١٤٢٠-١٤٩٨

ئەوەی دەربارى ئـەم هونەرمـەندە دەزانرێت نیگارکێش و پەیکەرسازو وەسـتای پەیکـەری برۆنـزی بـووە. لـە کارەکانیدا کاریگەریی ئەفسانەو چیرۆکی مێژوویـی پێوەدیـارە جگـە لـە کارهایەکی ئاینی. گەر ساتێ بڕووانینە ئەو پەیکەرەی بۆ خێزانی میدتشی دروست کردووە کـە کێشەیەك نمایش دەکات لە نێوان (هـەرقل)ی پاڵەوانی یۆنـانی و ئانتایۆسـی دوژمنیـدا، ڕاددەی ئەو کەوتنە ژێر کاریگەریەمان بۆ دەردەکەوێت.

نیگارکێشان

هونەرمەندە نیگارکێشەکانی ئەم هەرێمەش وەك هونەرمەندانی فلۆرەنسی پابەند بوون بە خواستی هیومانیزمەوە و بابەتە سروشتییەکانیان بەرجەسـتە دەکـرد، بـەڵام بـەبێ فـەرامۆش کردنی ئاین.

دومنیکو جرلاندایو (Domenicho Ghirlandaio) ١٤٤٩-١٤٩٤

ئـەم هونەرمـەندە هاوسـەردەمی هونەرمـەند بۆتشیللی بـووە، کارکردنی خۆی لـە دروسـت کردنی شـتومەکی ڕازاندنـەوەدا لـە فرۆشـگەکەی بـاوکیدا دەسـتپێکردووە. دواتـر دەچێتـە بـەر خوێندنی هونەری نیگارکێشان، کاتێ ناوبانگی پەیداکرد پاپای ڕۆما لە ساڵی ١٤٨٢دا بانگی کردە ڕۆمـا بـۆ ڕازاندنـەوەو نەخشـاندنی دیـواری نوێژگـەی کڵێسـای سسـتینا "Sistina". هـەرچۆن نەخشـاندنی دیـواری کڵێسای ماریا نۆفیـلا لـە شـار فلۆرەنسا سـاڵی ١٤٩٠. هـەوڵی ئەوەشـی داوە شوراو قەڵای فلۆرەنسا بە کاری فریسکۆیی بڕازێنێتەوە. هەمان شت ئەم هونەرمەندە لە کـاری پۆرترێت دروست کردنـدا کارامـە بـووە، زۆر کـاری پۆرترێتـی بـۆ کەسـایەتییە بەناوبانگـەکانی فلۆرەنسا دروست کردووە لـە جوانـترینی ئـەو کارانـە تـابلۆی "باپـیرو کـورەزا"یـە کـە لـە سـاڵی ١٤٨٠دا دروستی کردووە لـەم تابلۆیـەدا وردەکاری هونەرمـەند و توانـای لـە گوزارشـت کـردن لـە نێوان منالٚ و باپیریدا بە سانایی دەردەکەوێت. بەشێکی بـاش لـەناوبانگی جیرلاندایو لەوەدایـە کە مایکل ئەنجیلۆی بلیمەتی ڕێنیسانس لەسەر دەستی ئەمدا هونـەری خوێنـدوە. لـە سـەرەتای ژیانی هونەریدا. ئەم هونەرمەندە لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا بە پەتایەك کۆتـایی دێـت بـە ژیانی و لە پاشی هەردوو قوتابیەکەی میناردی و مایکل ئەنجیلۆ بەردەوام دەبن.

پێرجینۆ (Petro Perugino" ١٤٤٥-١٥٢٣

پێرجینۆ لە پیرۆجیا پەروەردە بووە، سەرەتاگەکانی هونەری نیگارکێشانی لەسەر دەستی هونەرمەند (ڤیروکیو) خوێندووە و کارو بەرهەمەکانی هونەرمەندی بلیمەتی ڕێنیسانس (داڤنشی) لە ئەتلێلەکەیدا دیوە. لە دوای وەرگرتنی هەموو شارەزایی و زانیارییەك قوتابخانەیەکی هونەریی لە بیروجیا دامەزراندووە کە خاوەن مۆرکی تایبەتی خۆی بووە.

پێرجینۆ زۆر کاری هونەری لە شارە ئیتالیەکان جێبەجێ کردووە، بەڵام لە بەناوبانگترین کارەکانی دیواربەندێکی نیگارە کە بۆ نوێژگەی سیستینای دروست کردووە لە ساڵی ١٤٨٢. ئەم دیواربەندە دەرباری بەخشینی کلیلەکانە بە پیرۆزمەند بوترس وەك یەکەمین پاپایەك کە کلیلی بەهەشت لە مەسیح وەرگریێت. بەڵام ئەم ناوبانگەی پێرجینۆ ڕوو لە کزی بوو دوای ئەوەی ناوبانگی قوتابیەکەی (ڕافائیل) باڵی بەسەر ناوبانگی خۆیدا کێشا کە لەسەر دەستی ئەمدا بنەماکانی هونەری نیگارکێشانی وەرگرت. تەرزی زووی ڕێنیسانس لە فلۆرەنساوە بەرەو سەروی ئیتالیا لە ساڵی ١٤٢٠وە بڵاوبوو، لە شاری بادوا پەرەی سەند کە لەپاڵ ڤینیسیایە لەسەر دەستی هونەرمەندان (فلیبولیپی) و (ئۆتیشللۆ) و (کاستانیو) کە هەریەکێکیان بۆ ماوەیەك تیا ماونەتەوە، هەرچۆن هونەرمەندی پەیکەرساز دۆناتێللۆ بۆ ماوەی دەساڵ تیا ژیاوە. بەڵام ڕۆڵی دیارو بەرچاو لە گەشەسەندنی ئەم تەرزە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندی نیگارکێش مانتێنا و زاواکەی بیللینی.

ئەندریا مانتینا (Andrea Mantegna) ١٤٣١-١٥٠٦

مانتێنا بە هونەرمەندە پێشڕەوەکانی سەروی ئیتالیا دادەنرێت لە سەردەمی سەرەتای ڕێنیسانسدا، لە شاری بادوا پێگەیشتووە و ناوبانگی تیا بەدی هێناوە.

لە دۆناتێللۆوە -کە چەند ساڵێك لەم شارەدا بووە- گرنگی دان بە مێژوو و کلتوری کلاسیکی فێربووە. بەڵام ئەم سەیری ئەو مێژووەی نەدەکرد وەك وێنەیەك بێت بۆ کەماڵ و جوانی باڵا، یاخود وێنەیەکی نمونەیی سروشت بێت، بەڵکو وەك بەسەرهاتێ بۆ ئازایەتی و پاڵەوانێتییە گەورەکان و گەواهێك بۆ پێودانگە مرۆڤایەتییە نەمرەکان. هونەرەکەی جۆرێك لە تراژیدیایە بە مانا کلاسیکیە ئەرستۆتالیسیە کۆنەکەی. هەرکاتێکیش ویستبێتی وەسفی ڕووداوێك لەو ڕووداوە مێژووییانە بکات تا گوزارشت لەو هەستە تراژیدیەی بکات، هەرگیز هەوڵی ئەوەی نەداوە ئەو ڕووداوە لە واقعی ئێستای نزیك کاتەوە، بەڵکو وا دەردەکەوێت کە هەوڵ بدات ڕێساکانی لە قوڵایی زەمەندا بدۆزێتەوە.

بەربینە بۆ دۆزینەوەی ماناکانی مێژوو لە کاردایە. کۆمپۆزشن جۆرێکە لە ڕێکخستنەوە یا کۆکردنەوە، واتە نزیکترە لە گێڕانەوە وەك لە یەکەیەکی ئەندامی کە زوبانی شێوەکاری دەیئەفرێنێ. هەموو بەشێك لە تابلۆدا بە هێندایی خۆی ڕووناکی و دیاری کردن و وەسفی وردەکار وەردەگرێت. وەك دیکۆمێنتێك لە دیکۆمێنتیەکانی مێژوو.

لە ساڵی ١٤٥٣دا مانتێنا کچی نیگارکێش جاکوبو بللینی کردە هاوسەری، کە یەکێك بوو لە نیگارکێشەکانی ڤینیسیاو باوکی جیوڤانی بللینی بوو، کاریگەریی جیوڤانی بە ڕاددەیەك بوو لەسەر مانتێنا، جیهانە بەردینیەکەی فراوان کرد تا پێشوازی لە هەستە مرۆڤیەکان بکات. هونەرەکەی لە جوانی سروشت و کراوەییەکەیەوە نزیك بۆوە. دواتر پەیوەندی کرد بە تەختی (مانتۆڤا)وە، لەم شارەدا و لە ڕۆماش، وشیاری هونەرمەند بە بەها مرۆڤایەتییەکان لە زیادبووندا بوو کە بیریارەکانی ڕێنیسانس گوزارشتیان لێ دەکرد. لە کارە هونەرییەکانیدا پشتینەیەکی تەلارسازی بەکاردەهێنا هەر بەم شێوازەش کارەکانی دەناسرایەوە، نموونەی ئەم شێوازەشی لە تابلۆی (پیرۆزمەند سباستیان)دا دەرئەکەوێت، دیمەنێکە پڕ تراژیدیا کە هەموو لەشی ئەم پیرۆزمەندە بە تیر پێکراوە و خوێنی لێ دەچۆڕێ، بوونی یەکە تەلارسازیەکان وەك کۆڵەکەی پڕ نەخش و نیگار و وردەکاری زۆر جوان و مامەڵەیەکی تەلارسازیانە لە پشتینەی کارەکەدا، هەموو سیماکانی شێوازی کارکردنی ئەم هونەرمەندەی دەرخستووە لە دوتوێی ئەم تابلۆیەدا. لە تابلۆ ئەفسانەییەکان و مێژووییەکانیدا دیمەنهایەکی سروشتی لە سەرووی ئیتالیاوە بەکارهێناوە و ئەو کەسایەتیانەش کە بەرجەستەی کردون خاوەن لەشی بەهێز و لێوان لێو لە ژیانن.

جیوڤانی بیللینی (G. Bellini) ١٤٣١-١٥١٦

یەکێك بووە لە خێزانی (بیللینی) کە ناودارترین نیگارکێشەکانی ڤینیسیا پێك دەهێنن، خێزانەکەیان لە (جاکۆبۆ)ی باوکیان و (جنتیل)ی برای کە تابلۆیەکی شەخسی سوڵتانی عوسمانی محمدی دووەمی کێشاوە پێك هاتووە.

جیوڤانی لە پێشتر دەزانرێت وەك لە بارتولیۆڤیڤارینی، لە دامەزراندنی ڕاستەقینەی قوتابخانەی ڤینیسیای سەردەمی ڕێنیسانس دا، هەر ئەم قوتابخانەیەشە بنەمای پێگەیشتنی جیۆرجیۆنی و تیسیانۆ کە بە مەزنترین هونەرمەندانی ئەم قوتابخانەیە ناوزەد دەکرێن لە سەدەی شانزەهەمدا. جیوڤانی و جنتیلی برای لای جاکۆبۆی باوکیان فێری نیگارکێشان بوون، بەڵام مامۆستای گەورەی جیوڤانی بە مانتێنا دەزانرێت. هەرچۆن لە کاریگەریی هونەری دامەسینا دەرباز نەبووە.

بەڵام هونەری جیوڤانی هونەرێکە بە زمانی دڵ ئەدوێت، ئەفسانەکانی ئەفسانەی کلاسیکی نین هێندەی ئەفسانەهایەکن لێوان لێو لە سۆزی ئاینی و سروشتێکیان کردۆتە قاڵبی خۆیان کە چیتر شانۆیەك نی‌یە بۆ بوونی مرۆڤ و کردەوەکانی بەڵکو بابەتێکە بۆ سۆز و هەستەکانی مرۆڤ. هونەرەکەی لە گەوهەرێك پێك هاتووە کە (تێڕامانە). ئەم ڕێبازەش هاوشانی خواستی نوێی بیریارە هیومانیستەکانە لە دوادواکانی سەدەی پانزەدا.

لە کارەکانی جیوڤانی‌دا کەسایەتی‌یە ئاسمانیەکان خاوەن مۆرکێکی مرۆڤگەرای قوڵن، جوانترین نمونە تابلۆی (بەزەیی)یە کە ئاسمانەکەی لە مەرمەڕێکی سافکراو دەچێت، هێڵە ئاسۆییە درێژبووەکانی هەر دەڵێی بۆ هەتاهەتایی ئەو خەمە قوڵە فراوانە دەڵێتەوە کە زۆر بەهێزەوە لەسەر ڕووی دایکەکە نەخشاوە ساتەوەختی دوا لێك دابڕان. تابلۆکە ساڵی ١٤٧٠ دروست کراوە بە شێوازی نیوەیی فیگەرەکان (چون ناوبانگی تایبەتی لەم شێوازەدا هەبووە) هەرچۆن هەست بە گرنگی دانی هونەرمەند دەکەین بە لۆچ و چرچی جلەکان و پێکهاتەی لەشە ڕووتەکە. جیۆڤانی پێشڕەوێکی گەورەی سەردەمی زێڕینی ڤینیسیایە و جگە لە پەروەردەبوونی هەردوو هونەرمەند جیورجیۆنی و تیسیانۆ لەسەر دەستیدا، هونەرمەندی ئەڵمانی دیووەو زۆر پێی سەرسام بووە ئەو دەمەی سەردانی ڤینیسیای کردووە.

ئەنتۆنیللۆ دامسینا (Antonello da Massina) ١٤٣٠-١٤٧٩

شتێکی ڕوون و ئاشکرا و نەگۆڕ دەربارەی پەروەردەبوونی و پەیدابوونی ئەم هونەرمەندە نازانرێت، بەڵام لە ڕێی کارەکانیەوە پەی بەو کاریگەری‌یە توندوتیژە دەبەین کە هونەرمەندانی فلاندەر لەسەر ئەم هونەرمەندەیان داناوە. ڤازاری -مێژوونووسی بەناوبانگی ڕێنیسانس- وای بۆ دەچێت ئەم هونەرمەندە دوور بووە لە سەنتەرو پێگە ناسراوە هونەرییەکانی ئەو سەردەمەوە، بەڵام دواتر چووەتە هەرێمی فلاندەر و لەسەر دەستی ئوستادەکانیاندا فێری هونەر بووە و نهێنی سنعەتی نیگارکێشانی ڕەنگی ڕۆنی لێ وەرگرتون کە ئەو دەمە هونەرمەندە ئیتالیەکان شتێکیان دەرباری نەزانیوە. بەڵام بیروباوەڕوو گەڕانی نوێ شتێکی تر دەڵێت دەربارەی ئەم هونەرمەندە ئەویش ئەوەیە لە نێوەندێکی زۆر کارتێکراوی هونەری فلاندەریدا ژیاوە وەك ناپۆلی و خواروی ئیتالیا لەو سەردەمەدا، بە شێوەیەك لە شێوەکانیش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هونەری پیرودیلا فرانشسکاوە.

ئەم هونەرمەندە پەی بەو ڕازە بردووە کە هونەرمەندانی فلاندەری لە بینگەیاندا بۆ جێگە هەیانبووە لەو واقعیەتە تایبەتی‌یەی خۆیاندا کە بە (واقعیەتی هەستی) ناوزەد دەکرێت. بۆیە هەر کاتێك جیهانی دروست بکردایە وەك جێگەیەکی دیاریکراو دروستی دەکرد

بەڵام جێگەیەك سەر بە خودی خۆی وەك بڵێی جیهانێك بێت داخراو -وەك تابلۆی پیرۆزمەند جیرۆم لە هونەرمەند سەرباری گرنگی دانی بە جێگەو وردەکاری شتەکان، لە سەرو ئەمانەشەوە گرنگی بە کەشی گشتی کارەکەی داوە وەك ڕەنگ و پەیوەستی هەموو بوونەوەرەکان بە توێژاڵێکی ڕوون کە لە بلور دەچێت بە یەکترەوە. ئەم ڕێسایەشی لە کارە پۆرترێتەکانیشیدا بەکارهێناوە (کە تیا کارامە بووە) وەك بڵێی کەسایەتییەکە بە هەناسەی کەشێکی تایبەت بخولقێنێ.

قوتابخانەی فیرارا (Ferrara)

هەردوو شێوازی سکوارتشیونی و مانتێنا بە خێرایی بە هۆی بارتۆلۆمیۆڤیڤارینی و کارلۆکریڤللی بلاوبۆوە لە ڤینیسیادا، هەرچۆن بە بۆنەی کۆزیمۆتورا و فرانشسکۆ دل کوسا و ئێرکولی روبرتی لە فیراراو، بە هۆی ڤیشنزۆفۆپا لە بریتشیا و میلانۆو، بە هۆی لیبرالی لە ڤیرونا بلاوبۆوە.

تابلۆکانی کارلۆکریڤللی (Carlo Crivelli) لە گەوهەری گرانبەها دەچن، جلەکانیان وەك ئالتونی زاخا و دراو و شەرابی وەك پارچەی بلور، میوەی وەك ساف.. تابلۆی (مریەم)ی بە ڕەنگە کانزاییە بریسکەدارەکانیەوەو، هێڵە تیژە وردەکانیەوە کە هەر لەوە دەچێت بە ئەڵماس نیگاری کێشرابێت لەسەر تەختێکی بلورین، کۆمپوزشنە ستونیەکانی هاوڕێکە لەگەڵ دابەشکردنە ئاسۆییەکانی، ئەمانە هەمووی پێکەوە نمونەیەکی ناسکی دیزاین و جوانی نەخشاندنن لای ئەم هونەرمەندە داهێنەرە.

بەڵام **کوزیموتورا** (Cosimo Tura) (ساڵی لە دایك بوونی نەزانراوەو ساڵی ١٤٩٥ مردووە) هونەرمەندێکە بە دوور نییە لە زبری و ڕەقی. لەشەکان لە زۆربەی گۆشتەکانیان ڕووت دەکاتەوە، چیاکان لە زۆربەی ماددەکانی، پشتینەکان بە بەردە لارەکان پڕدەکاتەوە، لە گوزارشتەکانیدا توندوتیژی و لە هێڵەکانیدا توندڕەوییەك هاوشانی کۆنتراستە ڕەنگییەکانیەتی کە زۆرجار لە سورێکی خوێنی تێردایەو لە سەوزێکی زمرودی تاریکدا.

هەرچی **فرانشسکو دل کوسا** (Franseco del Cossa)**یە (١٤٣٦-١٤٧٨)**

نە ڕەسەنایەتی کۆزیموتۆرای هەبوو نە ئەو ناسکییەی، بەڵام قوڵتر هەستیار و ڕاستگۆتر هەستکردنی. تابلۆ سەرەتاییەکانی هاوسەنگی و جێگیریەکی تەلارسازی تیایە، لەوە دواتر کەوتە هەرچی زیاتر گوزارشت کردن لە جووڵە، خانووبەرە دەبینین پتەوی و یەکێتیان هەڵوەشاوە و شەقار بووە لە ساتێکدا جل و بەرگەکان ڕفیون بە ئاسمانداو تاڵی قژەکان بابردونی.

لە لۆمباردیاش یەکەمین موژدەی سەردەمی ڕێنیسانس کۆمەڵێ تابلۆی فریسکۆیی هێنای کە بەسەرهاتی شەهیدبوونی پیرۆزمەند پترۆس دەگێڕێتەوە لە کلێسای سانت ستورجیو لە میلانۆ، کە ڕەخنەگرەکان ئەمڕۆ کۆکن لەسەر ئەوەی لەبەرهەمی دەست و پەنجەی **ڤیشنزۆ فۆپا** (Vicenzo Foppa) بێت (١٤٣٦-١٤٧٨) بەڵام گۆڕانکاری مەزن ڕووی نەدا تا هاتنی لیۆناردۆ داڤنشی بۆ ئەم شارە ساڵی ١٤٨٣.

ڤیتۆری کاراپاچیۆ (Vittori Carpaccio) ١٤٥٥؟-١٥٢٥

وا پێناچێت ئەم هونەرمەندە سودمەند بووبێت لەو نوێکاریانەی پێش خۆی کردویانە لە زمانی هونەری نیگارکێشاندا، ئەم زیاتر بەلایئەوەدا دەشکێتەوە کە پابەندی قوتابخانەی جنتیلی دا فابریانۆ بێت. هونەرمەندێکی خاوەن سەرنجی بەهێز بووە، گێڕەوەیەکی زوبان شیرین بووە، ژیانی ڤینیسیای سەردەمی خۆی بۆ وەسف کردوین وەسفکردنێکی دڵڕفێن وەك ئەوەی خەون بێت.

بەرەبەیانی ڕێنیسانس لە ڕۆماو خواروی ئیتالیا

پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە ناوچەی خواروی ئیتالیا لە سەدەی پانزەدا کەوتبووە ژێر کاریگەریی هونەری فلاندەریەوە. لەم ناوچەیەدا کەسێکی وا دەرنەکەوت جگە لە ئەنتۆنللۆ دامسینا کە پێشتر دەرباری ئاخافتین.

هەرچی ڕۆماشە نەبووە سەنتەرێك لە سەنتەرەکانی هونەری ئیتالی ڕێنیسانس تا پاپاکان لە ئاڤینۆن نەگەڕانەوە و فاتیکان ئەو توانایەی بۆ خۆی گێڕایەوە کە لە سەدەی چواردەدا لاواز بووبوو، کلێسا کەوتە پشت گرتن و بوونیات نانی فەلسەفی هیومانیزم کە بیریارەکانی فلۆڕەنسا بانگهێشتیان بۆ دەکرد، پاپاکان کەوتنە بانگکردنی هونەرمەندان لە شارەکانی ترەوە تا فاتیکان بەکارە هونەریەکانیان بڕازێننەوە، لە سییناوە هونەرمەندێکی وەك جنتیلی دافابریانۆ و لە فلۆڕەنساوە فرائەنجیلیکۆ و بۆتشللی و جیرلاندایو گەیشتنە ڕۆما، بەڵام زۆرێکیان لە هەرێمی ئۆمبریاوە دەهاتن وەك بیرودیلافرانشسکاو قوتابیەکانی میلوتزو دافورلی و لۆکاسنیۆریللی، پاشان بیروجینو کە ڕافایللی فێری نیگارکێشان کرد لە ئەتێلەکەیدا لە بیروجیا.

میلوتز و فورلی (MelozzoForli) (**١٤٣١-١٤٩٤**) هەرگیز نەیتوانی پارێزگاری لەو هەیبەت و پاکێتی و ڕەسەنایەتییە بکات کە ئوستادەکەی پیادەی دەکرد، بەڵام لە هونەرەکەیدا جوانی و زیندوێتییەك دەبینین پڕ لە گەرمی مرۆڤایەتی، ئەمیش لە هەرکەسێ زیاتر ڕێخۆشکەری هاتنی رافایل بوو. خەڵکی ڕۆما وابەستەی دڵڕفێنی ڕەنگە نەرمەکانی بوون، ئەو فریشتە

مەزنانەش کە بە سیمای مرۆڤی جوانەوە و پرچی ئاڵتونیەوە مەلەیان لە ئاسمان و هەوردا دەکرد جێی هەرچی نزیك بوونەوە و ئاشنابوونی زیاتری بینەرانی هونەری ئەوکاتە بوون.

لۆکا سینیوررللی (Luca Signorelli) "**نزیکەی ١٤٤١-١٥٢٥**" بە پێچەوانەی ئەوەوە هونەرێکی هەرقلی هەبوو، نیگارکێشی شەڕە توندوتیژەکان بوو، کە تیایدا وێنەی مرۆڤی ماسولکە دەرپەڕیو و دەمار دەرکەوتوو دەبینرێت، ئەم دەستبەرداری ئەو هێمنیە بوو کە لە سیمای دیلافرانشسکای ئوستادی بوو، لە تابلۆکانیدا هەڵچون و جوڵەیەکی پڕ دڵەڕاوکێ دەبینین. لەبەرئەوە هونەرەکەی بە مزگێنی هێنەری مایکل ئەنجیلۆ ناوزەد دەکرێت، کە دواتر لەگەڵ ڕافایل دا پێکەوە هەردووك بوونە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی قوتابخانەی ڕۆما لە سەدەی شانزەدا.

کڵێسای سان بییر لە ڕۆما:

ناکرێت باسی بزاڤی هونەریی لە ڕۆمادا بکەین و لە کڵێسای سان بییر نەدوێین، چون ئەم بینایە لە گرنگترین ئەو بینایانە دادەنرێت کە لەو سەردەمەدا دروست کرابێت، وا دەزانرێت پێگەی بنیات نانی ئەم کڵێسایە جێی گۆڕی پیرۆزمەند سان بییر بێت. قوستەنتین لە ساڵی ٣٢٤-٣٤٤ ئەو کڵێسایەی لەویا دروست کردوە، پاشان پاپا نیکۆلای پێنجەم وای خواستووە سەرلەنوێ بنیاتی بنێتەوە. لە ساڵی ١٤٥٠ وە هەریەك لە ڕۆسیللینۆ و سانگالو پڕۆژە تەلارسازییەکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کرد لە سەردەمی پاپا یولیوسی دووهەمدا. دواتر پشت بە نەخشەکەی برامانتی بەسترا کە مایکل ئەنجیلۆ پاشتر ڕێکی کردەوە و دەست کاری کرد.

نەخشەکەی داسانگالو بریتییە لە خاچێکی لاتینی، بەڵام نەخشەکەی برامانتی لەسەر شێوەی خاچێکی گریکی دوولای وەکو یەك ڕاوەستاوە هەرچەندە مادرنۆ ساتێ داڵانێکی خستە سەر چونە ژورگەی کڵێسا کە دوای بنیات نان و تەواوبوونی، خۆی لە خۆیدا نەخشەکە گۆڕڕاو شێوەی خاچێکی لاتینی وەرگرت. مایکل ئەنجیلۆ دوای برامانتی هەستا بە سەرپەرشتیاری بنیات نانی کڵێسەکە، دیزاینی گومەزەکەی کێشاو سەرپەرشتی بەشێکی باشی جێبەجێکردنەکەی کرد تا کۆچی دوایی کرد و دواتر دللابۆرتا خەریکی بوو پاشان لەسەردەستی فۆنتانادا کامڵ و تەواوبوو. بەرزییەکەی (١٣٢,٥م) و تیرەکەی (٤٢م) بنەمای گومەزەکە پڕاوپڕە لە پەنجەرەی بەرز و تاوەرێکی خاوەن پەنجەرەی بچووك سەری گرتووە. لە سەدەی حەڤدەهەمدا برنێنی (Bernini) دووباڵی ئەم لاولای خستەسەر ڕووی کڵێساکە، کە لە ناوەوە وەك دوو داڵان دەرئەکەوتن. پێوانەی ڕووبەری کڵێساکە ٢١ هەزار $م^2$ دەبێت، بەڵام هەرکام لە دومیلانۆ ١١ هەزار $م^2$ و ئایاصوفیا ١٠ هەزار $م^2$ دەبێت.

سەرچاوەکانی سودیان لێوەرگیراوە بۆ سەدەی پانزە:

١)محيط الفنون/ الفنون التشكيلية،عصر النهضة/الأستاذ رمسيس يونان/ دار المعارف بمصر. التأريخ بلا.

٢)الفن والمجتمع عبر التأريخ/ ارنولد هاوزر/ الجزء الأول، ترجمة د. فؤاد زكريا. مراجعة احمد خاكي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر. بيروت. الطبعة الثانية ١٩٨١.

٣)الفن و الانسان، دكتور عزالدين اسماعيل، دار القلم. الطبعة الاولى. بيروت ١٩٧٤.

٤)فنون الغرب في العصور الوسطى والنهضة والباروك، نعمت اسماعيل علام. دار المعارف بمصر. القاهرة ١٩٧٦.

٥)الفن في اوروبا من عصر النهضة حتى اليوم. الدكتور هفيف البهنسي دار الرائد اللبناني/ المجلد الثاني، موسوعة تأريخ الفن و العمارة، الطبعة الأولى ١٩٨٢.

٦)ڕێنیسانس. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد/ وەرگێڕانی فؤاد میسری/ چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٤.

٧)افاق النقد التشكيلي/ عباس الصراف/ دار الرشيد للنشر، وزاره الپقافه و الاعلام العراقيه ١٩٧٩.

پەراوێزەکانی سەدەی پانزە

١-هەروەك چۆن بەڕێز د. کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا دەربارى ڕێنیسانس هەر ڕاستەوخۆ ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە و بە کوردیەکەشی وەرگێڕ کاك فؤاد مەجید میسری بە هەمان شێوە بەکاری هێناوە. ووشەکە بە زمانی فەڕەنسی واتای ژیاندنەوە یان زیندوکردنەوە دەگەیەنێ.

٢-زاراوەی (سەدەکانی ناوەڕاست) یەکەمجار لەلایەن هیومانیستەکانەوە بەکارهێنراو مەبەستیشیان لە سەدەی بەر لە ڕێنیسانس و سەدەکانی دوای گریك و ڕۆمان بوو.

هیومانیستەکان بەرەنجامی گرنگی دانیان بە کەلەپوری کۆن و ڕێزگرتنی تایبەتیان بۆ شارستانیەتی گریك و ڕۆمان سەربارى هەڵوێستی دژایەتییان بۆ کڵێسە، دژایەتییەکی بەهێزی هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەشیان دەکرد کە پەیوەندییان بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەبوو. چونکە ئەو سەردەمانەیان بە سەردەمی دواکەوتن و نەزانین لە قەڵەم دەدا، بەم هەڵوێستەشیان وایان لە خەڵکی کرد سەدەکانی ناوەڕاست بە تاریکیستانی ئەنگوستە چاو و

کۆت و پێوەندێکی گران بزانن، چەمکی سەدە تاریکەکان کە بە سەدەکانی ناوەڕاست دەوترێت زاددەی هەڵوێستی ئەمانە بەرامبەر بەم سەردەمە.

بەڵام لەم بۆچونەیاندا ڕاستی ناپێکن چونکە بەرەنجامی چونە پێشەوەو پەرەسەندنی مێژوویی سەدەکانی ناوەڕاست بەدەرنین لە گەلێك دەستکەوتی گرنگ بۆ مرۆڤایەتی.

٣-هونەری کورتوازی لە سەردەمی بیزەنتیدا واتە کارلێکردنی هونەری بیزەنتی و هونەری خۆرهەڵاتی بە تایبەت هونەری ئێرانی (کە لە هونەری چنینی فەرش و هونەری میناتۆری فارسیدا بەرجەستە دەبێت) لە ڕێگەی تورکیاوە کە ئەودەمە قوستەنتەنیە (ئەستەنبوڵی ئێستا) پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ڕۆژهەڵاتی بوو گوازرایەوە بۆ ئەوروپا.

٤-نمونەی ئەوانە لایەنگرانی بزاڤی فرانسیسکان و ئەوانەش کە لە کاریگەریی کەلتوری مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەر ڕێنیسانس دەگەڕێن.

٥-لە بەناوبانگترین ئەو بنەماڵانە خێزانی میدتشی کە لە وشەی (Medici)یەوە هاتووە واتە کاری ئەجزاچێتی و پزیشکی) و خێزانی پیتی (Pitti)و پازی (Pazzi) و سترۆتسی (Strotsi) بوون.

٦-لە ساڵەکانی دوایی سەدەی چواردەهەمەوە شاری فلۆڕەنسا لەسەر شێوازێکی نوێ دەستی دایە لێکۆڵینەوەی زمانی گریکی کۆن بە مەبەستی شارەزابوونی ئەفلاتون و ئەرستۆو فەیلەسوفەکانی تر فێربوونی زمانی لاتینی خەڵکی شارەکانی ترو وڵاتە دراوسێکان خۆیان دەگەیاندە ئەم شارە چونکە چەندان پێگەی تایبەتی تیاکرابۆوە بۆ فێربوونی زمانی لاتینی ئەمەبێ لەوەی زێدی پێشەوایانی ڕێنسانسە وەك بترارك و بۆکاشیۆو دانتی لەلایەك و بنەماڵەی میدتشی لە لایەکی تر هەروەها هونەرمەندانی بلیمەت داڤنشی و مایکل ئەنجیلۆو ڕافاییل لەوێ لەدایك بوون و پەروەردە بوون.

لە لایەنی ئابورییەوە فلۆڕەنسا بەر لە هەموو شارەکانی تری ئیتالیا سکەی پارەی زێڕی لێدا کە بە (فلۆرین) ناودەبرا. هەر لەوێشدا سەرهەڵدانی یەکەمین دامەزراوی شێوە سەرمایەداری لەسەر ئاستی هەموو جیهان دروست بوو یەکەم مانیفاکتۆرەو ترۆستی دارایی "الاتحاد المالي" هاتەگۆڕێ. لە سەدەی چواردەدا ژمارەی کارگەی قوماش بەرهەم هێنان تیایدا لە (٢٠٠) کارگە تێپەڕی کرد. هەر لەو قۆناغەدا گەورەترین بانك بە شێوە نوێکەی لەم شارەدا دامەزرا. لە کۆتایی سەدەی سیانزەهەمدا ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە (٧٠) هەزار کەس و لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەدا خۆی دا لە (١٥٠) هەزار، لەوکاتەدا گەورەترین شاری ئەوروپا ژمارەی دانیشتوانی لە هەشت یەکی ئەو ژمارەیەی دوایی تێنەدەپەڕی.

٧-سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی هیومانیزم و هیومانیست (Humanistic, Humanism) وەك دەربڕینێکی فیکری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم (لە سەدەی شانزەهەمەوە وەك زاراوەیەك بنج بەست بوو) ئەم زاراوەیە بەر لەو مێژووە بە Humanitas بەکارهاتووە و بەترارك بەکاری هێناوەو ئەوانی دوای ئەویش کاری تێکردون و دوبارەیان کردۆتەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەکاریان هێناوە. زاراوەکە لە بنەڕەتدا لەم وشەیەوە وەرگیراوە کە مانای مرۆڤایەتی دەگەیەنێ، ئەمەی دواییش لە وشەی (Homo)وە وەرگیراوە کە مانای مرۆڤ دەبەخشێ. ڕابەرانی ئەم ڕێبازە نوێیە مەبەستیان لە هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیە ئەوە بوو پێ لەسەر سیما دونیاییەکەی زانست و ئەدەب دابگرن و بایەخ بە مرۆڤ بدەن.

هەر ئەمان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە ساغ کردنەوەو وەرگێڕانی سەدان دەستنووسی بێناز کەوتوی نێو کەنیسەکان و ڕاست کردنەوەی ئەو تێکستانەی بەدەستی ئەنقەست لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شتیان لێ زیاد کرابوو، هەرچۆن وەرگێڕانی ئەو دەستنووسانەی لەڕێی نومایندەی تایبەت و کڕینی‌یان لەلایەن پیاوانی ڕۆژگاری ڕێنیسانسەوە گرتیانە ئەستۆی خۆیان ئەو دەستنووسانەش کە زانایانی قوستەنتەنیە لەگەڵ نزیك بوونەوەی عوسمانی‌یەکان بەرەو ئیتالیا لەگەڵ خۆیاندا بردیان. سەرەنجامی ئەم بایەخ دان و هەوڵانە بەردی بناغەی زانیاری (ئیپێگرافی Epigraphy) دارێژرا، کە لە نووسین و نەخشی کۆن دەکۆڵێتەوە.

٨-لەو کەسایەتی‌یانە قەشەیەك بوو بە ناوی (سافونارولا) کە تانەی لە خەڵکی هاوسەردەمی خۆی دەداو بە یەخسیریی دەستی بیروباوەڕی بێئیمانی و فەسادیان لە قەڵەم دەدات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕووانە پەراوێزی (٣٦).

٩-ئەمەش لەژێر کاریگەری هزری (ئارازمسی نۆتەردامی) کە یەکێکە لە ناودارترین هیومانیستەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس هیومانیستە ئەڵمانیەکان دەستیان دایە ئەو لێکۆڵینەوانەی ئارازمس بە (فەلسەفەی عیسا) ناویان دەبا.

١٠-هێرشی سوپایی فەرەنسا بۆ سەر ئیتالیا ڕۆڵێکی کاریگەری بینی و بە هۆیەوە میرو شازادە فەرەنسی‌یەکان شارەزای شێوەی ژیان و کەلتوری دانیشتوانی ئیتالیای پێشکەوتوو بوون، هەر ئەم هۆکارەش بووە مایەی پەرینەوەی ڕۆشنبیری ڕێنیسانس بە شێوە گشتی‌یەکەی بۆ فەرەنسا.

١١-ئەمە بەڵگەیە کە پێشڕەوانی ڕێنیسانس دژ بە ئاین نەبوون ڕاستەوخۆ هێندەی دژایەتی کەنیسە وەك دامەزراوێکی ئاینی و پیاوانی ئاینی‌یان کردووە. هێندە دژ بە خودی ئاینی مەسیحی نەبوون.

١٢-نووسەرانی سەدەی ناوەڕاست بەو بەرهەمە هونەرییانەیان دەووت (کۆمیدیا) کە بە گەش بینیی کۆتاییەیان دەهات و موژدەی خێرو خۆشی بەخەڵکی دەدا، ووشەی (یەزدانی)یش ئەوانە پێوەیان لکاند کە دوای دانتی دڵبەستەی بەیتەکە بوون. زۆر بەڵگەی لۆژیکی دەیسەلمێنن کە کاریگەریی هەندێ کتێبی وەك (رسالة الغفران) ی ئەبولعەلای موعەڕی و (الفتوحات المكية)ی ئیبن عەرەبی و "الاسراء" و "المعراج" کاریگەریان کردۆتە سەر دانتی لەم شاکارەیدا. ئەمەش بەڵگەی بوونی ڕۆڵی ڕۆژهەڵات و عەرەبە لەسەر ڕێنیسانس ئەمە نەك هەر لەسەر دانتی بگرە لەسەر (پۆکاشیۆ) و (پەترارك)یش ڕاستە.

١٣-لەسەر ڕێبازەکەی دانتی باوەڕی وابوو، کە دەبێ تاکەکەس بە خودی خۆیەوە ببەسترێتەوە نەك بە پێی بنەماڵەو ڕەچەڵەك حسابی بۆ بکرێ.

١٤-دیکامیرۆن بە زمانی لاتینی واتای (یاداشتی دە ڕۆژە) دەگەیەنێ، حەوت کچ و سێ لاو لە کاتی ڕشانەوەکەی ساڵی ١٣٤٨ فلۆڕەنسا جێ دێڵن و لە ڤێللایەکی دەرەوەی شاردا دە شەو و ڕۆژ دەمێننەوە هەر ڕۆژەی یەکێکیان چیرۆکێك دەگێڕنەوە. وا لێك دەدرێتەوە کە کاریگەریی چیرۆکی (هەزارویەك شەوە)ی لەسەر بێت.

١٥–لەو کەسایەتییانەی پەیڕەوی ئەم سێ پێشەوایەی کرد "ئارازمسی ڕۆتەردامی) بوو کە یەکێکە لە دیارترین هیومانیستەکانی ئەو قۆناغەی ڕۆژگاری ڕێنیسانسی تیا گەیشتە چڵەپۆپە- دواتریش کەسایەتی تۆماس مۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەمەوە.

١٦-تەنها لە شاری ڤینیسیا ژمارەی کرێکارانی کارکردوو لە بواری پیشەسازیی چنیندا گەیشتۆتە ١٦ هەزار کەس و لە پیشەسازیی کەشتی دروست کردندا ٦ هەزار کەس. ژمارەی یەکەم بەڵگەی پێشکەوتنی پیشەسازی و دووەمیشیان بەڵگەی پەرەسەندنی ئاستی بازرگانییە لەو شارەدا.

١٧-ئەم فەرمانڕەوایانە یا ئەندامی خێزانە مەلیکیەکان بوون (خێزانی ئیستی "Este") یا فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریی (خێزانی ڤیسکۆنتی) لە میلانۆ، یا سەرکردەی سوپا بە کرێگیراوەکان وەك (فرانشسکوسفورتسا) یاخود ژمێریار (خێزانی ریاریو و فارنێزی) لە فورلی و بارما، یاخود هاوڵاتی دیار و هەڵکەوتوو وەك (خێزانی میدتشی) لە فلۆڕەنسا.

١٨–چینی کرێکار و هەر بە کرێ کارگەرێك ناویان نەبوو بە هەمویان دەوترا (هەژارەکان).

١٩–واتە تا ساڵی ١٣٧٨ ساڵی شۆڕشی پیشەگەراکان.

٢٠-وەك خێزانەکانی ئەلبیرتی و کاپونی و ئاوتسلنۆو ئالبیزی ماوەی کورت دەسەڵاتیان گرتە دەست بەڵام دواتر خێزانی میدتشی تا سەدەی پانزە دەسەڵاتی لەخۆگرت.

٢١-لە وێنەی ئەم حاڵەتە سەرکردەی سەربازە هەلگەڕاوەکان (کۆندۆتیریـە- Condottiere) شەهوەتێکی شەیتانیانەی هەبووە بۆ ڕابواردن و لەززەت کە هیـچ شتێك لـە ڕوویا نەوەستاوە، نمونـەی خراپەکارییەکە بـەرگری نـاکرێت لـە جێـی چینـی نـاوەند- هەسـتاوە بـە هـەموو خراپەکاری و ڕابواردنێك کە بە خەیاڵی ئەم چینـەدا بێت وەختێ وێنـای ژیـانێکی بەختـەوەر دەکات لە زیندە خەونەکانیدا.

خراپەکاری ئەم کەسایەتییە بە ڕاددەیەکە هەندێك بە ڕاستی گومان دەکەن لە بوونی ئـەم دڕندە نەفرەت لێکراوە.

٢٢-دیارە (داجو بیرفری) D. Frey کە وەسفی جیـاوازی نێـوان وێنـای هونـەر لـە سـەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ ڕێنیسانسدا دەکات لەسەر بنەمای جیـاوازی نێوان (لێکدانـەوەی بـە دوایـەکدا هـاتوو) (التفسير المتعـاقب) و (لێکدانـەوەی هاوکـات) (التفسـير المـتزامن) بـۆ جێگـەی وێنـەیی (للمكان التصويری) (Pictorial) پشت بەو لێکردنەوەیەی یا خود لێك جوداکردنەوەیەی ئـارڤین بانۆڤسکی Erwin Panofsky دەبەستێت لـە نێـوان پێگـەی کۆبـۆوە و (مکـان متجمـع) aggregate پێگەی ڕێك کەوتوو (مکـان نسـقی) Systematic. لەبـەر ئـەوە بـیروڕای بانوڤسـکی پێش وەخـت تیۆری ڤیکهۆف بە هەند وەردەگرێت لـە شـێوازی پەیوەسـت (المتصلـة) Continuous و شـێوازی لێـك جـودا (المفرقـة) distinguishing لـە گوزارشـت کردنـدا، کـە ڕەنگـە خـودی ڤیکهۆڤیش لـەم تیۆریەدا کاریگەری بیرۆکەی لیسیج ی بەسەرەوە بێـت دەربـاری ساتەوەختی لێوانلێـو (اللحظـة الحافلة) Pregnantmoment.

٢٣-ساڵی مردنی جیۆتۆیە.

٢٤-هەندێکیش لێکدانەوەیان وا نەبوو چونکە خواستی لێکچونی سروشت لـە نیگارکێشاندا تەنـها سروشـت بـە قوڵـی جێگـەیی بەخشـین و لێـك هەڵوەشـاندنەوەی قاڵبـە پەیوەسـتە ئەندازەییەکان نییە، بەڵکو لەو (بەها ساویانە)دایە کە لای ئۆرکانیا هەیە.

٢٥-ناوی ئەنتۆنیۆ پیزانۆیە نازناوی پیزانیللۆیە (١٣٩٨-١٤٥٠) لە ڤیرونا پـەروەردە بـووە، لـە پێگەیشتوترین و هەڵکەوتوترین هونەرمـەندی سـەردەمەکەی خۆیـەتی لـە ئیتالیـا، لەسـەر ڕێساکانی هونـەری غوتـی بـەردەوام بـووە، بـەرەنجامی کاریگـەری شـێوازی نیگـارە چنراوەکـان سـەلیقەو وردەکارییـەکی تایبـەتی بـە دەست هێنـاوە لـە وەسـف کـردن و گوزارشـت کردنـدا، زۆربـەی تابلۆکـانی پۆرتریـتن یـاخود وێنـەی پیرۆزمـەندەکان. گرنگـی داوە بـە شـێوە سروشتییەکان بـە زۆر جۆریانـەوە، توێژینـەوەی زۆری بەجێهێشتووە بۆمـان لەسـەر شـێوەی گوڵ و باڵندەو مەیمون و ئەسپ و سەگ، تەنانەت مێروش.

٢٦-دوو هونەرمەند لە فلۆرەنسادا ڕۆڵیان بینی لە بلاوکردنەوەی چێژی هونەری کۆشکدا، کە لە سەروی ئیتالیاوە هاتبوون، ئەوانیش جینتلی دی فابریانۆ (Gentile de Fabriano) و دۆمنیکۆ ڤینیسیانۆ (Domenico Veneziano) بوون. بوونە مایەی گرنگی دانی هونەرمەندە ناوخۆییەکان بە بابەتە ڕۆمانتیکییەکان. فابریانۆ لە نموونەیترین هونەرمەندی شێوازی کورتوازی یە. تابلۆی (پەرستنی مەجوس) جوانترین بەرهەمیەتی.

٢٧-کاریگەریی ئەم هونەرە نەك هەر لە کاری هونەرمەندانی وەك فرائەنجلیکۆ FraAngelico و لۆرینزۆ مۆناکۆ (Lorenzo Monaco) ڕەنگی دابۆوە بەڵکو هونەرمەندانی پێشکەوتن خوازی وەك ئەندریادل کاستیانۆ (Andrea del Castagno) و ئۆتشێللۆ (Paolo Uccelo)شی گرتبۆوە.

٢٨–دوای هەڵبژاردن شەش هونەرمەند مانەوە بۆ پێشبڕکێکە، کۆمەڵی کالیمالا (Calimala) سەرپەرشتی پێشبڕکێ و کارەکەی دەکرد کە یەکێ بوون لەو کۆمەڵانەی یاخود لیژنانەی دەست نیشان دەکران بۆ ئەو مەبەستە. لە نێوان ئەو شەش هونەرمەندەدا (ڕۆنیللسلی و جیبرتی و جاکوبو دیلاکویرشا)ی تیابوو.

٢٩–چیوڤانی ڕۆتشێللای لەو کەسایەتیانە بوو کە بە ئاوەزێکی دنیایانەوە چاودێری هونەری دەکرد لە سەردەمی لۆرینزۆ میدتشیدا بووە، لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی "کە لە بەناوبانگترین یادەوەرییەکانە": بە درێژایی ئەم پەنجا ساڵە شتێکم نەکرد تەنیا پارە پەیداکردن و سەرف کردنی نەبێت، بە ڕوونی بۆم دەرکەوت لە پارە خەرج کردندا خۆشییەکی زۆر زیاتر هەیە لە پەیداکردنی. پیرۆزی یەزدانی و شارو کەسایەتی (خودی) لەو کڵێسایانەدا دیوەتەوە کە بوونیاتی ناون و کۆکەرەوەی تابلۆش بووە.

٣٠-دیارترین ناوێك بازرگانی ناسراو جیوڤانی دیلاپالای فلۆرەنسی بوو سەرەتای سەدەی شانزە کە کاری هونەریی بۆ مەلیکی فەڕەنسی کۆدەکردەوە و دەکڕی نەك هەر لە هونەرمەندان بەڵکو لە کۆکەرەوەکانی تریش.

٣١–سەدەی حەڤدەی فەڕەنسی بووە کە لویس چواردە گرنگترین ماوەی فەرمانڕەوایی کردووە.

٣٢–وەك سەرپەرشتیاری خاتوو لوکریستیا بورجا بۆ تەختی کۆشك لە نیپی (Nepi)و خاتوو ئیزابیلا دیستی (J. dEste) کە خولگەی تەختی کۆشك بوە لە فیراراو مانتوا، کاریگەریی لەسەر شاعیرەکانی دەوروبەری خۆی هەبووە و سەرباری ئەوەش خاوەن ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی بووە دەربارەی هونەری شێوەکاری.

٣٣–هونەرمـەندێکی وەك پنتـۆر چیـۆ (Pinturicchio) کـە نیگارکێشـێکی زەخرەفـی و ڕازێنـەرەوە و زیـاتر ڕووکەشـی بـووە، لـە هـەموو هونەرمـەندەکانی سـەردەمی خـۆی (سـەدەی پانزە) سەرقاڵ تر بووەو ئیشی لە هەمویان زۆرتر بووە. ئەمـە وەك نمونەیـەکی دیـار و زینـدو دەهێندرێتەوە بۆ ئاستی وشیاری هونەریی گشتی.

٣٤–بۆ نمونە ئێمە تەنها نـۆ هونەرمـەند دەناسین و بیستومانە دەرباریـان لـەو سـی و دوو هونەرمەندەی ئەتێلەی تایبەتیان هەبووە و ناویان هاتووە لـە لیستی پیشەگەراکاندا لـە شاری سیینا ساڵی ١٤٢٨.

٣٥–مەبەست خێزانی پیزانۆیە کـە نـەوە دوای نـەوە چـوار هونەرمـەندی گـەورەیان تیـا هەڵکەوتووەو لە هونەری غوتیدا ئاماژەمان پێداون. بەڵام ڕۆڵی سەرەکی لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ نیکۆلا پیزانۆ.

٣٦–قەشە (سافۆنارولا) کە حاکمی شاری فلۆڕەنسا بووە ساڵی ١٤٩٧ بیروڕای گشتی جوڵاند لە فلۆڕەنسادا بە ناوی ئاین و چاکەو ئاکارەوە، هەڵگەڕانەوەیەکی دواکەوتوانـەی سازداو ئـاگری بەردایە بەرهەمە جوانەکانی ئاسەوارەکانی هونەری سـەردەمی ڕێنیسانس، بـە بیانوی ئـەوەی ئەم کارانە یارمەتی دەری لەڕێ لادان و سەرقاڵ کردنی خەڵکیەو دورخستنەوەیانە لـە ئەرکـە ئاینیەکان و تێکدانی ئاکاریی لەدوایـە، هـەندێ لـە خـەڵکان لـەو کـارەیدا پشتیان گـرت بـەڵام هێنـدەی بەسـەرا نـەچوو، دوای سـاڵێك هـەر خـەڵکی لـە هـەمان جێگـەی سـوتاندنی ئاسـەوارە هونەریەکاندا (کە مەیدانێك بوو) گرپیان لە خۆی بەردایەوەو سوتاندیان لەسەر ئەو کارەی.

٣٧–ئەم ناوە بەو هەرێمە وتـراوە کـە ئـەمڕۆ بـە بـەلجیکاو هۆلانـدە ئەناسـرێت، هـەرچۆن پێشی ئەوترێت هەرێمی فلمنك Flemish هەندێ سەرچاوە ئەڵمانیای ئێستاش بە بەشێکی ئـەو هەرێمە دەزانن، هەندێ جاریش (فلاندەر) بەکارهاتووە.

٣٨–بـروج بـە پیشەسازی قوماشـی خوریـی نـاوی دەرکردبـوو، یەکـەم بـۆ ڕسـەی مامەڵـەی دارایش لە ئەوروپادا لە ئەنتۆرپ دامەزرا ساڵی ١٤٦٠.

٣٩-هەندێ جـار بـۆ بڵاوبوونـەوەی جـۆرو شـێوازی نیگارکێشـان ئـەو وێنـەی پاشـاو شـاژن و سوارچاکانەی بە پشتی کاغەزی یارییەوە بوون ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لەم گواستنەوەیەدا.

٤٠-المسنح: ئەم وشەیە (نعمت اسماعیل علام) بەکاری هێناوە لە سـەرچاوەی (فنـون الغـرب فی العصور الوسطی و النهضة و الباروك)دا، ئەم وشەیەش بە عەرەبی چەندان مانـای هەیـە وەك کەسایەتیەك کە لەلای ڕاستت بێت، هەر شـتێ کـە بـەلای ڕاسـتتدا تێپـەڕێ، مایـەی گەشـبینی، پێگەیـەکی بـەرز، بـەئاگا، پـیرۆز یـاخود موبـارەك. بـەڵام لـە سـەرچاوەیەکی ئینگلـیزی لـە

ئەنتەرنێتەوە دەربارى ئەم تابلۆيە (The Ghent Altarpiece) دەقى ئینگلیزیەكەی وەها نووسراوە (In the middle of the upper tier is God Almighty, the word..) واتە لە ڕیزی سەرەوە لە ناوەندا یەزدانی خاوەن توانا، خاوەن وشە، گەوهەرو بنەڕەتی گەردون..) كەواتە ئەو كەسایەتی‌یەی نێوەند كە بەرگی سوری پۆشیوەو تاجێكی لەسەر ناوە. هێمایەكە بۆ مەزنی یەزدانی.

سەرچاوەی سودلێوەرگیراو بەم مەبەستە:

http://www.kfki.hu/~arthp/postcard.cgi?action&image=e/eyck van/Jan/09g ent

٤١-مەبەست لە تەوراتە.

٤٢-بە مامۆستای هونەرمەند و بلیمەتی ڕێنیسانس ئەلبرێخت دیورەر دادەنرێت لە هەڵكۆڵیندا.

٤٣-مەبەست لە قرمید خشتی تایبەتە بە بنمیچ، ڕەنگەكەی لە ڕەنگی كریمسۆنەوە (Crimson) یاخود قرمزیەوە نزیكە كە سوریكی تێرە، هەر لە نزیكی ئەو ڕەنگەوە خشتەكەش وا ناونراوە.

٤٤-فیلیبینۆلیبی (١٤٥٧-١٥٠٤) ژیاوە و لە تابلۆكانی (تابلۆی سەرسامی مریەم بە كوڕەكەی) و (پەرستنی مەجوس).

٤٥-سەربارى ئەم تەلارسازانە دەكرێت ئاماژە بە بەناوبانگترین كۆشكی سەردەمی ڕێنیانس بدەین كە ژمارەیەك تەلارساز لە بنیات نانیدا بەشداربوونی وەك جیوفانی بارتولیمیو و ڕیتزو. ئەو كۆشكەش لە شاری ڤینیسیایەو بەناوی كۆشكی دوكالە (دوج).

هەرچۆن بارتولومیوبوت Bartolommeo Pot (١٤٦٤) لە پەیكەرساز و تەلارسازەكانی قۆناغی یەكەمە، لە ئاسەوارەكانی كۆشكی لاسادۆرۆ (Laead'Oro)یە، تەرزی كاركردنی بە كۆتایی تەرزی یۆنانی دادەنرێت، هەر ئەم تەرزە بوو لەسەر دەستی كودوتشی (Coducci) (١٤٤٠-١٥٠٤) پەرەیسەند لە كۆشكی فاندرمان دا. ئەودەمەی تەلارسازی ڕێنیسانس لە فلۆڕەنساوە (بە هەندێ جوانكاریەوە) گوازریاوە بۆ ڤینیسیا، پەنجەرەكان هەرچی زیاتر ئاوێتەبوون و ڕازاندنەوە دەرەكیەكان لەسەر تەرزی غوتی و كاریگەریی ڕۆژهەلاتی بوون، ڕووكەشی كۆشكەكان بەم گۆڕانكاریانە زیاتر سەرنج ڕاكێش بوون بە ڕاددەیەك كە لە هەموو كۆشكە ئیتالیەكانی جیادەكردنەوە.

هونەری ڕێنیسانسی زێڕین (سەردەمی بلیمەتەکان) یاخود هونەری پێنجسەدەکان "شنکوشینتۆ" سەدەی شانزەهەم (١٥٠٠-١٦٠٠)

پێشەکی مێژوویی:

ئیتالیای نیوەی یەکەمی سەدەی شانزە، ئیتالیایەك بوو پڕ لە کێشەی ڕامیاریی، چەندان جەنگ لە نێوان میلانۆو ناپۆلی و ڤینیسیادا هەڵگیرسا، فەڕەنسی‌یەکان دەستیان بەسەر میلانۆدا گرت لە میانی هەردوو ماوەی نێوان ساڵانی (١٤٩٩-١٥١٢)، (١٥١٥-١٥٢٢)، هەرچۆن لە فلۆڕەنسا کێشەی جۆراوجۆر لەسەر دەسەڵات ڕوویدا لە نێوان خێزانی میدتشی و بەرامبەرەکانیدا لە نێوان ساڵانی (١٥٠٢-١٥١٢) کە بووە مایەی جەنگێکی ناوخۆیی تیایدا فەرمانڕەوایی خێزانی میدتشی کەوتە لەرزین، تا دواتر ئەلیکسندەر میدتشی توانی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێ. بەشی سەرەوەی ئیتالیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا لە ساڵی (١٥٢٩)دا. شا شارلی پێنجەم ساڵی ١٥٣٠ بووە ئیمپراتۆری سەر بولونیا، هەرچۆن میلانۆ کەوتە ژێر چنگی ئیسپانیەکان ساڵی ١٥٣٥. هێز و دەسەڵاتی فیراری کەوتە دەست فۆنسۆی یەکەم کە لۆکریسی بورجیای خواست. (بارما)ش خێزانی فارنیزە بەڕێوەیان دەبرد.

تواناو دەسەڵاتی پاپای ڕۆما لە کشانەوەدا بوو لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی (جولیۆی دەهەم) بە تایبەتیش دوای هێرشی ئیمپراتۆریەت بۆ سەری ساڵی ١٥٢٧.

بەڵام ئەم جەنگ و کێشانە کاریگەریی نەکردە سەر گورجوگۆڵی بزاڤی هیومانیزم، ئەوان خەریکی کۆڕگێڕانی خۆیان بوون لە شارەکانی ڤینیسیا، فیرارا، مانتوا و ڕۆما. بە هاوشانی چالاکی ئەمان گەڕان بە شوێن ئاسەوارە کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمانیدا هەر بەردەوام بوو، مایکل ئەنجیلۆ ئەندازیار سان جاللو چاویان بە پەیکەری (لاوکۆن Laocon)ی یۆنانی کەوت لە ساڵی ١٥٠٦دا، هەرچۆن گەرماوەکانی تیتۆس و کۆشکی زێڕینی نیرۆن دۆزرایەوە. دەرکەوتنی کتێبە بەناوبانگەکەی ماکیاڤیللی (میر) ساڵی ١٥١٣ دوابەدوای ئەو ڕووداوانەدا هات. ڤازاریش ساڵی ١٥٥٠ کتێبەکەی کە دەربارەی ژیانی هونەرمەندانی ئیتالی بوو بڵاوکردەوە، کتێبێك بوو سەراپاگیر

دەرباری تەلارسازەکان و نیگارکێشەکان و پەیکەرسازەکانی[1] ئیتالیا، یەکەمین جار بوو ژیانی هونەرمەندان بنووسرێتەوە و گرنگی پێ بدرێ.

بزاڤی هزریی و هونەریی چونە پێشەوەیەکی تێرو تەسەلی وای بە خۆوە دی لە فلۆڕەنسای ئەم سەدەیەدا، کە بووە مایەی دامەزراندنی (ئەکادیمیای ئاداب) لە ساڵی ١٥٤١ و (ئەکادیمیای نیگارکێشان) لە ساڵی ١٥٦٢، کە یەکەمین ئەکادیمیای زانستی بوو بۆ خوێندنی هونەری نیگارکێشان لە جیهاندا. سەرباری دامەزراندنی ئەکادیمیاکانی هونەر و ئەدەب لە لایەن خێزانی میدتشی‌یەوە، ئەم خێزانە دەرگای کتێبخانە بە نرخەکەیان بە ڕووی جەماوەردا کردەوە لە ساڵی ١٥٤٨.

بیری بە ئەرشیف کردن و تۆمارکردن بڵاوبۆوە بەرئەنجامی ئەو دۆزینەوە زۆرانەی لە ئاسەواری ڕۆمانی کۆندا کرا، ئەدیب و ڕۆشنبیرەکان بیریان لەوە کردەوە پاشکۆ کۆنەکانیان کۆکەنەوە لە بینای (بلفدیر)دا لە میانی ساڵانی (١٥٠٥-١٥٥٠). هەرچۆن بیرۆکەی نووسین لە مێژووی هونەردا پێگەیشت، ژمارەی نووسەرو دانەرانی بوارە جیاجیاکانی شێوەکاری ڕوو لە زیادبوون بوو، لیۆناردۆ "نامەیەك لە بابەتی نیگارکێشاندا"ی نووسی و هونەرمەندە تەلارسازەکانیش وەکو "ڤینیولا Vignola" لە ساڵی ١٥٣٠داو "سیرلیو Serelio" لە ساڵی ١٥٣٧داو "پلادیو Palladio" لە ساڵی ١٥٧٠دا، دەرباری تەلارسازی بابەتهایەکی جیاوازیان نووسی. دواتریش "سیللینی Celleni" یادەوەری و لێکۆڵینەوەکانی لە هونەری کارسازی ئاڵتونیدا بڵاوکردەوە. بەڵام لە هەموویان گرنگ تر هەر کتێبەکەی ڤازاری بوو دەرباری ژیانی هونەرمەندە ئیتالیەکان.

شاری فلۆڕەنسا (شاری گوڵان) ناوازەترین سەرکەوتنەکانی تۆمارکرد لە بواری هزر و هونەری ڕێنیسانسدا، ڕۆڵ و گەورەیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی میدتشی و بە تایبەت لۆرینزۆ کە بە سەرکردەی یۆنانی (بیرکلیس) دەچوێنرێت لە ئالودەبوونیدا بە هونەر و فەلسەفەو پشتگیری و پاڵ گرتنی ئەوانەی کاری تیائەکەن. وەك ڤازاری دەیگێڕێتەوە فلۆڕەنسا لە سایەی فەرمانڕەوایی لۆرینزۆدا کە بە جەسورترین میر لە کارکردنیداو بە میهرترین لە بەخشندەیدا، نازناوی لۆرینزۆی (شانازی)یان (مانیفیکۆ) پێ بەخشی بوو. هونەرو ئەدەب لە سایەی ئەودا سەری‌دا لە بەرزترین سەروەریەکانی، وڵاتیش بووە خاوەن گوڵبژێرێکی توانا لە بن نەهاتوی داهێنەران، کە دواتر بەهرەمەندی و تواناو سەلیقەی ئەفراندیان لە فلۆڕەنساوە ڤیسنیای گرتەوەو دواتریش لە ڕۆمادا جێگیر بوو.

ئەم بزاڤە نوێیە گەیشتە لوتکەی کەماڵ و توانـای گەشەسـەندن لـە سـەردەمی ڕێنیسانسـدا بە مانایەکی تر لە میانی کلاسیکی‌یەتی سـەردەمی ڕێنیسانسدا. هـەر لەبـەر ئـەم هۆیـەش بـوو بـەم ماوەیـەی نێوان (١٥٠٠ بۆ ١٥٥٠) وتـرا سـەردەمی زێڕینـی ڕێنیسـانس، یـاخود ڕێنیسانسـی زێڕین. ئەم بزاڤەو گواستنەوەی شۆڕشی ئـایدیۆلۆجی خۆی شۆڕشـێکی مـەزنی هـزری بـوو کـە ڕێچکەی ژیـانی ئـەوروپی گـۆڕی بـۆ سـەردەمێکی بـاڵا، لـەم بەشـی دووەمـەی ڕێنیسانسـدا هونەرمەندانێ کە بۆیان لـوا هـەردوو سـەردەمەکە ببینـن هەڵکشان بـەرەو لوتکەو بـە لایـەکی تریش چەندان بلیمەتی نوێ لە دایك بوون، ئیتالیای ئەو دەمە لە بـەناوبانگترین بلیمەتـەکانی هونـەری هێنایـە بـوون کـە بوونـە هـۆی نـەمری نـاوی ئـەو وڵاتـە لـە مێـژوودا، وەك داڤنشـی و برامـانتی و مـایکل ئـەنجیلۆ و رافائیل. هـەر ئـەفراندنی ئـەم سـەردەمە ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ واڵابوونی دەروازەی سەردەمێکی تر کە بە سەرەتای سەردەمی نوێ ناوزەد دەکرێت.

گـەر خـودی ڕێنیسـانس سـیمای زیندوکردنـەوەی کـۆن و پەیوەسـت کردنـەوەی بـە تەوژمـە نوێکانـەوە لـەخۆگرتبێ، ئـەوا ئـەم سـەردەمە ئـەفراندنی هونـەری خسـتە خولگـەی چـالاکی هزری‌یەوە، لێرەشەوە هەموو ئاڕاستەکان کرانـە هونەرمـەند و کەسـایەتی‌یەکەی، ئـەو خاڵـەش دڵنیابوو کە کاری هونەریی بەرهەمی سەرچاوەی بەهرەیەو زادەی بلیمەتیەتی.

ناوی بلیمەتەکانی ئەم دەمە لە ڕەهەندەکانی سەردەمی خۆیـاندا تێپـەڕیان کـردو سنوریان شکاند.

هەربۆیـە ئـەم دەمـە هێنـدەی بـەناوی کەسایەتی‌یەکانی دەناسـرێت و باسـی لێـوە دەکرێـت هێند بەپێی وڵات و قوتابخانە هونەریەکان ناویان نایەت، ئێمە لە سەدەی شـانزەدا لـە بـەردەم سەردەمی بلیمەتەکانداین، وڵاتەکان و پێگەکانیش شتێك نین تەنـها ناسـینەوەی شـوێن نـەبێت کە ئەو بلیمەتانەی تیا ژیاون و ئاسەواریان تیا بەجێ‌هێشتووە.

ناوەکان سـەرو وڵات و شـوێن و پێگـەو زەمەنـەکان کـەوت، هـەتا ئـەمڕۆش ئـەو ئاسـەوارانە زەمـەن دەبـڕن سـنور دەبـەزێنن سـنوری شـوێکات، لەگـەڵ نـەوە لـە دوایەکـەکانی مرۆڤایـەتیدا دەدوێن.

هـەرچی چۆنێـك بێـت هـێزو توانـای کەسـایەتی‌یەکانی ئـەم سـەردەمە- گـەر بــە دوای بریسکەیاندا نەچین- پێگەو پرشنگدانەوەی هونەری ڕێنیسانسمان بیرنابەنەوە.

سـەدەی شـانزەهەم سـەردەمی زێڕینـی ئیتالیـا بـوو –پـێش هـەموو شـتێك- تیـایدا هونـەری شێوەکاری بە هەموو جۆرەکانیەوە پەرەیسەند بەرادەیەك کە مێژووی هونـەر پـێش ئـەوە بـە خۆیەوە نەدیبوو، بەڵام هونەری نیگارکێشان میانەیەك بوو یاخود یەکەمین میانەیەك بوو کـە

بە سەرەکی بەشداری کرد لەو دەوڵەمەندیەی هونەریەی ڕێنیسانسی زێڕیندا. هەرچۆن تەلارسازی بۆ هونەرەکانی ڕۆمانسك و غوتی بواری سەرەکی بوو، پەیکەرسازیش بۆ سەدەی پانزەهەم لە بواری سەرەکی و سەرەتایی بوو. هەر لەم سەدەیەدا بوو مەسیحیەت و هونەری بێباوەڕی کۆن لێکیان دا، سەردەمی پاپای لیۆی دەهەم بە سەردەمی برکلیس ئەچوێندرا، سەرباری دەسەڵاتی تیۆریە ڕامیاریەکانی میکاڤیلی و فرانسوا جیشاردان، دۆزینەوەی جوگرافیە ناوازەکانیشی گرتبۆوە.

ئەم سەردەمە لە هەموو لایەکەوە بینگەی هزری لەخۆ گرتووە، هەرچەندە کێشە ئاینی و ڕامیاری و ئابوریەکانی دەوریان دابوو لێنەدەگەڕان. تێبینی گۆڕانی دیدنیگای هونەرمەندەکان دەکەین بۆ کێشەکانی هونەر و جوانی و پەیوەستیان بە خواستی هیومانیزمەوە، هونەرمەندانێ پەیدابوون گرنگییان بە گەڕان بە شوێن ڕاستی واقعدا دەدا هەرچۆن دەگەڕان بە دوای جوانی ڕاستەقینەدا لە میانی توێژینەوە زانستی و تیۆریەکاندا لە بری ئەوەی تەنها خۆ خەریك بکەن بەو دوبارەکردنەوەیەی ئەو لاساییانەوە کە پێشتر باوبوون. هەڵبەتە ئێمە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت ئەو پەرەسەندنەی لە فەلسەفەی هزری مرۆڤدا ڕوویدا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆزینەوانەی پێشتر هونەرمەندانی ئیتالی لە سەدەی پانزەدا بە دەستیان هێنابوو.

گەر بە واتایەکی تر بڵێین سەدەی شانزەهەم جێگیرکردن و چەسپاندنی ئەو خواست و بەدواداچونانە بوو کە لە سەدەی پانزەدا هونەر بە دوایدا دەگەڕا.

ڕۆڵی ڕۆما لە گەشەسەندنی هونەری ڕێنیسانسی زێڕیندا:

پێشتر ئاماژەمان بە گۆڕانکاری ڕۆڵی شارەکان دا لە ئیتالیای ئەم سەدەیەدا، کە لە فلۆرەنساوە بەرەو ڤینیسیاو دواتر لە ڕۆمادا گیرسایەوە، چون چیتر هێزی پاڵپێوەنەری هونەر سەرچاوەکەی لە فلۆرەنساوە نەبوو. لە دەرەوەی فلۆرەنسا چەندان خێزانی خاوەن خواستی مەلیکی هەبوو، ڕێسای ژیانی دانیشتوانی کۆشکەکانیان گرتبووە بەر و سەراپای ئیتالیایان گرتبۆوە، بەڵام لەنێو ئاپورەی ئەم هەموو تواناو سامانەدا هێشتا تەختی پاشایەتی جیدی پێش هەموو شتێك هەر لە دەوری خودی کەسایەتی پاپا کۆببۆوە لە ڕۆما، لەوێ هەمان ئەو نمونە باڵایانە باوبوو کە لە هەموو تەختە پاشایەتیەکانی تردا پەیرەو دەکرا کە هونەر و ڕۆشنبیری وەك توخمهایەکی جوانی و شکۆ بەخش بە ڕووکەشی ژیان تەماشا دەکرا.

مێژووی ئەم گەشەسەندنە لەسەر دەستی پاپاکاندا لە ڕۆما، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی پاپاکان لە فەرەنساوە گەڕانەوە ڕۆما، ئەو دەمە ڕۆما هەر لە کەلاوەیەك دەچوو، بەرئەنجامی

ئەو داگیرکاریـیە هەمـەجی و کارەسـات و کـاول کاریـەی تیـاکرابوو لـە میـانی ئـەو شـەڕوو جەنگانەدا کە ماوەی سەدەیەکی خایاندبوو لە نێوان خێزانە ڕۆمانیە گەورەکاندا. خەڵکی ڕۆما هەژار بوون، تەنانەت گەورەپیاوانی کڵێسا دەستەوسان بـوون لـە کۆکردنـەوەی سامانێکدا کـە بەشی گۆڕانکاری و چاکردنەوەو لە هەمان کاتدا بەدی هێنانی بزافێکی زیندوکردنەوەی هونـەر بکات، تا بە شانی فلۆڕەنسادا بگاتەوە.

ساتەوەختی دەسـەڵاتداری ڕامیـاری پاپاکـان ساتەوەختی ئیتالیایـەکی هەڵوەشـاو و کـەرت بووبـوو. بۆیـە زووبـەزوو ئـەم بارەیـان قۆسـتەوەو دەسـتیان بەسـەر ئیتالیادا گـرت، پاپاکـان وا هەستیان دەکرد میراتگری ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمـان، هـەرچۆن سـودیان لـەو هیـوا ئەندێشـەییانە وەرگرت بۆ گێڕانـەوەی شـکۆداریی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمـانی کـۆن، ئـەم هیوایەشـیان لـە هـەموو سـوچێکی وڵاتـدا بڵاوکردبـۆوە، بەمـەش بـەڵێ سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا (گـەرچی سەرکەوتنێکی هەمەکی نەبوو) لە پانوپۆڕ بوونی دەسەڵاتیاندا.

ڕاستە هەموو هەوڵە ڕامیاریەکانیان سەری نەگرت، بەڵام ڕۆما بووە پێگەو چەقی سەرەکی شارستانیەتی ڕۆژئـاوایی و کاریگـەریی ئـاوەزیی هـەرچی زیاتریشی کـرد لەسـەرو وەختـی دژە ڕیفۆرمـدا (Counter Reformation) کـە ئـەم بزاڤـە وایکـرد ڕۆڵـی ڕۆمـاو پێگـەی خـاوەن کاریگەرییەکی قوڵتر بن. ئەم کاریگەریەشی تا بەشێکی باش لە سـەردەمی بـارۆك درێـژ بـۆوە. هـەر لـە گەڕانـەوەی پاپاکـان لـە ئـەڤینۆن چـیتر ئـەم شـارە تەنـها پێگەیـەکی چاوپێکـەوتنی دیبلۆماسـی نـەما بـۆ کۆبوونـەوەی سـەفیرو کارگێڕەکان لەسەرانسـەری جیـهانی مەسـیحیەوە، بەڵکو بووە بازاڕێکی دارایی گرنگ کە بڕی پارەی وەهای بۆ دەهات و تیا خـەرج دەکـرا بـۆ ئـەو دەمە شتێك بوو خەیاڵی. دەسەڵاتی پاپا لە ڕۆمـا وەك هـێزێکی دارایـی توانـی زاڵ بێـت بەسـەر هـەموو میرەکـانی سـەروی ئیتالیـاو سـەرکردەو پیـاوانی بـانك و بازرگانـەکانیدا، تەنـها خـۆی دەیتوانـی بـە هێندایـی هـەمویان پـارە لـە بـواری ڕۆشـنبیریدا خـەرج بکـات و بگـرە زیـاتریش، بەمەش جڵەوی هونەر کەوتە دەست ڕۆما، دوای ئەوەی بەدەست فلۆڕەنساوە بوو.

هەرچەندە لە سەدەی پانزەدا [تەنانـەت لـە سـەردەمی سکستۆسـی چوارەمیشـدا (١٤٧١-١٤٨٤)] بنکەی پاپـەوی لـە ڕۆمـا خـاوەنی هیـچ هونەرمـەندێکی خـەڵکی ڕۆمـا نـەبوو، بـۆ مەبەسـتی کاروبەرهەمی هونەریش پشتیان بە وزەی دەرەکی دەبەست، لە بەناوبانگترین هونەرمەندەکانی ئـەو سـەردەمەیان بانگهێشت دەکـرد بـۆ کـارکردن لـە نمونـەی مازاتشـۆ، جنتیلـی دی فابریـانۆ، دۆنـاتێللۆ، فرائـەنجلیکۆ، بنوتسو گۆزۆلی، میلۆزۆ دا فۆرلی (Melozzo da Forli)، بنتۆرکیـۆو،

مانتێنـا. بـەڵام ئـەم هونەرمەندانـە گشـت لـە دوای تـەواوکردنی ئەرکـەکانیان شـارەکەیان جیّدەهێشت بیّئەوەی سادەترین ئاسەوار جگە لە کارەکانیان لە پاش خۆیان بەجیّ بهێڵن.

هەرچـەند ئـەو ماوانـە ئـەم شارە وەك چـەقێکی بەرهـەم هێنـانی هونـەریی بـوو بـەڵام نەیگەیاندە ئەو ئاستەی قوتابخانەیەکی هونەریی یاخود ڕێبازێکی هونـەریی تیا بەدەرکـەوێت کە خاوەن مۆرك و سیمایەکی ڕۆمانی خۆجێیەتی بێت.

پەیدابوونی ڕێبـازێکی لـەو جۆرە بەدەرنەکـەوت تـا سـەردەمی پاپەویـەتی یولیۆسـی دووەم (١٥٠٣-١٥١٣) دوای جێگیربوونی برامانتی و مایکل ئەنجیلۆ و دواتریش رافاییل، کە هەموو تواناو شارەزایی و بەهرەی خۆیان خستە خزمەتی پاپاوە. ئەمەش سەرەتای یەکەم بوو بۆ ئـەو مـاوە پڕ چالاکیـە هونەریە ناوازەیەی کە بەرەنجامەکەی بەو ئاسـەوارە بـە نـرخ و باڵایانـە هـات لـە ڕۆما. ئەوانەش ئاسەوارهایەکن مەزنترین گەواهی -بەڵکو تاکە گەواهی- دەدەن لەسەر مەزنێتی و لوتکـەی سـەردەمی ڕێنیسـانس، کـە نـەدەکرا ئـەم مەزنێتیـە بێتـە بـوون تەنـها بـەو بـارە ڕەخساوەی بنەکەی پاپەویەت نەبێت.

ئەم ماوەیە بوو بە سـەرەتای پێگەیشتنی هونـەرێکی کڵێسـایی نـوێ لـە بەرامبـەر هونـەری سەدەی پانزەدا -کە ڕێڕەوی بنەڕەتی دنیایی بـوو-. لەگەڵ ئەمانەشـدا زۆری گرنگی دانـی ئـەم هونەرە لە بەها ڕۆحانیەکاندا نەبوو کە لە سەروی ئەم جیهانەوەیـە، بـەڵکو تـەرخانی ویقار و باڵایی و کەشخەیی و شکۆمەندی کرابوو، هێمنیەکی هەڵکشاو و بەرز جیّی هەستێکی مەسیحی گرتـەوە دەربـاری ئـەو دنیـا کـە قوڵ ڕۆچوبـووە دەرونـی مرۆڤایەتیـیەوە. ئەمــەش بـۆ خـۆی گوزارشتێك بوو لە باڵابوونی جەستەیی سەرباری ئاوەزیی.

مەبەستی سەرەکی پاپاکان لەهەر کڵێسایەکی گەورەو بچووك‌و، قوربانگەیـەك و فوارەیـەکی شۆردنگە، بە دەست هێنانی نەمریی بوو بـۆ خـودی خۆیـان، بـە ڕاددەیـەك هێنـدەی بیریـان لـە شکۆمەند ڕاگرتنی خۆیان دەکردەوە هێند سەرقاڵی شکۆمەندی یەزدان نەبوون.

لە سـەردەمی فـەرمانڕەوایی لیۆی دەهـەمدا (١٥١٣-١٥٢١) ژیـانی تـەختی فـەرمانڕەوایی ڕۆمـا گەیشتە چڵەپۆپەی. ئەنجومەنی پاپەوی هەر لە تەختی ئیمپراتۆری دەکرد، ماڵی کاردینالـەکان لە شێوەو ڕازاندنەوەیاندا نزیك بوو لە کۆشکی بچوکی ئەمیرەکانی ئەو دەمەوە، ماڵی پێشڕەوە ڕۆحانیـەکانیش لـە ماڵـە ئەرسـتۆکراتیەکان دەچـوو کەلـە نێوانیـاندا پێشـبڕکیّ جوانـی و کەشخەییان دەکرد.

زۆربەی کارگێڕی کڵێساکان و پێشـەوا ئاینیـە لوتکەکان وابەسـتەی هونـەر بـوون هـەر لـە سەرەتاوە، هونەرمەندانیان لە پێناو نـەمری نـاوی خۆیـاندا بـەکارهێنا، جا لـە ڕیّ پێشکەش

کردنـی دیاریـەوە بێت بـە هونـەری کڵێساکان یـاخود لـە ڕێی بوونیـات نـانی کۆشـکەکانیان و ڕازاندنەوەی بێت.

پیـاوانی دەوڵەمـەندی بانکـەکانیش بـە دەسـتێکی تـر [لە سـەرو هەموشیانەوە ئاجوسـتینۆ چیجـی (Agostino Chigi) هـاوڕێی رافـاییل و پـەروەردگاری] لـە پێشـبڕکێدا بـوون بەرامبـەر پیاوانی ئاینی بۆ چاودێری کردنی هونەر، بەمەش لە بـەهای ڕۆمایـان زیـادکرد وەك بـازاڕێکی هونەر، بە پێچەوانەی چینە دەسەڵاتدارەکانی شارەکانی تری ئیتالیـاوە (بـە تایبـەت فلۆڕەنسا) کە بە شێوەیەکی گشتی هاویەك بوون، چینی باڵای ڕۆما لە سێ دەستە پێك هاتبوو:

یەکەمیان: ماڵی پاپاو خێزان و خزمەکانیو، پیاوانی پلەبەرزی ئـاینیو، دیبلۆماسـیە ئیتـالی و هەندەرانیـەکان و کەسـایەتی زۆری تـر کـە خـاوەن بەشـی خۆیـان بـوون لـە شـاکارە پاپەویەتەکاندا. ئەندامانی ئەم دەسـتەیە سـەراپا لـە پشـتگیریی کـەرەکانی هونـەربوون خـاوەن خواستێکی باڵاو لە مەزنترینی ساماندارەکان بوون.

دووەمیـان: پیـاوانی گـەورەی بـانك و بازرگانـە دەوڵەمـەندەکانی دەگرتـەوە کە بـاروزروفی خەرجکردنی پارە بەو لێشاوەی ڕۆمـا لـە خزمـەت دەوڵەمـەند بـوون و سـودو قـازانجی ئـەواندا بوو. بۆ نمونە ئاڵتوڤیتی Altoviti لە زیاترین دۆستەکانی هونەر بوو لـە بەخشینی سامانـدا لـە سەرانسەری ئەو سەردەمەدا. تا لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی ئەو سەردەمە جگە لە مـایکل ئەنجیلۆ کاریان بۆ ئاجوستینۆ چیجی کردووە[٢].

سێهەمیان: لـە ئـەندامانی خێزانـە ڕۆمانیـە کۆنـە ڕەسـەنەکان پێـك هـاتووەو هـەژاری بەرەنجامی باری ئابوری نوێ باڵی کێشاوە بەسەریانداو هیـچ ڕۆڵێکیـان لـە ژیـانی هونـەریدا بـۆ نەمابۆوە، تاکە شتێ بۆ مانەوەی خۆی کردبێتی هاوسەری کردنی کوڕو کچەکانیانە بە خێزانـە دەوڵەمـەندەکان، هـەر ئەمـەش هاوشێوەی ئـەو تێکەڵاوبوونـەی دروسـت کـرد کـە لـە میـانی سـەردەمی پێشوی فلۆڕەنسـاو شـارەکانی تـری ئیتالیـا ڕوویـدا بـە هاوبەشـی کردنـی چینـی پیاوماقوڵە کۆنەکان لە چالاکیە ئابوریەکانی چینی ناوەندا.

لە سەرەتای سەردەمی یولیوسی دووەمدا ژمارەی نیگارکێشە ئامادەبووەکان لە ڕۆمـادا خـۆی دەدا لە هەشت بۆ دە نیگارکێش کە دەکرێت بە ناو دەستنیشانیان بکرێت، بەڵام بیست و پێـنج ساڵی پێنەچوو کە سەدو بیست و چوار نیگارکێش تەنها لە دەسـتەی پیرۆزمـەند لۆقـادا کاریـان دەکرد.

بەشێکی زۆر لەم ژمارانە پیشەگەر بوون و داواکاری تەختی پاپا ڕایکێشابوونە ئەوێ ئەمە جگە لە داواکاری بۆرجوازیەتی دەوڵەمەند، ئەم هونەرمەندانە لە گشت لایەکی ئیتالیاوە دائەبارینە نێو ڕۆما.

بەڵام ڕۆڵی پیاوانی ئاینی و بانکەکان هەرچی چەندێ بێت لە گرنگیدا وەك خاوەنی کارەکان، ئەو سیمایەی هونەری نێوەندی ڕێنیسانس زۆر بە ڕوونی جیائەکاتەوە کارکردنی بە تەنهای مایکل ئەنجیلۆیە لە ڤاتیکان. زۆربەی کارەکانی رافاییل تایبەت بوون بە خۆی واتە بۆ خۆی تەرخان بوون لە کارکردنیاندا. ئەم ڕاستیەش گرنگیەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە پەرەسەندنی شێوازی کارکردنی ئەو سەردەمەدا، ئەم شێوازەش تەنها لە خزمەت کردنی پاپادا لە توانادا بوو بەدەربکەوێ کە شێوازێکی باڵابوو (maniere grande) ڕێڕەوە هونەریەکانی قوتابخانە ناوخۆییەکانی تر لە چاویدا بە مۆرکێکی ناوچەگەرایی خاوەن پلەهایەکی جیاواز دەرئەکەوتن.

ڕووەو خواستێکی کلاسیکی:

مەرگ ڕێگەی نەدا لۆرینزۆمیدتشی پێ بنێتە سەدەی شانزەهەمەوە، بە چەندساڵێکی کەم بەر لە دەستپێکردنی ئەم سەدەیە لۆرینزۆ گیانی سپاردبوو، جێگرەکەشی دوورخرایەوەو هەرچی هەڵگری ئالاشە "Gonfaloniere" پیترۆسۆدرینی وڵاتی بە ئاڤارێکی بۆرژوازیدا برد. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێشتر هۆکارهایەکی ڕیخۆشکەر هەبوون بۆ گۆڕانکاری بەرەو شێوازێکی هونەری کورتوازی (Courtly) نمایشگەرای فۆرمالیستی وردەکار، سەرەتاگەلەکانی ئاراستەکراو بۆ چێژێکی بلاوی نوێ دانرابوو و توانیبوی دانپیانێکی گشتیش بۆ خۆی بەدەست بێنێت، تەنها شتێك کە بۆ پەرەسەندن مایەوە گرتنی هەمان ڕێگە بوو، بێ هیچ پاڵ پێوەنەرێکی نوێی دەرەکی. ئەم ڕێڕەوە لە بنەمایدا پارێزگارا بوو لەبەر ئەوەی ڕووەو یاسایەکی فۆرمی هەتاهەتایی پەیت دەچوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتن خواز بوو بەوپێیەی هەڵوێستێکی شێوازگەرای سەردەمەکەی خۆی بوو.

ئەم شێوازە وەختێ لە شاکارەکانی ڕۆمادا خۆی گەیاندە چڵەپۆپە، لە وێنەی ئەم شێوازە بەرز و ناوازەیە لە هیچ جێگەیەکی تردا بەرچاو نەدەکەوت، چون توخمەکانی ڕۆشنبیری و زانست بە قوڵاییدا ڕۆچوبوون، ئەمە بێ لەو ئاستەی لە چارەسەرکردنی کێشە باڵاکانی ڤاڵبی هونەریدا تیا ڕاوەستابوو. گەر لە هونەری ڕێنیسانسی پێشکەوتودا خەڵکی گشتی تێگەیشتنێکی (هیچ نەبێت) خوارو خێچیان بۆ هونەر هەبووبێت و هەندێ خاڵی کەمی پێك گەیشتنیان لەگەڵیدا بووبێت، ئەوا لەم هونەرە نوێیەدا جەماوەر هەموو پەیوەستیەکی لەگەڵ هونەردا لە

دەست دا، هونەری نوێ هیچ پابەندییەکی لە دوتوێی خۆیدا بۆ خەڵکی هەڵنەگرتبوو. ئەبێت کارێکی وەکو "قوتابخانەی ئەسینا"ی رافاییل چ مانایەکی بۆهەڵگرتبن، یاخود (Sybils)ی مایکل ئەنجیلۆ، ئەمەش لە کاتێکدا گەر دەرفەتی ئەوەیان بۆ لوابێت چاویان بەم کارانە بکەوێت؟!

لە واقعدا خودی نمونەی ئەم کارانە هونەری کلاسیکی سەردەمی ڕێنیسانسی تیا ئەفرا، ئەو هونەرەی وای ڕاهێنایین گشتگیرییەك ببەخشینە ماناکانی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاڕاستەی جەماوەرێکی بچوکی وا کرابوو کە لە هەموو ئەو جەماوەرانە بچوکتر بوو کە پێشتر هونەر دیالۆگی لەگەڵ کردبوون. تەنانەت کاریگەری جەماوەریی ئەم لە کاریگەریی جەماوەریی خواستی کلاسیکی یۆنانی سنوردارتر بوو، گەرچی هەردوکیان لە سیفەتێکی دیاریکراودا هاوبەش بوون: ئەویش سەرباری مەیلی بەلای شێوازگەرای ڕازاوەدا "Stylization"، دەستبەرداری ڕێبازگەلە لێکچووەکانی لەگەڵ سروشتدا نەبوو کە زاڵێتییەکی خۆی هەبوو لە ماوەی پێشوودا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری لەسەر قوڵکردنەوەی ئەو ڕێبازگەلە کردو هەرچی زیاتر پەیت کردنەوەی. هەروەك چۆن پەیکەرەکانی پارسینۆن جیایە بەوەی ڕاستترو هەرچی زیاتر هاویەکە لەگەڵ ئەزمونی ئاساییماندا لە چاو پەیکەرەکانی دەروازەی پەرستگەی زیۆس یاخود ئۆلیمبا وەك نمونەیەك، هەمان شت بابەتە تاکیەکانی نێوکارەکانی رافاییل و مایکل ئەنجیلۆ بە شێوەیەکی هەرچی زیاتر نزیك لە سروشتەوە چارەسەرکراون، ئازادتر و واقعی ترن لە بابەتی هونەرمەندەکانی سەدەی پانزەهەم.

لە هەموو هونەری نیگارکێشانی ئیتالیای پێش لیۆناردۆ دافنشیدا فۆرمێکی مرۆڤ بەدی ناکەیت شتێکی دزێو یا ڕەق هەڵاتو یاخود گرژبووی لەخۆ نەگرتبێت، گەر بەراوردی بکەین بەو فۆرمە مرۆڤیانەی کە رافاییل و فرابارتولومیو و ئەندریا دل سارتۆو تیسیان و مایکل ئەنجیلۆ نیگاریان کێشاوە. ئەو فۆرمە مرۆڤیانەی لە سەردەمی ڕێنیسانسی پێشکەوتودا بەرجەستە دەکران، هەرچی چەندێ دەوڵەمەند بێت لە وردەکارییدا، هەرگیز لەسەر پێی خۆی بە باوەڕو پتەوییەوە ناوەستێ، جوڵەکانیان هەردەم پڕ جۆش و خرۆشە، پەلوپۆکانی زەدەدار و لاوازو چروکە لە جومگەکانیدا، پەیوەندیشی بە جێگەی دەوروپشتیەوە هەمیشە پەیوەندیەکی ناڕێك و دژە، ئەو ڕێگەیەی پێی شێوە کراوە ناسروشتییە، ڕووناکیەکەشی دەستکردە. ئەو هەوڵانەی بۆ هاوشێوە بوون لەگەڵ سروشتدا درا لە سەدەی پانزەدا بەرهەمی نەبوو تا سەدەی شانزە کە تیا گەیشتە ئەنجامی خواستراوی خۆی. بەڵام ئەمە ناکاتە یەکسان بوونی هەموو شێوازی کارکردنی سەدەی شانزە، بەڵکو لە پرۆسێسی ڕازاندنەوەی شێوازگەرا

(Stylization)یشدا هەمان شت خۆی دەنوێنێت، کە بووە ئەفراندنی هونەرێکی کلاسیکی لە ناوەڕاستی سەردەمی ڕێنیسانسدا و پێشتر سەرەتای لە نیوەی سەدەی پانزەوە گرتبوو.

ئەلبێرتی بە خاوەن گرنگترین چەمکی نێو چەمکەکانی خواستی کلاسیکی دادەنرێت، ئەویش بەو پێناسەیەی بۆ جوانی کردی کە بریتییە لە ڕێککەوتن و گونجاندنی هەموو بەشەکان. ئەو وا لێکی دەداتەوە کە کاری هونەریی بە شێوەیەکی وا پێك هاتووە (یاخود پێك دێت) کە ئەستەمە بەشێکی لێ لابرێت یاخود جیابکرێتەوە، یا بخرێتە سەری بەبێ ئەوەی زیان بە جوانی گشتی بگەیەنێت. ئەم بیرۆکەیە[٣] لەسەر جوانی بوو بە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی تیۆری کلاسیکی لە هونەردا.

بەڵام چۆن هاوسەنگی دەکرێت لە نێوان ڕێککەوتنێکی ڕێژەیی لە فەلسەفەی هونەری ڕێنیسانسداو لە نێوان ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانەیەی لە خودی ئەو سەردەمەدا ڕوویان دا؟

هەڵبەتە مەبەست لە (ڕێککەوتنی ڕێژەیی) ئەو ڕێککەوتنەیە لە نێوان سەرەتا گرتنی خواستی کلاسیکی لە سەدەی پانزەهەمەوەو بەردەوام بوونی خواستی لێکچونە لەگەڵ سروشت لە سەدەی شانزەدا.

ڕێنیسانس لە ماوەی نێوەندیدا پارێزگاری لە ڕۆحی دڵسۆز بوونی خۆی بۆ سروشت کرد و پێوەندگە ئەزمونیەکانیشی هێشتەوە بۆ ڕاستیەکی جوانی، نەك هێندەو بەس بەڵکو زیاتر توندوتۆڵی کردن. هۆی ئاشکرا بۆ ئەمە ئەوەیە ئەم سەردەمە، هەروەك سەردەمی کلاسیکی یۆنانی -سەرباری هەموو ڕێبازهایەکی پارێزگەرا کە لە خۆی گرتووە- ماوەیەکی دینامی دەنوێنێت کە تیایدا پرۆسێسی بەرزبوونەوە لە پلەی کۆمەڵایەتیدا کامڵ نەبووبوو، لە بارێکی وەهاشدا ئەستەمە هیچ ڕێساو دانراوێك ببێتە دوا ڕێساو دانراوی دیاریکراو و گەشە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ دانانی ئاستێك و ڕاددەیەك بۆ پرۆسێسی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕێگرتن لەهەر بەرزبوونەوەیەکی تری پلەی کۆمەڵایەتی، هاوشان دەرۆیشت لە سەرەتای گەشەسەندنی چینی ناوەند و تێکەڵ بوونی بە چینی خانەوادە باڵاکان، لەسەر ئەم ڕێڕەوەوە دەتوانین هۆکاری سەرەتای سەرهەڵدانی تێگەیشتنی کلاسیکی بۆ هونەر لێك بدەینەوە لە سەدەی پانزەدا.

گەر گۆڕانکاری لە خواستی لێکچون لەگەڵ سروشت بۆ خواستی کلاسیکی هەروا بە خێرایی ڕووی نەدابێت، بەڵکو چەندان پێشەکی ڕێخۆشکەرییان بۆ کردبێت لە پێشترەوە بە ماوەیەکی درێژ، ئەمە وا دەکات بە ئاسانی مرۆڤ بکەوێتە هەڵەوە لە تێگەیشتنی هەر پرۆسێسێکی گۆڕانکاری سەرەکی کە ئەو دەمە ڕوویدابێت. ئەمەش لەبەرئەوەی گەر مرۆڤ سەرنجەکانی

پەیت کاتەوە بە ئاڕاستەی ئەو نیشانانەی گۆڕانکاری داهاتوو دەست نیشان دەکەن، سەرەتا لەو دیاردە گواستراوانەوە دەست پێ بکەین کە بۆ نمونە لە هونەری لیۆناردۆ و بیرجینۆدا هەیە، وا هەست دەکەین گۆڕانکاریەکان بەردەوام بوون بێ پچڕان، بەمەش هەست بە شێوەیەك لە حەتمیەتی لۆژیکی دەکەین و هونەری میانی نێوەندی ڕێنیسانس بە بەلەمێ تێئەگەین کە هەموو دەست کەوتەکان و بەرەنجامەکانی سەدەی پانزەی لەخۆ گرتبێ. بە دەستەواژەیەکی تر مرۆڤ بە ئاسانی دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە بڵێ پەرەسەندن و گۆڕانکاریەکان لە هەردوو شێوازەکەدا پەرەسەندن و گۆڕانکاریەکی ناوەکی پەیتە. گەر بڕووانینە ئەو گۆڕانکاریانەی لە هونەری کلاسیکی کۆنەوە بۆ هونەری مەسیحی ڕوویداوە، یاخود لە هونەری ڕۆمانسکیەوە بۆ هونەری غوتی، توخمهایەکی سەرەکی نوێی وا هاتۆتە ناوەوەو بە زۆریەکی وەها کە ئەستەمە لێکدانەوەی شێوازە نوێکەیان لەسەر بنەمای گۆڕانکاری و پەرەسەندنی ناوەکی بکەین -واتە بەو پێیەی تەنها چەند دژێکی لەخۆ گرتبێ یاخود ئاوێتەیەکی دیالێکتیکی شێوازە کۆنەکە بێت- بەڵکو دەبێت لەم بارەدا لێکدانەوەکانمان لەسەر هۆکارهایەك بنیات نابێت بە دوور لە هۆکاری هونەری و شێوازیی تایبەت.

بەڵام حاڵەتی گۆڕانکاریەکان لە سەدەی پانزەوە بۆ سەدەی شانزە جیاوازە، لێرەدا گۆڕانکاری لە شێوازدا بەبێ هیچ جۆرە پچڕانێکی ئەوتۆ ڕوودەدات، لەسەر هەمان ڕیتمی گۆڕانکاریی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و هاوشێوە لەگەڵ ڕیتمی ئەو گۆڕانکاریە کە خۆی لە خۆیدا پەیوەستەو پچڕانی لەخۆ نەگرتووە. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە بە شێوەیەکی میکانیکی خۆبەخۆ ڕووبدات.

گەر باری کۆمەڵایەتی لە کۆتایی سەدەی پانزەدا بە شێوەیەکی جیاواز پێشبکەوتایە واتە بۆ نمونە گەر گۆڕانێکی سەرەکی ئابوری یا ڕامیاری یا ئاینی ڕوویبدایە، لە جێی پتەو بوونی ڕێبازی پارێزگارا کە ڕێی لە پێشترەوە بۆ خۆشکرابوو -ئەو دەمە هونەر بەپێی ئەو گۆڕانە پەرەیدەسەند بە ئاڕاستەیەکی جیاوازدا، شێوازی بە ئەنجام گەیشتوی سەردەمی ڕێنیسانسی پێشکەوتوو جیاواز دەبوو لەوەی گەیشتە قۆناغی کامڵ بوون لە شێوازی کلاسیکیدا. چون گەر مرۆڤ بیەوێت سەرەتاگەی لۆژیکی بەسەر پەرەسەندنە مێژووییەکاندا پیادە بکات، دەبێت هیچ نەبێت دان بەوەدا بنێت کە کۆمەڵێك هەلومەرجی مێژوویی ئەکرێت چەند ئەنجامێکی جیاجیای هەبێت.

ڕاستە لە میانی بەراوردکارییەوە فلۆرەنسا چوێندراوە بە ئەسینا یاخود لۆرینزۆ میدتشی و پاپا لیۆی دەهەم بە بیریکلیسی یۆنانی، هەرچۆن کۆمەڵە کاری "ئارازی Arazzi" رافاییل بە

پارسینۆنی هونەری نوێ ناوزەد دەکرا، دەکرێت ئێمە ئەم لێکچواندنانە پەسەند بکەین، بە مەرجێ ئەو جیاوازیە گەورەیەی نێوان خواستی کلاسیکی کۆن و نوێمان بیرنەچێت، سەرباری هەموو لێکچونێکیان. گەر هونەری کلاسیکی نوێ بەراورد بکرێت بە هونەری یۆنانی زوو بە زوو هەست بە نەبوونی ئەو گەرمی و پەیوەستییە ڕاستەوخۆیە دەکرێت کە لە دوهەمیاندایە، چون کۆمەڵگەی ڕێنیسانس کۆمەڵگەیەکە لەژێر کاریگەریی یادەوەریەکانیدا دەژیا بۆ ڕۆژگاری پاڵەوانێتی و سەرکەشی ڕۆمانی و سوارچاکی سەدەکانی ناوەڕاست، لەبەرئەمە پەنای بۆ مۆرکێکی وەرگیراو و گەڕاوە بەرەو دوا بردووە، ئاڕاستە کلاسیکیەکەی نێویشی تا ڕاددەیەك دەستکردە، وەك پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتی و ئاکاریەکان بە شێوەیەکی دەستکرد. هونەری کلاسیکی دەیەوێت وەسفی کۆمەڵگەیەکمان بۆ بکات وەك ئەوەی دەیەوێت خۆی ببینێت و وەك ئەوەش کە دەیەوێت کەسانی تر ببینن. گەر سیمای ئەم هونەرە بپشکنین بە وردی، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت بە نزیکی هەموو لە وەرگێڕانێکی ئەو نمونە باڵا ئەرستۆکراتیە، پارێزگارایانە تێناپەڕێ، بۆ سەر زمانی هونەر کە ئەم کۆمەڵگە سەوداسەرەی جێگیریی و هێمنی پیاهەڵدەدات و باوەڕی پێیەتی. خواستی فۆرمگەرای هونەریی سەدەی شانزەش شتێك نیە هاوشان کاری ئەو ڕژێمە شێوەییە نەبێت کە پێکهاتەی هزرهایەکی ئاکاری و ئەو هەیبەت و شکۆداریەیە کە چینی باڵا لەو سەردەمەدا بەسەر خۆیدا سەپاندبووی.

هەرچۆن ئەرستۆکراتیەت و هەموو خاوەن ئاوەزە ئەرستۆکراتیەکان ژیانیان ملکەچی بڕیارێکی یاسایی شێوەیی ڕووکەشی کردبوو، تا لە ئاژاوەی هەڵچون بیپارێزێ. هەر بەو شێوەیەش گوزارشت کردنیان لە هەڵچونەکانی نێو هونەر وابەستەی چاودێریەکی قاڵبە ناکەسایەتی‌یە ڕووتەکان کردبوو.

بە لێکدانەوەی ئەم کۆمەڵگەیە ڕاگرتنی دەرون و سەرکوت کردنی هەڵچونەکان و خۆبەخۆیەتی و سروش و سەرگەرم بوون، باڵاترین ڕاسپاردەیە کە هونەرمەند هەوڵی پەیڕەوکردنی بدا.

لە سەردەمی کلاسیکیەتی ڕێنیسانسدا چیتر پیشاندانێکی دیاری هەست و سۆز نەما بەو زەقیەی وەك بۆ ماوەیەك لە سەردەمی غوتی دوادوا وە بەردەوامی لە سەدەی پانزەدا وەرگرت.

فرمێسك و ئازار و هاوار و ناڵین و پاڕانەوە و قوڵ هەڵبڕین و لە هۆش خۆچون بە یەکجارەکی ون بوون. چیتر مەسیح شەهیدێکی ئازاردراو نەماو بۆ جارێکی تر بووەوە بە میرێکی ئاسمانی و هەڵکشایە سەرو ئاستی لاوازی مرۆڤ. هەرچۆن ئیتر مریەم بە چاوێکی پڕ

گریانەوە سەیری کوڕە مردووەکەی نەکرد و تەنانەت دەستبەرداری هەر جۆرە ناسکیەکی بازاڕیی بۆوە بەرامبەر مەسیحی منداڵ.

بانگەوازی سەردەم سەراپا بووە هاوشانی لە هەموو شتێکدا، پوختەیی و وردەکاریی ئەو بنەمایانە بوون هونەر بەسەر خۆیدا سەپاندبووی و لە هاوشێوەیدا نزیک بوو لە ڕێسا سەپێنراوو پەیڕەوکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە. بیرۆکەی پوختەکاری لە هونەردا ئەلبێرتی بە خاوەنی پێشینەی دەزانرێت، ئەودەمەی وتی: "هەر کەسێ بیەوێت شکۆمەندی لە کارەکەیدا بە دەست بێنێت، پێویستە شێوە بەکارهێنانی پوخت کاتەوە بۆ ژمارەیەکی سادە لە شێوەکان. هەروەك چۆن ئەمیر و سەرکردەکان بە پوختی ووتارەکانیان لە هەیبەتی خۆیان بەرزدەکەنەوە، هەروەها پوخت و کەم بەکارهێنانی شێوە لە بەهای کاری هونەریی بەرزدەکاتەوە".

بیرۆکەی (چڕووپوخت Subordination) بووە بنەمایەك هەمیشە جێی ڕێکخستن و گونجاندنە ئاساییە ڕووتەکانی پێکهاتنی شێوەی دەگرتەوە.

هەڵبەتە ئەم لێکدانەوانە نامان گەیەنێتە ئەوەی بڵێین بنەمای دەسەڵات لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا یەکسانە لەگەڵ بیرۆکەی (چڕووپوخت) بوون لە هونەردا. چون گەر واشمان ووت تێکەڵ کردنەکەمان تەنها بە ووتە ئەبێت و بەس. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەیەك لەسەر بیرۆکەی دەسەڵات و ملکەچی بنیات نرابێت بێگومان گوزارشت کردن لە ڕژێم و دەرخستنی لە هونەردا بە شتێکی ئەرێتی دەزانێت، چون داگیرکردنی واقعە لە بری خۆپێسپاردنی.

کۆمەڵگەیەك ئەرکی ئەوە بدات بە سەرشانی هونەردا کە کۆمەڵی ڕێساو بنەما و پێودانگی وەك دیاردەیەکی هەتاهەتایی لە بڕاوە نەهاتوی بێ جووڵە و بێ کەموکوڕی بۆ بەرجەستەو بسەلمێنێ. لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا لەلای چینە باڵاکان و دەسەڵاتدارەکان هونەر پێش هەموو شتێك هێمایەکە بۆ هێمنی و ئارامی و جێگیریی کە خۆیان لە ژیاندا لە هەوڵی بەدیهێنانیا بوون.

لەبەرئەوەی گەر لە ماوەی نێوەندی ڕێنیسانسدا پێك هاتنی هونەریی پەرەیسەندبێ لە قاڵبێکی هاویەك و چون یەکی نێوان پارچە و بەشە جیاجیاکانداو، گەر واقعی بە زۆرەملێ لە سەمتێکی سێگۆشە یا بازنەدا دانابێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەر چارەسەری کێشەیەکی فۆرمی هەڵنەگرتووەو بەس، بەڵکو لە دوتوێیدا گوزارشتە لە تێڕووانینێکی جێگیر بۆ ژیانو، ئارەزوی هێشتنەوەی ئەو دۆخانەی چون یەکی ئەو تێڕووانینەیە.

کۆمەڵگەیەکی وا پێوەرێك لە سەرو سەربەستی کەسایەتی دادەنێت لە هونەرداو، پەیڕەو کردنی ئەو پێوەرە لەو میانەدا (هەروەك لە خودی ژیاندا) تاکە ڕێگەی زامنە بۆ گەیشتن بە کەماڵ. بەڵام سەدەی پانزە هەمیشە وەها وێنای جیهانی دەکرد کە لە گۆڕانکاریەکی بیکۆتای هەتاهەتاییدایەو، پرۆسێسی گەشەکردن ناکرێ برپاری تیا بدرێ و کەماڵ بوونیش لەخۆ ناگرێ. هەڵبەتە لە جیهانێکی وادا مرۆڤ هەست بە لاوازی و دەستەوسانی دەکات، مل بەرەو خۆپێسپاردنێکی کوێرانە دەنێت. لە بەرامبەر ئەم بۆچونەدا سەدەی شانزەهەم وا هەست بە جیهان دەکات خاوەن سنورێکی دیارو ئاشکرا. جیهان هەر بە هێندایی ئەوەندەیە کە مرۆڤ دەتوانێت پەی پێبەرێت، چیتر لەوە زیاتر نییە. هەموو کارێکی هونەریش لە ڕێگەی تایبەتی خۆی گوزارشت لەو واقعە هەمەکییە دەکات کە مرۆڤ توانیویەتی پەی پێ بەرێت.

هونەری ڕێنیسانس لەم سەردەمەدا هونەرێکی دنیایی بوو لە ڕێڕەوی گشتیدا. تەنانەت لە بەرجەستەکردنی بابەتە ئایینییەکانیشدا. بۆ گەیشتن بەم شێوازە نمونەییە نەهات جیهانی سروشتی لە بەرامبەر جیهانی سەرو سروشتی دابنێت، بەڵکو بە دۆزینەوەی ماوەیەك لە نێوان خودی بابەتەکانی جیهانی سروشتییەوە. ئەوەش ئەو ماوەیەیە کە لە جیهانی ئەزمونی بینیندا دەبێتە هۆی دۆزینەوەی جیاوازیەکان لە بەهادا هاوشێوە لەگەڵ ئەو جیاوازیانە هەیە لە نێوان دەستەبژێرو جەماوەری پانوپۆڕ لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. کاروبەرهەمەکانی ئەم سەردەمە جیهانێکی گشتگیری باڵامان بۆ وێنە دەکات پشت بەستوو بە پیشاندانی توخمهایەکی سەرەکی پەیت. بەڵام گەر بپرسین ئەم (توخمە سەرەکیانە) چی بوون؟ ئەوا لە وەڵامدا دەڵێین ئەو شتانە بوون کە دەمێننەوە بە جێگیریی، تێك ناچن و بۆگەن ناکەن، نرخ و بەهایان پێش هەموو شتێك لەخۆ بەدوور گرتنیدایە لەهەر شتێ کە تەنها سەپێنراوی واقع بێت و بە ڕێکەوت ڕوویدابێ. هەموو ئەو شتانەش کە سەدەی پانزە بە گرنگترین پەل و پۆی توخمەکانی واقعی دەزانی لە ڕاستەوخۆیی و بینراوی و خستنەڕوویی و تاکی لە دیدنیگای ئەم هونەرەوە شتێك نەبوون سەرەکی.

بەم شێوەیە دەستەبژێر خەیاڵی هونەرێکیان ئەفراند کە بەسەر هەموو زەمانێکدا پیادە دەبێت، کە هونەرێکی بەشەری هەتاهەتاییە، چون ئەم دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە دەیانویست قەناعەت بە خۆیان بێنن کە کە تواناو دەسەلات و سەنتەری ئەوان زەمان کاری تێناکات و تێك ناچێت و هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت.

بەڵام لە ڕاستیدا هونەری ئەم سەردەمە بە پێوەرە تایبەتەکانیەوە لە بەهاو جوانیدا، بەسترابوو بە زەمانەوەو دیاری کراو و بەرهەف بوو وەك هونەری هەر سەردەمێکی تر. چون

بیرۆکەی نازەمانی خۆی لە خۆیدا بەرهەمی زەمانێکی دەست نیشان کراوە، ڕاستی خواستی ڕەها لە ڕێژەیی بوونیدا جیاواز نىیە لە ڕاستی خواستی ڕێژەیی.

زیاترین توخمێکی هونەریی ئەم سەردەمە کە پابەندی زەمان و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان بووبێت نمونەی باڵایە لە جوانی چاکەدا Kalokagathia. ئەم توخمە ڕوونترین توخمێکە گوزارشت لە پشت بەستنی بیرۆکەکەی لەمەڕ جوانی لەسەر نمونە ئەرستۆکراتیە باڵاکان بکات لە کەسایەتیدا.

شتێکی نوێ نەبوو بۆ سەدەی شانزە کە جوانی جەستەیی پێگەی خۆی بەدەست بێنێتەوە- کە سەدەی پانزە بە چاوێکی هۆگرو شەیدایانەوە دەیڕووانیە شۆخوشەنگی جەستە، ئەمەش بە پێچەوانەی خواستی ڕۆحانیەوە بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا- بەڵکو ئەوەی نوێ بوو لە سەدەی شانزەدا جوانی و هێزی جەستەیی پێکەوە بوونە گوزارشتێکی ڕاست لە جوانی و گرنگی ئاوەزی.

سەدەکانی ناوەڕاست وەهای دەبینی کە دژایەتیەکی نەپساوە هەیە لە نێوان ژیانی ناهەستی و لە نێوان جەستەیەکی ناڕۆحانیدا، ئەم دژایەتیەش لە ماوەهایەکی دیاریکراودا پتەوتر دەبوو وەك لە هەندێ ماوەی تر، بەڵام بەردەوام جێگەی خۆی لە هزری خەڵکیدا داگیر کردبوو. لە سەدەی پانزەدا ئەم دژایەتییەی نێوان ڕۆحانی و جەستەیی کە سەدەکانی ناوەڕاست بانگەوازی بۆ دەکرد هێزو تواناو گرنگی خۆی لە دەستدا. چیتر گرنگی ڕۆحانی و ئاوەزیی پەیوەست بوونێکی بێ مەرج پەیوەست بۆوە بە جوانی جەستەوە. ئەمەش کێشەکەی بۆ هونەری ڕێنیسانسی سەدەی شانزەهەم ئاسان کرد، وای کرد بە یەکجارەکی ئەو گرژیەی نێوان سیفاتە ڕۆحانی و جەستەییەکان دیار نەمێنێت و وون بێت.

بەپێی سەرەتاکانی ئەم هونەرە هەرگیز شیاو نەبوو بۆ نمونە وتووێژکەرەکان (الحواریون) وەك جوتیارێك یا پیشەزانێکی ئاسایی وێنە بکرێن وەك ئەوەی زۆرجار لە سەدەی پانزەدا بە هۆگریەك و شەیداییەکی زێدە ڕەوانەوە وەها وێنە دەکران. لە دیدنیگای ئەم هونەرە نوێیەوە پەیامبەرەکان و وتووێژکەران و شەهیدان و پیرۆزمەندان کەسایەتی نمونەیین، ئازاد و مەزن، بەهێزو بەشکۆ، سەنگین و جیدی.

بە واتایەکی تر ئەمانە لە ڕەگەزێکی پاڵەوانی وەهان لە لوتکەی جوانیەکی هەستی کامڵدا. لە کارەکانی دافنشیدا هەندێ سەمتی سەر بە ژیانی ڕۆژانە بەرچاو دەکەوێت هاوشانی ئەو شێوە باڵایانە، بەڵام تەنها شێوە پڕ شکۆ باڵاکان هێدی هێدی دەمان گەیەننە ئەو بڕوایەی کە شایەنی مانەوەو بەرجەستەکردنی هونەریی بوون. ئاوگێڕەکەی نێو تابلۆی (ئاگر لە بۆرجۆ)ی

ڕافاییل سەر بە هەمان ڕەگەزە کە فەریکەکانی مایکل ئەنجیلۆ و دەگرێتە خۆ -کە ڕەگەزێکی زەبەلاحە، پڕ چالاکی و گورجوگۆڵیە، باوەڕی بە خۆیەتی، هەموو هەڵسوکەوت و جوڵەیەکی هاوسەنگی و هێمنی تیا بەدی دەکرێت.

شکۆمەندی ئەم فۆرمانە لە ئاستێکدا بوو ڕێ درا بە ڕووتی نیگاریان بکێشرێت، سەرباری ئەو ڕقە کۆنەی چینە ئەرستۆکراتیەکان هەیان بوو بەرامبەر بەرجەستەکردنی لەشی ڕووت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فۆرمانە هیچ شتێك لە شکۆمەندیان کەم نەبۆوەو دانەبەزی لە چاوی ئەو چینەوە. لە پێکهاتەی پڕ بەهای لاکانیدا و لە گونجاندنێکی شیك پۆشی جوڵەیدا و لە شکۆمەندی و سەنگینی هەیکەلیدا، هەمان گوزارشت بەدی دەکەین و هەست پێ دەکەین لە بالآیی کە ئەو جل و پۆشاکە قورس و ئەستور و خاوەن چرچە قوڵانە پێمان دەبەخشێت، کە ساتێ لەبەرکەرەکەی پێوەی هەڵسوکەوت ئەکات و دەجوڵێ دەنگێکی نزمی تایبەت دەردەکات و هەمیشە شیك پۆشیەکەی پارێزراوە، بە گرنگی پێدان و ئاگاداریەوە هەڵبژێرراوە.

ئەم سەردەمە لە هەڵبژاردنی نمونەی بالآی کەسایەتیدا پەنای بردە بەر بیروباوەڕەکانی پیاوێك کە وێنەی کەسایەتی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لەلای ئەم نووسەرەی تەختی کۆشکەکان ئامادەبوو. ئەم نووسەرە ڕۆشنبیرە (باڵدەسار کاستیلۆنی)ـە خاوەنی کتێبی کۆرتیجیانۆ(Cortegiano)[٤].

ئەم سەردەمە بەوەوە ڕانەوەستا تەنها سودمەندی بیروڕاکانی ئەم کتێبە بێت بەڵکو زیادەڕۆییشی تیادەکرا. هەموو سیما دیارەکانی نێو نەخشە بۆ کێشانی سەردەمی ڕێنیسانسی ناوەند بۆ مرۆڤ لە هونەردا، پێشتر لە نمونەی بالآی هونەری کۆشکەکاندا وەك چەند خاڵێکی سەرەکی ئامادەبوون، بەڵام ئەمە وای نەکرد ئەم هونەرە نوێیە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەهەندەکانی کەسایەتی لای کاستیلۆنی، بەڵکو لە واقعدا شێوەی پاڵەوانێتی ئەم سەردەمە، بە خواستی (جوانی چاکە)شەوە Kalokagathia شتێك نەبوون وەرگێڕانێکی ئەم نمونە بالآ مرۆڤی و کۆمەڵایەتیە نەبێت بۆ زمانی هونەرێکی بینینی. لە فۆرمەکانی دوتوێی هونەری سەدەی شانزەدا توشی هەمان ئەو هێمنی و ئارامیە دەبین "کە کاستیلۆنی لە بیروڕاکانیدا ئاماژەی پێداوە" لە سیماو ڕووکەشداو ئەو ئازادیەش کە لە جوڵەو هەڵسوکەوتدایە. گۆڕانکاریەکان لە چاو سەردەمی پێشوودا هەر بە هێندە قایل نەبوو بەڵکو خۆی کێشا بەرەو گۆڕانکاری لە توخمە فۆرمیە پەتیەکانیشدا؛ ئەو شێوە لاوازە لە ڕەی سەر بە سەردەمی غوتی بوو، تا ئەو هێڵە پچرپچرە هەناسە کورتانە، لە سەدەی پانزەدا، دەستی کرد بە پەیداکردنی ناسکی و گونجاندنێکی دڵنیا لە خۆی و زیندویەکی لە ڕاددەبەدەر و چەمانەوەیەکی پڕ جوانی و ناسکی

خەرامانی، بە کەماڵێك گەیشت کە لە هیچ هونەرێکی تردا نەبینراوە هەر لە سەردەمی کلاسیکی کۆنەوە.

هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانسی ناوەند چیتر بە جوڵە کورتە، تیژە، بە پەلەکان و ئەو ڕێك پۆشیە حەساوە هەڵچووە سەرسام نەمان و هیچ چێژێکیشیان لیْ وەرنەدەگرت، ئەمە بێ لەو جوانیە هەڵگوشراوە، ناکاملْ و ناپێگەیشتوە کە لە سیماکانی فۆرمی مرۆڤی سەدەی پانزە بوون. هەرچی ئەوان بەهێزێکی لەبن نەهاتودا هەڵیان دەداو پێگەیشتوێتی تەمەن و جوانیان لا مەبەست بوو، ئەوان ژیانیان بەرجەستە دەکرد وەك ئەوەی کە هەیە، نەك لە لایەنی پرۆسێسی گۆڕانکاریەوە، چون پێشتر ئاماژەی تەواومان بە خواستی جێگیریی و ئارامی ئەم سەردەمە داو خودی ئەم سەردەمەش لە پێناو کۆمەڵگەیەکدا کاریان دەکرد کە لە خەڵکانێ پێك هاتبوو گەیشتبوونە جێ و ڕێی و پلەی خۆیان ئەشیان ویست هەموو شتەکان و خودی خۆشیان هەروا بمێننەوە. لە هونەرمەندانیش بەشداری کردنی ئەو هەستە پارێزگەرایەیان دەویست.

گۆڕانکاری لە چێژدا گەیشتە ئاستێك لە قوڵی تەنها بە جل و بەرگ و ڕازاندنەوەو شمەکی بەکارهاتوی ڕۆژانەوە نەوەستا کە گۆڕانکاری لە ڕەنگ و بریسکەیاندا بکرێت، بەڵکو ئەم گۆڕانکاریەیە قوڵە بووە هۆی خۆپاراستن و بەدورگرتنی خودی هونەریش لە باق و بریق و زەقی ڕەنگکردنی کراوە کە هەرچی زیاتر لە سەدەی پانزەدا باوبوو. هەر سەرەتای ئەم گۆڕانکاریە لە بینیندا بۆ ڕەنگ بووە مایەی دیارنەمانی بەکارهێنانی ڕەنگ لە تەلارسازی و پەیکەرسازیدا، خەڵکی ئەو سەردەمە تا ئەمڕۆش لە لایان قورسە کە وێنای کارەکانی پەیکەر و تەلارسازی یۆنانی بە ڕەنگینی بکەن. ئەم مێژووە مێژووی دیاریکردنی ڕەنگە لە ژیانی مرۆڤی مەدەنیدا، هەر لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جل و بەرگیەوە تا کەرەسەو شتومەکی پێویستی و ڕەنگی خانوبەرەو.. هتد، سەراپا لە سنوری ئەم دیاریکردنەدا وەستا.

ڕاستە پەخش بوونی ئەم بیروباوەڕە لەو سەردەمەوە تەنها هۆکارێك نیە بۆ ئەو دەستبەرداربوونەی مرۆڤی مەدەنی سەردەم هەیەتی هەر لەو مێژووەوە تا ئەمڕۆ، بەڵام بە سانایی دەکرێت بڵێین هۆکاری سەرەتایی و هۆکارێکی سەرەکیە.

سەردەمی ڕێنیسانسی ناوەند تەمەنی هێند درێژ نەبوو و ئەوەندەی نەخایاند، سەراپای تەمەنی لە بیست ساڵ تێپەڕی نەکرد. دوای مردنی رافاییل ئاخاوتن دەربارەی هونەرێکی کلاسیکی ئەستەم بوو کە ڕێبازێکی شێوازی گشتی بنوێنێت. لە واقعدا کورتی ئەم ماوەیەی سیفەتێکی جیاکەرەوە بوو بۆ هەموو ماوەکانی شێوازی کلاسیکی لەسەردەمە نوێیەکاندا،

چونکە ماوەی جێگیریی و ئارامی لە دوا کۆتایی سەردەمی دەربەگایەتی، ماوەهایەك بوون تەمەن کورت. بەڵام خواستی فۆرمی وردەکاری سەردەمی ڕێنیسانسی ناوەند (وەك شێوازی و تەکنیکی و جوانی) هەر فریودەر مایەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی، گەرچی بۆ جارێکی تر ئەو دەسەلات و پێشڕەوییەتیەی وەرنەگرتەوە لە هەندێ بزاڤی هەناسەکورتدا نەبێت، کە زۆربەیان دەستکرد بوون و هۆکاری فێرکردن پاڵپێوەنەریان بووە. لە لایەکی ترەوە ئەم خواستە سەلماندی کە لە گرنگترین تەوژمەکانی ژێرەوەی هونەری نوێیە، هەرچەندە شێوازی فۆرمی وردەکار، کە دامەزراو بوو لەسەر بنەمایەکی سەمتی پێوەریی، خۆی ڕانەگرت لە بەردەم دابەزینێکی سەرەکی بۆ لێکچونی سروشت لە سەردەمی نوێدا، بەڵام کارێکی کرد کە چیتر دوای سەردەمی ڕێنیسانس گەڕانەوە بۆ ئەو شێوازە فۆرمیە کەڵەکەبووە هەڵوەشاو و کەرتبوانە لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا زانرابوون شتێك بێت. ئەستەم. لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە وامان لێهات بڕووانینە کارێکی نیگارکێشان یاخود پەیکەر وەك ئەوەی وێنەیەکی پەیت کراوە بێت بۆ واقع کە لە تاکە گۆشەنیگایەکەوە تەماشای کرابێت. مەبەست ئاوێتەیەکی فۆرمییە کە لەو گرژیەی نێوان جیهانێکی پانوپۆڕ و خودێکی دابەش نەبووی بەرامبەر ئەو جیهانە دروست بووەو سەری هەڵداوە. ئەم جەمسەرگیریەی نێوان هونەر و جیهان ناوبەناوێك هێور دەبۆوە، بەڵام بۆ جارێکی تر هەرگیزاو هەرگیز دیارنەمانی تەواوەتی بەخۆوە نەدی.

ئالێرەدایە نمایشی ئەو کلتورە ڕاستەقینەیەمان بۆ دەکات کە سەردەمی ڕێنیسانس بۆی بەجێ هێشتوین.

قوتابخانەی هونەریی شارەکان

قوتابخانەی فلۆرەنسا، قوتابخانەی سیینا، قوتابخانەی ڤینیسیا

پێشتر ئاماژەمان بە ڕۆڵی قوتابخانەی سییینادا کە ئەو ماوەیەی هونەری نیگارکێشان لە فلۆرەنسادا گورێکی وەهای نەبوو. شاری سیینا پێشڕەوایەتی گرتە دەست لە سەدەی سیانزەدا بە هۆی هونەرمەندان دوسیو و سیمونی مارتینی تا بە ساستیا دەگات. هەر لەسەر دەستی هونەرمەندانی ئەم شارە ڕووناکی بۆ یەکەم جار هێنرایە ناو تابلۆ. لە سەدەی پانزەدا سیینا وازی لە پێشڕەوایەتیەکەی خۆی هێنا بۆ فلۆرەنسا، واتە ڕۆڵی قوتابخانەی سیینا زوو کۆتایی پێهات و لەم سەدەیەدا چووە پاڵ قوتابخانەی فلۆرەنسی و لە چالاکی بنوێنەی سێ بلیمەتەکەیدا داڤنشی و رافاییل و مایکل ئەنجیلۆدا توایەوە.

قوتابخانـەی سیٚهەم کـە خـاوەن پێگەیـەکی گرنگی مێژوویـە قوتابخانـەی ڤینیسیایە، کـە دامەزراندنی لەسەر پێگەیشتن و ئەنجامەکانی دوو قوتابخانەی پێشوو بوو، ئەم قوتابخانەیـەش وەك دوو قوتابخانـەی پێشوو خـاوەن نـاوی گەورەیـە لـە مێـژووی هونـەری جیـهانیدا. لـەو هونەرمەندانە جیوفانی بیللینی و مانتێنا و جۆرجیۆنی وتیسیان و تینتوریتـو و ڤیرۆنێزە و.. هتد بوون. چالاکی و کارکردنی قوتابخانەی ڤینیسیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی پـانزەوە دەسـتی پیٚکرد تا نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم.

لە نێوانی ئەم سیٚ قوتابخانەیەدا جیاوازی زۆر هەیەو لە هەمان کاتدا گرنگیشن، بە تایبەت لـە نێوان قوتابخانـەی فلۆرەنسی و ڤینیسیدا. هـەرچی دەربـاری قوتابخانــەی سـیینایە چـون هەناسە کورت بووەو لـە سـەدەی پـانزەدا ئاماژەمـان بـە چۆنیـەتی تـەکنیك و شـێوازی داو ئـەو گۆڕانکاری و نوێگەریانەمان دەستنیشان کرد کە تیـایدا بـە بەرهـەم هات، ئەمـە بیٚ لـەوەی لـە پاش خۆی و بە شێوەیەك یاخود چەند شێوەیەك لە شـێوەکان ئـەو داهێنانانـە لـەنێو هونـەری قوتابخانەی فلۆرەنسیدا ڕەنگـی دایـەوەو جێگیر بـوو. بۆیـە بەراوردکاریەکـەمان بـە شـێوەیەکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی دوو قوتابخانەکەی تر دەکەین.

بەراوردکاریەکانی نێوان قوتابخانەی فلۆرەنسی و قوتابخانەی ڤینیسی:

لەو ڕاستیانەی کە نابێت فەرامۆشی بکەین ئەوەیە کە قوتابخانەی فلۆرەنسی زووتـر سـەری هەڵداوە و پشت بەستوو بوو بە ڕێساکانی هونەری کلاسـیکی (یۆنـانی- ڕۆمـانی) بـە شـێوەیەکی گشتی، بەڵام قوتابخانەی ڤینیسیا سەرچاوەو سەرتاگەی لە هونەری کۆنــەوە[٥] وەردەگرێـت ئـەو سـەرباری سـودمەند بوونـی لـە دەسـتکەوتەکانی قوتابخانـەی فلۆرەنسا. ئـەو دەمــەی فلۆرەنسـا سەرگەرمی ماندوبوون بوو لە گەیشتن بـەو سەرکەشـیەی پـیٚ گەیشـت، قوتابخانـەی ڤینیسـیا ئەودەمــە زنجیرەیــەکی نــویٚی لــە توانــا نیگارکێشــەکان دەدۆزییــەوە. ئــیریك نیوتــن (لەو سـەرچاوەیەیدا کـە بـۆ نیگارکێشـان و پەیکەرسـازی ئـەوروپی نووسـیوە سـاڵی ١٩٦٤)[٦] وای دەبینێت فلۆرەنسیەکان کە زانستی ڕێکخستنی تابلۆیان تا ئەوپەڕی توانای بردە پێش، بـەڵام هەر نەگەیشتنە ئەو ڕاددەیەی ئەم زانستە لەگەڵ زانستی ڕەنگدا لێك بدەن، ئەمەش ئـەو شـتە بوو کە ڤینیسیەکان تیـا سـەرکەوتوبوون. بـەم دەستکەوتەشـیان زنجیرەیـەك لـە توانـای نوێیـان کردەوە.

وێنــە لای فلورەنســیەکان لــە ســاڵی ١٤٨٠ پێــك هــاتبوو لــە شــێوەو ڕەنــگ بــەڵام لای ڤینیسیەکان لە ساڵی ١٥٢٠دا شێوەیەکی ناپوختە بوو بە ڕەنگ. لەلای فلۆرەنسیەکان هەرچی

چەندیّ ڕەنگ گونجاو بوبێت خاوەن سیفەتێك بوو کە پێویست بوو بخرێتە سەر دیزاینی designکارەکە، بەڵام لای نیگارکێشە ڤینیسیەکان ڕەنگ شتێك بوو پەیوەست بە دیزاینەوە، کە جیابوونەوەی لێی نەدەزانی. ڕەنگی فلۆڕەنسیەکان پێویستیەك بوو لە پێویستیەکانی جەستەو ئەو کەرەسانەی پابەندی بوون: جلێکی سور یا درەختێکی سەوز، ڕەنگ دەکران بە سور و سەوز لە میانی سنوری ئەو جەستانەدا. بەڵام ڤینیسیەکان وەها سەیری ڕەنگیان دەکرد کە سیفەتێك بێتو، بەبێ ئەو زۆر بە قورسی نەبێت ناتوانرێت بە جل و درەختەکە بووترێت بوونیان هەیە.

ڕەنگ هەموو شتەکانی داگیرکردووە و لە میانی سنوری شتەکانەوە پێگەیشت وەك ڕووناکی، لە هەموو شتێکیش ئالا وەك هەوا. بەم شێوەیە یەکەی بوونیاتی نیگارکێشانی فلۆڕەنسی پێگەی خۆی چۆڵ کرد بۆ یەکەی ڕەنگی نیگارکێشانی ڤینیسی.

گەر سەرنجمان ئاراستەی هونەری پەیکەرسازی بکەین دەبینین باشترین قۆناغەکانی خاوەن پەیکەرێکی مەزن نیە لە قوتابخانەی ڤینیسیادا، بەڵام ئەو دەستکەوتە هونەریانەی بەدی هێنا زۆر گەورەتر بوون لە دەستکەوتی پەیکەرسازیی قوتابخانەی فلۆڕەنسا. یەکێ لە سیما سەرەکیەکانی هونەری ڤینیسیەکان سیمای تەکنیکە- Technical. هەر ئەم سیمایەشە وا دەکات هونەری ئەم قوتابخانەیە زیاتر بە نزیك دەرکەوێت لە هونەری (مۆدێرن و سەردەم)ەوە وەك لە هونەری فلۆڕەنسی. ئەم خاڵە بە ڕوویەکی تایبەت لەو گۆڕانکاریەدا دەرئەکەوێت کە لە بەکارهێنانی تێمپرا Temperaوە ڕوویان کردە بەکارهێنانی بۆیەی ڕۆنی Oil Colour بەو ئۆرتەی نێوەندێکی سروشتیە بۆ نیگارکێشان. هەروەها مەیلی گرنگی دان بە ڕووەکان کە بەرامبەرە بە مەیلی هێڵە دەرەکیەکان – Contour بێگومان سیمایەکی جیاکەرەوەی هونەری ڤینیسیەو بەکارهێنانی بۆیەی ڕۆنیش یارمەتیدەرو ڕێخۆشکەری ئەم لایەنەی بینگەی هونەرمەند بوو.

ڕەنگە قوتابخانەی فلۆڕەنسی کە بۆیەی ڕۆنی ڕەتکردۆتەوە لەگەڵ پێداویستیەکانیدا نەگونجابێت، بەمەش خۆی نەگونجاندووە یاخود پێویستی نەبووە خۆ لەگەڵ سروشتی ئەو ماددەیەدا بگونجێنێت، ئەنجامەکەشی لە دەست چونی ئەو تواناو بەرەنجامانەیە کە لەوزەو بەهای ئەم ماددەیەدا هەیە، گەر خۆ گونجاندنی قوتابخانەی فلۆڕەنسا لە دەمێکی زۆر زوترەوە دەستی پێ بکردایە وێنای شۆڕشێکی لێ دەکرا لە بواری نیگارکێشاندا.

هەردوو قوتابخانەکە جیان لە ڕووکەش و تەکنیکیاندا. فلۆڕەنسا هەمیشە شاری فەیلەسوف و پیاوانی هزر بووە لە بەرامبەردا وەك شاری شاعیران و مۆسیقییەکان سەیری ڤینیسیا کراوە، بلیمەتێتی شیعریی ئەم شارە پێ دزکێ کردۆتە نێو هونەرەکەیەوە.

هۆکارێکی تر کە ڕۆڵی گرنگی لە مێژووی هەردوو شارەکەدا گێڕاوە ئەوەیە فلۆڕەنسا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو سەرکەشییە مەدەنییەی بەخۆوە نەدی کە ڤینیسیا پیادەی دەکرد. فلۆڕەنسا سەنتەرێکی بەرهەم هێنی هونەر بووە، لەبەر ئەم هۆیەش پێداویستییەکانی کڵێسای دابین دەکرد و بەڕادەیەکی کەمیش خێزانە خانەوادەکان. بەڵام ڤینیسیا شاری بازرگان و کۆشکەکان و تەلارە مەدەنیە مەزنەکان بوو. لەبەرئەمە داواکاری لە لایەن شارەکەوە بە هێندایی داواکاری کڵێسە بوو لەسەر هونەرمەندەکان.

ئەزموونی کارکردنی هونەری و دروست کردنی پێکهاتە فۆرمیەکان سیمای یەکیەتیەکی شێوەو ناوەڕۆکی هەبوو یەکگرتنی ئەو دولایەنەش لە حەقیقەتێکی بەرجەستەدا شێوەو ڕەنگ پەیوەست دەبن، دەستبەرداری دژایەتیە زەقەکانی سێبەرو ڕووناکی دەبێت، بە مرامی هەرچی زیاتر دەرخستنی ڕاستیەکی هەستی ئیستاتیکی پەیت کە لە سیماکانی جیاکاری هونەری ڤینیسیە.

ئەمە بە گشتی ئەو خاڵی بەراوردکاریانە بوون لە نێوان هەردوو قوتابخانە هونەریەکەدا، گەر لەمە زیاتر لەمبارەیەوە بدوێین دەمان گەیەنێتە ووردەکاریی زۆر دوور کە ئەویش لە بینینێکی هەمەکیدا هەر ئەم خاڵانە دەگرێتەوە.

نیگارکێشانی سەردەمی ڕێنیسانسی زێڕین لە ئیتالیا:

ژمارەیەکی زۆر لە بلیمەتانی نیگارکێشانی ئیتالی بەشدارییان کرد لە گەیاندنی هونەری نیگارکێشان بە ئاستێکی باڵا لە توانا کە پێشتر لە مێژووی نیگارکێشاندا بەرئەنجامی لەوجۆرە بەدی نەهاتبوو، مەڵبەندی سەرەکی ئەم تواناییانەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە فلۆڕەنسا و دەوروبەریەوە بوو: ناوی داڤنشی، ڕافاییل، مایکل ئەنجیلو، بارتلمیۆو ئەندریا دیل سارتۆ و کۆریجیو دەرکەوتن. لە ڤینیسیاش جۆرجیونی و تیسیانۆ و تۆنتۆریتۆ و ڤیرونیزە ناوناوبانگیان سنوری بڕی.

سەرباری پاراستنی تایبەتمەندێتی کارکردنی هەریەك لەم هونەرمەندانە بە تەرزێکی جیاواز و تایبەت کە دەبێتە هۆکاری جیایی هەرکامێك لە سەردەمانی، بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت کە لە هەندێك تایبەتمەندێتیدا هاوبەش نەبن چون ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە کێشەی نێوان خواستی لێك چون لەگەڵ سروشتداو خواستی چوون بەرەو کلاسیکیەت دا کە لە پاشاندا

گەر بۆ ماوەی نزیك لە پەنجا ساڵیش بێت کێشەکە بە سەرکەوتنی خواستی کلاسیکیەت کۆتایی هات. ئەم خواستەش شتێك نەبوو دانان و پابەندبوون نەبێت بە ڕێساکانەوە کە ئەو دەمە ئەفرا. هەر بۆیە دەکرێت ئاماژە بە هاوبەشێتی ئەو هونەرمەندانە بدەین لە چەند تایبەتمەندێتییەکی دیاریکراودا کە لە سیماکانی قۆناغی زێڕین ڕێنیسانس دەژمێررێت. گەر ئەم ئەدگارانەش پوخت بکەینەوە ئەوا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

١-ووردەکاریی سادەکرایەوە لە وێنەدا و پتەوو پڕ لە ژیان دەرئەکەوت لە جۆرهایەکی سروشتیدا، هەرچۆن چرچ و لۆچی جل و بەرگ و قوماش و چنراوەکان زیاتر گرنگییان پێ دراو دەرکەوتن بە هێڵی بەهێز جێبەجێ دەکران.

٢-بەرەنجامی گرنگی دانی زیاتر بە زانستی بەربینە پانتاییەکانی قوڵی زیاتر بوون کە چاویان بە ئاراستەی خاڵێکی کۆتایی دووردا دەبرد.

٣-گرنگی دانێکی زیاتر درا بە چارەسەری سێبەرو ڕووناکی کە بووە مایەی زیاتر دەرکەوتنی بەرجەستەیی بینراوەکان.

٤-گوزارشتی زیاتر لە سیماو ڕووخساری کەسەکاندا دەرکەوت، ئەو ڕەق هەڵاتن و سەرەوت و خامۆشییەی لە دەموچاوی کەسایەتیەکاندا بوو دیاردەیەکی هونەرە ڕۆحانی و هونەرە میللی و خۆجێیەتییەکان بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ئەمە جگە لە گرنگی دانی زیاتر و چونە پێشەوەی توێکاری جەستەی کەسایەتیەکان بەمەش جوڵەی مرۆڤەکان دینامیکی تر بوون و ژیانێکی زیاتریان دەبەخشی. ئەمانە گشت سەرباری قوڵ بوونەوە لە بەرجەستەکردنی بابەتەکاندا، جا ئەم قوڵ بوونەوەیە بینگەیی بێت یاخود تەکنیکی. یاخود هەر هێنانی هەندێ بابەتی دوور لە ئاستی گشتی و نامۆ پێیان.

هونەرمەندەکان:

لیۆناردۆ داڤنشی (Leonard da Vinci) ١٤٥٢-1519

ئاسمان مرۆڤێ دەبەخشێ لە جوانی و زیرەکی و توانا تا سنورەکانی بەشەر بشکێنێ و بگاتە بێهاوتاییەکی خودایی. بیسەلێنێ بلیمەتیەکەی دیاردەیەکی یەزدانی لە ڕاددەبەدەرە نەك دەستکەوتێکی ئاسایی، لە لیۆناردۆدا سەرباری جوانیەکی ناوازە توانایەکی مەزنمان بینی بە جۆرێك هیچ گیروگرفتێك لەبەردەم ئەودا نەبوو بێچارەسەر.

ڤازاری

لیۆناردۆ ساڵی ١٤٥٢ له ئانشیانۆ -دێیەكی بچووك بووی سەر بـه شاری ڤنشی لـه دایكێكی لادێی له دایك بووه. ڤنشی شارێكه دەكەوێته نێوان بیزاو فلۆڕەنساوه، هـەر لەسـەر نـاوی ئـەم شارەشەوه ناونراوه له هەرێمی تۆسكانیا. له كەشـێكی ژیـانی لادێدا پـەروەرده بـووه كـه تیـایدا هۆگری جیهانی سروشت بووه هەر له نشونماكردنی جۆری ڕووەكەكانەوه تا باڵندەو گیانەوەر و مـێروو. ئەمـەش بـۆ خـۆی بـووه مایـەی گرنگیدانـی سـەرەتایی ئـەو بـه ژیـانی ئـەندامی. خۆشەویسـتی ئـەو بـۆ گیانلەبـەران وای لێ دەكـرد بـه بـازاڕدا بگـەڕێ بـۆ كڕینـی بـاڵندەو ئازادكردنی. ڤازاری دەڵێت: بەبێ زێدەڕۆیی داڤنشی لەگەڵ جوانی ڕوخساریدا هێند بەهێز بوو دەیتوانی ناڵی ئەسپ به دەستی خواركاتەوه و هێند ناسكیش بوو ئازاری دەكێشا بۆ باڵندەیـەك له قەفـەزدا، بۆیـه نرخەكـەی هـەرچی چەندێ بوایـه دەیدا تـا ئـازادی بكـات. ئەمـە سـەرباری جوانی ئەو پیاوه خاوەن شێوازێكی شیرینی گفتوگۆ بوو هاوسەردەمانی هۆگری بوون.

داڤنشی نیگاركێشێكی بێهاوتا و پەیكەرساز بوو، زانایـەكی بیركاری و لـه هـەوڵی داهێنـانی فڕۆكـەدا بـوو، فڕینـی باڵندەكـان زۆر سـەرنجیان ڕادەكێشا، ئـەو لـه دوای ئـەوەی لـه خوێندنـی یاسادا ئاسوده نەبوو (خواستەكەی باوكی كه ویستی وەك باپیری یاسا بخوێنێ و ببێته پیـاوێكی یاسایی بەدی نەهێنا) خوی دایـه بیركاری بـه جۆرێك كـه مامۆسـتاكانی دەستەوسان بـوون لـه وەڵامدانەوەی پرسیارەكانیدا، بۆچوون به دوای سەودایی فڕینی باڵندەشدا كەوته نیگاركێشانی باڵنده له هەموو جۆره حاڵەتێكی جوڵەو فڕینیدا[٧].

باوكی ئەم نیگارانەی برده لای ڤیریكۆ، ئەم مامۆستایه سەرسام بوو بەم نیگارانـەو ئامـاژەی بەوه دا كه ئەم مناڵه زۆر پێویسته بـەردەوام بێت لـه نیگاركێشاندا، بـەم شێوەیه داڤنشی بـه هاوڕێیەتی (بیروجینو) له ئەتێلەكـەی ڤـیریكۆدا كـاری كـرد وەك یارمـەتیدەرێكی مامۆسـتاكەی لەو كارانەدا كه له فلۆڕەنسا پێی سپێردرا له میـانی سـاڵانی (١٤٦٩-١٤٧٨). ڤیریكۆی زەڕەنگـەر و پەیكەرسـاز زیـاتر كارامـەیی لـه پەیكەرسازیدا هەڵكـەوتوو بـوو، بۆیـه گـەر بڕووانینـه كـاره پەیكەرەكانی لێكچونێك دەبینین لەگەڵ نیگاره سەرەتاییەكانی داڤنشـیدا، كـه گـەواهی كەوتنـه ژێر كاریگەریی مامۆستاكەی دەدات، جگه له مامۆستاكەی لەو دەمـەیدا كاریگـەریی نیگـاركێش (پۆلایۆلا)شی لەسەر بوو.

دەگێڕنـەوه سـاتێ ڤـیریكۆ توانـای داڤنشی دەبینێـت چـەندێ چووەتـه پێشـەوه لـه تـابلۆی (یوحـەننای پاكژكـەرەوه) دا، بـه ڕاددەیـەك سـەرو توانـای نیگاركێشـانی ئـەم كـەوتووه (بـه بـەراوردكاری نێـوان دوو فیگـەری مەسـیح و یوحـەننا كـه ڤـیریكۆ كێشـاونی و دوفیگـەری

فریشتەکان کە داڤنشی بەرجەستەی کردون) ڤیریکۆ بۆ یەکجاری واز لە نیگارکێشان دەهێنێت و تەنها لە پەیکەرسازیدا کاردەکات.

لیۆناردۆ- لە قۆناغی یەکەمی ژیانیدا کە دەکەوێتە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەوە- کۆمەڵێ کاری هونەری بەرهەم هێنا لە نێوانیاندا تابلۆی (مزگێنی) کە لە نێوان ساڵانی (١٤٧٢-١٤٧٣) دروستی کردووە، بەڵام لە هەموویان دیارتر تابلۆی (پاکیزەی بەردەکان)ە کە نمونەی ئوستادیو توانایە لە پیشاندانداو بێ وێنەییە لە گوزارشت کردن و هاوسەنگی کردنی نێوان جوانیەکی سروشتی و جوانیەکی نمونەییدا. دوای ئەوەی داڤنشی نامەیەکی بۆ دیوکی میلانۆ نارد ساڵی ١٤٨٣ (کە تیا نووسیبوو من ئامێری جەنگی جۆراوجۆر دەتوانم دروست بکەم و پردی بزۆك و گالیسکەی خێرا بە ئەفرێنم هەروەها من ئەندازیارێکی کارامەم.. لە دواییشدا دەتوانم پەیکەر لە مەڕمەڕوو برۆنز و بەرد دروست بکەم و وەك بە تواناترین کەسێك نیگاربکێشم..).

هەر بۆیە ئەو دەمەی سەفەری کرد بۆ میلانۆ تابلۆی (پاکیزەی بەردەکان)ی لەگەڵ خۆیدا برد و لە نێوەندی ئەویش، پێشوازی گەرمی لێکراو چەندان پرۆژەو کاریان پێبەخشی، لە دیارترینیان تابلۆی سیسیلیا جالیرانی بوو. ئەم ماوەیە داڤنشی ڕۆڵی خۆی وەك نیگارکێشی کۆشك بردە سەرو لە جوانترین کارەکانی بەدی هێنا لەوانە دیواربەندی (دوا شێو)ە کە لەسەر داخوازی یەکێ لە خەڵکی شاری میلانۆ دروستی کرد بۆ هۆڵی نانخواردنی برایانی دۆفیکان لە دێری ژنە پیرۆزمەند ماریادیل گراسیا لە نێوان ساڵانی (١٤٩٥-١٤٩٨). داڤنشی چ لەم تابلۆیەدا چ لە تابلۆی (پاکیزەی بەردەکان)دا گرنگییەکی باشی داوە بە سێبەری کەسایەتیەکان و دانانی سێبەر لە تابلۆداو گرنگی پێدانی بە ڕاددەیەکی پێویست لە دوا داڤنشییەوە بووە و بە تایبەت دوای ئەم تابلۆیانە. دەوترێت تابلۆی یەکەمیان لەژێر کاریگەریی نمونەیی زەوقی غوتیدا کراوە، بەڵام ئەوەی دیارو ئاشکرایە گرنگی نەدانی داڤنشییە لەم دوو تابلۆیەدا (یاخود لە کارەکانی ئەم قۆناغەیدا گشت) بە ڕەنگ، ڕەنگکردنێکی ڕاستەوخۆ کراوە کە لەسەر تەرزی کارەکانی "بۆتشیللی" بێت.

دەرباری تابلۆی (دواشێو) زۆر وتراوەو نووسراوە، لە دوای خۆشیەوە شارەزا هونەرییەکان یەك لە دوایەك لە ماوەی جیاجیادا کاریان لەسەر چاکردنی ئەو بەشانەی کردووە کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار تێك چون. لە جوانترین شتێك لەم تابلۆیەدا ئەو توانا گوزارشتیەیە کە هونەرمەند بۆی بەرجەستە کردوین لە میانی ئەو جوڵە کۆمەڵیەوەو ئەو ساتەوەختەش کە بۆ ئەو گوزارشت کردنەی هەڵبژاردووە، ئەوانەی پێش داڤنشی کە ئەم بابەتەیان کردبێتە ناوەڕۆکی کارێکیان هەمیشە ساتەوەختێکی پڕ خامۆشی یان بۆ هەڵبژاردووە، کە هەر کامێك لە

قوتابیەکانی مەسیح سەرقاڵی تێڕامانی خۆیانن تیایدا، بەڵام لیۆناردۆ لوتکەی ڕووداوەکەی هەڵبژاردووە ساتێ مەسیح ئاماژە دەدا بەوەی یەکێکیان خیانەتی لێدەکەن، لێرەدایە ئەم تابلۆیەی هونەرمەند خاوەن سیمایەکی درامیەو گرنگی تیا دراوە بە توێژینەوەی هەڵچونەکانو هەست و سۆز و خولیا تایبەتەکان.

لەم تابلۆیەدا خواستی کلاسیکی داڤنشی بە ڕوونی دەرئەکەوێت لە پێش هەموو شتێکەوە بەو مەندیەی بەخشیویەتیە مەسیح و کەمی بەکارهێنانی ڕەنگ و گرنگی دان بە زانستی بەربینە وەك دەبینین هێڵەکانی بنمیچەکە لە کۆتاییدا لە خاڵی پەنجەرەکەدا یەکدەگرنەوە کە لە پشتێنەی کارەکەدایە، ئەو ڕووناکیەی لە پشت سەری مەسیح دایە و سەرچاوەکەی ڕووناکی پەنجەرەکەیە وەك هالەیەکی چواردەوری سەری بەدەردەکەوێت لیۆناردۆ زۆرکاری ئامادەکاری بۆ ئەم تابلۆیە کردووە پێش جێبەجێکردنی کۆتایی کە هەمووی ئاماژەیەکن بە گرنگی و بایەخ پێدانی ئەو بە زانستی بەربینە. لە گرنگی دانیشیدا بە زانستی توێکاری تێبینی ئەوە دەکەین دەستی هەموو کەسایەتیەکانی بە مەبەست دەرخستووە، چون ئەو بڕووای وابوو گەر نیگارکێشی ڕەسەن بیەوێ بە وردی گوزارشت لە جەستەی ئادەمیزاد بکات، دەبێت ئاگاداری وردترین ئەندامی لەشی مرۆڤ بێ. سەرەتای بایەخ دانی داڤنشی بە زانستی توێکاری دەگەڕێتەوە بۆ تابلۆ سەرەتاییەکانی (تابلۆی پەرستنی مەجوسی) کە لەم تابلۆیانەدا توێژینەوەیەکی پێش وەختی زۆر دەبینین لەسەر لایەنی توێکاری فیگەرەکان، پێش کردنیان بە تابلۆ، ئەم پابەندیەیە قوڵ و هەمەکیە بە توێکاریەوە داڤنشی کردە خاوەنی باشترین کتێب لەسەر ئەم زانستە کە تا سەردەمی ئەو دەرکەوتبێت، پێدەچێت گرنگی دانی ئەو هەر لە سەرو وەختی سەرەتای کارکردنیەوە بەم زانستە بەشێکی باشی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی مامۆستایەکی تری کە هونەرمەند سنیوریللی(٨) بوو، بایەخدانی داڤنشی بە توێکاری هەر بە مرۆڤەوە نەوەستا بەڵکو گیانلەبەرانیشی گرتەوە.

داڤنشی لە میلانۆ لە بانگهێشتی دیوك سفورتزادا حەڤدە ساڵ مایەوە و پەیکەرێکی بۆ فرنشیسکۆ سفورتزا دروست کرد لەو میانەدا، دوساڵ تێپەڕی لە نێوان کۆتایی هاتن بە تابلۆی (دواشێو)(٩) و بەجێهێشتنی میلانۆ لەلایەن لیۆناردۆوە. ئەم دو ساڵە بە داوایەکی ڕەسمی مایەوە وەك زانایەك و داهێنەرێك کاری دەکرد و پلانی بەرگری کردن لە لۆمباردیای دانا دژ بە داگیرکاری فەرەنسیەکان.

لەبەر باری نائاسایی جەنگ لە میۆلانۆدا، ئەو پەیکەرە مەزنەی بۆ سفورتزای کردبوو کە هەر ئەسپەکەی نزیك هەشت مەتر بەرز بوو بێ لە ئەسپ سوارەکەی سەری، پێداویستی زۆری

جەنگ بە ماددەی ئاسن و برۆنز ڕێگەیان نەدا پەیکەرەکە قاڵبی بۆ بکرێ بە ئاسن و بە برۆنز دابڕێژرێ، ئەوکاتەش کە هێشتا دەنگی جەنگ نەبوو، لۆدڤیکۆی ئەمیری میلانۆ لە یادی ژنهێنانی خۆیدا پەلەی لە داڤنشی کرد بۆ پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکە کە هێشتا هەر بە قوڕ بوو، گەرچی تەواو بووبوو، وەك باس دەکرێت ئەو پەیکەرە شتێك بووە سەرسوڕهێنەر، لە هەموو لایەکی ئیتالیاوە خەڵکی دەهاتن بۆ سەیری و باسکردنی گەیشتە دەرەوەی ئیتالیاش. داڤنشی بۆ بەدی هێنانی ئەسپێکی وا زەبەلاح زۆر گەڕاو توێژینەوەی لەسەر جۆرەهای ئەسپ کرد، لەهەر جۆرێك دا شتێك یا چەند شتێکی بەرچاو دەکەوت کە بە دڵی نەبێت، بۆیە لە دواجاردا پەنای بردە بەر ئەندێشەی بێهاوتای خۆی بۆ بەدیهێنان و ئەفراندنی ئەسپێکی نمونەیی بەڵام بە داخەوە وەختێ ئەمیری میلانۆ تێك شکاو فەڕەنسییەکان هاتنە ناو شاری میلانۆوە، سەربازە فەڕەنسییەکان ئەم پەیکەرەیان کردە نیشانەو مەشقیان لەسەر دەکرد و لە هەموو لایەکەوە تیریان تێدەگرت. تا پەیکەرەکە بە تەواوی ڕووخا، لیۆناردۆ بەم کارە زۆر دڵگران بوو کە لەبەرچاوی خۆیدا کارەکەیان تێکشکاندو لەناویان برد، هەرچەندە ئەمیری فەڕەنسی فەرمانڕەوای میلانۆ زۆر پۆزشی بۆ هێنایەوەو داوای لێبوردنی کرد لە هەمان کاتدا پێشنیاری بۆ کرد کە لای ئەو بمێنێتەوە و مەلیکی فەڕەنسی بە داوایەکی تایبەتی بانگهێشتی کردووە بۆ فەڕەنسا بۆ پاریس هەموو هۆکارێکی حەوانەوە و چاودێری و ڕێزلێنانی بۆ داناوە، بەڵام ئەو کارەساتە بە جۆرێك دڵی داڤنشی شکاندبوو نەیتوانی ئەو داوایە قبوڵ بکات و زۆر بە ڕێزەوە داواکانی ڕەت کردەوەو میلانۆی بەجێهێشت بەرەو مانتوا کەوتەڕێ لەسەر داوای خوشکی ژنەکەی لۆدڤیکۆ کە ژنی حاکمی ئەو شارە بوو، ئەم ژنە زۆر وابەستەی هونەر بوو لە بەرزترین ئاواتەکانی ئەوەبوو داڤنشی سەردانی بکات و وێنەیەکی تایبەتی کەسایەتی خۆی بۆ دروست بکات، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە لیۆناردۆ کرا، بەڵام ئەوکاتە هونەرمەند ئارەزوی نیگارکێشانی نەمابوو هەرچی چۆنێك بێت پۆرترێتێکی بۆ کرد بەبێ ڕەنگ لەسەر کاغەز و مانتوای بەجێهێشت بەرەو ڤینیسیا کە ئەودەمە لەژێر هەڕەشەی داگیرکاری تورکە عوسمانیەکاندا بوو، ئەو هەرچەندە بۆ ئەوە چوو بوو بۆ ئەوێ تا توێژینەوە لەسەر ئەسپەکەی پیرۆزمەند مەرقەس بکات چون ناوبانگی پێش خۆی کەوتبوو بۆ ئەم شارە، پێشوازیەکی گەرمی لێکراو ڕێزێکی زۆری لێنراو داوای لێکرا کە لە دانانی نەخشەی بەرگری لەم شارەدا بەشداری بکات. هەر ئەودەمە هونەرمەند جلی ژێر ئاوی داهێنا بە ماددەیەك کە ئاو کاری لێنەکات هەرچۆن هێلکاری بۆ چەکێکی نهێنی ترسناك کرد کە وردەکاریەکەی تیا نەدرکاندبوو هێندە نەبێت کە سەدان سەرباز بە یەکجار لەناودەبات ئەمە سەرباری زرێپۆشی

ژێر دەریایی بۆ تێکشکاندنی کەشتی سەربازی، بەڵام هیچ کامێك لەم داهێنانانە جێبەجێ نەکران لەبەر تێچونی پارەیەکی زۆر و گۆڕانی نەخشەی عوسمانیەکان لە ئاراستەیاندا بە لایەکی تردا. لە ساڵی ١٥٠٢ چاوی بە سیزار بورجیای سەرکردەی ئەو هەرێمە کەوت کە میکیافیللی ڕاوێشکاری بوو، ئەو کردیە ئەندازیاری تەلارسازی و سەربازیی خۆی هەرچۆن پلەیەکی سەربازی پێبەخشی کە نازناوی ژەنەراڵ بوو، بەڵام هێندەی نەبرد سیزار کوژراو داڤنشی بەرەو فلۆڕەنسای زێدی خۆی گەڕایەوە، گەیشتبووە تەمەنی پەنجا ساڵی، جوانی و گەنجێتی لە ڕووخساریدا نەمابوو قژی ڕووتابۆوەو سپێتیەکی زۆر لە ڕیشی دابوو، بەڵام لە بوونیادیا هەر پتەوو بەهێز بوو بایەخێکی ئەوتۆی نەدەدا بە جل و بەرگ و دیمەنی، وەها دەرئەکەوێت کە لە تەمەنی خۆی گەورەترە.

بەڵام بە تەنها هەر ئەم نەبوو کە گۆڕابوو بەڵکو فلۆڕەنساش لەم گۆڕانەدا بەشداربوو، فەرمانڕەوایی خێزانی میدتشی بەسەرچوبوو ببووە کۆمارێك ئەنجومەنێك لە پیاوە خانەدانەکان و بازرگانە دەوڵەمەندەکان ڕێبەریان دەکرد ئەوکاتە فلۆڕەنسا لە خۆ ئامادەکردندا بوو بۆ جەنگێك دژ بە شاری بیزا، بێگومان داوا لە لیۆناردۆ کرا کە نەخشەی جەنگیان بۆ بکێشی ئەویش گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ئاوەی بە باش زانی کە (ڕووباری ئارنۆ)یەو دەچێتەوە سەر شاری بیزاو بەمەش ئاو لە دوژمنەکەیان دەبڕێت، نەخشەکە پەسەندکراو دەست کرا بە هەڵکەندنی ڕێڕەوێکی تر بۆ ڕووبارەکە، کارەکە زۆر بە خاوی دەڕۆیشت، لێرەدا بوو داڤنشی ئامێرێکی داهێنا کە زووبەزوو زەویەکە هەڵکەنێ، بەم شێوەیە ڕێڕەوی ئاوەکە گۆڕا بۆ هەزاران مەتر لە دەشتێکدا، بەڵام لە پڕێکدا کارەکە وەستا بە یەکجاری بەرەنجامی مۆرکردنی ئاشتی نێوان هەردو شارەکە، داڤنشی بیری کردەوە کە ئاوەکە بە چەند شارۆچکەو لادێیەکی سەر بە کۆماری فلۆڕەنسادا بەرێت ئینجا بچێتەوە سەر ڕێڕەوی بنەڕەتی خۆی بەڵام پرۆژەیەکی وا داهاتێکی زۆری تێ ئەچوو جێبەجێ نەکرا وەختێ زستان هات و ئاو زۆر بوو لافاو هەستاو بووە کارەسات لە ڕێڕەوە نوێکەیدا بە دەیان ماڵی جوتیاران بوو بە ژێرەوەو سەدان کێڵگە کاول بوو، هەرچەندە کارەساتەکە سروشتی بوو بەڵام چاوی لۆمەکردن و تاوانبارکردن چووە سەر داڤنشی بەم شێوەیە لیۆناردۆ ڕووەو شوێنی لەدایك بوونەکەی دێی (ڤنشی) ڕۆیشت لەوێ زیاتر بە هەوڵی فڕینەوە خەریك بو، ئەوەی دۆزیەوە کە دەبێت مرۆڤ بۆ فڕینی پەنا بەرێتە بەر دوباڵی گەورەی وەك شەمشەمەکوێرە. (هەر هەمان کات بوو کە پەڕەشووتی داهێنا) لە پێستەو چەرم و قوماشی پتەو باڵێکی گەورەی بۆ خۆی دروست کرد لەسەر لوتکەی چیایەکەوە بە ناوی (سەقاقوش) خۆی هەڵدایە خوارەوە، هەوڵەکەی شکستی هێناو خۆشی لە

مردن گەڕایەوە، ئەمانەی گشت بە نهێنی كردو ئەو كەسانەش كە ئەم باڵدارە زەبەلاحەیان دوراو دوور بینی سەرسام بوون و لەهەر شوێنێك باسیان دەكرد باوەڕیان پێنەدەكرا. ئیتر بۆ دواجار وازی لە هەوڵی فڕین هێناو گەڕایەوە سەر نیگاركێشان و تابلۆ تا ڕۆژێك یەكێك لە گەورەپیاوانی فلۆڕەنسا بەناوی (فرانشسكو دل جوكوندا) داوای لێكرد نیگارێكی ژنەكەی بۆ بكێشێ كە ئافرەتێكی گەنجی جوان بوو بە ناوی (مۆنالیزا)، بۆ یەكەمین جار داڤنشی هەستی بە خۆشەویستی كرد كاتێ چاوی بەم ئافرەتە كەوت، ئەودەمە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵ دەبوو، لە ساڵی (١٥٠٣ تا ١٥٠٦)[١٠] كاری تیا كردووە، تیپێكی مۆسیقای داناوە لە ساتەوەختی كاركردنیدا تا ئەو خەندە ئەفسوناویەی سەر دەمولێوی مۆدێلەكەی تێك نەچێت، وەختێ كارەكە زۆر دەخایەنێت مێردی ژنەكە شك پەیدا دەكات و داوای بە پەلە تەواوكردنی دەكات، بەڵام داڤنشی بە بیانوی ئەوەی پشتینەی مۆدێلەكە بە دیمەنێكی سروشتی پڕبكاتەوە، تابلۆكە دەباتە دەرەوە، چون نەیویست تابلۆكە بداتەوە بە مێردەكەی. كاتێكیش بانگهێشت كرا بۆ پرۆژەی ڕازاندنەوەی هۆڵی ئەنجومەنی ڕاوێژكاری فلۆڕەنسا، هێندەی تر بیانوی بۆ بوو تا تابلۆی مۆنالیزا نەداتەوەو دوای بخات. لەم تابلۆیەدا ئەفسوونێكی نادیار هەیە، ڕەخنەگرەكان هەتا ئێستا گفتوگۆو دیالۆگی لەسەر دەكەن، چاوەكانی بۆ هەركوێ بچی سەیرت ئەكەن، خەندەكەی سەرلێوی ڕازێكە بۆ خۆی كە تا ئەمڕۆ نەزانراوە، زۆری لەسەر وتراوەو نووسراوە، تەنانەت لای خودی داڤنشی خۆی زۆر ئازیز بووە، هەربۆیە لە دوای مێژووی دەركردنی تابلۆكە لە ماڵی (فرنشسكو دیل جیوكوندا) لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو جێگەیەكی بردووە، لە پێناو مۆنالیزیادا زۆر داوكاری تری ڕەت كردۆتەوە، لە ناوازەترین ئاسەواری هونەرە لە سەراپای سەردەمەكاندا كە باڵی كێشاوە بەسەر هەست و سۆزی نووسەر و شاعیراندا لە هەموو نەوەكان، هەر لە ڤازاری تا ڤالێری، ئێستاش بە بەردەوامی هەر ڕۆژەی لێكدانەوەیەك و ئاماژەیەكی نوێ لەخۆ دەگرێت، ساڵانە بە هەزاران كەس لە دەوری خول دەخۆن بۆ تەماشاكردنی، هونەرمەندان بە چەندەها جۆر دروستیان كردۆتەوەو سروشتیان لێوەرگرتووە. ناپلیۆن لە ژووری نووستنەكەی خۆی دایناوە كاتێ فەرمانڕەوایی فەڕەنسای كردووە. خۆشەویستی داڤنشی بۆ ئەم تابلۆیە تا ئاستێك بووە دەستبەرداری هەموو ماڵ و شتوومەك و كارەكانی تری دەبێت تەنها كتێبەكانی و نووسینەكانی و ئەم تابلۆیە نەبێت هیچی تر لەگەڵ خۆی نابات لە چونیدا بۆ میلانۆ جارێكی تر لە دوای پرۆژەی هۆڵی ئەنجومەنی ڕاوێژكاری. ئەمە بێ لەوەی كرێی كارەكەشی وەرنەگرتووە تا خاوەنەكەی بەمە دڵنیا بكات كە بۆی دەگێڕێتەوە.

لیۆناردۆ و مایکل ئەنجیلۆ، پرۆژەی هۆڵی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری فلۆڕەنسا

ئەوکارەی حکومەتی فلۆڕەنسا داوای کردبوو ڕازاندنەوەی هۆڵی ئەنجومەنەکەی بوو بەو ڕووداوانەی لە شەڕی ئینجیارا ی نێوان فلۆڕەنساو میلانۆدا ڕوویان داو فلۆڕەنسای تیا سەرکەوت. ئەوکاتە لیۆناردۆ دەستنیشان کرا بۆ ئەم کارە، وەختێ مایکل ئەنجیلۆ (کە دواتر دێینە سەر باسکردنی) بەم کارە دەزانێت (کە ئەوساتە گەنج بوو لە نزیکی بیست و پێنج ساڵێك دەبوو) ئامادەیی خۆی پیشان دەدات بە ڕازاندنەوەی بەشێکی ئەو هۆڵە، بۆچی؟ تا بەرەنگاری داڤنشی بکات و بیجولێنێ، دەستەی ئەنجومەنیش ڕەزامەندییان پیشان داو پێیان خۆش بوو چون دەیانزانی داڤنشی لە کارکردندا خاوە.

داڤنشی پێشتر ناوی ئەم گەنجەی بیستبوو چاوی بە پەیکەری (داود)ەکەی کەوتبوو، سەرسام بوو بە هەڵکەوتویی و بە توانایی، وەك بەرامبەرێکی ترسناك دەیبینیەوە کە لە میانی داهێنانی شاکارەکانی پەیکەرو نیگارکێشاندا پێشی بکەوێت. لەبەر ئەمە پەیوەندی نێوانیان باش نەبوو، ئەمە جگە لە جیاوازی خوو نەریت و سروشتیان و تەمەنیان لیۆناردۆ پیرو بێ دەنگ و بەدوور لە خەڵکی و سەرکز، بەڵام مایکل ئەنجیلۆ گەنج و پڕ لە ڕۆحی بەگژاچونەوە و توڕەیی خێراو هەرچۆن زۆر دڵنیا بە بلیمەتی خۆی.

تا جارێك هەندێ هاوڕێی مایکل ئەنجیلۆ لە گۆڕەپانێکدا داڤنشی ڕادەگرن و پرسیاری ئەوەی لێ دەکەن دادوەر بێت لە نێوانیاندا دەربارەی مەسەلەیەك کە بە شاعیری ئیتالی (دانتی ئالیجیاری) یەوە پەیوەست بووە. بەڵام لیۆناردۆ کە بێ زانیاری مایکل ئەنجیلۆی هاوڕێیانی نەزانیوە دەربارەی ئەم شاعیرە، زۆر بە سانایی وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ: (وا باشترە بچن لە مایکل ئەنجیلۆ بپرسن چونکە ئەو شارەزاترە لە دانتی و شیعرەکانیدا). وەختێ مایکل ئەنجیلۆ ئەم وەڵامە ئەبیستێ، لەناو کۆمەڵێکدا دانیشتووە هەڵدەسێتە سەرپێو چاوەکانی سوردەبن لە توڕەییدا، وای لێکدایەوە کە بەرامبەرە پیرەکەی گاڵتەی پێدەکات دواتر بە دەنگێکی پڕ بەرەنگاری و ڕق و گاڵتەپێکردنەوە هاواری لێکرد: (جا بۆچی خۆت بۆیان باس ناکەیت، ئەی ئەو پەیکەرسازە ترسناکەی نمونەیەکی بۆ پەیکەری ئەسپێ دروست کردبوو نەیزانی بوو چۆن بە برۆنز دایڕێژێ!.. بە ڕاستی خەڵکی میلانۆ بێمێشك بوون.. چونکە کارێکی وەهایان دا بووە یەکێکی وەك تۆ). داڤنشی تەنها بە وشەیەکیش وەڵامی ئەم گاڵتەپێکردنەی نەدایەوە، بەڵکو بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت. بەڵام ئەم خورپەیە سەرسامی کرد چون چاوەڕێی شتی وای نەدەکرد.

لێرەوە پرۆژە هاوبەشەكەیان بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەیەكی تاقیكردنەوەی ترسناك، هەردوو بلیمەت كەوتنە كاركردن لە بێ دەنگیەكی لێوان لێو لە بەرەنگاری و پێشبڕكێدا. زووبەزوو هۆڵە فراوانەكە بووە جێ كۆبوونەوەیەكی قەڵەبالغی خەڵكی، هەموو ڕۆژێ خەڵكێكی زۆر لەوێ كۆدەبوونەوە زۆر بە بایەخ پێدانەوە چاودێری هەردوولایان دەكرد، هەر كۆمەڵێكیان لەلایەك وەستابوون بەرامبەر یەكتری ببوون بە دوو كەرتەوە لە لایەنگرانی لیۆناردۆ و لە لایەنگرانی دلگەرمی بەرامبەرەكەی، تا وای لێهات مشت و مڕی زۆر توندوتیژ لە هەموو جێگەكان بەرپا بوو، لە شەقامەكان و گۆڕەپانەكان و ماڵەكاندا، دەربارەی ئەوەی چ هونەرمەندێكیان بە تواناترە لەوی تریان لە شێوازی كاركردن و جیاییدا، فلۆرەنسای ئەو ڕۆژگارە باسێكیان نەما ئەم باسە نەبێت، تەنها گرفتیان بوو بە بەدواداچوونی گۆڕانكاریە ڕۆژانەییەكان لە كاركردنی هەركامێكیاندا.

ئەو دیمەنەی مایكل ئەنجیلۆ هەڵیبژاردبوو كۆمەڵێك سەربازی ڕووتی نمایش دەكرد كە خۆیان لە ڕووبارێكدا دەشۆن تا بەهرەی لە بن نەهاتوی خۆی لە كێشانی ماسولكەكانی لەشی مرۆڤدا بۆ خەڵكی بخاتەڕوو لە ڕێی دیمەنێكی وەهاشەوە گوزارشت لەو هەموو ووزەو چالاكیە كۆكراوەیە بكات كە هێمایەكن بۆ هێز و نەهامەتی. بەڵام لیۆناردۆ ناوجەرگەی شەڕێكی توندوتیژی هەڵبژارد كە تیایدا ئەسپ سوارەكانی هەردوولا لە جەنگێكی كوشندەدان. شارەزایی ئەو لە هونەرەكانی جەنگ و نەخشەكانی وای كرد كە دیمەنەكە هێند بەرجەستە بێت وەك ئەوەی بووبێتە واقعێكی زیندو بۆ جەنگێكی ڕاستەقینە لەو بنمیچە[11] بەرزەدا. بە جۆرێك بینەرەكەی وای هەست دەكرد كە ئەسپەكان وا لە درزی دیوارەكانەوە دێنە دەرەوەو لە جوڵەیەكی چاوتروكاندا سوارەكان فڕێ دەدەنە سەر زەوی هۆڵەكە.

دوای چەند مانگێك ساتێ كارەكان تەواوبوون، مایكل ئەنجیلۆ چیتر نەیتوانی سەرسام بوونی زۆری خۆی بە ئەفراندنی بەرامبەرە پیرەكەی بشارێتەوە، بەڵكو گەواهی دا بە ئوستادی ئەو و لەبەردەمیا نوشتایەوە. هەتا خودی لیۆناردۆ خۆشی كە ناسراوبوو بەوەی گاڵتەی بە ئەنجامی كارەكانی خۆی كردووە، ئەم جارە نەیتوانی دڵخۆشی خۆی بەم شاكارە نایابە دەرنەخات. ئەو ڕۆژە خەڵكی فلۆرەنسا كۆبوون و كۆك بوون لەسەر ئەوەی داڤنشی باڵاترە لە توانایدا بەسەر بەرامبەرەكەیدا باڵاییەكی دیارو ڕوون، هونەرمەندی پیر زۆر شادمان بوو بەم سەركەوتنە، بەڵام ئەم خۆشیە دوای چەند ڕۆژێ بەبادا چوو، نەك هەر هونەرمەندەكە بەڵكو شاری فلۆرەنساش زۆر زویر بوون، چون داڤنشی وەك خویەكی ئاسایی خۆی جۆرە كەتیرەیەكی لەناو ڕەنگەكانیدا بەكاردەهێنا كە درەنگ وشك دەبۆوە و توانای پیانووسانی بە دیواردا بەهێز

دەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی تەم و تەپوتۆز و مەگەز نەنیشێتە سەر کارەکەو پیا نەنووسێت، ئەم کێشەیەی بە ئاگرکردنەوە لە جێگەیەکی ژورەکەدا چارەسەر دەکرد، هەروەها کرد لە هۆڵی ئەنجومەندا پاش تەواوبوونی کارەکەی بەڵام بە ڕێکەوت ئاگرەکە کلپەی کرد و بەرزبۆوە بۆ ئاستێکی نزیک لە بنمیچەکە، تا وای کرد ڕەنگەکان تێک بچن و تێکەڵ بن بەسەریەکدا، ئەوکارە مەزنە تێك چوو کە بە درێژایی ئەو چەند مانگە کرابوو. دەستەی ئەنجومەن سەرزەنشتی داڤنشیان کرد و داوای دووبارە دروست کردنەوەیان لێکرد، بەڵام ئەو دەیزانی ئەمە ئەستەمەو جارێکی تر ناتوانێت بەو گەرموگوڕیە کاربکاتەوە، لەوەبەدوا توانای هیچی نەما ئەوەندە نەبێت بیربکاتەوە چۆن فلۆڕەنسا بەجێ بهێڵێت بەرەو میلانۆ جارێکی تر، چون ئەو بانگهێشتەی بە بیرکەوتەوە کە جێگری مەلیکی فەڕەنسی لە میلانۆ کردی، ڕێکەوتیش وای کرد هەر لەو کاتەدا داوایەکی ڕەسمی لە میلانۆوە کرا بۆ داڤنشی کە بچێتە ئەوێ بۆ ڕێکخستنی میهرەجانێك لە پێشوازی کردنی مەلیکی فەڕەنسی لویسی دوانزەهەمدا، جگە لەم ئەرکەش مەلیکی فەڕەنسی خۆی داوای ئامادەبوونی داڤنشی کردبوو چون ئارەزوویەکی بەتینی هەبوو بۆ ناسینی ئەم بلیمەتە، دەستەی ئەنجومەنیش بۆیان نەدەکرا ڕەتی داوایەکی وها بدەنەوەو فەڕەنسیەکان لە خۆیان بئارۆژێنن و ئەمان تەنها کۆمارێکی بچوك بوون. بەم شێوەیە داڤنشی فلۆڕەنسای جێهێشت دوای ئەوەی بەڵێن نامەیەکیان پێ نووسی کە لە ماوەی سێ مانگدا بگەڕێتەوە بۆ دروست کردنەوەی کارەکەی، هەرچۆن نەیان هێشت سەفەر بکات تا بڕێکی گەورە پارەیان لێسەند وەك بارمتەیەك بۆ گەڕانەوەیی و جێبەجێکردنی کارەکەی لێی داواکرابوو. ئەویش زۆر لەوە زیاتری کرد وازی لە هەموو کەرەسەو شتومەك و پێداویستی‌یەکی هێنا تەنها تابلۆی مۆنالیزاو کتێب و نووسینەکانی برد.

فەڕەنسیەکان ڕێزێکی زۆریان گرت و خودی لویسی دوانزەهەم داوای لێکرد لەگەڵیا بگەڕێتەوە بۆ فەرەنساو بیکاتە ڕاوێژکاری سەربازیی و ئەندازیار و نیگارکێش و هاوڕێی تایبەتی خۆی، بەڵام داڤنشی داواکەی ڕەت کردەوە، لە میلانۆ خزمەتێکی زۆری دەکرا لەوێ مایەوەو سەرقاڵی گەڕانە زانستی‌یەکانی خۆی بوو لە توێژینەوە تەوژمە هەواییەکان و توخمەکانی تیشك کە بەرەو توێژینەوە لە چاوی مرۆڤی برد، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەرەو مەسەلەیەکی ترسناکی ڕاپێچ کرد، ئەویش توێکاری کردنی چاوی ئادەمیزاد بوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە لاشەی مرۆڤ هەبوو، کەوتە هەڵدانەوەی گۆڕ و ڕفاندنی لاشەی مردوی تازە بە تازەو توێکاری کردنی ئەمەش شتێك بوو بۆ ئەو سەردەمە زۆر مەترسیدار و پڕ سەرکێشی‌یە، داڤنشی توانی فەرمانڕەوای میلانۆ قەناعەت پێ بکات کە ئەم توێکاری کردنە

چەند سودی هەیە و پێویستە لە پێناو خزمەتكردنی زیندووەكاندا. دواتر ڕێی پێدرا لە خەستەخانەكاندا لەوپەڕی لوتكەی نهێنیدا ئەم كارە ئەنجام بدات، لەبەر ڕووناكیەكی كەم و بۆن و بەرامێكی زۆردا، تێبینیەكانی لە دەفتەرێكی تایبەتدا دەنووسی بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتریش بە نیگاركردن كارەكانی تەواو دەكرد، لێرەدا بوو لە گرنگی نیگاركێشان تێگەیشت لە میانی شیكردنەوەو باس كردن و لێكدانەوەی تێبینیەكانیدا، لە دەفتەرەكەی ئەوكاتەیدا نووسیویەتی: وا باشترە یاخود زۆر زیاتر وردبینانەتر و بەسودترە، كە مرۆڤ ئەوەی دەیەوێت وەسفی بكات لە ڕێی نیگاركردنیەوە بێت نەك بە ووشە.

نیگارەكانی هێند بە سەلیقەو وردبینیەوە ئەنجامدا كە ڕاستی زانستیانەیان گەیشتۆتە ئاستێكی بێوێنە، هەتا ئەمڕۆ هەر كتێبێك لەسەر ئەو زانستە بنووسرێ بە باوەڕو دڵنیاییەكی زۆرەوە پشت بەم ئەنجامانە دەبەستێت.

دواتریش دەستی دایە توێكاركردنی گیانلەبەران لە زۆربەی جۆرەكانی دەكۆڵیەوە، گەیشتە ئەو پرسیارانەی چ ئەندامێكی لەش لەوانی تر سەرەكیترەو كامیان لە وەستانیاندا دەبنە هۆی مردن؟ بەرەنجامی ئەم هەوڵانەی گەیشتە ئەوەی بوونەوەرەكان چەند بە بەهان، بە ڕاددەیەك بۆچی لە جەنگەكاندا وەها بە ئاسانی تیا لەناوئەبرێن؟ لەوەوە بڕیاریدا جارێكی تر لە هیچ بوارێكی سەربازیدا كارنەكات و گرنگی دانی خۆی ئاراستەی خزمەتكردنی ژیان بكات. ئامێری چنینی دروست كردو یەكێكی تریش بۆ ڕەنگكردنی قوماشەكان، ئامێرێكیش بتوانێ پێستە خۆش بكات. هەرچۆن كارگەیەكی بۆ دروست كردنی مۆزەی شوشەیی داناو ئامێرێكی نوێی بۆ چاپكردنی كتێب داهێنا كە پێش تایپ ڕایتەری ئەمریكیەكان كەوت بە ٣٥٠ ساڵ. نەخشەی بۆ دروست كردنی بەربەستەكان كێشا.

بەڵام ئەم هێمنیەی هونەرمەند تیا دەژیا چەند ساڵێكی خایاند بە جوڵاندنی پاپا یولیوسی دووەم ئەڵمان و سویسریەكان پەلاماری میلانۆیان داو فەرمانڕەوای شاركوژراو داڤنشی سەرلەنوێ پێداویستیەكانی خۆی پێچایەوە لە سەرو هەموشیانە تابلۆی مۆنالیزا بوو لەگەڵ دەستنووس و كتێبەكانی بەرەو ڕۆما كەوتەڕێ، چون بیستبوی یەكێك لە بنەماڵەی میدتشی بە ناوی پاپا لیون دەهەم دەسەڵاتی پاپەوی لەدەست گرتووە. لە ڕۆما ڕێزێكی گەورەی لێنراو ئەوكاتە تەمەنی شەست ساڵ دەبوو، لە بەشێكی كۆشكی (بلفیدیر)دا نیشتەجێ كرا، كە كۆشكێكی هاوینە بوو هەر چوار لای بە باخچەو گوڵ و باڵندە گیرابوو، ئەمە خەونێك بوو بۆ كەسێكی وەك داڤنشی وای هەست دەكرد لە جیهانێك لە جیهانە فردەوسیەكاندا دەژی، ئەم ماوەیەی بە توێژینەوەی جۆری ڕووەك و ئەو باڵندەو گیانلەبەرانەوە بردە سەر كە لەوەوپێش

نەیدیبوون. ئەوکاتە نەخۆشی مەلاریا بڵاوبۆوەو داوای چارەسەری ئەو پەتایەیان لە داڤنشی کرد ئەویش پێش نیهادی ئەوەی بۆ کردن کە جۆگەو ئاوە وەستاوەکان ووشك بکەن بەمەش ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە نزم بۆوە.

پاپا کارە هونەریەکانی ڕۆمای نەئەدا بە داڤنشی بەڵکو زیاتر مایکل ئەنجیلۆ و رافاییل جیّ گرنگی پێدانی بوون، بەڵام داڤنشی گویّ بەمە نەئەدا چونکە ئەو موچەی خۆی لە مەلیکی فەڕەنسی و جولیانومیدتشی برای پاپاوە زۆر بە ڕێك و پێکی بەدەست دەگەیشت، بەڵام هێندەی نەبرد مەلیکی فەڕەنسی مرد و جۆلیانۆش نەخۆشییەکی کوشندەی گرت و لە فلۆڕەنسا مایەوە تا ماوەیەکی تر کۆچی دوایی کرد بە گەنجێتی. باری ژیانی داڤنشی بۆ جارێکی تر خراپ بۆوە و بەرەو میلانۆ جارێکی تر پێداویستییەکانی هەڵگرتەوە کە ئەو دەمە فرانسوای یەکەم پەلاماری دابوو کەوتبۆوە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسییەکان هۆکارێکی تری کۆچکردنی بۆ میلانۆ، تاوانبار کردنی بوو بەوەی توێکاری جەستەی مردوی کردووەو لەشی مرۆڤی نەشتەرکاری کردووە. لە میلانۆ فرانسوای یەکەم زۆر زۆر ڕێزی گرت و داوای لیٰکرد لەگەڵیدا بگەڕێتەوە بۆ پاریس، ئەم جارەیان کە داڤنشی تەواو هیلاك و پیر بوو ڕازی بوو، لەویّ کۆشکی میوانداری خۆی بەخشی بە داڤنشی و زۆربەی کات سەردانی دەکرد. هەر لەویّ داڤنشی تابلۆی (پاکیزەو ئانای پیرۆزمەند)[١٢] ی دروست کرد کە تیایدا ویستی هەمان گوزارشتی دەرونی تیا بەرجەستەیە کە لە مۆنالیزادا سەرکەوتنی تیا بەدەست هێنابوو، سۆزێکی دایکانەی تیا بەدی ئەکرێت، لە دەموچاوی هەردوو دایك دا سیمایەکی پڕاوپڕ لە مێینەیی تیا بەرجەستەیە، ئەو خەندەیەی لەسەر لێوی ئانای پیرۆزمەندە یادی ئەو زەردەخەنەیەمان دەخاتەوە کە لەسەر لێوی مۆنالیزیایە.

ئەوەی جیّ سەرنجە لەم تابلۆیەدا چونە باوەشی پاکیزەیە بۆ باوەشی ئانای پیرۆزمەند، ئەمەش بە لێکدانەوەی فرۆید بۆ منالێتی داڤنشی دەگەڕێتەوە کە دوو دایکی هەبووە، دایکی بنەڕەتی خۆی و ژنی دووەمی باوکی کە منالی نەبووەو باوکی وەختێ لە ژنی یەکەمی جیابۆتەوە داڤنشی هێناوەتە لای ئەم ژنەی تری و ئەو دایکایەتی کردووە. واتە داڤنشی هەر بە منالی دوو دایك بەخۆوە دەبینێ.

کارەکە بە شێوەیەکی هەڕەمی بوونیات نراوە، جوڵەی ئاوڕدانەوەی منالەکە پێچەوانەی ئاوڕدانەوەکەی دایکیەتی. هەرچۆن هەست بە بینگەیەکی ئاینی دەکەین لەو بەرخەی منالەکە یاری پیّ دەکات.

له دوا ساڵەکانی ژیانیدا له پاریس تابلۆی (یوحنای پاکژکەرەوە) دروست دەکات و ڕۆژانه بە دیاریەوە کاتێکی زۆر دادەنیشێت، لە زستانی ١٥١٩دا لای ڕاستی دەوەستێ بەڵام بەلای چەپ و دەستەچەپی کار لەو تابلۆیەدا دەکات، کە هیچی کەمتر نییە لە بەهایدا لە تابلۆکانی تری. ساتێکیش هەستی کرد مردن لێی نزیك بۆتەوە ڕاسپاردە درێژەکەی نووسی بۆ پاش خۆی کە لە چەند خاڵێك پێك هاتووە بەڵام لە گرنگترینیان: تکایەك بۆ مەلیك فرانسوای یەکەم، بنیاتنانی کۆشکی (لۆڤەر) تەواو بکرێت کە سێ سەدەیە دەستی پێ‌کراوە، دواتر بکرێتە مۆزەخانەیەك بۆ شاکارەکانی هونەر، (مۆنالیزا) یەکەم تابلۆ بێت کە تیا دابنرێت.

لە ڕۆژێك لە دوارۆژەکانی زستانی ئەوساڵەدا داڤنشی بۆ یەکجاری چاوی لێك نا. لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا تابلۆی (مۆنالیزا)ی بەخشیە مەلیکی فەڕەنسی بەو ئامانجەی ڕاسپاردەکەی بۆ بێنێتە دی.

دەگێڕنەوە ئەوکاتەی داڤنشی لە فەڕەنسا نەخۆش بووەو لە دوا کاتەکانی تەمەنی بووە، هەموو بەیانیەك مەلیکی فەڕەنسی پێش چونە سەر کاری خۆی سەردانی داڤنشی کردووە، بەیانیەك وەختێ دەیەوێت سەر لەم هونەرمەندە بدات، یاریدەدەرەکەی پێی ڕادەگەیەنێت کە کۆمەڵێ لە پیاوماقوڵ و دیوك و پیاوانی گەورە چاوەڕووانین، ئەمیش دەڵێت: با چاوەڕووان بن تا دەچمە سەردانی داڤنشی و دوای ئەوە چاوم پێیان دەکەوێت، یاریدەدەرەکەشی لای سەیر دەبێت بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: قوربان کابرایەکی وەکو داڤنشی چیە، تا بەڕێزتان ئەم گەورە پیاوانە چاوەڕووان پێ‌دەکەن لەبەر خاتری ئەو؟! مەلیکیش لە وەڵامدا دەڵێت: هەی بێ‌مێشك من سبەینێ دەتوانم دەیان پیاوماقوڵ و دیوك و پیاوی گەورە دروست بکەم و نەهێڵم، بەڵام تەنها یەزدانی مەزن خۆی دەتوانێ بلیمەتێکی وەکو داڤنشی دروست بکات.

داڤنشی پەرجویەك بوو لە پەرجووەکانی ڕێنیسانس: پەرجویەکی زانستی و پەرجویەکی هونەریی. بەڵام ئەم هونەرمەندە، کە دژواری و پەنهانی زۆر لایەنی ژیانی تەنیوەتەوە، ئەو ڕەخنەگرانەی شەیدای جیهانی ئەوبوون تا ئێستا لە پەناو پاساریدا دەگەڕێن، هەموو ڕۆژێکیش شی‌کردنەوەو لێکدانەوەیەکی نوێ دەردێنن. بەڵام ئەوەی کە بۆتە هۆکار لەبەر دەرنەکەوتنی تواناکان و داهێنانەکانی ئەم کەڵەپیاوەو کاریگەر نەبوونی دیارو بەرچاوی لەسەر گەشەکردنی زانست و بوارەکانی تری کارکردنی، درەنگ دۆزینەوەی بەرهەمو نووسینەکانی ئەوە کە لە سی‌یەکانی سەدەی بیستەمدا چاپکران و بڵاوکرانەوە. بۆ نمونە سەد ساڵێك بەر لە (گالیلۆ) چەند دیاردەیەکی لە بارەی هەڵهاتن و ئاوابوونی مانگەوە دۆزیەوە،

یەکەمین کەسە کە سەلماندی ڕەنگی ڕاستەقینەی مانگ خۆڵەمێشی‌یە، هەر لەم مەیدانـەدا دژی ئەو بیروڕایانە دەوەستا کە زەوی‌یان بە چەقی گەردون دادەنا.

هەموو سەرنج و تێبینیەکانی کە دەنووسیەوە لـە دەفتـەرە تایبەتـەکانیدا، بـە پێچەوانـەوە دەینووسینەوە واتە دەبوو لە ئاوێنەدا بخوێنرێتـەوە، بۆچوونـەکان و تێبینی‌یـەکانی بـە زمـانی نەتەوەیی نووسیوەو بـە تونـدی دژی زمـانی لاتینـی بـوو لـەم بارەیـەوە وەهـا دەدوێـت و دەڵـێ: لـەناو زمانەکـەی خۆمـدا ئـەوەندەم وشـە هەیـە زۆر لـەوە زیـاترن گوزارشـتیان لـە شـتەکان پـێ بکەم‌و ناوەڕۆکی بیروڕاکانی پێ دەربڕم.

سەرجەمی نووسینەکانی کە بە دەستمان گەیشتووە تا ئێستا نزیکەی حەوت هەزار لاپەڕەی جیاجیـای دەسـتنووسـەکانیەتی کـە لـە مۆزەخانـەکانی ئـەوروپا (لـەندەن و پـاریس و میـلان) و هەندێکی تردا پارێزراون. توانیویـەتی بـە هـەردوو دەسـتی چـەپ و ڕاسـتی بنووسـێت و نیگـار بکێشێت، ئادەمیزادێکی کامڵ و بلیمەتێکی هەڵکەوتوی ئەوتۆ بوو، هەموو لقەکانی زانسـتی تیـا ئاوێتەی یەکتر دەبوون هەر لە ماتماتیك و ڕووەك ناسی و میکانیك و فیزیك و ئەستێرەناسی و جیۆلۆجیاو ئەناتۆمیاو فسیۆلۆجیای ئادەمیزاد و ئـاژەڵ و هونـەرە سـەربازیەکانەوە تـا دەگاتـە تەلارسازی و پەیکەرسازی و نیگارکێشان.

داڤنشی پچڕانی ئەو هێڵەیە کـە لـە هونەرمـەندە خۆڕسکەکانەوە (الفطريـين) سـەرچاوەی دەگرێ و بـە بۆتشیللی کۆتـایی پـێ دێت، بەمـەش دەستنیشـانی سـەرەتای سـەردەمی نوێکـاری دەکات، ئەو جیهانێکی پەنهانی لە هونەردا دۆزیەوە کە جیهانی (کـەش) بـوو، ئـەم دۆزینەوەیـە خـۆی لـە چارەسـەرکردنێکی نـوێی پێچەوانـە بوونـەوەی ڕوونـاکی لـە کـەش دا دەدیـەوەو کردنـەوەی بینگەیـەکی نـوێ کـە تیـایدا قورسایی شێوە مادیـەکان نائامـادە دەبـن و دیدنیگـای پەیکەریی چیتر نامێنێت و ڕێگە بۆ بینینێکی نیگارکێشانەی پەیت واڵا دەکات.

دۆزینـەوەکانی لیۆنـاردۆ ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ کـارە پرشـنگدارەکانی کۆریجیـوو، بـە یـەك گەیشتنی سێبەرو ڕوونـاکی لای ڕامـبرانت و دیدنیگـای هونەرمـەندە ئینتباعیـەکان لـە سـەدەی نۆزدەدا.

تەنانەت کاریگەریی ئەم هونەرمەندە کەڵە هونەرمـەندەکانی سـەردەمی خۆیشی گرتبـۆوە وەك مـایکل ئـەنجیلۆ و رافاییل، هـەرچۆن پەیوەسـتی هـەبووە بـە (برامـانتی)یـەوە لـە میـانی هونـەری تەلارسـازیدا. ئـەو گومەزانـەی داڤنشی دیزاینـی کێشاون بـە قۆنـاغێکی گواسـتنەوەی نێـوان گومەزەکـەی (برونلسـکی) لـە فلۆڕەنسـاو گومـەزی کڵێسـەی (پیرۆزمـەند پـەتروس) دادەنرێت کە مایکل ئەنجیلۆ دیزاینی کێشاوە ساڵی ١٥٠٦.

لەو کارانەی پەیکەرن و ماونەتەوە پەیکەری سفورتزایە لە فلۆڕەنسا، پەیکەری سەری سیبو لە لۆڤەر و پەیکەری سوارەکە لە وندسون.

بەڵام کارە نیگارکێشەکانی لە مۆزەخانەکانی میلانۆو لەندەن و لۆڤەر و فلۆڕەنسایە. داڤنشی لە نیگارکێشاندا پەنجەی دا لە لوتکەی باڵای شاعیریەتێك کە نیگارکێشان دەکرێت بگاتە چڵەپۆپەی. پایەی نیگارکێشانیش لای ئەم مەزنە لە هەموو هونەرەکانی تر باڵاترەو خۆیشی هێندە لەم مەیدانەدا لێهاتوو بوو گەیاندیە لوتکەی کەماڵ، ئەو چەند تابلۆ کەمەی لە پاشی بەجێ‌مان، تا ئێستا بە دەگمەنترین بەرهەمی هونەری نیگارکێشان دادەنرێن.

لیۆناردۆ داڤنشی لە بینگەی دەرون شیکاری فرۆیدیەوە

ئەو توێژینەوەیەی فرۆید دەربارەی لیۆناردۆ داڤنشی کردویەتی لە میانی دەرون شیکاریدا، بە سەرکەوتوترین توێژینەوەکانی ناوزەد دەکرێت و تیایدا وەڵامی زۆرێك لەو پرسیارانەی داوەتەوە کە ڕەخنەگرەکان ئاراستەیان کردووە. لیۆناردۆ کەسایەتییەکە ڕەخنەگران و توێژەرەوەکان لەسەری ناکۆکن و کێشمەکێشم و دیالۆگی زۆری لەسەر کراوە، ئەم کەڵە هونەرمەندە نووسین و بەرهەمێکی زۆری لە دوا خۆی بەجێهێشتووە کە خۆی دەدات بە نزیکی لە پێنج هەزار لاپەڕە، ئەمە بێ لە بەرهەمی هونەریی لە پەیکەرسازی و نیگارکێشان و زۆر بواری جیاجیای تر کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە. لە دیدنیگای فرۆیدەوە داڤنشی کەسایەتییەکی نمونەییە، بەو مانایەی بەرجەستەیەکی زیندووی باڵایە بۆ گشت ئەو خاڵانەی ئەو بۆی چووە لە دەرونی مرۆڤدا لە نەخۆشی و ساغی لە بیروڕاو هزرەکان.

داڤنشی لە دایکێکی جوتیاری هەژار و باوکێکی دەوڵەمەند کە نووسەری داد بووە بە شێوەیەکی نایاسایی لە دایك بووە واتە بەرەنجامی پەیوەندییەکی تابۆیانە لە دایك بووەو لە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ساڵی ١٤٥٧ کە بریتییە لە تۆمارێکی باج و خەراج لە فلۆڕەنسادا ناوی داڤنشی لە نێوان ئەندامانی خێزانی (سێربییرۆ)دا هاتووە وەك منداڵێکی نایاسایی بیژوو (زۆڵ) لە تەمەنی پێنج ساڵیدا. دواتر ئەو ئافرەتە جوتیارە کە ناوی (کاترین)ە مێرد بە پیاوێکی جوتیار دەکاتەوە، داڤنشی تا پێنج ساڵی لای دایکی دەبێت، چون وەختێ باوکی ژن دێنێت لە ماڵێکی خانەوادەو منداڵی نابێت ژنەکەی، ناچار دەگەڕێتەوە لیۆناردۆ لە دایکی دەسەنێتەوە و لەلای ژنەکەی خۆی دایدەنێت تا وەك دایکی پەروەردەی بکات. واتە لیۆناردۆ تا ئەم تەمەنەی دوو دایك بەخۆوە دەبینێ. (گەرچی دواتر باوکی ژنی تری هێناوە).

ئەمە ئەو دەوروبەرە پڕ لە کێشەو پاڵەپەستۆیەیە کە منداڵی لیۆناردۆی تیا ئەفراوە لە هەست کردن بە نەبوونی دڵنیایی لە ئائامادەیی باوك تا پێنج ساڵی (کە ئەو ساڵانەیە تیا گشت

سیما کەسایەتی‌یەکان یەکلادەکاتەوە) ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تر ئەو ساڵانەی لە ئامێزی ئافرەتێکدا بردە سەر کە بێبەش بوو لە خۆشەویستی مێرد، ئەم جێگەی ئەو مێردو خۆشەویستی‌یە وون بوەشی گرتۆتەوەو کەوتۆتە بری ژیانێکی گەرم و تێریەکی سێکسی. ئەمانە گشت زۆر شتی پێش وەختی تیا بە ئاگا هێناو بوە پاڵنەر بۆ هەستکردن بە پێگەیشتویەکی زوو بە زووی سێکسی، هەمیشە پرسیاری هەبوو بە دوای زانیندا وێڵ بوو، کەسێ نەبوو تینوێتی پرسینی ئەو بشکێنێ، ئەمە وایکرد ئەو خۆی بگەڕێ بە دوای وەڵامی شتەکاندا، بەمەش ئالودەیی بەدواداچونێکی بەهێزی تیا دروست بوو کە بووە بنەمای پایەی کەسایەتی ئەو وەك "هونەرمەند- زانا".

فرۆید لە کاریگەریی ئەو ساڵانە دەدوێت لەلای دایکی خۆی و لە باوەشی ژنەکەی باوکیدا بردویەتە سەر، کە دواتر بۆتە مایەی ئەوەی خۆشەویستی بۆ دایکی وای لێبکات لە هیچ ئافرەتێك نزیك نەبێتەوەو وێنەی دایکی ببینێ تیایاندا. ئەو خۆشەویستی‌یەی کردیە هەڵکەوتوترین نیگارکێشی ڕێنیسانس و بلیمەتێك لەسەر چڵەپۆپەی هونەری کۆن و نوێ.

فرۆید وەهای لێکدەداتەوە کە (لیبیدۆ)[١٣] لە مناڵدا تا پێنج ساڵی لە خۆیدا کۆدەبێتەوە، واتە هەموو توانای لیبیدۆی بە ئاراستەی خۆیەتی. بە (لیبیدۆی خود یاخود لیبیدۆی من) ناو زەدی دەمات. مناڵ لە ساڵانی یەکەم و سەرەتایدا پێویستی بە جیهانی دەرەکی نی‌یە، ئەوەی بەلایەوە گرنگە تەنیا دایکیەتی، دایکیشی بۆ ئەو بەشێك نی‌یە لە جیهانی دەرەوە هێندەی بەشێکە لە خۆی.

ئەم حاڵەتەش وەك وتمان تا چوار یاخود پێنج ساڵی سەرەتا دەخایەنێت، لەدوا ئەم تەمەنەوە مناڵ وردە وردە پەی دەبات بەوەی جیهانی دەرەکی هەیە، بەرامبەر بەم زانینە نوێیەی بۆ ئەم جیهانە نوێیە، لیبدۆی ئاراستەی خۆشویستنی خۆی دەکات، کە پێی دەوترێت (لیبیدۆی نەرسیسی یاخود نێرگسی)، لەم قۆناغەدا زیاتر خۆی خۆش دەوێت هەروەك نارسیسۆس[١٤] کە سیفەتی (نرجسی) لێ وەرگیراوە. لە دوای تەمەنی شەش ساڵیەوە کەمێك دەستبەرداری نەرسیسیەتی خۆی دەبێت و لە بەرامبەردا لیبیدۆی کەسانی تر وەردەگرێت.

لە گەیشتن بە (تەمەنی خەون)دا، توانا سێکسی‌یەکان پێدەگەن و بە هەموو لایەکی لەشدا بڵاودەبنەوە، ڕوو لە زیادبوونن بەشێکی تەرخانی پرۆسێسی سێکسی و (زیادبوون و مناڵکردن) دەکات و بەشەکەی تریشی بەرەنجامی چەپاندن (کبت) ئاراستەی باڵابوون (التسامی) دەکرێت.

لێرەدایە فرۆید بۆ وەسفکردنی نەریتی سێکسی دوو زاراوە دێنێتە پێش کە ئەوانیش (بابەتی سێکسی و ئامانجی سێکسی)ین. کە هەردوکیان پێکەوە نەریتی سێکسی پێك دەهێنن.

بابەتی سێکسی بریتیـیە لـە ڕاکێشـانی سـەرنجی ڕەگـەزی بەرامبـەر واتـە کەسـێکە لـە ڕەگـەزێکی تـر. وەك پیاو بـۆ ئـافرەت و بـە پێچەوانـەوە. ئامـانجی سێکسـیش ئـەو مەبەسـتەیە ڕەمـەکی (غریـزە) سێکسـی لێی دەگـەڕێت، کـە دواتـر پرۆسێسـی سێکسـی لێدەکەوێتـەوە (پرۆسێسێکی ئاسایی). بەڵام لادان (انحراف) ڕوودەدات، لادانێك تایبەتـە بـە بابـەتی سێکسی و لادانێکیش تایبەت بە ئامانجی سێکسی.

لادان لە بابەتی سێکسیدا واتە خۆشویستن و مەیلکردن بەلای هەمان ڕەگەزدا (لوطـي) وەك پیـاو بـۆ پیـاو و ژن بـۆ ژن. دەربـاری پیـاو پـێی دەوترێـت قـەیزەون بوونـی ئـافرەت (horror feminae).

لادان لە ئامانجی سێکسیدا گەر بە شێوە ئاساییەکەی برووات دەمان گەیەنێتە پرۆسێسێکی سێکسی ئاسایی نێوان دوو هاوڕەگەز. بەمەش دەوترێت هاوڕەگەز ویستنێکی دیار یاخود ئاشکرا (لواطة ظاهرة) یاخود (لواطة صريحة). بەڵام شێوە نائاساییەکەی (کـە جێی گرنگی پێدانـی فرۆیدە بەرامبەر بە داڤنشی) دەمانگەیەنێتە (سێکسی بوونی باڵا). هاوڕەگـەز ویسـتنێکی ون و نادیار (لواطة كامنة). ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە داڤنشی تیا ژیـاوە، فرۆیـد لـە مێـژووی ژیـانی ئەودا هەستی پێکردووە و هەربۆیە ئاماژەی بەو کۆمەڵە گەنجە داوە کە ڕووخسارێکی جوانیان هـەبووەو داڤنشـی وەك قوتـابی لـە خـۆی کـۆی کردونـەتـەوە، گرنگیـیـەکی تایبـەتی پێـدوان و خەرجی تایبەتی بۆ کردون. (وەك ئەو تێبینیـیە وردەکاریەی لە یادەوەریەکانیدا نووسـیویەتی دەرباری کڕینی ئەو عەبایەی بۆ ئەندریا سالاینۆی قوتابیـیەتی و ئەو خەرجیانەی لە بیست و یـەکی ئـەبریلی ١٤٩٠دا لـە یادەوەریـەکانیدا نووسـیویەتی [ساتەوەختی کـارکردنی لـە پەیکـەری سفورزا لەسەر ئەسپەکە] بۆ جاکۆمۆی قوتابی بە درێژایی ساڵێك). یاخود ئەو تاوانبارکردنـەی کە بە تاوانی (نێربازی) کرا، ئەو کاتەی لە ئەتێلەکەی ڤێریکۆدا کاری دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێ لـە قوتـابی تـردا بـەڵام تاوانبارکردنـە کـە پـوچ دەرچـوو، چـون ئـەو کوڕێکـی کردبـووە مۆدێـل کـە ڕەوشـت نـزم بـوو. ئەمـەبێ لـەو پرسیارەی هەمیشـە خـۆی قـوت دەکاتـەوە کـە بۆچـی هیـچ قوتابیەکی ئەم کەڵە هونەرمەندە نەبوون بە هونەرمەندێکی دیار؟

ئەمەبێ لە (فرانسیسکۆ میلیزی) قوتابی و خزمەت کاری کە دوا قوتابی ئەو بوو تا کۆتـایی ژیانی لە فەڕەنسا لـە تـەکیا مایـەوەو خزمـەتی زۆری داڤنشـی کردبـوو ئـەویش لـە بەرامبـەردا هەموو موڵك و سەروەتی خۆی بەو بەخشی.

ئەم ئاماژانە لە لایەن فرۆیـدەوە بـە چۆنیـەتی پـەیوەندی هونەرمـەند بـە قوتابیەکانیـەوە بەو مەبەستە نایەت کە فرۆید بیروباوەڕی وا بێت پەیوەندیەکی سێکسی بـە قوتابیەکانیـەوەی

بەستبێتەوە. بەڵکو بەرەنجامی فەرامۆش کردنی باوکی بۆ ئەو لە منداڵیدا ڕقی لەم باوکێتیـیە دەبۆوە دووراو دوور لە ڕێی ئەم ڤینەشەوە، نەویستنی دەسەلاّت و کلێسا سەرچاوە دەگرێت. سەرباری ئەم هەستەی ئەو بۆ باوك، بۆ خۆی دەچووە کەسایەتی باوکەوە دووراو دوور، لەگەڵ تابلۆکانیدا هەمان مامەڵەی فەرامۆش کردنی باوکی کرد و هیچ تابلۆیەکی تەواو نەکرد. هەرچۆن مامەڵەیەکی باوکانە (نەك ئوستادانە)ی ڤوتابیەکانی دەکرد. ئەمە شێوازی ئەو لادانەیە کە لە بابەت و ئامانجی[١٥] سێکسی لیۆناردۆدا فرۆید ئاماژەی پێدەدات.

ئەلێکسەندرا کونستاتینۆڤا لەسەر زمانی ج. برکارد دەربارەی لیۆناردۆ وەها دەدوێت: لیۆناردۆ بلیمەت بوو لە هەموو ڕوویەکەوە، ناکرێت هەست بە کەسایەتی ئەو بکرێت تەنها بە زەین نەبێت، خۆشبەختانە ناتوانین بگەینە ڤولایی کەسایەتی ئەو دووری ئەو لە جیهانی ئافرەت و جیهانی سێکسیـیەوە، تواناو وزەیەکی لەبن نەهاتوی بۆ بالاّکردن پێبەخشی، هەر بۆیە بە بوارێك و دوان و سیانەوە نەوەستاو داهێنەرانە لە دەرگای چەندان بواری داوە. ڕاستە بەرهەم و شاکارە هونەریـەکانی لەبەرچاون بەلاّم دۆزینـەوەو داهێنانـە زانسـتیـیەکانی (وەك ئاماژەمان پێدا) زۆر درەنگ وەخت ڕووناکییان بینی. کەسایەتی توێژەرەوەیی هەرگیز لە کەسایەتی هونەرمەندی ئەو نەبۆوە. نەك هێندەو بەس بەڵکو ئەم کەسایەتیەی ئازارێکی زۆری بە هونەرمەندەکەی گەیاند بە ڕاددەیەك لە دواجاردا توێژەرەوەکە هونەرمەندەکە سەرکوت دەکات. هەروەك ڤازاری دەیگێڕێتەوە: خودی داڤنشی لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا لۆمەی خۆی دەکات و دەڵێت: هەرگیز خوداو خەڵکی لێم نابورن لەبەر بەجێ نەهێنانی ئەرکی خۆم بەرامبەر بە هونەرەکەم.

دواتر فرۆید دێتە سەر پرسیارێك و دەڵێت: چی بوو وای کرد کەسایەتی لیۆناردۆ بە دوور بێت لە تێگەیشتنی هاوسەردەمانی؟ ئەو سەرباری هەموو ئەو بوارانەی تیا پسپۆڕ بوو لەو بلیمەتانە نەبوو کە سروشت بەخیلی کردبێت لە بەخشینی جوانیدا پێی، تا کەسایەتیەکی ئالۆزی هەبووبێت و بووبێتە مایەی ئەو دورکەوتنەوەیەی لە هاوسەردەمانی. ئەو هێند قسە خۆش و نیان و خاوەن سیمایەکی جوان و گرنگی دان بوو بە خۆی لە کتێبەکەیدا دەربارەی هونەری نیگارکێشان، بەراوردێکی جوان لە نێوان هونەری نیگارکێشان و هونەرەکانی تردا دەکات و دەربارەی پەیکەرساز دەڵێ "ڕووی پیس دەبێت لە کاتی کارکردنداو خۆڵی مەڕمەڕ گشت گیانی دەگرێتەوە، وەك ئەوەی نانەوا بێت و تۆزی مەڕمەڕ وەك بەفر لەسەر شانی نیشتبێت، ماڵەکەی پڕدەبێت لە پارچەی بەردو گڵ و خۆڵ. بەلاّم نیگارکێش حاڵی زۆر جیاوازە و بە جلی کاملی خۆیەوە بەرامبەر کارەکەی دادەنیشێت بە ئاسودەییەکی زۆرەوە،

پەڕەموچ بەوپەڕی ناسکی‌یەوە پڕ لە ڕەنگی جوان دەوەشێنێت، حەزی بەهەر جل و بەرگێك بێت لەبەری دەكات، ماڵەكەی پڕدەبێت لە وێنەو تابلۆی جوان و هەمیشە پاك و خاوێنە و دەتوانێ سەردانی كەسانێك بكات و سەردانی بكەن، گوێ لە مۆسیقا بگرێ، یا كەسێك هەندێ لە كتێبی جیاوازی بۆ بخوێنێتەوە لە كاتی كاركردنیدا، هەموو ئەمانە دەتوانێت بە چێژێكی بەرزەوە ئەنجام بدا بەبێ ئەوەی دەنگی زرموكوتی چەكوش وەشاندن و دەنگە دەنگی تر تێكی بدات". ئەمانە گشت وێنەیەكن دەكرێت جێی بڕووابن بەرامبەر داڤنشی بەڵام تا ئەوكاتەی فەرمانڕەوایی لۆدڤیكۆ سفورزا كۆتایی پێدێت و ناچار دەبێت میلانۆ بەجێبهێڵێ.

لە دوا ئەم مێژووە ئەو ئالودەیی و گەرمی‌یەی نامێنێت چ وەك كەسایەتی خۆی و چ وەك كاركردنی لە هونەردا. ئەو ڕووڕەوا خۆشەی نامێنێت و ڕیخۆش دەبێت بۆ بەدەركەوتنی شازێتی كەسایەتی ئەو. گرنگی‌دانی خۆی هەرچی زیاتر ئاراستەی زانست كرد، ئەم گرنگی دانەش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندا بوو كە بووە مایەی دوركەوتنەوەی لە هاوسەردەمانی. ئەمە بێ لەوەی هاوسەردەمەكانی ئەو سەرقاڵی‌یەی ئەویان بە كات بە فیڕۆدان دەزانی یاخود بە دواكەوتنی ئارەزوی پەرت و كاتی یا هەندێكیان وایان لێهاتبوو وایان دەزانی لە خزمەت "سیحری ڕەش"دایە. بەڵام ئەوەی دەستنووسەكانی ئەو ماوەیەی ببینێ دەزانێ ئەو سەرگەرمی گەڕانە تیۆریەكان بووە كە بەرامبەری بیروڕاكانی فرانسیس بیكۆن و كوبرنیكۆس دەكات. توێكاری جەستەی ئەسپ و مرۆڤ و بنیاتنانی ئامێری فڕینی كردووە، هەرچۆن توێژینەوەی لەسەر ڕووەك كردووەو پەرچەكرداری ڕووەك لە بەرامبەر ژەهراوی بوونیدا جێی گرنگی پێدانی بووە.

ئاسەواری ئەم گرنگی‌دانانە لەسەر كاركردنی هونەریی ئەو بەدەردەكەوێت و وای كردووە كەمتر نیگار بكێشێت، لەوەش خراپتر هەرچیەكیشی بكردایە تەواوی نەدەكرد. ئەم شێوازە مامەڵەیە لە كاركردنیدا بووەتە هۆی سەرسوڕمانی هاوسەردەمانی و هونەرەكەشی بۆتە مەتەڵێك.

زۆرێك لەوانەی سەرسامن بە لیۆناردۆ دواتر ویستویانە بیانوی جیاجیا بۆ ئەم كەم كاركردن و ناجێگیریەی هونەرمەند بێننەوە. كە سیمایەك بێت و لە زۆرێك لە هونەرمەنداندا بوونی هەبێت (بە تایبەت كەڵە هونەرمەندەكان) ئەوەتا مایكل ئەنجیلۆ زۆر كاری خۆی بە ناتەواوی بەجێهێشتووە سەرباری ئەوەی زۆر خۆشی هیلاكی كاركردنی هونەری كردووە. هەندێ كاریش ناتەواو نییە وەك هەندێ كەس دەڵێن بەڵكو ئەوەی لای خەڵكی ئاسایی شاكارە لەوانەیە لای كەڵە هونەرمەندێكی داهێنەر بە كارێكی كەم و كورت لە قەڵەم بدرێت. هەمیشە

لیۆناردۆش سەرگەرمی بەدیهێنانی ئەو کەماڵە بووە تا بەرجەستەی بکات. گەر لە زاری سۆلی مێژوونووسەوە گوێدێرین بۆ یەکێك لە قوتابیەکانی کە دەڵێت: "وەختێ دەکەونە نیگارکێشان وەها دەرئەکەوت هەمیشە دەکەوتە لەرزین، هەرگیز ئەوە تەواو نەدەبوو کە دەستی پێکردبوو. هەمیشە بالآیی و بێ هاوتایی هونەر باڵی کێشابوو بەسەریا، ئەوەی ئەو بە هەڵە دەیبینی لای کەسانی تر وەك شاکارێك دەرئەکەوت لەگەڵ بەهێزی هەموو ئەم هەنجەتانەدا بەلآم هێشتا لێکدانەوەیەکی پڕاوپڕ و قەناعەت بەخشمان لە حاڵەتی داڤنشیدا دەست ناکەوێت، ڕاستە گرنگی نەدان بە دواڕۆژی کارەکان و کێشەیەکی پڕ ئازار لەگەڵ هونەردا لە ژیانی زۆر لە هونەرمەندەکاندا دەبینین، بەلآم لای داڤنشی تا ئەوپەڕی ئاستی ئەو حاڵەتە دەرئەکەوێت.

لەسەرخۆیی و خاوو خلیچکی ئەو وەك نمونە هێنراوەتەوە لە کارکردندا، دوای سێ ساڵ لە توێژینەوەیەکی چڕووپڕ دەستی کردە تابلۆی (دواشێو) لە دێری سانت ماریای میلانۆ. یەکێ لە هاوسەردەمانی کە قەشەیەکی گەنج بووەو نووسەر بووە بە ناوی (مایتو باندیللی) هەر لەو دێرەدا بووە. دەڵێ: لیۆناردۆ بەسەر ئەسکەلەی کارکردنەکەیدا کە بەیانیان زوو سەردەکەوت دەستی لە پەڕەموچ بەرنەدەدا تا ئێوارە، بەبێ بیرکردنەوە لە نان و ئاو. کەچی دواتر هەندێ ڕۆژ تێدەپەڕی بەبێ ئەوەی دەست بۆ پەڕەموچەکەی بەرێت، بە چەندان کاتژمێر لە بەرامبەر کارەکەیدا دەوەستا، چێژی لەوە دەبینی لێی بتوێژێتەوە. هەندێ جاریش لە کۆشکی قەلآی میلانۆوە (کە تیایدا خەریکی پەیکەرەکەی فرانسیسکۆ سفورتسا بوو) لە پڕێکدا بەرەو دێرەکە دەڕۆیشت تا هەندێ لێدانی پەڕەموچ بۆ یەکێك لە کەسایەتیەکانی زیادبکات کە نیگاری کێشابوون، دواتر یەکسەر دەوەستا. خاوی و لەسەرخۆیی کارکردنیشی لە مۆنالیزیادا شتێکە دیار و ئاشکرا بە ڕاددەیەك ڤازاری وای لێکدەداتەوە هۆی تەواونەکردنیەتی نەیداوەتەوە بە خاوەنەکەی، بەلآم ئەمە لێکدانەوەیەکە لە ڕاستی دووره چون ئەو زۆرکاری تری بە ناتەواوی داوەتەوە دەست خاوەنەکانی.

فرۆید ساتێ دێتە سەر باسکردنی ئەم سیفەتەی لیۆناردۆ لەگەڵ بوونی هەموو ئەو دەستنووس و ڕەشنووس و توێژینەوانەدا کە لەبەردەستدایە، هەرگیز ئەو لێکدانەوەیە بۆ هونەرمەند ناکات کە کەسایەتی‌یەکی ڕاکردوو ناجێگیری هەبێت بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە بە دوورترین دووخاڵ لێکدەداتەوەو هەرچی زیاتر خۆ هیلاك کردن و قوڵ بوونەوەو دەوڵەمەندی لە تواناو داواکاری لە ڕاددەبەدەری تێربوون لە پشتی ئەو بەرەنجامانەوە دەبینێت[١٦].

هەر بە هۆی ئەم ویستەوە بووە ناوبەناوێکی باش وازی لە هونەر هێناوە، لە کارکردنیشیدا حەزی بە نیگارکێشانی سەر دیواری گەچ و قسڵ نەبووە (واتە کاری تیمپرا یاخود فریسکۆ) چونکە دەستوبرد و خێراییەکی دەوێت لە جێبەجێکردندا بە تایبەت تا پشتینەکەی تەڕبێت، هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە هەمیشە بۆیەی زەیتی لا پەسەند بووە چونکە وشك بوونەوەی ڕێ لە تەواوکردنی کارەکە ناگرێت بە ئارەزوی خۆی و لەهەر کاتێکدا بیەوێت.

هەندێ سیمای سەیر و دژ بەیەك بە ڕوونی لە کەسایەتی داڤنشیدا هەبووە، وەك ئەوەی لە کاتێکدا هەر کەسێ زیاترین چالاکی خۆی بەکارهێناوە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی ماددی یاخود مانەوی، ئەو زۆر هێمن و خەم سارد بووە، ئەم مۆرکەشی هەرگیز نەیگەیاندووە بەوەی مەیلی دوژمنایەتی ئەو بۆ کەسانی دەوروپشتی (کە بە پێچەوانەی خواست و سروشتی ئەوەوە هەڵسوکەوت دەکەن) دروست ببێت. بەڵکو هەموو خەڵك سەرسام بوون لە بێوەیی و نیەت پاکی و کەمتەرخەمی و گوێنەدانی ئەو بە هەموو ئەو شتانەی خەڵکی کێشمەکێشیانە لەسەری. خاوەن هەستێکی ناسك و هەڵسوکەوتێکی نیان بووە، دەوترێت ڕەتی کردۆتەوە گۆشت بخوات چون بە ڕاستی نەزانیوە گیانەوەران ژیانیان لێ بستێنرێتەوە، ڕزگارکردنی مەلەکانیش لەنێو قەفەزەکانیاندا لە بازاڕ یەکێ بووە لە خۆشیەکانی، دژی جەنگ وەستاوەو مرۆڤی نەك بە شای گیانەوەران زانیوە بەڵکو بە خراپترین و دڕندەترین گیانەوەری داوەتە قەڵەم. بەڵام هەموو ئەم هەستە ناسك و نەرم و نیانیە ڕێگر نەبووە لەبەردەمیدا دوای تاوانبارەکان نەکەوێت ساتێ بۆ بەر مەقسەڵەیان دەبەن، تا نیگاری سیماو ڕووخساریان بکێشێ ساتێ ترس دەیژاکێنێ و لێیان بتوێژێتەوە، هەرچۆن ڕێی ئەوەی لێ نەگرتووە ترسناکترین چەکی هێرشبردن دابهێنێ و بچێتە ژێر خزمەتی خوێن ڕێژێکی بەناوبانگی وەك سیزار بورجیا و نازناوی ژەنەراڵی لێ وەرگرێ و وەك سەرەك ئەندازیارانی سەربازی پۆست وەرگرێ. لە توندوتیژترین هێرشدا (لەتەك سیزاردا) بۆ سەر روماجنا بەشداربێت بە پێگەیەکی گەورە، بێئەوەی کەس دێڕێك لە دەستنووسەکانیدا ببینێت دەربارەی ئەو ڕووداوانەی لەو ڕۆژگارەدا ڕوویان داوە نە بە هاوسۆزی و نە بە ڕەخنە. لە زۆر کاتی ژیانیدا وا دەردەکەوێت بایەخی نەداوە بەوەی چاکەیەو باشە یاخود خراپەو زەرەرمەندە.

لە سەردەمێکی لێوان لێو لە کێشەی بەردەوامی نێوان گومڕاییەکی یاخیانەو زاهیدیەکی پەتیدا، لیۆناردۆ نمونەی ڕەتکردنەوەیەکی سێکسی ساردی وا بوو کە لە هونەرمەند و نیگارکێشێکی جوانی مێینەیی پێشبینی نەدەکرا. هەمیشە ئادەم سۆلی ئەم ڕستەیەی داڤنشی دەڵێتەوە وەك ئاماژەیەك بە ساردی مەیلی سێکسی ئەو: پرۆسێسی سێکسی و هەر شتێ

پەیوەندیدار بێت بەوەوە قێزەونە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو مرۆڤ دەمرد گەر ئەمە نەبوایەتە نەریتێکی ڕەگ داکوتاوو گەر ڕووخساری شیرین و مەیلی جوانی نەبوایە. ئەو کارانەش کە لە دوای بەجێماون لە گەورەترین مەسەلە زانستییەکانەوە بیگرە تا بابەتهایەکی کاڵفامانە (کە شایەن بە ئاستی لیۆناردۆ نین) هەموو سەرانسەرن بە مەیلێکی زاهیدی. تەنانەت لە بورای هونەریشدا سەرمان دەسوڕمێ لە زاهیدی ئەو، وەك دەزانرێت هونەرمەندە گەورەکان زۆرجار چێژێکی تایبەتیان دیوە لەوەی ئەندێشەکانیان لە فۆرمهایەکی سێکسیدا بەرجەستە بکەن تا ڕاددەی داوێن پیسی، بەلام لیۆناردۆ پێچەوانەی ئەوان چەند وێنەیەکی توێکاری نەبێت بۆ ناوەوەی ئەندامی سێکسی ئافرەت و بۆ چۆنیەتی بوونی مناڵ لە مناڵداندا.

هەمیشە بوونی پەیوەندیەکی خۆشەویستی (تەنانەت گەر پەیوەندیەکی ڕووحیش بێت وەك ئەوەی نێوان مایکل ئەنجیلۆ فیتوریاکولونا) جێی گومانە لەلای داڤنشی. زۆرێکیش لە مێژوونووسە نوێیەکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە پەیوەندی سێکسی هەبووبێت لەگەڵ قوتابیەکانیدا تا ڕاددەی دڵنیایی. بەلام فرۆید دەڵێت نکوڵی لە پەیوەندیەکی گەرم و توندوتۆڵ ناکرێت لە نێوان لیۆناردۆ و قوتابیەکانیدا، بەلام ئەو پەیوەندییە نەگەیشتۆتە ئاستی پرۆسێسی سێکسی. لێرەوە بەم شێوەیە نەبێت ناکرێت لە تاکێتی ژیانی سۆزداری و سێکسی تێبگەین. دەربارەی ئەوەی پەیوەست بە سروشتی دولانەیی ئەوەوە وەك هونەرمەند و توێژەرەوە.

فرۆید لەنێو هەموو ئەو مێژوونووسانەی دیدنیگای سایکۆلۆجی پشت گوێ دەخەن، کەسیان هێندەی ئیدم سولمی EdmSolmi بە دۆزەرەوەی ئەو مەتەڵە نازانێت، کاتێ لەسەر لیۆناردۆ دەڵێت: "بەلام ئارەزوی تێرنەبووی ئەو بۆ تێگەیشتن لە هەموو شتێکی دەوروپشتی و بۆ گەیشتن بە قوڵترین ڕازەکانی هەموو شتێکی کامڵ بە بیرکردنەوەیەکی سارد، ئەمانە هەموو کارەکانی لیۆناردۆی لەناوبرد و وای کرد بە ناتەواوی بمێننەوە." هەرچۆن لە جێگەیەکی تردا وتەیەکی داڤنشی بەرچاو دەکەوێت کە پەردە لەسەر باوەڕی لادەبات و کلیلی کەسایەتیمان دەداتە دەست. کە دەڵێ: (مرۆڤ مافی ئەوەی نییە شتێکی خۆش بوێت یا ڕقی لێی بێت، گەر زانینێکی کامڵ بە سروشتی ئەو شتە بەدینەهێنێت.) لیۆناردۆ هەر ئەم وتەیە دوبارە دەکاتەوە ساتێ بەرگری لە خۆی دەکات کە پەنجەی بێباوەڕی بە ئاین بۆ ڕادەکێشن: "نمونەی ئەو ڕەخنەگرانە ڕەنگە وا باشتر بێت هەر هیچ نەڵێن، لەبەرئەوەی بە زانین گەورەیی و بێهاوتایی شتەکان دەزانرێت و هەر بەم ڕێگەیەش خۆشەویستی دۆزەرەوەیەکی مەزنی وا بەدی دێت، لەبەرئەوەی خۆشەویستی مەزن لە واقعدا نایەتەدی بە زانینێکی کامڵ نەبێت بۆ بابەتی

خۆشەویستی‌یەکەو، گەر تۆ خاوەن زانینێکی کەموکورت بیت بەرامبەری ئەوا ناتوانیت خۆشت بوێت هێندەی ئەو کەمیە نەبێت، ئەمە گەر هەر خۆشت بوێت"

فرۆید دەڵێت لیۆناردۆ خۆشی دەزانێت کە خەڵکی ناتوانن وەها شتەکانیان خۆشبوێت چون ناتوانن زانیاری تەواو دەرباری ئەو شتانەی خۆشیان دەوێت بەدەست بێنن لەبەرئـەوە هـەر بـە هاوسۆزی خۆشویستنی شتەکان هەڵدەبژێرن و خۆبەخۆ. بەمەش لیۆناردۆ ڕەنگە ئـەوەمان پـێ بڵێت: خۆشەویستی وەك ئـەوەی خـەڵکی دەیکـەن ئـەو خۆشەویستی‌یە ساغە بێگەردە نی‌یـە. هەر لەم ڕێیەشەوە پێمان دەڵێـت ئـەو وەهـا خۆشەویستی دەکات و پێویستە هـەموو کەسـیش وەك ئەو بکەن.

ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی وەها بێت چون زۆر زاڵ بـووە بەسـەر هەسـت و سـۆزی خۆیـدا. ئـەو گۆڕانکاریانەش کە لە زانست و سروشتدا پەی پـێبردون ڕێگەی ئـەو بـووە بـۆ باوەڕهێنـان بـە ئاین. لێرەدایە فرۆید شێوازی بیرکردنەوەی لیۆناردۆ ئـەچوێنێ بـە سـپینۆزا[١٧]. شـتێکی سـەیر نی‌یـە لـە نێوان دەستنووسـەکانیدا هـەندێ وتـە بدۆزینـەوە کـە هەسـتی ناسـکی مەسـیحیەکی ئیماندار بریندار بکات لەسـەر ئـەو نوێـژو دوعایانـەی بـۆ پیرۆزمـەندەکان دەکرێت: "خـەڵکی لەگـەڵ خـەڵکانێکدا دەدوێـن و قسـەیان بـۆ دەکـەن کـە هیـچ شـتێ تێناگـەن، خـەڵکانێ چاویـان کراوەیـەو بـەڵام نـابینن. لەگـەڵیان دەدوێـن بـەڵام کـەس وەڵام ناداتـەوە، خـەڵکی خـەڵکانێ دەپەرستن کە گوێیان هەیەو بەڵام هیچ نابیستن، مـۆم بـۆ کەسـانێ دەسوتێنن کـە نـابینرێن". دەربـاری هـەینی غـەمناکیش دەڵێ: "لـە سەرانسـەری ئـەوروپادا میللـەتانێ دڵگـەرمی دەنوێنـن بەرامبەر مردنی تاکە مرۆڤێ لە ڕۆژهەڵات". چۆنیەتی ئەم بیرکردنەوانەشـە وای لـە لیۆنـاردۆ کردووە تا دوا سیمای ئاینی لە کەسایەتی‌یە ئاینی‌یەکانی بسەنێتەوە لە هونەرەکـەیدا و لەسـەر شێوەیەکی مرۆڤانە دووبارە بیان خەملێنێتەوەو هەستێکی باڵای جوانی مرۆڤانە لەخۆبگرن.

سـۆلی دەڵێـت ڕاسـتە لیۆنـاردۆ گـەڕان و بەدواچونـەکانی و هـەڵوەدایی لـە هونـەرەوە و بـە مەبەستی هونەر دەست پێکرد. هەر لە گەڕان بە شوێن ڕێساکانی ڕووناکی و ڕەنـگ و سـێبەرو بەربینە. پێدەچێت ئەو ڕۆژگارە لیۆناردۆ زێدەڕۆیی لە بەهای زانیندا بۆ هونەرمەند کردبێت تا ئاستێك ئەو زانینی لە پێناوی هونەردا تێپەڕاندو زانستی خوازی ئەکەوتە خزمەتی خـودی زانست خۆیەوە. ئەو هێند لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا قوڵ بۆوە کە نەیتوانی جارێکی تر بە یـەکجاری بگەڕێتـەوە بـۆ بـواری هونـەر. بـەرەنجامی توێژینـەوەی وردی لـە زانسـتی جوڵـەدا گەیشـــتە ئـــەو بەرەنجامـــەی بـــە پیتـــی گـــەورە لـــە نووســـینەکانیدا نووســـیویەتی (خۆر ناجوڵێتIlsole non simove). دڵەڕاوکێی ئەو لە بەدیهێنانی هەرچی زیاتر لە هەموو ئەو

بابەتانەی ئەو تیا ڕابەرو داهێنەر بوو بواریان نەدا هەست بە کامڵی و تەواویی کارکردنی ئەو بکات لە بواری هونەردا، بۆیە ناچار بوو بانگهێشتی ناتەواوی کارەکانی بکات.

لای فرۆید پەیوەست بوونی پێش وەخت بە گرنگی دانی سێکسی (واتە گرنگیدان لە ماوەی منداڵیدا) سێ ئەگەری جیاواز بەرهەم دێنێ کە لیۆناردۆ لە جۆری سێهەم دا دەپۆلێنێ، ئەم جۆرەی سێهەم لە ناوازەترین یاخود دەگمەنترین و کامڵترین جۆرە لە ناویاندا کە تیایدا لیبیدۆ لە چارەنووسی چەپاندن بە باڵابوون دەردەچێت هەر لە سەرەتاوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە خۆشەویستی بەدواداچون و زان خوازی بەمەش بە پێزی و گوڕێک دەبەخشێتە هۆکاری بەهێزی گەڕان و توێژینەوە. هۆکاری ئەم گەڕان و بەدواداچونە چیتر لە توانایدا دەبێت خۆی بخاتە خزمەت گرنگی دانی هزریەوە، لێرەشدا قەرزارباری ئەو چەپاندنە سێکسییەیە کە وەها بەهێزی دەکات تا لیبیدۆی باڵابوو پیایدا بگات و بە جۆرێکی وا وابەستەی بکات کە خۆی لەسەر قاڵی بەهەر هزرێکی سێکسی بپارێزێ و بە دوور بگرێت. لیۆناردۆ دوای ئەوەی هەموو ئارەزوی لێزانین و بەدوادچونی منداڵی خستە خزمەتی گرنگیدانە سێکسییەکانیەوە، ئەو دەمە توانی بەشی هەرە گەورە لە هێزی زیندوی لیبیدۆ باڵا پێ بکات تا بیکاتە هۆکارێك بۆ بەدواداچون و گەڕان. ئەمەش ناوەرۆك و نهێنی خوڕەوشتی ئەوە. سەلماندنی ئەم تیۆریەش (هەروەکو فرۆید دەڵێت) هەروا ئاسان نییە. بەڵام بۆ سەلماندنی ئەوەی دەوترێت وا پێویست دەکات بچینە قوڵایی ئەو پەرەسەندنە دەرونیەی ساڵانی سەرەتای منداڵی ڕوویان داوە، هەرچەندە زانیاری دەربارەی ئەو تەمەنەی (لیۆناردۆ لەوە بترازێ کە ئاماژەمان پێداوە پێشتر) شتێکی ئەوتۆ نازانرێت و کەمە و دڵنیا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە چارەسەری بە بوونی زانیارییەکە دەکەین بە هەڵوێستهایەك کە نە لە هاوسەردەمانی خۆی و نە لە نەوەی ئێمەش کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە و سەرنجی ڕانەکێشاوە.

یادەوەری سورەداڵ[١٨]

لیۆناردۆ هێندەی زانرابێت دەربارەی منداڵێتی خۆی هیچی ئەوتۆی نەوتووە تەنها جارێك نەبێت لە میانی نووسینەکانیا لەو برگەیەی سەبارەت بە فڕینی داڵ دەدوێت، لە پڕێکدا دەوەستێت و یادەوەریەکی زووی منداڵی خۆی بیردەکەوێتەوە و دەنووسێت: "وا دیارە لەوەوپێشەوە لە چارەنووسما بووە بە سورەداڵەوە سەرقاڵ ببم، چون دێتە بیرم وەك یادەوەریەکی زووم، وەختێ لە لانکەدا بووم، سوورە داڵێك هاتە سەر لانکەکەم و بە کلکی دەمی کردمەوەو چەند جارێك بە کلکی کێشای بە لێومدا".

ئەم یادەوەریە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شیرەخۆرەی لیۆناردۆ، ڕەنگە شتێکی ستەم نەبێت مرۆڤ لە یادەوەریدا بتوانێت ڕووداوێك بهێڵێتەوە کە لە قۆناغی شیرەخۆرەیدا لێی ڕوویدابێت، بەڵام ناکرێت وەك ڕاستیەك بە تەواوی خۆمانی بدەینە دەست. یادەوەری لیۆناردۆ دەڵێت داڵەکە بە کلکی دەمی منداڵەکەی کردۆتەوە، کە ئەمە شتێکە ڕوونادات و نوقمی خەیاڵە. زۆر بەوە دەچێت ئەم دیمەنە یادێك لە یادەوەریەکانی منداڵی لیۆناردۆ نەبێت بەڵکو ڕیشگاو (وهم)ێکی سەرکەوتوی دوادوایی خۆی بێت و دواتر گۆڕیویەتیە سەر منداڵی. ناکرێت ئەم ڕووداوە بە یادەوەریەکی ڕاستەقینە دابنرێت چون خۆی لە خەیاڵ و ڕیشگاو بۆ جیاناکرێتەوە. ڕەنگە باشتر لە سروشتی ئەم حاڵەتە تێبگەین، گەر ئەو شێوازە بێنینەوە یاد کە مێژووی میللەتە سەرەتاییەکانی پێنووسراوەتەوە. تا میللەتێ لاوازو بچوك بێت بیر لە نووسینەوەی مێژووی خۆی ناکاتەوە، زەویەکەی دەکێڵێت و بەرگری لە بوونی خۆی دەکات دژ بە دەوروبەری، هەرچۆن هەوڵ دەدات دەست بەسەر زەویەکانیاندا بگرێت و دەوڵەمەند ببێت، زەمەنی میللەتە سەرەتاییەکان زەمەنی نەبەردی تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژوو نەبوو. لە پاشان زەمەنێکی تر دێت، قۆناغی بەدیهێنانی خود، میللەت تیا هەست ئەکات بەهێزو بە توانایە، ئەودەمە پەی بە پێویستی پشکنین و دەرخستن و دۆزینەوەی بنەچەی مێژوویی و چۆنیەتی پەرەسەندنی خۆی دەبات.

نووسینەوەی مێژووش کە بە دواداچونی ئەزمونەکانی ئەمێستادا دەست پێدەکات و ئاووڕدانەوە بۆ ڕابوردوو، دواتر ئەفسانەکان و ڕێساکان کۆکراونەتەوە کە لە هەوڵی لێکدانەوەی ژیان لە سەردەمە کۆنەکاندا لە ڕووی ئاکار و داب و نەریتەوە، بەم شێوەیە مێژوویەك بۆ سەردەمە کۆنەکان جێماوە، بێگومان ئەم مێژووە خێڵەکیە یاخود ئەم مێژووەی پێش مێژوو، هێندەی گوزارشتێك بووە لە بیروڕاو ئارەزووەکانی ئێستا بەرامبەر بەو دەمە هێند وێنەیەکی دەقاودەقی ڕابوردووی پیشان نەداوە، لەبەرئەوەی یادەوەری میللەتان زۆری لە دەست داوەو زۆری شێواندووەو زۆری بە هەڵە تێگەیشتووە و زۆریشی لەبەر تیشکی ئێستاداو بەرژەوەندی ئێستادا دەستکاری کردووە. هەرچۆن میللەتان مێژووی خۆیان بە هۆکاری مەبەستێك و خۆشەویستیەکی گەرانی بابەتی نانووسنەوە، بەڵکو مەبەستی مێژوونووسان (یاخود بەشێکی باشی) کاریگەری خستنە سەر هاوسەردەمانیانە بە شێوەیەکی تایبەتی، جا یا ئەیانوروژێنن یا بە بالآیاندا هەڵدەدەن ، یاخود ئاوێنەیەك دەدەنە دەستیان و دەیخەنە بەردەمیان. بیرکەوتنەوەیەکی هوشیارانەی مرۆڤ بۆ ئەزمونەکانی قۆناغی پێگەیشتنی دەکرێت بەراورد بکرێت لە هەموو لایەنەکانەوە بە نووسینەوەی مێژوو، هەرچۆن دەکرێت

بەراوردی یادەوەریەکانی منالی، (لە سەرهەڵدانی و ڕاستێتی) بە مێژووی پێش مێژوو یاخود مێژووی قۆناغێکی سەرەتایی میللەتێ لە میللەتان بکرێت، کە لە دواییدا کۆدەکرێتەوە و بە ئەنقەست ڕاست دەکرێتەوە.

گەر بێینەوە سەر یادەوەری داڵەکە، کەسانێك وەهای لێك دەدەنەوە کە ئەم یادەوەریە شایەنی گرنگی پێدان نییەو بەرەنجامی خۆ خەریك کردن و ئالودەیی لیۆناردۆیە بۆ تێگەیشتن لە فڕین. بەڵام فرۆید بیروڕای وایە بە هێندایی گرنگی ئەفسانەکان بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ژیانی میللەتە سەرەتاییەکان، ئەم یادەوەریەش بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی لیۆناردۆ گرنگە.

خەیاڵی ئەم داڵەی لیۆناردۆ شتێکی نامۆ نیەو هاوشێوەی وەها زۆر دەبینینەوە لە خەوندا، لە دوای وردبینی کردن لە خەیاڵی ئەم ڕووداوە (چونکە چیتر فرۆید یادەوەریەکە بە خەیاڵ یاخود ڕیشگاو "وهم" ناوزەد دەکات) بە چاوی دەرون شیکاریێکەوە، دەتوانین ئەم خەیاڵە لە زوبانە نامۆکەیەوە بگۆڕینە سەر ووشەگەلێك ئاشنا بە هەمووان، وەرگێڕانەکەشمان لەسەر پێودانێکی سێکسی دەڕووات.

کلك کە بە ئیتالیەکەی پێی دەوترێت (Coda) هێمایەکی دیارەو لە هەموو هێماکان ئاشکراترە، هێمایە بۆ ئەندامی نێرینەی پیاو لە زوبانی ئیتالیی و هەندێکی تریشدا. هەڵوێستی خەیاڵەکەش کە داڵەکە تیایدا دەمی منالەکە دەکاتەوەو بە کلکی پیادەکێشێت، چونیەکی بیرۆکەی خستنی ئەندامی نێرینەی کەسێکە بۆ ناو دەمی کەسێکی تر. (کە بەم پرۆسێسە دەوترێت fellatio) ئەوەی سەیرە لەم خەیاڵەدا بوونی نەریتێکی نەرێتی تەواوە، لە خەون و خەیاڵی دیاریکراوی ئافرەت و نێربازە نەرێتیەکان دەچێت (نێربازی نەرێتی بەو کەسانە دەوترێت کە ڕۆڵی مێینەیی دەبینن لە پەیوەندی سێکسیدا).

لەبەرامبەر ئەم لێکدانەوەیەدا فرۆید داوای هێمنی لە خوێنەر دەکات بۆ ساتێك چون مەبەست لە شیکاری دەرونی لەکەدارکردنی پیاوێکی مەزن نییە، توڕەبوونیشمان ئەو خەیاڵەی منالی لیۆناردۆمان بۆ لێکناداتەوە.

پرۆسێسی فیلاتیۆ دروست بووی ئەم سەردەمە نییە بەڵکو لادانێکی سێکسییە لە دێرزەمانەوە پەیڕەو کراوە بە پێی پەیکەری نێو ئاسەوارە کۆنەکان کە ئاماژەی بە لادانێکی وەها تیایە، ئەم هەڵوێستەش شتێك نییە پەرەسەندنی هەڵوێستێکی تر نەبێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تیا هەستمان بە ئاسودەیی کردووە، کە ئەو هەڵوێستەش بریتییە لە تەمەنی شیرەخۆریی (کاتێ منالەکە لە لانکەدا دەبێت) ئەو دەمەی منال مەمکی دایکی (یاخود دایەنی)

دەمژێت. کاریگەری ئەندامی ئەم پرۆسێسە وەك لەزەتێکی یەکەمین لە ژیانماندا ئاسەوارێکی چەسپیومان تیا بەجێ دێڵێ کە ناسرێتەوە.

بەم شێوەیە هۆکاری گێڕانەوەی ئەزمونی ئەو داڵە لە لایەن لیۆناردۆوە بۆ کاتی شیرەخۆرەیی تێدەگەین، بەڵام تێبینی شتێك دەکەین کە چیتر لێی تێنەگەیشتوین، ئەویش گۆڕانکاری پێکردنی لیۆناردۆیە بۆ ئەو یادەوەرییە بەرەو خەیاڵێکی نێربازی نەرێتی و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە لیۆناردۆ وەك کەسایەتییەکی خاوەن هەستێکی سێکسی شاز بەدەردەخات. هەڵبەتە مەبەست لێرەدا سروشتی هەست کردنەکەیە نەك کارتیاکردنێکی کردەوەیی بۆ شازبوونی سێکسی، هەر ئەم سروشتی هەستکردنەشە بڕیاری ئەوەمان بۆ دەدات ئایا ئەکرێت سیفەتی شازێتی سێکسی بدەینە پاڵ کەسێك. سەرباری ئەو خاڵەی ئاماژەمان پێدا لای فرۆید جێگرتنەوەی داڵە سورەکە لە جێی ڕۆڵی دایك جێی پرسیارەو دەڵێ: بنەچەی ئەم داڵە چییە؟ چۆن هاتە ئەم جێگەیە؟

لە نووسینە هێرۆگلیفیە پیرۆزەکانی میسری کۆندا وێنەی دایك لە شێوەی داڵێکدا بەرجەستەکراوەو میسریە کۆنەکان پەرستویانە وەك خواوەندێك کە لەشی مرۆڤ بووەو سەری داڵ، یاخود چەند سەرێکی هەیە، بە لایەنی کەمەوە سەرێك یا دوانی لە شێوەی سەری داڵدایە. ناوی ئەم خواوەندە (مت Mut) بووە. جێی پرسیارە کە بپرسین نزیکی و هاوشێوەییەك کە لە نێوان وشەی (مت Mut) و وشەی دایك (Mutter)دا هەیە، ئایا بەرەنجامی ڕێکەوتە؟ کەواتە پەیوەستییەکی جۆرێك لە ڕاستی لە نێوان داڵ و دایك دا هەیە، بەڵام بەهای ئەمە چییە بۆمان؟ دەکرێت زانینی ئەم ئەفسانەیە بدرێتە پاڵ لیۆناردۆ لەگەڵ ئەوەی بۆ یەکەمین جار فرانسوا شمبلیون سەرکەوتنی بەدەست هێنا (لە نێوان ساڵانی ١٧٩٠ و ١٨٣٢) لە خوێندنەوەی هێما هیرۆگلیفیەکان؟

هەڵبەتە ئەم پرسیارانەمان بەرەو پرسیارێکی تر پەلکێشمان دەکات، ئەویش ئەوەیە بۆچی میسریەکان داڵیان وەك هێمای دایکایەتی هەڵبژاردووە؟ ئەو هۆکارە چی بووە پاڵی پێوە ناون تا ئەم هەڵبژاردنە بکەن؟

گریك و ڕۆمانەکمان گرنگییەکی زانستییان بە ئاین و کەلتوری میسری داوە، پێش ئەوەی بتوانرێت ئاسەوارە میسریەکان بخوێنرێتەوە، هەندێ زانیاری لە بەردەستا بووە دەربارەیان (واتە دەربارەی کلتور و ئاینی میسری) لەنێو ئەو بەرهەمە پارێزراوانەدا کە دەربارەی ئاسەواری کۆنن. نووسەر و خاوەنی هەندێك لەو سەرچاوانە دیارو ناسراون و دڵنیاین لێیان بەڵام نووسەری هەندێکی تریان دیار نین یاخود گەر دیاریش بن ناناسرێن[١٩]. لەم سەرچاوانەوە

ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە داڵ هێمایەك بووە بۆ دایکایەتی چون لەلای میسریە کۆنەکان وا زانراوە کە ئەم جۆرە باڵندەیە هەموویان مێیەن و نێرینەیان تیا نیە یاخود نێرینەی نییە. مێژووی سروشت ناسی کۆنیش گوخلێنکە (قالۆنچەی دەشت کە تەرس کۆدەکاتەوە) یاخود قالۆنچەی ڕەش لە هەمان پلە دائەنێت، میسریە کۆنەکان لایان پیرۆزە، لەلای ئەوان ئەم جۆرە قالۆنچە تەنها نێرینەن و مێ تیا نییە.

گەر بێینەوە سەر ئەفسانەی داڵەکەو بپرسین ئەی بە بیروباوەڕی ئەوان گەر داڵەکان هەموو مێ بن چۆن زاوزێ دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ئامادەیی و کامڵی لە یەکێ لە بەندەکانی هۆراپۆللۆدا دەدۆزینەوە، کە تیایدا ئەو جۆرە باڵندەیە ئەندامی مێینەیان دەکەنەوەو با دەیپیتێنێ.

ڕەنگە لیۆناردۆ ئەم ئەفسانە زانستییەی بیستبێ کە میسریەکان بیرۆکەی دایك لە وێنەی داڵدا دەبینن، چون لیۆناردۆ خوێنەرێکی چڵێس بووە و بە هەموو بوارەکان گرنگی داوە لە ئەدەب و زانین، لەم میانەشدا زێدەڕۆیی ناکەین لە ژمارە زۆری ئەو کتێبانەی خوێندویەتیەوە پشت بەو هەڵبژاردنانەی Fr. Richter لە نیگارەکانیا کردویەتی.

لەنێو ئەم سەرچاوەو کتێبانەدا خەروارێك لە دانراوە کۆن و هاوسەردەمەکانی بواری مێژووی سروشتناسی تیابووە. ئەو کتێبانە لە کاتی ئەودا بەردەست بوون و وەهاشی ڕێکەوت کردووە کە میلانۆ سەنتەری هونەری چاپی نوێ بووە لە ئیتالیادا. گەر زیاتر بچینە پێشەوە ڕێکەوتی ئەوە دەکەین کە هەرچی زیاتر دڵنیامان دەکات لە بیستنی لیۆناردۆ بۆ ئەفسانەی داڵەکە. قسەکەر و پەخش کەری هۆراپۆللۆ کە خاوەن ڕۆشنبیری و زانینێکی فراوانە ئاوا ئاماژە بەم ڕووداوە دەدات لە (لاپەڕە ١٧٢)داو دەڵێت: "پیاوانی کڵێسا بە پەرۆشی و هۆگریەکی توندەوە ئەفسانەی داڵی پاکیزەیان گرتبوو وەك دیاردەیەکی سروشتی تا لە توانا بوونی بەدیهاتنی بەسەرهاتی مریەم و منداڵ بوونی مەسیحی پێ بسەلمێنن، لەبەر ئەم هۆیە باسکردنی ئەم چیرۆکە لە زۆربەی کڵێساکاندا بەردەوام دووبارە دەبۆوە".

باوکانی کڵێسا بە شادمانیەوە ئەم ئەفسانەیەیان وەرگرت تا وەك بەڵگەیەك لە مێژوودا بەکاری بهێنن دژ بەوانەی گومانیان لە لەدایك بوونێکی پاکیزانە هەیە (واتە لە دایك بوونی مەسیح لە دایکی بەبێ باوك). هەروەك چاکترین سەرچاوە کۆنەکان دەڵێن: گەر بشێت داڵەکان لە با بپیتێن، بۆ ناشێت هەمان شت لەگەڵ مێیەی مرۆڤدا ڕووبدات گەر بۆ جارێکیش بووە؟ لێرەدایە فرۆید دەڵێت چیتر نابێت گومان لەوە بکەین کە لیۆناردۆ ئەم ئەفسانەیەی نەبیستبێت، گەر لە هەمان ئەم سەرچاوە بەهێزەشەوە بێت.

لێرەوە لە یادەوەریەکی بروسکە ئاسادا کە دواتر لێی بۆتە خەیاڵ، ئاواتی ئەوەی خواستووە ئەویش منالی سوورە دالێك بوایە و دایکی هەبوایەو باوکی نەبوایە، چونکە بێبەش کردنی لە لەزەتی کۆشی دایکی بیرناچێتەوە لەلایەن باوکییەوە، لە ڕاستیدا هەر بەم ڕێگایەش خۆی وەك مەسیحی منال دەبینێت. لە لایەکی تریشەوە لە دایك بوونە ناشەرعییەکەی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ خەیالی سورە دالەکەدا. بەرەنجامی زۆر بیرکردنەوەی لە تەنهایی خۆی و دایکی و چۆنیەتی دروست بوونی ئەم.

گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیاری یەکەممان کە وتمان بۆچی ئەم یادەوەریە بەرەو هەلۆیستێکی نێربازی یاخود شازی سێکسیمان دەبات؟ وتمان وێنەی دایك گۆڕا بۆ دالێك و لە هێمای کلکی دالەکەشمان کۆلیەوە، بەلام ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم چالاکیە ئەندێشەیە ئەندامی نێرینە دەبەخشێتە بالندەیەکی دایك؟

زۆر جار خواوەندی دایك (مت Mut) کە خاوەن کەللەسەرێکی دالە لای میسریەکان تێکەڵ بە خواوەندی دایك (ئیزیس Isis) (گەورە ژنە خواوەندی میسریەکان و ژنی ئوزیریس و دایکی حورس) و هاتۆر Hathor خواوەندی جوانی و خۆشەویستی و مێردکردن لای میسریە کۆنەکان کە ئامادەکاری گشت منال بوونێکە، دەکرێت، بەلام ئەم دوو خواوەندە خاوەن کەسایەتی خۆیانن بە ڕوون و ئاشکرایی.

بەلام میسریەکان خواوەندی دایکی خاوەن سەری دالیان (وەك لە هەموو پەیکەرەکانیدا دەرئەکەوێت) بە شێوەیەك دروست کردووە کە مێینەیەتی لەشیان بە دوو مەمك دەرخستووەو بەلام هەندێ نێرینەیەتیشیان لە شێوەی ئەندامێکی زاوزێی نێرینەدا پێ بەخشیوە. خواوەندی مت هەلگری هەمان سیفەتی نێرینەو مێینەیە کە لە ڕیشگاوی سورە دالەکەدا هەیە وەك ئەوەی لیۆناردۆ وێنای کردووە. لێرەدا فرۆید دەگاتە ئەو بەرەنجامەی بپرسێت ئایا دەکرێت وای لێکبدەینەوە کە لیۆناردۆ لە ڕێی خوێندنەوەوە زانیویەتی کە دالی دایك نەریتێکی نێرە موکانەی هەیە؟ بۆچونێکی وا زۆر جێی گومانەو بوونی نەریتێکی نێرەموکانە تەنها تایبەت نەبووە بە خواوەندی متەوە بەلکو وەك وتمان ئیزیس و هاتورو نیت Neith کە دواتر خواوەندی ئەسینای گریکی لێ دروست کرا ئەمانە گشت وەك نێرەموکێك نمایش کراون، بە تایبەت کۆمەلەی دیونیسیۆسی و ئەفرودیت.

زانستی ئەفسانەکان ئەوەمان پێ دەلێت کە ئەندامی نێرینە خستنە سەر لەشێکی مێینە مەبەست لێی هێمایەکی هێزی سروشتی سەرەتایی بووەو گوزارشتێك بووە لە یەکگرتنی توخمی نێرینەو مێینە کە تاکە ڕێگەیەك بووە بۆ بەدی هێنانی وێناکردنێکی پڕ شکۆ بۆ

کەماڵێکی یەزدانی. نەك بەرجەستەکردنی وێنەی ئەو نێرەموکە ڤێزەونەی ئەمڕۆ. (چون پرسیار دەربارەی ڕەگەزی خودا هەمیشە خولیای مرۆڤ بووە هەر لە ئەفسانەکان و ئاینە سەرەتاییەکانەوە هەتا جەخت کردنەوەیەکی تایبەتی ئاینە ئاسمانیەکان لەسەر نە نێرو نە مێ بوونی ڕەگەزی یەزدانی، هەرچۆن ئاینە ئاسمانیەکان و ئەفسانەکان بە بەخشینی هەردوو ڕەگەزەکە بە خواوەندەکانیان جۆرێك بووە لە وەڵامی ئەو پرسیارە لە لایان یاخود دەتوانین بڵێین بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە).

گەر هەنجەتی بەخشینی ئەندامی نێرینە بە لەشێکی مێینە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای سەرەتایی بەم شێوەیە تێبگەین و هۆکارەکەی لێك بدەینەوە، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ئەو مەتەڵە سایکۆلۆجیەمان بۆ شی‌ناکاتەوە. مەتەڵی بەخشینی هێزی نێرینەیی لە وێناکردنی گەوهەری دایکایەتی‌دا کە سیمایەکە دژ بە مێینەیی دایکایەتی. لێکدانەوەی ئەمە لە تیۆریە سێکسی‌یە منداڵی‌یەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چون منداڵێتی مرۆڤ (تاك) هاویەکە لەگەڵ سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەربۆیە پەرەسەندنی دەروونی تاك شتێك نییە دووبارەکردنەوەیەکی کورتی پەرەسەندنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی نەبێت.

کاتێك منداڵ (کوڕ) خۆشەویستی گەڕان و زانینی ئاراستەی ئەندامی نێرینەی خۆی دەکات وەك بەشێکی بە بەها لە لەشیداو لەو باوەڕیشدا نییە هەرکەسێ لەم بچێت (واتە مرۆڤ بێت) خاوەنی ئەندامێکی وەها نەبێت تەنانەت ئافرەتیش، ئەم لێکدانەوەو وێناکردنە زۆر بەهێز خۆی دەچەسپێنێت لەلای منداڵ، تەنانەت وەختێ هاوتەمەنەکانی خۆی دەبینێت لە ڕەگەزی مێ و ئەندامیان لەم جیاوازە، ڕەتی ئەوە دەکاتەوە ئەم ئەندامێکی پێوە بێت بەوانەوە نەبێت یا بە پێچەوانەوە، لەبری ئەمەش خۆی قەناعەت پێ دێنێت کە ئەوانیش هەمان ئەندامی ئەمیان هەیە، بەڵام هێشتا بچوکەو پێی نەگەیشتووە، کاتێ دواتر لە قۆناغێکی تردا چاوی پێی دەکەوێتەوە بەوە لێکی‌دەداتەوە کە ئەندامی نێرینەی گەورە بووە بەڵام بۆیان بڕیوە، چون خۆی زۆر کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی بڕینی ئەم ئەندامەیەوە ساتێ خەریکی ئەم ئەندامەی بووە. بەمەش دەوترێت گرێی خەساندن[٢٠]. لە دواییشدا کە دڵنیا دەبێت ئافرەت ئەندامی نێرینەی نی‌یە هەموو حەزو ئارەزووی پێچەوانە دەبێتەوەو لە بری ئەو هەستە توشی ڤێزهاتنەوەیەك دەبێت کە ڕەنگە ببێتە هۆکاری توش بوونی بە پەککەوتنی سێکسی دەروونی لە ساڵانی پێگەیشتنیدا و وازهێنان لە ئافرەت و وەرگرتنی شازێتیەکی سێکسی تاسەر.

بۆ مرۆڤ نالوێت تێگەیشتنێکی ڕاست لە چالاکی سێکسی منداڵ تێ بگات، لەسەر ئەمەشەوە ڕەنگە ئەم تێبینیانە بە چەند شتێك وەرگرێت کە شایەنی بڕواپێهێنان نین تا ئەو

ڕۆشنبیریەی لە ئارادا بێت کە نەفرەت لە ئەندامەکانی سێکسی دەکات سەرجەم. کەواتە بۆ ئەو تێگەیشتنە ڕاستەی ئاماژەمان پێداو لە پێناویدا دەبێت لە دوای شتهایەکی هاوشێوە بگەڕێین لە سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا تا لە ژیانی دەرونی منالّ تێبگەین. نەوەهایەکی یەك لە دوایەك سەریان لێ تێك داین و ونیان کردین بە دانانی ئەو نەریتە باوەی ئەندامەکانی سێکسی بە کۆمەڵێ بابەتی شەرمو شورەیی کردن بزانین، خۆ ئەگەر توشی بارێکی چەپاندنی تەواو بووینەوە ئەوا لامان دەبنە بابەتهایەکی قێزەون. زۆربەی خەڵکی ئەم سەردەمە بە سوێیەکەوە پەیڕەوی یاسای زاوزێ دەکەن، وا دەزانن بە ملکەچ پێکردنیان بۆ سێکس و ناچاریان بۆ ژن و مێردایەتی قێزیان لە خۆیان دەبێتەوەو زۆر لە خۆیان دەکەن. هەموو ئەو بیروباوەڕە مێژووییانەی لەسەر سێکس هەمان بوو چیتر نەمان ماو، هاتە دواوە تا بوونە پاشەڕۆی ئەو هزرانەمان کە بەبێ ئابڕوویی و ترۆیی دادەنرێن و چینە کۆمەڵایەتیە نزمەکان دەیگرنە خۆ. بەڵام سێکس لە نێوان چینە باڵاو هەرچی زیاتر شارستانیەکاندا دیارنەماو گۆشەگیر بوو وەك شتێکی سوك و ڕیسوا و کەم بایەخ لە لایەنی ڕۆشنبیریەوە، چیتر نەیتوانی جەخت لەخۆی بکاتەوە لەژێر سەرزەنشتێکی تاڵی ویژدانێکی هەست بە خەتا کردودا. بەڵام ڕۆژگاری سەرەتای مرۆڤایەتی مەسەلەکە جیاواز بوو، ئەندامە سێکسیەکان بگرە جێی شانازی و هیوای بوونەوەرانی زیندوو بوو. بە پیرۆز تەماشایان دەکرد هەتا سەردەمی دیارنەمانی پەیوەندیە ڕەسمیەکانی نێوان ئاین و چالاکی سێکسی لە وشیاری گشتیدا. هەندێ ڕێبازی نهێنی ئاینی لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە نێوان هەڵگرانی ئەو ڕێبازانەدا هیچ نەبێت مەسەلەکە بە زیندویەتی بهێڵنەوە. دواتریش کە پەرەسەندنی ڕۆشنبیری بەرپا بوو زۆرێك لە باڵایی و پیرۆزمەندی سێکسی داڕووخێنرا هەتا ڕمانی دوا پاشماوەکانی بۆ ناو قوڵایی قێزەونی و ترۆیی. ئاماژەمان دا بەوەی پەرەسەندنی دەرونی تاك دوبارە بوونەوەیەکی کورتی پەرەسەندنی ڕەگەزی مرۆڤایەتیە، ئەمەش وا دەکات دۆزینەوە شیکاریە دەرونیەکان دڵنیابێت لە دەرونی منالّ دەربارەی گرنگی پێدانی منالّ بە ئەندامی زاوزێ. هەرچۆن وا پێزانینی منالّ کە دایك ئەندامی نێرینەی هەیە سەرچاوەی بنەڕەتی گشتی وێناکردنی نێرەموکی خواوەندی دایکە.

تا ئێستا خەیاڵی سورە داڵەکە لای لیۆناردۆ جێی گرنگی پێدانمانە، لیوناردۆ گەرمی پەیوەندی سێکسی نێوان خۆی و دایکی بەو وشە ئاشکرا بێژە سێکسیانە دەردەخات کە دەڵێ (بە کلکی زۆریدا بە لێومدا). هەرچۆن دەتوانین بەرەنجامی تر لە ناوەڕۆکی ئەم خەیاڵە بە دەست بێنین لە پەیوەست کردنەوەی جوڵەی دایکەکە (یاخود داڵەکە) بە ناوچەی دەمولێوەوەو

دەتوانین لێکدانەوەی ئەم پەیوەستی‌یە وەها بکەین: (دایکم چەندان ماچی گەرمی لە ژمارە نەهاتوی لێومی کرد). فرۆید دەڵێ: ئەوەی تابلۆکانی لیۆناردۆی دیبێت و لەیادبێت ئەو خەندە ئەفسونیە سەرسوڕهێنەرەی بیرناچێت کە نیگاری کێشاوە، وەك بڵێی ئەفسون بازو جادوگەر بووبێت، ئەم خەندەیەی لەسەر لێوی زۆرێك لە کەسایەتیەکانی (بە تایبەتی ئافرەت) کێشاوە. خەندەیەکە جێگیر لەسەر لێوێکی لاکێشی ترازاو بۆتە سیمایەکی تایبەت بە داڤنشی (کە بە خەندەیەکی لیۆناردی) ناوزەد دەکرێت. بەجێ‌هێشتن و بەرجەستەکردنی ئەم خەندەیە لەسەر ڕووخسارێکی جوان و بێ‌هاوتای خانمێکی فلۆڕەنسی "مۆنالیزا دیل جیوکندا" مەزنترین ئاسەواری جێ‌هێشتووە لەسەر بینەرانی و توشی سەرسامی کردون. دەبوایە پەرژێن (تأویل) بکرایەو پەرژێنەکان چەندان هۆکار پێشکەش دەکەن، بەلاّم هەمویان لێکدانەوەیەکی چڕووپڕوو تێر نەبوون. هەروەك جرییە گوزارشتی لێ‌کردووەو وتویەتی: (چوار سەدە تێ‌پەڕی بە نزیکیو مۆنالیزا سەری هەموو ئەوانە دەخولێنێتەوە کە ماوەیەکی زۆر چاودێرییان کردووەو لێیان تۆژیوەتەوە، دەیانەوێت دەرباری بدوێن).

مۆسەر دەڵێ: ئەوەی بینەر بە کێش دەکات ئەم ئەفسونە شەیتانی‌یە یەخسیرەیە لەو خەندەیەدا. بە سەدان شاعیر و نووسەر دەرباری ئەم ئافرەتە نووسیویانە کەوا پێدەچێ ئەمێستا بزەیەك دەیگرێ بۆمان، بزەیەکی سەرلێشێوێنەرانە، دواتر بە ساردیەکەوە لێمان ڕادەمێنێت و دەڕووانێتە دوور، بەرەو پانتاییەك وەك ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا نەبێت، کەسێك نەبووە بتوانێ ڕازی ئەم خەندەیە بدۆزێتەوە، کەسێك نییە توانیبێتی هزری بخوێنێتەوە. هەموو شتێك لە تابلۆکەدا نادیار و ئالۆز و خەونیەو لەرزیوە بە گەرمی‌یەکی حەزلێ‌کردن و برسێتی‌یەوە، هەتا دیمەنە سروشتی‌یەکەی پشتیشی".

زۆرێك لە ڕەخنەگران هەست بەوە دەکەن کە ئەم خەندەیە کۆکەرەوەی دوو توخمی جیاوازە لەناو خۆیدا، کامڵ ترین بەرجەستەکردنێکە بۆ ئەو دژایەتیەی ژیانی هەر ئافرەتێکی تەنیوە، دژایەتی نێوان پۆشتەیی و ڕووتی و نێوان ئایەتە پڕ سۆزە خۆبەدەستەوە دەرەکان و جوان پۆشیەکی بێ دەربەستانە کە تیایدا پیاوان دەکەونە داوی حەزێکی سوتێنەرەوە. مۆنتز دەڵێ: ئێمە دەزانین چ ڕازێکی ئەفسوناوی دورەدەست لەهەر لێکدانەوەیەکە، مۆنالیزا پێشکەشی سەرسامبوانی خۆی کردووە، ئەوانەی نزیکەی چوار سەدەیە دەوریان داوە.

نووسەرێك لەژێر ناوی پیردی کورلای دەڵێت: ڕووی نەداوە هونەرمەندێك بەم شێوازە، پەنهانیەکانی گەوهەری مێینەیەتی بەرجەستە بکات لە: نیانی و چەپخونی (شقاوة)، بە شەرمیو هەوەس بازی، هەموو پەنهانی و شارراوەییەکی ناو دڵ کە بە دووری دەگرێت لە

خەڵکی، ئەو ئاوەزەش کە بیردەکاتەوەو ئەو کەسایەتیەی هەڵکوڕماوی ناخی خۆیەتی هیچ شتێك نابەخشیو نادات بە دەستەوە تەنها درەوشاوەیی و ڕەونەق نەبێت.

ڕەخنەگری ئیتالی ئەنجیلۆکۆنتی دەڵێت: ئافرەتەکە لە هێمنی‌یەکی شاهانەدا خەندە لەسەر لێویەتی، خۆماکەکانی سەرکەوتن و والآکردن و توندوتیژی و ئەوانەی گشت لە کلتوری مرۆڤدان، ویستێك بۆ تێکەوتن و فریودان و جادوییەك بۆ خەڵەتاندن و ناسکی‌یەك کە ئامانجێکی توندوتیژی تیا پەنهانە، هەموو ئەمانە دەرکەوتن و دیارنەمان لە پشت خوماریەکی پێکەنیناویەوە، تواناوە لە هۆزانی خەندەیدا.. خێرو شەڕ، بەزەیی و دڵڕەقی پێکەوە پێدەکەنن. پێدەکەنی پێکەنینێکی شیرین بەڵام وەك پێکەنینی پشیلەکان.

و. پاتر لە کتێبی ڕێنیسانسەکەیدا دەڵێ: ئەو خەندەیەی ئەستەمە دەستمان بە ڕەهەندەکانیدا بگات، کە دەست لێدانێکی توندوتیژی تیا جێگیرەو دواتر لە کارەکانی تری لیۆناردۆدا دەردەکەوێت. گەر شایەتە مێژووییەکان نەبوایە دەمان وت ئەم خانمە نمونەی باڵای ئافرەت بووە لەلای کە بۆ دواجار پێی گەیشتووە.

فرۆید لە دوا ئەم پێودانگە دەڵێ هیرزفیلد شتێکی وەك ئەم بابەتەی پەی پێ بردووە کە وتویەتی: لیۆناردۆ لە مۆنالیزایادا بە خودی خۆی گەیشت. فرۆید زیاتر دەڕوواو دەڵێ: دڵنیا دەبین لە هەستکردنمان کە خەندەی مۆنالیزا یادەوەری ساڵانی یەکەمی منالی لە لیۆناردۆدا بەئاگاهێناوە کە دواتر لە تابلۆی خێزانی پیرۆز و ڕووخساری ئانای پیرۆزمەندا دڵنیاتر دەبێت.

لیۆناردۆ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە کە مانایەکی دوو ڕوو ببەخشێتە خەندەکەی مۆنالیزاو دوو ڕووخسار لەم خەندەیە بەرجەستە بکات، ڕووخسارێکی سۆزبەخش بەبێ سنور، ڕووخسارێکیش هەڕەشەیەکی بەدی لەخۆگرتووە. دواجار دێتە سەر ئەوەی بڵێت ئەم خەندە دژوارە خەندەی دایکیەتی ئەو خەندەیەی لێیان ون کردو لە دەستی چو، کە کاتێکیش سەرلەنوێ لەلای خانمێکی فلۆڕەنسی بەدیکردەوە شەیدای بوو بە بلیمەتی‌یەکەشی لە نیگارکێشاندا بەرجەستەی کرد.

دواجار گەر لە هەموو بۆچونەکان وردبینەوە، (بە وانەی فرۆیدیشەوە) دەبینین زۆری (گەر نەڵێم هەمووی) لە دەوری خەندەو دەمولێو خول دەخۆن و ئاراستە دەبن هەرچۆن هێڵی سەرەکی ریشگاوی سوورە دالەکەش هەر دەربارەی دەمولێوە، بۆیە بوونی پەیوەستیەکی ساتەوەختی بە دوور ناگیرێ لەنێوانیاندا.

لە دوا مۆنالیزا فرۆید ئاماژە بە یادەوەریەکی لیۆناردۆ دەدات لەسەر هەواڵی مردنی باوکی کە تیایدا دووجار کاتژمێری مردنەکەی تیا نووسیوەتەوە، هەرچۆن ئاماژە بە ڕێو ڕەسمی بە خاك سپاردنی دایکی دەدات بە هەموو خەرجیەکی وردەکاری و گرنگی پێدانێکی زۆرەوە کە بە پێچەوانەی یادەوەری نووسینەکەی باوکیەوە لێکدانەوەیەکی ئەرێتی بۆ کردووە. دواتر دێتە سەر باسی زیاتر دەرخستنی کاریگەریی منالی لەسەر کەسایەتی لیۆناردۆ پەنا بەر ئەو وتەیە دەبات کە دەڵێ: هەموو مەزنەکان دەبێت شتێك لە منالییان تیا مابێت. بۆیە کۆمەڵێ هەڵسوکەوتی منالانەی هەیە، ڤازاری دەڵێت: "هەندێ شتی دادەهێنا کە کەس لێی داوا نەکردبوو، لە ڕۆما لە هەویرێکی مۆم هەندێ ئاژەڵی بچوکی دروست کرد کە ناوەکەیان لە هەوا بۆش کردبوو، فوی پیا ئەکردن دەفرین لە هەواداو وەختێ هەواکەشی تیا نەما بەردەبوونەوە. یا جارێکیان دوو باڵی لە چەرم بۆ مارمێلکەیەکی گەورەی سەیر دروست کرد (کە مەی گێڕی بلفدیر ڕاوی کردبوو) هەردو باڵەکەی بە جیوە پڕکرد، هەر کە مارمێلکەکە دەجولایەوە باڵەکانیشی دەجولان، دواتر دوچاوی گەورەو ڕدێن و قۆچی بۆ کردو خستیە ناو سندوقێکەوەو هاوڕێکانی پێ دەترساند". زۆر جاریش ڕیخۆڵەکانی مەڕی چاك پاك دەکردەوەو دەیبردە ژورێکی فراوانەوەو فوی تێئەکرد(بەموشەدەمەیەك کەبەنهێنی لەژوورێکی تردانابوو) هەتا هەمو ژورەکەی دەگرتەوە و خەڵکەکانیش لە لایەکی شوێنەکەوە دەوەستان و سەیریان دەکرد. سەرباری ئەم حاڵەتانە لیۆناردۆ هەندێ شتی سەیری کردووە کە مێژوونووسەکان زۆرجار لێی تێنەگەیشتون، لە دەستنووسەکانی میلانۆیدا (مۆنتزو هێرزفیلد لە تێبینی دەقە نامەییەکانەوە وەریان گرتووە) ڕەشنووسی چەند نامەیەکی تیایە بۆ (دیوداریۆی سوری بریکاری سوڵتانی بابلیۆنی پیرۆز" تیایدا خۆی وەك ئەندازیارێکی سەفەرکردوو بۆ ئەو شوێنانەی ڕۆژهەڵات پیشان دەدات تا هەندێ پرۆژە لەوێ جێبەجێ بکاتو باسی جوگرافیای شارو شاخەکانی دەکات و دواجار ئاماژە بە ڕووداوێکی مەزن دەدات کە لەوێ ڕوویداوە. یاخود وەك ج ب. رختر هەوڵدەدات بیسەلمێنێ کە ئەو تێبینیيانەی لیۆناردۆ دەرباری سەفەرێك بۆ میسر نووسیویەتی و لە خزمەت سوڵتانی میسریدا بووە ساڵی ١٤٨٣ بووەتە ئیسلام لەوێ، کەسێ دەینووسێ کە بە جیدی خۆی چوبێت بۆ ئەو سەفەرەو بە نیگارکێشانەوە.

هەندێ دەڵێن ئەمە تەنها خەیاڵی خۆیەتی هیچیتر کە حەزی بە سەرکێشی و سەفەر کردووە. یا لە جێیەکی تردا پێنج بۆ شەش دروشمی بۆ ئەکادیمیەك دروست کردووە لەوپەڕی جوانی و هونەرو وردەکاریدا، ئەکادیمیەکە بە ناوی خۆیەوەیە و دروشمەکەی لەسەر مس دروست کردووەو لە ناوەڕاستیا زۆر بە ئاشکرایی نووسیویەتی: ئەکادیمیەی لیۆناردۆ داڤنشی.

ڤازاری باس لەم دروشمانە دەکات بەڵام باسی ئەکادیمیاکە ناکات. لەدوا دوایدا فرۆید دەڵێ: گەر لیۆناردۆ کەسێکی تر بوایە هەرگیز نەیدەتوانی سەرەکیترین بەشی لیبیدۆی خۆی لەژێر فشاری چەپاندندا دەرکێشێ و بالای پێ بکات بۆ ئارەزوو لە زانیندا. هەر بۆیە لە ئەزموونەکانمانەوە زانیمان سەرکوت کردنی کاملی ئارەزووە سێکسییەکان مەرج نییە گونجاوترین هەلومەرج بۆ بالاپێکردنی بخەملێنێ.

مایکل ئەنجیلۆ بۆناروتی (Michelangilo Bonarroti) (١٤٧٥-١٥٦٤)

"ئاسودەیی من لە حەسرەتدایەو.. هەزاران شادی لەلای من زریانێك لە زریانەکانی ڕۆح ناهێنێت"

(مایکل ئەنجیلۆ)

مایکل ئەنجیلۆ کەسێك نیە لە سنوری چوارچێوەی ژیانیدا بۆمان ڕاگیرێت لە نێوان لەدایك بوونیدا لە دەوروبەری فلۆرەنسا لە ٦ی مارسی ساڵی ١٤٧٥ بۆ مردنی لە ١٨ فبرایر ساڵی ١٥٦٤. هەرچۆن ئەو لە بازنەی سەردەم و جێگەدا ئارام ناگرێ، کە سەردەمی ڕێنیسانس و ئیتالیایە، بەڵکو بەرز دەفڕێ و سنورەکانی سەردەم و شوێن دەبەزێنێ و دەگاتە ئاسۆی مرۆڤایەتی سەراپا وەك هێمای بلیمەتی کە لە چوار هونەری گەورەدا ئەفراندنی کردووە: پەیکەرسازی و نیگارکێشان و تەلارسازی و شیعر. جگە لەمانە بە وێنەیەك ناوزەد کراوە لە کێشەی مرۆڤ دژ بە چارەنووسی و کێشمەکێشمێکی هەمیشەیی لەگەڵیدا. مایکل ئەنجیلۆ لە ژیانیدا کە خەریك بوو سەدەیەك لە زەمان تەواو بکات هێمایەك بوو بۆ ململانێیەکی بەردەوام و لەسەریەك لە نێوان بلیمەتییەکی قارەمانی و ورەیەکی لە جەنگدا بوو لەگەڵ کارەسات و ئازار و دڵەڕاوکێ.

ئەو هێندە نەبوو لە دایك بوو بوو کە دایکی مرد، منداڵیەکی بێ دایکی بردە سەر لە باوەشی ژنە بەخێوکەرەکەیدا کە ژنی پیاوێکی بەرد هەڵکەن بوو، دەوترێت ئەو ژنە لەگەڵ شیردا بەهرەی پەیکەرسازی داوەتێ.

لەشاری کاستل کابریزی پەروەردە بوو نزیك بە هەندێ ناوچە کە بەردی مەرمەڕیان لێدەرئەهێنا. وەختێکیش خێزانەکەیان چوە فلۆرەنسا، ئەو ئارەزوی لەگەڵ هونەر هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە ناردیانە ئەتێلەی (جیرلاندایو)ی نیگارکێش کە گەورەترین نیگارکێش و ئوستادی ئەو سەردەمەی فلۆرەنسا بوو. بەڵام ئەو خواستی لەگەڵ نیگارکێشاندا نەدەگونجا و ڕێکنەدەکەوت و مەیلێکی تایبەتی بۆ هونەری پەیکەرسازی هەبوو، پەیوەندی کرد بە قوتابخانەی لۆرینزۆ دی میدتشییەوە لە باخچەکانی سان مارکۆ. باوکی مایکل ئەنجیلۆ زۆر حەزی دەکرد کوڕەکەی لە بازرگانیدا کاربکات و بۆ خۆی دادوەر بوو، بەڵام ئەو خواستەی

باوکی نەهاتەدی، ئەو دەمەی مایکل ئەنجیلۆ لـە ئەتێلـەی (دمنیکو جیرلاندیو)دا کاری دەکـرد تەمـەنی سـیانزە سـاڵان بـوو، سێ سـاڵ لـەوێ مایـەوە لـە دوا ئـەوە لـە قوتابخانـەی باخچەکـەی میدتشـیدا، کـە لۆریـنزۆ دایمـەزراندبوو زوو بـە زووو لـە لایـەن خـودی لۆریـنزۆوە هەسـت بـە بـەهرەی ئـەم مێردمناڵـە کـرا، ئـەو دەمـە هونەرمـەندی پەیکەرساز (برتۆڵدۆ) ئوستادی بـوو کەئەم هونەرمەندە قوتابی دۆناتێللۆ بوو.

نزیـك بوونەوەیـەکی خـێرا لـە نێـوان مـایکل ئـەنجیلۆو خـێزانی لۆریـنزۆدا ڕوویـدا و بـووە هاوڕێی کوڕی لۆرینزۆ و موچەیەکی مانگانەیان بۆ تەرخان کرد.

لە کەشی بنەماڵەی میدتشیدا، لە نێوان ڕێنومایییەکانی ئـەفلاتون و نمونـەی ژیـانی هزریـی لە ڕێنیسانسدا، دنیایەکی بێ بڕوایی و دنیایەکی مەسـیحی کێشـەیان بـوو لـە دەرونیـدا، بـەڵام ئـەم ماوەیـە گریکی بـوو، سـەرەتای کارەکـانی بـە پەیکـەری (سـاتێر) و (ئـەپۆلۆن) و (شـەڕی قـەنتورس) دەسـت پـێکرد و داوتریـش (پـاکیزەی سـەرپەیژە)ی بەرجەسـتە کـرد. لـە سـاتێکدا نیگارکێشـان لای داڤنشـی گوزارشـت بـوو لـە بێهاوتـاترینی هونـەرەکان لەبـەر ئـەوەی گشـت دیاردەکـان لـە ژیـاندا کۆدەکاتـەوە، دەبینـین بەختـەوەریی لای (مـایکل ئـەنجیلۆ) لـە تاشـینی بەرددایە بۆ پەیکـەر و ڕزگارکردنی جەسـتەی سـێ ڕەهـەندیی ئـادەمیزادە لـەناو بارسـتاییەکی بەردینی کەتەدا. لەبەرئەوە وا بیری دەکردەوە کە نیگارکێشان دەبێت هەڵتۆقیوی و دەرپەڕیوی کەسەکان دەرخات لە ڕووی وێنەکەوە تا بەمە لاسایی پەیکەرسازی بکاتەوە.

پێشتر باسمان لـە پەیوەندی پتـەوی نێـوان خـێزانی میدتشـی و مـایکل ئـەنجیلۆ کـرد، ئـەم پەیوەندیـە زۆری نـەخایاند و بـەرەنجامی شۆڕشـێك کـە فەرمانڕەوایـەتی خـێزانی میدتشـی کۆتاپێهێنا، هونەرمەند شاری فلۆرەنسای بەجێهێشت ساڵی ١٤٩٤ بەرەو ڤینیسیاو بولونیا.

ساڵی ١٤٩٦ ساڵی دەرکەوتنی ناو و ناوبانگی هونەریی ڕۆما بوو، هەر بۆیە مایکل ئـەنجیلۆش خۆی گەیاندە ئەوێ و دەستی کـرد بـە پەیکـەری (بـەزەیی) بـۆ کڵێسـای پیرۆزمـەند پـترۆس لـە نێوان ساڵانی (١٤٩٨-١٤٩٩) ئەوکاتە تەمەنی بیست و سێ ساڵ دەبوو (وەك هەندێ سەرچاوە بۆی دەچـن) ئـەم پەیکـەرە (کـە یەکـەمین پەیکـەرێك بـوو لـە بارسـتاییەکدا دوو جەسـتەی مـرۆڤ لەخۆی بگرێ) لەژێر کاریگەریی و سەرسامی هونەرمـەندەدا کـراوە بـەو بیروبـاوەڕوو شۆڕشـەی سافوناروڵا کە بـە ئـاگر سـوتێنرا. ئـەم پەیکـەرە دیـالۆگی هەمیشـەیی دەروونـە لەگـەڵ خـەم و خەفـەتدا. مریـەم دانیشـتووەو لەسـەر ڕووی خـەمێکی هێمـن هەیـەو مەسـیح لەسـەر ئەژنۆکانیەتی. ئەم پەیکەرە سەرەتای ناسین و بەناوبانگ بوونیەتی و ڕزگاریەتی لە هەژاریی.

وەختێ ساڵی ١٥٠١ گەڕایەوە بۆ فلۆرەنسا کارە پەیکەریەکانی و شێوازی کارکردنی کەوتبووە ژێر کاریگەریی پەیکەرەکانی سەردەمی هێلینیەوە کە خاوەن ماسولکەی گەورەو دیارو دەرکەوتون، ئەم کارانەشی لە ڕۆما بەرچاوکەوت. زووبەزوو ئەم کاریگەرییە ڕەنگی دایەوە تیایدا لە پەیکەری (داود)دا، کە فلۆرەنسیەکان پێیان دەوت (زەبەلاح) لەبەر گەورەیی و ئەو گوزارشتە پاڵەوانێتیانەی شێوازی پڕ بلیمەتی مایکل ئەنجیلۆ دیاریکردبوون. پەیکەرەکە شەش مەتر بەرزەو سەرەتا ویستیان لەسەر یەکێك لە پایەکانی دیواری کاتیدراڵی فلۆرەنسا دایبنێن، بەڵام پیاوانی ئاینی و هونەرمەندان وایان بە باشتر زانی لەو گۆڕەپانەدا دانرێت کە لە بەردەم کۆشکی سەرۆکایەتیدایە لە فلۆرەنسا[٢١]. ئەمەش لەبەرئەوەی نمایشی چیرۆکە ئاینیەکە ناکات، چون شتێکی تیا نیە هێمابێت بۆ کەسایەتی جالوتی دڕندە کە لە بەسەرهاتەکەدا هەیەو لە پەیکەرەکانی دۆناتێللۆ و ڤیریکۆدا بەرچاومان کەوت.

دوابەدوای ئەم کارە مایکل ئەنجیلۆ دەستی دایە ئەو پرۆژە دیواربەندەی بە هاوبەشی لەگەڵ داڤنشیدا دروستیان کرد. (لە باسکردنماندا بۆ داڤنشی ئاماژەمان پێدا) ئەم کارانە گشت کارێکیان کرد کە مایکل ئەنجیلۆ ناوبانگ پەیدا بکات و ئەم ناوبانگ پەیداکردنە بچێتە دەرەوەی فلۆرەنساو شارەکانی ئیتالیا، لێرەدا بوو پاپا یولیوسی دوهەم بانگهێشتی کرد بۆ ڕۆمای پایتەخت ساڵی ١٥٠٥ تا گۆڕستانێکی مەزنی بۆ بنیات بنێت کە شایەنی ئەو بێت. هونەرمەند دەستی کرد بە خۆئامادەکردن بۆ ئەم مەبەستە، سەردانی کانەبەردی کراری کرد تا مەرمەڕی گونجاو بە کارەکەی هەڵبژێرێ‌و دەستی کرد بە کارکردن تەنانەت هەندێ پەیکەریشی دروست کرد بۆ گۆڕستانەکە، بەڵام پاپا زووبەزوو داواکەی ڕەت کردەوە نەك دروست کردنی ئەم گۆڕە ببێتە نوقڵانەیەکی ڕەش بۆی، لەوەو دوا مایکل ئەنجیلۆ گەڕایەوە بۆ فلۆرەنسا. هەرگیز دەرکەوتنی ئەم کەڵەپیاوە ڕێی لەوە نەگرتووە ئەوانەی سەرسامی ئەون داوای نیگارکێشانی لێ نەکەن، هەرکە گەڕایەوە لەلایەن پیاوێکی خانەدانەوە[٢٢] داوای تابلۆیەکی لێکرا لەسەر (خێزانی پیرۆز) ساڵی ١٥٠٦ تابلۆکەی بە بۆیەی ڕۆنی دروست کردو تەواو کرد، تایبەتمەندێتی پەیکەری زۆر تیا زاڵە ڕەنگی کەم تیا بەکارهاتووە، فیگەرەکانی زیاتر لە بارستایی پەیکەر دەچن و بەرجەستەن بە تایبەت کەسایەتی مریەم. هەر لەم ماوەیەدا بۆ جارێکی تر پاپا یولیوسی دووەم بانگهێشتی ڕۆمای کردەوە، بۆ نیگارکێشانی بنمیچی نوێژگەی کڵێسای "سستینا". مایکل ئەنجیلۆ ئەم کارەی پێ خۆش نەبوو ئەو هەرگیز خۆی بە نیگارکێش نەدەزانی نەك هەر ئەوەندە بگرە نیگارکێشانی بە شتێکی کەم دەزانی لەچاو پەیکەرسازیدا و دەیوت: ساتێ نیگارکێشان کامڵ و باڵا دەبێت نزیك دەبێتەوە لە

پەیکەرسازی، بەڵام ساتێ پەیکەرسازی لە ئاستی خۆی دائەبەزێت و بێ‌پێز دەبێت لە نیگارکێشان نزیك دەبێتەوە.

لەم ڕووانگەیەوە داوای لە پاپاکرد ئەو پرۆژەیە بدات بە رافاییل، بەڵام پاپا هەر سور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کارەی بۆ بکات. لە دەی ئازاری ساڵی ١٥٠٨دا، مایکل ئەنجیلۆ ئەم دەستەواژەیەی نووسیوەو دەڵێ: (ئەمڕۆ منی مایکل ئەنجیلۆی پەیکەرساز، دەستم کرد بە نیگارکێشان لە بنمیچەکەدا) لە ساڵی داهاتوودا جارێکی تر نووسیویەتی (دانی پیا دەنێم ئەمە ئیشی من نیە تەنها کاتم لێ دەڕووا). تا لەسەرەتای کارەکەدا جارێکیش ڕادەکات و خۆی دەدزێتەوە، بە دوایدا دەگەڕێن.

هەرچەندە یارمەتیدەرو بەردەستی زۆر بوو بەڵام نەیهێشت و قایل نەبوو هیچ کەسێك بە ڕاستەوخۆ کاری لەگەڵدا بکات، هەموو کارەکەی تەنها خۆی ئەنجامی دا بە ماوەی چوار ساڵ، توشی ئازارێکی زۆر بوو بەرەنجامی پاڵکەوتنی زۆر و درێژخایەنیەوە لەسەر سەکۆ تەختەییەکان، کە دواتر کارێکی لێ کەوتەوە جێ شانازی هونەری ئیتالی و وەك دیاردەیەکی سەرسوڕهێن تەماشا دەکرێت و پەرجویەکە نەمری هێنا بۆ ئەفرێنەرەکەی ئەم کارە مەزنە لە سێ بەش پێك هاتووە.

کۆمەڵەی یەکەم: بابەتهایەکە پەیوەست بە یەزدانەوە

(أ) خوداوەند ڕووناکی لە تاریکی جیادەکاتەوە.

(ب) خوداوەند ئەستێرەکان دروست دەکات.

(جـ) خوداوەند زەوی موبارەك دەکات.

کۆمەڵەی دووەم: نمایشی

(أ) ئەفراندنی ئادەم

(ب) ئەفراندنی حەوا.

(جـ) گوناهکردن و دەرکردن لە بەهەشت.

کۆمەڵەی سێهەم: دەرباری چیرۆکی نوح و لافاوەکەیە

(أ) خۆبەخت کردنی نوح.

(ب) لافاو.

(جـ) خۆشی نوح.

ئەم بابەتانە گشت لە چیرۆکەکانی نێو توراتەوە وەرگیرابوون. چواردەوری ئەم نیگارە گەورانە بە چوارچێوەیەك گیرابوو کە وێنەی پەیامبەران و پیرۆزمەندانی تیابوو ژمارەیان

دوانزە بوو بە شێوەیەکی ڕووت دروستی کردبوون تا بتوانێ تواناو کارامەیی خۆی لە توێژینەوەی جەستەی ئادەمیزاددا دەرخات. هەڵبژاردنی ئەو دوانزە کەسایەتیە لەسەر بنەمای ئەوە بوو کە ئەو کەسایەتیانە موژدەی هاتنی مەسیحیان داوە، ئەمە بێ لە هەندێ کەسایەتی مێژوویی و کۆیلەی ڕووت. ئەم کەسایەتیانە وەك نەخشێکی دەرکەوتوی ڕەنگاوڕەنگ لە سەر ڕووی بنمیچەکەوە دەرئەکەوتن. بە لێکدانی ئەرکی تەلارسازی و نیگارکێشان جێ دەستی پێشڕەوایەتی خۆی دیاریکرد بۆ سەرهەڵدانی هونەری بارۆك.

بەم کارەی ویستی دەستەواژەی خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵێ هێماوە وەرگێڕێ تا خەڵکی پێ بدوێنێ لە بنمیچی سستیناوە، هێماگەلێك کە زیاد لە سێ سەد نیگار دەبێت و پێیان سەرو وەیدامەدانی قوتابخانەی ڤینیسی و سەرقاڵیە ڕەنگەیەکەی کەوت، هەرچۆن گوزارشت لە مانای مادی شتە بینراوەکانی نێو قوتابخانەی فلۆرەنسی بەجێهێشت، تا ئەو تۆوە کامڵ کات کە لە هونەری جیۆتۆدا سەوز بوو و لە هونەری مازاتشیۆدا ڕاگەیەنرا، ویستی بوو بە شێوازێکی زەبەلاحی نزیك بە پەیکەرسازی ئەفراندنی دونیاو مرۆڤ و دەرهێنانی ڕووناکی لە تاریکی و گوناە و لافاو و جەستەی مرۆڤ بکاتە شانۆیەك بۆ گوزارشت کردن لە قوڵترین هەست و سۆزەکان، لە نیگارکێشاندا هێماگەلێکی زەبەلاحی وەهای دانا تا چیرۆکی دنیا بگێڕنەوە. بەم کارە مەزنە کە ساڵی ١٥١٢ لێبۆوە چاوی کز بوو و تەندروستی تێك چوو، بە هۆی مردنی پاپاشەوە خەڵاتی کارەکەی نەدرایە. بەم ڕووداوەش دیسانەوە ئەو خەونەی تیاچوو کە ویستی دوای کارکردن لەم بنمیچەدا بگەڕێتەوە سەر دروست کردنی گۆڕەکە. بەڵام ئەم پرۆژەیەی هەر جێبەجێکرد لەسەر داوای خێزانی پاپا یولیوسی دووەم هەرچەندە سێجار لێی بڕاو تا تەواو بوو سیو پێنج ساڵی خایاند.

چەند پەیکەرێکی گۆڕستانەکەی لە سەرەتادا ئامادەکرد وەك پەیکەری موسا کە وەختێ تەواوی کرد هەر بە پیاوێك و مرۆڤێکی ڕاستەقینە دەچوو بۆیە پڕ بە دەم هاواری لێکرد: دەی بدوێ!!

ئەم کارە سەرباری دروست کردنی پەیکەری کۆیلەکان و پەیکەرێك بۆ پاپا. پەیکەری دوو کۆیلەکە یەکێکیان هێمایەکە بۆ خۆ بە دەستەوەدان و نەمانی وورە، ئەوی تریشیان هەڵگەڕانەوەو شۆڕشگێڕی دەکاتە هێمای خۆی، هەردوو کارەکە وێنایەکە بۆ تواناو کارایی مایکل ئەنجیلۆ لە گوزارشت کردنیدا بۆ هەڵچونە دژ بە یەکەکان.

پاپا لیۆی دەهەم کوڕی لۆرینزۆی مەزن بوو لە خێزانی میدتشی، وای بە باش زانی بە سەلیقەیی و بلیمەتی ئەنجیلۆ بەکاربێنێت بۆ جوانکاری شاری فلۆرەنسا گەرچی پێشتر

پرۆژەیەکی تەلارسازی پێ سپاردبوو کە ڕووی کڵێسای سان لورینزۆو نوێژگەی بنەماڵەی میدتشی بوو، ئەویش زۆر بە دلگەرمیەوە وەریگرتبوو لەسەر ئەم کارە وتویەتی (ویستێکی بەرجستەکردنی ئەم کارەم هەیە کە دەیکاتە ئاوێنەی تەلارسازی و پەیکەرسازی سەرانسەری ئیتالیا). ئەمە بێجگە لەوەی هەر لەم میانەدا پاپا کلیمنتی حەوتەم، کێشانی دیزاینی کتێبخانەکەی پێ سپارد، ئەمەشی وەرگرت بەو هەنجەتەی تەلارسازی نزیکە لە پەیکەرسازیەوە، پەی پێ بردنی هەست کردن بە فۆرمی مرۆڤ و کۆمپۆزشنی دەخوازێت.

هەر ئەوکاتە بۆ ڕازاندنەوەی فلۆڕەنسا چووە ئەو شارەو دەستی کرد بە ڕازاندنەوەی هەردوو گۆڕی جولیانۆ و لۆرینزۆ میدتشی، لەسەر داوای لیۆی دەهەم کارەکانی ڕۆمای ڕاگرت، بۆ ئەم دوو گۆڕەش داوای دروست کردنی بینایەکی کرد لە فلۆڕەنسادا کە سەر بە کەنیسەی پیرۆزمەند لۆرینزۆ بێت و هەردوو گۆڕەکەش بگرێتە خۆی، کارکردن لەم پرۆژە گەورەیەدا لە ساڵی ١٥٢٠ وە تا ساڵی ١٥٣٤ی خایاند (دیارە بە لێبڕانەوە)، ئینجا هەردوو گۆڕەکە کۆتاییان پێهات، لەسەر گڵکۆی جۆلیانۆی کوڕی لۆرینزۆی شکۆمەند کە برای پاپالیۆی دەهەم دەکات، پەیکەرێکی کەسایەتی دانیشتوی جل و بەرگ ڕۆمانی دروست کرد کە لە بەردەمیا دوو پەیکەری پاڵکەوتوی هێما بۆ (شەو و ڕۆژ)ی داناوە. لە بەردەمی پەیکەری لۆرینزۆشدا دوو پەیکەری پاڵکەوتوی تری دانا کە هێمابوون بۆ (بەیان و ئێوارە). لەم چوار پەیکەرەدا تێبینی ئەوە دەکەین تا چ ڕاددەیەك هونەرمەند کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پاڵەوانە وەرزشیەکانی گریکەوە کە ڕووتن.

پێش ئەوەی کارکردنی لەم پەیکەرانەدا تەواو ببێت دیسان پاپا ناردیەوە بە شوێنیا بۆ ڕۆما، بەڵام ئەمجارە هەڕەشەی میراتگرانی یولیوسی دووەم بۆ تەواوکردنی پرۆژەی گۆڕستانەکەی و ڤینی هاوسەردەمانی و هەستەکانی دەرونە جۆش خواردووەکەی لە قولاییەکانی ناخیدا ترس و دڵەڕاوکێیان بەرجەستە دەکرد، ژیانی ئاسودەو پڕ نیعمەتی لەو ماڵەدا کە کلیمنتی حەوتەم بۆی تەرخان کردبوو ڕەت کردەوە، ئاگری شۆڕش هەڵیگرت بەرەو فلۆڕەنسا دژ بە ئیمپراتۆریەتی پاپا، نوقمی شۆڕش بوو هەر لە ساڵی ١٥٢٧ وە تا ڕووخانی شۆڕش ساڵی ١٥٣٠. ماوەی یانزە مانگی ڕەبەق شان بە شانی دانیشتوانی فلۆڕەنسا و عاشقانی ئازادی و کۆماریی دیموکراسی وەك سەرەك ئەندازیارانی جەنگ ئەرکی پاراستنی شوراکانی شاری گرتە ئەستۆ. کە دواجاریش فلۆڕەنسا خۆی دا بە دەستەوە، (ئەنجیلۆ) خۆی ون کرد و خۆی لەبەر چاوان شاردەوە. پاپا بە مەرجێ لێی خۆش بوو کە چەند کارێکی هونەریی بۆ ئەنجام بدا، بەڵام ئەمە تەنها ڕووکەشێ بوو تا بکەوێتەوە بەردەستی پاپا دەنا دەستی لێ هەڵ

نەگرت، بەڵام لە دوا ئەم کارەساتەوە چیتر ناخی ئەنجیلۆ هێندەی تر ڕووخا، پێدەچێ بە دەستێ خۆی بە نقوم بوون لە ئایندا هەڵواسیبێ و بە دەستێکیش بە توانەوە لە تەنهاییدا و هەڵکورمان بەناو ناخی خۆیدا.

لە ساڵی ١٥٣٤دا پاپا پولسی سێهەم بانگی کرد بۆ ڕۆما تا تابلۆی دیواربەندی (دوا دادگایی، ڕۆژی دوایین)ی بۆ دروست بکات وەك تەواوکەرێك بۆ تابلۆی بنمیچی کلێسەی سیستینا، ڕووبەری ئەو دیوارە ١٦م × ١٤ م دەبوو کەوتبووە پشت قوربانگەکە لە نوێژگەی کلێسەی سیستینایە، ئەو دیوارە گەورەو ڕووبەرە پان و پۆڕەی بە نیگارێکی زەبەلاح پڕکردەوە کە لە بابەتەکەیدا سودمەند بووە لە داستانی (دۆزەخ)ی دانتی چونکە وێنەی دۆزەخ و بەهەشتی وەك وەسفەکانی ئەو دروست کردووە، ئەم کارە مەزنە تا ساڵی ١٥٤١ی خایاند. ئەمە لە دوا کارەکانی نیگارکێشانیەتیو، لە مۆزەخانەی لەندەن دوو تابلۆی تەواونەکراوی لێیە. هەروەها لە کلێسای باولین وێنەیەکی دیواربەندی لەسەر هەردوو پیرۆزمەند پۆڵس و پترۆس بەرجەستە کردووە.

لە ماوەی سی ساڵی دواینی تەمەنیدا زیاتر خۆی سەرقاڵی تەلارسازی و شیعر کرد (لە دوا تەواوکردنی پرۆژەی گلکۆی یولیۆسی دووەم) لە دوای ئەوەی ئەو ماوە دوورو درێژە جێی هێشتبوو، هەرچەندە لەو دوادوایەشدا پاپا بۆ ئەو تابلۆ دیواربەندەی بانگ کردەوە کە لە کلێسای (بولین)ەو پێشتر ئاماژەمان پێدا تابلۆکە فریسکۆیەو لەسەر لە خاچ دانی پیرۆزمەند پترۆسە، کە خەڵکی زانییان سیمای پیرۆزمەندی ئازارچەشتوی بە ڕووخساری خۆی دروست کردووە لەسەر هەمان شێوەی کۆستی پیرۆزمەندی شەهید.

پیریی زۆری بۆ هێنابوو کە سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەمجارە گلکۆی یولیوس هەر تەواو بکات ئەو چل پەیکەرەی لە ئەندێشەی زویدا بوو بۆ ئەم کارە دەستبەرداری بوو بۆ کۆمەڵێ پەیکەر کە لە نێوەندیاندا پەیکەری زەبەلاحی موسا ڕاوەستاوە، نمایشی سەرکەوتن دەکات بەسەر لاوازیی هونەری پەیکەرسازی دوای گریك، بەڵکو بە سەرکەوتنێ دادەنرێ بەسەر ئەو پەیکەرسازە یۆنانیە کۆنانەشدا کە خولگەی هونەرەکەیان تەنها کردبووە بەرجەستەکردنی جوانی جەستە. ئەمە لە ساتێکدا مایکل ئەنجیلۆ ئەم خولگەیەی تێپەڕاند تا پەیکەرسازی بکاتە داستانێك بۆ گوزارشت کردن لە قوڵایی گەردون و بیرۆکەی هەتاهەتایی.

(چاوەکانم شتە فانیەکان نابینێ.. گەر ڕۆحم هاوشێوەی یەزدان نە ئەفرایە قەناعەتم بەو جوانیە دەرەکیانە دەکرد کە چاو دەفریوێنن، بەڵام ئەم جوانیە بۆشە، کەوابێ ڕۆحم چیتر بەرەو جوانیەکی گەردوونی ئاراستە دەگرێت).

(ناکرێ گەرمی لەگڕ جودا بێتەوە، هەرواش جوانی لە هەتاهەتایی بوون جوێ نابێتەوە) بەم دەستەواژانە دیالۆگی لەگەڵ بەردا دەکرد هەر بەم ڕۆحەش کەرەسەکانی پەیکەرسازی و نیگارکێشانی پێکەوە هەلگرت. لە پێناو ئەم چەمکانەدا بوو دەرونی ئامادەی گۆڕانکاریەکی سۆفیانەی قووڵ بوو: ئەم هونەرمەندە کە لە کێشەی نێوان بت پەرستی و مەسیحیەتدا ژیا، ماوەیەکی پێشوزای کرد لە بێگەردی ڕۆحانی و دڵ، کە لەسەر کلێسای پیرۆزمەند پەترۆسی ڕاگرت وەك ئەندازیارو سەرپەرشتیارێ ساڵی ١٥٤٧، ئەم ڕاسپاردەیەی وەك ئەرکێکی پیرۆز وەرگرت. لەم ساتانەدا بۆ برازاکەی دەنووسێ و دەڵێ: زۆرێك باوەڕیان وایە کە خودا منی بۆ ئەم جێگەیە هەڵبژاردووە.. لەبەرئەوە ناتوانم بەجێی بێڵم.. من لێرە کە خزمەت دەکەم لە خۆشەویستیمەوەیە بۆ یەزدان، لەژێر گومەزی ئەم نوێژگەیەدا هەموو هیواو ئامانجەکانم دائەنێم.

بەلآم چاوی دوژمنەکانی لێ نەدەگەڕان (کە برامانتی یەکێك بوو لەوانە) لەم جێگەیەدا هەرچەندە ئەم داندەنێ بە بلیمەتێتی برامانتیدا وەك ئەندازیارێك سەرەڕای ئەم ڤینەبەرایەتیە، لە دیزاینی یەکەمی کە ئامادەیکردووە بۆ کلێساکە "ئاشکرا بێژییەك لە گوزارشتدا و ڕوونی و ئازادیەك دەبینێت، کە ئەوەی خۆی لێ هەڵە بکات واتە خۆی لە ڕاستی هەڵە دەکات".

مایکل ئەنجیلۆ لەم ماوەیەی ژیانیدا هەڵوەدایی پاکێتی ڕۆح و ئاسودەیی بوو، بەلآم سوێ و پەژارە خۆیان دەکێشا بەرەو دەروونی. هەمیشە دەیوت "من هاوڕێی تەنهاییم".

ئەو دەمەش کە مارکیزە بسکارا ڤیتۆریا کولونیای ناسی، ئەو ئافرەتە ئایەتێك بوو لە جوانی ڕێنیسانس و هەموو ئەو تیشکدانەوانەی لە هزر و خەونەکان و هەڵوەدایی ڕۆشنبیریدا بوون، هەموو ڕۆژانێکی یەك شەمموان ژوانیان کلێسەی سان سلفاسترو بوو، ئەو ئافرەتە ناسکترین دەستودیاری دنیا بوو بۆ ئەو.

گەلێ جار ویستی وابوو خۆشەویستیەکەی بخاتە دوتوێی تابلۆیەك یا پەیکەرێکەوە بەلآم ئەو سروە ئاسمانیەی ڕووخساری کەوی نەدەکرا بۆی، بەلآم توانست و بەهرە کۆنەکانی وەك شاعیرێك ڕاچەنیەوە دەستی کردە نووسینی ڕۆمانسیات لە پێناو خۆشەویستییە پتەوەکەیاندا. پیتۆریاش وەك ئەو زام زەدە بوو، ئازارەکانی ناخی بە سوێ بوون، بە شەیدایی خودایی و نزیك بوونەوە لە ڕۆحی ئەم هونەرمەندە بێبەختە دەیویست زامەکانی هەتوان کات. لە سێبەری ئەم خۆشەویستیەدا لە ناوازەترین کارەکانی ئەفرا "ڕۆژی هەستانەوە"، تابلۆکانی کلێسای بۆلین، شاکارەکانی کلێسای پیرۆزمەند پەترۆس. ئەودەمە ئەنجیلۆ لە شەست

ساڵان تێپەڕی کردبوو کە ئەو بەرەو پەنجا ساڵی دەڕۆیشت، ئەڤینیان لە دەوری ئاین و هونەرو گشت شتێکی خاوەن ڕۆحێکی هەڵکەوتو لە ژیاندا دەخولایەوە.

ئەم دڵە ناسکە نەیتوانی هێند بمێنێتەوە تا بۆ ماوەیەکیش بێت ئارامی ببەخشێ بە ژیانە پڕ زریانەکەی، مەرگ بە پەلە بوو، هەورێك لە زام و سوێ دەوری ژیانی ئەنجیلۆیان دا ساتێ ئەو ڕووخسارە تیشکی‌یەی بینی ژیان تیا دەکوژێتەوە، هاواری لە ناخی بەرزبۆوە: چۆن ئەم هەموو هەڵکەوتویی و باڵایی ڕۆحانی و هزرە دەمرێت؟ نەهامەتیەکان بە دوایەکدا دێن، دوای مردنی فیتۆریا هاوڕێ خۆشەویستەکەشی دەمرێت کە یارمەتیدەری بوو، ئۆربینۆ کە لە گلکۆی یولیوسی دووەمدا کاری لەگەڵ کرد، لە ساتەوەختی مردنیا ئەم هاوارەی بۆ برازاکەی نارد: "دوێنێ ئێوارە ئۆربینۆ مرد.. بەجێی هێشتم دڵشکاو و وون، هەتا وام دەزانی لەگەڵیدا دەمرم لە پێناو خۆشەویستیم بۆی.. پیاوێکی مەزن و بە ئەمەك بوو.. لەو ساتەوەی کۆچی کردووە ئارەزوی ژیان ناکەم‌و، ئاسودەیی بەجێی هێشتم".

زامەکان ڕۆحیان تواندەوە، ئەم گوزارشتە درامیە گەورانە نیشتەجێی دەرونی بوون کە دواتر هێمنی هونەریان سەراپاگیر کرد لە ڕۆما، هەر لەوێ لە ڕۆما لە دواین ساڵەکانی ژیانیدا ئەوەی بەرهەمی هێنا لە بواری تەلارسازیدا ناوی ئەوی وەك ئەندازیارێك بە نەمری گەیاند لە مێژوودا، چونە ژورگەی کتێبخانەی لاورنتیانی دروست کرد لە فلۆڕەنساو هەموو ئەو بینایانەشی بوونیات نا کە دەوری گۆڕەپانی پەیکەری (مارکوس اوریلیوس)یان داوە ساڵی ١٥٤٥. بەڵام مەزنترین کاری تەلارسازی هەر لە گومەزە مەزنەکەی کلێسای پیرۆزمەند پەترۆسە لە ڕۆما لە نێوان ساڵانی ١٥٤٦-١٥٦٤ دوای خۆشی ئەندازیار (جیاکۆمو دیلابورتا) تەواوی کرد ساڵی ١٥٩٠.

لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا ئاماژەی وەها دا بە ژیانی خۆی: "هەست بە غەمناکی دەکەم، لەبەرئەوەی دەمرم پێش ئەوەی هەموو شتێ لە پێناو ئاسودەیی دەرونما پێشکەش بکەم، لەبەرئەوەش کە ساتە وەختێ دەمرم سەرەتامە لە وتنی هونەرەکەمدا". مایکل ئەنجیلۆ لە مەزنترینی ئەوانە نەبوو کە فلۆڕەنسا بەخشینی، نمایشکاری ڕۆحی ئیتالیای پارێزگەرا نەبوو، بەڵکو لە هەرە بلیمەتە شکۆمەندەکانی دنیایە.. بلیمەتیەك کە تەنها لەگەڵ بەردا نەدوا، بەڵکو دیالۆگی ئەو ڕووی لە شێوازهایەکی گوزارشتی مرۆڤایەتی کرد، ئەم دیالۆگە هونەرێکی خودیی جێ‌هێشت کە درێژکراوەی هیچ قوتابخانەیەك و ڕێخۆشکەری هیچ ڕێبازێکی دوای خۆی نەبوو، بەڵکو هەڵچونی ژیان و بلیمەتێتی خۆی بوو هەر بە تەنها بە ناوی خۆشیەوە دەژی و هەمیشە دوا وتەکەیمان بیردێنێتەوە کە دەڵێ "هونەرو مەرگ هەرگیز پێك ناگەن".

رافائیل سانزیۆ (Raphael Sanzio) ١٤٨٣-١٥٢٠

"بۆ ئەوەی جوانیی کیژێك دەربخەین، پێویستە لە چەندین ئافرەتی جوان وردبینەوە. جا لەبەر ئەوەی ئافرەتی جوان کەمن و هەڵبژاردنیشیان کارێکی ئاسان نییە، نیگارکێش ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر بیرو ئەندێشەو بە وێنە دەری ببڕێ" رافائیل

هونەرمەندی بلیمەت رافائیل سانزیۆ کە سێهەم بلیمەتی ڕێنیسانسی زێڕینە، نیگارکێش و ئەندازیاری تەلارسازی بوو، لە هەمان ئەو ڕۆژەی تیا لە دایك بوو دوای سی و حەوت ساڵ مرد، تەمەنێکی کورت و بەخششێکی درێژ، هێند شەیدای دروست کردنی کەسایەتی مریەم بوو بە نیگارکێشی مریەم ناوی دەرکرد لەو وتەیەی سەرەوەیدا هەمان بیروباوەڕوو بینگەی هونەریی داڤنشی و ئەنجیلۆمان بۆ دوپات دەکاتەوە، کە باوەڕ بوونە بە جوانی نمونەیی ئەویش خۆی لە خۆیدا پەل کێشی هزری کەماڵ مان دەکات، کە دیدنیگایەکی (کۆتای)یانەی لەخۆ گرتووە، کۆتایی و جێگیریی.

رافائیل دواهەمین هونەرمەندێکە کە پابەندی دەقاودەقی خواستی کلاسیکی بوو، بیروباوەڕوو بینگەشی هەر لە پابەندبوونی بەو خواستەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەم کەڵە پیاوە لە ئۆربینۆ لەو شارۆچکەیەی باوکی "جیوڤانی دی سانتی" نیگارکێش بوو. ساتێ باوکی مرد رافائیل تەمەنی یانزە ساڵان بوو، دایکیشی چوار ساڵ پێش ئەو مێژووە کۆچی دوایی کردبوو. خاڵی پەروەردەکردنی ئەم کوڕەی لەخۆ گرت و ناردیە ئەتێلەی تیمۆ تیۆڤیتی (Temoteo Viti) بۆ فێربوونی نیگارکێشان، هەر لەوێ تابلۆی (بینگەی سوارێك)[٢٣] ی کێشا، ئەودەمە تەمەنی شانزە ساڵان دەبوو، لەم تابلۆیەدا شێوازێکی تایبەت کە دامەزراو بوو لەسەر پلەهایەکی ڕەنگی گەرم و لەسەر بابەتهایەکی هێمن و دیمەنی بەرفراوان، ئەم شارۆچکەیە بچووك بوو لەو هەرێمانەدا، بۆی نووسرابوو دوورە دەست بژی لە تەوژمە هونەرییەکان، گەر فریدریك دی مۆنتفیلتر سەنتەرێکی ڕۆشنبیری گەورەی تیا نەکردایەتەوە. ئەم شارە دوو لە گەورەترین هونەرمەندانی جیهانی بەخشیوە کە ئەوانیش: (برامانتی و رافائیل)ن.

ساتەوەختێ بەهرەی پەرەیسەندو زیاتر باڵا بوو، چوو بۆ پیرۆجیاو بووە ڤوتابیەك لە ئەتێلەکەی نیگارکێش (بیروجینۆ)دا لە میانی ساڵانی ١٥٠٠ بۆ ١٥٠٤. لەوێ هەرچی زیاتر ناوناوبانگی دەرکرد بەرەنجامی سوودوەرگرتنی لە ئاسەوارەکانی تەختی ئۆربینۆو کاریگەریی مامۆستاکەی لەسەری بە تایبەت لە لایەنی شێوازی کارکردنیەوە ئەمەش بە ڕوونی بە تابلۆی

"مێردکردنی پاکیزە"دا دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٥٠٤دا کێشاویەتی. لەو ساڵەوە ڕوو لە فلۆڕەنسا بەڕێکەوت بە نامەیەکی تایبەتەوە بۆ ناسینی گەورەپیاوانی ئەوێ.

لەوێ ئەو کێشەیەی بینیو پێی ئاشنا بوو کە لە نێوان داڤنشی و ئەنجیلۆدایە، باس و خواسی خەڵکی ئەوکاتەی شار لەسەر کارەکانی ئەو دوو بلیمەتە بوو، داڤنشی بە دەستێ خەریکی مۆنالیزاو بە دەستێ خەریکی بابەتی "شەڕی ئینجاری" بوو، هەرچی مایکل ئەنجیلۆشە لە پەیکەری زەبەلاحی داود ببۆوەو ڕۆحی پێشبڕکێ بۆ هەواری سەربازە ڕووتەکانی هەلگرتبوو بۆ هەمان پرۆژە، رافائیل ئەودەمە ئەو دوو فیلەتەنەی هونەری بینی، ئەو دوو توانا لەبن نەهاتوەی بینی، هەر زوو بە زوو زانی ئەو ناتوانێ خۆ بدا لە سنوری بەرامبەرایەتی ئەو دوو کەڵەپیاوە. ئەو نە دەرەقەتی هێزو توانای شێوازی ئەنجیلۆ دەهات نە ناسکی شێوازی داڤنشی.

بۆ سەلماندنی خۆی سەلماندنێك کە وەك هونەرمەندێکی مەزن دیدنیگای ئیستاتیکی خۆی بۆ زیاد لە سێ سەدە بەسەر ئەوروپادا بسەپێنێ، کەوتە کارکردن و خۆڕاهێنان تا ئاستی سەرڤاڵیەکی بێوێنە لەم کایەیەدا سەرگەرمی سودمەند بوون بوو لە کاری هونەرمەندە هاوچەرخەکانی خۆی ئەوانەی هەڵبەتە پێیان سەرسام بوو، ئەمە بێ لە فەراموش کردنی بەهرەی بیژۆکی ڕابوردوی وەك بارتۆلیمیۆ و FraBartolommeo، لیۆناردۆ، ئەو گەڕانەی ئەو ئاماژەی پێداوە لە وتەکەی خۆیدا بۆ جوانی‌یەکی نمونەیی کیژێك دەق لەو جوانیە دەکات کە داڤنشی عەودالی بوو بۆ بەدیهێنانی ئەسپێکی نمونەیی لە کۆکراوەی جوانیەکانی گشت ئەسپەکان لە ئەندێشەیەکی زیرەکانەدا، لە جوانی هەموو ئەسپەکان. ئەمەیە کاریگەریی داڤنشی و هەر ئەمەشە کاریگەریی خواستی کلاسیکی.

لەدوا ئەم قۆناغەو گەڵاڵەبوونی هەرچی زیاتری تواناو پسپۆڕی و بەهرەمەندیەکانی، داواکاریەکان بەسەریا دابارین لە گشت لایەکەوە، تا وای لێهات لە زۆری ئەرك و ڕاسپاردەو کارەکانیدا ناچار پەنا بەرێتە بەر قوتابیەکانی، لەم دەمەدا بوو تابلۆیەکی مریەمی بە شێوازێك دروست کرد کە بووە مایەی سەرسامی و بزوانی هەموو هونەرمەندانی هاویارانی.

ئەم شێوازە بە سانایی ڕووحی شێوازێ لە پشتیەوە دەژیاو بۆ چاوێکی هەستیار ئاماژەکانی دەنارد، کە ئەویش شێوازی ڤەشە بارتلمیو بوو وەك بنەواشەیەکی پان و پۆڕ بەلام بە تێکەڵ کردن و لێکدان بە جوانترین و باشترین لەو شێوازە هاوسەردەمانەی بەرهەڤ بوون. ئەوە رافائیل بوو کە توانی لەم لێکدان و تێکەڵ کردنە شێوازێکی تایبەتی جیا بئەفرێنێ.

گەر سەرنجمان ئاراستەی (باڵابوونی پاکیزە) و (مریەم لەسەر عەرشی پیرۆزمەندان) بکەین کە لە تابلۆکانی سەرەتاینی بەزوویی هەست بە بەجێهێشتنی کاریگەریەکانی شێوازی ئوستادەکەی دەکەین، نەك هێندەو بەس بەڵکو ناسکی و نیانیەکی ڕوون و ڕەنگهایەکی ئاشکرابێژ هاودەمی فۆرمن، ئەمەش ئەو سیمایانە بوو لە کاری پیرۆجینۆی ئوستادیا نائامادەگی هەبوو کە نمونەیەك بوون بۆ پتەوی و هاوئاهەنگی لە دابەشکردنی سێبەرو ڕووناکیدا.

لە نمونەی هونەرمەندانی هاوسەردەمی تابلۆی (مریەمی گوڵ)ە کە بە سانایی هەست بە کاریگەریی تابلۆی "مریەمی بەردەکان"ی داڤنشی دەکەین تیایدا کە ساڵانی (١٥٠٥-١٥٠٦) ئەنجامی داوە. بەڵام کاریگەریی ئەنجیلۆ لەسەری لەپاش چونیدا بۆ ڕۆما بەدەرکەوت.

پێش ئەوەی بگەینە چونی ئەو بۆ ڕۆماو بەربەرەکانیەتی ئەنجیلۆ دەبێت ئەوە بڵێین کە ماوەی پێش ئەوە گەڕایەوە بۆ ئۆربینۆ بۆ دروستکردنی وێنەی باڵدەساری سەفیری بەریتانیا، دواتر بۆ جارێکی تر سەفەری فلۆرەنسای کردەوەو تابلۆی "کچە باخەوانە جوانەکە"ی دروست کرد کە بەکارهێنانی ڕەنگی شینی تیا گەیاندە بێهاوتاییەکی کەم وێنە، کۆمپۆزشنی کەسایەتیەکان هەرەمیە، ئەمێستا هەردوو تابلۆکە لە لۆڤەردان. ڕافائیل پیاوێکی قۆزو جوان بوو، نیگاری خۆی دروست کردووە بەدەستی خۆی و چەندان گەنجی سەرسام بەو لاساییان کردۆتەوە، خاوەن بەخت بووە لە کارکردنداو زیرەك و بەهێز بووە سەرباری سادەیی و خۆش خوانی و زمانێکی شیرین.

ڕاستە ڕافائیل بەشی زۆری لاویێتی لە فلۆرەنسادا بەسەر بردو بە هۆی داهێنانەکانیەوە زۆر شتی نوێی خستە سەر کەلەپوری هونەریی ئەو شارە، بەڵام بەشی زۆری کارەکانی لە ڕۆمادا جێبەجێ کردووە. سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا لە جەخت کردنەوەیدا "لە نیگارەکانیدا" بۆ یەکەیەکی نێوان چەمکە فەلسەفیە ئەفلاتونیەکان و سەرەتاگەکانی ئاینی مەسیحی، دواتریش لە نێوان دەسەڵاتی ڕۆحانی و دەسەڵاتی زەمەنی و نزیك کردنەوەی بیرۆکەی زانست لە سروشتی هونەر.

خاڵی یەکەمی سەرکەوتنەکانی ڕافائیل هەمان ئەو خولیایە بوو کە مایکل ئەنجیلۆ ساتەوەختی خوێندنی لە باخچەکەی لۆرینزۆدا هەیبوو، هەرچی خاڵی دووەمیشە لەو وتەیەی داڤنشیدا ئاوێزانی یەکتر دەبن کە دەڵێ: پەیوەندیەکی لە پچڕان نەهاتوو هونەرو زانست بە یەکترەوە دەبەستێتەوە.

ئەمێستاش کاتی ئەوەیە باس لە چونی رافائیل بکەین بۆ ڕۆما و لە نزیکەوە ناسینی مایکل ئەنجیلۆ و کەوتنە ژێرکاریگەریەوە، بێجگە لە کاریگەری ئەو ئاسەوارە کۆنە هێلینی و ڕۆمانیەی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمادا یەکانگیر بوو لەگەڵیاندا. رافائیل لەسەر بانگهێشتی پاپا یولیوسی دوهەم گەیشتە ڕۆمای پایتەخت ساڵی ١٥٠٨ تا هاوبەشی بکات لە ڕازاندنەوەی هۆڵەکانی کۆشکی ڤاتیکان، هەر ئەودەمەش برامانتی سەرپەرشتیاریی چاکسازیکردنی لە کڵێسای پیرۆزمەند پەترۆس دەکرد، هەڵبەتە هەر ئەوکاتەش بوو مایکل ئەنجیلۆ دەستی کرد بە نیگارکێشانی بنمیچی سستینا، رافائیل لە سودمەند بوونیدا لەم پرۆژەیەی قەرزاربارى برامانتییە، چون ئەو بە پاپای وت تا رافائیل بۆ ئەنجام دانی پرۆژەیەکی وا بانگهێشت بکات. پاپا یولیوس باڵێکی تایبەتی خۆی دایە لە بینای ڤاتیکاندا تا نیگاری تیا بکێشێ، کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت ژورەکانی رافائیلۆ. ژوری یەکەم بە ژوری ئیمزاکردن بەناوبانگە Chambre de la Signature هەر لە ساڵی ١٥٠٩ کاری تیا کرد تا ساڵی ١٥١١، گونجاندنێکی دیار هەیە دابەشکردنی بابەتەکە. لە ڕەهەندەکانی وێنەکەدا.

ژووری دوهەم کە بە ژوری هیلیودور Heliedore دەناسرێت، لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی پاپەویەت لەخۆ دەگرێ.

ژوری سێهەم تابلۆی گڕتێبەربوونی شارەکەی تیایە، ئەم تابلۆیە توێژینەوە گشتییەکەی رافائیل خۆی کردویەتی و بەپێی نەخشەیەکی دانراویش (لەلایەن خۆیەوە) هەردوو قوتابیەکەی ڕۆمان J.Romain و فراپینی Fra. Penni جێبەجێیان کردووە، هەرچۆن پێکڤە ڕازاندنەوەی ژوری قوستەنتین یان جێبەجێ کرد. رافائیل زۆربەی بابەتی تابلۆکانی بۆ ئەم ژورانە لە شارستانیەتی گریکی و ڕۆمانییەوە وەردەگرت.

تابلۆی "قوتابخانەی ئەسینا" بە بەناوبانگترینی ئەو تابلۆیانەو لە هەرچی زیاتریان ئاماژە بەخشی خواستی کلاسیکییە کە تایبەتمەندێتی دیاری تەرزی ئەو سەردەمە بوو.

رافائیل وەختێ لەم کارانەدا بەردەوام بوو بێئەوەی پێ بزانێ لە شێوازێکی تایبەتی خۆیدا کاری دەکرد، دوای ئەوەی گشت کاریگەریەکانی لەناوخۆیدا توانەوە، ئەم تابلۆیانە نمونەی سەردەمی ڕێنیسانس بوون: هەر لە فەلسەفە، جوانی، شیعر، داد- ئەمەش لە خەونەکانی پاپا یولیوسی دووەم بوو.

تابلۆی "قوتابخانەی ئەسینا" پێگەیەك بوو تیا لوتکەی فەیلەسوفەکانی یۆنان و ئەدیبەکانی تیا بەرجەستەیە. کۆمەڵێ فەیلەسوفی وەك سوکرات و فیساگۆرس و ئەرخەمیدس.. هتد دەبینین، دەوری ئەفلاتون و ئەرستۆیان داوە لە بارێکی وەهادا کە

سروشتی هەرکامێکیان جیادەکاتـەوە. ئـەفلاتون ئاماژە بـۆ سـەرەوە دەکات وەك گوزارشـتی بـۆ ئایدیالیەتی باڵا، بەڵام ئەرستۆی قوتابی بەرەو خوارەوە ئاماژە دەکات وەك گەیشتنی رێساکانی مامۆستاکەی مەبەستیەتی بە مرۆڤ. بەکارهێنانی بەرینییەکی زۆر لـەم کارەدا نیشانەیەك نییە بۆ بێکۆتایی وەك لەلای پیرجینۆ، بەڵکو بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکە پەیوەست بە دابەشکردنی کەسەکان و پێداویستی کۆمپۆزشنی وەستاو لەسەر ئاشکرابێژێکی تەلارسازیی.

ئاشکرا دیارە رافائیل پێش ئـەوەی لـەم کارەدا دەست بـەکار بێت بنمیچی سستینی دیوە، دیزاینی کارەکە تابلۆی دوا شێوی داڤنشیمان بیردێنێتەوە، بەڵام هەمیشە رافائیل بەوە ناسراوە توانای توانەوەی توخمهای شێوازی هونەرمەندانی سەردەمی خـۆی هـەبووە لـە بۆتـەی شێوازی تایبەتی خۆیدا.

باشترین نمونە بۆ ئەم بەرەنجامە تابلۆی (سـەرکەوتنی جالیتـا)یـە کـە لەسـەر دیـواری ڤیـلا ڤارنیزینا لە رۆما ساڵی ١٥١٣ دروستی کردووە، ئەم بابەتە ئەفسـانەییە بابـەتی لـە دایـك بوونـی ڤینۆسمان بیردەخاتەوەو جێبەجێکردنەکەشی هەردوو بلیمەت داڤنشـی و مـایکل ئـەنجیلۆ مـان دێنێتەوە یاد.

ئـەو پێگەیـەی ئـەم هونەرمـەندە پـەیدای کـرد لـەلای جیولیوسـی دووەم مـایکل ئـەنجیلۆش نەیتوانی شان لە شانی بدا، هەر بۆیە لە لایەن مایکل ئـەنجیلۆوە ئـیرەیی پـێ دەبـرا. دواتریـش کە پاپا جیولیوسی دووەم کۆچی دوایی کرد و لیۆی دەهەم هاتە جێگەی گرنگیدان بـە رافـائیل زیاتر بوو کەمتر نەبوو، بگرە ئەم پاپا تازەیە زۆر زیاتر سەرسامی بلیمەتێتی ئەم هونەرمەندە ببوو. بۆ زیاتر بەراوردکردنی کاری ئەم بە مایکل ئەنجیلۆ داوای لێکرد دیزاینی فەرشێکیان بـۆ بکات بۆ نوێژگەی کڵێسای سستین کە بە یـەکێك لـە کـارە نایابـەکانی ئـەم هونەرمـەندە نـاوزەد دەکرێت. لە بەرامبەر ئەو بە گەورە زانین و نوازشەی پاپا لیۆ بـۆ رافـائیلی دادەنـا، رافـائیل لـە یەکێ لە تابلۆکانیدا وەك پاڵەوانێکی مەزن بەرجەستەی کردووە. لەم کارانە بترازێ ژمارەیەکی زۆر تـابلۆی ئـەنجام داوە کــە دەربـاری مریــەم و منداڵەکـەی و منــاڵێتی یوحەننایــە لــە کــاتی مانەوەیدا لە فلۆرەنساو رۆما، بەو دیزاینە هەرەمیی‌یەی بەکاری دەهێنا لـە جوانـترین تابلۆکـانی بۆ ئەم بابەتە دروست کرد کە دابەش بـووە بەسـەر مۆزەخانـەکانی جیهانـدا، "مریـەم و ماسـی زێڕیـن" ١٥٠٥-١٥٠٦ و "مریـەم لـە مـێرگدا" ١٥٠٥ مۆزەخانــەی ڤیـنـا، "مریــەمی گرانـدۆك ١٥٠٥ کۆشکی بیتی لە فلۆرەنسا"، "مریەمی ئەلبا" ١٥٠٨ مۆزەی ئـەهلی واشـنتۆن، "مریـەم و ماسـی" مۆزەی پرادۆ مەدرید، "مریەمی چەتر" ١٥١٦ مۆزەی میونـخ، بـەڵام جوانـترینی ئـەم دەسـتەیە "مریەمی کورسی" کە لە رۆما دروستی کردووە ساڵی ١٥١٦ هەندێ دەڵێـن سروشـی ئـەم تابلۆیـە

لە ڕێکەوتێکی هونەرمەندەوە دێت کە دایکێکی بینیوە گەنج لە بەردەمی ماڵەکەی خۆیداو منداڵەکەی لەباوەش گرتووە، ئەمیش یەکسەر قەڵەمەکەی دەردەهێنێ و هەر لەویا هەمان کات نیگاری دەکێشێ کە پڕیەتی لە جوانیەکی دایکایەتی سروشتی. ئەمە جگە لە مریەمی گوڵ ١٥٠٥-١٥٠٦ مۆزەی ئۆفیتزی فلۆڕەنسا.

لە سەرو هەموو کارێك و ناوبانگێکی لە ڕۆما رافائیل بە دروست کردنی وێنەی کەسایەتی ناوی دەرکرد، لە هەموو لایەکەوە داواکاری بۆ دەهات بە تایبەت لە کەسایەتیە دیارەکانەوە، لە دیارترینی ئەم تابلۆیانە (خانمی سەرپۆش بەسەر)ە خەندەکەی سەر لێوی بیری بزەی سەرلێوی مۆنالیزیامان دەخاتەوە.

لەو کەسایەتیانەش کە پۆرترێتی بۆ کردون، پاپا (جیولیوسی دووەم) ١٥١١، ١٥١٢، پاپا لیۆی دەهەم لەگەڵ کوڕەکانی براکەی کاردینال جیلیو ولیومی ساڵی ١٥١٨.

سەرباری بابەتە مێژوویەکانی کە لەسەردەمی لیۆی دەهەمدا زیاتر هۆگری بوو، داهێنانی لە چەند تابلۆیەکی تایبەتی کەسایەتیدا کرد لەوانە نیگاری خۆشەویستەکانی بوو، مێژوو چیرۆکی خۆشەویستی ئەم هونەرمەندەمان بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ مارگرێتی کچی نانەواکەدا، کە تا مرد بۆی دڵسۆزو بەئەمەك بوو، هەرچۆن چیرۆکی پەژموردەی نیشانەکردنی (ماریا بیبینا)مان بۆ باس دەکات کە ئەم ئافرەتە پێش مێرد پێکردنی دەمرێت، لە تابلۆیەکی دا بە ناونیشانی (پاکیزە) ئەم ڕووخسارەی بەرجەستە کردووە، تابلۆکە لە مۆزەی پولونیایە.

بلیمەتێتی ئەم پیاوە هەر بە نیگارکێشانەوە نەوەستا، بەڵکو کرا بە گەورەی ئەندازیارانی کڵێسای پیرۆزمەند پەترۆس و سەرپەرشتیاری ئاسەوارەکانی ناو شارو کۆشکەکانی، هەر ئەم کاتە بوو تابلۆی (مریەم لە نێوان پاپا سکستیوسی دووەم و پیرۆزمەند باربارە) مۆزەی درسدن. چون هەرگیز سەرقاڵی بە تەلارسازیەوە وای نەکرد لە نیگارکێشان بەدوور بێت. زۆر گۆڕانکاری لە بیناکانی ڕۆمادا ئەنجام دا، ئەمە بێ لە دیزاین کێشانی بۆ کۆشکی باندولفینی لە فلۆڕەنسا.

دوا کاری کەکردی تابلۆی "هەڵکشان Transfiguration"ە کە لە ڤاتیکانە، خۆی فریانەکەوت تابلۆکە تەواو بکات بەڵکو لە دواجاردا قوتابیەکانی تەواویان کرد، نمونەی لوتکەی گەڕانەکانیەتی لە کۆمپۆزشنی بابەت و لە بەربینەو ڕووناکی، پوسان ئەم کارە بە لوتکەی هونەری نیگارکێشان دەزانێت.

رافائیل لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا دەمرێت سەرئەنجامی توش بوونی بە پەتایەك لە شەشی نیسانی ١٥٢٠دا، واتە ڕێکەوتی هەمان ڕۆژی لەدایك بوونی.

گەر قۆناغەکانی کارکردنی ڕافائیل بەپێی شێوازی کارکردنی بژمێرین:

قۆناغی یەکەم: ئەوکاتەیە کە لە ئەمبریا قوتابی پیروجینۆ بوو، شێوازێکی وردەکاری لە گوزارشت کردن و کۆمپۆزشن دا هەبوو، ڕەنگەکانی ئاوی بوون.

قۆناغی دووەم: لە فلۆڕەنسا کامڵ بوو، وەختێ ڕێگەکارکردنی سەری هەڵداو پێگەیشت و باڵابوو بۆ ئاستی هونەرمەندە گەورەکان.

قۆناغی سێهەم: لە ساڵی ١٥٠٩وە دەست پێدەکات لە ڕۆما، هونەرەکەی پتەو بوو بە تازەگەری و بەپێزی لە هێڵکاری و کۆمپۆزشندا. لە تابلۆکانی ئەم سەردەمەی (خێزانی پیرۆز).

لە دوا تابلۆکانیشی تابلۆی (سەرکەوتن بەرەو ئاسمان)ە کە تیایدا مەسیح لە نێوان موسا و یەشوع دا بە ئاسمانەوەیە. ئەمە دوا تابلۆیەتی کە خۆی تەواوی کردبێت. ڕافائیل لە دوا خۆی ژمارەیەکی زۆر تابلۆی بەجێهێشت کە بۆ کەسانێك تەمەنێکی هێند کورت بژین ئەستەمە بەرهەم هێنانی.

لەو کەشە پڕ کێشمەکێشم و هەراو زەنایەی ڕۆمادا مرد بە گڕی کارکردنێکی جیدی و نەبڕاوە سوتا، بەڵام ڕۆما زانی چۆن ناوی یەکێك لە بلیمەتەکانی شکۆدار دەکات، جەستەی خستە نێو پانتیۆنی نەمرەکانەوە. لە گەنجێتیەکەیدا نمونەی ڕۆحێکی ئارامگرتووی بە خولیابوو بۆ هەڵکشان، لە هونەرەکەشیدا هەوڵی نەوەیەکی لەخۆ گرتبوو کە لە پێناو ئەزموونەکانی شارەزایی و خستنە سەرێك بۆ زمانی هونەر لە بەرەنجامی بەروبومی ئەزموونەکانی لە گەڕاندا بە دوای پانتایی و پێکهاتن و توێکاری و بەربینەدا.. ڕافائیل شتێ نەبوو بەرهەمی ئەم نەوەیە نەبێت و منداڵێکی پیرۆزی هەڵبژێرراو کە ئەفسوونی هونەری نیگارکێشان دەنوێنێت. هەر ئەم ئەفسوونە بوو وای کرد لەسەر گۆڕەکەی بنووسن:

"سروشت دەترسا ڕافائیل بەسەریا زاڵ بێت تا زیندووە، ساتێکیش کۆچی دوایی کرد، ترسا لە پاش ئەو ئەمیش بمرێت".

هونەرمەندە نیگارکێشەکانی پاش ڕافائیل

لەو نیگارکێشە فلۆڕەنسیانەی وەك پاشکۆی ڕافائیل مانەوە لە ڕۆمادا هونەرمەند "جولیۆرۆمانۆ"یە Julio Romano (١٤٩٩-١٥٤٦) کە وەك سەرۆکی یاریدەدەرانی ڕافائیل کاری لەگەڵدا دەکردو زۆرجار ئەو کارانەی تەواو دەکرد کە مامۆستاکەی دەستی پێکردبوون. ڕۆمانۆ لە شاری مانتوا ساڵی ١٥١٤ جێگیر بوو، زۆر کاری دیواربەندی لە تەلارو بیناکانی ئەو شارەدا ئەنجام داوە.

لە ڕۆمانۆ بترازێ هونەرمەند و قەشە "فرابار تلمیو FraBartolomio" (١٤٧٥-١٥١٧) بەشدارییەکی دیاری هەیە لە پەرەسەندنی هونەری نیگارکێشاندا، ئەم هونەرمەندە هاوسەردەمی (جیرلاندیو) و (بۆتشیللی) بووەو هەروەك هاوکاتی قەشە (سافۆنارولا) بووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانیەوە. ئەو نیگارانەی خۆی سوتاندووە کە دەربارەی بابەتە گریکییەکان بووە، ماوەیەکی باش لە دێرەکاندا گۆشەگیر بووە. نازناوی بە (بارتلمیۆ)ی برا دەرچووە. ئەو دەمەی سافۆنارولا سوتێنراو لەناوچوو، جارێکی تر گەڕایەوە سەر نیگارکێشان بەڵام زیاتر بابەتە ئاینییەکانی بەرجەستە دەکرد. تابلۆکانی بە گرنگی دان بە قوڵایی و پشتینەیەکی تەخت کە دەوری کەسەکانی داوە دەناسرێتەوە، شێوزای بە ڕوونی لە تابلۆی "شوکردنی پیرۆزمەند کاترین"دا دەردەکەوێت کە ساڵی ١٥١٢ دروستی کردووە.

کاریگەریی شێوازی لیۆناردۆ و مایکل ئەنجیلۆو رافائیل کەوتە سەر نیگارکێشانی فلۆڕەنساو سیمای هونەری ئەم سێ کەڵە هونەرمەندە لە ئاوێنەی هونەرەکەیاندا ڕەنگی دایەوە، لەو هونەرمەندانەش نیگارکێش ئاندریا دێل سارتۆ (١٤٨٦-١٥٣١) کە تایبەتمەند بوو لە دیواربەندو پۆرترێتی کەسایەتیدا.

کۆریجیۆ، هونەرمەندی لە ڕەنگ A. Allegri (Corregio) ١٤٨٩-١٥٣٤

ناوی بنەڕەتی ئەنتۆنیۆ ئەلیگرییە لە شارێکی بچوکی پێدەشتی ئیملی لەدایك بووە، زیاترین ساتی ژیانی لە شاری بادۆڤا بردۆتە سەر، شتێکی کەم دەربارەی مێژووی دەزانرێت، کوریجیۆ نمونەی پەڕینەوەی کاریگەریی بلیمەتانی ڕێنیسانسە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەدا بۆ هەموو لایەکی دەوروبەری ڕۆما. لە شاری بارما پەروەردە بووەو بەوە ناسراوە کاریگەریی هونەرمەندانی سەردەمی خۆی تیا کۆبۆتەوە، لە باشترین هونەرمەندەکانی ئەوکاتە کەم تا زۆر کاریگەریی خۆیان لەم نیگارکێشەدا جێهێشت بە شێوازی کارکردن و تابلۆکانیدا پێوەی دیارە شارەزای شێوازی (لیۆناردۆ) بووەو سەردانی (رافائیل)ی کردووە ساڵی ١٥٢٠. هەر ئەو ساتەوەختە مایکل ئەنجیلۆ کاری تێکردووەو چاوی بە کارەکانی ڕۆمای کەوتووە.

ئەمەش لەوکارانەدا کە دوای ئەو مێژووە بەرجەستەی کردون شتێکە ڕوون و ئاشکرا وەك تابلۆکانی (هەڵکشان بەرەو ئاسمان) و تابلۆی (مریەم و پیرۆزمەند جیرۆم) کە ساڵی ١٥٢٧ نیگاری کێشاون.

لە گەنجێتیدا ئەم هونەرمەندە کاری بۆ کڵێساکانی هەندێ وڵاتی دەوروبەرکرد، لەوانەش بارما کە وەك شانۆیەکی شکۆمەندی ئەو وایە، هەرچەندە بەشی هەرە گەورە لە هونەری

کۆریجیۆ بۆ کڵێسا تەرخان بوو، بەڵام کۆمەڵێ تابلۆی میسیۆلۆجی بەرهەم هێنا لە دیارترینیان (رابواردنەکانی جۆبیتر) و (فێرکردنی کیوبید)ە.

کۆریجیۆ توێژینەوەی هونەری لەبەردەستی مەزنترین ئوستادەکانی هەرێمی خۆیدا کردووە، زووبەزوو سەرسامی کارەکانی (مانتێنا) بووە، زیاتری ئەم کاریگەریەش لە میانی توێکاری و بینای بەربینەیەکی ئەندازەیدا بوو. ئەمەش یەکەیەکی پێبەخشی لە کۆمپۆزشنەکانیدا، بەڵام پێگەیشتن و کامڵ بوونی شێوازی کۆریجیۆ سەرئەنجامی سەرسامی بوو بە کارەکانی لیۆناردۆ و توێژینەوەکانی لە بواری سێبەرو ڕووناکیدا.

قۆناغەکانی پیا تێپەڕبوونی کۆریجیۆ شتێك لە قۆناغەکانی ژیانی رافائیل دەچێت. زیاترین سیمایەك بۆ کاری کۆریجیۆ گوزارشتی پشت بەستووە بە ڕەنگ و ڕووناکی لە سیماکارەکانی مایکل ئەنجیلۆ کە لە بنمیچی سستینا ئەنجامی دابوو، هەڵبەتە ئەم ناتوانێ وەك ئەو هەڵکشێ بۆ گوزارشت کردن لە درامای ناوەکی مرۆڤ. هەرچۆن نەیتوانی بەو گونجاندنە شێوەکاریەدا بگات کە رافائیل پێی گەیشتبوو بۆ گوزارشت کردن بەم گونجاندنە لە بالآییەکی ئیستاتیکی.

هەستیاری هونەرەکەی و توانستەکانی لە بواری ڕەنگدا جێی ستایشی هاوسەردەمانی بووە، هەستاوە بە ڕازاندنەوەی گومەزی کڵێسای سان پۆل لە بارما، دواتر ڕازاندنەوەی کڵێسەی (سان چان)ی لە ئەستۆ گرتووە ئەودەمەی تواناو شێوازی کارکردنی ڕوو لە کامڵ بوون بوو. ئەم کارە ئاینیانەی هێندەی گوزارشت بوون لە ناسکی و شۆخ و شەنگییەکی هەستی، هێند دەرخستنی ڕەهەندە ئاینیەکانی مەبەست نەبوو.

سەرباری هەموو ئەمانەو گشت گیری کارەکانی بەڵام تابلۆی (ڕابوردنەکانی جۆبیتر)ی هەر بە نایابترین کارەکانی دەدرێتە قەڵەم، کە خاوەن ڕەمەکییەکی گوزارشت کردن و ڕۆچونە لەگەڵ بابەتەکەو لە هەمان کاتدا تۆمارکردنی لایەنێکی ئەفسونی ژیانی ڕێنیسانسە. کۆتایی لێدوان دەرباری ئەم هونەرمەندە بەو وتەیەی ڤازاری بێنین کە دەڵێ: کۆریجیۆ هەژار بوو، قورسایی خێزانێکی گەورە لەسەر شانی ئەو بوو. مردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕێکی زۆر لە پارەی مس هەڵدەگرێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەژێر خۆرێکی توندوتیژدا، بەمەش توشی پەتا بوو مرد.

قوتابخانەی ڤینیسیا

لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەدا لە شاری ڤینیسیا قوتابخانەیەك دروست بوو لە میانی نیگارکێشاندا خاوەن ڕۆڵێکی تایبەت لە بردنە پێشەوەی هونەری نیگارکێشانی ئیتالی، ساتێ

جیاوازیەکی دیارو ئاشکرا لە نێوان هونەری سەرەتای ڕێنیسانس و زێڕین لە فلۆڕەنساو ڕۆما هەیە، هەرگیز هەمان جیاوازیمان بەسەر هونەری شاری ڤینیسیادا بۆ پیادە نابێت.

ڤینیسیا لە میانی ئەم سەدەیەدا بێهاوتایە بە چەندان سیمای تایبەت کە وای کردووە هونەرە شێوەکاریەکەی خاوەن فەلسەفەو ڕێچکەی جیاوازی خۆی بێت لە چاو هونەرەکانی ئیتالی ئەم سەدەیەدا.

بارو گوزەرانی تایبەتی ئەم شارە بووە مایەی هاتنە ناوەوەی ئەم ڕێچکە تایبەتە، چون هەر ئەم شارە بوو ببووە هێمای زیندوێتی بۆ گێڕانەوەی ئازادی و سەرکەوتن لەم سەدەیەدا بۆ سەراپای ئیتالیا، نووسەران بە گەوهەرو هێمای شکۆمەندی ئیتالیای ناوزەد دەکەن، تەنها ئەم شارە بوو دەستبەرداری ئازادی نەبوو و سەری بۆ هیچ ڕێسایەك نەنەواند تەنها یەزدان و ڕێساکانی نەبێت.

لەم کەشەدا و لە پێگەیەکی وەهادا، بلیمەتی ڤینیسی پێ دزکێ کردوو ڕووەو تولەڕێ نیگارکێشان بەڕێ کەوت تا خۆی لە شاڕێ ئەم هونەرەدا دیەوە بە گیانێکی پڕ گەشبینی پشت بەستوو بە باوەڕێکی سواو بە کلێساو ئامێزێکی گەرم بە دەسەڵاتی ڕامیاریی هەنگاوی دەنا.

جگە لەم گیانە (کە بۆ ئەو ڕۆژە ناوازەو تاقانە بوو لە نێوان هەموو شارەکانی ئیتالیادا گیانێکی وەها هەڵبژێرێت) ڤینیسیا زۆر نزیك بوو لە ڕێبازە شێوەکاریەکانی میللەتانی جێرمانی و زەویە نزمەکانەوە، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەریی خۆی کردو بەجێهێشت لەسەر ڕەوتی هونەری ئەم شارە، ڕاستە ڤینیسیا بێبەش نەبوو لە کاریگەریی ڕێسا فلۆڕەنسییەکان لە هونەردا بەڵام هاوکات سەرگەرمی داڕشتنی ڕێسا شێوەکاریەکانی خۆی بوو ڕووەو ڕیساکانی بروج.

گەر فلۆڕەنسا (وەك ڕاستیەکی گرنگ) ژوانی نێوان ڕێبازە شێوەکاریە ئیستاتیکییەکان و گیانێکی زانستی بووبێت ئەوا ئەو دەمە ڤینیسیا سەرقاڵی ئەزموونە فۆرمیەکان بوو. سیمای سەرەکی و جیاکەرەوەی ئەم ئەزموونانەش لە یەکێتی دیدنیگادا خۆی دەبینێتەوە بۆ شێوەو ناوەڕۆك و یەکگرتنیان لە ڕاستیەکی بەرجەستەکردندا کە شێوەو ڕەنگ تیا یەکانگیربن. خۆپاراستن لە دژایەتییە توندوتیژەکانی سێبەرو ڕووناکی بەمەبەستی دەرخستنی ڕاستیەکی هەستی ئیستاتیکی پەیت کە لە سیماکانی هونەری ڤینیسییە. ڕەنگ و ساو و گونجاندنی شتەکان لە سیماکانی هونەری ئەم شارە بوون کە دواتر ئاسۆکانی بۆ هونەری مۆدێرنە واڵاکرد، وایکرد نیگارکێشان ببێتە خاوەن زمانێکی جیای خۆی کە تیایدا ڕەنگ وەك توخمێکی زاڵ خۆی نمایش بکات. دوای ئەوەی دەسەڵات بۆ فۆرم بوو لە هونەری فلۆڕەنسیدا. کەواتە دەکرێت

بڵێین دیدنیگای فلۆڕەنسا پەیکەریی بوو، دیدنیگای ڤینیسیاش نیگارکیشانی. هێند بەسە بۆ ناسینی جیهانی ڕازاوەی ڤینیسی لە دەروازەی چوار کەڵە هونەرمەندیان بدەین ئەوانیش:

جیۆرجیۆنی و تیسیانۆو تینتۆریتۆو ڤیرۆنێزەن، کە توانییان هونەری نیگارکێشانی ڤینیسی لەدەست سەدەکانی ناوەڕاست قوتاربکەن و بیگەیەننە بینگەیەکی مۆدێرن، هەرچۆن فلۆڕەنسا بۆ ڕزگار بوون لە ئاسەوارەکانی ئەو سەدەیە پشتی بە داڤنشی بەست و ڕۆماش ڕەهابوونی خۆی لەسەر دەستی هونەرمەندان مایکل ئەنجیلۆ و ڕافائیل ڕاگەیاند.

جیۆرجیۆنی (هونەرمەندی بوێر) (Giorgione) ١٤٧٨-١٥١٠

جیۆرجیۆنی هونەرمەندی بابەتە بوێرەکان لە شارۆچکەی کاستل فرانکۆی جوتیاریی پەروەردە بووە، باوکی جوتیار بووە. هەر لە منالیەوە مۆسیقاو نیگارکێشانی خۆشویستووەو مۆسیقاژەنینی لەسەر نای زۆر باش زانیوەو ئەمە سەرباری ئەوەی گۆرانیشی وتووە. ئەم هونەرمەندە سەرەڕای کورتی ژیانی بەڵام ویستویەتی شۆڕشێك لە هونەردا بەرپا بکات لە ڕێی هەڵبژاردنی بابەتە بوێرەکانیەوە، وەك بەرجەستەکردنی ئافرەتی ڕووت لە سروشتداو گرنگی دان بە بەربینەی هەوایی لەجێی بەربینەیەکی فۆرمیانە، لێرەدا ڕەنگ کەرەسەی سەرەکی گوزارشت کردنیەتی وایکردووە تیایدا کە گرنگیەکی وردی کلاسیکی نەداتە کارەکانی.

ئەم هونەرمەندە ساتێ چووەتە ڤینیسیا لەسەر دەستی نیگارکێش "جیوڤانی بیللینی" بەهرەمەندی دەرکەوت لەو کارانەدا کە ئوستادەکەی خستیە ئەستۆی. یەکەم کارێك کە ئەنجامیدا لەسەر تابلۆیەکی بچوك بابەتێ بوو پڕ لە ئاڵۆزی، بۆتەیەك بوو بۆ کۆکردنەوەی شاعیریەتی "بیللینی" و ڕیتمە مۆسیقیەکانی ویستی بیخاتە سەر خەرواری تابلۆکەی. خۆشەویستی ئەو بۆ مۆسیقا کاریگەریەکی گەورەی بەجێهێشت لەو ئاوازانەی پێچەوانە بووەوە لە تابلۆکانیدا. تابلۆکانی سەرەتای ژیانی بەکارە ئاینیەکان دەست پێ کرد کە تیایدا جارێ لەژێر کاریگەری بیللینیدا بوو.

ئاوازێکی ڕەنگی و ئاشکراییەکی بینگە لە کارەکانیدا لە سیما دیارەکانی ئەو بوو، ئەو هەرچەندە کەم ژیاو مردنیشی سەراسیمەی ئاڵۆزیی بوو وەك ژیانی، کارەکانیشی جێی مشت و مڕوو ناکۆکی بوو بە درێژایی چەندان سەدە، تا بیروڕاکان یەك نەبوون لەسەر خاوەنداریێتی ئەو بۆ هەندێ تابلۆ بەشێکی کەم تابلۆ نەبێت، ئیتر مێژوو هێندەی کار پێنەبەخشیوە.

دەوترێت جگە لە قوتابێتی ئەم هونەرمەندە بۆ (بیللینی) ماوەیەکیش لە هاوڕێیەتی تیسیانۆدا کاری کردووە. جیۆرجیۆنی دادەنرێت بە ڕووی شێوازێك بۆ چارەسەرێکی هونەریی نوێ لە نیگارکێشاندا ئەویش بە ڕەت کردنەوەی هێڵی دیاری کراوی فۆرمەکان و یەك پێ

گرتنیەتی بە دیمەنەکانی دەوروپشتی، بێ لە چونە ناوەوەیەکی ڕاستەوخۆ بێ هیچ ئامادەکاریەکی پێشوەخت کە هاوسەردەمانی پابەندیەکی تەواویان پێوە هەبووە. ئەو جگە بە ئاراستەی دیمەنی سروشتی چوونی بە ڕاددەیەك هەندێ جار خودی دیمەنە سروشتیەکە بۆتە خودی بابەتەکە، هەروەك چۆن لای ئینتیباعیەکان ڕوویدا دوای سێ سەدە. ئەم گرنگیدانە بە دیمەنی سروشتی و تەرخان کردنی بەشێکی باش یاخود سەرەکی لە تابلۆ بۆی شتێك بوو بۆ ئەو دەمە سەیرو پڕ بوێری و نوێ. کەسایەتیەکان لە زۆرێك لە کارەکانی جیۆرجیۆنیدا پێگەیەکی پلەدوو وەردەگرن و دیمەنە سروشتیەکان بە پلەی یەکەم دێن.

ئەوەی لە دوای ئەم تایبەتمەندێتیانەی هونەرەکەی جیۆرجیۆنی دێت هەستیاریی گوزارشتی ئەوە، ئەو جیهانە خەونیەیە کە تیایدا وێنەکانی لەناو شەپۆلەکانی ڕووناکیدا مەلە دەکەن وەك کازیوەو زەردەپەڕ.

ئەو پێشڕەوی نەوەیەکە دوای خۆی دێن، نەوەیەك کە لە پێناو کلێسادا هێند کارناکەن یاخود لە پێناو دەسەلاتدا هێندەی لە پێناو ململانێی سەردەمەکەیاندا لە ئەفراندندان.

بەم شێوەیە جیۆرجیۆنی لە بازنەی هونەری ئاینی و هونەری ڕەسمی مێژوویی دەرچوو، بابەتی کردە هەنجەتێك بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕەنگ و ڕۆشنایی و فۆرم و گوزارشت کردن لە دیدگا ئیستاتیکیەکان، ئەو کارو بەرهەمە کەمەی بەجێیهێشت جێ ئاماژەی ئەزمونهایەکی نیگارکێشانن.

سەرباری تابلۆکانی "زریان" و "سێ فەیلەسوفەکە" و "پاکیزە" لە ڤینیسیادا خاوەنی تابلۆکانی "مریەم لەسەر عەرش" و "مەسیح خاچی هەلگرتووە" و لە لۆڤەریش تابلۆ بەناوبانگەکەی "ئاوازی چۆڵەوانی"ی لەخۆ گرتووە. "ڤینۆسی نووستوو"ش لە مۆزەخانەی درسدنە، هەندێك دەڵێن بەشی خوارەوەی ئەم تابلۆیە دەستکردی تیسیانۆیە. تابلۆی زریان نمونەیەکی سەیرو ئاشکرای گرنگیدانی ئەم هونەرمەندەیە بە دیمەنی سروشتی. دەربارەی بەرجەستەکردنی مریەم لێکدانێکی دروست کردووە لە نێوان پیرۆزیی و جوانیەکی مێینەیی کچانی ڤینیسیادا.

جیۆرجیۆنی نەبووە خاوەن شێوازێکی تایبەتی کارکردنی خۆی لە دوادواییەکانی تەمەنیدا نەبێت، ئەمەش لەو کارانەیدا دەردەکەوێت کە گرنگی زیاتری داوە بە سروشت، ئەو دیمەنە سروشتیانەی لە پشت فیگەرەکانیەوە بەکاری هێناون، مامەڵەیەکی پشتینەی لەگەڵدا نەکردون بەڵکو لە تابلۆی زریاندا هێندەی گرنگی بە دیمەنە سروشتیەکەو بوونی سەرەتاکانی زریانێك لەناو هەورەکەدا داوە هێند سەرقاڵی کەسایەتیەکانی ناو تابلۆکە نەبووە، تەنانەت ناونیشانی

تابلۆکەی بە حاڵەتی کەشی سروشتی تابلۆکەوە بەستۆتەوە وەك لە بابەتی پابەند بە فیگەرەکانیەوە کە ئاگاداری ڕوودانی یاخود دەستپێکردنی زریانەکە نین.

نمونەی خۆشەویستی و ئالودەیی ئەم هونەرمەندە بۆ هونەری مۆسیقا تابلۆی "ئاوازی چۆڵەوانی یاخود ئاوازی لادێی"یە (کە هەندێ لە مێژوونووسان بەکاری تیسیانۆی دەزانن) دەربارەی دوو پیاوە بە جلی ڕەسمییەوەن و دانیشتون لە چۆڵەوانیەکی سروشت دا بە هاوڕێیەتی دوو ئافرەتی ڕووت.

لە تابلۆی "ڤینۆسی نووستوو"دا بەو شاعیریەتە ناسکەی لە دوتوێی هەستی هونەرمەندایە توانیویەتی کۆکردنەوەیەك بکات لە نێوانی توێژینەوەیەکی سروشت و گرنگیدانی بە جوانی مێینەیی سەرزەوی، ئەو خوداوەندەی بەرجەستەکردووە بە پاڵکەوتویی لە نێوەندی دیمەنێکی سروشتی پڕ سۆزی ناسکدا سێبەری درەختێ بۆتە سایەی، دووراودووریش چەند درەختێکی تر دیارن. ئەم شێوازەکارکردنەی کاری کردە کەسانێك کە دوای ئەم هاتن بە گرنگیدانی بە کاریگەریی ڕووناکی و سێبەر لەسەر فیگەرەکانی.

جیۆرجیۆنی نمونەی گەنجێتی هونەری ڤینیسیەو سەرەتای بەهارێکیەتی کە تیایدا بینگەی چەندان وەك تیسیانۆ شکۆفەی کرد، ئەو -لە میانی هونەرەکەی و ژیانە کورتەکەیەوە کە تاعون زام زەدەی کردو کۆتایی پێ هێنا- دروشمێك بوو بۆ ئەم گەنجێتییە.

ئەو دەمەی تاعون بەرۆکی گرت (ساڵی ١٥١٠) ئەم کەڵە هونەرمەندە بوێرە لەتەمەنی سیو چوار ساڵیدا بوو.

تیسیانۆ فیشللی "Tiziano" ١٤٨٨-١٥٧٦

تیسیانۆ لە دێیەکی بچوکی (پیف دی کادور) سەر چیای ئەلپ لەدایك بووەو لە ڤینیسیا پەروەردەو نیشتەجێبوونی یەکجارەکی خۆی بڕیارداوە تا تەمەنی گەیشتۆتە نەوەد ساڵی. کەسێك بووە خۆشەویست و بەڕێز لەبەر باڵایی ئاکاری و بێهاوتایی هونەرەکەی.

لە ڤینیسیا ڕێساکانی هونەری خوێندووە لەلای (جنتیل بللینی) وەك سەرەتا دواتر چووەتە ئەتێلەی برای ئەو هونەرمەندە کە (جیۆڤانی بیللینی)یە، هەر لەوێش لەگەڵ جیۆرجیۆنیدا یەکتر دەناسن کە ئەویش بە مەبەستی خوێندن لە ئەتێلەی ئەو هونەرمەندەدا بووە. تەمەنی ئەوکاتەی تیسیانۆ نۆ ساڵان دەبوو کە هاتە ڤینیسیا و مامی گرتیە خۆی و سەرپەرشتیاری خوێندنی هونەری ئەوی کرد.

وەختێ جیۆرجیۆنی لە جیوڤانی مامۆستای جیابۆوەو خۆی کەوتە کارکردنی هونەریی، تیسیانۆی لەگەڵ خۆیدا دەبرد تا یارمەتی بدات لە ڕازاندنەوەی هەندێ کۆشکدا، ئەم

هاوڕێیەتیەیان چوار ساڵ بەردەوام بوو لە میانیدا چەندان وڵات گەڕان بە مەبەستی کارکردن، لەم چوار ساڵەدا کاریگەریەکی تەواوی ماموستاکەی کەوتە سەر بە ڕاددەیەك شتێکی قورس بوو بۆ خەڵکی کارەکانیان جیابکەنەوە، بە تایبەت ئەمیش وەك ماموستاکەی سەرسامی دیمەنی سروشتی بوو و بەهایەکی تایبەت و گەورەی پێدەبەخشی. تیسیانۆ سەرباری ڕەونەقی ڕووخساری و ڕووکاری زیرەك و گورجوگۆڵ و چالاك بووە.

ساتێ جیۆرجیۆنی هاوڕێو ماموستای ساڵی ١٥١٠ کۆچی دوایی دەکات و (بیللینی)یش لە ساڵی ١٥١٦دا دوا ماڵئاوایی خۆی دەکات لە ژیان، تیسیانۆ دەبێتە نیگارکێشی یەکەمی شاری ڤینیسیا بێ هیچ چەندوچونێك و کارامەترین هونەرمەندی سەردەمەکەی. بەرەنجامی بلاوبوونەوەی تاعون ناچار دەبێت بۆ ماوەیەك ڤینیسیا جێبێڵێ و بچێتە بادوا، ئەمیرو پیاوانی دەوڵەت هاتوچۆیان دەکرد بە مەبەستی کارکردنی هونەری بۆیان، لە ساڵی ١٥٢٣دا دۆستایەتی ئەم هونەرمەندە لەگەڵ دیوك ئەندریا جیبرتی دەستی پێکرد، ئەو هاولاتیە ڤینیسیەی پیاوی ڕامیاری و جەنگ بوو، ڤینیسیای بە وریایی و ئەزموونی خۆی لە داگیرکاری تورك ڕزگارکرد. هەرچۆن ساڵی ١٥٢٦ لەگەڵ یەکێك لە پیاوانی خانەدان (بیزو ئارتینۆ)دا یەکیان ناسی، ئەوکارانەی لێوان لێوی بینگەیەکی پڕخۆشی ژیان بوون لە ئەفرێنراوی ئەم سەردەمەیەتی وەك تابلۆی "خۆشەویستی پیرۆزو خۆشەویستی گلاو" کە ساڵی ١٥١٥ دروستی کردووە، لەم تابلۆیەدا دوو ئافرەتی نیگارکێشاوە دانیشتون لە چۆڵەوانیەکی سروشتدا، یەکێکیان بە ڕووتی و ئەوی تریان بە جلەوە، ڕووتەکەیان هێمایە بۆ خۆشەویستیەکی دنیاییو پۆشتەکەشیان ئاماژەی خۆشەویستیەکی ئاسمانی دەکات. ساتێ لە کەشی گشتی ئەم تابلۆیە دەڕووانین زووبەزوو تابلۆی (ئاوازی چۆڵەوانی یاخود لادێ)ی جیۆرجیۆنیمان وەبیر دێتەوە. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەیدا گەلێك بابەتی جۆراوجۆری بەرجەستەکردووە، پۆرترێتی گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بە خستنەڕووی باری دەرونیانەوە ئەفراندووە، لە بەناوباتگترین کارەکانی ئەم ماوەیەی تابلۆی "پیاوە دەستکێش لە دەستەکە"یە ساڵی ١٥١٨. ئەم ناوبانگەی تیسیانۆ لە بەرجەستەکردنی وێنەی کەسایەتیدا لە دوای مردنی رافائیل هێندەی تر چووە پێشێ و ئیتالیای سەراپاگیر کرد.

خۆشی و ڕێزو گرنگیپێدانی تیسیانۆ لە بەردەم مەرگی ژنەکەیدا ساڵی ١٥٣٠ دەستەوسان بوو، ماڵەکەی بەجێهێشت، لە ماڵێکدا دەستی بە ژیان کردەوە لەسەر دەریاو لە بەردەم دورگەی مۆرانو، ماڵێك بوو جێی بەیەك گەیشتنی بیرمەندان و هونەرمەندان و بلیمەتانی سەردەمەکەی.. لەوێوە کارکردنی لەپێناو مارکیز دی مانتوا دەست پێکرد هەر لە ڕێی ئەم

پیاوەشەوە میانەی لەگەڵ تـەختی کۆشکی ئۆربینـۆ دروست کـرد. سامانێکی زۆری کۆکـردەوە، کارکردنی تـا ئەوکاتـەی بـە ڕەنـگ و ڕۆشـنایی کردنـی ڕاستیەکانی بـوو، کـە ئـەم دوو توخمـە نمایشی میزاجێکی سەرکەوتوی ئەویان دەکرد لە هونەرەکەیدا.

ئەو کاتەش کە شارلکانی مەلیکی ئیسـپانیا بـە بانگهێشتی کلیمنتـی حەوتـەم هاتـە ئیتالیـا، تیسیانۆ نیگارێکی کەسایەتی بـۆ کێشا کـە بـووە مایـەی پتــەوبوونی پــەیوەندی بــە کۆشـکی ئیسپانیەوە. لەم تابلۆیەدا مەلیك شارلی پێنجەمی دروست کردووە لە جل و بەرگی جەنگیدا و بە سواری ئەسپەکەیەوە. ئەم جۆرە بەرجەستەکردنە بـۆ وێنـەی مـەلیك بـە جلـی سـەربازی و ئەسـپ سـواریەوە لـەپاش ئـەم تابلۆیـە وەك ڕێسـایەکی تایبـەتی لێهـات و ڕەنگـی دایـەوە لـە کارەکـانی دوای خـۆی لای "ڕۆبـنزو ڤـان دایـك" و چـەندانی تـر. مێـژووی ئـەم تابلۆیـــەی هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٣٣ کە خۆی لەسەفەرکردنیدا بـۆ ئیسـپانیا لەسـەر داواکاری تایبـەتی مـەلیك دروستی کـرد. بـۆ ماوەیـەکیش بـووە نیگارکێشی تایبــەتی مــەلیکی ئینگلــترا مـەلیك فیلیپـی دووەم، تـا دواتـر پاپـا پۆلسـی سـێهەم بانگهێشـتی ڕۆمـای کـرد سـاڵی ١٥٤٣ پێشوازیەکی گـەورەو گـەرمی لێکـرا لـە ڕۆمـا، سـاڵی ١٥٤٦ تـابلۆی پۆلسـی لەگـەڵ کوڕەزاکـانیدا دروست کرد. ئەم ماوەیە کاریگەریی مایکل ئەنجیلۆ کەم تا زۆر کاری تێکرد، هەرچەندە مایکل ئەنجیلۆ بە نمونەی پیاو گوزارشتی لە سـەردەمەکەی کـرد بـەڵام تیسیانۆ گیـانی سـەردەمەکەی خـۆی بـە نمونـەی ئـافرەت نمایش کـرد، ئـەو ویستی وابـوو لـە نـاوەوەڕا گیـان بکـات بـە بـەری نمونـەکانیدا، بـەڵام ئـەم لـە دەرەوەڕا گیـانی کـرد بـە بـەر نمونـەکانیدا لـەنێو ئـەو کەشـەی دەوروپشتی داوە، لـەڕێی نمونەهایەکەوە کە نمایشی جوانیـەکی دوورە دەسـت و تەنـها ناکـەن بەڵکو بوونەوەرهایەك کە هەناسە دەدەن و دەژین لە دەوروبەرەکەیاندا.

بەرهەمـەکانی تیسیانۆ لـە چوارچێوەی ئـەو بابەتانـەی پێشوودا نەوەسـتا بـەڵکو بابـەتی ئەفسانە بەردەوام جێی گرنگی بووە، نیگـاری چیرۆکی (بـاکوس و ئادریـانۆ)ی کێشا سـاڵی ١٥١٩ لەسەر پشتینەیەکی سروشتی خاوەن ڕەنگـی ڕەونـەقدارو گـەرم کـە گوزارشـت بـوو لـە شـێوازی سەردەمی ڕێنیسانسی زێڕین لە ڤینیسیادا. لە هەرە تابلۆ مەزنەکانی کە وێنەی ئـەم خواسـتەی بنوێنـێ تـابلۆی "ڤینۆسـی ئۆربینـۆ"یـە، تیـا خوداوەنـد لەسـەر جێگەکـەی پـاڵ کـەوتووە لـە ژورەکـەیدا سـەگێکی بچوکیش لای قاچیـەوە نووسـتووە. لـەم تابلۆیـەدا زیـاترین کاریگـەریی ئەندێشەی جیۆرجیۆنی مامۆستای دەبینین لەسەری، تەنها جیاوازی نێوان ئەم دوو تابلۆیـە لـە پشتینەی سروشتی لای جیۆرجیۆنی و پشتینەی تەلارسازی لای تیسیانۆدایە.

بابەتی ئاینیش وەك مریەم و مەسیح و پیرۆزمەندەکان جێی گرنگیپێدانی دوادوایی ژیانی بوو، لە دیارترینی ئەم کارانەی تابلۆی "تاجی دڕك خستنە سەری مەسیح"ە، کە لە دوا داهێنانەکانی شێوازی خۆی تیا بەرجەستە کردووە، پشت بەست بووە بە ڕەنگ و ڕۆشنایی لەجێبەجێکردندا لەسەر پشتینەیەکی تاریك کە گرنگی پلە دووی پێ بەخشیوە لەچاو ئەو ڕووناکیەی لە فیگەرەکانی داوە، ئەمەش بە بەراورد بەو هەموو گرنگی پێدانەی ئەو بۆ پشتینەی تابلۆ دەیکرد، شتێك بوو نوێ لە درێژایی ڕێچکەی کارکردنی ئەودا.

تیسیان تا تەمەنی نەوەدو نۆ ساڵی ژیاو دواجار بەو تاعونە مرد کە لە لاوێتیدا لە دەستی ڕایکرد.

لە دواجاردا گەر مایکل ئەنجیلۆ بەدوا پەیکەرەکانی ڕچەیەکی بۆ هونەری دوای خۆی شکاندبێ، ئەوا تیسیان ئەو باوکەیە کە ڤلاسکیوز و ڕۆبنز و ڤان دایك و رامبرانت و پوسان و ڤاتۆی لێکەوتۆتەوە، هەر ئەو بووە یەکێ لە سەرچاوەکانی بەهرەوەرگرتنی ئینتباعیيە فەرەنسییەکان لەو ڕێسایانەیدا کە ئاماژەن بە گۆڕانکاریکردنی هەموو بینراوێك بۆ ڕەنگهایەك کە لە ڕۆشناییدا مەلە بکات.

تنتۆریتۆ (Tintoretto) ١٥١٨-١٥٩٤

ناوی بنەڕەتی (جاکوبۆروبستی)یە بە تنتۆریتۆ ناوبانگی دەرکردووە، باوکی بۆیاخچی بووە لە ڤینیسیادا، بۆیە ئەم هونەرمەندە هەموو منالی خۆی لەنێو ڕەنگدا بەسەربردووەو بەهرەی نیگارکێشانی تیادروست بووە. باوکی ناردیە لای تیسیانۆ، بەڵام لەبەر کەللەڕەقی و بەرزی ئاستی کارکردنی تیسیانۆ لای خۆی ڕاینەگرت. بەڵام ئەم لاوە هۆگری کارەکانی مایکل ئەنجیلۆ بوو لێی تۆژینەوەو ڕاهێنانی هەمیشەیی لەسەر دەرکردن بە ئارامیيەکی تایبەت و ورەیەکی نەپساوەوە شەونخونی دەکێشا و بەردەوام لە چاودێری کردنی سێبەرو ڕووناکیدا لەسەر شتەکانی دەوروپشتی. یەکەم تابلۆی نیگاری خۆی و براکەی بوو. ئەم تەمەنەی بەکارکردن و توێژینەوە لە زانستەکانی توێکاری و بەربینەدا بەسەربرد.

لە ساڵی ١٥٤٥دا تنتۆریتۆ تابلۆی "پەرجوی سان مارك"ی کۆتا پێهێنا، کە ڕێزلێنان و ستایش و ناوبانگێکی باشی بۆ بەدەست هێنا. هەر لەم کاتەیدا بوو ئەو کارانەی بەرهەم هێنا کە دەرباری بابەتە ئاینیيەکانی نێو ئینجیل بوون و ئێستا جێی شیاوی خۆیان لە مۆزەی (ئەلبرادۆ)دا وەرگرتووە. بەڵام بەپێزترین ماوەی ژیانی تنتۆریتۆ کە پڕ لە بەخشین و کارکردنی پێگەیشتووە، نێوان ساڵانی ١٥٦٤ بۆ ١٥٨٨ لە ڕازاندنەوەی دیوارەکانی قوتابخانەی (سان رۆکۆ)یە لە ڤینیسیا، جوانترین کارەکانی لێرەدا بەرهەم هێنا و لە پێش هەموویانەوە تابلۆ

درامی ئامێزەکـەی "لـە خـاچدانی مەسـیح" بـە پێکهاتـە لاسارو جووڵـە تەقیوەکانیـەوە و ئـەو دینامیکیەتە دەروونی‌یەی ڕەنگ و ڕۆشنایی لە ڕوودانیا پێکەوە بەشداری دەکەن.

تنتۆریتۆ هونەرمەندێ بوو لـەناو میللەتـەوە، گوزارشـتی هونـەری خـۆی لـە گیـانی مـایکل ئـەنجیلۆ وەردەگـرت تێکـەڵ بـەو ڕێسایانەی لـە تیسیاندا پـێی سەرسام بووبوو، لـەم لێکدانـە ئەسـتەمە شـێوازی کـارکردنی ڕسـکا، لـە ڕێی نـاوەڕۆکی ئـاینی و کـاملی دەسـت ڕەنگینـی و بێهاوتایی پیشەییەوە، پێگەی خۆی لەناو قوتابخانەی ڤینیسی‌دا جێگیر و پتەو بکات، بـە دوور لە تەوژمی "مانێریزم" کە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەی سەراپاگیر کردبوو، ئەو توانی سیما و تایبەتمەندی‌یـە جیاکـانی خـۆی لــە هونــەری هاوســەردەمانی لــە بلیمەتــەکانی ڕێنیسانســەوە وەرگرێت و سودمەند ببێت. (هەرچەندە سەرچاوە هەیە ئەم هونەرمـەندە وەك نیگارکێشێکی مانێریزمەکان دەست نیشان دەکات).

لە ساڵی ١٥٧٨ تنتۆریتۆ ڕازاندنەوەی دیوارەکانی کۆشکی دیوکی ڤینیسیای پێ دەسپێررێت و دەسـت دەکـات بـە کارتیـاکردنی، کۆمـەڵێ کـاری هونـەری ئـەنجام دەدات کـە ئاوێنـەی ئـەو داهێنانانەین کە خستویەتە سـەر تـەرزی ڕێنیسانس، لەو تابلۆیانـە تـابلۆی "مـێردکردنی ژنـە پیرۆزمەند کاترین"ە کە هەندێ کەسایەتی تیا فڕیون بە ئاسماندا.

تابلۆی "هەڵاتن بەرەو میسر" هەر دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی ئـەم ساڵانەی، کـە جوانـترین دیمەنی سروشتی لە هونەری نیگارکێشاندا لەخۆگرتووە، ئەم بابەتە بۆ خۆی لەو بابەتانە بووە کە هونەرمەند زۆر بە دڵی بووە، هـەر دوای ئـەم تابلۆیـە لـەم بابەتـەوە "مریـەمی میسـری" و "مریەمی مەجدەلی" بەرجەستەکردووە.

تنتۆریتۆ بە خاوەن ئەندێشەیەکی فراوان ناوی دەرکردبوو لە پێکهاتـەی گشتی کارەکانیدا، هـەروەها جوڵـەی توندوتیـژی بـەکارهێناوە بـۆ کەسـایەتیەکانی وەك گوزارشـت کردنێـك لـە هەڵچون لە بابەتەکـەدا. هەرچـەندە ئـەم نیگارکێشە بابـەتی ئـاینی زۆر بـووە بـەڵام وەك هـەر هونەرمەندێکی هاوسەردەمی خۆی کارەکانی لە بابەتی ئەفسانەیی بێبـەش نـەبووە. تابلۆکـانی "باکوس و فینیس" و "سوزان لە گەرماودا" گەواهی ئەم ڕاستیەن.

لە هـەموو ئـەم کارانـەیدا کەسایەتی تنتۆریتـۆ وەك کەسـایەتیەکی هونـەری سـەربەخۆو بێلایەن دەرئەکەوێت خاوەن سیماو شێوازی کارکردنی خۆی کە لەسەر یەکگرتنێکی ڕووناکی و تـاریکی، پانتـایی و جووڵـە وەسـتاوە، سـەرباری ئوسـتادیەکی کـەم هاوتـا لـە ڕەنـگ ڕێـژی و بەخشینی کەشێك لە ئەفسوون بەسەر ژیاندا.

گەر ناوی تنتۆریتۆ بە بازنەیەكی ڕووناكی دەور نەگیرابێت وەك ناوی رافائیل یاخود تیسیانۆ ئەوا جیهانە ڕازاوەكەی بینگەیەكی هەڵقوڵیوو خاوەن كاریگەریەكی قوڵی لە نێوان كلتوری ئەم سەردەمە بەخشی بە هونەر.

پاولۆ ڤیرۆنیزی (Paoulo Verones) ١٥٢٨-١٥٨٨

دەچێتە خانەی ئەو هونەرمەندانەوە كە جێدەستیان بە هونەری سەدەی شانزەوە دیارە، لە ڤیرونا پەروەردە بووە دواتر هاتۆتە ڤینیسیاو زۆربەی ژیانی لەوێ بەسەر بردووە و هونەرەكەی تیا باڵای كردووە.

لە ساڵی ١٥٥٢ دوای ئەوەی بادوا جێدەهێڵێ و دێتە ڤینیسیا دەبێتە قوتابی بەردەستی تیسیانۆو تنتۆریتۆ. ڤیرۆنیزە كە بە نیگاركێشی خۆشیەكانی ژیان ناوی دەركردووە، لەو تابلۆیانەشدا كە دەرباری بابەتە ئاینیەكانە ئەو لە دەرخستنی ئەو ڕووە پڕ خۆشی و ڕابوردنە نەكەوتووە، هەتا جارێكیان هەڕەشەی بۆ دێت لە لایەن دادگای سەرپەرشتیاریەوە لە ئاست ئەو گاڵتە پێكردنەی لە نمایشی هەڵوێستە ئاینیەكاندا نواندویەتی. دەگێڕنەوە دەرباری تابلۆی "شێو لەلای لیفی" پیاوانی ئاینی پێیان وتووە ئەمە بەرجەستەی شێوكردنێكی مەسیح نییە بەڵكو بەرجەستەی یەكێ لە دانیشتن و كەش ڕابواردنەكانی ڕۆژانەی خۆتانە لە ڤینیسیادا.

بە شێوازی كاركردنی رافائیل و تیسیانۆ زۆر سەرسام بووە، سەرباری كاركردنی لە تابلۆدا دەستی هەبووە لە ڕازاندنەوەی هۆڵ و دیوارو كۆشكەكاندا، زیاتر حەزی بە بەرجەستەكردنی بینای زەبەلاح هەبووە لە پشتینەی كارەكانیدا، كەسایەتیەكانی هەمیشە بە جل و بەرگی ناوازەو شیكەوە بەدەركەوتون. لە كارە هەرە دیارو جوانەكانی تابلۆی (بینینی پیرۆزمەند هیلانە بۆ خاچ) و تابلۆی (داگرتنی مەسیح) و تابلۆی (پاكیزە)یە. كارەكانی هەمیشە پڕماناو ئاشكرایی لە گوزارشتدا بووە بە دوور لە زۆر لەخۆكردن، خاوەن هێڵی ناسك، پێكهاتەی پتەو، وەك لە تابلۆی (ڕێزنواندنی داریوش لەبەردەم ئەسكەندەر)دا، كە لە مۆزەی لەندەنە، هەرچۆن هونەرەكەی لە سۆزەوە نزیك تر بوو وەك لە ئاوەزو وریاییمەوە بە پێچەوانەی هونەری تنتۆریتۆوە، ڤیرۆنێزە زیاتر دادەنرێت بە كۆتایی بیروباوەڕەكانی ڕێنیسانس و سەرەتاگرتنی ڕێبازی پەیرەوگەرایی[٢٤] (مانێریزم)، كارامەیی ئەو لە پەی بردن بە بەربینەی پێوانەیی (raccourci) بۆ زاڵبوونێكی كامڵ بەسەر نمایشی جوڵەدا، ئەم پێگە هەستیارەی پێبەخشی.

پێگەی کۆمەڵایەتی هونەرمەند لە سەردەمی ڕێنیسانسی سەرەتاو زێڕینی ئیتالیدا

وەك ئاشکرایە هونەر وەك پیشەیەك تەماشاکراوە لەلایەن دەسەلأت و خەڵکییەوە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی پانزە. لەم بینگەیەشەوە هونەرمەند وەك پیشەگەرێك دادەنرا. زۆربەی جار بانگکردنیشیان بەناوی پیشەی باوکیانەوە بووە یاخود شوێنی لەدایك بوونیان یا مامۆستاکانیانەوە. فێربوونیان لە قوتابخانەدا نەبوو یاخود فێربوونێکی قوتابخانەیی نەبوو بەڵکو لە وەرشەدا وەك پیشەگەرێك و بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕاستەوخۆ بە دوور لە هەموو فێرکردنێکی تیوری، لە دوای فێربوونی نووسین و خوێندنەوەو ژمێریاری هەر لە منالْیەوە دەخرانە بەردەستی مامۆستایەکی هونەر بۆ ماوەی هەشت یا دە سالْ فێردەبوون. پەیکەرسازەکان لای نەققارو بەناکان کاریان دەکرد، بە دۆناتێللۆ وتراوە (پیشەگەرو بەنا بە بەرد). تەنانەت هێندێ کەس ئەوەندەی بە ناوی مامۆستایی ناوی دەرکردبوو ئەوەندە خودی خۆی هونەرمەند نەبوو، قوتابیانیش بەپێی ناوبانگ و کارو بەرهەم دەچونە لای مامۆستاکان، ئەوانیش ژمارەیەکی زۆرتریان لێوەردەگرتن چونکە ئەو قوتابیانە گەر باشترین سەرچاوەی داهاتی ئابورییان نەبوونایە ئەوا ئاسانترینیان بوون، ئەمەش زۆرترین لێکدانەوە هەڵدەگری بۆ پان و فراوان بوونی بەرنامەی فێرکردنی هونەری، نەك خواست و هەوڵی هونەرمەندەکان خۆیان.

کاری سەرەتایی کە فێری قوتابیان دەکرد یاخود ئەرکی قوتابی بوو، بریتی بوو لە ئامادەکردن و گرتنەوەی بۆیە، چاکردنەوەی فڵچە، کۆپیکردنی هێڵکاری و سکێچ بۆ سەر تابلۆ، پڕکردنەوەی جل و بەرگ و هەندێ شوێنی لەشەکان کە گرنگ نەبوون. بەلأم ساتێ لە قوتابییەوە دەبێتە یاریدەدەر ئەوا چۆنیەتی ئەرك و کارکردنی دەگۆڕێت، مەرج نییە هەموو یاریدەدەرێك پێشتر قوتابی مامۆستاکەی بووبێت، یاخود هەموو قوتابیەك ببێتە یاریدەدەری مامۆستاکەی خۆی. یا ئەوەی گوایە مامۆستاکان دەست لە کارکردنیان دەکێشنەوە لەبەر بەرزی ئاستی قوتابیەکانیان وەك (چیمابۆی-جیۆتۆ، ڤیریکۆ- داڤنشی، فرانشا- رافائیل) وەك دەزانرێت لەسەرەتای ڕێنیسانسدا بەرهەمی هونەری گوزارشت نەبوو لە کەسایەتی تاکڕەوی هونەرمەند، تا هاتنی مایکل ئەنجیلۆ کە بۆ یەکەم جار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بە تەنها خۆی هەموو بەشی کارێك بە ئەنجام بگەیەنێت. ئەمەش بەگژاچونەوەیەکی ئەو بیرکردنەوانە بوو کە جیاوازی نێوان هونەرمەندو پیشەگەرێکیان نەدەکردو هەرگیز دانیان بە تایبەتمەندێتی

کاری هونەریدا نەدەناو بە کارێکی کۆمەڵی لێیان دەڕووانی، ئەم جۆرە بیرکردنەوەو تێڕووانینە بۆ هونەرو هونەرمەندان تا کۆتایی سەدەی پانزە بڕی کرد. بۆ نمونە بیست قوتابی لەگەڵ جیبرتیدا کاریان دەکرد لە دەرگای شۆردنگەکەدا کە بە مەزنترین ئەرك مەزەندە دەکرێت بە هونەرمەند درابێت. لە سایەی ئەو تێڕووانینەدا کە ئاماژەمان پێکرد هەندێ جار کەسێکی دەوڵەمەند وەرشەیەکی دەگرت و هونەرمەندی بەکرێ دەگرت بۆ کارەکانی، لەوانە داڤنشی لە شاری میلانۆ لە پرۆژەی وەهادا بە کرێ گیراوە.

بەرەنجامی نزیکی هونەر لە پیشەوەو کارکردنی هونەرمەند لەژێر لیستی دەستەی پیشەگەراکاندا، زۆر کاری تریش لە پاڵ کاری هونەریدا دەکرا وەك نەخش لەسەر قەڵغان، ئاڵا، پڕووپاگەندەی دوکانەکان، نەخشی سەر تەختە و هەڵکەندنی ڕەنگاوڕەنگی تەختە، نەخش و نیگار بۆ فەرش و دەست درووەکان، پارچەی نەخشاوی بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان.

هونەرمەندێکی وەك پۆلایۆلۆ دوای ناوبانگ دەرکردنیشی لە پەیکەرسازی و نیگارکێشاندا، هەر خەریکی زەڕەنگەری بوو، ڤیریکۆی مامۆستای داڤنشی سەرباری هەموو کارێکی هەروا خەریکی قاپی خەزەفی بوو لەگەڵ نەخشاندن لەسەر تەختە، دۆناتێللۆ جلکێکی جەنگیو ئاوێنەیەکی بۆ سەرپەرشتیارەکەی دروست کرد، بۆ تشیللی نەخش و نیگاری بۆدرومان دروست دەکرد.

بەڵام بە هاتنی مایکل ئەنجیلۆ هونەرمەند لە دەستەی پیشەگەران جیابۆوە، ڤازاری چیتر پەسەندی نەکرد ڕێزگرتنی پیشە دەستیە پەتیەکان لەگەڵ ڕێزگرتنی هونەرمەند بۆ خودی خۆی ڕێ بکات.

لە ساڵی ١٥٩٠دا دەستەی نیگارکێشە پیشەییەکان شکاتیان لە هونەرمەند جیوڤانی باتێستاپوجی کرد لەبەرئەوەی حەوت ساڵ لەژێر ڕاهێنانی پیشەییدا نەبووەو کەوتۆتە کارکردن، کە پێی دەوترا (بەرنامەی ڕاهێنانی دیاریکراو). دواجار لەسەر ئەم شکاتەوە فەرمان دەرکرا بە قەدەغەکردنی لە شاری جنوا، ئەم نمونەیە هەرچییەك بێت ئەوە دەسەلمێنێت کە لیستی دەستەی پیشەگەران شتێکی پێویست نەبووە بۆ هونەرمەند تا ئەتێلەی تایبەتی خۆی بکاتەوەو کار بۆ خۆی بکات.

ئەم بارە قورسەی دەستەی پیشەگەراکان سەپاندبووی وایکردبوو هونەرمەندانی ڕێنیسانس یەك ئابوریان هەبێت لەگەڵ پیشەگەرەکاندا کە ئەویش ئابوریەکی باش نەبوو. مازاتشو نەی دەتوانی کرێی ئەو منداڵە بدات کە لەلای کاری دەکرد، بە هەژاری و قەرزاری

مرد. ڤازاری دەیگێڕێتەوە کە فیلیولیبی لە توانایدا نەبوو جوتێ گۆرەوی بۆ خۆی بکڕێت. ئۆتشێللۆش وەختێ پیر بوو خاوەنی هیچ نەبوو و ژنەکەشی نەخۆش بوو.

تەنها ئەو هونەرمەندانە نەبێت کە لەناو کۆشکەکاندا کاریان دەکرد یاخود خاوەنێکیان (سید) هەبوو یا پیاوێکی گەورە دەیبردن بەڕێوە، نمونەی ئەمە فرانجیلیکۆیە کە مانگانە (١٥ دۆك)ی وەردەگرت، کەسێك ٣٠٠ دۆکی هەبوایە ساڵانە زۆر بە خۆشی لە فلۆڕەنسادا دەژیا. ئەم کەم دەرامەتیە هونەرمەندی باش و خراپ و بەناوبانگی بۆ نەبوو. دۆناتێللۆ لەو هونەرمەندانە بووە کە لە چاو خۆیدا نرخی باشی وەردەگرت بەڵام هێشتا نرخە خەیاڵییەکان نەزانراو بوون.

ئەو نرخ و کرێیەش کە پێیان دەدرا بە ڕێك و پێکی نەدەدرا بەڵکو بە دەسندە (قسط) بووە، یاخود لەبەر نەبوونی لە پێشەوە هەندێ پارەیان وەردەگرت، چەندان جار داڤنشی شکاتی لە لۆدڤیکۆ هەبووە کە کرێکەی نەداوەتێ. بەڵام لە پرۆژەو کاری گەورەدا بە شێوەیەکی تر بوو، هونەرمەند کرێی خۆی بە ڕۆژانە وەردەگرت.

بەپێی ئەو قەواڵانەی کراوە دەرئەکەوێت تا کۆتایی سەدەی پانزە هونەرمەند زۆر سەربەست نەبووە، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە دەرئەکەوێت کە هونەرمەند سەربەستی زیاتری هەبووە، بۆ نمونە ساڵی ١٥٣١ مایکل ئەنجیلۆ قەواڵەیەکی کردووە کە ئازادە پەیکەر بکات یا نیگار بۆ سباستیانو دل پیومبو.

ئیتالیا لەهەر وڵاتێکی تری ئەوروپی باشتر بووە وەك پێگەی هونەرمەندەکانی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزلێنان و ستایشی ئەمیر و فەرمانڕەواکان بۆ بەهرەو توانای هونەرمەندان، زۆر زیاتر لەهەر وڵاتێکی تری ئەوروپی. کاریگەرترین شتێك کە هونەرمەندی ئازاد کرد لە لیستی دەستە پیشەییەکان کارکردنیان بوو لە تەختی پاشاو کۆشکی مەلیکەکانداو هاتوچۆو سەفەریان (بۆ ئەم مەبەستە) لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر. بەڵام ئەم بارە لە سەروی ئەوروپادا بە جۆرێك بوو کە نەدەبوو هونەرمەند لەیەك شاردا بجوڵایە. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە هەرچی زیاتر ڕێ خۆشکەر بوو بۆ زیاد بوونی ڕێزی هونەرمەندو نزیك بوونەوەی لە پلەی هۆزان ڤان و زانایان، بە دیاریکراوی دەتوانین بڵێین لە چارەکی دوایینی سەدەی پانزەدا نرخی کارکردنی هونەرمەند بەرز بۆوە. مایکل ئەنجیلۆ ٣٠٠٠ دۆکی وەرگرت بۆ بنمیچی کڵێسای سکستین. لە کۆتایی سەدەی پانزە باری ئابوری و ژیانی هونەرمەندانێکی تایبەت هەر زۆر باش بوو، پیرجینۆ چەندان خانوی هەبوو.. داڤنشی ساڵی ٢٠٠٠ دۆکی وەردەگرت لە میلانۆو لە فەڕەنسا بۆیان کرد بە ٣٥٠٠٠ فرەنك ساڵانە.

لەگەڵ دەستپێكردنی سەدەی شانزە باری ژیانی هونەرمەندان چووە ئاستێكی باڵاوە بە تایبەت ئەوانەی خاوەن بەهرەو توانای ناوازە بوون وەك رافائیل و تیسیانۆ. هەندێ لە مێژوونووسان و توێژەرەوەكان هاوشان بوونەوەی شاعیران و زاناكان لەگەڵ هونەرمەنداندا دەگێڕنەوە بۆ یەكگرتنی هونەرمەندان لەگەڵ ئەدیبە خاوەن خواستی هیومانیستەكان. ڕەنگە ئەمە هۆكارێكی گرنگ بێت بەڵام گەورەبوونی شارەكان و زۆریی داواكاری لەسەر كاری هونەریو دەوڵەمەندبوونی ئەو ناوەندانەی گرنگی بە هونەر دەدەن بە هۆكاری سەرەكی دەژمێررێن ئەمە بێ لەوەی ئەدیبە هیومانیستەكان وەك پێگەیەكی ئاوەزی سەیری هونەرمەندانیان دەكرد بۆ بابەتە ئەفسانەیی و مێژووییەكانیان، هەرچۆن گرنگی هونەرو هونەرمەندان بۆ ئەدیبان وەك پڕووپاگەندەیەك بۆ هزرو بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕیان، خاڵی لێك نزیك بوونەوەو یەكسان بوونەوەی هونەرەكان بوو (مبدأ وحدة الفنون) كە لە سەردەمی ئەفلاتونەوە جیاكرابۆوە. هەرچۆن ئەم سەردەمە لەسەر دەستی لیۆناردۆ داڤنشیدا بۆ یەكەمین جار لاسایی سروشتی پەسەندتر كرد وەك لە لاسایی گەورە هونەرمەندەكان. ئەمەش بووە مایەی زیادبوونی هەرچی لەسەرخۆی تیۆریەكان و كۆتایی هێنان بەو كۆمەڵە تیۆریە دیاریكراوە كە فێركردنی ئەكادیمی دەینوێنێت. چیتر لە سەرەتاكانی سەدەی پانزەوە گەنجان هونەرەكانی ئەندازەو بەربینەو توێكارییان دەخوێند، ئەمە بێ لە لایەنی پراكتیكی كە بوكیان بەكاردەهێنا وەك نمونە یاخود مودێل، ئەمە بێ لەوەی هەندێ جار پەنایان بۆ سودوەرگرتن لە ژیانی ڕاستەوخۆ دەبرد. ئەمانە گشت نوقلانە بوون بۆ پەیدابوونی ئەكادیمیەكان.. بەڵێ ئەكادیمیەكان دروست بوون و هەموو پەیوەندیەكانی وەرشەو ئەتێلەو دەستە پیشەگەراكان سڕرایەوە بە درێژایی سەدەی شانزە. بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بكەین كە وردە وردە كاریگەریی خۆی لەسەر ونبوونی پێكهاتنی شێوازی تایبەتی دەست پێكرد.

ئەلبێرتی بە چەمكێكی زانستیانە دەستی بە هونەر كرد، ئەو یەكەم كەسێك بوو وتی بیركاری بنەمایەكی هاوبەشە لە نێوان زانست و هونەردا. ئەودەمەی داڤنشی هات تەنها كەسێك كە لە پێش خۆی جەختی لەسەر بكاتەوە و پشتی پێ ببەستێ تەنها ئەلبێرتی بوو، لە پاش ئەو وتەیەكی تری خستە سەر وتەكەی ئەلبێرتی كە دەڵێ: نیگاركێشان جۆرێكە لە زانستی سروشت ناسی وردەكار و دەتوانین بڵێین لە زانستیش باڵاتر دەبێت چونكە هونەر لە دواجاردا خودیەو بەڵام زانست ناكەسایەتیە (لاشخصی)، ئەو وتەیەی (سیموندس)ی هێنایەوە یاد كەوتویەتی (نیگار شیعرێكی بێدەنگە) و (شیعریش نیگارێكی بگۆ). داڤنشی وەك سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو وتەیە دەڵێ: گەر بێدەنگی و لاڵی نیگار كەموكورتی بێت ئەوا

کوێری شیعریش کەموکورتی‌یە. گەر هونەرمەندێ هەبوایە لە لیۆناردۆ زیاتر پابەندی ئەدیبی خواستە هیومانیستەکان بوایە نەی دەوێرا ڕای ئاوا بدات.

زیاترین گرنگی دانێ بە هونەر هەر لەلای کەسایەتی‌یە یەکەمیەکانی هیومانیستەکان دەبینرێت وەك لە ڕەشە خەڵکەکەو ئەو بینینە باوەی لەودەمەدا هەبووە. دانتی نەمری بەخشیوە بە یادی چیمابۆی و جیۆتۆ لە پاکژگە (المطهر)دا (١١، ٩٦/٩٤) و بەراوردی کردون بەهەردوو شاعیر جویدو جوینیتشلی و جویدو کاڤالکانتی. بترارکیش لە شیعرەکانیدا بە باڵای نیگارکێش سیمۆنی مارتینی‌دا هەڵیداوە. فیلبو فیلانی لە وەسف کردنی شاری فلۆڕەنسادا ئاماژەی بە چەندان هونەرمەند داوە وەك گەورە پیاوانی ئەو شارە، ئەمە بێ لە کورتە چیرۆکەکانی ڕێنیسانس بە تایبەت چیرۆکەکانی بۆکاشیۆو زاکتی کە ژمارەیەکی زۆری لە هونەرمەندە بیژۆکەکان لەخۆگرتووە.

دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە بە ڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەم سەرەتای دەرکەوتنی بەسەرهاتی ژیانی هونەرمەندان و نووسینەوەو گرنگی‌پێدانی ئەو لایەنە بوو، کە خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی بێ‌هاوتای ڕاستەقینەی ڕێنیسانس بوو، برونللسکی یەکەم هونەرمەند بوو لەم بوارەدا وای کرد یەکێ لە هاوسەردەمانی خۆی سەرگوزشتەی ژیانی بنووسێتەوە، ئەمەش ئیمتیازێك بوو تەنها مافی میرو پاڵەوان و پیرۆزمەندەکان بوو. هەرچۆن جیبرتی یەکەم بەسەرهاتی ژیانی خۆی (سیرة ذاتیة) نووسی‌یەوە کە بە یەکەمین بەرهەمێك دادەنرێت لە نووسینەوەی خودی هونەرمەند. ڕێزگرتن و ستایش کردنی هونەرمەندە بە تواناکان گەیشتە ئاستێك شارەوانی فلۆڕەنسا سەکۆیەکی (نصب) یادەوەری بۆ برۆنللسکی لە هەمان کاتیدراڵی کارکردنەکەی خۆیدا دروست کرد. دەرکەوتنی دیاردەی لەم جۆرە گرنگی‌دانی وردە وردەی خەڵکی بە هونەرمەند پیشان دەدات بەدەر لە کارەکەی. بێ لەم دیاردەیە، دیاردەی ئیمزاکردنی کاری هونەری هاتەکایەوە. بە نزیکی ئیمزای هەموو هونەرمەندە گرنگەکان لە سەدەی پانزەهەمەوە پارێزگاری کراوەو ماوە. فیلارتی بە جیدی داوای ئەوەی کرد لەو سەردەمەدا کە هونەرمەندەکان گشت ئیمزای کارەکانیان بکەن. لەمەش بە بەهاتر زۆرێك لەو نیگارکێشانە وێنەی کەسایەتی خۆیان کێشاوە، هەرچەندە زۆر کامڵ و تەواو نەبوون. بەڵام نیگاری خۆیان و خێزانەکانیان کێشاوە، لە پاڵ گەورە پیاوانو مریەم و پیرۆزمەندەکاندا.

بەم شێوەیە جیرلاندایو وێنەی ژن و کەسەکانی خۆی دەکێشێت لەسەر دیوارەکانی کڵێسەی سانتاماریا لەبەردەم دامەزرێنەری کەنیسەکەو ژنەکەی. نەك هێندەو بەم شێوەیەو بەس بەڵکو شاری بیرۆجە داوایان لە بیرجینۆ کرد کە وێنەی خۆی لەپاڵ وێنە فریسکۆکاندا دابنێ لە

بازاڕی ئەلكامبیۆ. لە نمونەی تری ئەم جۆرە ڕێزلێنانانە بەخشینی پلەی ئەندامێتی ئەنجومەنی پیاوماقوڵانە بە جنتلیدا فابریانۆ لەلایەن كۆماری ڤینیسیاوە. یان بەخشینی پلەی (هەڵگری ئالاَ) بە فرانشسكۆ فرانشا. فلۆڕەنساش نازناوی (ئەندامی ئەنجومەن)یان دا بە میكلوتسو. وەك هەنگاوێكی گۆڕانكاری گرنگیش بەرەنجامی چونە پێشەوەی هوشیاری هونەرمەند چیتر هونەرمەند پابەندی ڕاستەوخۆو دەقاودەقی نەما بە داواكاریەكانەوە كە لێی دەكرا، بگرە گۆڕانكاری و خستنەسەری خۆیانی تێدا بەكاردەهات. بۆ نمونە بێرجینۆ كە وەك ئەستێرەیەكی نازدار كاری دەكرد، كارەكانی تەواونەدەكرد وەك ئەو كارەی كە لە (كۆشكی كۆن) و ئەو كارەشی كە لە (كۆشكی دیوك) لە ڤینیسیا. كڵێسەی پاكیزەش هێند چاوەڕووانی ئەم هونەرمەندە بوون كارێكیان بۆ بكات، ناچار كارەكەیان سپارد بە سنیۆریللی.

ژیانی لیۆناردۆ نمونەی چونە پێشەوەی بەهای هونەرمەندە، بێگومان خاوەنی پێگەو ستایشی تایبەت بوو لە فلۆڕەنسادا بەڵام كاری بەدڵی خۆی نەدەڕۆی، بۆیە (وەك ئاماژەمان پێدا) چووە میلانۆو بوو بە نیگاركێشی نازداری تەختی لۆدڤیكۆ، ئەندازیاری جەنگی لای تشیزاری بورجا، كۆتایی ژیانیشی وەك هاوڕێو دۆستێكی ئازیزی مەلیكی فەڕەنسا هێنا. گۆڕنكاری سەرەكیش لە سەرەتای سەدەی شانزەدا ڕوویدا لە میانی سەربەخۆبوونی هونەرمەنددا و چیتر هونەرمەندان جێبەجێكەری پیشەی سەرگەورەكانیان نەبوون، بەڵكو خۆیان بوونە سەری گەورە. ڤازاری دەڵێت: رافایل ژیانێكی پڕ لە شكۆمەندی گەورەو مەزنی بردۆتە سەر وەك هونەرمەندێ، كۆشكێكی تایبەت بە خۆی هەبووە لە ڕۆماو لە بەرامبەر پیاوانی گەورەی دەوڵەتدا وەستاوە. تیسیانۆ لەو شكۆمەندتر ژیاوە وەك مەزنترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی لە پێگەیەكی كۆمەڵایەتی باڵادا. ناوبانگی وەك مەزنترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی، شێوازی بەسەربردنی ژیانی، پلەو نازناوەكانی، ئەمانە گشت وەك هۆكارێك گەیاندیانە بەرزترین نێوەندی كۆمەڵایەتی. ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم (كۆنت)ی لە كۆشكی پاپەویدا پێبەخشی و ئەندامی تەختی ئیمپراتۆری بووە، هەرچۆن كردویەتە سوارەی مهمازی ئاڵتونی (Golden Spur) و كۆمەڵێك ئیمتیازی پێداوە بێ لە نازناوی خانەدان یا پیاوماقوڵ (نبیل) كە ئەم نازناوە لەوێ هەر پشتاو پشت ماوەتەوە. زۆر لە میرەكان هەوڵی ئەوەیان داوە ڕەسمیان بكات بەڵام نەیكردون، داهاتی لە ئاستی میرەكاندا بووە، مەلیك هنری سێهەم بە تایبەتی خودی خۆی سەردانی كردووە لە پیریدا. وەختێكیش لە ساڵی ١٥٧٦ بە تاعون مرد لە كڵێسای ڤیراری Frari بەوپەڕی ڕێزەوە نێژراوە.

گەر باس لە مایکل ئەنجیلۆ بکەین لەم لایەنەوە، ئەوا گەیشتۆتە ئاسۆیەك بێوێنەو لە بالاییەکدا بووە کە دەسبەرداری هەموو نازناو و ئیمتیاز و رێزلێنانێك بووە. هاورێیەتی پاپاو ئەمیرەکانی کردووەو بەرهەڵستی کردون بە بوێریەوە، نازناوەکانی کۆنت و راوێژکاری دەوڵەتو سەرپەرشتیار (مشرف)ی پایەوی رەت کردۆتەوە، تەنها نازناوێك کە پێی ناوزەد کرابێت مایکل ئەنجیلۆی ئیلاهی بووە. پێی ناخۆش بوو بە پەیکەرساز یاخود نیگارکێش ناوببرێت. وتویەتی من مایکل ئەنجیلۆ بۆ ناروتیم نەکەم و نەزیاد، بە مێشك نیگاردەکێشم نەك بەدەست. ئەو یەکەم نمونەی هونەرمەندی نوێ بووە لە گۆشەگیریدا. جوڵەیەکی جنیانە جوڵاندویەتی یاخود وەك خۆی وتویەتی دەستێك لە دنیای جنەوە دەمجوڵێنێت. هەستی بە بەرپرسیاریەکی قوڵ و تایبەت کردووە بەرامبەر بە بەهرەکانی خۆی.

هەموو ئەم گۆرانکاریو رێزلێنانە لە جیهانی دەرەوە بۆ هونەرمەندو نواندنی هەموو ئەو هەڵوێستە بەرزو بوێرانەش لە جیهانی هونەرمەندەوە بە ئاراستەی دەرەوەی خۆی، ئازادبوونی کامڵی بۆ یەکەمین جار بۆ هونەرمەند بەدەست هێناو ئەو بلیمەتیە دەرکەوت کە سەردەمی رێنیسانسی پێ دەناسرێت. گۆرانکاری بنەرەتی روویدا لە ستایش کردنی هونەرمەند خۆی نەك بەرهەمەکانی لەلایەن خەڵکی و دەسەڵاتەوە، چون پێشتر ستایش کردنی کاری هونەریی لەسەر رەت کردنەوەی هونەرمەندەکە بوو دواتر ئەم ستایشە بە هێندایی کارە هونەریەکە بەر پەروەردگاری هونەرمەندەکە دەکەوت (واتە ئەو پیاوە گەورەیەی هونەرمەندە کە کاری بۆ ئەکات). بەلام لەوەودوا بە پێچەوانەوە کەوتەوە، پەروەردگارەکەش بە ستایشی هونەرمەندەکەوە دەنازی نەك بەخۆیەوە بنازێ لە گەورەیی هونەرمەندەکەدا، ئەویش بە شانو باڵی هونەرمەندەکەدا هەڵیدەدا چون چیتر هونەرمەند مایەی پیاهەڵدای ئەو نەبوو. شارلی پێنجەم نوشتایەوە تا فلچەکەی تیسیان هەلگرێتەوە بۆی، بیروباوەری وابوو کە ئاسایییە زۆر ئیمپراتۆر لە خزمەتی هونەرمەندێکی گەورەی وەك تیسیان دا بێت. ئاوا ئەفسانەی هونەرمەند کامڵ بوو.

هونەری ڕێنیسانسی زێڕین لە دەرەوەی ئیتالیا
(ئەڵمانیا- هەرێمی فلاندەر- فەڕەنسا)
ئەڵمانیا

هونەری ئەڵمانی تا ساڵی (١٥٠٠) هەر لەژێر كاریگەریی هونەری فیلمنكیدا بوو، كەمتر پڕیشكی ڕووناكی هونەری ئیتالی پێگەیشت كە لە هەرێمی تۆسكانیادا لە پەرەسەندندا بوو، ئەم حاڵەتە نەك هەر بۆ هونەری ڕێنیسانس لە ئەڵمانیادا بەڵكو بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی سەروو چیاكانی ئەلپ كەوتبوون ڕاست بوو. بەڵام بە تایبەت ئەڵمانیای پرۆتستانتی كە لەسەر دەستی مارتن لۆسەردا ساڵی ١٥١٧ چووە سەر ئەم ڕێبازە ئاینییە، دەتوانین بڵێین دەق بە پێچەوانەی باری ئاینی و كۆمەڵایەتی ئیتالیای كاسۆلیكییەوە بوو، لەبەرئەوە هونەر لەم وڵاتەدا نەیتوانی هاوشانی هونەری ئیتالی ڕابوەستێت و گەشەبكات، هونەری ئەڵمانی گەر نەیتوانیبێ بە ئاراستەی ئاین ڕێ بكات ئەوا بە دڵنیاییەوە بابەتە كۆمەڵایەتییەكانی پێكاوە. چون بیروباوەڕی پرۆتستانتی لۆسەر خوازیاری جیابوونەوە بوو لە كڵێسای كاسۆلیكی و پاكردنەوەی كڵێسەكان لە تابلۆو پەیكەرەكان، ئەمەش هۆكارێكی كاریگەر بوو بۆ دواكەوتنی هونەری ڕێنیسانس لەم وڵاتەدا.

ئەڵمانیا وەك هێزێك كە گرنگییەكی خۆی هەبێت لە ئەوروپای مەسیحیەتدا لە سەردەمی شارلمانەوە دێتە كایەوە، بەڵام لە دوای ئەم مەلیكە بەتوانایە وڵات پارپەپارچەی چەند دیوكێك بوو لەژێر فەرمانڕەوایی نەوەكانیدا، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوا ساكسۆنیەكاندا كە دواتر دێنە سەر تەخت بۆ جارێكی تر وڵات كرایەوە یەك پارچە و چەند خێزانێك كەوتنە فەرمانڕەوایی كردنی وەك خێزانی فرانكیا و هۆهنستاوفن و هابسبرج كە لە كۆتایی سەدەی سیانزەوە دەستی بە فەرمانڕەوایی كرد. هێزی ئەم خێزانە لە سەردەمی مەلیك شارلی پێنجەمدا ١٤٨٣-١٥٥٦ بەدەركەوت. ئەدەب و هونەریش گەشەسەندنی لە سەردەمی ئیمپراتۆر مكسمیلیان دا بەخۆوە دی، هەرچۆن بزاڤی ڕیفۆرمی ئاینی لە نێوان ساڵانی (١٥٢٠ بۆ ١٥٥٥)دا دەركەوت لەسەر دەستی قەشەی فەیلەسوفی پروتستانی مارتن لۆسەردا (١٤٨٣-١٥٤٦) وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم بزاڤە دەستی كرد بە تابۆكردنی وێنەی شێوەكان لە جێگە ئاینییەكاندا، جوڵەی چاپ و پەخش كردن لە شارەكانی ئەڵمانیاو سویسراو نورمبرگ و بازل دا بڵاوبۆوە.

زۆرێکی ویست تا هونەرمەندانی ئەم وڵاتە بتوانن سود لە هونەری فلۆڕەنسی وەرگرن لە کێشانی نیگاری تابلۆکانیاندا.

تەلارسازی:

تەلارسازی ئەڵمانیای دابەشی کاریگەری دوو شێواز بووە کە ئەوانیش شێوازی هونەری غوتی و تەرزی ڕێنیسانسی نوێیە لە فلۆڕەنسا. کاریگەری دوهەمیان زیاتر بەشی خواروی ئەم وڵاتەی گرتەوەو سیماکانی لە تەلارەکانی شاری (ئۆگسبورگ)دا لە ساڵی ١٥٠٩وە دەبینین، هەروەك چۆن کاریگەری ئەندازیار (بلادیو) بەدەردەکەوێت لە بینای ئەنجومەنی شاردا کەلە میانی ساڵانی ١٦١٥-١٦٢٠ دروست کراوە. هەرچەندە ئەم شارە بێبەش نەبوو لە پارێزگاری کردن بە تەرزی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بەڵام توخماتە ئیتالیەکان پێدزکێیان کردۆتە ناوی وەك لە کۆشکی (بیتر)دا دەرئەکەوێت کە ساڵی ١٥٠٦ بوونیات نراوە.

شاری میونخ بێکاریگەریی ڕێنیسانسی ئیتالی نەبوو، لە کڵێسای پیرۆزمەند میکائیل دا (١٥٨٣-١٥٩٧) بە ئاشکرایی دیارە کە لەژێر کاریگەریی کڵێسای (یەسوع)دا بووە، هەرچۆن گەر بۆ تەرزی ڕێنیسانس بگەڕێین لە هەرێمی ساکسۆنیادا، کۆشکی (ویسمار Wissmar) لە دیارترین نمونەکانی خۆیمان پیشان دەدات.

پەیکەرسازی

هونەری پەیکەرسازی لە ئەڵمانیادا سەرەتاکەی بەدوا کاریگەریەکانی شێوازی غوتی دەست پێدەکات ئەویش لە پەیکەری ڕیلیفی و نەخشی سەر ڕووی کڵێساو کۆشکەکاندا، هەرچۆن ئەم کاریگەریە جێدەستی لەسەر پەیکەری گۆڕەکانیش بەجێهێشت.

هەرچی کاریگەری تەرزی ڕێنیسانسیشە دواتر لە کارەکانی پەیکەرسازان (فلوتز Flotner) لە شاری نورمبرگ (کاریگەری ڤینیسیا). (ئەلێکسندەر کولین A. Colyn) لە هیدلبێرك (کاریگەری فلمنك). هەرچۆن ئۆگزبرگ و میونخ بوونە دو سەنتەری تەرزی ڕێنیسانسی ئیتالی.

نیگارکێشان

ژمارەیەکی باش لە نیگارکێشان بەشداری ڕێنیسانسی هونەری نیگارکێشانی ئەڵمانیان کرد. لە دیارترینیان گرونڤاڵد و دیورەر کە ناوبانگی ئەوان پێشبڕکێی ناوبانگی هونەرمەندانی ڕێنیسانسی زێڕینی دەکرد، هەرچۆن لەم بزاڤەدا هونەرمەندانێکی تر بە پلە دوو دێن وەك کراناش.

لێهاتویی نیگارکێشە ئەڵمانیەکان لە نیگارە چاپ کراوەکاندا دەردەکەوت کە لەسەر قاڵبی هەڵکەنراوی تەختەو بەردو مس چاپیان دەکرد. ئەم هونەرە (واتە هونەری گرافیك) بە

تایبەت لە ئەڵمانیادا گەشەسەندو بوو، هونەرمەندەکان جوانترین تابلۆ چاپکراوەکانیان بەدی هێنا بە وردەکاریەکی بێکۆتاوە.

ماتیاس گرونڤاڵد Mathias Grunivald (١٤٧٠-١٥٢٨)

ئەم هونەرمەندە لە شاری فورزبرج پەروەردە بووە و لە نێوان شارەکانی ئەڵمانیادا لە گەڕاندا بووەو بە هەژاری ژیاوە. چووەتە شارەکانی فرانكفۆرت و هال. لەم دوا شارەشیاندا کۆچی دوایی کردووە. هونەری غوتی سەرچاوەی سروش وەرگرتنی ئەو بووە چون لە خواستێکی سۆفیانەدا ژیاوە، عاشقێکی تواوە بووە لە خۆشەویستی مەسیحدا. لەش ئەو گرنگی پێدانە هونەریەی نەدەدی بە خۆوە کە لەلای هاوسەردەمە ئتیالیەکانی هەبوو. ئەو زیاتر جەستەی بۆ نمایش کردنێکی درامی مەبەست بوو. لەو توخمانەش کە جێی گرنگی پێدانی ئەو بوو ڕەنگ و ڕووناکی بوو کە پێکەوە لە بەکارهێنانێکی لێزانانەدا توانای ئەفراندنی کەشێکی ئەفسانەیی پێ دەبەخشی بە بابەتەکانی.

خواستی ئاینی گرونڤاڵد مانایەکی ڕۆحانی دەبەخشی بە هەر شتێ کە بەرجەستەی دەکرد لە بازنەیەکی مەرگەساتاویدا ئەمەش بۆ خۆی شێوازێك بوو دەق بە پێچەوانەی هونەری ئیتالیەوە.

لە دیارترین کارەکانی تابلۆیەکی گەورەیە کە بۆ قوربانگەی دێری شاری (ئیزنهایم)ی لە هەرێمی ئەلزاس دروست کردووە. لە ساڵانی (١٥١٠-١٥١٥) کە تیایدا چەند بابەتێکی ئاینی بەرجەستە کردووە، وەك لە خاچ دانی مەسیح کە بە شێوازێکی واقعیانە ئازاری مەسیحی بەرجەستە کردووە.

ئەلبێرت دیورەر (Albrecht Durer) ١٤٧١-١٥٢٨

یەکێك لە مەزنترین هونەرمەندە جیهانیەکان بەنێو هونەرمەندانی ئەڵمانیاو سەدەی شانزەدا ئەلبێرت دیورەرە. هونەرمەندێکی نیگارکێش و خاوەن چەندین بیردۆز بووە (بە تایبەت لە زانستی بەربینەدا) و ئەندازیارو لەسەرو هەموشیانەوە مرۆڤێکی خاوەن ڕۆشنبیریەکی جیهانی بە ئاگا بووە، کە بە نیازو ویستی خۆیەوە بەشداری لە دەمەتەقێ و دیالۆگەکانی سەردەمی خۆیدا کردووە، توانی لێزانانە بیروباوەڕەکانیان یەکخا لەبەرهەمەکانیا بە تایبەت لەو بەرهەمانەیدا کە لەسەر تەختە هەڵیکەنیون واتە چاپە گرافیکیەکان و ژمارەیان دەگاتە زیاد لە هەزار بەرهەم. دیورەر لە شاری "نورمبرگ" لە دایك بووەو باوکی کابرایەکی زەڕەنگەر بووە، هەر هەستی بە توانای کوڕەکەی کرد ناردیە ستودیوی فۆڵجمۆت کە لە هەڵکەندن و نیگارکێشاندا دەستێکی باڵای هەبووەو، سێ ساڵ دیورەر لای ئەم مامۆستایەی

ماوەتــەوە، بەماوەیــەك دوای ئــەوە چووەتــە (ئاوگســبورگ) بــۆ ســـودوەرگرتن لــە شــێوازی هەڵكـەندنی هونەرمـەند (نشونجاور). بـە مەبەسـتی شـارەزابوونی زیـاتریش لـە نیگارکێشـاندا ڕووی کردە ڤینیسیا لە ساڵی ١٤٩٤داو لەوێ جیوفـانی بیللینـی ناسـی و بـە شـێوازی توێژینـەوەو زانستی توێکاری لە لەشی مرۆڤدا لـەو شارە سەرسام بـوو. ساتێ گەڕایـەوە ئـەڵمانیا لـە شـاری نورمبرگ جێنشین بوو بۆ مـاوەی نێـوان ساڵانی (١٤٩٥- ١٥٠٦) سـتودیویەکی تایبـەتی بـۆ خـۆی داناو دەستی کرد بـە لێتوێژینـەوەو دانـانی چـەند کتێبێك لەسـەر زۆر بابـەتی وەك ئـەندازەو بیرکاری و زانستی ڕێژە (نسب). بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی بـۆ زانسـتی بەربینـە تـەرخان کـرد. هـەوڵیدا ئـەو وتەیـەی ئـەلبێرتی بسـەلمێنێ کـە دەڵـێ "تـابلۆ پەنجەرەیەکە بەشـێك لـە سروشتی لێوە دەبینرێ". بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئامێرێکی دروست کردو تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەتا ئەمڕۆش هەر کتێبێ لەسەر بەربینە بنووسـرێ پـەنا بـۆ ئـەو چەند ڕێگەیەی دیورەر دەبرێت تیایدا.

ستۆدیۆکەی ببوە بنکەی جموجۆڵی هونـەرێك کـە بایـەخی بـە مرۆڤایـەتی دەدا، هـەرچۆن سەرسام بو بە بیروباوەڕەکانی مارتن لۆسەر چون ئاین لەلای ئەم تەنها سروت و ڕێساکان نەبوو بەڵکو ڕۆحێکی ناوەکی و هەڵوەداییەك بوو بەرەو ڕەهایی. تەنانەت ئەم کەشە پڕکێشـە گـەرمـە کە لۆسەری تیا ژیـا لـە تابلۆکانی ئـەم هونەرمـەندەدا ڕەنگی دایـەوەو خۆشـی یـەکێك بـوو لـە لایەنگرانی ئەو بزاڤەو ناوبانگی تەواوی لەم بارەیەوە پەیداکرد وەك هونەرمەندێکی گەورە لـە هەڵکـەندن و چـاپکردن و نیگارکێشـاندا بـە جـۆرێ کـە ئیمـپراتۆر مەکسـملیان کـردی بـە نیگارکێشی تایبەتی خۆی.

لـەم قۆناغـەیدا دیـورەر سەرسام بــوو بــە شـێوازی جیوڤـانی بیللینـی لـە نیگارکێشـان و بەرجەستەکردنی وێنەی کەسایەتیدا. کارەیەك لـە دوا یەکـەکانی ئـەم ماوەیـەی کـە لـە ڕەنگی ئەکوارێلن وەك تابلۆی (تیرۆل) لە مۆزەی ئاشمولیان لە ئۆکسفۆرد. لەو تابلۆیەشدا کە بۆ چەند کەسایەتیەکی ئەنجامدا نمایشێکی زینـدوی سنوربەزێن لـە ڕووخسارو سیمای کەسایەتیەکاندا دەنوێنێت. ئەم تابلۆیە لە دوا گەشتەکەی کراوە بۆ وڵاتانی فلاندەر.

بێهاوتاترین بەرهەمەکانی بەو بەرهەمانە ناوزەد دەکرێت کە هەڵکەندنە لەسـەر کـانزا یـا تەختـە، تیـایدا بەرجەسـتەی گشت ڕێـڕەوی هونـەریی خـۆی کـردووە تـا بـاڵا بـوون. کۆمـەڵێ سەرچاوە وزەیان بەم کارانەی دەبەخشی وەك خواستی مرۆڤایـەتی و قوڵاییـە ئاینییـەکانی و زیندویەتی لە ئەنجامدان و کلتوری غوتی، کە لە پێکهاتەو هێڵە بەرزو نزمە زاخاودراوەکـانیدا بە دڵەڕاوکێو تێکچونێك کە بە ئاراستەی دەرچون ئاراستەمان دەکات بەدیار دەکەون.

دیورەر نمونەو هاوتای داڤنشی بوو لە ئەڵمانیادا ئەو کارانەشی کە بەجێی هێشتن لە بە بەهاترین کلتوری نەتەوایەتی دادەنرێت لەو وڵاتەدا لە سەدەی شانزە.

گەر سەرنجی کاروبەرهەمەکانی بدەین و بمانەوێت لێیان بدوێین ئەوا بە کارە چاپکراوە گرافیکی‌یەکانی دەست پێ دەکەین و لە دیارترین تابلۆکانی ئەم کۆمەڵە کارە تابلۆی (چوارسوار)ە، هونەرمەند لەم تابلۆیەدا گیروگرفتە ڕامیاری و ئایدۆلۆجیەکانی ئەو سەردەمەی لە ڕووانگەی خۆیەوە نەخشاندووەو پەیامێکی هێماگەرایی ڕاگەیاندووە لە بەرجەستە کردنی چەند کەسانێکی ناسراوی مێژوییەوە. ئەم بەرهەمە چوارلایەنی دەردەکانی کۆمەڵە [دەرد (تاعون)، جەنگ، برسێتی، مەرگ] لە هەمان کاتیشدا هێمای دادپەروەری پیشان دەدات لە وێنەی ئیمپراتۆری لاودا کە بە ئەسپەکەیەوە تەرازویەکی گرتووە بە دەستەوەو سەر هەموو شتێك کەوتووەو خەڵکی چاوەڕووانی ڕزگاربوونی لێ‌دەکەن.

مردنیش کە بە کابرایەکی پیری لاواز پیشان دراوە، شەنێکی بە دەستەوەیە فەرمانڕەوای ناوەتە ژێر ئەسپەکەی و کەوتۆتە ناودەمی ئەژدیهایەکەوە کە ئاماژەیەکە بۆ دۆزەخ. ئەم ڕووداوەو چەندان ڕووداوی تری بەرجەستەکردووە کە لە ئەندێشەی خەڵکی‌یەوە وەرگیراون.

تابلۆی ئادەم و حەواش نمونەی کاریگەری شێوازی هونەری ئیتالیە لە دروست کردنی لەشی ڕووتدا کە کارێکی گرافیکی‌یەو بەهرەمەندی و بلیمەتی دیورەریش زیاتر لە ئیشە هەڵکەنراوەکانیدا دەرئەکەوێ وەك لە تابلۆ زەیتی و ئاوی و هێڵکاریەکانی، لەم جۆرە کارانەدا توانیویەتی تا ئاستێکی بەرز بەسەر تەنگ و چەڵەمەی شێوەو ڕووبەرو ڕووناکی‌دا سەرکەوێت بە شێوازێك کە تا ئەوکاتە کەس پەی پێ نەبردبوو، ئەم توانایەش بە ڕوونی لە تابلۆی چاپکراوی (سوارو مردن و شەیتان) دا دەرئەکەوێت، کە وێنەیەکی ڕاستگۆی ئەو سەردەمە پڕ لە ترسەی ئەڵمانیایە وەکو هەموو تابلۆکانی تری دیورەر وردەکاریەکی هێجگار زۆر و سەرسوڕهێنەر ئەبینرێ لە یەکەم سەیرکردنەوە بۆ دووەم جاریش کەلێکی ئەدەیتەوە ئەم هەموو وردەکاری و ڕێك و پێکی‌یە لەسەر تەختەش هەڵکەنراوە ئەوەندەی تر دەکەویتە سەرسامی‌یەوە.

دیورەر وەك مایکل ئەنجیلۆ دوو تاکە هونەرمەندن کە وێنای کارەکانیان بە تەواوەتی کردووە پێش ئەنجامدان و بە کۆتایی گەیشتنی، دیورەر دەڵێت ئەو کارەی بە نیازم دەستی بدەمێ ئەوا سەد لەسەد بەبێ هیچ گۆڕانکاریەك بەدی دەهێنم ئەنجامەکە دەق وەك خەیاڵەکەمە کە پێشتر بۆ تابلۆکەم وێناکرد.

هێزو توانای ڕەنگ لەلای دیورەر شتێکە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ئەویش لەو تابلۆیانەدا بەدەردەکەوێت کە بە ڕەنگی زەیتی دروستی کردون وەك ئەو تابلۆیانەی بۆ وێنەی خودی خۆی تەرخانی کردون، تابلۆی (چوار وتووێژ کەرەکە)ش نمونەیەکی تری ئوستادی ئەم هونەرمەندەیەو پێشکەشی (ئەندامانی یاسادانانی نورمبرگ)ی کرد. ئەم چوار کەسە نمونەی مرۆڤایەتیەکی قوڵ و ژیریەکی نمونەیین کە تاقیکاری مرۆڤ بەدی دەکرێت لە ڕووخساریاندا.

لە زۆربەی زۆری تابلۆکانی دیورەردا هەست بەو شێوە ترسە دەکرێت کە مرۆڤ لەژێر ڕکێفی ڕژێمێکی دەرەبەگیدا هەیبووە کە ئەو وردەکاریە ترسناکە ئەبینی لە تابلۆی (شەهید بوونی دە هەزار)دا کە دیمەنێکی هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیەك پیشان دەدات، ئەم لایەنە بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

بەرهەمە گرافیکیەکانی دیورەر ئینتیباعێکی هێجگار مەزنی ئەو خەڵکەی سەدەی شانزەهەمین دروست دەکات، کە پڕ بووە لە هەڵچونی شۆڕشگێڕانە، لە پاشان لێکۆڵینەوە زانستیە هونەریەکان ئەو هێمایانەی ڕوونکردەوەو ئەم بەرهەمانەی دیورەری بە یەکەمین شوێنەواری شۆڕشگێڕانە دیاری ناساند، نەك تەنها لە ئەڵمانیا بەڵکو لە هونەری سەرانسەری ئەوروپادا، بۆیە مارکس کە یەتە سەر باسی سەردەمی ڕاپەڕین و ناودارانی ئەوکاتە دیورەر دەگەیەنێتە پاڵ پلەی خاوەنی شاکاری مۆنالیزاو ئەڵێ: لیۆناردۆ داڤنشی، مارتن لۆسەر، ئەلبێرت دیورەر و میکیاڤیللی چوار فیلەتەنی سەردەمی ڕێنیسانسن].

هەندێ جار وردی و بەتوانایی و سەلیقەی ئەم هونەرمەندە تێکەڵ بە ئەفسانە دەبێت: بۆیە ئەڵێن کە بۆ جاری دووەم و دوای بەدیهێنانی ناوبانگێکی مەزن سەر لە ئیتالیا ئەداتەوە، هونەرمەندانی ئەوێ داوای پەڕەموچی لێئەکەن وەك دیاریەکی پیرۆز، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە پەڕەموچەکانی دیورەر خۆی نەبێت هیچ شتێك ناتوانێ بەو شێوەیە وێنەی زوڵفی مرۆڤ بکێشێت کە دیورەر لەم بوارەدا ناوبانگێکی بێ‌پایانی هەبووە.

لۆکاس کراناش (L. Cranash) ١٤٧٢-١٥٥٣

ئەم هونەرمەندەش لە پەیڕەوکەرانی هزری مارتن لۆسەر و یەکێك بووە لە هاوڕێ خۆشەویستە نزیکەکانی. لە هەرێمی ساکسۆنیا پەروەردە بووەو چاودێری کراوە لە لایەن تەختی پاشایەتی‌یەوە و بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ساکسۆنی دەژمێررێت. شێوازی کارکردنی سیمای ئەڵمانی تیا بەدی دەکرێ بە مۆرکێکی لادێی ئەدەبی و ئەفسانەیی. بابەتە ئەفسانەییەکان جێی گرنگی پێدانی بووەو لە بەرگێکی ئەڵمانی نەتەوایەتی‌دا بەرجەستەی دەکردن وەك تابلۆی پیرۆزمەند جیرۆم لە کتێبخانەکەیدا، لە پاڵ ئەم خواستی کارکردنەیدا

ناوبانگی بە نیگاری دەموچاوو ئافرەت بە ناوچەوانێکی بەرز و چاوی یابانی‌یەوە دەرکردبوو. هەرچۆن نیگاری کەسایەتی‌یەکانی لە فەرمانڕەواو گەورەپیاوانی دەوڵەت دروست کردووە. لە تابلۆ دیارەکانی (فەرمانڕەوایی پاریس)ە کە ساڵی ١٥٣٠ دروستی کردووەو کراناش بەوە ناسراوە کەتابلۆی ئافرەتی ڕووتی بۆ ماڵی فەرمانڕەوایان دروست دەکرد، وەك تابلۆی (پەریەکە) کە ساڵی ١٥١٨ دروستی کردووە، هەروەها تابلۆی فەرمانڕەوایی پاریس هەمان بابەت لەخۆ دەگرێت. کە تیایدا پاڵەوانەکانی پاریس لە جلوبەرگی سەربازیدا لەگەڵ خواوەندی جوانیەکانی گریك لە پشتینەیەکی سروشتی‌دا، مۆرکی ئەڵمانی نەتەوەیی تیا زاڵە. سەرەڕای بەهرەمەندی و بەتوانایی کراناش لە بەرجەستەکردنی جەستەی ڕووتی ئافرەتدا و تەنانەت دیورەر لە جەستەی حەوادا، بەڵام ئەڵمانیەکان نەگەیشتنە پلەی سەرکەوتویی هونەرمەندە فلاندەری و ئیتالیەکان.

هانز هۆڵبینی کوڕ "Hans Holbein" ١٤٩٧-١٥٤٣

ئەودەمەی دیورەر کۆچی دوایی کرد هۆڵباین لە تەمەنی سی‌و یەك ساڵیدا بوو، وەك هونەرمەندێکی دیارو سەرکەوتوو لە لەندەن دەژیا. لە شاری ئۆگسبرگ (کە سەنتەرێکی بازرگانی جیهانی بوو لە خواروی ئەڵمانیا) لەسەر دەستی باوکی (هانس هۆڵبین)ی باوك فێری نیگارکێشان بوو توانی لە توانای ئەویشی تێپەڕێنێ، هەربۆیە لەو خێزانە هونەریەی ئەودا هیچ کامێکیان بەهێندایی ئەم ناوناوبانگیان دەرنەکرد. خاوەن شێوازێکی وردەکارو پڕ سەلیقە بوو خەریکی هاتوچۆ بووە لە نێوان وڵاتانی سویسرا و فەرەنسادا.

تەمەنی دوانزە ساڵ بوو چووە بازل لە سویسرا ساڵی ١٥١٥، ناوبانگی لە ساڵی ١٥٢٠دا دەرکرد وەك شارەزایەکی دیزاینی قالبی تەختەیی و نیگارکێشی وێنەی کەسایەتی. لەم شارەدا ئارازمۆسی ناسی کە زانایەکی ڕۆتەردامی بوو لە لایەنگرانی بزاڤی هیومانیزم بوو. تابلۆیەکی کەسایەتی تایبەتی بۆ کرد ساڵی ١٥٢٣ بە ناونیشانی (ئارازمۆس لە ڕۆتەردامەوە) سەرباری سەرکەوتویەتی لە بازل بەڵام بەجێی هێشت و بەرەو فەرەنسا کەوتەڕێ ساڵی ١٥٢٤ بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە مەلیك فرانسوای یەکەم پەروەردگاری هونەر لەو سەردەمەدا. چیتر ئەو ئارەزووەی نەما بەرەو بازل بگەڕێتەوە لەبەر ڕوودانی بزاڤی پرۆتستانتی تیایدا. ساڵی ١٥٢٦ چووە ئینگلترا لەگەڵ نیکارکێشە تایبەتەکەی سێر (تۆماس مۆر)دا دانیشت و چەندان نیگاری بە دەباشیر بۆ ئەندامانی خێزانەکەی دروست کرد. ساڵی ١٥٢٨ ساتێ گەڕایەوە بازل بزاڤی پرۆتستانتی لە هەڕەتی دوژمنایەتی کردنی نیگارکێشاندا بوو. هەربۆیە لە ساڵی ١٥٣٢ بۆ جارێکی تر گەڕایەوە لەندەن، هەندێ تابلۆی کەسایەتی بۆ پیاوانی کۆشك دروست کرد

بەسەرکەوتوێتیەکی واوە کە ڕێی بۆ خۆش کرد پلەوپایەی نیگارکێشی تایبەتی هنری هەشتەمی پێببەخشن لە ساڵی ١٥٣٦. کۆمەڵێ تابلۆی کەسایەتی بۆ مەلیك هینری و خێزانەکەی دروست کرد کە وردەکاریەکی ڕوون و ئاشکرای تیا بەکارهێناوە لە تۆمارکردنی نەخش و وردەکاری جل و بەرگی شاهانەدا و گوزارشت لە مەزنی و هێزو توانای ئەم مەلیکە بکات.

بە مەرگی ئەم هونەرمەندە کۆتایی هات بە ماوەی یەکەمی هونەری ڕێنیسانس لە بەشی سەروی ئەوروپادا، چون ماوەیەکی درێژی ویست تا نیگارکێشی مەزنی تری تیاهەڵکەوێت. قوتابخانەی ئەڵمانی نەتەوەیی ڕوو لە کزی بوو لە ساڵی ١٥٣٠ وە ئەوکاتەی شێوازە ئیالیەکان دەستیان گرت بەسەر هونەری نیگارکێشاندا لە نورمبرگ، کە کاری قوتابیەکانی دیورەر ئاوێنەی ئەو کاریگەریەن. هەرچۆن کاریگەری قوتابخانەی ڤینیسی لەسەر شاری ئۆگسبرگ ڕەنگی دایەوە لەو سەردانانەوە کە تیسیانۆو چەند هونەرمەندێکی تر کردیان بۆ ئەو شارە. هەرچۆن لە سەدەی شانزەو حەڤدەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە فەرمانڕەوا ئەڵمانیەکان بەکارهێنانی ئەو نیگارکێشانەیان لەلا باشتر بووە کە سەر بە تەرزی مانێریزمن.

هەرێمی فلاندەر

پێشەکیەکی مێژوویی:

ئەم وڵاتە بوژانەوەو جوڵەیەکی ئابوری گەورەی بەخۆوە دی لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازیدا، شاری ئەنتوێرب لە گرنگترین بەندەرەکانی وڵاتانی فلاندەر بوو، ئەمە لە ساتەوەختێکدا کە لە گرنگی شاری بروج دادەبەزی، شاری ئەمستردام لە چونە پێشەوەو دەرکەوتندا بوو، سەراپا وڵات ئەودەمە لەژێر قەڵەمڕەوی خێزانی هایسبرج فەرمانڕەوایی مەلیکی نەمساوی شارلی پێنجەمدا بوو ساڵانی ١٥٠٦-١٥٥٥ کە مەلیکی ئیسپانیش بوو. لە میانی فەرمانڕەوایی فیلیبی دووەمدا (مەلیکی ئیسپانیا) یەکێتیەك لە وڵاتدا دروست بوو کە حەڤدە ویلایەتی لەخۆگرتبوو بە پایتەختی برۆکسل. ساتێکیش خێزانی پاشایەتی کاسۆلیکی ویستیان بزاڤی پرۆتستانتی کە لە ویلایەتەکانی سەرودا (لە هەرەتی بەهێزی و بڵاوبوونەوەدا بوو) سەرکوت بکەن، شۆڕشێکی خوێناوی توندوتیژ لەم ویلایەتانەدا دەستی پێکرد دژ بە فەرمانڕەوایەتی بێگانە، ئەمەش بووە ئەنجامی جیابوونی حەوت ویلایەتەکەی سەروو لە ساڵی ١٥٨٤-١٥٨٥ و پێکهێنانی کۆمارێکی سەربەخۆ کە دواتر بە ناوی (هۆڵندا)وە ناسرا، بەڵام دە

ویلایەتەکەی خوارووو لەسەر ڕێبازی کاسۆلیکی مایەوە سەر بە تاجی ئیسپانی کە دواتر بە ناوی (بەلجیکا) ناسرا.

سەرباری ئەوەی شۆڕشە ئاینیو ڕامیاریەکان ڕەنگە ببنە هۆکاری کارەسات بەسەر هونەردا بەڵام هەستانێکی هونەری بەخۆوە دی ئەم ناوچەیە، لە هەموو بارو مەرجێکیشدا نەوەستا بە تایبەت لە هۆڵندا لە ماوەی زۆر ترسناك و نەهامەتی نێوان ساڵانی (١٥٥٠-١٦٠٠). هەرچۆن هونەرمەندانێکی کارامەو مەزن دەرکەوتن لە هونەری نیگارکێشان و هونەرەکانی تردا، وەك "باتنیە، ڤان لیدین، مابیوزو خێزانی برۆگل)،.. هتد. کە ئەم هونەرمەندانە ڕێخۆشکەر بوون بۆ زەبەلاحەکانی هونەری هولندی و فیلمنکی کە دواتر هاتنە گۆڕەپانی هونەرەوە.

نیگارکێشان لە هۆڵندا:

نیگارکێشان لە ویلایەتەکانی سەرودا تێکەڵی دوو شێوازی جیاواز بوو، شێوازی ڕێنیسانسی زێڕین و، شێوازی ڕاگەیاندنانەی میللی کە لە جێی بابەتە ئاینییەکان بوو، ساڵانی ١٥٠٠ بۆ ١٦٠٠ بە ماوەیەکی زەمەنی یەکلاکەرەوە دادەنرێت بۆ بابەتە دنیاییەکان (دیمەنی سروشتی-سروشتی وەستاو- بابەتە میللییەکان) کە هەرچی دواتر لە سەردەمی بارۆکدا گەشەسەندنی زیاتری بەخۆوە دی. ئەم پرۆسێسی چونە پێشەوەیە بە زنجیرەیەکی لە دوایەك بە هۆی لێهاتوویی نیگارکێشانێکەوە ڕوویدا کە لەو ماوەیەدا دەرکەوتن. لە سەدەی پانزەدا دەبینین دیمەنهایەکی سروشتی و میللی واقعی وەك توخمێکی یاریدەدەر لە بابەتی سەرەکیدا لای نیگارکێشەکان دەردەکەوتن. بەڵام لە سەدەی شانزەدا دەبینین بوونەتە بابەتی سەرەکی. ئەمەش لە کارەکانی برۆگڵ دا کە دیارترین نیگارکێشی وڵاتەکەیەتی ئاشکرا دەبینرێ.

پیتەر برۆگلی باوك[٢٥] (P. Brugel The Elder) ١٥٢٥-١٥٦٩

هەرچۆن بە پیتەر برۆگلی باوك یاخود پیر یا کۆن بەناوبانگە، لە دێیەك نزیك بریدا لە دایك بووە و لە بروکسل مردووە، لە دارستانی دیوك خوێندویەتی و بە بەرهەمەکانی بوش سەرسام بووە. دواتر سەردانی ئیتالیای کردووە بۆ ڕۆما و ناپۆلی ساڵی ١٥٥٢، هیومانیستەکانی ناسیوە و زانا و نووسەران، گەڕاوەتەوە ئەنتۆرب و کۆمەڵی دیمەنی سروشتی تایبەت بە ناوچەی چیای ئەلپی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە. تا لە ساڵی ١٥٦٣ چووەتە برۆکسل. لەژێر کاریگەری ئەو دیمەنانەدا تابلۆی (گەڕانەوەی ڕاوچییەکان)ی دروست کردووە.

هەرچەندە ئەو دۆستایەتیەکی زۆری هیومانیستەکانی دەکرد و بەهرەمەند بوو لە چاودێری بنەماڵەی هابسبورج، بەڵام دەبینین مەیلی بەلای تۆمارکردنی ژیانی لادێیەوەیە تابلۆی (ژن هێنانی لادێیی) نمونەی ئەو کارانەیەتی ساڵی ١٥٦٥.

بروگل لەو کارانەیدا کە دەرباری بابەتە فەلسەفیەکان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بوشەوە، وەك ئەو تابلۆیەی لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا بەرجەستەی کردووە بە ناوی (کوێر ڕێ پیشانی کوێر دەدات) یاخود کوێر پێشڕەوی کوێر دەکات کە ساڵی ١٥٦٨ نەخشاندویەتی بیرۆکەکەی لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگرتووە.

پێویستە کارەکانی ئەم هونەرمەندە لە کاری هونەرمەندانی تر جیابکەینەوە کە هەمان ناویان هەڵگرتووە وەك بروگلی دۆزەخی کە ١٥٦٤ بۆ ١٦٣٨ ژیاوە لەبەر ئارەزوی بۆ دیمەنی ترسناك بەرجەستەکردن وەهای ناولێنراوە.

هەرچۆن بروگلی مەخمەڵی هەیە لە بەر جوانی و دەوڵەمەندی لە ڕەنگدا وەها ناوزەد کراوە.

بروگل لە دوای هونەرمەندانێکی بە توانا هاتووە و لە دڵی میللەتەکەیدا جێی خۆی کردۆتەوە، بە چاوێکی کراوە و ژیریەکی بە ئاگاوە سێو حەوت تابلۆکەی ئەنجام داوە لەگەڵ کۆمەڵێ وێنەی تر دەرباری: ژیانی خۆشی و هەوڵدان، وێنەی سروشت، هێمای ئەو کێشە ئاینیانەی سەراپای وڵاتەکەی گرتبۆوە لە سەردەمی ژیانی ئەودا. هونەری بروگڵ لەم سێ خولگەیەدا دەخولێتەوە، کە دوانی یەکەمیان بە ئاڕاستەی لە دەرەوە بۆ ناوەوەیەو سێهەمیشیان بە ئاڕاستەی ناوەوە بۆ دەرەوەیە. جگە لە داهێنانی بروگڵ لە شێوازی بەرجسەتەکردندا کە ئەتوانین بڵێین تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە تیایدا ئەوا خاڵی سێهەم بەشێکی باش پێك دەهێنێت لە گرنگی پێگەی ئەو لەلای مێژوونووسان.

بروگڵ لە ڕێی ئەو بینگە کارکردنەی هەیبووە توانی هونەر لە گومەزی کڵێساکان و تاق و دیواری کۆشکەکانەوە داگرێتە ناو پێدەشتی منداڵی و سادەیی، ئەو لەگەڵ ژیانە سادەکاندا پەیوەست بوو وەك ژیانی جوتیارەکان لە خۆشی و ناخۆشیاندا بەشداربوو نەك هەر وەك هونەرمەندێك بەڵکو وەك شوانێکی ژیانی دەرونی ئەوان، ئەو ئەمانەی هەموو کرد پێش ئەوەی میلیەی فەڕەنسی و ڤان کوخی هۆڵەندی پەیدابن. بروگڵ بەو دوو ڕێچکەیەی ئاماژەمان پێدا کاری کردو هەستایە سەرپێ کە تا ئێستا ئەو دوولایەنە کار لە ڕێبازە هونەریە مۆدێرنەکانمان دەکەن، وەك ئەوەی ئەزموونی بروگڵ لە ئەزمونەکانی ئەم سەردەمەوە

وەرگیرابێت. هەربۆیە كارەكانی هەرچەندە كەمیش بوون بەڵام وەك ویستگەیەكی نەمری نێو هونەر دەمێننەوە.

فەڕەنسا:

پێشەكییەكی مێژوویی:

ماوەیەكی درێژ فەڕەنسا هێمنی و ئارامی بەخۆوە نەدی لە نێوان سەدەی چواردەو پانزەدا، ئەوەش بە هۆی جەنگی سەد ساڵەوە، كە لە كاتی فەرمانڕەوایی مەلیك شارلی حەوتەم (١٤٢٢-١٤٦١)دا كۆتایی هات. ئەوددمەی شارلی هەشتەمیش هات، سەردەمی خۆی بەهێرش كردنە سەرو داگیركردنی ئیتالیاوە بردەسەر. هەرچۆن چەندان جەنگ لە نێوان فەڕەنسا و ئیتالیا ڕوویدا لە نێوان ١٤٩٩-١٥١٣ لە میانی فەرمانڕەوایی لویسی دوانزەدا كە ساڵی ١٥١٥ مرد.

وڵات ماوەیەكی پڕ ئارامی بردەسەر لە سەردەمی مەلیك فرانسوای یەكەمدا (١٥١٥-١٥٤٧) پەروەردگاری هونەرو ئەدەب، لە سەردەمی جێگرەكەشیدا هنری دووەم كە ساڵی ١٥٥٩ كۆچی دوایی كردووە. بەڵام وڵات كەوتە ژێر لەتوپەت بوونی جەنگی ئاینییەوە (١٥٦٠-١٥٩٨) لە ماوەی فەرمانڕەوایی شارلی نۆیەم و هنری سێهەم كە تا ساڵی ١٥٨٩ وڵاتی گرتەدەست. بەڵام بە هاتنی هنری چوارەم كە تا ساڵی ١٦١٠ وڵاتی بەڕێوە برد سەرلەنوێ وڵاتی كردەوە بە یەك پارچەو ئاوەدانی و ئارامی بۆ گێڕایەوە.

سەرباری ئەم ڕووداوە ڕامیاریە پڕ لە كێشانە، بەڵام هونەرو ئەدەب گەشەیان سەند لە سەردەمی فرانسوای یەكەمدا كە كۆلیژی فەڕەنسای لە ساڵی ١٥٣٠ و كتێبخانەی مەلیكی لە فۆنتینبلو دامەزراند. هەرچۆن ئەكادیمیایەك بۆ شیعر و مۆسیقا لە كۆشكی لۆڤەر لە سەردەمی هنری سێهەم (١٥٧٠)دا كرایەوە. گرنگی دانیش بە ئاسەوار لە نیوەی سەدەی شانزەهەمەوە سەری هەڵدا، هەندێ سەرچاوەو دانراو دەربارەی نەخش و تەلارسازی بەدیاركەوتن.

تەلارسازی و پەیكەرسازی

هەتا سەرەتای سەدەی شانزە تاكە تەرزی كاركردن لە فەڕەنسا لە بواری تەلارسازیدا شێوازی غوتی بوو، ئەم تەرزە نەتەوایەتییە تا ساڵی ١٥٣٠ مایەوە. بەڵام بەرەنجامی هێرش و پەلاماری فەڕەنسییەكان بۆ سەر ئیتالیا شارەزای تەرزی تەلارسازی ئیتالی بوون لە ڕێنیسانسدا. وردە وردە كاریگەریی تەرزی ئیتالی لەسەر تەلارسازی فەڕەنسی خۆی پیشان دا بە هۆكاری ئەو

هونەرمەند و ئەندازیارە ئیتالیانەوە کە بانگهێشت دەکران بۆ فەڕەنسا لەلایەن مەلیك و فەرمانڕەواکانەوە. ئەم کاریگەریە لە سەردەمی فرانسوای یەکەمەوە کەوتە پێدزکێ کردن.

لە میانی ئەم ماوەیەدا سەرنجمان بەلای هەرچی زیادبوونی چالاکی هونەری تەلارسازی فەڕەنسیدا دەڕووات، لە بینای کۆشکی مەلیك و ئەمیرەکانەوە کە لە ڕۆخی شارەکانی فەڕەنسادا بوونیات دەنران. ئەم کۆشکانە هەندێکیان تەرزی بنیات نانیان تێکەڵاوێك بوو لە چەند توخمێکی تەلارسازی غوتی و چەند توخمێکی تەلارسازی ئیتالی سەردەمی ڕێنیسانس. شێوازی نەخشاندنی ڕووی کۆشکەکان لەسەر شێوازی ئیتالی دەستی بە دەرکەوتن کرد لەم ماوەیەدا. نمونەی ئەم ڕوو ڕازاندنەوەیە لە کۆشکی ئیللواردا کە لە ساڵی ١٤٩٥ بنیات نراوە دەردەکەوێت، واتە لەسەرو وەختی فەرمانڕەوایی شارلی هەشتەمدا. خۆ ئەگەر سەیری کۆشکی "بلوا Blois" بکەین ئەوا باڵادەستیەکی هەرچی ڕەهاتری توخمی ئیتالی دەبینین، بە تایبەت لەو باڵەیدا کە فرانسوای یەکەم خستیە سەر لە نێوان ساڵانی (١٥١٥-١٥٢٥) ساتەوەختی فەرماندەیی وەرگرتنی.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەندازیاری فەڕەنسی "سورد"ەوە ئەنجام درا بە یارمەتی هونەرمەندێکی ئیتالی. هەرچۆن گۆڕان و لاچوونی کاریگەریی غوتی و سادەکردنەوەی نەخشاندن لە کۆشکی "ئازی Azay"دا ساڵی ١٥١٨ بۆ ١٥٢٧ لە ئەفراندنی هەمان ئەندازیارە.

کۆشکی "شامبور Shambord"یش کە بۆ فرانسوای یەکەم بنیات نرا لە ساڵانی ١٥٢٦-١٥٣٦ کاریگەریی تەلارسازی سەرەتای ڕێنیسانسی ئیتالی تیا بەدەر دەکەوێت لەسەر تەلارسازە فەڕەنسییەکان، چون نەخشی هەڵکەنراو لەسەر دیوارەکانی وەك توخمێکی سەرەکی تەلارسازیەکە بەکارهاتووە. فرانسوای یەکەم لە ساڵی ١٥٤٦دا بڕیاری دامەزراندنی کۆشکێکی دا کە جێی کۆشکی لۆڤەری کۆن بگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەندازیاری فەڕەنسی "پێرلیسکۆت PierreLescot"ی بانگهێشت کرد کە دیزاین و جێبەجێکردنەکەی بگرێتەخۆ، بەڵام مەلیك فرانسوا کۆچی دوایی کرد ساتێ دەست کرا بە پرۆژەکە. ناچار لیسکۆت توانی بەشێکی پرۆژەکە لە سەردەمی هنری دووەمدا تەواوبکات، کارەکە کاریگەریی شێوازی کلاسیکی ڕینیسانسی زێڕینی ئیتالی بە ئاشکرا پێوە دیارە، لە ڕووکاری ڕۆژئاوای کۆشکەکەدا تێبینی بەکارهێنانی کۆڵەکەی گریکی دەکەین بۆ ڕازاندنەوەی ئەو ڕووکارە، کە بە دیوارەکەوە پەیوەستە و یەك لەسەر یەك دانراون لە دوو ڕیزی ئاسۆیدا لە قاتی یەکەمیدا، هەرچۆن کاریگەریی ئیتالی لە داڵانە کەوانەییەکاندا بە سانایی خۆی دەنوێنێت.

بەڵام قاتی سەرەوەی بیناکە ئەو ڕازاندنەوەو نەخش و نیگارانەی بۆی کراوە هیچ پەیوەستییەکی بە تەرزی ئیتالییەوە نییە، ئەم شێوازە هونەریە جێدەستی دیارترین

پەیکەرسازی فەڕەنسی (چان جوچون Jean Goujon)ە. شا هنری دووەم هەمیشە بەکارخستنی هونەرمەندە فەڕەنسی‌یەکانی پێباشتر بووە لە نەخشێنەرە ئیتالیەکان، چون فەڕەنسی‌یەکان لە شێوازی ئیتالیان توێژیبۆوەو شارەزای ببوون. ئەم هونەرمەندە پەیکەرسازەش لە دیارترین کەسایەتی‌یە هونەریەکانی ئەودەمەی فەڕەنسا ناوزەد دەکرێت بە تایبەت لە بواری پەیکەرسازیدا.

چان جوچون (Jean Goujon) ١٥١٠-١٥٦٦

ئەم هونەرمەندە لە ناوازەترین ئەو هونەرمەندانەیە کە فەڕەنسا پێشکەشی هونەری کردووە لەم سەردەمەدا، ئەو ڕێبازی ڕێنیسانسی پەیرەوکرد ڕووەو زیندوکردنەوەی کۆن، لە گەڕان و توێژینەوەکانیدا توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ لە ئەفراندنی پەیکەرسازیەکی فەڕەنسی سروش لە کلتوری گریکی وەرگیراو. مێژوو هێند زانیاریمان دەرباری وردەکاری ژیانی پێنابەخشێ وەك ئەو زانیاریە کەمانەی لەسەر هونەرەکەیەتی کە وەك تاکە تیشکێکی پرشنگدار نە پێشەکی هەبێت بۆ دەستپێکردن، نە توخمهایەکی بەردەوام بوون لە دوا خۆی.

چان جوچون لە ساڵی ١٥٤٤ دەستی بە بوژانەوەی بزاڤی پەیکەرسازی فەڕەنسی کرد بە هاوکاری بییرلسکو، لە دوای پێوەندگ کردنی هەندێ لەو کارانەی کە تیا بابەتە ئاینی‌یەکانی وەك هەنجەتێ بۆ بەدیارخستنی توخمە درامیەکان بەکارهێنابوو، کرا بە پەیکەرسازی تایبەتی مەلیك. دواتر هەندێ هێمای کردە پەیکەر وەك داد و سەرکەوتن و چوار وەرزەکەو بوکەکانی دەریا لە (کوڵکوڵەی داوێن پاکان)دا، ئەمانە گشت نمایشی چارەسەرێکی پەیکەرسازی دەکەن بۆ ناوەڕۆکی ئەدەبی شتەکان یاخود بەکارهێنانیان لە پێناو دەرخستنی توخمها ئیستاتیکیەکان کە ویستویەتی تایبەتمەندێتی‌یەکانی مۆرکی فەڕەنسی تیا بەجێ بهێڵێ. ئەم کارەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٥٤٨-١٥٤٩.

لە ساڵی ١٥٤٩دا دەستی دایە کارێکی زل و کەتە لە لە لۆڤەردا، دواتر دەستیکرد بە ئامادەکردنی کۆمەڵە کارەکەی بۆ ڕوی لاسکو کە نمایشی جەنگ و ئاشتی و سەربڵندی و ناوبانگ دەکات، ئەو نمونانەی ویستی بەرگێکی پەیکەرسازی بۆ بئەفرێنێ و بەرجەستەکردنی بەدی بێنێ لە جیهانی فۆرم کاریدا.

لە ساڵی ١٥٥٠دا دەستی بە کارکردن کرد لە بینای شارەوانی پاریسدا، کارەکە بریتی بوو لە کۆمەڵێ هێما، بە داخەوە کە ئاگر بەربوونەوەی ساڵی ١٨٧١ لەناوی برد.

ئەم پەیکەرسازە شەیدای چونە نێو جیهانی هێماکان بوو، ڕۆچونێك لە گەوهەری هێماکاندا تا خۆی لە وردەکاریەکان قوتار بکات وەك پەیکەری دروێنەی ئەیلول، هەرچۆن ئەو

ڕازی ژیان لە دنیای کۆنەکاندا دەردێنێ و لە هونەرەکانی پەیکەری دیواربەنددا ئامادەی دەکاتەوە و کێشەکانی ڕووناکی و پێچەوانە بوونەوەی لەسەر ڕووەکانی پەیکەرو هێڵەکانی چارەسەر دەکات، ئاسەوارهایەك جێدێڵێ کە بە ڕاستی نمایشی هونەری نەتەوەیی فەڕەنسی دەکەن.

لە دوادواییەکانی سەدەی شانزەدا پەیکەرساز "جەرمین پیلۆن G. Pilon" (١٥٣٥-١٥٩٠) ناوبانگی بە پەیکەری ئاینی دەرکرد، ئەم پەیکەرسازە لەژێر چاودێری کاترین دی میدتشی دا بوو، هەر ئەمیش هەستا بە ئامادەکاریی پرۆژەی مەزاری هنری دووەم بە یارمەتی برماتتشیو لە نێوان سالانی ١٥٦٣-١٥٧٠ هەرچۆن هەستا بە دروست کردنی دوو پەیکەری چەمەرانی (جنائزیی) لەسەر مەزاری شاو شاژن.

نیگارکێشان:

هەرچەندە هونەرمەندانێکی زۆر سەردانی فەڕەنسایان کردووە لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمدا. بەلام کاریگەریی هونەری ئیتالی لەسەر نیگارکێشانی فەڕەنسی دەرناکەوێت لە دوا سالی ١٥٣٠وە نەبێت. ئەودەمەی هەردوو مەلیك فرانسوای یەکەم و هنری دووەم هەستان بە چاودێریکردنی قوتابخانەی فۆنتینبلو کە هونەرمەند ڕۆسۆ و نیگارکێشی بولونی برماتتشنیو بەڕێوەیان دەبرد. لە کۆمەڵێ هونەرمەندی ئیتالی و فلاندەری و فەڕەنسی پێك هاتبوو کە بە یەکێ لە سەنتەرەکانی تەرزی (مانێریزم)ی نێودەولەتی هەژمار دەکرا.

قوتابخانەی فۆنتینبلو

لە فەڕەنسادا ئەو هاوشێوەییە نەگونجا کە ولاتانی تری ئەوروپی لە سەدەی شانزەدا بە خۆیانەوە دیان لە هەلکەوتنی کەڵە هونەرمەندانی وەك بلیمەتەکانی فلۆڕەنساو ئیتالیا، دیورەرو هۆلباین لە ئەلمانیا، برۆگڵ لە فلاندەر. فەڕەنسا لە سەردەمی بلیمەتەکاندا هونەرمەندێکی وەهای نەبەخشی کە شان لە لوتکەی ئەو زەبەلاحانە بدەن. بەلام فەڕەنسا جگە لە چوجون لە پەیکەرسازیدا خاوەنی قوتابخانەیەك بوو بۆ نیگارکێشان لەم سەردەمەدا. کە ئەم قوتابخانەیە سەنتەری ئایدولۆجیاو هونەرو کلتور بوو، سەرباری ئەو هونەرمەندانەی فرانسوای یەکەم لە ئیتالیاوە بانگهێشتی کردن بۆ فەڕەنسا وەك ئەندیا دل سارتۆو ڕۆسۆو لیۆناردۆ داڤنشی، کۆمەڵێ هونەرمەند پێگەیشتن کە هەندێ شاکاری هونەریان داهێنا.

فرانسوای یەکەم بە مۆرکی چێژی فەڕەنسیانەی خۆی ئەم قوتابخانەیەی ڕووەو گەڕان بە دوای هونەرێکی نوێدا ئاراستەکرد کە تیایدا ناسکی و بالایی و ڕۆشنبوونەوەیەکی هێمنانەی بەختەوەر بەرجەستە دەبێت. زیاترینی ئاراستەی هونەری ئەم دەمە ڕوو لە "پۆرترێت یاخود

وێنەی کەسایەتی" بوو، داهێنەری ئەم بوارەش هونەرمەند چان کلویە (J. Clouet) (١٤٨٥-١٥٤١) بوو. تابلۆکانی (کلود دی لۆران) و (فرانسوای یەکەم لەسەر ئەسپەکەی) لە دیارترین کارەکانی ئەون. کلویە سودی تایبەتی و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی لە نیگاری مینیاتۆری سەدەی پانزە وەردەگرت، ئەمە جگە لە سودوەرگرتنی لە بزاڤی مانێریزمی ئیتالی کە ئەودەمە شەپۆلەکانی فەرەنسای گرتبۆوە.

لە دوای چان کلویە کوڕەکەی فرانسوا کلویە جێی گرتەوە کە لە سەردەمی هنری دووەم و فرانسوای دووەم و شارلی نۆیەمدا ژیاوەو لە پاریس ساڵی ١٥٧٢ کۆچی دوایی کردووە. سێ تابلۆ بەهی فرانسوا دەزانرێت ئەوانیش: تابلۆی "بیر ئۆتەی ئەجزاچی" و تابلۆی "شارلی نۆیەم" و تابلۆی "خانمێك لە گەرماودا" کە لە کۆمەڵەی ناشیونال گالێرین لە واشنتۆن. هونەری فرانسوا کلویە پێکهاتەیەکی مەزنی قوتابخانەی ئیتالی و وردەکاری و بە سەلیقەیی قوتابخانەی فلاندەری لەگەڵ ڕێبازی مانێریزم کە بە یەکێ لە ڕێبازەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت.

دژواریەك ئاڵاوەتە زۆر لایەنی هونەرمەندانی ئەم سەردەمەوە و جێ نیشانەی ژیانیانی سڕیوەتەوە، هەندێ جار ئەم شاراوەییە ئەگاتە ناوی هونەرمەندەکەش، بۆ نمونە هەندێ تابلۆ دەگێڕنەوە بۆ هونەرمەندێکی نەناسراو کەپێی دەڵێن "هونەرمەندی فلور" تابۆکانیش بریتین لە: "لەدایك بوونی کیوبید" مۆزەی مترۆبولیتان نیورك، تابلۆی "سەرکەوتنی فلور" لە زیوریخ. لە کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا ڕەنگەکانی کۆریجۆ ئاوێتەی هەندێ کاریگەریی ئیتالییەو بە مۆرکێکی ڕۆحی فەرەنسی ناسك مۆرکراوە، لە بنەماکانی پێکهاتەی ئیتالی چووەتە دەر بە ئاراستەی جۆرێك لە قوتاربوون لە دیزاین و جێبەجێکردندا کە تایبەتمەندی قوتابخانەی فۆنتبلۆی تیا نمایشکراوە.

بە پێچەوانەی هونەرمەندی فلورەوە مێژوو ناوی (ئەنتوان کارون)ی بۆ پاراستوین، ئاماژە بە ساڵی لەدایك بوونی دەدات لە ١٥٢١دا و مردنی لە ساڵی ١٥٩٩دا، لە کۆشکی فرانسوای یەکەمدا کاری کردووەو بەشداربووە لە ڕازاندنەوەی فونتبلۆدا کارون شێوازێکی هێمایی لەخۆ دەگرێ، لە کارەکانیدا کۆمەڵێك لە کەسایەتی و تەلاروباڵاخانە پێك دەگەن، هەندێ یەکەی نەخش ڕازاندنەوەش کە لە یەك دانیاندا کەشێك لە نامۆیی دروست دەبێ و یادی هەندێ ئاسەواری هونەری مۆدێرنمان دەخاتەوە لە ئاراستەیدا بۆ لێکدانێکی سریالی نێوان کۆمەڵهایەك لە توخمی جیاواز و لێك نەچوو.

هەرچەندە فەرەنسا- لە بوونی بلیمەتانێکی نیگارکێشان بێبەش بوو لەم سەدەیەدا -بەڵام هێند نابات کە پێشڕەوایەتی هونەر دەگرێتە دەست بۆ چەند سەدەیەك.

سەرچاوەکانی سودی لێ وەرگیراوە بۆ سەدەی شانزەهەم:

١-محيط الفنون: عصر العباقرة (القرن السادس عشر). الاستاذ: بدرالدين أبو غازي، دار المعارف بمصر، تأريخ: بلا.

٢-الفن و المجتمع عبر التأريخ، ارنولد هاوزر: الجزء الاول/ ترجمة فؤاد زكريا/ مراجعة احمد خاكي/ المؤسسة العربية للدراسات و النشر. بيروت. الطبعة الثانية. ١٩٨١.

٣-فنون الغرب في العصور الوسطى و النهضة و الباروك/ نعمت اسماعيل علام/ دار المعارف بمصر/ ١٩٧٦.

٤-الفن و الانسان/ الدكتور عزالدين اسماعيل/ دار القلم/ بيروت- لبنان/ الطبعة الاولى/ ١٩٧٤.

٥-موسوعة تأريخ الفن و العمارة، الفن في اوروبا من عصر النهضة حتى اليوم/ المجلد الثاني/ الدكتور عفيف البهنسي/ دار الرائد العربي و اللبناني/ الطبعة الاولى/ ١٩٨٢.

٦-مسائل في الفن التشكيلي (من الفن البدائي الى الفن المعاصر)/ دكتور كمال محي الدين حسين/ منشورات اتحاد الكتاب العرب/ دمشق، مطبعة اتحاد الكتاب العرب/ ١٩٩٧.

٧-ليوناردو دي ڤنشى الرسام الخالد/ دار العلم للملايين/ سلسلة الناجحون/ الطبعة العاشرة/ بيروت/ ١٩٨٠.

٨-ليوناردو داڤنشى/ دراسة في السلوك الجنسي الشاذ/ سيجموند فريود/ ترجمة عبدالمنعم الحفني، المركز العربي للثقافة و العلوم/ الطبعة الثالثة/ بيروت- لبنان/ ١٩٨٢.

٩-ڕێنیسانس/ د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ فؤاد میسری کردویە بە کوردی/ چاپخانەی- الحوادث- بەغدا/ ١٩٨٤.

10- Exhibion of Old German Masters Reproductions.

پەراوێزەکانی سەدەی شانزەهەم:

١-ڤازاری خۆی وەك تەلارساز و نیگارکێشێ کاری کردووە لە ڕۆماو مێژوونووس بووە، کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی:

"The Lives of Italian Architects, Painters, Sculptros" 1550.

٢- جگە لە رافاییل کە بۆ ئەم پیاوە کاری کردووە هونەرمەندان: سۆدۆما (Sodoma) و باڵدەساری پیرۆزی (Baldassare Peruzzi) و سباستیانۆ دلا پیۆمبۆ (Sebastianodel Piombo) و جولیۆرۆمانۆ (Giulio Romano) و فرانشسکۆ پینی (F. Penni) و جیوڤانی دائودینی (G. da Udini). ئەمەبێ لە هونەرمەندانێکی گەورەی تر کاریان بۆ کردووە.

٣-ئـەم بیرۆکەیـەی ئـەلبێرتی پـێی گەیشـت لـەلای ڤـترۆفیۆس، بنەڕەتەکـەی لـە واقعـدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ.

٤-(کۆرتیجیانۆ) ئـەم وشـەیە بـە مانـای پیـاوی کۆشـك دێت، ئـەم کتێبـە لـە بـەناوبانگترین دانراوەکانی کاستیلۆنیە (١٤٨٧-١٥٢٩). ئەم بەرهەمە خاوەن شـێوازێکی نووسـینی ناسکە، تیـایدا نووسـەر بنـەمای هەڵسوکەوتی شیاو بـۆ پیـاوانی کۆشـك دادەنێت لـەو سـەردەمەی ئەوکاتـەدا. لێرەدا کورتەیەك دەرباری بیروڕاکانی نێو ئەو کتێبە دەدوێین:

"ئەو مەرجانەی کاستیلۆنی بە پێویستی دەزانێت لە مرۆڤی کامڵدا هـەبێت لـەم جیهانـەدا هەمەجۆری بەهرەیە، واتە پێگەیشتنێکی هاویەك بۆ توانا جەستەیی و ڕۆحیەکان، کارامـەیی لە بەکارهێنانی چەك و لە هونەری گفتوگۆو دیالۆگی کۆمەڵایـەتیدا پێکـەوە، بوونـی شـارەزایی لـە هونـەرەکانی شـیعر و مۆسـیقاداو گرنگـیدان بـە نیگارکێشـان و زانسـتەکان. ئـەوەی لـە بیروباوەڕی کاستیلۆنیدا ڕوون و ئاشکرایەو هۆکاری یەکلاکەرەوەیـە ڤینێکـی ئەسـتوکراتیانەیە لە هەموو جۆرە پسپۆڕیەك و چالاکیەکی تایبەتمەندی. گەوهەری شکۆو خۆپەروەردەکردن لای کاستیلۆنی لەوەدایە کە مـرۆڤ پارێزگـاری لـە جێگـری و ڕاگرتـن و ڕێکخسـتنی دەرونـی خـۆی بکات لە هەموو بارێکدا، خۆ لە هەموو ڕووکەشی پیشاندانێك و زێدەڕۆییـەك بـە دوور بگـرێ، بـە دیمـەنێکی ئـازاد بـوو لـە هـەموو پاڵەپەسـتۆیەك دەرکـەوێت و بـە حاڵـەتێکی ناسروشـتی بەدەرنەکەوێت، لەنێو خەڵکیدا یاخود لـەنێو کۆمـەڵدا بێباکیـەکی دوور لـەزۆر لـە خۆکـردن و دەستکرد بگرێتە بەرو پەیڕەو بکات و ڕێزێکی ڕاستگۆیانە بنوێنێت.

لە دواجاردا بیروڕایەکی تری کاستیلۆنی باس دەکەین کە بە ڕاستی کاریگەریی هەتا ئـەمڕۆ بەجێهێشـتووەو بـۆ ئـەو ڕۆژەش بـە ڕاسـتی گۆڕانکاریـەکی قوڵـی هـەژاند. ئـەویش ویسـتی کاسـتیلۆنی بـوو لـە بەرامبـەر پیـاوی خانـەداندا کـە خـۆی بـە دوور بگـرێ و لابـدا لـە هـەر ڕووکەشـێکی زەق و بریقـەدار لـە ڕێـرەو جـلو بـەرگیدا، وای ڕاسـپاردووە کـە پیـاوان وەك ئیسـپانیەکان جلـی ڕەش بپۆشـن یـاخود هـەر بـەرگێکی تـۆخ و تـاریك. ئـەم ڕاسـپاردەیەی کاسـتیلۆنی خـۆی لـە خۆیـدا کاریگـەریی ڕاستەو خۆی لەسـەر ڕەنـگ کـرد، ڕەنـگ لـە هـەموو شـتێکدا. کـە دواتـر کاریگەریشی لەسـەر هونـەر ڕەنگـی دایـەوەو، هونـەری لـەو ڕەنگـە کـراوەو ڕاستەوخۆ و زەقانە دوور خستەوە کە لە سەدەی پانزەدا بـاوبوو. ئـەوەش یەکـەم سـەرکەوتنی هەڵوەدایی بوو بە یەك ڕەنگی، بە تایبەت ڕەش و سپی کە باڵی بەسەر زەوقی مۆدێرندا کێشا.

٥-مەبەست لە هونەری کۆن لـێرەدا ڕێبـازە شـێوەکاریەکانی میللـەتانی جێرمـانی و هونـەری وڵاتی زەویە نزمەکانە.

[٦]- Newton E, European Painting and Sculptare, Pilican Books, 1964.

[٧]- سەرئەنجامی گرنگیدانی بەم بوارە نزیکەی سەد تیۆری لەم بارەیەوە داڕشت، لە دواجاردا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئامێرێك توانای فڕینی هەبێت دەبێ لەناو خۆیدا ماشینێکی سەربەخۆ بیجولێنێ. دوای مردنیشی لەناو دەستنووسەکانیدا چەند وێنەیەکی پەڕەشوت و فڕۆکەی ستوونی (هیلیۆکۆپتەر) دۆزراوەتەوە، تا نزیك تەمەنی پەنجاو دوو ساڵ خەریکی ئەم بوارە بووە بە شێوەیەکی ناوبەناو.

٨-"لۆکا-سنیوریللی" ئوستادی داڤنشی بووە و لە کەم لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێدراوە، ئەم هونەرمەندە زۆر ئالودەی هونەری توێکاری بووەو بایەخی تایبەتی پێداوە تا ئاستێکی شەیدایی لە پاڵ توێژینەوەیدا بۆ دەرونی مرۆڤایەتی. وەك لێی دەگێڕنەوە ئەم هونەرمەندە وەختێ کوڕەکەی دەمرێت، دەچێتە سەر لاشەکەی بە ڕووتی و خەریکی سەیرکردن و توێژینەوەی بەشە جیاجیاکانی دەبێت زۆر بە تامەزرۆییەوە بە ڕاددەیەك مەرگەساتەکەی لەبیرچۆتەوە. هەمیشە وتویەتی: کاتێ نیگارگێشان و بەرجەستەکردن دەگاتە مەبەستی خۆی کە گوزارشت کردن لە بارە جیاجیاکانی لەش هەڵچونە دەرونیەکان بخاتەڕوو. هەربۆیە هونەر لەلای هەردوکیان بە پلەی یەکەم نیشاندەری ڕازەکانی هەست و سۆزی دەرونی مرۆڤایەتیە.

[٩]- لە قۆناغی کۆتایی ئەم تابلۆ دیواربەندەدا داڤنشی هەموو کەسایەتیەکانی دروست کرد بەڵام لە کەسایەتی مەسیح و یەهوزادا وەستاو ڕووخساریانی دروست نەکرد و کەوتە گەڕان بەناو شاردا، ساتێ پێیان وت بۆ لەم ئاستەدا وەستاوی، لە وەڵامدا وتی: توانیم کەسایەتیەکانی تر و ڕووخساریان وێنا بکەم و دروست بکەم بەڵام ڕووخساری گەورەییەکی وەك مەسیح و نەگریسیەکی وەك یەهوزا مەگەر هەر یەزدان خۆی بتوانێ دروستیان بکات، بۆیە گەڕا هەتا دوو کەسی دەست کەوت کە ڕووخساریان لە بەرامبەر ئەم دوو مەبەستەدا بێت و لەسەر ئەوان دوو دەموچاوەکەی بەرجەستە کرد.

[١٠]- هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە چەند مانگێکی پێچووە دروست کردنەکەی، بەڵام ڕێی تێدەچێت دانانی ئەم سێ ساڵە، سەراپای کارکردن تیا بگرێتەوە لە بەرامبەر مۆدێلەکەداو لە دەرەوەی ماڵی مۆدێلەکەدا کە تیا کارەکە کراوە. ئەمە بێ لەوەی هەندێ لە سەرچاوەکان هاویەك نین لەسەر کاتی دروست کردنی ئەم تابلۆیە، هەیانە دەیخاتە پێش تابلۆی (شەڕی ئینجیارا) هەشیانە دەیخاتە ساتی ئامادەکردنی سکێچاتی ئەم تابلۆیە، واتە دوای ئەم تابلۆیە.

[١١]- هەندێ سەرچاوە دەڵێت لە بنمیچەکەیدا دروست کراوەو هەندێکی تریان ئاماژە بە دروست کردنی لە دیوارەکانیدا دەدەن.

[١٢]- هەندێ لە سەرچاوەکان مێژووی ئەم تابلۆیە دەگێڕنەوە ساڵی ١٥٠٦ یاخود نزیك ساڵی ١٥٠٠ کە ئەودەمە هونەرمەند لە فلۆڕەنسا بووە. هەندێکی تر دەڵێن ئەم تابلۆیە لە فەڕەنسا دروست کراوەو هەر بۆیە لە مۆزەی لۆڤەریشە. گەر وابێت هونەرمەند لە دوای ساڵی ١٥١٦وە دەچێتە فرنسا.

[١٣]-لیبیدۆ Libido ئەو وزە دەرونیەیە کە بەرپرسیارە لە چالاکی کە ووزەی ڕەمەکی سێکسی دەنوێنێت، فرۆید وا دەبینێت کە ڕەمەکە سێکسیەکان پاڵپێوەنەریان لیبیدۆیە. هەرچەندە ساڵی ١٩٢٤ گۆڕانکاری لەم بۆچونەیدا کرد.

١٤-ئەفسانەیەکی گریکیە، کوڕێك بە ناوی نارسیسۆس هێند جوان و شۆخ و شەنگە بە خۆی زۆر سەرسام دەبێت بەرادەیەك لە قەراغ ئاوێك دادەنیشێت و بەردەوام لە جوانی خۆی ڕادەمێنێت، یەزدان لە جوانیدا دەیکاتە گوڵێکی نێرگز. (ناوی نێرگز لە ناوی (نارسیسۆس)ەوە وەرگیراوە. سیفەتی (نێرگزی) بەو کەسانە دەوترێت کەزۆر بە خۆیان سەرسامن و خۆیان خۆشدەوێت.

[١٥]-لادانی سێکسی (لە ئامانجی سێکسیدا) لەگەڵ جیا ڕەگەزیشدا بەدەردەکەوێت وەك بەکارهێنانی لێدان و گازو.. هتد لە میانی پرۆسێسی سێکسیدا. ئەم خواستەش کەسەکە بەرەو کەسێکی ماسۆشی یاخود سادی دەبات.

١٦-فرۆید ئەم کار تەواو نەکردن و سستیە لە سەرەتای کارکردنی داڤنشیدا دەگێڕێتەوە بۆ (کف) کە بە مانا سایکۆلۆجیەکەی وابەستەبوون و ڕێگرتنە لە چالاکی یاخود ئەرك بە هۆی هێزێکی دەرەکی یا ناوەکی یاخود هەردوکیان، (الکف العصابي) دامرکاندنەوەی بەشیی یاخود کامڵە بۆ پاڵنەری ڕەمەکی بە هۆی هێزەکانی نەستەوە، ئەمەش زۆرجار چالاکی ئاوەزی دەبەستێتەوە لەلای تاك، جا ئەو چالاکیانە هزری یاخود ویژدانی یا ویستی بن، هەرچۆن دەبێتە هۆکاری هەناسەکورتی ئەرکە جوڵەییەکان و پەکخستنی ئەرکە ناوەکیەکانی، کە لەم میانەوە پاڵنەرە ڕەمەکیەکان و وردەکاریەکانی گوزارشت لە خۆیان دەکەن.

١٧-باروخ سپینۆزا Spinoza (١٦٣٢-١٦٧٧) فەیلەسوفێکی هۆڵندیەو جولەکەیە و کاریگەریەکی زۆری لەسەر بەشێکی باش لە زانایان و فەیلەسوفانی جولەکە داناوە، لای ئەوان ئەم نەبێ ئیمانەو نە ئیماندار، ئەو باوەڕی بە بوونی خودا نیە هەرچۆن باوەڕی بە نەبوونیشی نیە، بەڵکو وەها وێنای خودا دەکات کە خودی بوونە. خودا لە ئافەریدەکراوەکانی جیا نییە،

ئەمەش ڕێبازی یەکێتی بوونە (وحدە الوجود). ئەمەش هەر ئەو ڕێبازەیە کە ئەنیشتاین هەڵگری بوو، بەڵکو زۆربەی فەیلەسوف و پیاوە مەزنەکانی جولەکە وابەستەی بوون.

١٨-لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا بە (نسر) وەرگێڕراوە (سیسارك یا سیسارکە کەچەڵە گەورەترین باڵندە) دەگرێتەوە بەڵام وشە بنەڕەتییە ئیتالیەکەی (nibbis) بە مانای (نسر)ی عەرەبی نایەت بەڵکو بە مانای (حدأة)ی عەرەبی دێت، ئەم وشەیەش بە واتای (کۆڵلارە یا سورە داڵ یاخود مشك گرە)ی کوردی دێت هۆکاری سەرەکی ئەم لێگۆڕانە (کە ڕەنگە هەمان هۆ بێت کاریگەریی لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەش کردبێت) وەرگێڕانیەتی بۆ زمانی ئەڵمانی بە (نسر).

لەلایەن ماری هیرزفیلد، هەرچۆن میریکوفسکی لە کتێبە ڕۆمانە مێژووییەکەیدا هەروای نووسیوە.

Merejk wski: the Romance of Leonardo da Vinci

کە دەربارەی لیۆناردۆیەو بە ڕووسی نووسراوە، وەختێکیش خراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی لەلایەن (جلبردت جرنای)یەوە وشەکە هەروا وەرگێڕدراوەو بەکارهاتووە.

١٩-لەو نووسەرە دیارو ناسراوانە (سترابۆو بلوتارك (٤٦-١٢٥) کە مێژونووسێکی گریکییە، ئامنیانۆس و مارسیلوس). بەڵام نووسەرانی تر ناوەکانیان نەناسراوەو بنەچەو سەردەمیان جێی گومانە وەکو نووسراوەکانی هۆرابوللو نایلوس ی هێرۆگلیفی و کتێبی حیکمەتی کەهنوتی ڕۆژهەڵاتیی کۆن. ناوی خواوەندێکی لەخۆگرتووە Hermes Trismegistus بەناوی هیرمس. کە ناوێکی گریکییە بۆ خواوەندی حیکمەتی میسری (توت). نووسراوە هیرمسیەکان دەخرێتە پاڵ ئەو و کاهنەکانی، کە کاریگەریەکی گەورەی لە ئامانجی ئەفلاتونیزمی نوێ و پەرەسەندنی دوادوایی مەسیحیەت دا کرد.

٢٠-گرێی خەساندن: چەند پەرچەکردارێکە کە منداڵ پێوەی ئەتلێتەوە بەرامبەر هەڕەشەی خەساندن. فرۆید دەڵێ منداڵ ئەم هەستەی بەرەنجامی هەڕەشەی دەرەکی بۆ دێت، بەڵام دواتر منداڵ وێنای ئەم هەڕەشەیە هەر دەکات گەر لە واقعیشدا نەبێت، پاشتر دەڵێت: تەنها بینینی کچ بەبێ ئەندامی نێرینە وا دەکات بترسێت لە لەدەست دانی ئەندامی خۆی. لەمەوە منداڵ واز لە ئارەزووە ئۆدیبیە ئەرێتییەکانی دێنێت و لە دەرونیا گرێی ئۆدیبی نەرێتی پەرە پێ دەدات.

٢١-پەیکەرە فەوارە (اصلی)کە لەو گۆڕەپانەوە گوێزرایەوە بۆ مۆزەخانەی دەوڵەت لە ساڵی ١٨٧٣داو کۆپییەك خرایە جێگەی.

٢٢-مایکل ئەنجیلۆ ئەم تابلۆیەی لەسەر داوای (ئابجلو دوبی) دروست کرد. ساتەوەختی ئاهەنگ گێڕانی لەگەڵ خاتوو (مادلینا ستروزی).

٢٣-لە هەندێ سەرچاوەدا بە (خەونی سوارێك) ناوی هاتووەو ئاماژە بەوە دەدەن کە رافائیل لە ساتەوەختی قوتابی بوونیدا لای (بیروجینۆ) دروستی کردبێت.

٢٤-ڤیرۆنێزەش هەمان حاڵەت وەك تنتۆریتۆ سەرچاوەکان ناکۆکن لە پۆلاندنیدا لە نێوان قوتابخانەی نیگارکێشانی ڤینیسی سەر بە ڕێنیسانس و شێوازی پەیڕەوگەرایی (مانێریزم). بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بە هەرچی زیاتر لۆژیکی دێتە پێش چاو.

٢٥-بەناوی شارۆچکەکەیەوە ناونراوە کە (برۆگل)ی ناوبووە. دوو کوڕی هەبووە پیتر و جان بە یەکەمیان وتراوە برۆگلی بچووك و بە دووەم گەورە هەردووکیان نیگارکێش بوون دوای باوکیان.

هونەری ڕۆمانسك (١٠٠٠-١٥٠٠ز)

دیمەنێکی کڵێسای سان سرنان– شاری تۆڵۆز، فەڕەنسا St. Sernin



دیمەنێکی کڵێسای سان ئەمبرجیۆ، شاری میلانۆ، ئیتالیا Sr. Ambrogio

دیمەنێکی کاتیدراڵی پیزاو بورجە لارەکەی، پیزا، ئیتالیا Pisa Cathedral

کاتیدراڵی سیفالۆ Cefalu

پەیکەرێك لەسەر دیواری کڵێسای سویلاك، ئەشعە یا پەیامبەر Swilac

هونەری غوتی ١٥٠٠-١٤٠٠

دیمەنێکی کۆشکی سەرۆکایەتی، ئیتاليا Palazzo Vechio

کاتیدراڵی ریمز، فەڕەنسا Reims

کاتیدراڵی فلۆڕەنسا، ئیتاليا Florence Cathedral

جیۆتۆدی بۆندۆنی Giottodi Bondone

جیوفانی چیمابۆی G. Cimabue

هونەری سەرەتای ڕێنیسانس (کوانترۆشینتۆ)

سەدەی پانزەهەم ١٤٠٠-١٥٠٠

ئەندریا ئۆرکانیا Andreadi Orcana



دۆمنیکۆ ڤینیسیانۆ Domenico Veneziano

جینتلی دی فابریانۆ Gentile de fabriano

دیمەنێکی کڵێسای پازی Pazzi chapel

Pinturicchio پنتۆریجیۆ

Robert رۆبرت کامپن

جان ڤان ئایك JanVan Eyck

ڕۆجەر ڤان دیروایدن R. Van Derwayden

جیروم بوش J. Bosch

هانس مملنك Hans Memlinc

ئەنجیراند شارنتون **Engurrand quarton**

جان فۆکید **Jean Fouquet**

کلاس سلوتر Klass Sluter

کۆنراد ڤیتز Conrad Witz

مارتن شونجاور Martin Schongauer

لویس دالماو Luis Dalmau



Fernando Gallego فرناندو گالیمجۆ

Donatello دۆناتێللۆ

جیبرتی **Lorenzo Ghiberti**

ڤیریکۆ **Andereadel Verrocchio**

برۆنیلسکی Filippo Brunellesci کڵێسای سانتاگروش Sant Groce

قەشە ئەنجیلیکۆ Fra Angelico

پاولۆ ئۆتشێللۆ Paolo Uccello

ئەلبێرتی L. B. Alberti لیۆن باتێستا ئەلبێرتی.

Luca della Robbia لوكاديلارۆبيا

Petro Perugino پيترۆ پێرجينۆ

Andera Mantengna ئەندریا مانتێنا

Carolo Crivelli کارلۆ کریڤللی

فرانشسکو دل کوسا Franseco del Cossa

ڤیتۆری کاراپاچیۆ Vittori Carpccio

دیمەنێکی کڵێسای سان پیتر لە ڕۆما St peter's

هونەری ڕێنسانسی زێڕین شنکۆ شینتۆ
سەدەی شانزەهەم ١٥٠٠-١٦٠٠



لیۆناردۆ داڤنشی، تابلۆی مۆنالیزیا Lionardo/ monalisa



لیۆناردۆ داڤنشی، تابلۆی دواشێو S/ Last Supper

ڕافاییل/ تابلۆی قوتابخانەی ئەسینا Rafael/ Athens

mich/ giuliano مایکل ئەنجیلۆ/ مەلیك جولیانۆ (پەیکەر)

S/ Pieta مایکل ئەنجیلۆ/ پەیکەری بەزەیی

Correggio /کۆریجیۆ

Giorgione /جیۆرجیۆنی

تیسیانۆ/ Ticiano

(نوێژگەی پەرستگەی بچوک)کڵێسای پیرۆزمەند پەترۆس، ١٥٠٢ڕۆما

دۆناتێللۆ برامانتی Donatello Bramante

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٢

زنجیره	ناوی کتێب	نووسینی	وەرگێڕانی
١٤٢	هارون و چیرۆکی دەریا	سەلمان روشدی	ئامانج عەزیز کەندی
١٤٣	کارەکەر	گەلاوێژ	
١٤٤	ژنی کورد لە دەوازەی هەزارەی	کازیوە ساڵح	
١٤٥	هونەری بێژەری لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا	حەسەنی شەیدا	باسط حەمە غەریب
١٤٦	چارەنووسی گەلی کورد لە . . .	ئەحمەد باوەڕ	
١٤٧	پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ...	شوان مستەفا	
١٤٨	زاکیرەی با	ئەحمەدی مەلا	
١٤٩	قوربانی	کورتزیۆ مالا پارتێ	ئەبوبەکر خۆشناو
١٥٠	فەرهەنگی شیرین (بەرگی دووەم)	فاضل نظام الدین	
١٥١	خۆم..ئەو وەختەی باڵندەم!	شێرکۆ بێکەس	
١٥٢	دەروازە (دەفتەری‌دووەم)		هەڵکەوت عەبدوڵا
١٥٣	ژنێ لەبەردەم وەرزێکی ...		ئازاد بەرزنجی
١٥٤	ژیان	ئا: رەفیق ساڵح	
١٥٥	فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ...	بەختیار سەجادی	
		محەمەد مەحموودی	
١٥٦	یاداشتەکانی مەئمون بەگ ...		سەلاح نەقشبەندی
١٥٧	هەڵبژاردەیەك لە گۆرانی	ئا: فاروق حەفید	
١٥٨	پێوەندی مەسەلەی کوردبە ..	د.مارف عومەر گوڵ	
١٥٩	جیهانی سۆفیا	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
١٦٠	مێژووی شاری هەولێر ...	یوسف دەرگەڵەیی	
١٦١	ئازادکردنی مێژوو	مەهاباد قەرەداغی	
١٦٢	نووسینەکانم لە............	حسێن عارف	
١٦٣	مێژووی١٦٤ ساڵەی ئەردەلانی..	عەلی نەقی ئەلحوسەینی	ئاسۆس هەردی
١٦٤	ناودارانی کورد	میر بەسری	عەبدولخالق عەلائەدین
١٦٥	بۆ نەوەکانتانی بگێڕنەوە	ستیڤن بروکفیلد و	ئیبراهیم خ. ئەحمەد
		پۆل ئە. لیڤن	
١٦٦	کورد و کەرکوك	لەتیف فاتیح فەرەج	
١٦٧	نەژادی کورد لە لوبنان	خەلیل شڵماشی	
١٦٨	ژەنەراڵ شەریف پاشا	د. فەرهاد پیرباڵ	
		ب	
			یاسین عومەر
١٧١	کەڵە ئەدیبانی بیانی	کەمال مەعروف	
١٧٢	وەسمیە لە دەریا دێتە دەرێ	لەیلا ئەلعوسمان	شیرین. ك

١٧٣	جیۆگرافیای(ئابووری–دانیشتوان)	عدنان السید حسێن	فرمان عبدالرحمن_ محمد فاتح
١٧٤	سوپەر سروشت	لیاڵ واتسۆن	ئارام قەرەداخی
١٧٥	سیاسەتی دیبلۆماسی	جیمس بیکەر	سەهەند
١٧٦	پارکی بۆقەکان	ئاکۆ کەریم مەعروف	
١٧٧	تیۆری دەوڵەت	بەهادین ئەحمەد محەمەد	
١٧٨	سەمای مەرگ	بزورگی عەلەوی	رێباز مستەفا
١٧٩	چارەسەر بە قەرسیلی گەنم	د. ئان وێنغمۆر	تۆفیق سەعید
١٨٠	رۆژنامەنووسیی لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان	د. هیمدادی حوسێن	
١٨١	کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا	د. محەمەد کەمال	
١٨٢	مێژووی سینەما	گیتا گرگانی	ستار کەریم
١٨٣	ناپەسەندەکان	ئازاد مەولود	حەمە رەشید
١٨٤	کوردستان کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی	ئیسماعیل بێشکچی	
١٨٥	هۆشبەرەکان	ئەبوبەکر قادر کەریم	
١٨٦	ئیمپراتۆریای لم	رەفیق سابیر	
١٨٧	کاروانسەراکانی رۆژهەڵات	د.کارل میولەر	عەبدولموئمین دەشتی
١٨٨	فەرهەنگی جوگرافیاییکوردستان	د. عەبدوڵڵا غەفور	
١٨٩	مێژووی ئاینی زەردەشت	عەبدوڵڵا موبلغی	وریا قانع
١٩٠	سلێمانی شارە گەشاوەکەم(٤)	جەمال بابان	
١٩١	حەوت رۆژ لەگەڵ قەرەداغیدا	فایەق سەعید	
١٩٢	مێژووی کڵێسای کوردی لە	ئارام داود	
١٩٤	بەرجەستەکردن لەشێوازەکانی ..	سیروان رەحیم	
١٩٥	رۆژنامەوانی لەسەردەمی جیهانگەریدا	هەڤاڵ ئەبوبەکر	
١٩٦	گەران بەدوای بووندا	عەتا قەرەداخی	
١٩٧	نەریتی وتاربێژی	دەیل کارنێگی	ناسح سەلام
١٩٨	دوو شانۆگەری	فرناندۆ ئاراپاڵ یۆژین ئیۆنیسکۆ	هەورامان وریا قانیع
١٩٩	وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردیدا	عەبدولقادر محمد ئەمین	

نرخی (٢٠) بیست دینار